# کوردی عێراق

بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا

ئۆفرا بینگیۆ

# کوردی عێراق

## بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا

وەرگێڕانی:

سۆران مستەفا کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئۆفرا بینگیۆ
کوردی عێراق – بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا
وەرگێڕانی: سۆران مستەفا کوردی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨٨
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٥ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد
پێداچوونەوەی زوان و رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژپنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-91-919770-5-6

## پێرست

پێشەکی ........ 7
١. سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی ........ 11

بەشی یەکەم: کورد و دەوڵەتی عێراق (١٩٦٨–١٩٨٠) ........ 47
٢. ڕێگە بەرەو ئۆتۆنۆمیی کوردی ........ 49
٣. ڕێ خۆشبوون بە نیازی چاک ........ 79
٤. هاوپەیمانییە ناپیرۆزەکان ........ 105
٥. خراپبوونی پێوەندییەکان ........ 132
٦. پەراوێزخستنی کورد ........ 156
٧. ئۆتۆنۆمییەکی سەپاو ........ 178
٨. کاتێک بۆ شەڕ ........ 196
٩. قۆناغی گواستنەوەیی ........ 239

بەشی دووەم: کەوتنە ناو شەڕەوە (١٩٨٠ – ١٩٨٨) ........ 261
١٠. "شەڕ شەڕی تری لێ دەبێتەوە" شەڕی ئێران و عێراق ........ 264
١١. هەڵسانەوە لەناو خۆڵەمێش ........ 307
١٢. ئازارەکانی لەدایکبوونی خۆبەڕێوەبردنی کورد ........ 325
١٣. شەڕی ناوەخۆ لە کوردستان ........ 358

بەشی سێیەم: دروستبوونی قەوارەی کوردی (١٩٩٨–٢٠١٠) ........ 377
١٤. باری ئاڵۆزی پێوەندییەکانی دەرەوە ........ 380
١٥. لە بوون بە قوربانی بۆ بوون بە براوە ........ 426
١٦. هەنگاوی مەزن بەرەو پێشەوە لە عێراقی دوای سەدام ........ 461

بەشی چوارەم: کۆتایی ........ 485
١٧. گۆڕان لە بۆچوونی "هیچ دۆستێک نییە جگە لە چیا" ........ 487

# پێشەکی

ئەم کتێبە چیرۆکی کوردی عێراق دەگێڕێتەوە، ئەوانەی وەک فیونیکس لەنێو خۆڵەمێشی جەنگەکان و شەڕی ناوەخۆی سەدەی بیستەمدا بەرز بوونەتەوە بۆ دامەزراندنی پێکهاتەیەکی سەربەخۆی کوردی. چاودێران، توێژەران و زۆر لە کورد خۆشیان باوەڕیان بە ئەنجامێکی لەو جۆرە نەبوو، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی هەڵمەتی دڕندانەی سەدام حوسێن دژ بە وان کە گەیشتە جینۆسایدکردنیان. لە کاتێکدا کورد بە دۆڕاوەکانی سەدەی بیستەم ناسرابوون، کەچی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ئەم وێنە خەماوییەیان ڕەواندەوە. ئەم کتێبە چیرۆکی ئەو گۆڕانە گەورەیەیە.

بە هەڵسەنگاندنی نیو سەدەی ئەم دواییە لە پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و کوردی عێراق، ئەم کتێبە ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە: دینامیکییەتی پێوەندیی نێوان کورد و حکوومەت چ نەخشێکیان لەسەر ئەنجامە کۆتاییەکان دانا مەبەستمان ڕووخانی دەوڵەتی ناوەندیی بەعس و سەرهەڵدانی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمییە؟ ئەو کۆسپە ناوەخۆیی و دەرەکییانە چی بوون و چین لە بەردەم پرۆسەی بنیاتنانی نیشتمانی کوردیدا؟ تا چ ڕادەیەک کورد سەرکەوتوو بوون لە زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەدا؟ ئەم گۆڕانکارییانە چ کاریگەرییەکیان هەبووە لەسەر نەخشەی جیۆستراتیجیی ناوچەکە؟

توێژینەوەکە پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی دەوڵەمەند بەستووە، هەر لە بەڵگەنامە ئەرشیڤییەکانی بەریتانیاوە بگرە تا دەگاتە بەڵگەنامەکانی بەعس کە دوای شەڕەکانی ساڵانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ بەردەست کەوتوون. سەرچاوە دەستییە کەمەکانی تری توێژینەوەکە ڕۆژنامە عێراقی و کوردییەکانە لەگەڵ دۆکومێنتەکانی بەعس و کورد، هەروەها وتاری کەسایەتییە گشتییەکان و بەیاننامە فەرمییەکان. لە

پاڵ ئەمانە، کەڵک لە بەشێکی زۆر سەرچاوەی دەستی دوو بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فرەنسی، ئەڵمانی و عیبری وەرگیراوە. شان بەشانی ئەمانە چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ چالاکانی کوردی و کاربەدەستان لە کوردستانی عێراق و کوردی ئاوارە سەرچاوەیەکی تری توێژینەوەکەن.

نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی هەوڵێکە زۆر کەس بەشداریی تێدا دەکەن، جا بە ئاگاداریی ئەوان بێت یان بێ ئاگاداریيان. من بەختەوەر بووم بە ناسینی زۆر لە هاوڕێیانی کورد کە ئەزموون و هەست و قووڵبینیی خۆیان لەگەڵ مندا گۆڕیوەتەوە و هاوکارییەکی گەورەیان کردم لە تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردی. لەبەر ئەوە لە دڵەوە سوپاسی شێرکۆ کرمانج، میرزا دینەیی، بارزان فەرەج، محەمەد سابیر ئیسماعیل، مووسا کەڤال، داود باغستانی و زۆری تر دەکەم، کە حەزیان کرد هەر بە نادیاری بمێننەوە.

زۆر سوپاسگوزارم بۆ هاوڕێیان و هاوکارانم لە سەنتەری مۆشێ دایان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا، هاریکاری و ڕێنوێنییان جێگەی بایەخی زۆر بوو لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کتێبە. لە سەرووی هەموویانەوە ئۆزی رابی، بەڕێوەبەری سەنتەری دایان، کە هاوکاریی ئاکاری و پیشەییی پێشکێش کردم. بروس مادی وێتزمان کە هەر لە سەرەتاوە بەشێک بوو لە پڕۆژەکە و لە تەرخانکردنی کاتی خۆی درێغیی نەکرد و بە درێژاییی پرۆسەکە بیرۆکەی زۆری پێم دا.

زۆر قەرزاری هایم گاڵ-م، ئەو کەسەی کە تا کۆچی ناوەختی چەند مانگێک بەر لە ئێستە، وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی بەشی بەڵگەنامەکانی سەنتەری مۆشێ دایان خزمەتی کرد و بە کەڵکم هات. چەند نەوەیەک لە توێژەران لە خۆتەرخانکردن و ئامادەییی ئەو سوودمەند بوون لە دۆزینەوەی هەر سەرچاوەیەک کە ئەوان پێویستییان پێی بووبێت. بێگومان بەبێ ئەو، من نەمدەتوانی بە سەرکەوتوویی لێکۆڵینەوەکەم بە ئەنجام بگەیەنم. دیارنەمانی ئەو لە لایەن ئەو کەسانەی کە ئەویان ناسیوە بە زەقی هەستی پێ دەکرێت.

ڕێز و پێزانینم بۆ ماریۆن گلیکسبێرگ، بەڕێوەبەری کتێبخانەی سەنتەری دایان،

هاریکارم بوو لە پەیداکردنی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەم. سوپاسی ئیلانە گرینبێرگ دەکەم کە لە ڕووی کارگێڕییەوە هاوکاریی کردم و ئیلینا کوزنێتسۆڤ نەخشەکانی بۆ کتێبەکە کێشا. گای براچا، یار هۆچ و دۆتا هالیڤی هاوکاریی گرینگیان کردم لە بە دواداگەڕانی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە و چارەسەرکردنی کێشە تەکنیکییەکان، کارەکانیان جێگەی ڕێزە. هەروەها سوودێکی زۆرم بینی لە هەڵەگری و شارەزاییی زمانەوانییەکان و شێوازەکانی نووسینی بێلینا نیوبێرگەر. سەرنج و تێبینییەکانی دوو خوێنەرە نادیارەکەی کتێبەکەش کەڵکی زۆریان هەبوو. لە کۆتاییدا، سوپاس بۆ لین راینەر و تەواوی تیمەکەی بۆ هاوکارییان لە بە چاپ گەیاندنی کتێبەکە.




نەخشەی كوردستان

## ١
## سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی

بۆ یەکەم جار لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ لە قاوەخانەیەکی پاریس چاوم بەو کەوت. پێش گەیشتنی بۆ ئەوێ لە عێراقی ژێر چنگی سەدام ڕای کردبوو، پێشتر لە عێراق وەک زانایەک کاری دەکرد. کەسێکی زۆر ڕووخۆش بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر ترسا بوو. نە ناوی خۆی نە هیچ زانیارییەکیشی لەبارەی خۆیەوە بە من نەگوت، ئەوە نەبێت کە ئەو کوردێکە و لە واقیعێکی پڕ لە مۆتەکەی کوردستانی عێراقدا ژیاوە. بۆ جاری دووەم کە چاوم بەو کەوتەوە، مانگی ئایاری ٢٠٠٩ بوو، لە شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق. دوکتۆر ئەختەر نەجمەدین، کە چیی تر پێویستی بەوە نەبوو ناسنامەی خۆی بشارێتەوە، تا ساڵی ٢٠٠٦ وەک وەزیری خوێندنی باڵا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئیدارەی سلێمانی خزمەتی کردبوو. ئەم دوو دانیشتنەی من و ئەختەر پوختەی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانە نیشان دەدەن کە لە مێژووی کورددا لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا هاتوونەتە پێش. ئەم کتێبە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەیە.

### کورد کێن؟

کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەدا دەستیان کرد بە نووسینەوەی مێژووی خۆیان، ئەویش زۆر بە شەرمەوە. لەبەر ئەوە، توێژەران و ئەوانەی حەز بە لێکۆڵینەوە دەکەن دەبێت پشت بە سەرچاوە ناکوردییەکان ببەستن بۆ بەدواداگەڕانی ڕیشەی مێژوویی کورد، ئەمەش مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە. زۆر لە توێژەران و بەشێکی زۆری ناسیۆنالیستانی کورد بنەچەی کورد دەگێڕنەوە بۆ کۆچێکی

"ئێرانییەکان" لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین، لە هەرێمێکی نادیاری ڕۆهەڵاتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی ئێستە کورد تێیدا نیشتەجێن.[١] بە گەڕانەوە بۆ دوو دەستنوسی سۆمەریی ٢٠٠٠ساڵ پێش زاین کە ناوی دەوڵەتێک دێنێت بە ناوی کار دا کا، ڤلادیمێر مینۆرسکی ئاماژە بەوە دەکات کە کورد "خەڵکانێکی ئێرانیی ئاسیای نێزیکن."[٢] سی جەی ئیدمۆندیش پێی وایە "کورد تاکە نەتەوەن کە لەو شوێنەی ئێستە لێی دەژین، بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی سێ هەزار ساڵە تێیدا نیشتەجێن. ئەوان هەستان و داشکانی زۆر ئیمپراتۆریان بە چاوی خۆیان بینیوە."[٣] جێی سەرسوڕمان نییە، مێژوونووس و توێژەر و سیاسەتوانە کوردییەکان پڕ بە دڵ باوەشیان بەم تێزانەدا کردووە.[٤]

لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەی وردتر و بەڵگەئامێز پێویستە بۆ دیاریکردنی بنەچەی کورد. ماریا ئۆشیا دەڵێت " بەو زانیارییانەی ئێستە لە بەردەستدان ئەستەمە بتوانین تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە بەدەست بێنین چ بۆ بنەچەی ڕاست و دروستی کورد لە کاتی گردبوونەوەیان لە دەوری یەکتری بۆ پێکهێنانی گرووپێکی ناسراو، چ بۆ مێژووی سەرەتایان، تا دەگاتە داگیرکردنیان لە لایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە."[٥] بۆ دڵنیایی، لە سەدەی شازدەی پێش زاین، تەلمود (کتێبێکی ئاینی جوولەکانە) بە بەردەوامی ئاماژەی بە کاردۆ و کاردۆییم کردووە،[٦] سەرەڕای ئەمە، یەکەم بەڵگەنامەی ناسراو کە وشەی کورد وەک کۆمەڵێک خەڵک ئاماژە پێ بکات لە سەرەتای چەرخی ئیسلامیدا بووە، ئەویش لە نامەگۆڕینەوەیەکی نێوان عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب (٦٦١ م.) و والیی بەسرەدا بووە،[٧] لە سەدەی دەیەمدا، ئەم دەستەواژەیە زۆر بەربلاوتر لەنێو مێژوونووسە پێشەنگە موسڵمانەکان بەکار هاتووە، وەک ئەبوجەعفەر بن جەریر ئەلتەبەری و ئەبو ئەلحەسەن عەلی بن ئەلحوسەین بن عەلی ئەلمەسعوودی،[٨] هەردووکیان ئاماژە بە زنجیرە ڕاپەڕینێکی کوردی لە ساڵی ٨٤٠ لە ناوچەی مووسڵ دەکەن. لەبارەی وشەی کوردستان ("خاکی کوردان")یشەوە، لە سەرەتای سەدەی دوازدەمدا لە لایەن سەلجووق تورکس-ەوە ئاماژەی پێ کراوە، ئەویش لە باسی ناوچەیەک کە لە ئازربێجانەوە تا لوڕستان درێژ دەبێتەوە،[٩] ئەمڕۆ وشەی کوردستان ئاماژەیە بۆ هەرێمێکی گەورەتر کە لە چیاکانی تۆرۆسەوە لە

ڕۆئاوا بۆ بەرزاییەکانی ڕۆئاوای ئێران لە ڕۆهەڵات درێژ دەبێتەوە، ئەمە بە پانی، بە درێژی، لە چیاکانی ئارارات لە باکورەوە دێتە خوار تا دەگاتە دەشتەکانی میزۆپۆتامیا لە باشوور. جیا لەو ڕاستییانە، دنیایەک مشتومڕ هەیە.

جیاوازییەکانی سەر دەستەواژەکە ڕەنگدانەوەی کێشەی گەورەی وەک ناسنامە و سەروەرین. بە گشتی، لە سەردەمی ئێستەدا، گوتاری فەرمیی کاربەدەستان لەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا نیشتەجێیە خۆی بەدوور دەگرێت لە بەکارهێنانی دەستەواژەی کوردستان. بۆ نموونە، گوتاری فەرمیی تورکیا دەستەواژەی باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا بەکار دێنێ کاتێ ئاماژە بەو ناوچانە دەکات کە دانیشتوانەکانیان کوردن، هاوکات ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیش زاراوەی باکوری عێراقیان بەکار دەهێنا،[10] لە لایەن خۆیانەوە، ناسیۆنالیستەکانی کورد مکوڕن لەسەر پێشاندانی کوردستان وەک هەرێمێکی خاوەن یەک نەتەوە بە بەکارهێنانی کوردستانی باکور بۆ بەشەکەی تورکیا، کوردستانی باشوور بۆ بەشەکەی عێراق، کوردستانی ڕۆهەڵات بۆ بەشەکەی ئێران و کوردستانی ڕۆئاوا بۆ بەشەکەی سووریا،[11] جەلال تاڵەبانی، سەرکردەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، وشەی کوردستانەکەی عێراق بەکار دێنێت، وەک ئاماژەکردن بەو هەرێمە کوردییەی کە لە عێراقە، نەک کوردستانی عێراقی کە مانای هەرێمەکە بۆ عێراق دەگێڕێتەوە. لە ڕاستیدا، سەربەخۆیی ئەقڵ و دەسەڵاتی کوردی بەم جۆرە چەکەرەی کرد،[12] مێژوونووسی کورد میهرداد ئیزەدی وشەیەکی تری کوردی بەکار دێنێت، ئەویش "ئەو پێنج دەوڵەتەی کە خاکی کوردستانیان بەش کردووە."[13] بە هەمان شێوە، کوردی ئاوارەی وڵاتان حەز ناکەن وەک کوردی عێراقی یا کوردی تورکیایی ناویان بهێنرێت، بە جێگەی ئەوە حەز دەکەن پێیان بگوترێت ئەو کوردانەی لە عێراقەوە هاتوون یان ئەو کوردانەی لە تورکیا هاتوون،[14] کورد دەستەواژەی "کەمە نەتەوایەتی"یشیان قەبووڵ نییە. ئۆستن والبێک پرسیاری لە هەواڵدەرێکی کوردی خەڵکی تورکیا کرد داخۆ ئەو هەست بەوە دەکات کە سەر بە کەمە نەتەوایەتییەکە، کوردەکە لە وەڵامدا پێی گوتبوو "بەڕاستی من تووڕە دەبم کاتێ ئەوان دەڵێن کەمینەی کوردی... ئەوان چۆن بە ٢٠ ملیۆن کەس دەڵێن کەمینە، ئەمە

بە ڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە."[١٥]

ئەم شێوە زمانە لە شیعرەکانی شاعیری سەدەی حەڤدەمیشدا، ئەحمەدی خانی، بەدی دەکرێت. ئەو لە داستانی "مەم و زین"دا دەنووسێت:

بفکر ژ عەرەب هەتا ڤە گورجان
کرمانجییە بوویە شوبهێ بورجان
ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان حەسارن
کـرمـانج هەمی ل چار کنارن[١٦]

لەگەڵ ئەوەشدا لە تورکیای هاوچەرخدا، لە ئاکامی سیاسەتە فەرمییەکانی حکوومەت، تەنانەت زاراوەی کورد خۆشی ترسی سڕینەوەی کەوتە سەر. بۆ نموونە، لە ٣ ی مارسی ١٩٢٤، ئەو ڕۆژەی خەلافەتی عوسمانی لە تورکیا کۆتاییی پێ هات، مستەفا کەمال فەرمانێکی میریی دەرکرد کە دەبێ هەموو قوتابخانەکان دابخرێن و کۆمەڵە و چاپکراوە کوردییەکان قەدەغە بکرێن و بەکارهێنانی زاراوەی کورد و کوردستانیش بوونە تاوانی یاسایی،[١٧] لەو کاتەوە، کورد بە فەرمی وەک "تورکی چیایی" ئاماژەیان پێ دەکرا، چونکە بەپێی ئیتمۆلۆجی "زانستی گەڕان بەدوای ئەسڵی وشە" تورک کاتێ بەفر لەسەر چیاکان دەکەوێت دەنگی "کارت" و "کورت"ی لێوە دێت، کە نێزیکن لە وشەی کورد،[١٨] بەکارهێنانی ناوی شوێنە کوردییەکانیش قەدەغە کران. بۆ نموونە ناوە کوردییەکەی "ئامەد" لابردرا و دیاربەکر جێگەی گرتەوە. بەکارهێنانی ناوی ئامەد ئەوەندە قەدەغە بوو تا ئەو ڕادەیەی پیاوێک لەبەرئەوەی لە نامەیەکی لەدووگێڕانەوەدا ئەو وشەیەی بەکار هێنابوو، دادگەیی کرا،[١٩] لە عێراق، بەهەمان شێوەی تورکیا سیاسەتی کپکردن و ناوگۆڕین دووپات دەکرانەوە. لە ساڵی ١٩٩٩ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی ناوی کوردی لە پێناسەدا چەند ڕێنوێنییەکی دەرکرد،[٢٠] لە ئێران، لە گشتاندنێکدا کە لە ساڵی ١٩٢٣ دەرکرا زمانی کوردی لە قوتابخانەکان قەدەغە کرا. لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەم فەرمانەی لەسەر بابەتە چاپکراوەکان هەڵگرت، بەڵام خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان هەر بە

قـەدەغـەكـراوى مـايەوە،[٢١] بگرە ئـەو كـات گـەر بەكـاريش بهـاتايە، بەهۆى ئەو لەكـە كۆمەڵايەتييـەى بە كوردبوونەوە لكابوو كێشـەى بە دواوە بوو. ئەنـدامێكى پەرلەمـانى كوردسـتـان لە هـەندەران "ڕێكخـراوێك بوو لە ١٢ نيـسـانى ١٩٩٥ بە سـەركـردايەتيى يەشـار كـايا لـە لاهاى دامـەزرا" گلەيى دەكات و دەڵێت "سـەركـوتكەران، [كـورد] بە بەردەوامـى و نادادپەروەرانـە، ئێـمــەيان وەك مـرۆڤـى سـەرەتاييى چيــاكــان، وەك كــەســانێكى بێ ياســا، كــۆچەر و هۆزى ناهـۆشــيــار و بەتاڵ لـە هـەر هەســتــێكى نيشتمانى وەسف كردووە."[٢٢] لە سووريا، لە توێژينەوەيەكى بەدناوى حزبى بەعسدا كە لـە ١٩٦٣ لە لايەن مـحـەمـەد تـاڵيب هيـلالـەوە ئەنجـام درابوو، داواى "سـيـاسـەتـى گەمژەكردنى كوردەكان (سياسة التجهيل)" دەكات. ئەويش بە ڕێگرتن لە كردنەوەى قوتابخانە و داوودەزگاكانى خوێندن لە ناوچە كوردنشينـەكاندا. هيلال لەبەر شكانى سيـاسـەتەكانى پێشـووتر، كە برێتى بوو لە "فێـريان بكەن، تا ببنە عـەرەب (علمـوهم يستعربون)"، ئەم سياسـەتە بە ڕەوا دەزانێت.[٢٣]

پرسـيـارى ئەوەى داخـۆ كـورد كێيـە و قـەوارە و ژمـارەى دانيـشـتـوانەكەى چەندە، مـشـتـومـڕى زۆرى لەسـەرە. لە كـاتێكدا حكوومـەتەكان دەيانـەوێت ژمارەى كورد كـەم بكەنـەوە، كـوردە ناسـيـۆناليـسـتـەكـان دەيـانـەوێت ژمـارەيان زياد بكەن. لـەبەرئەوەى حكوومـەتەكان هيـچ سـەرژمێرييـەك لەو بارەيەوە بڵاو ناكەنـەوە، ئێمـە دەبێت پشت بە خـەمـڵاندن ببـەسـتين، لە سـاڵى ٢٠٠٦، ژمـارەى كورد لە جيـهـان بە ٣٠ مـليـۆن هـاتە خـەمڵاندن، بەمـەش بوون بە "گەورەترين نەتەوەى بێ دەوڵەت لە جيهاندا."[٢٤]

ئەدى كـوێ كـوردسـتـانە؟ ئەم پـرسـيـارە بۆ كـوردە پەڕگـيـرەكـان (ئـەوانەى زۆرترين مــاف بۆ كــورد بە ڕەوا دەزانـن)، بەتـايبــەتى كــوردى هـەنـدەران، ئەوا نەخــشـــەى "وێنەكراو"ى كوردستانى گەورە لە خەياڵياندا كە لە "قەوقازەوە بۆ دەرياى ناوەڕاست درێژ دەبێـتەوە و لەوێشـەوە بۆ كەنداوى عەرەبى – فـارس."[٢٥] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگـەر پراكتيكييانە قسـە بكەين ئەوا بەڵگە مێژووييـيەكان بەلايەنى كەمەوە خاڵێكى لەبارەى كوردەوە بڕاندووەتەوە، ئەويش ئەوەيە كە كورد زۆر لەمـێژە لـەو ناوچەيە نيـشـتـەجـێن بەڵام تا ئێسـتە نەيانتوانيـوە دەوڵەتێكى سـەربەخـۆ بۆ خـۆيان دابمەزرێنن،[٢٦] بگرە لە چەرخە زێڕينەكانيشياندا، ئەو كاتانەى كە ئۆتۆنۆمييان هـەبووە "لە سـەدەى شازدەوە

تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم" ئەو کاتیش کوردستان لەژێر کاریگەریی دوو هەژمووندا بووە: یەکێکیان دەسەڵاتی ئیمپراتۆری فارسی بووە و ئەوی تریان دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی.

پرسیاری ئەوەی داخۆ چ شوێنێک سنووری کوردستانی گەورە دیاری دەکات، پرسیارێکی ئەکادیمییە، دیاریکردنی سنووری کوردستانی عێراق لە عێراقی دوای سەدام بربڕەی سەرەکیی مشتومڕەکانی نێوان عەرەب، تورکمان و کورد پێک دێنێت، ئەویش لە ئارەزووی کورد بە خستنی کەرکووک بۆ سەر هەرێمەکەیان دەردەکەوێت. ئەمەش بەلای عەرەبە عێراقییەکانەوە ببڕای ببڕ قەبووڵ نەکراوە. وەک چۆن یەکێک لە عەرەبەکان دەڵێت:

تا ئێستە بیستووتانە هەرێمێک لە خاکی ڕەسەنی خۆی پەشیمان بووبێتەوە، پێناسی خۆی بپلیشێنێتەوە و بە پێناسێکی تر بیگۆڕێت کە لە ناوچەکەدا هەیە؟ وەڵامەکە بڕیتییە لە نەخێر، نەمانبیستووە، ئەوەشمان نەخوێندووەتەوە کە ناوچەیەک و نەتەوەیەکی بچووک ئەوەندە زاڵ بن و بیانەوێ مێژووی بێ وێنەی خاکێک و نەتەوەیەک بسڕنەوە، بەڵام ئەوە ئەم شتەمان لە عێراق بینی... عێراقی عەرەبی، کە شارستانییەتەکەی بۆ حەوت هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە بووەتە کلکی هەرێمی کوردستان، لە هەمان کاتدا، دەبینین نەتەوەی عەرەب بووەتە خزمەتکاری نەتەوەی کورد.[٢٧]

بێجگە لەمە، کورد بە جێبەجێکردنی "کارنامەی داگیرکەران بۆ دوولەتکردنی عێراق"یش تۆمەتبار دەکرێن،[٢٨] هەروەها بە هەوڵدان بۆ نکووڵیکردن لە ئیسلامیبوونی پێناسەی دەوڵەت و بە ڕەتکردنەوەی "کوردستان وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەب"[٢٩] و لە هەمووی خراپتر، وەک بەکرێگیراوی ئیسرائیل و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی "ئیسرائیلی دووەم" تۆمەتبار دەکرێت.[٣٠]

ئەی سروشتی ناسیۆنالیزمی کوردی چییە؟ لێرەشدا مشتومڕی زۆر هەیە، ئەویش لەبەر ئەو ڕاستییەی چەند دایەلێکتێکی جیاواز لە زمانی کوردیدا هەیە و بەوەش گوایە کەسانی سەر بە دایەلێکتی جیاجیا زۆرجار لە یەکتر ناگەن. هەندێ لە

توێژەران پێیان وایە ئەم دایەلێکتە کوردییانە زمانی جیا جیان. ئەوانەی تەئکید لەسەر جیابوونی دایەلێکتە جیاوازەکان دەکەنەوە دەیانەوێ بڵێن کورد یەک نەتەوە پێک ناهێنن، بگرە چەند گرووپێکی ئیثنۆ لینگویستیکین (ethnolinguistic groups)،[٣١] سەرکردەکانی ڕۆهەڵاتی ناوین، هەڵبەتە بە مەبەستی سیاسی، هەمان شت دەڵێن.[٣٢]

بێگومان، بزاوی ناسیۆنالیستی کوردی ئەو بۆچوونانە و کاریگەرییەکانیشیان ڕەت دەکاتەوە. ئەوان "وەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر... پەرۆشی بنیاتنانی مێژوو، پێناس، کولتوور و زمانێکی کوردیی هاوبەشن."[٣٣] هەروەک فرێد هالیدەی ئاماژەی پێ دەکات، "تاکە بزاوێک، ئایدۆلۆجیایەک و سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی کوردی بوونی نییە، مێژووی هاوچەرخی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سێ بزووتنەوەی جیاواز پێک دێت، ئەوانیش بزووتنەوەکانی کوردی ئێران و تورکیا و عێراقن."[٣٤] لە ڕاستیدا، دەبێت سووریاش بخرێتە ناو ئەو لیستەوە.

لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، زمانەوانی کورد ئەمیر حەسەنپوور، دوو بیروڕا دەخاتە ڕوو: ناسیۆنالیزمی دەرەبەگی و ناسیۆنالیزمی چینی ناوەند،[٣٥] بەگوێرەی تێزەکەی حەسەنپوور، ناسیۆنالیزمی دەرەبەگی لە ئەنجامی شەڕی سەدەی حەڤدەمی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و فارسی سەری هەڵدا و گەشەی سەند، لەو کاتدا کورد خرابوونە نێوان دەستاڕی هەردوو ئیمپراتۆرییەتدا. بۆیە، ئەو کاولکارییە گەورەیە و ئازاردانە زۆرەی داگیرکەرە بێگانەکان بەسەر کوردیاندا هێنا، بووە هۆی پەیدابوونی ڕابوونێکی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگیدا. بیرۆکەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، کە ئەو کات لە سەدەی حەڤدە وەک ئانارشیزمێک لە ناوچەکەدا دەهاتە بەرچاو، لە ڕاستیدا، لە بارودۆخی تایبەتی ئەو کاتی کوردستاندا گەشەیان کرد.

حەسەنپوور لە تێزەکەیدا پشت بە گوتەی شاعیران، شازادەکان و "خەڵکی ئاسایی" دەبەستێت.[٣٦]

بە گوێرەی تێزەکەی حەسەنپوور، دووەم شەپۆلی ناسیۆنالیزم، کە ناسیۆنالیزمی چینی ناوەڕاست بوو، لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە شێوەی گرت. دواتر "لە سالانی شەست، بیرۆکە ناسیۆنالیستییە هاوچەرخەکان گەشەیان کرد بۆ کۆمەڵێک

بیروباوەڕی تۆکمە کە بە کوردایەتی ناودەبرا."[٣٧] حەسەنپوور پێی وایە ئەمەیان ناسیۆنالیزمێکی عیلمانی بوو.

عەباس وەلی خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی گرینگ لە نێوان ناسیۆنالیزمی کلاسیکیی ئەورووپا و ناسیۆنالیزمی کوردی دیاری دەکات. وەلێ ئەوە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت لە کاتێکدا ناسیۆنالیزمی ئەورووپا لە منداڵدانی مۆدێرنییەتەوە دەرچوو و هاووڵاتیبوونی دیموکراتانە و کۆمەڵگەی مەدەنیی لەگەڵ خۆیدا هێنا، کەچی ناسیۆنالیزمی کوردی وەڵامێک بوو بۆ نکوولیکردن لە پێناسی کوردیبوون و خەفەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و زەوتکردنی مافی هاووڵاتیبوونی دیموکراتانە لە کورد.[٣٨]

بۆ وردبوونەوە لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە چوارچێوەی تیزی دەوڵەتی کەمینەی ئیتنییەوە stateethnic minority، ئەوا هەندێ نووسینی تیۆریی تر ڕەنگە بە کەڵک بن. بەمەش، دەکرێت کورد وەک "نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بە بوونی هەموو تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی نەتەوە"وە[٣٩] پێناسە بکرێت. ڕەنگە دەستەواژەکەی میرۆسلاف هرۆچ، لەبارەی گرووپە ئیتنییە "نازاڵ"ەکانەوە پڕ بە پێستی کورد بێت. ئەو باس لە گرووپێکی ئیتنی دەکات لە دەوڵەتێکی نەتەوەییدا دەژین کە گرووپێکی ئیتنیی تر تێیدا زاڵە، گرووپە ئیتنییە نازاڵەکەش بە درێژایی مێژوو دژایەتی چارەسەری سیاسیی کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان دەکات. لەوانەیە پێناسەکەی ئانتنی دی سمیت لەسەر کورد بەکار بێت، ئەو دەڵێت گرووپی ئیتنی "پێکهاتەیەکن کە هەڵگری ناوی خۆیانن و سەر بە ڕەچەڵەکێکی ئەفسانەیین و بیرەوەریی مێژوویی هاوبەشیان هەیە، خەسڵەتی کولتووریی هاوبەشیش لەنێو ئەندامەکانیاندا هەیە، لەگەڵ بوونی وابەستەیییەک بە خاکێک کە لەمێژەوە لەسەری دەژین و تا ڕادەیەکیش هاوسۆزییان بۆ یەکتری هەیە، بەتایبەتی لەنێو بژاردە سیاسییەکەیاندا."[٤٠]

بۆ تێگەیشتن لە سروشتی خۆجیاکردنەوەی ئیتنیی کورد، پشت بە تێگەیشتنەکانی فرێدریک بارس لەبارەی سنوورەکانی ئیتنییەوە دەبەستم، ئەویش ئەو تێگەیشتنەیە کە پێکهێنەری سەرەکیی گرووپە ئیتنییەکان بوونی سنوورەکانن لە نێوان گرووپە ئیتنییەکان لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی فرە ئیتنیدا، لەوێدا پێکهاتە ئیتنییە کەوا بە ئاسانی بە هەبوونی هەندێک جیاکەرەوەی "بابەتییانە" دەستنیشان

ناکرێت. بەگوێرەی بۆچوونەکەی بارس "گرووپە ئیتنییەکان تەنیا ئەو کاتە دەتوانن بەرگە بگرن و مانەوەی خۆیان بپارێزن کە جیاوازی لە ڕەفتار و کردەوەکانی خۆیاندا نیشان بدەن، بە واتایەکی تر، بەرگەی جیاوازییە کولتوورییەکانیان بگرن."[٤١] وا پێ دەچێت ئەم بۆچوونە بیرۆکەکەی هرۆچ تەواو بکات، کە دەڵێت "پرۆسەی پێکهاتنی نەتەوە دیاردەیەکە، لە ناسیۆنالیزم و نەتەوەی هاوچەرخ کۆنترە، هەر لێکدانەوەیەکیش بۆ پێناسی نەتەوەیی هاوچەرخ، ناکرێت تایبەتمەندییەکانی گەشەسەندن و دروستبوونی نەتەوە لە قۆناغەکانی بەر مۆدێرنیتە فەرامۆش بکات، یا ئەوەتا تەنیا وەک ئەفسانەیەکی ڕووت تەماشا بکرێت."[٤٢]

## دەوڵەت و ئیتنیک: مشتومڕ لەسەر سەربردە مێژووییەکان

بەراوردێکی ڕووکەشانە بۆ ئەو بابەتانەی لەسەر کورد نووسراون، لە سەرەتا و کۆتاییی سەدەی بیستەم چ لە ڕووی چەندێتی چ لە ڕووی چۆنایەتی گۆڕانی مەزن بەدی دەکرێت. بەدرێژاییی سەدەکە، چەند کتێبێکی کەم بە زمانە بێگانەکان لەبارەی کوردەوە نووسراون،[٤٣] لەبەرئەوەی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی خاکی کورد لە نێوان پێنج دەوڵەتدا "تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا و یەکەتیی سۆڤیەت"دا بەش کرا، ئەوا توێژەران وەک بەشێکی جیانەکراوەی ئەو دەوڵەتانە مامەڵەیان لەگەڵ کورد دەکرد. لە هەندێ جار، کورد هەر بە تەواوی فەرامۆش دەکرا. لە ڕاستیدا، ئەمە بەشێکە لە دیاردەیەکی گەورەتر، ئەویش پێوەندیی بەو "تێگەیشتنە کۆنەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە، کە بەگشتی بەلای شاردنەوە یا فەرامۆشکردنی ڕۆڵی ئەو کارەکتەرانەوە دەشکانەوە کە خاوەن دەوڵەت نەبوون."[٤٤] بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونە، کوردی عێراق کە لە ڕاستیدا کاراتر و پڕ مەرگەساتتر و سەرکەوتووترین ئەکتەری بێ دەوڵەتن لە چاو بەشەکانی تری کوردستان، وەک کەیسی توێژینەوەکەمان دێنینەوە.

تا ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەگشتی قسەکردن لەسەر کوردی عێراق بەشێک بوو لە قسەکردن لەسەر عێراق خۆی، هەروەک لە کتێبە بەناوبانگەکانی ستێفن لۆنگریک، یوریەل دان و حەنا بەتاتودا دەردەکەوێت،[٤٥]

هەرچەندە هەرسێ نووسەر بەقووڵی تاوتوێی باسەکەی خۆیان دەکەن، ئەوان باسی کورد لە سیاقی ئەو کێشە گەورانەی کە ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە، دەکەن. لە هەموویان سەرسوڕهێنتر کتێبەکەی "مەجید خەدووری"یە، بەناوی عێراقی سەربەخۆ، کە بە تەواوی پرسی کوردی فەرامۆش کردووە. کتێبەکە لە "دیدی دەوڵەتی نەتەوەیی" نووسراوە. خەدووری لە کۆی ٣٦٨ لاپەڕەی کتێبەکەی کە باس لە عێراق دەکات لە کۆتاییی ئینتیدابی بەریتانییەوە تا لەسەر کارلادانی پادشایەتی (١٩٣٢–١٩٥٨)، کەچی کەمتر لە یەک لاپەڕەی بۆ گفتوگۆ لەسەر کورد تەرخان کردووە،[٤٦] خەدووری دەنووسێت:

> کورد کە بە ڕەگەز لە عەرەبی زۆرینە جیاوازن لەمێژە ناڕەزایی لە بەرابەر چەوسانەوە دەردەبڕن و داوای حوکمی ناناوەندی دەکەن، بەڵام سکاڵاکانیان هیچ پاساوێکی نییە، لەبەرئەوەی ناوچە عەرەبنشینەکانی باشووری عێراقیش کە لە ناوچە کوردییەکان هەژارتر و دواکەوتووترن، لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە وەک ئەوان فەرامۆش کراون و بە خراپی بەڕێوە دەبرێن.

بۆ عەشیرەتی بارزانیش، کە لەو ساڵانەدا سەرکردایەتیی زنجیرەیەک شۆڕشیان کرد، خەدووری وەک سەرکێشییەکی ڕووت وەسفی هەوڵەکانیان دەکات.[٤٧]

کتێبی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە بەرهەمی مێژوونووسێکی عێراقیی ترە بە ناوی وەدیع جوەیدە، دەیسەلمێنێ کە هۆکاری فەرامۆشکردنی کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نەدواکەوتوویی و نەکەمیی سەرچاوەی مێژووییە. سەیر لەوەدایە، جوەیدە لە ساڵی ١٩٦٠ تێزی دوکتۆراکەی تەواو کرد کە هاوکات بوو لەگەڵ بەچاپگەیاندنی کتێبەکەی خەدووری، بەڵام تێزی دوکتۆراکەی جوەیدە بەپێچەوانەی کتێبەکەی خەدووری لە "دیدی ئیتنییە"وە تەماشای پرسەکان دەکات و پێچەوانەی تێگەیشتنی کتێبەکەی خەدوورییە کە لە دیدی دەوڵەتی نەتەوەیییەوە پرسەکان هەڵدەسەنگێنێ. بەڵام چل و شەش ساڵ دوای مەرگی نووسەرەکەی، جوەیدە، بە چاپ گەیەنرا.[٤٨]

لە ڕاستیدا، مشتومڕێکی شاراوە یا کێبەرکێیەک هەیە لە نێوان "دیدی ئیتنی" و

"دیدی دەوڵەتی نەتەوەیی". ئەم مشتومڕە لە کاری ئەو توێژەرانەی کە لەبارەی کورد و عێراقەوە شتیان نووسیوە، ڕەنگی داوەتەوە. هەردوو بۆچوون کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گەشەسەندنی سیاسی و بەچاکتردانانی دیدەکە لە لایەن نووسەرەکانەوە. توێژەرێک دەڵێت "بەشی زۆری ئەو نووسینانەی لەبارەی کوردەوە نووسراون پێ دەچێت لە لایەن کورددۆستێکی ڕەخنەنەگر یان ڕەخنەگرێکی ناحەز بەکوردەوە نووسرابن."[٤٩] پێویست بە گوتن ناکات، نووسەرە کوردەکان تێگەیشتنی یەکەمیان پەسند کردووە، هاوکات زۆر لە توێژەرە بێگانەکانیش ئەو چوارچێوەیەیان کردووە بە دیدگەیان.

هەروەک لەو کتێبە کلاسیکییانەی کە لەبارەی عێراقی هاوچەرخەوە دەردەکەون، دیدی دەوڵەتی نەتەوەیی تا سالانی شەستەکانیش زاڵتر بوو. ئەمەش بە هۆی گەلێک هۆکارەوە بوو: کوردی عێراق و کورد بە گشتی لە جێ سەرنجی ئەکادیمییەوە دوور بوون، مەبەستمان ئەو سەرنجانەن کە خرابووە سەر بنیاتنانی دەوڵەت لە وڵاتانی دوای کۆلۆنیالیزمدا. کۆت و بەندە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد لەسەر خۆیان وای لێ کردن کە بەشدارییەکی کارایانە لە بواری ناساندنی کورددا نەکەن. کەمیی بڵاوکراوە و چاپەمەنی لە ناوچەی کوردستان هۆکارێک بوو کە تا کۆتاییی پەنجاکان درێژەی کێشا،[٥٠] ڕەنگە لە هەمووی کاریگەرتر بەربڵاویی دیدی دەوڵەتی نەتەوەیی بووبێت لە لایەن توێژەرانەوە کە پێیان وا بوو کورد بەشێکی جیانەکراوەیە لە عێراق، لە بەرامبەر هەڵگرانی دیدی ئێتنی کە پێیان وایە عێراق دەوڵەتێکە، دوو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی (ناسیۆنالیستی عەرەبی و کوردی) تێیدا کێبەرکێیان لەسەر قەڵەمڕەوییە.

سەرەڕای ئەمە، دیدی ئێتنی دوای شەڕی کورد لەگەڵ فەرمانڕەوای عێراق، کۆلۆنێل عەبدولکەریم قاسم (١٩٦١-١٩٦٣) ئیدی هێدی هێدی جێگەی خۆی کردەوە. هەردوو ڕۆژنامەوان، دەیڤد ئادەمسن و دانا ئادامز شمیدت، کە خەباتی کورد لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم کاری تێ کردبوون، هەریەکەیان کتێبێکیان لەو بارەیەوە نووسی،[٥١] ئەوان پشتگیرییان لە دیدی ئێتنی بۆ هەڵسەنگاندنی پرسەکان کرد بەمەش ئەم دیدە تۆکمە بوو، بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی بەعس لە

١٩٦٨دا بۆ سەر حوکم. بەڵام گرینگترین پاڵپشتیی دیدی ئیتنی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا هات. گواستنەوەی چەقی سەرنج لەسەر دەوڵەتی عێراقییەوە بۆ سەر کوردی عێراق، کە لە چەقی سەرنجدانی توێژەران ڕەنگی دایەوە، دوا بەدوای ئەویش لە گۆڕانە ناوچەیی و ناودەوڵەتییەکانیش ڕەنگی دایەوە، کە لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا.

کۆتاییی شەڕی سارد و ڕمانی یەکەتیی سۆڤیەت بوونە هۆی دروستبوونی چەند دەوڵەتێکی نوێ لە ئاسیای ناوەڕاست و ئەورووپا وەک ئەوەی لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨ کە چەند دەوڵەتێکی نوێی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ دروست بوو. نەمانی یەکەتیی سۆڤیەت شەرعییەتی زیاتری بە دەنگی ئیتنی دا لە ناوچەکەدا، خواستی کورد بۆ خۆجیاکردنەوە بگرە بۆ مافی چارەی خۆنووسینیشی بەهێزتر کرد. پێشکەوتنی سیاسی لە عێراق خۆی کە هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتن لە گۆڕەپانی ناودەوڵەتیدا، کاریگەرییەکی گرینگی لەسەر ئەو ڕوانگەیە هەبوو. بێگومان لە هەمووی گرینگتر، شەڕی کەنداوی ١٩٩١ بوو، کە لە ١٩٩٢ حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستانی لێ هاتە بەرهەم.

هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی هەرێم و گەشەسەندنەکانی کوردستانی عێراق، چەند گۆڕانکارییەکی سەرەکیی تر لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ڕوویان دا، لەوانە: چاکتربوونی بارودۆخی ئابووریی باشتر، پێشکەوتنی خوێندن و خوێندەواری لە هەموو ئاستەکاندا، بووژانەوەی زمانی کوردی، لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرینگەی کە کوردە ئاوارەکانی هەندەران لەم پێشکەوتنانەدا گێڕایان. لەوەش زیاتر، کوردستانی عێراق جیاواز لە بەشەکانی تری عێراق پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، ئەمەش توێژینەوەی نوێی لەسەر پرسی کورد بەدوای خۆیدا هێنا. تێوەگلان و دەستخستنە ناوەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ناو کاروباری عێراق، کاریگەریی زۆری خستە سەر نەوەیەکی نوێ لە توێژەران. بە کورتی، دەنگی کورد بە چاکەی چەند توێژەر و نووسەرێک لە سەرانسەری جیهاندا بە شێوەیەکی ڕوونتر دەبیسترێت،[٥٢] یەکێک لەوان، پیتەر گالبریسە، کە هەندێک لە داواکانی کوردی بە شێوەیەک دەربڕیوە کورد خۆشیان ئەو ئازایەتییەیان نییە دەری ببڕن، ئەویش بانگەشەی دامەزراندنی

دەوڵەتی کوردییە لە عێراق.[53]

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو نووسەرەکان حەز بە دیدی ئیتنی ناکەن. لە کتێبێک کە لە ساڵی ٢٠٠٥ چاپ کراوە، ئێریک دەیڤز ڕەخنە لە دیدی ئیتنی دەگرێت، ئەو پێی وایە ئەمە لە نووسینەکانی ئێلی خەدووری و یوریەل دان و والدمار گالمان خۆی دەبینێتەوە. ئەو دەڵێت ئەوان "هەموویان یەک پەیامی شاراوەیان هەیە" و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی سیاسەتەوە. لە تێگەیشتنە ئایدیالیستانەکەی بۆ عێراق وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی، دەیڤز، ناسیۆنالیزمی کوردیی فەرامۆش کردووە. لەسەر ئەوە جەخت دەکات و دەڵێت:

گرژییەکانی نێوان گرووپە ئیتنی و مەزهەبییەکان ڕێگرییان لە هەوڵ و بەرگرییەکان لە کاتی شەڕ [شەڕی عێراق ئێران لە ١٩٨٠–١٩٨٨]دا نەکرد، ئەمەش کورتهێنانی ئەو تێڕوانینە نیشان دەدات، کە لە دیدی دابەشبوونی ئیتنی و مەزهەبییەوە تەماشای عێراق دەکات. عێراقییەکان، سەر بە هەر گرووپێکی ئیتنی و مەزهەبی بووبن، بە یەکەوە، لەژێر پاڵەپەستۆ، کاریان بۆ سەرکەوتن لە شەڕێکدا کرد کە بە هەموو حیساباتێک یەکێک لە شەڕە هەرە خوێناوییەکانی سەدەی بیستەم بوو.

لە درێژەی باسەکەیدا دەیڤز دەڵێت پابەندبوونی هەموو گرووپە ئیتنییەکان بە ناسیۆنالیزمی عێراقییەوە "دەبێت ئەو بیرۆکەیە بڕەوێننەوە کە پێی وایە عێراق دەوڵەتێکی نەتەوەییی دەستکردە."[54]

ئەدی شوێنی کوردییەکانی عێراق لە پێوەندییان بە نووسینەوەی مێژووی خۆیان و بەشدارییان لەو مشتومڕە مێژووییەدا چییە؟ هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بەهۆی کۆت و بەندە سیاسی و کولتوورییەکانەوە، کورد لە نووسینەوەی مێژووی هاوچەرخی خۆیان و دەربڕینی دیدی خۆیان درەنگ کەوتن،[55] کەسێک کە ئەم قسەیەی کردمان نایگرێتەوە، ئەویش "محەمەد ئەمین زەکی"یە کە وەک وەزیر لە چەندین حکوومەت لە ١٩٢٥ تا ١٩٣٦ خزمەتی کردووە. لەو دوو کتێبەی کە لە ١٩٣١ و ١٩٣٣ چاپی کردن، زەکی بەردی بناخەی توێژینەوەی کوردیی، لە لایەن کوردەوە و بە زمانی کوردی، دانا،[56] لە توێژینەوەکانیدا، هۆکاری نووسین بە کوردی ڕوون دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە مێژووی کورد دەبێت بە زمانی کوردی نەک بە زمانی

عەرەبی یا تورکی بنووسرێتەوە. ئەو لەوەش دوورتر دەڕوات و ڕەخنە لە ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی دەگرێت، دانەری شەرەفنامە (١٥٩٧)، کە بە یەکەم بەڵگەی مێژوویی کوردی دادەنرێت، لەبەرئەوەی شەرەفخان کتێبەکەی بە فارسی نووسیوە نەک بە کوردی،[٥٧] لە ڕاستیدا، ئەوانەی بۆ یەکەم جار لە بەرهەمەکانیان زمانی کوردییان بەکار هێناوە شاعیرانی سەدەی شازدە و حەڤدە بوون.[٥٨]

وەک ناسیۆنالیستێکی کوردی، زەکی بەرپەرچی هەندێ لەو تیۆرانە دەداتەوە، کە مێژووی بوونی کورد لەم ناوچەیە بۆ چەند سەدەیەک دەگێڕنەوە. لە کاتێکدا هەندێ لە توێژەران دەڵێن لەمێژ نییە کورد هاتووەتە ئەم ناوچەیە، زەکی دەڵێت کورد لە سەردەمانێکی زۆر دێرینەوە لێرەدا ژیاون و لە سەدەی حەڤدەی پێش زاینیشەوە لەو نیشتمانەی ئێستەیاندا نیشتەجێ بوون،[٥٩] بەڵام لەژێر ناو و ناونیشانی جیا جیادا. زەکی بۆچوونی هەندێ لە مێژوونووسە عەرەبە موسڵمانەکان ڕەت دەکاتەوە، وەک ئەلمەسعوودی، کە بنەچەی کورد بۆ عەرەب دەگەڕێنێتەوە،[٦٠] زەکی بەرپەرچی ئەو خەمڵاندنانەش دەداتەوە، کە لەبارەی دانیشتوانی کوردەوە گوتراون. بۆ نموونە، کاتێ ژمارەی کوردی عێراق لە بیستەکان بە ٤٩٤,٠٠٠ دەخەمڵێنرێت، ئەو ئەوە ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە ژمارەیان ٦٠٠,٠٠٠ بووە، کە دەکاتە یەک لە پێنجی دانیشتوانی هەموو عێراق،[٦١] ئەمە ڕێک وەک ئەو ڕێژەیەیە، کە کوردی عێراق ئەمڕۆ بانگەشەی بۆ دەکەن.

بە گشتی، پێوەندییەک هەیە لە نێوان دەستکەوتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کورد لە عێراق و توانایان لە خوێندنەوەی پرسەکان لە دیدی خۆیانەوە. ئەو ڕاستییە بە ڕوونی دەبینرێت کوردی عێراق بە بڕشتترن لە بەرهەمهێنانی نووسینی مێژوویی و ئەدەبی بە بەراورد لەگەڵ کوردی وڵاتەکانی تردا. بۆ نموونە، لە نێوان ١٩٢٠ تا ١٩٨٥ لە عێراق ٥٦٢٢ کتێبی کوردی چاپ کراوە، کەچی لە تورکیا تەنیا ١٠ کتێب، لە سووریا ٣١ کتێب، لە ئێران ١٥٠ کتێب و لە یەکەتیی سۆڤیەت ٣٧٧ کتێب چاپ کراون.[٦٢]

ڕاستییەکی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تردا، کوردی عێراق ئازادیی ڕادەربڕینی زیاتریان هەبووە. دوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی

کوردستانیش، ڕنووە بەفرەکە بووە بە هەرەسی بەفر، لەو کاتەوە تا ٢٠١١، لە شارە گەورەکان، دەزگاکانی چاپکردن ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کتێبێیان بە زمانی کوردی بە چاپ گەیاندووە.[٦٣] لەنێو نووسەرە کوردەکان خۆیاندا، وردە وردە گۆڕان دەردەکەوێت، لە مەیلی مەزنکردنی کورد و مێژووەکەی بۆ وێناکردنی کورد وەک قوربانی تا دەگاتە بۆچوونی ڕەخنەئامێز لەمەڕ ڕۆڵی کورد لە مێژوو، هۆکاری شکانەکانی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان و لەوێشەوە بۆ چاکترکردنی ئەو بارودۆخەی ئێستە پێیدا تێپەڕ دەبن،[٦٤] هەندێ نووسەری کوردی ڕەخنە لە هاوکارەکانیان دەگرن، کە دەیانەوێ ڕۆڵی کورد لە مێژوودا زل بکەن ئەویش بە بەکوردیکردنی چەند حکوومەت و سەردەمانێک تا مەزنی و سەمەرەیی کورد بسەلمێنن. بۆ نموونە، کەمال فوئاد دەڵێت ئەو ڕاستییەی کە سەلاحەدینی ئەیووبی، کە فەرمانڕەوایەکی سەدەی دوازدە بوو، سەرکردەیەکی کورد بووە، مانای ئەوە نییە ئەو دەوڵەتەی کە فەرمانڕەوایی کردووە کوردی بوو بێت. کەمال فوئاد پێی وایە "ڕەچەڵەکی نەتەوەیی فەرمانڕەوایەک بە پلەی دووەم دێت ئەویش لە دوای خاک و خەڵک و زمان و کولتوورەوە دێت."[٦٥]

دەنگێکی تری ڕەخنەئامێز دەنگی "کەندال نەزان"ە. لە وتارێکیدا بەناوی "کورد لەژێر فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری عوسمانی"دا لۆمەی کورد خۆی دەکات لە شکانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندا. ئەو دەڵێت "دوای کەوتن و دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەموو گەلان توانییان دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. تەنیا گەلی کورد نەبێت، ئەویش لەبەر لێ نەهاتوویی سیاسی و دواکەوتوویی مێژوویی سەرکردەکانیەوە."[٦٦]

مشتومڕی ئەوەی داخۆ کێ لۆمە بکرێت، بێهێزیی کورد خۆی یا هۆکاری دەرەکی، بەردەوام لە گوێیەکاندا دەزرنگێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دیارە، بەلایەنی کەمەوە لە عێراق، کورد چارەنووسی خۆیان خستووەتە ژێر دەستی خۆیان. بە هەمان شێوە، ئەو تێگەیشتنە بڵاوەی گوایە کورد هیچ هاوڕێیەکی نییە جگە لە چیاکان لە ڕەگەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دیاردەیەک هەیە چەند ساڵێکە پەیدا بووە و گەشەی سەندووە بریتییە لە

بەدیارکەوتنێکی ڕوونی (crystallization) پێناسێکی نەتەوەیی خۆماڵی، "کوردی عێراق"، ئەم پێناسە کوردی عێراق لە کوردی دەوڵەتەکانی تر جیا دەکاتەوە. ئەم گۆڕانکارییە هاوشێوەی بەبلوربوونی پێناسەی هەرێمی نەتەوەیی دەوڵەتانی عەرەبی، فارسی و تورکییە. لەتکردنی خاکی کوردی زمان لە لایەن پێنج دەوڵەتەوە لە دوو ڕووەوە کاریگەریی لەسەر کورد داناوە. یەکەم: دینامیکییەتی سیاسی و کولتووری و زمانەوانی لەگەڵ شێوازە کۆمەڵایەتییەکانی هەریەک لەو دەوڵەتانە بە جیا کاریگەریی خۆی لەسەر بەشەکەی خۆی لە کورد داناوە کە تێیدا دەژین. دووەم: هەندێ جار بەرژەوەندیی کوردی بەشێک لە کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندیی بەشەکانی تردا پێکدا دەدەن، جارجاریش ئەم پێکدادانە دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوانیاندا، نموونەش بۆ ئەوە برێتییە لە گیروگرفتەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق و پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیا، بە تایبەتی لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەو مانایە نایەت کە کورد هیچ کاریگەرییان لەسەر یەکدا نەبووە. لە ڕاستیدا، لە شەستەکان بە دواوە چالاکیی کوردی بەشەکەی عێراق وەک مۆدێلێک بۆ کوردی بەشەکانی تر بینراوە. لەمەش زیاتر، لەم چەند دە ساڵەی دواییدا مەیلی پان کوردیزم pan-Kurdish یا بزاوی پان کوردیزم لەنێو کوردی هەندەران هاوشێوەی مەیلی ناسیۆنالیزمی عەرەبی pan-Arabism گەشەی سەندووە. یەکێک لە دەربڕ و بەرهەمە گرینگەکانی ڕەوەندی کوردی پەرلەمانی کوردستانە لە هەندەران، کە لە ١٩٩٥ لە لاهای دامەزرا و ئێستە بارەگەی سەرەکیی لە بروکسلە. هەندێ ڕێکخراوی گرینگی تریش هەن وەک کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کە لە ١٩٨٩ لە لەندەن دامەزرا، کۆمەڵەکانی قوتابیان کە لە فەرەنسا دامەزران، یەکەتیی نیشتمانیی قوتابییە کوردییەکان لە ئەورووپا کە لە ١٩٦٥ لە میونخ دامەزرا و ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر کە لە ١٩٨٥ لە ستۆکهۆلم دامەزرا.[٦٧]

## کوردی عێراق و دەوڵەت
## تویکاریی گۆڕانی پێوەندییەکان

لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروست بووە، ڕووبەڕووی کێشەی کورد بووەتەوە، ئەمەش کاری کردووەتە سەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەوڵەتەکە بە پێوەندییەکانیشی لەگەڵ وڵاتانی ترەوە. لە لایەن خۆیانەوە، کوردی عێراق مۆدێلێکی بزاوی ناسیۆنالیزمیان داهێنا، کە دەستکەوتەکانی زۆر خێراتر بوو لە هی بەشەکانی تری کوردستان.

ڕەنگە چەند هۆکارێکی مێژوویی، جیۆپۆلەتیکی و دیمۆگرافی ئەم دیاردەیە ڕوون بکەنەوە. دوای شەڕی یەکەمی جیهان، کورد یەکسەر گەڵاڵەیەکی ناتەواویان بۆ خواستی سەربەخۆیی داڕشت. بگرە ڕەزامەندییەکی ناودەوڵەتیشیان لە ڕێککەوتننامەی سیڤەری ١٠ی ئۆگستی ١٩٢٠ بەدەست هێنا، کە گفتی ئۆتۆنۆمی و شیمانەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیشیان پێ درا لەو ناوچە کوردییانەی پێشتر لەژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیدا بوون بەڵام ئەو ناوچە کوردییانەی لەگەڵدا نەبوو کە ئەوکات لەژێر قەڵەمڕەویی ئێراندا بوون. ئەمە دەرگەیەکی بۆ کوردی ویلایەتی مووسڵ (کە زۆر ناوچەی ئێستەی هەرێمی کوردستان پێک دێنێت) کردەوە تا وابەستەییەکیان بە ئۆتۆنۆمییەوە هەبێت. سەرەڕای ئەوە، پەیماننامەی سیڤەر دوای پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ شەرعییەتی یاسایی لەدەست دا. پەیماننامەی لۆزان هیچ شتێکی پێشکێش بە کورد نەکرد.

بەلای تورکیاوە، لە ڕاستیدا هەموو جیهانیش، پەیماننامەی سیڤەر بە تەواوی مەبەست و ئامانجەکانیەوە مرد و سپاردەی خاک کرا. بەڵام، بەلای کوردەوە ئەمە بەو شێوەیە نییە. نەبوونی ڕێککەوتننامەیەکی ناودەوڵەتی یا بڕیارنامەیەک لە ئێستەدا بۆ پاڵپشتیی دۆزەکەیان، وای لە ناسیۆنالیزستە کوردەکان کردووە چنگ لە پەیماننامەی سیڤەر گیر بکەن چونکە شەرعییەتێکی ناودەوڵەتی بە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینیان دەدات. کاربەدەستێکی بەریتانی لە ١٩٤٣ گوتوویەتی "هەرچەندە سیاسەتەکانی کەمال مستەفا هیوای کوردی وردوخاش کرد، بەڵام

سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی برگەکانی پەیماننامەی سیڤەریان وەک ددان پێنانی دەوڵەتانی رۆئاوای ئەوروپا بۆ پرسی کورد داناوە و هەرگیز لە هەوڵەکانیشیان بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی کۆڵیان نەداوە."[٦٨]

لەبەرئەوەی ویلایەتی مووسڵ لە ١٩٢٦ خرایە سەر دەوڵەتی عێراق، واتە حەوت ساڵ دوای دامەزراندنی عێراق، هەروەها لەبەرئەوەی عێراق تا ١٩٣٢ لە لایەن هێزەکانی بەریتانیای مەزنەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، ئەوا ئەم دوو هۆکارە تایبەتمەندییەکی جیایان دا بە حاڵەتی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق. لە کاتێکدا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە، ئێران و تورکیا وەک دوو دەوڵەتی تەواو سەربەخۆ دەرکەوتن و بەمەش توانییان ویستەکانی خۆیان بخەنە پێش ویستەکانی کەمینە کوردییەکانیانەوە، کەچی لە عێراق کێشەکان لە لایەن بەریتانیاوە بڕیاریان لەسەر دەدرا، کە تێڕوانینی بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و کوردی عێراق جیا بوو. سەرەڕای ئەمەش، بەریتانیا بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان هاندانی خواستی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی بگرە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆش لە ویلایەتی مووسڵ و لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراق هەڵوێستی روون نەبوو. ئەم ڕاڕاییەی بەریتانیا بۆ گەشەسەندنی بزاوی ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق وەک زەوییەکی بەپیت و فەڕ وا بوو. هاوکات بەریتانیا بناخەی هەندێ مافی تایبەتی بۆ کورد دانا، وەک یاسای زمانە ناوخۆییەکان "یاسای بە فەرمیکردنی زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی لە شارە کوردنشینەکاندا"، کە دواتر باسی دەکەین. کاتێ عێراق بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ڕێژیمەکانی عێراق زۆر لەوە لاوازتر بوون بتوانن ئەم پێشینەیە بڕەوێننەوە. لە هەمان کاتدا، سۆز بۆ ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبوو. شایەتییەکی ناڕاستەوخۆی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ساڵانی چلەکان لە نامەگۆڕینەوەکانی کاربەدەستانی بەریتانیا دەردەکەوێت. بۆ نموونە، نوێنەرێکی ئینتیدابی بەریتانیا لە عێراق بەسووکایەتی پێکردنەوە دەڵێت "گەرچی جێبەجێ ناکرێت بەڵام کورد تووشی نەخۆشیی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی بوون." لەمە هێورتر، کاربەدەستێکی تری بەریتانیا دەڵێت "کورد لە هەر بنەچەیەک بن، وەک جوو، هەستێکی نەتەوەیی نەمریان هەیە کە وای

لێ کــردوون بەرگــەی هـەر هەوڵێک بگرن بۆ کـپکردنیـــان." کــەســـانێکیش هەن گەشەسەندنەکانی کوردستانی عێراق وەک "ناسیۆنالیزمی کوردی" وەسف دەکەن،[٦٩] بەگوێرەی خەملاندنی جیا جیا، ڕێژەی کورد لە عێراق لە نێوان ٩، ١٥ تا ٢٨، ٠ لە سـەدایە،[٧٠] ئەگـەر ئێـمـە ژمـارە کـەمـەکـەش وەربگرین هێـشـتـا ئەم ڕێژە بەرزە، بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی هێز لە نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندی دادەنێت. بەهـەمـان گرینگی، شـتـێکی تر دەسـتی لە سـەرکـەوتنی ڕێژەیی کـورد لە عێراقـدا هەبوو، ئەویش دەست وەردانی وڵاتانی بێگانە بووە لە کێـشـەی کورد وەک بەریتـانیـای گـەورە، ئێـران، ئیـسـرائیل، سـووریا، یەکـەتیی سـۆڤـیـەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە سەرەتای سالآنی حەفتا، دینامیکیی کێشەی کورد بە شـێوەیەکی بەرچاو کەوتە ژێر کـاریگەریی ملـملانێی دەسـەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمــەریکا و یەکــەتیی ســۆڤــیــەت، هەردوو دەوڵەت بـە دوای ڕەپێــشـکردنی بەرژەوەندییـەکـانی خـۆیان بوون لە شـوێنێک کە نەدەکەوتە نێو پانتـاییی دەسـەڵاتی هیچ کـامـێکیـانەوە. خـاسـیـەتێکی تری بێ هاوتای کـوردی عـێـراق ئەوەیە ئەوان سـەرکـردەیەکی کـاریزمـاییی وەک "مـەلا مـسـتـەفـا بـارزانی"یان بەرهەم هێنـا، کە بۆ مـاوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ سـەرکردایەتیی بزاوی ناسۆنالیزمی کوردیی کرد، ئەمـەش بەشدارییەکی بەرچاوی لە دروستکردنی هۆشیاریی ناسیۆنالیستی کوردیدا کرد.[٧١]

دۆزی کورد لە عـێـراق پێوەسـتـە بە پێکدادانی نێوان دوو بزاوی ناسـیـۆنالیـسـتی عــەرەبی و کــوردییــەوە، کــە وای کــردووە پێکەوەژیـان زەحــمــەت بێت، لەبـەرئەوەی هـەردوولا لە ملـملانێـدا بوون لەســەر هـەمـان خـاک و هـەمـان سـەرچاوەی ئابووری و مرۆیی. بەهۆی ئەم ڕەوشـەوە، دوو تێگەیشتن گەڵاڵە بووە. لە کاتێکدا بەغدا بەدوای بەناوەنـدیکردنی دەوڵەت بـووە، کـورد لە عـێـراقـدا هـەوڵی دروسـتکردنی حکوومـەتی خـۆجـێـیـیـان داوە. حکوومـەتـەکـانی عـێـراق ئامـادەیی ئەوەیان هـەبووە وەک "کەمینەیەکی نەتەوەیی" ددان بە کورددا بنێن، ئەویش ددانانێکی سنووردار بە مافە کـولتـووری و زمـانەوانییـەکـانیان، بـەڵام کورد داوا دەکـەن وەک بزاوێکی نـەتەوەیی ددانیـان پێدا بنرێت کە لـەگـەڵ عـەرەب لە دەوڵەتی عێـراقـدا هـاوبـەش بن. دەبێ ئەوە بگوترێت کـورد و عـەرەب، کـە پێکەوە لەو نـاوچەیەدا ژیاون، لەوەدا لـەیەک دەچن کـە

هەردووکیان لە لایەن ئیمپراتۆری عوسمانییەوە تا دامەزرانی دەوڵەتی عێراق فەرمانڕەوایی کراون. لەوەش زیاتر، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم کورد لەو ناوچەیەی کوردستانی عێراق پێک دێنێت سێ میرنشینی نیمچە سەربەخۆی هەبووە. بە مانایەکی تر، ناسیۆنالیستە کوردەکان هەستیان کرد بزاوی کوردی و بزاوی عەرەبی لە یەک کاتدا دەرکەوتوون بۆیە دەبێت هەردوولا لە عێراقدا یەک پێگەیان هەبێت،[٧٢] ئەو ڕاستییەی کە عێراق لە کۆمەڵێک گرووپی ئیتنی پێک هاتووە و ئەوەی کە حکوومەتی ناوەندی نووچی داوە لە ئاوێزانیان لە بۆتەی پێناسێکی نیشتمانیی نوێدا، ئەوا ململانێیەکەی بەرەو دۆخێکی خراپتر برد و وای کرد چارەسەری زەحمەتتر بێت،[٧٣] هەستیاریی حکوومەتی ناوەندی لەسەر ئەو ترسە بنیات نرابوو کە هەر تەنازولێک بۆ کورد ئەوا وەک بێهێزیی حکوومەتی ناوەندی لێک دەدرێتەوە و داخوازی تریشی لە لایەن کوردەوە بەدوادا دێت، ئەم ترسەی نەک هەر تەنیا لە لایەنی کوردییەوە هەبوو بەڵکو لەو گرووپانەشی هەبوو، کە هەستیان دەکرد چەوسێنراونەتەوە، وەک شیعە. گەورەترین ترسی حکوومەتی عێراق ئەوە بوو داخوازییەکانی کورد سەروەریی خاکی عێراق بخاتە مەترسییەوە و لە کۆتاییشدا ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ سێ "دەوڵەتۆکە": یەکێکی کوردی، یەکێکی عەرەبی سوننە و ئەوی تریش بۆ شیعە،[٧٤] ئەم ترسانە لە پارانۆیا و دیماگۆگی حکوومەتی ناوەندییەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بگرە ڕەگ و ڕیشەی لە هەقیقەتی کۆمەڵایەتیی عێراقێکی درز تێبووەوە هەبوو کە بەشە جیاوازەکانی ناوەوەی بە دەزوویەکی باریک بەیەکەوە بەستراونەتەوە. ئەمە خاڵێکی دیار بوو سەبارەت بە سروشتی پێوەندییەکانی نێوان کوردستان و بەشەکانی تری عێراق. چیا خۆڕاگرەکانی کوردستان، شان بەشانی جیاوازییە زمانەوانی و ئیتنۆ نەتەوەییەکان، چارەنووسی تایبەت و سروشتی داخراوی کوردستانی عێراقیان دیاری کرد، ئەمانە کۆنترۆڵکردنی کوردستانیان لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە زەحمەتتر کرد. کۆنترۆڵەکە تا ئەو ڕادەیە زەحمەت بوو، لە خەیاڵی دەسەڵاتداران بەدەر بوو. ئەم شوێنە سەختەی کوردستان تەنیا هۆکارێکی سیاسیی گرینگ نەبوو بۆ پارێزگاریکردن لە بارودۆخی ئەوسای، بگرە گرینگییەکی ئابووری و ستراتیجیی باڵای بۆ کوردستان تێدا بوو بەوەی لە هەرێمی

کـوردسـتـان زۆر سـەرچاوەی بەهادار لـە ناوچەکـەدا کـۆ بوونەتەوە لەوانە چاڵە نەوتەکـان لە ڕاسـتـیدا هـەندێک لە گـەورەترین چاڵە نـەوتە یەدەگـەکـانـی عـێراق و جیـهـانیش لەوێدان، بەنداو و سـەرچاوەکـانی کارەبا، هـەروەهـا خـاکی دەوڵەمـەندی کشتوکاڵیش کە ناوچەکەی کردووە بە کۆگایەکی دانەوێڵە. لە سەرەتای ١٩٢٥، شا فەیسەڵی یەکەم باس لە گرینگیی کوردستان دەکات و دەڵێت "من پێم وایە مووسڵ بۆ عێراق وەک سەر وایە بۆ جەستە."[٧٥]

ئەو کۆسپە مێژوویی و جیۆپۆلەتیکی و ستراکتۆرییانە چین کە لە بەردەم کورددان و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟ لە هەمووی بەرچاوتر کۆسپی جیۆپۆلەتیکییە. شوێنی کـوردسـتـان وەک وڵاتێکی داخـراو و بوونی زنجیـرەیەک چیـا هـۆکـاری سـەرەتا و کۆتاییی بەش بەشبوونی بەردەوامی کورد بووە لەسەر ئاستی زمانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا. کۆسپێکی تری سۆسیۆپۆلەتیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کورد شان بەشانی دڵسۆزیی نەتەوەیی، دڵسۆزییان بۆ هۆز و ئاینیشیان هەر بەردەوامە. هەریەک لەو دڵسۆزییانە پێوەندییەکی لێڵ و ناڕوونیان بەوەی ترەوە هەبووە. لە لایەک، ژمارەیەک لە ناسیۆنالیستە کوردییە ڕەسەنەکان لەنێو سەرکردایەتیی ئاغا و شێخەکان دەرکەوتوون کە لەبەر هۆکارە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانیی کورد گرینگیی خۆی هەبووە لە هێنانی خەڵکی سادە بۆ ناو بزاوەکە. لە لایەکی ترەوە، ململانێی لەمێژینەی نێوان ئەو سەرکردانە ڕێگر بوو، لە یەکگرتنی کورد. بە گشتی، ئەوە تەنیا سەرۆک هۆز بوو بڕیاری دەدا هۆزەکەی بەرەنگاری بزاوە ناسیۆنالیستییەکەی کوردستان بکات یا پێوەندی بە بزاوەکەوە بکات یان بەبێلایەنی بمێنێتەوە،[٧٦] لە ڕاستیدا، حوسێن تاهیری بۆ هەموو زەحمەتی و تێشکانەکانی کورد لۆمەی کورد خۆی دەکات بەهۆی ئەو عەشیرەتگەرییە زێدەیەی لەنێویاندا هەبوو، تاهیری پێی وایە "ئەو عەشیرەتگەرییە هەم ڕۆحی ناسیۆنالیزم و هەم دەرکەوتنی بزاوێکی ناسیۆنالیزمی یەکانگر و یەکگرتووی لاواز کرد."[٧٧]

دابڕانی جوگرافی و نەبوونی ڕێگەی ئاوی بوونەتە هۆکاری دواخستنی گەیشتنی کاریگەرییە دەرەکییەکان و بیرۆکە هاوچەرخییەکان بە کوردستان. لە زۆر کاتدا کـورد هەنگاوێک لە دواوەی دراوسـێکانیـان بوون، بۆ کـورد زەحـمـەت بوو لەگـەڵ

گەشەسەندنە سیاسییەکاندا بڕوات. ئەم هۆکارە ئازادیی هەنگاونانی کوردی بۆ پێشەوەی بەرتەسک کرد و توانای مانەوەیانی بە سەربەخۆیی کەم کردەوە. لە ڕاستیدا، پشتبەستنی کورد بە بێگانەکان بوو بە بازنەیەکی داخراو کە کورد نەیانتوانی خۆیانی لێ دەرباز بکەن. لەوەش زیاتر، تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم زۆربەی پێوەندییەکانی کورد پێوەندیی یەک ڕاڕەو بوون، لە دەرەوە بۆ ناوەوەی کوردستان. بۆیە کورد نەیانتوانی لە گۆڕەپانی ناودەوڵەتیدا جێگەیەک بۆ خۆیان بگرن و تاوەکو وەک هێزێکی کاریگەر پاڵەپەستۆ دروست بکەن بۆ پێشخستنی بەرژەوەندیی خۆیان.

ڕووی ئەودیوی دراوەکە ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی کورد نەیانتوانی سەربەخۆیی بەدەست بێنن بەڵام لەوەدا بەهێز بوون کە بەردەوام هەڕەشە لەسەر حکوومەتی ناوەندی دروست بکەن و ناچاری بکەن تەنازولی جۆرەوجۆریان بۆ بکات. ناوبانگی کورد لە ئازایەتی و شەڕوانیدا لەو نازناوە دەردەکەوێت کە کورد بە پارتیزانەکانی خۆی بەخشیوە، پێشمەرگە. لەوەش زیاتر، سەرەڕای ئەو سەرچاوە زەبەلاحانەی کە لەژێر دەستی حکوومەتی ناوەندیدا بوو، کەچی کورد دەستیان لەوەدا لە پێشتر بوو کە سوودیان لە کۆنترۆڵکردنی قەڵا سروشتییەکان (چیایەکان) وەرگرتبوو و توانای ئەوەی پێ دابوون بە کەمترین سەرچاوە شەڕی پارتیزانی بکەن.

بەگشتی، دەتوانین تا هاتنی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لە ١٩٦٨، سێ قۆناغ لە مێژووی خەباتی کورد لە عێراق دیاری بکەین. یەکەم (١٩١٨–١٩٤٦) ئەو قۆناغەیە کە بە زنجیرە شۆڕشە شەپرێوەکانی هۆزەکان دەست پێ دەکات، کە ئاراستەیەکی سیاسیی دیاریکراویان نەبوو، تا دەگاتە زنجیرەیەک شۆڕش، تا ڕادەیەک ڕێکخراوتر، کە لە لایەن یەک سەرکردەی قەبووڵکراوەوە، بارزانی، ڕابەرایەتی دەکرا. لە ١٩٤٥، حزبی هیوای کورتە تەمەن وەک ڕێکخەرێک لە نێوان بژاردەی سیاسی و هۆزەکاندا کاری کرد، ئەوانەی کە پارتەکە هەوڵی دەدا یەک بگرن.[٧٨] قۆناغی دووەم (١٩٤٦–١٩٦١) بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ دەست پێ دەکات،[٧٩] پارتەکە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ کورد ڕەخساند لەگەڵ ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆجی و ناوەندێکی سیاسی. قۆناغی سێیەم (١٩٦١–١٩٦٨)

دەرکەوتنی بزاوێکی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەهێزی بەخۆیەوە دیت، هەڵبەتە بە شێوەیەکی کاتی بەسەر پارچە پارچەییە لەمێژینەکەی کورد زاڵ بوو و بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا توانی هەردوو ڕەگەزی شەڕ و ڕەگەزی ئایدیۆلۆجیی سیاسی یەک بخات. لە هەمان کاتدا بارگاویبوونی کۆمەڵگەی کوردی بە سیاسەت، کوردی بۆ خەباتی چەکداری ساز کرد. کورد کەڵکیشی لە ماوەکانی گواستنەوەی دەسەڵاتی ناوەندی وەردەگرت کە کەلێنی سیاسیی تێ دەکەوت، هەروەها لە لاوازیی حکوومەتی ناوەندیش سوودیان وەردەگرت تا جەخت لەسەر داخوازییەکانی خۆیان بکەنەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا، خەباتی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو پێوەندیی بەو هەڵکشان و داکشانە هەبووە کە ژیانی سیاسیی عێراق بەخۆوەی بینیبوو لە دامەزراندنیەوە تا ئێستە.

داخوازییەکانی کورد بەردەوام پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەردوو کایەی ناوەخۆیی (عێراقی) و ناوچەیی (هەرێمی) هەبووە. مەبەست لە ناوەخۆیی ئەوەیە، کورد بەردەوام داخوازیی بەشداربوونی ڕێژەییی لە داوودەزگایەکانی دەوڵەت (لەوانە: پەرلەمان و حکوومەت و سوپا) کردووە لەگەڵ دابەشکردنێکی ڕێژەییی سەرچاوەکانی وڵات،[80] سەرەڕای ئەمە، هیچ ڕێژیمێک تا ٢٠٠٣ ئەو داخوازییانەی قەبووڵ نەکرد. بۆ ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵ، تەنیا دوو کورد وەک سەرۆک وەزیر، ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم، خزمەتیان کرد (نوورەدین مەحموود لە تشرینی دووەمی ١٩٥٢ تا کانوونی دووەمی ١٩٥٣ و ئەحمەد موختار بابان لە مایس تا تەمووزی ١٩٥٨). بەهەمان شێوە، لە چلەکانەوە، مەیلێکی زیاتر هەبوو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە ڕیزی ئەفسەرانی سوپا و هێزە ئاسمانییەکان و پۆلیس، تا ئەو ڕادەیەی لە ساڵانی حەفتادا کورد تەنیا ٢٪ ئەم بەشانەی پێک دەهێنا،[81] هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو لە پێشهاتەکاندا کورد زیاتر دڵسۆزییان بۆ نەتەوەی کوردی هەڵدەبژارد لەوەی بۆ دەوڵەت. ئەفسەرە کوردەکان لە شۆڕشە کوردییەکانی چلەکان و دواتر لە هی شەست و حەفتاکان و ڕاپەڕینی ١٩٩١ سوپایان جێ دەهێشت و پێوەندییان بە کامپی کوردییەوە دەکرد.

داخوازییەکی تری کورد لەسەر ئاستی ناوەخۆیی کە بە وەڵام نەدراوەیی مایەوە

ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی لە عێراق. کورد قەبووڵکردنی ئەو داخوازییەیان بە گرێنتی بەشداریی کورد و جێبەجێکردنی پابەندییەکانی ڕێژیم بۆ کورد دادەنا.

### چی لە ناوەکەیدایە؟ ئۆتۆنۆمیی کوردی

داخوازییەکانی کورد سەبارەت بە شوێن و چارەنووسی کوردستان دوودڵیی پێوە دیارە. لە هەندێ کاتدا ئەو دوودڵییە تاکتیک بوو، بەڵام لە هەندێ کاتی تردا هۆکارەکەی سەرلێشیواوی و نەوێران بووە لە بڕیاردان،[٨٢] لە ڕووی تیۆرییەوە، کورد سێ بژارەیان لە بەردەمدا بووە: سەربەخۆیی تەواو، یان فیدراڵی لە نێوان عەرەب و بەشە کوردییەکەی عێراق یان ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. لە هەڵکەوتدا، پراکتیکترین چارە کە لە لایەن بزووتنەوەکە وەک ئامانجی سەرەکی هەڵگیرابوو ئۆتۆنۆمی بوو. هەرچەندە، جارجارەش دروشمی سەربەخۆیی بەرز دەکرایەوە. بۆ نموونە، شێخ مەحموود بەرزنجی سەرکردەی شۆڕشەکانی ساڵانی ١٩١٨ تا ١٩٣١، لە پایزی ١٩٢٢ حکوومەتێکی کوردیی لە پارێزگای سلێمانی دامەزراند و خۆشی وەک مەلیکی کوردستان ناساند. شێخ مەحموود، لە ١٩٣٠، داوای دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی، کە لە زاخۆوە تا خانەقین درێژ ببێتەوە، لە کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانیایی کرد.[٨٣]

کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا، پەیڕەوە ناوەخۆیەکەی ئەم دوو ئامانجەی خوارەوەی لەخۆ دەگرت: "سەربەخۆیی تەواو بۆ کوردستان" و "خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی لە عێراق، کە ناوەکەی دەبێتە دەوڵەتی فیدراڵیی دیموکراتی کوردستان."[٨٤] دژایەتییەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان داوای سەربەخۆیی تەواو و دەوڵەتێکی فیدراڵیدا بەدی دەکرێت، چونکە پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی بریتییە لە "یەکەتی و هاوبەشییەک کە پشت ئەستوور بێت و بە ڕێککەوتنێکەوە ڕێک خرابێت. "[٨٥] بە هەر جۆرێک بێت، پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی وازی لەم دوو ئامانجە هێنا و ئۆتۆنۆمیی کرد بە ئامانجی خۆی،[٨٦] بۆیە، هەرچەندە دروشمی سەربەخۆیی لە جیهانی کوردیدا مایەوە، بەڵام هەرگیز نەبووە

ئامانجێکی کردەوەیی.

ئەو ئۆتۆنۆمییەی کورد هەڵی بژارد کێشەئامێز بوو،[٨٧] چونکە هیچ بنەمایەکی لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا نەبوو،[٨٨] بە شێوەیەکی گشتیش وەک کێشەیەکی ناوەخۆیی نەک ناونەتەوەیی، سەیر دەکرا. دوو جۆرەکەی ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمیی کەسیی کولتووری و ئۆتۆنۆمیی هەرێمی، چەندین لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت: لێکدانەوەی کەمخوازەکان (ئەوانەی کەمترین ماف ڕەوا دەبینن) ئەو لایەنەیە کە ئۆتۆنۆمییەکە دەدا، لە بەرامبەر ئەودا، لێکدانەوەی زۆرخوازەکان (ئەوانەی زۆرترین ماف دادەنێن) هەیە، ئەمەش لێکدانەوەی ئەو لایەنەیە کە داوای ئۆتۆنۆمی دەکات. لە دواجاردا، چارەنووسی ئۆتۆنۆمی دەوەستێتە سەر هاوسەنگیی هێزی نێوان بدەر و وەرگر، وەک سەرکردەیەکی کورد دەڵێت "ئۆتۆنۆمی دەوەستێتە سەر بەهێزیی ئێمە و بەهێزیی دوژمنەکەمان."[٨٩]

توێژەرێک ئۆتۆنۆمی بە چارەسەرێکی دەستکرد، بێ مەبەست و گوماناوی پێناسە دەکات، ئەو توێژەرە دەڵێت "پێوەندییە ئۆتۆنۆمییەکان لە سەدەی بیستەم بووەتە دەرمانێکی دڵخۆشکەر مەبەستەکەشی پووچەڵکردنەوەی بزاوە ڕزگاریخوازەکان و دامرکاندنەوەی پاڵەپەستۆی شۆڕشگێڕەکانە... ئۆتۆنۆمی بە نابەدڵی دەدرێت و بە ناسوپاسگوزارییەوە قەبووڵ دەکرێت."[٩٠] کورد ڕەخنە لە ئۆتۆنۆمی دەگرن، بەتایبەتی کوردی هەندەران، لەبەرئەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی وازی لە ئامانجی سەربەخۆیی هێناوە و ئۆتۆنۆمیی هەڵبژاردووە. ئەوان ئەم ئۆتۆنۆمییە وەک ڕێگەیەکی داخراو و خاڵی لاوازی بزاوی کوردی دەبینن. ڕەخنەگرێک دەڵێت "داخوازیی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی کوردی بۆ کورد لە عێراق وەک ئەوە وایە ئەسپێکی ڕەسەن بیەوێت خۆی لەگەڵ هێسترێک ببەستێتەوە."[٩١]

ئەو پرسیارە سەرەکییانەی کە لەو بارەیەوە دێتە مێشکمان ئەوانەن: بۆچی کورد ئەو ڕێگەیەی هەڵبژارد؟ ئەوان کەی داوای ئۆتۆنۆمییان کرد؟ دەسەڵاتەکان چۆن وەڵامی کوردیان دایەوە؟

هۆکاری سەرەکیی قەبووڵکردنی ئۆتۆنۆمی لە لایەن کوردەوە لاوازیی زگماکیی کورد خۆیەتی، کە بووە بە ڕێگر لە بەردەم خواستی بالای سەربەخۆیی یەکجارەکی.

ئۆتۆنۆمی بەلای حکوومەتی ناوەندییەوە ترسی کەمتر بوو، بۆیە ئەو ئەگەرانەی کە لە ئۆتۆنۆمییەوە چاوەڕوان دەکران بۆ ئەوان باشتر بوو. لە هەمان کاتدا، ئۆتۆنۆمی وەک بناخەیەک و پاڵنەرێک بۆ ئامانجی گەورەتر دەبینرا. ئەزموونی مێژوویی میرنشینە خاوەن نیمچە ئۆتۆنومییەکان، هەر لە چەرخی ناوەڕاستەوە تا سەدەی نۆزدەم، بەشێکی گرینگن لە کەشکۆڵی بیرەوەریی کورد، ڕەنگە ئەمە یارمەتیی کوردی دابێت لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەدا.

لە ساڵانی نێوان ١٩١٨ و ١٩٢٥ پشێویی زۆر لەناو کورددا هەبوو، ئەو کاتەی هێشتا بڕیار لەسەر ویلایەتی مووسڵ نەدرابوو. چەندین دروشم بۆ پاڵپشتیی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی دەگوترانەوە. دوای ئەوەی شێخ مەحموود بەرزنجی لە پایزی ١٩٢٢ حکوومەتی کوردیی دامەزراند، بەریتانییەکان کە بەرپرسیاری ئیدارەی ناوچەکە بوون، هەوڵیان دا کورد هێور بکەنەوە و پاڵپشتیی خۆیان بۆ شێخ مەحموود و حکوومەتی تورک کێشایەوە. لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیای مەزندا، لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٢، بەیاننامەیەکی پڕ بەڵێن لە لایەن بەریتانیا و دەسەڵاتدارانی عێراقەوە ڕاگەیەنرا کە ئۆتۆنۆمیی بە کورد ڕەوا دەدیت، لەگەڵ ئەوەشدا بەیاننامەکە هیچ بنەمایەکی یاسایی نەبوو. بەپێی ڕاگەیاندنەکە، هەردوو حکوومەتی بەریتانیای مەزن و عێراق "ددان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە سنووری عێراقدا دەژین بە دامەزراندنی حکوومەتێک لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا بێت."[٩٢] شاندێکی تایبەتی کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ گەیشتبووە ویلایەتی مووسڵ بۆ دڵنیابوون لە خواستی دانیشتوانەکەی و دەرکردنی چەند ڕاسپاردەیەک لەبارەی داهاتووی هەرێمەکەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە "سۆزی نەتەوەیی کورد" بەهێزە و ئارەزوویەکی ڕاستەقینەیان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکی تەواو هەیە،[٩٣] هەرچەندە، ئەنجامی کۆتایی بڕیتی بوو لە لکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە عێراق و دەستەبەرکردنی دامەزراندنی ڕێژەیەک لە کورد لە پۆستە ئیداری و یاسایی و پەروەردەییەکانی "وڵاتەکانیان" هەروەها ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی. کورد پێیان وا بوو گفتەکانی لەمەڕ ئۆتۆنۆمیی ئیداری و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی دەستەبەری ناودەوڵەتیی هەیە، دوای لکاندنی فەرمیی

ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، فەرامۆش کران. لەوەش خراپتر، لە ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٣٠ی نێوان بەریتانیا و عێراقدا، کورد و مافەکانیان هەر ئاماژەیان پێ نەکرا. ڕێککەوتننامەکەی ١٩٣٠ بڕیار بوو ڕێخۆشکەر بێت بۆ ددان پێدا نانی عێراق لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە و لەوێوەش بۆ سەربەخۆیی. بگرە ناوی کوردستانیش نەهاتبوو، لە جێگەی ئەوە باکوری عێراق بەکار هات.

بەر لە ددان پێدا نانی لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە لە ١٩٣٢، حکوومەتی عێراق لەبارەی بارودۆخی تایبەتی کەمینەکانەوە ڕاگەیەنراوێکی دەرکرد. بەهەمان شێوە "یاسای زمانەکانی ناوەخۆ"شی دەرکرد کە دەڵێت "عێراق لە لیواکانی مووسڵ، هەولێر، کەرکووک و سلێمانی ئەمەی خوارەوە جێبەجێ دەکات، زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی لەو قەزایانەی دانیشتوانەکەیان زۆرینەی کوردن دەبێتە زمانی فەرمی."[٩٤] مەبەست لەو یاسایە ئەوە بوو سنووری ئەو ناوچانە دیاری بکرێت کە زمانی کوردی تێیاندا دەبێتە زمانی داوودەزگای ئیداری و دادگە و قوتابخانە سەرەتاییەکان،[٩٥] هەرچەندە شۆڕشەکانی بارزان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ و ١٩٤٣ – ١٩٤٥ تا ڕادەیەک شوێن ئەو ڕاگەیاندنە کەوت، یاسای زمانەکانی ناوەخۆ، بەڵام حکوومەت هیچ تەنازولێکی بۆ کورد نەکرد. ئەم یاسایە تا لەناوچوونی حوکمی شایەتی و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ وەک خۆی مایەوە.

چەند ڕۆژێک دوای هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم، شاندێکی کوردی داخوازیی ئۆتۆنۆمیی ئیداریی پێشکێش بەو کرد. عەبدولکەریم قاسم داخوازییەکەی ڕەت کردەوە، بەڵام لە دوو ساڵی یەکەمی فەرمانڕەواییدا چەند تەنازولێکی گرینگی بۆ کورد کرد، لەوانە ڕێی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا بە ئازادی کاری سیاسیی خۆی بکات. لە بەرامبەردا، پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار کرا لە ساڵی ١٩٦٠ برگەی ئۆتۆنۆمی لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیدا لابدات،[٩٦] لە ئابی ١٩٦١، کاتێ پێوەندیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و کورد بەرەو خراپی ڕۆیشت، کورد دوایەمین ئاگەداریی پێشکێشی عەبدولکەریم قاسم کرد لەمەڕ دانی ئۆتۆنۆمی بە کورد. عەبدولکەریم قاسم بە ڕاگەیاندنی شەڕ وەڵامی کوردی دایەوە. ئۆتۆنۆمی لەو

کاتەوە بوو بە ئامانجی شۆڕشگێڕان،[97] شەڕ کە لە ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، لە گوتاری کوردیدا بە شۆڕشی ئەیلوول ناسراوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگدانەوەی شۆڕشی تەمووزی عەبدولکەریم قاسم بوو.[98]

دوای ئەوەی یەکەم ڕێژیمی بەعس لە شوباتی ١٩٦٣ هاتە سەر حوکم، کورد هەمان ورياكردنەوەی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی پێشکێش کردەوە. لە نیسانی هەمان ساڵدا، داخوازییەکانی کورد گەڵاڵە کران، بۆ یەکەم جار پلانی داخوازیی کوردی کە تا ئەو کات قسەی لەبارەی ئۆتۆنۆمییەوە بوو، تێپەڕی کرد بۆ فیدراڵی. پلانەکە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکووکی لە چوارچێوەی فیدراڵیدا لەخۆ دەگرت لەگەڵ ئەو قەزا و ناحیانەی دیالە و مووسڵیش کە تێیاندا زۆرینەی دانیشتوانی کورد بوون،[99] جێگەی سەرنجە، لەخۆگرتنی کەرکووک کێشەی گەورەی بۆ دەوڵەتی عێراق دروست کرد. بەعس یەکسەر داخوازییەکەی ڕەت کردەوە. ئەو تەنیا بە پلانی حکوومەتی ناناوەندی ڕازی بوو بۆ کورد کە تاکتیکێک بوو بۆ دواخستنی هەڵگیرسانی شەڕ، ئەو شەڕەی لە هاوینی ١٩٦٣ دەستی پێ کرد و دواتر لە پایزی هەمان ساڵدا بووە هۆی ڕووخانی بەعس. کاتێ عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتە دەست، ئاگربەست لە ساڵی ١٩٦٤ لە نێوان عارف و بارزانیدا ڕاگەیەنرا، بارزانی داخوازیی ئۆتۆنۆمیی خستەوە سەر مێزی گفتوگۆ،[100] بەڵام، عارف ئەو داخوازییەی ڕەت کردەوە و لە شوباتی ١٩٦٥ وەزیری ناوەخۆی حکوومەتی عێراق ڕای گەیاند کەوا "عێراق مەبەستی نییە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدا نە لە ئێستە و نە لە داهاتوودا."[101]

کورد پاڵەپەستۆی خۆی چڕ کردەوە. شەڕ کە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ تا حوزەیرانی ١٩٦٦ بەردەوام بوو، باوەڕی بە حکوومەتەکەی عەبدوڕەحمان بەزاز هێنا بە ئاگربەست ڕازی بێت، هەروەها واشی لێ بکات پلانێکی دوازدە خاڵی ڕابگەیەنێ، پلانەکە گەورەترین تەنازولی بۆ کورد لەخۆ دەگرت کە تا ئەو کات کورد پێی نەدرابوو، هەرچەندە بە ڕوونیش ناوی ئۆتۆنۆمیی تێدا نەهاتبوو. دواتر پلانەکەی عەبدوڕەحمان بەزاز فەرامۆش کرا. دوای دەسەڵات گرتنەدەستی بەعس، لە ٢ی تەمووزی ١٩٦٨ شەڕ دەستی پێ کردەوە و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بەردەوام بوو.

ئاداری ١٩٧٠ بوو بە خاڵی وەرچەرخان. بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق، دوای خەباتێک کە زیاتر لە پەنجا ساڵی خایاند، حکوومەتی عێراق دانی بە ئۆتۆنۆمیی کورد نا.

گفتوگۆمان لەبارەی ئۆتۆنۆمیی کوردییەوە لێرەوە دەست پێ دەکات.

پەراوێز:

1. Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan 1918–1985 (San Francisco: Mellen Research University Press, 1992), p. 49.
2. Vladimir Minorsky, "Kurds," in Encyclopedia of Islam, 1st ed.
3. Quoted in Hassanpour, Nationalism and Language, p. 62.
4. A Kurdish memorandum, presented to the UN in November 1968 maintained that "the [Kurdish] nation has been ruled for the last 25 centuries by 25 Kings of the same family." Emir Kamuram Bedirkhan, Public Record Office, FCO17/872, 18 November 1968.
5. Maria O’Shea, "Tying Down the Territory: Conceptions and Misconceptions of Early Kurdish History," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. FalehA. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 126.
6.Mordechai Zaken, Jewish Subjects and Their Tribal Chieftains in Kurdistan (Leiden: Brill, 2007), p. 1.
7. Kamal Fu’ad, "Introduction," in Muhammad Amin Zaki, Ta’rikh al-Kurd wa Kurdistan, vol. 1 (in Kurdish, 1931; in Arabic, Cairo: Matba‘at al-Sa‘ada, 1939), p. xii.
8. Abu Ja‘far Muhammad bin Jarir al-Tabari, Ta’rikh al-Umam wal-Muluk (Beirut: Dar al-Qamus al-Hadith, 1968); Abu al-Hasan ‘Ali bin al-Husayn bin ‘Ali al-Mas‘udi, Muruj al-Zahab, vol. 3 (Paris: L’imprimerie nationale, 1918), pp. 248–250. In al-Tabari, they are called Baqarda or Qarda. Muhammad Amin Zaki, Ta’rikh al-Kurd wa Kurdistan, vol. 1, p. 40.
9. Fu’ad, "Introduction," pp. xii, xiii.
10. Until 1970, Iraqi governments refused to use the term Kurdistan. Farid Asasard, Al-Mas’ala al-Kurdiyya ba‘d Qanun Idarat al-Dawla (Cairo:MaktabatMadbuli, 2006), p. 26. Brendan O’Leary relates an anecdote whereby, when he was about to cross the border from Iraqi Kurdistan to Turkey in 2004, a Turkish soldier forced him to erase the word "Kurdistan" from his computer and replace it with "northern Iraq." Brendan O’Leary, John McGarry, and Khalid Salih, eds., The Future of Kurdistan in Iraq (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2005), pp. 3–4.
11. See, for example, the title of JawadMella’s book Al-Siyasa al-Isti‘mariyya li-Hizb al-Ba‘th al-Suri fi Gharb [Western] Kurdistan (London: Kurdistan National Congress, 2004A petition of 9 October 1930 from the Pizhdar to the League of Nations mentioned the term Southern Kurdistan. Public Record Office, CO 730/157/8, 9 October 1930.
12. Al-Ittihad (Baghdad, daily),27 January 2005.
13. Mehrdad Izadi, The Kurds: A Concise Handbook (Washington, DC: Taylor & Francis,

1992), p. 99.

14. OstenWahlbeck, Kurdish Diasporas: A Comparative Study of Kurdish Refugee Communities (London: Macmillan Press, 1999), p. 7.

15. Ibid., p. 115.

16. Hassanpour, Nationalism and Language, p. 53. On this epic, seeMartin van Bruinessen, "Ehmedi Xanî ‘s Mem û Zîn and Its Role in the Emergence of Kurdish National Awareness," in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali (Costa Mesa, CA: Mazda, 2003), pp. 40–57.

17. Joyce Blau, "Refinement and Oppression of Kurdish Language," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. FalehA. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 23, 108.

18. Mücahit Bilci, "Black Turks, White Turks: On the Three Requirements of Turkish Citizenship," Insight Turkey 11, no. 3 (2009): 30.

19. Ibid., p. 31.

20. Document no. 16, 21August 1999, in Dilshad Nu‘man Farhan,Mu‘anat al-Kurd al-Izidiyyin fi Zill al-Hukumat al-‘Iraqiyya 1921–2003 (Duhok: Duhok University, 2008), p. 206.

21. Blau, "Refinement and Oppression," p. 109.

22.Wahlbeck, Kurdish Diasporas, p. 41.

23. For the full text of the study, see Mella, Al-Siyasa al-Isti‘mariyya, pp. 94, 96.

24.Abbas Vali, "The Kurds and Their ‘Others’: Fragmented Identity and Fragmented Politics," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 49.

25. Jemal Nebez, The Kurds (London: Western Kurdistan Association, 2004), p. 7; JawadMella, Kurdistan and the Kurds: A Divided Homeland and a NationWithout State (London: Western Kurdistan Association, 2005), pp. 21–22. The term Great Kurdistan was in use in the seventeenth century.Minorsky, "Kurds," p. 1146. This notion of Greater Kurdistan was extremely controversial: one Arab commentator referred to it as indicating the Kurds’ "expansionist, racial, national approach." Salim Matar, Al-Dhat al-Jariha (Beirut: al-Mu’assasa al-‘Arabiyya lil-Dirasat wal-Nashr, 1997), p. 480.

26. The short-lived Republic of Mahabad, established in Iran in 1946, was an exception to the rule that proved the rule.

27. Samir ‘Ubayd, Al-Quds al-‘Arabi (London, daily), 5 May 2006.

28. The raising of the Kurdish flag was considered as the beginning of such process. Al-Musawwar (Cairo, weekly), 8 September 2006; Al-Hawadith, (London, weekly), 15 September 2006.

29. Al-Mujtama‘, (Kuwait, weekly), 20 August 2005.

30. ‘Abd al-Fattah ‘Ali Al-Botani, "Introduction," in Adib Mu‘awwad, Al-Qadiyya al-Kurdiyya (Duhok: Duhok University, 2008), p. 10.

31. For such a debate, see Martin van Bruinessen, "Kurdish Paths to Nation," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 24–29.

32. One example is that in 1991 Iraqi president Saddam Hussein issued a decree changing the nationality of non-Arabs to anArab nationality: "In order to grant the Iraqi the right to choose his nationality (qawmiyya) and in accordance with theArab Ba‘th socialist party that an Arab is he who has lived in the Arab homeland, spoken its language and chosen Arabism as his nationality . . . the RCC decided that every Iraqi who has attained
18 years of age is entitled to change his nationality to Arab nationalism." The document is found in Farhan, Mu‘anat al-Kurd, p. 203.
33. Hassanpour, Nationalism and Language, pp. 61–62; Wahlbeck, Kurdish Diasporas, p. 42.
34. Fred Halliday, "CanWeWrite a Modernist History of Kurdish Nationalism?" in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 16.
35. Ibid., pp. 55–65.
36. Ibid., pp. 55–56.
37. Ibid., pp. 60–65.Among the Kurds of Iraq the term is written as Kuradayti. Document no. 10, inMas‘ud Barzani, Al-Barzani wal-Haraka al-Kurdiyya al-Taharruriyya, vol. 3: Thawrat Aylul 1961–1975 (Erbil: 2002), p. 478.
38. Abbas Vali, "Genealogies of the Kurds: Constructions of Nation and National
Identity in Kurdish Historical Writing," in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali (Costa Mesa, CA: Mazda, 2003), pp. 104 105.
39. Charles Benjamin, "The Kurdish Nonstate Nation," in Nonstate Nations in International Politics, ed. Judy S. Bertelsen (New York: Praeger, 1977), pp. 69–97.
40. Anthony D. Smith, Nations and Nationalism in a Global Era (Cambridge, UK: Polity Press, 1995), pp. 65–66.
41. Fredrick Barth, "Introduction," in Ethnic Groups and Boundaries, ed. Fredrick Barth (Waveland Press: Illinois, 1998), pp. 9–37.
42. Miroslav Hroch, Social Preconditions of National Revival in Europe: A Comparative Analysis of the Social Composition of Patriotic Groups Among the Smaller European Nations (New York: Columbia University Press, 2000), p. 74.
43. There were of course quite a few important essays such as the vanguard one by Minorsky, "Kurds"; and Serge Gantner, "Le mouvement national kurde," Orient, no. 32 33 (1964/ 1965): 29–120. In general, French scholars and journalists are among the vanguards in Western languages of the study of Kurdish nationalism: among them are Thomas Bois, Joyce Blau, and Basile Nikitine.
44. "The nonstate nation is defined as any entity that operates in a manner normally associated with a nation-state but is not a generally recognized nation-state. The defining characteristic of such a nation is its assertion or action implying sovereignty, while not being generally recognized as a sovereign entity." Judy S. Bertelsen, "Introduction," in Nonstate Nations in International Politics, ed. Judy S. Bertelsen (NewYork: Praeger, 1977), p. 2.
45. Stephen H. Longrigg, Iraq, 1900 to 1950: A Political, Social, and Economic History (London: Oxford University Press, 1953); Uriel Dann, Iraq Under Qassem: A Political History, 1958–1963 (New York: Praeger, 1969); Hanna Batatu, The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq (Princeton: Princeton University Press, 1978).

46. Majid Khadduri, Independent Iraq, 1932–1958: A Study in Iraqi Politics (London: Oxford University Press, 1960), pp. 60–61. The same is true for Bernard Lewis, The Emergence of Modern Turkey (London: Oxford University Press, 1965), pp. 260–261. Lewis devotes less than one page to the Kurdish problem in Turkey.
47. Khadduri, Independent Iraq, pp. 60–61. Interestingly, in a book that he published nine years later, he devotes a large part of the book to the Kurdish national movement. Majid Khadduri, Republican Iraq: A Study in Iraqi Politics Since the Revolution of 1958 (London: Oxford University Press, 1969).
48.Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement: Its Origins and Developments (Syracuse: Syracuse University Press, 2006).
49.AbdulAziz Said, "Perspective ofAbdul Said," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G. MacDonald and Carole A. O'Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p. 30.
50. Hassanpour, Nationalism and Language, pp. 171–175.
51. DavidAdamson, The KurdishWar (London:Allen & Unwin, 1964); DanaAdams Schmidt, Journey Among Brave Men (Boston: Little Brown, 1964).
52. It is not my intention to give a comprehensive list of the books here. Readers will find them in the notes and the bibliography. Some of these are: Michael Gunter (The Kurds of Iraq: Tragedy and Hope); Kanan Makiya (Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising, and the Arab World); Martin van Bruinessen (Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of Kurdistan); Gareth Stansfield (Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy); Jonathan Randal (After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan); Susan Meiselas (Kurdistan in the Shadow of History); Denise Natali (The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran); Quil Lawrence (Invisible Nation: How the Kurds' Quest for Statehood Is Shaping Iraq and the Middle East); David Mcdowall (A Modern History of the Kurds); Brendan O'Leary, John McGarry, and Khalid Salih, eds. (The Future of Kurdistan in Iraq); Joost R. Hilterman (A Poisonous Affair); David Romano (The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity). KerimYildiz, (The Kurds in Iraq :The Past, Present and Future.)
53. Peter W. Galbraith, The End of Iraq: How American Incompetence Created a War Without End (New York: Simon & Schuster, 2006).
54. Eric Davis, Memories of State: Politics, History, and Collective Identity in Modern Iraq (Berkely: University of California Press, 2005), pp. 11–112, 198–199.
55. Abbas Vali maintained that the absence of history writing did not mean that the past was not made use of in the production of meaning. Furthermore, the perception that
they possess a common history has played a decisive role in the Kurds' struggle against the states. Abbas Vali, "Introduction: Nationalism and the Question of Origins" in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali (Costa Mesa, CA: Mazda, 2003), pp. 25, 38.
56. Zaki, Ta'rikh al-Kurd, vol. 1, 2,(in Arabic, Cairo: Matba'at al-Sa'ada, 1939,1945).
57. Zaki, Ta'rikh al-Kurd, vol.1, p. ya (in Arabic).{AU—What does "ya" mean in Arabic} This criticisim was later refuted by another Kurdish author, who explained that the Kurdish

language had become a language of prose writing in only the second part of the nineteenth century. Fu’ad, "Introduction," p. xiii.

58. Blau, "Refinement and Oppression," pp. 103–104.
59. Zaki, vol. 1, p. 57.
60. Ibid., pp. 48–49. Years later, Jalal Talabani ridiculed the "imaginary stories" about the Arab origins of the Kurds: Kurdistan wal-Haraka al-Qawmiyya al-Kurdiyya (Beirut, 1971), p. 26; Mas‘udi, Muruj al Dhahab, pp. 248–250.
61. Zaki, vol. 1, pp. 25–32.
62. Hassanpour, Nationalism and Language, pp. 191, 211–218. By 1970, there were hundreds of works in Kurdish. Fu’ad, "Introduction," p. xxi.
63. The books of two leading Kurdish politicians, Jalal Talabani, Kurdistan wal- Haraka al-Qawmiyya al-Kurdiyya.; and Mas‘ud Barzani, Al-Barzani wal-Haraka al-Kurdiyya al-Taharruriyya should also be mentioned. It is not my intent to provide a list of Kurdish historians and analysts, but only to mention that their number is becoming larger through time.
64. This view is held, quite exceptionally, by an Arab. See Mu‘awwad, Al-Qadiyya al-Kurdiyya, p. 39.
65. Fu’ad, "Introduction," p. v.
66. In Gérard Chaliand, ed., A People Without Country: The Kurds and Kurdistan, (London: Zed Press, 1980), p. 44.
67. Nebez, The Kurds, p. 74.
68. "Some Notes on the Kurdish Question," Public Record Office, FO195/2477, 3 December 1943.
69. "Some Notes on the Kurdish Question," Public Record Office, FO195/2477, 3 December 1943; Hassanpour, Nationalism and Language, p. 113.
70. This divergence is due to the absence of official statistics and to the disparate positions of various authors. For example, Mahmud al-Durra, an Iraqi officer who fought against the Kurds in the 1940s, gives their percentage in 1961 as 15.66 percent.Mahmud al-Durra, al-Qadiyya al-Kurdiyya, 2nd ed. (Beirut: Dar al-Tali‘a, 1966), p. 15. By contrast, Ismet Sheriff Vanly, a member of the Kurdish national movement, says 28 percent for 1975. Ismet Sheriff Vanly, "Kurdistan in Iraq," in A People Without Country: The Kurds and Kurdistan, ed. Gérard Chaliand (London: Zed Press, 1980), p. 157. Another Kurd states their percentage as 23.5 percent in 1990. Mehrdad R. Izady, The Kurds: A Concise Handbook (Washington, DC: Taylor & Francis, 1992), p. 117.
71. Nechirvan Barzani, the then KRG prime minister, speaks about fifty years of Barzani leadership. Not all Kurds of Iraq subscribe to this view. Opponents of the Kurdistan Democratic Party saw him as a traitor because of the 1975 debacle. Kurdish intellectuals, interviewed by the author, Sulaymaniyya, 2 May 2009. Hussein Tahiri accused him of causing division in the Kurdish ranks. Hussein Tahiri, The Structure of Kurdish Society and the Struggle for a Kurdish State (Costa Mesa, CA: Mazda, 2007), p. 129.
72. In an exchange between Mulla Mustafa Barzani and President ‘Abd al-Salam ‘Arif, the former stresses these very points. Barzani, Al-Barzani wal-Haraka, vol. 3, pp. 522–523.
73. For a discussion on this failure, see Khadduri, Republican Iraq, pp. 173–177.

74. For such fears, see Al-Thawra (Baghdad), 15 September 1991.
75. Cecil J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs (London: Oxford University Press,
1957), p. 398. Interstingly, in the referendum on Faysal in July 1921, the liwa’ of Sulaymaniyya refused to participate and liwa’ of Kirkuk did so reluctantly, accounting (it was claimed) for the 4 percent negative vote. Significantly, neither Sulaymaniyya nor Kirkuk sent representatives to the accession ceremony held in Baghdad on 23 August 1921. Jwaideh, The Kurdish National Movement, p. 187.
76. Martin van Bruinessen, Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of Kurdistan (London: Zed Books, 1992), p. 10.
77. Tahiri, The Structure of Kurdish Society, p. 17.
78. Jwaideh, The Kurdish National Movement, pp. 239–241.
79. Kurdish parties existed previously, but they were short-lived groups that lacked continuity and a centralized structure. The new party changed components in its name on three occasions. For simplicity’s sake, I have used the name current in the period under discussion in this book.
80. Mulla Mustafa Barzani, for example, fantasized about obtaining one-third of Iraq’s oil revenues, "A share proportionate to Kurdistan’s population." Adamson, The Kurdish War, p. 147.
81. Martin Short and Anthony McDermott, "The Kurds," Minority Rights Group Paper no. 23 (London: Minority Rights Group, February 1975). The KDP claimed that Kurds were not usually admitted into Iraqi intelligence. "A Paper on the Kurdish Problem in Iraq," presented at the UN Seminar on the Rights of National, Ethnic, and Other Minorities, Ohrid, Yugoslavia, June July 1974.
82. Sitting on the fence is not characteristic of the Kurdish national movement alone. Rather it is a phenomenon that has extended to national movements in Africa, for example. See Benyamin Neuberger, National Self-determination in Post-colonial Africa (Boulder: Lynne Rienner, 1986), p. 63.
83. Farid Asasard, Al-Mas’ala al-Kurdiyya ba‘d Qanun Idarat al-Dawla (Cairo: Maktabat Madbuli, 2006), p. 24. Six Kurdish members of the Iraqi parliament sent a memorandum in the same vein, adding a call to unite the Kurdish provinces into one unit. Ibid., p. 25.
84. David Andrews, ed., The Lost Peoples of the Middle East (Salisbury: Documentary Publications, 1982), p. 134.
85. Daniel Elazar, ed., Federalism and Political Integration (Ramat Gan, Israel: Turtledove, 1979), p. 3.
86. The KDP’s sixth congress held in 1964 adopted this goal. Ismet Cheriff Vanly,
Le Kurdistan irakien entité nationale: Étude de la révolution de 1961 (Neuchâtel, Switzerland: Éditions de la Baconnière, 1970), p. 228.
87. The meaning of the word autonomia in Greek is independent leadership. This concept has undergone many transformations since it was first used in Greece in the second half of the fifth century B.C.E. Its current meaning is "the right of an institution or community to conduct its affairs according to its own laws." The Hebrew Encyclopedia (in Hebrew, Tel Aviv: The Encyclopedia Publication Company, 1958), p. 780. "Conditional or limited in-

dependence, based on law or custom, and subject to change by the authority which grants it." Walter John Raymond, Dictionary of Politics (Lawrenceville, VA: Brunswick, 1992), p. 30.

88. Robert A. Friedlander, "Autonomy and the Thirteen Colonies: Was the American Revolution Really Necessary?" in Models of Autonomy, ed. Yoram Dinstein (New Brunswick, NJ: Transaction Books, 1981), p. 136.
89. Adamson, The Kurdish War, p. 92.
90. Friedlander, "Autonomy," p. 136.
91. Ismet Sheriff Vanly, "Hawla al-Istratijiyya al-Siyasiyya wa-al-‘Askariyya lil- Haraka al-Wataniyya al-Kurdiyya," Dirasat Kurdiyya, no. 1–2 (1985): 22–23.
92. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, p. 312.
93. Ibid.
94. Hassanpour, Nationalism and Language, p. 111.
95. Public Record Office, FO 371/15312, 11 June 1931.
96. Al-Minhaj wal-Nizam al-Dakhili lil-hizb al-Dimuqrati al-Kurdistani (min manshurat pareti dimuqrati Kurdistan, 1960).
97. In November 1962 a group of plotters approached Barzani, suggesting that he participate in a coup against Qasim. Barzani’s reply was that the minimum that the Kurds would demand for such cooperation would be autonomy. Documents no. 9 and 10, in Barzani, Al-Barzani wal-Haraka, vol. 3, pp. 474–477.
98. Barzani, Al-Barzani wal-Haraka, the book’s subtitle.{AU: what does "book’s subtitle" mean?}
99. Barzani, Al-Barzani wal-Haraka, vol. 3, Appendix 12, pp. 483–488. Nechirvan Barzani mentioned that, between 1961 and 1975, (Mustafa) Barzani "led the Aylul revolution in Iraq." See Nechirvan Barzani, "Perspective of Nechirvan Barzani, PrimeMinister, Kurdistan Regional Government," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G.MacDonald and CaroleA. O’Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p. 16.
100. Vanly, Le Kurdistan irakien, p. 228.
101. Emir Kamuram Bedirkhan, Memorandum to the UN, Public Record Office, FCO17/872, 18 November 1968. Serge Gantner, The Kurdish National Movement (Tel- Aviv: ‘Am Hasefer, 1968), p. 78.

بەشی یەکەم

# کورد و دەوڵەتی عێراق

١٩٦٨-١٩٨٠

## ٢

## ڕێگە بەرەو ئۆتۆنۆمیی کوردی

ئۆتۆنۆمی واتە "پتەوکردنی یەکەتیی عێراق و ڕەتکردنەوەی ڕەهای لەت لەتکردن"

سەدام حوسێن، ئەلحوڕییە، ١٦ ئاداری ١٩٧١

پرسیار لە مەلا مستەفای بارزانی کرا کەی بووەتە کەسێکی ناسیۆنالیستی، لە وەڵامدا گوتی ئەو تەمەنی چەند مانگێک بوو کە بووەتە ناسیۆنالیست، لەو کاتەی بە هۆی شۆڕشی بارزانییەکانەوە (١٩٠٥–١٩٠٦) لەگەڵ دایکی بەند کرابوو.

دەیڤید ئادامسن، شەڕی کورد

### بیروباوەڕی بەعس سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی: پارادۆکس

تا ئەو ڕادەیەی کورد وابەستە بوو بە مەسەلەکەوە، گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن ڕێژیمی بەعس لە تەمووزی ١٩٦٨ پارادۆکسێکی paradox سەیری ڕوون دەکردەوە. لە لایەک، لە ئایدۆلۆجیای حزبەکە و لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی جێگە بۆ نەتەوەیەکی تر بوونی نەبوو. بە گوێرەی بیروڕای لایەنگران و بەڵگەنامەکانی بەعس، کورد بەشێک بوون لە نەتەوەی عەرەب لەبەرئەوەی لەسەر خاکێک دەژیان کە عەرەب بۆ هەزاران ساڵ لەسەریدا ژیابوون،[١] لە لایەکی ترەوە، هەر ئەم ڕێژیمە زیاتر لە هەموو ڕێژیمەکانی تر چ لە عێراق یا لە هەریەک لەو دەوڵەتانەی تر کە کوردی لێیە دانی بە بوونی نەتەوەی کورددا نا. پارادۆکسێکی تر ئەوە بوو هەرچەندە شاندەکانی دانوستاندن بە ڕابەرایەتیی سەدام حوسێن و مستەفا بارزانی زۆر لە یەکتر بە

گـومـان بـوون، بەڵام هەردوولا پێک هاتن، وەک ئەو ژنخــوازییــەی کــە بـەرژەوەندی بێـخـوازێ نەک حـەز. بۆ تێگەیشتن لەو پارادۆکسـانە، پێـویسـتـە ئەو کـێشـانـە شی بکەینەوە کـە لە کـاتی گـرتنەدەسـتی دەسـەڵات ڕووبەڕووی حـزبی بەعس بوونەوە و هەڵسەنگاندنیش بۆ هاوسەنگیی نێوان حزبی بەعس و کورد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بکەین.

ڕوونـتـر بڵێین، هاتنە سـەر دەسـەڵاتی ڕێژیمی بەعس دوای کودەتای دووەمی ١٧–٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨،[٢] لە لایەن عێراق و وڵاتانی دەرەوە بە ساردی پێشوازیی لێ کرا. بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بیرەوەریی تاڵی دەسەڵاتی یەکەمی ڕێژیمی بەعس لە شوبات تا تشرینی دووەمی ١٩٦٣، بەهەمان شێوە، گەلی عێراق ماندوو بووبوو لەو کودەتا و دژە کودەتایانەی کە عێراق دوای ئینتیدابی بەریتانیا بەخۆیەوەی دیت و ئەمە وای کرد گەلی عێراق ئەو متمانەیە لەدەست بدات، کە بە شۆڕشگێڕان هەیبوو لە باشترکردنی بارودۆخی سیاسی و سۆسیۆئیکۆنۆمیی socioeconomic دەوڵەت.

لە دوو سـاڵی یەکـەمی فـەرمـانڕەواییـدا، ڕێژیمی بەعس وەک حـزبێکی لاواز و ناجێگیر و دەستە دەستە و توندوتیژ و توندڕۆ بینرا. لاوازیی ڕێژیمەکە لە ململانێی دەسـەڵاتی نێوان دەسـتـەبژێری فـەرمـانڕەوا لە لایەک و نەبوونی پاڵپشتی پێگەیەکی سـیـاسی لە لایەکی ترەوە خـۆی دەبینییـەوە، هەم لە دابڕانیـان لە گـۆڕەپانی ناسـیـۆنـالیـزمی عـەرەبی و هـەم لە نەبوونی پاڵپـشـتـیی ناودەوڵەتی و هەمیش لە کەڵەکەبوونی ململانێیەکان لەگەڵ ئێراندا.

ملمـلانێی دەسـەڵات کـە دوو سـاڵی یەکـەمی فـەرمـانڕەوایەتیی بەعـسی پێ جـیـا دەکـرێتـەوە، دەسـتـپـێکی بوونی ڕێژیمـەکـەی خـسـتـە مـەترسـییـەوە و ڕێگریی لە دروسـتکردنی سـیـاسـەتێکی گـشـتگری ڕوون کرد. ملمـلانێـیـەکـان لە دەوری چوار کـەسـایەتیی سـەرەکـیـدا دەخـولانەوە: ئـەحـمـەد حـەسـەن بەکـری سـەرۆک، حـەردان عـەبدولغـەفـار تکریتی وەزیری بەرگری و جـێگری سـەرۆک وەزیران، سـاڵح مـەهدی عـەماشی وەزیری ناوەخـۆ و جێگری سـەرۆک وەزیران و سـەدام حـوسـێنی یاریدەری سکرتێری گـشـتـیی سـەرکـردایەتیی وڵاتیی حـزبی بەعس. هەرچەندە لە یەکـەم چاوپێداگێڕاندا ملمـلانێیـەکە وا دیار بوو بە هۆی سیفـەتی تاکەکەسـییـەوەیە بێت،

کەچی شیکردنەوەی قووڵ دەری دەخات ململانێیەکە سەبارەت بە چەندین پرسی سیاسیی گرینگەوە بوو، لەوانە تایبەتمەندی و ئاراستەی ڕێژیمەکە چۆن دەبێ؟ ئاخۆ دەبێتە ڕێژیمێکی سەربازی یا نیمچە سەربازی و لە لایەن ئەو کەسانە بەڕێوە دەبرێت کە بنکەی سەرەکیی پاڵپشتییان سوپا بوو؟ یان ڕەنگە تایبەتمەندییەکی مەدەنی ببێت و حزبی بەعس و باڵە مەدەنییەکەشی لە لووتکەیدا دەبێت؟ هەریەک لەو چوار کەسایەتییە بەدوای ئەوە بوون پێگەی خۆیان بەهێز بکەن: سەدام حزبەکەی و دەزگای ئەمنی بەرز دەکردەوە، عەبدولغەفار تکریتی سوپای پێش دەخست، عەماش سوپا و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بەرز دەکردەوە و ئەحمەد حەسەن بەکریش لە نێوان سوپا و حزبدا دەهات و دەچوو.

لە کۆتای ١٩٦٩دا ململانێی دەسەڵات گەیشتە لووتکەی. لە تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا گۆڕانکاریی دەستووری و ئیداری، لە ڕێگەی جەختکردنەوەی دەسەڵاتی زیاتر بۆ سەرۆک، ڕێژیمی بەعسی بۆ ڕێژیمێکی نیمچە سەرکردایەتی گۆڕی. پێگەی سەدام بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بوو کاتێ وەک سەرۆک بە بریکار و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دیاری کرا، کە بەرزترین دەستەی یاسادانان و جێبەجێکاری بوو لە عێراقدا. لە بەرامبەر ئەوەدا، پێگەکانی عەماش و عەبدولغەفار تکریتی لاواز بوون لەو کاتەی هەردووکیان لە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیراندا نەمان. چڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی سەدام و بەکر و لاوازبوونی باڵی سەربازی، لە هەمان کاتدا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پرسی کورد هەبوو، هەروەک لە خوارەوە پێشان دراوە.

سەرەتای بەهێزبوونی ڕێژیمی بەعس بووە هۆی بەیەکداچوونی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراقی، لەوانە کەرتی مەدەنی و کەرتی سەربازی، گرووپە ئاینی و ئیتنییەکان (کورد و شیعە و گاور و جوو)، پارتە سیاسییەکان و سەندیکا پیشەییەکان. ڕێژیمەکە سیستەمی ئاشکراکردنی تۆڕەکانی سیخوڕی و هەوڵەکانی کودەتای دروست کرد، شەپۆلێکی سیستەماتیکیی ڕاماڵینی بەدوادا هات کە لە تێڕوانینی ڕێژیمەوە ئەنجامەکانی سەرسامکەر بوون. سەدان ئەفسەر دەرکران و دەستگیر کران و لەدار دران. سیاسەتوانە بەئەزموونە ناودارەکان لەوانە

عەبدوڕەحمان ئەلبەزازی سەرۆک وەزیرانی پێشوو و فوئاد ریکابیی سکرتێری گشتیی پێشووی حزبی بەعس بە تۆمەتی سیخوڕیکردن و پیلانگێڕان دژ بە ڕێژیمەکە گیران یان لەدار دران. ئەو پارتە سیاسییانەی کە بەر لە هاتنی حزبی بەعسیش بۆ سەر دەسەلات لاواز بوون چەپەکان یان باڵی سووریای حزبی بەعس، پارتی دیموکراتی نیشتمانی، فراکسیۆنی ناسری هەڵوەشێنرانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لاوازیی ڕکابەرەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبووە هۆی بەهێزکردنی ڕێژیمەکە چونکە لەو قۆناغەدا حزبی بەعس هێشتا بچووک بوو و پێگەی جەماوەریی نەبوو.

لە تێڕوانینی خەڵکی گشتیدا، جەماوەریبوونی ڕێژیمەکە دای لە کەمی و ئەمەش ئۆپۆزسیۆنی کورد و شیعەی بەئاگا هێنا. خراپبوونی پێوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ ئێران و دوژمنایەتیی دامەزراوە ئاینییە شیعییەکان و دانیشتوانی شیعی کە نیوەی دانیشتوانی عێراق بوون لە بەرامبەر حزبی بەعسی عیلمانی، لە ١٩٦٩ بوو بە تەنگژەیەک بۆ حزبەکە، خراپترین تەنگژە بێ لە مێژووی کۆماری عێراق. نارەزایەتییەکە بریتی بوو لە خۆپێشاندانی شیعە لە سەنتەرەکان و بەکارهێنانی چەک بۆ هێنانە کایەی ئاشتی،[٣] کرداری تووڕەکردنی ئاشکرا لە لایەن ڕێژیمەوە وەک گرتنی پیاوانی ئاینیی شیعە و داخستنی داوودەزگا ئیسلامییەکان و ڕێ پێدان بە فرۆشتنی خواردنەوە ئەلکهوولییەکان لەو شوێنانەی بەلای شیعەکانەوە پیرۆز بوون، بارگرژییەکەی خراپتر کرد.

هەوڵی ڕێژیمی بەعس بۆ دەرچوون لەو دوورەپەرێزییەی هەیبوو لە ڕێگەی دەست پێکردنی دایەلۆگێک لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق، بە تێڕوانینی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی، تێ شکا،[٤] حزبی شیوعیی عێراق، کە بەهێزترین ڕکابەری ڕێژیم بوو لە عێراق، بەردەوام گومانی لە ڕێژیمی بەعس هەبوو، نەک لەبەر ئەو بەربەرەکانێیە خوێناوییەی نێوان عەبدولکەریم قاسم و یەکەم ڕێژیمی بەعسی بگرە لەبەر ڕێوشوێنەکانی ڕێژیمی بەعسی تازە. شان بەشان لەگەڵ بانگەشەی بۆ دایەلۆگ، ڕێژیم هەوڵی دەدا حزبی شیوعیی عێراقی سەرکوت بکات لە ڕێگەی زیاتر دەستگرتنی بەسەر نەقابەکانی بازرگانی، کە گرینگترین قەڵای حزبی شیوعیی عێراق بوو.

ڕێژیمی بەعس، بە هۆی سیاسەتە دوورەپەرێزکەرەکانی خۆیەوە، بەدەست دوورەپەرێزییەکی خراپی سەر ئاستی دەرەکی دەیناڵاند. ڕێژیم هەموو گرانایی خۆی خستە سەر سەقامگیرکردنی خۆی لە ناوەخۆدا لە کاتێکدا بایەخێکی کەمی بە سیاسەتی دەرەوە دەدا. تەواو بە پێچەوانەی ئەوە، وڵاتانی دراوسێ عێراقیان هەم وەک ڕێژیمێکی لاواز و هەڕەشەئامێز، هەم دوورەپەرێز و دەسەڵات فرەوانکەر دەبینی. سەرەڕای لێدوانە دووبارەکانی سەرکردە عێراقییەکان لەبارەی نیازچاکیی عێراقەوە بەرامبەر وڵاتە دراوسێیەکان، کەچی پێوەندییەکان تەواو ناجێگر بوون. پێوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ سووریا و سعوودییە و لبنان و میسر و ئێران لە خراپترین دۆخی پێوەندیدا بوون. لە ڕاستیدا، بەغدا دەوڵەتە عەرەبییەکانی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە لە ململانێی عێراق لەگەڵ ئێراندا پاڵپشتیی عێراق ناکەن.

هۆکارێکی گرینگ کە کاریگەریی لەسەر چارەنووسی کوردی عێراق و سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر بەوان هەبوو، بێ شک و گومان ئێران بوو. لەم پێوەندییە سێگۆشەئاسایەدا، گەڵاڵەیەکی بەڵگەنەویست دروست بوو: پێوەندیی خراپی نێوان عێراق و ئێران بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وای لە ئێران کرد هانی کوردی دراوسێی بدات لە دژی بەغدا شۆڕش بەرپا بکەن،[٥] لە لایەکی ترەوە، شۆڕشی کورد نەک هەر تەنیا هەڵوێستی ناوەخۆی بەغدای لاواز دەکرد، بگرە کاری دەکردە سەر توانای بەغداش لە بەربەرەکانێکردنی ئێراندا. پێوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران گەیشتە نزمترین خاڵ لەبەر ململانێیان لەسەر ڕێگەی ئاوی شەتولعەرەب و بڕیاری ئێران، لە نیسانی ١٩٦٩، سەبارەت بە هەڵپەساردنی تاکلایەنەی ڕێککەوتننامەی ١٩٣٧ی نێوان عێراق و خۆی. ئەم ڕێککەوتننامەیە جەختی لەسەر ڕێککەوتننامەکەی ١٨٤٧ی نێوان عوسمانی و ئێرانییەکان دەکردەوە ئەوەی سنووری نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی لە شەتولعەرەب چەسپاند، ئەویش بریتی بوو لەوەی کە لێوارەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکەی کرد بە سنوور نەک بە درێژاییی هێڵی پالوج،[٦] جگە لەو لێوارانە نەبێ کە دەکەوتنە بەرامبەر شارەکانی عەبادان و خوڕەمشەهر. بەم جۆرە کۆنترۆڵی ڕووبارەکە لە دەست عێراق مایەوە،[٧] بیانووی یەکسەری ئەم هەنگاوەی ئێرانییەکان ئەوە بوو گوایە کەشتییە ئێرانییەکان لە لایەن عێراقییەکانەوە

هەراسان کراون. هەرچەندە هۆکاری سەرەکی بریتی بوو لەو هەڵسەنگاندنە گشتییەی ئێران کە ڕێژیمی بەغدا زۆر لەوە لاوازترە بتوانێ ڕێ لەو جۆرە هەنگاوە بگرێت.

کاردانەوەی بەغدا بریتی بوو لە نارەزایەتیی بەقسە و دیپۆرتکردنی کەسانی ئێرانی و پیاوانی ئاینی و وشارخستنە سەر دانیشتوانی شیعی و وێرانەکاری لە ناوچەی خوزستانی دەوڵەمەند بە نەوت و عەرەبنشین لە ئێران، کە عێراق بە عەرەبستان ناوی دەبرد. لە نیسانی ١٩٦٩، وەزیری ناوەخۆی عێراق، عەمماش گەیشتە ئەوەی بانگەشەی عێراقیبوونی عەرەبستان بکات، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو ناوچەیە لە سەردەمی ئینتیدابی بەریتانیا لە عێراق دابڕ کراوە.[٨]

ململانێی عێراق و ئێران دەبێ لە سیاقێکی ناوچەیی و جیهانییەوە تەماشا بکرێت، مەبەست لەو ململانێیە، کێبەرکێی عێراقی و ئێرانییە لە ناوچەی کەنداو، کە بە بەیاننامەکەی بەریتانیا لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨ خراپتر بوو کە تێیدا مەبەستی خۆی ڕاگەیاند لەبارەی کشاندنەوەی هەموو هێزەکانیەوە لە ناوچەکەدا تا کۆتاییی ١٩٧١، ئەمە دەرفەتی بە هێزە سەرەکییەکان دا هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دوای ڕۆیشتنی بەریتانیا دروست دەبوو بە قووڵکردنەوەی دەسەڵاتیان لە دەوڵەتەکانی کەنداودا.

لە لایەن خۆیانەوە ئێران و عێراق، بە دابینکردنی پاڵپشتی لە لایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە، بەدوای بەدیهێنانی خواستەکانیانەوە بوون. هەرچەندە، ئەو کاتە ئێران بە مەبەستی بوون بە هێزی پاسەوانی کەنداو بە چاکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕووی سەربازییەوە بەهێزتر بوو و پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەهێز بوو، پێگەی ناودەوڵەتیی عێراق لەگەڵ زلهێزەکاندا لە ئاستێکی نزمدا بوو. بەغدا، دوای شەش ڕۆژ شەڕی ١٩٦٧ (شەڕی عەرەب و ئیسرائیل)ەوە، پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پچڕابوو، پێوەندییەکانیشی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت بە ساردی مابووەوە هەرچەندە بەغدا چەند ئیمتیازاتێکیشی لە چاڵە نەوتی ڕومێلە پێشکێش بەو کردبوو.

هەر لە سەرەتاوە، سەرۆکی عێراق یەکەتیی سۆڤیەتی بەوە وەسف کردبوو، کە پشکی شێری لە پێوەندییەکانی دەرەوەی عێراقدا بەردەکەوێ. هەرچەندە یەکەتیی سۆڤیەت، عێراقی وەک هۆکارێک دەدیت بۆ بەهێزکردنی دەسڕۆیینی خۆی لە ناوچەی کەنداودا، کەچی لەو قۆناغەدا ئامادە نەبوو ببێتە پاڵپشتی بێ مەرج بۆ عێراق. یەکەتیی سۆڤیەت هۆشیار بوو لەوەی ئێران لە خۆی نەڕەنجێنێ، لەبەرئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵدا دروست کردبوو (هەرچەندە سیاسەتی یەکەتیی سۆڤیەت ئامانجی سنووردارکردنی نفووزی ئێران بوو لە ناوچەی کەنداو، دوا بەدوای ئەویش هی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا). هۆکارێکی تر ئەوە بوو یەکەتیی سۆڤیەت تەحەفوزاتێکی جدیی لەسەر سیاسەتی ناوخۆی ڕێژیمی بەعس هەبوو، بە تایبەتی سەبارەت بە شیوعییەکان و کورد. یەکەتیی سۆڤیەت داوای لەخۆگرتنی شیوعییەکانی لە بەرەیەکی نیشتمانیی عێراقی و دۆزینەوەی چارەیەکی ئاشتییانەی کێشەی کوردی دەکرد. دواکەوتنی ئەو دوو پرسە، بەیەکەوە لەگەڵ ناسەقامگیری و کەنارگیربوونی عێراق، یەکەتیی سۆڤیەتی ناچار کرد بە هۆشیارییەکی زۆرەوە مامەڵە بکات.

## لایەنی کوردی: باش و خراپ و جاش

لە بەراییی هاتنی بەعس بۆ سەر دەسەڵات، لە هەندێ بەشی کوردستانی عێراق ئۆتۆنۆمییەکی بە حوکمی ئەمری واقیع هەبوو. ناوچە ئازادکراوەکان، هەروەک کورد ناویان دەبرد، نێزیکەی ٥٣٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی دەگرتەوە و لە زاخۆوە کە باکوری ڕۆئاوایە تا خانەقین کە باشووری ڕۆهەڵاتە درێژ دەبووەوە. ئەم ناوچانە سنوورێکی دیاریکراویان نەبوو، ئەمەش کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندیی بەسەر شار و ڕێگە سەرەکییەکاندا هێشتەوە. دانیشتوانی کورد لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەدا، لە کۆی ٢ بۆ ٢,٥ ملیۆن کورد، بە نێزیکەی ١ ملیۆن دەخەملێنرا. ئەو پێکهاتەیەی کە لە هەموو شتێک زیاتر بووبوو بە سیمبۆلی ئۆتۆنۆمیی کوردی پێشمەرگە بوو، کە لە ١٩٦٦ تا ١٩٧٠ لە ١٤٠٠٠ شەڕوانەوە زیاد بوون بۆ ٢٠٠٠٠ شەڕوان.[٩]

ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕان کە لە ڕاستیدا پەرلەمانێکی کوردی بوو، لە ١٩٦٤

دەستی بە کار کرد. لە ١٩٦٦، شەست و دوو ئەندامی لەخۆ دەگرت کە نوێنەرایەتیی هەریەکە لە هێزی پێشمەرگە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٩٤٦ دامەزرا، عەشیرەتە کوردییەکان کە هێزی بەرچاویان لە کۆمەڵگەی کوردیدا مابوو، کەسایەتییە سەربەخۆیەکان، دەکرد. کۆمیتەی راپەڕاندن کە لە حەڤدە ئەندام پێک دەهات، دەسەڵاتی خۆی لە ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕانەوە وەردەگرت و نیمچە حکوومەتێکی پێک هێنابوو. کۆمیتەی راپەڕاندن لە لایەن پارتەکەوە ئاراستە دەکرا کە زۆرینەی پێک دەهێنا. بە پێچەوانەوە، عەشیرەتەکان لە ١٩٦٦ تەنیا یەک نوێنەریان لە کۆمیتەکەدا هەبوو. کۆمیتەکە دەسەڵاتێکی فرەوانی هەبوو، لەوانە دەسەڵات بەسەر فەرماندەی هێزی پێشمەرگە و ئیدارە و فیقە و کۆکردنەوەی باج و سەرپەرشتیکردنی پۆلیسی مەحەلی و گیراوەکان. بزووتنەوەکە رێکخراوێکی زانیاریی بە ناوی پاراستن[١٠] و رۆژنامەیەکی کوردی بەناوی خەبات و ئێزگەیەکی نهێنیشی بەناوی ئێزگەی کوردستانی عێراقەوە هەبوو.

تا ساڵی ١٩٧٥ دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی یەک کەسدا مایەوە: مەلا مستەفا بارزانی، کە دوو نازناوی هەڵدەگرت، سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان. بارزانی (١٩٠٤– ١٩٧٩) خوێندنی سەرەتاییی لە بارزان و خوێندنی ئاینیشی لە سلێمانی تەواو کرد. لە ١٩٣١ چووەتە ناو شۆڕشی کوردییەوە. کاتێ شۆڕشی کوردی لە ١٩٣٤ سەرکوت کرا ئەو بۆ خوارووی عێراق دوور خرایەوە، بەڵام دواتر گەڕێنرایەوە سلێمانی و خرایە ژێر مانەوەی بەزۆری تا ئەو کاتەی لە ١٩٤٢ ڕای کرد. لە ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ ڕابەرایەتیی شۆڕشێکی تری لە دژی بەغدا کرد و دواتر لەگەڵ نێزیکەی ١٢٠٠ پیاوی تر بۆ ئێران کشانەوە، لەوێ لە پێناو کۆماری کوردیی مەهابادا، کە تازە دامەزرابوو سەرکردایەتیکردنی گرتە دەست. لە سەرەتای ١٩٤٧ کاتێ کۆماری مەهاباد ڕووخا، بارزانی دیسان جارێکی تر ڕای کردەوە، ئەمجارەیان بۆ یەکەتیی سۆڤیەت، لەوێدا مایەوە تا شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە تەمووزی ١٩٥٨، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لەو ساڵەدا، بارزانی ڕابەرایەتیی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کرد کە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ تا ١٩٧٠ بەردەوام بوو و نازناوی سەرکردەی نەتەوەی کوردی وەرگرت.[١١]

ئەم دەستکەوتانەی کورد نابێ بەکەم بزانرێت، لە هەمان کاتدا نابێت گرینگیی ئەم دەستکەوتانە زێدە گەورە بکرێت. داوودەزگا سیاسییە تازە لەدایکبووەکان ئەوەندەی مەرەکەبی سەر کاغەز بوون ئەوەندە لە راستیدا بوونیان نەبوو. ئۆتۆنۆمی کە لە ڕواڵەتدا لە شەڕێکی دوور و درێژدا بەدەست هاتبوو، لەرزۆک بوو کاتێ نەیتوانی ددان پێدانانی حکوومەتی ناوەندی بەدەست بێنێ. بۆیە، بۆ ڕێگرتن لە کۆتاییهاتنی بە زەبری هێز، ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردی برێتی بوو لە بەدەستهێنانی ددان پێدانانی سیاسیی دەستووری بۆ ئۆتۆنۆمییەکەیان.

دەستکەوتەکانی کورد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی دان و وەرگرتنی نێوان سەرکردەیەکی کاریزمی و پارتەکەیەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەوەی بارزانی لە ناوەڕاستی چلەکان خۆی وەک سەرکردەی شۆڕشی کوردی جیا کردبووەوە، لە ئامادەنەبوونی باکگراوەندێکی ڕێکخراوەییی سیاسیدا، شۆڕشەکە زیاتر تایبەتمەندیی عەشیرەتگەریی پێوە دیار بوو لەوەی هی نەتەوەییی پێوە دیار بێ. لە لایەکی ترەوە، کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان هێدی هێدی لە ناوچەی کوردیدا بوو بە هێزێکی سیاسیی زاڵ، سەرکەوتوو نەبوو لەوەی هەناسەی ژیان بخاتەوە بەر بزاوی کوردی لەو کاتەی بارزانی ئاوارەی یەکەتیی سۆڤیەت بوو. لێرەدا گەورەترین پارادۆکسی ئەم بزاوە دەبینرێت: هەروەک چۆن هاریکاریی نێوان سەرکردە و پارتەکە گرینگ بوو بۆ دروستبوونی بزووتنەوەکە لە قۆناغەکانی سەرەتادا و لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیشدا بەشدارییەکی گرینگی لە سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەکەدا کرد، بەهەمان شێوە ئەو هاریکارییەی نێوان سەرکردە و پارتەکە بوو بە سەرچاوەیەکی خراپی درز تێبوونی لە ناوەخۆدا.

درزەکە کە لە ١٩٦٤ بە ئاشکرا دەرکەوت، ڕەنگدانەوەی بارگرژییەکانی ناوەخۆ و ململانێی سەر بەرژەوەندییەکان بوو لە نێوان بارزانی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی وەک سەرۆکێکی نەریتییانە بە خاوەن مەیلی تاک لایەنە و دەسڕۆیشتووانە کاری دەکرد و پارتەکە کە نیازی وا بوو ڕەوتێکی مۆدێرنی سیاسەت پەسند بکات بە جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندە تیۆریی ئایدۆلۆجی و ڕێکخراوەییەکەی بزووتنەوەکە. درزەکە ڕەنگدانەوەی ململانێ بوو لەسەر دەسەڵاتیش لە نێوان، بارزانی، ئەو

کەسایەتییەی کە بووبوو بە سەرکردەیەکی نەتەوەیی و سەرکردایەتیی پارتەکە، کە جەختی لەسەر بیرۆکەی سەرکردایەتیی گەلەکۆیی دەکرد.

دوای تەنگژەکەی ١٩٦٤، لایەنی کوردی بوو بە دوو لەت. باڵە زاڵەکە لە لایەن بارزانییەوە ڕابەرایەتی دەکرا و ئەوەی تر لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییەوە. قازانجی بارزانی بەسەر لایەنی ڕکابەرەکەیەوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دیار بوو. فراکسیۆنەکەی بارزانی کۆنترۆڵی ناوچەی کوردیی کرد و چەند داوودەزگایەکی نیمچە سەربەخۆی دامەزراند، هێزی پێشمەرگە نێزیکەی هەموویان بە دڵسۆزی بۆ بارزانی مانەوە. لەوەش زیاتر، بەشێکی گرینگی پارتەکە ڕۆڵی گرینگی بارزانییان لە بەرچاو گرت، کە لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی دەیگێڕا و لە پاڵپشتیکردنی ئەودا بەردەوام بوون. پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بۆ دوو باڵ لەت بوو، هەریەکەیان خۆی بە پارتی بانگ دەکرد.

باڵی بارزانی ڕووناکبیرانی پارتەکەی لەدەست دا، کە نوێنەری سەرەکی برێتی بوو لە ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری گشتیی پارتەکە بەر لە لەتبوونی. باڵەکەی بارزانی هێزی دروستکردنی بڕیارە سەربەخۆیەکانیشی لەبارەی کاروباری کوردەوە لەدەست دا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانەی کە بۆ پۆستە باڵاکانی پارتەکە بەرز کرانەوە لەبەر توانای ڕووناکبیری و سەنگی ئایدۆلۆجییان نەبوو، بگرە لەبەر دڵسۆزییان بۆ بارزانی.[١٢]

تا کاتی کودەتاکەی بەعس، سەرکردایەتیی لایەنەکەی بارزانی بە بلوور بووبوون. دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە دەستی مەکتەبی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو، کە دوای کۆنگرەی حەوتەمی ١٩٦٦ ئەم کەسایەتییانەی لەخۆ دەگرت: حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری گشتیی پارتەکە و یەکێک بوو لە کوردە فەیلییەکان کە زۆربەیان شیعەن و لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک و لەوێوەش بۆ خوارووی خانەقین دەژین، مەحموود عوسمانی پزیشکی تایبەتی بارزانی، یەکێک لە یاریدەرە دڵسۆزەکان و وەزیری دەرەوەی نافەرمیی ئەو بوو، ساڵح یوسفیی لەچاپدەری ڕۆژنامەی "التآخي" کە لە ١٩٦٦ دەست بە چاپکردنی کرا، نووری شاوێس کە سەر بە باڵە جیاوەبووەکە بوو بەڵام لە کۆتاییدا گەڕێنرایەوە ناو مەکتەبی

سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ١٩٦٩ دوو کەسایەتیی تر پێوەندییان بە مەکتەبی سیاسییەوە کرد: عەزیز ڕەشید عەقراوی، ئەفسەرێک بوو لە ١٩٦٢ سوپای عێراقی جێ هێشت تا پێوەندی بە بزووتنەوەی کوردییەوە بکات، محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان کە نازناوی سامی بوو و بەڕێوەبەری ئێزگە کوردییەکە، ئێزگەی کوردستانی عێراق و لە دوای کوڕەکانی بارزانییەوە نێزیکترین کەس بوو لە بارزانی.

لە کۆتاییی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە کوڕەکانی بارزانی (لە دوو هاوسەری جیاواز)، ئیدریس و مەسعوود، ڕۆڵێکی گرینگیان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا گێڕا و دەسەڵاتێکی سێیینەیان لەگەڵ باوکیاندا پێک هێنا. ئیدریس لە ١٩٦٦ پۆستی فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی وەرگرت، مەسعوودیش بوو بە فەرماندەی پاراستن. ئەوەندەی زانراوە، ناوکی سەرکردایەتیی کوردی تا ڕووخانی شۆڕش لە ١٩٧٥ بە شێوەیەکی یەکگرتووی گرینگ و ناوەخۆ مایەوە.

باڵە جیاوەبووەکە کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی ڕابەرایەتییان دەکرد تەمەنی کورت بوو. ئەحمەد، ئەو ڕووناکبیرەی کە لە سەرەتای چلەکانەوە بەشداریی لە چالاکیی سیاسیدا کردووە، تا ١٩٧٠ وەک سکرتێری گشتیی باڵی جیابووەوە خزمەتی کرد. تاڵەبانی، زاوای ئیبراهیم ئەحمەد، سەرەتا لە بارزانییەوە نێزیک بوو و لە چەند پۆستێکدا خزمەتی دەکرد، لەوانە فەرماندەی هێزی پێشمەرگە و چەند پۆستێکی جیاوازی دیپلۆماتی. دوای لەتبوونەکەی ١٩٦٤ باڵە جیابووەوەکە پەنایان بردە بەر ئێران، هەرچەندە دوای دوو ساڵ گەڕانەوە بۆ عێراق. بە شێوەیەکی ئایرۆنی Ironically، باڵە جیابووەکە کە لە ١٩٦٤ دژی بارزانی بوو لەبەر "کۆڵدان"ی بارزانی بۆ ڕێژیمەکەی عەبدوڕەحمان عارف، دوو ساڵ دواتر لە دژی بارزانی لەگەڵ هەمان ڕێژیم هاوپەیمانییەکی دروست کرد. سەرەڕای هاریکاریی بەغدا، باڵەکەی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لاواز و دوورەپەرێز مایەوە، چالاکییەکانیشیان دژی باڵەکەی بارزانی، زیاتر هۆی بێزارکردن بوون لەوەی هەڕەشەی ڕاستەقینە بن.

وەسفێکی بەکەڵک بۆ لایەنی کوردی کرابوو لە سەرچاوەیەکەوە کە گومانی هاوسۆزبوونی بۆ کورد لێ ناکرێ، ئەویش بڵاوکراوەی ناوەخۆی حزبی بەعس بوو،

"الثورة العربية". بەپێی بڵاوکراوەی "الثورة العربية" سێ هێزی سەرەکی لە لایەنی کوردییەوە بوونیان هەبوو: بزووتنەوەی بارزانی و باڵی جەلال تاڵەبانی ئیبراهیم ئەحمەد و هێزەکانی سەلاحەدین (فرسان سەلاحەدین). بڵاوکراوەکە ئەوەی دەرخستبوو کە بزووتنەوەکەی بارزانی بریتییە لە "کۆڵەکەی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی"، کە لایەنگرانی بە شێوەیەکی سەرەکی جووتیار و کرێکار بوون. بەهێزیی بزووتنەوەکە پشت ئەستوور بوو بە "پێشمەرگە کە باش ڕاهێنراو و بەهێز و دڵسۆز بوون بۆ بزووتنەوەکە"، پشت ئەستوور بوو بە کەلوپەلی سەربازیی باش و ناوچەیەکی سەخت لە ڕووی سروشتی و سەربازییەوە، پشت ئەستوور بوو بە زانیاریی تەواوی هێزی پێشمەرگە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، هەروەها پشت ئەستووریش بوو بە پاڵپشتیی دارایی و سەربازی و پزیشکیی بەردەوامی سەرچاوە جیاوازەکان. سەبارەت بە بارزانی، "الثورة العربية" نووسیبووی کەوا ئەو پۆستێکی سەرکردایەتیی بێ هاوتای هەیە.[١٣]

"الثورة العربية" ئاماژەی بەوەش کرد، کە گرووپەکەی تاڵەبانی مەیلی مارکسییان پەسند کردووە. گرووپەکە کە تا ئەو کات گەورەترین کۆمەڵە بوون لە سلێمانیدا، چالاکییەکانیان لە ناوچەی بەغدا و چەند شارێکی بچووکی باکوردا سنووردار کردبوو. شەڕوانەکانی گرووپەکە چەکی سووکیان پێ درابوو، "لەژێر پارێزگاریی سوپای عێراق کاریان دەکرد، جا بۆیە بارەگەیان لە نێزیک بارەگەکانی ئێمەدا دانابوو." بەپێی "الثورة العربية" گرووپەکەی تاڵەبانی کە شەڕێکیان دژی بزووتنەوەکەی بارزانی هەڵگیرساندبوو، لە بەهێزی و دەسڕۆیشتندا لەوان نزمتر بوون.[١٤]

سەبارەت بە هێزەکانی سەلاحەدین (لەلایەن دژەکانیانەوە ناو نرابوون جاش)، ئەلسەورە لعەرەبییە ئاشکرای کرد کە ئەوان پێک هاتبوون لەو "عەشیرەتە کوردییانەی پشتگیریی دەسەڵاتەکانیان کردبوو" لەوەتەی سەردەمی مەلەکییەوە. ئەو عەشیرەتانە "ڕازی بوون شەڕ لەگەڵ بزاوی کوردیدا بکەن، لە بەرامبەر مووچەیەکی مانگانە کە بە سەرۆک عەشیرەتەکان دەدرا. ئەوان لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە بە چەکی سووک چەکدار کرابوون." ئۆرگانی حزبەکە ئەم گرووپەی بە کەشکۆڵێکی

هەمەجۆری پیاوانی چەکدار دیار کردبوو، کە نەدەکرا وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی پێناسە بکرێن لەبەر نەبوونی شێوەیەکی ڕێکخراوەیی و نەبوونی ئایدۆلۆجیایەک. هەندێک لە هێزەکانی سەلاحەدین شۆڕشیان دژی دەسەڵاتداران بەرپا کرد، هەندێکی تر بە نهێنی پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ گرووپی بارزانیدا هێشتەوە لە کاتێکدا هەندێکی تر بەردەوام بوون لە شەڕکردن دژی بارزانی بەهۆی دوژمنایەتیی مێژوویی و عەشیرەتگەرییەوە. بەپێی ئەلسەورە لعەرەبییە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو ناچوونیەکییەی عەشیرەتەکان بۆ بێ هیوابوونیان لە دەسەڵاتەکان دەگەڕێتەوە، کە زیاتر لە جارێک پشتیان تێ کراوە دوا بەدوای ئاشتبوونەوەی دەسەڵاتەکان لەگەڵ بارزانییەکاندا،[١٥] ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، مەلا مستەفا بارزانی کوردی بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکرد "باش و خراپ و جاش."[١٦]

ئەم پۆلێنکردنە ئاماژەیەکمان لە لایەنی کوردییەوە پێ دەدات، بە تایبەتی ڕۆڵی عەشیرەتەکان لە بزووتنەوەکەدا. هەر لە سەرەتاوە، عەشیرەتەکان پۆستی سەرکردایەتییان گرتە دەست لە خەبات دژی بەغدا و بەریتانیادا. بۆ نموونە لە سکاڵانامەیەکی پشدەرەوە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان کە لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا پێشکێش کرا، هاتبوو " لەبەر ئەوە کورد بڕیاریان داوە لە عەرەب جیا ببنەوە بەهەر نرخێک بێت" تاکو "دەوڵەتێکی کوردی لە سنووری سروشتیی خۆیاندا کە لە زاخۆوە تا خوار قەزای خانەقین درێژ دەبێتەوە"[١٧] پێک بێنن. لە ڕاستیدا، کەس ناتوانێت عەشیرەت و عەشیرەتگەری لە بزاوی نەتەوەیی کوردی جیا بکاتەوە. هەروەک حەمید بۆزئەرسەلان ڕوونی دەکاتەوە،

> وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی، دەکرێت عەشیرەتێک زەمەنی عەشیرەتیی هەبێت کە ڕێ بە عەشیرەتەکە بدات بوونی خۆی و دەسەڵاتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی جیهانی خۆیدا بەڕێوە ببات، بەڵام لە هەمان کاتدا، عەشیرەتەکە دەتوانێت وەک ئەکتەرێکی ناوخۆیی یا ئەودیو سنووری هەرێمی مامەڵە بکات. سەرۆک عەشیرەتێک دەتوانێت لە عەشیرەتەکەیدا ئەو سەرچاوانە بدۆزێتەوە کە لە فەزای ناوخۆ یا لە فەزای نێودەوڵەتیدا بیکەن بە ئەکتەرێک.

بۆزئەرسەلان زیاتر جەخت دەکاتەوە کە "بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە کوردییەکان، عەشیرەتیان لە بەرچاو گرتووە و ئێستەش دەبێت لە بەرچاوی بگرن جا چ وەک هاوپەیمان چ وەک دوژمن بێت."[١٨]

## پێگەیشتنی بارودۆخەکان بۆ دایەلۆگ

دوو ساڵ بەر لە هاتنی بۆ سەر دەسەڵات، حزبی بەعس پێوەندیی نهێنیی لەگەڵ لایەنی بارزانیدا دامەزراندبوو، کە تا دوو مانگ دوای کودەتاکەش مایەوە. هەرچەندە، لەو قۆناغەدا، مەرجەکان لە بەغدا بۆ گۆڕانێکی ڕیشەیی هێشتا پێ نەگەیشتبوون کە تا کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ بەردەوام بوو لە یاریکردن بە بیرۆکەی بەش بەشکردنی لایەنی بارزانی. سێ پلانە جیاوازەکەی ڕێژیم بریتی بوون لە: (١) ئاماژەیەکی تاکلایەنە بۆ دانیشتوانی کورد تا قایلیان بکات پشتگیریی بارزانی نەکەن، (٢) پاڵپشتیی لایەنی تاڵەبانی و بەکارهێنانی دژی بارزانی بە گوێرەی بنەمای بەش بەشکردن و فەرمانڕەواییکردن، هەروەها (٣) بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕان.

کەمێک دوای هاتنە سەر دەسەڵات، ڕێژیمەکە ڕای گەیاند کەوا بڕیاری داوە پلانە دوازدە خاڵییەکەی ئەلبەزاز پەسند بکات وەک بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد: دامەزراندنی کۆڕێکی کوردی بۆ زانست و ئەدەبیات و زانستگەیەک لە سلێمانی، دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ ئەوانەی بەشدارییان لە "ڕووداوەکانی باکوردا (شەڕوشۆڕەکانی باکوری وڵات)"دا[١٩] کردووە، دامەزراندنی هێزێکی پۆلیسی ناوچەیی لە پیاوانی "دانیشتوانی ناوچەی باکور"، ڕاگەیاندنی ٢١ی ئادار (نەورۆز) وەک پشووی فەرمی. لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩، بەعس چەند بڕیارێکی کولتووریی گرینگی ڕاگەیاند، لەوانە گوتنەوەی وانە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئامادەیی و زانستگە و کۆلێجەکانی مامۆستایان و سەربازی و ئەکادیمیاکانی پۆلیس، ڕێدان بە نووسەران و شاعیران بۆ دامەزراندنی یەکێتیی تایبەت بەخۆیان، هەروەها بەکارهێنانی ناوی مێژوویی کوردی بۆ ناو لێنانی قوتابخانە و فەرمانگەکان لە ناوچەی کوردیدا.[٢٠]

له سەرەتاوە، ڕێژیم لە دوای بەهێزکردنی گرووپەکەی تاڵەبانی بوو بە دیاریکردنی تەها محیەدین مەعرووفی لایەنگری تاڵەبانی لە ٣١ی تەمووزی ١٩٦٨ وەک وەزیری بێ وەزارەت و مۆڵەت پێدان بە ڕۆژنامەی ئەلنوور، کە بە پەرۆشەوە پشتگیریی ڕێژیمی دەکرد. لەوەش گرینگتر، بەغدا پاڵپشتیی دارایی و چەکی بە تاڵەبانی دەدا تاکو لەگەڵ هێزەکانی بارزانیدا شەڕ بکەن. بەپێی چەند خەملاندنێکی جیاواز، هێزەکانی تاڵەبانی ژمارەیان لە نێوان ٢٠٠٠ تا ٤٠٠٠ پیاو دەبوون، بەغدا بۆ هەر یەکێکیان چوارده دیناری دەدا،[٢١] ئەم سیاسەتە چەند قازانجێکی هەبوو: پیاوەکانی تاڵەبانی بە باشی شارەزای دەڤەرەکە بوون و لە شێوازی شەڕی پارتیزانیدا ڕاهێنرا بوون، ئەمە شتێک بوو کە سوپای عێراقی باش نەبوو لێی، شەڕی ناوەخۆ لەناو لایەنی کوردی تەنیا زیانی بە یەکەتیی کورد دەگەیاند، ئەمەش کەڵکی بۆ ڕێژیم هەبوو، هەروەها شەڕی ناوەخۆی لایەنی کوردی، هێزەکانی سوپای ڕێژیمی ئازاد دەکرد بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی تری ئاسایش. لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، هێزەکانی بارزانی لە نێزیک سنووری ئێران لەگەڵ هێزەکانی تاڵەبانیدا بەیەکیان دادا، بەڵام لەبەرئەوەی هێزەکانی تاڵەبانی هاوتای هێزەکانی بارزانی نەبوون لە ژمارەدا، سوپای عێراق ناچار بوو بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە خۆی تێ هەڵقورتێنێ.

پێکدادان لە نێوان سوپای عێراقی و پێشمەرگەدا بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لە پایزی ١٩٦٨ تا کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ ڕووی دەدا. لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا، شەڕ ئەوەندە چڕ بووبوووە تا ئەو ڕادەیەی سوپا، کە دوو فیرقەی تایبەت کردبوو بە شەڕەکە، چەکی قورسی بەکار دەهێنا (لەوانە تانک و تۆپهاوێژی قورس و باڵەفڕ) بۆ تۆپبارانکردنی گوندە کوردییەکان،[٢٢] لە هەمان کاتدا، پروپاگەندەیەک بەردەوام بوو لە نێوان لایەنەکاندا، ڕێژیم بارزانیی تۆمەتبار دەکرد بەوەی نایەوێ کێشەی کوردی بە ئاشتییانە چارەسەر بکات و یارمەتیی ئێران دەدات و چەک لە ئیسرائیل وەردەگرێت، کە ئەمەش هانی کورد دەدات "بەردەوام بن لە کێشەنانەوە."[٢٣] لە لایەن خۆیانەوە بارزانی و گوتەبێژەکەی ڕێژیمیان بە جینۆساید تۆمەتبار دەکرد. لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨، هەردوولا داوای ناوبژیی ئەمینداری گشتیی ئەوسای نەتەوە یەکگرتووەکانیان، یو پانت، کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدرایەوە.

تا پایزی ١٩٦٩، ڕوون بووەوە کە نیازی چاک بەرامبەر بە کورد لە پاڵپشتییان بۆ بارزانی کەم ناکاتەوە. تاڵەبانیش نەیتوانی لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردیدا ببێتە شوێنگرەوەی ئەو، کە بەردەوام بوو لە جاڕسکردنی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان. تێچووی شەڕەکە، کە ڕۆژانە بە ٢٥ ملیۆن دینار دەخەملێنرا،[٢٤] ئابووریی عێراقی بە خراپی تێک شکاند.

دووبارە چارەی سەربازی سنوورەکانی خۆی سەلماند. بۆیە، "ئەوە دیار بوو کە حکوومەت زۆر نیگەرانی ورەی ئەو هێزە زەبەلاحە بوو کە لە باکوردا چەقی بوون لەسەر حیسابی زیادی شەڕەکە، هەروەها نیگەرانی بێ توانایی دیاری سوپاکەش بوو لە گەیشتن بە بڕیارێک."[٢٥] سوپا بە هۆی ململانێی دەسەڵات لەگەڵ باڵی مەدەنیی ڕێژیمەکەدا لاواز بووبوو. سەرباری ئەوەش، سوپایەکە کە ژمارەکەی نێزیکەی ٧٠٠٠٠ سەرباز بوو، دابەشی چەند بەرەیەک بووبوو، نێزیکەی ٢٠٠٠٠ سەرباز لە بەرەی ناوچەی کوردیدا جێگیر کرابوون، ١٨٠٠٠ هێزی حەملیی عێراقیان لە بەرەی ڕۆهەڵات پێک دەهێنا (نێزیکەی ٦٠٠٠ لە بەرەی سەر سنووری سووریا و ١٢٠٠٠ لە بەرەی سەر سنووری ئوردن)، ئەوانی تریش لەسەر سنووری ئێران و شوێنە هەستیارەکانی بەرەی ناوەخۆدا بوون،[٢٦] لە هەمووی گرینگتر، ململانێی لەگەڵ ئێران، کە لە نیسانی ١٩٦٩ لەسەر ڕێگەی ئاویی شەتولعەرەب دەستی پێ کرد، سنووردارییەکی زۆری لەسەر هاتوچۆی سوپا و ئازادیی هەنگاونانی سوپادا دانا لە هەرێمی کوردستان. لە لایەکەوە، سوپا دەبوو ئاراستەی سەرچاوەگەل و سەرنجی بۆ شەتولعەرەب بگوازێتەوە. لە لایەکی ترەوە، دەبوو ڕووبەڕووی ئەو دیاردە نوێیەی زیادبوونی دەس تێ وەردانی ئێران لە کاروباری کورد ببێتەوە. ڕاستی، ململانێی عێراق لەگەڵ ئێران بووە هۆی پتەوکردنی ئەو هاوپەیمانییە ناپیرۆزەی کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە نێوان ئێران و لایەنی بارزانیدا گرێ درا. سەرەڕای هەبوونی کژی گوماناوی لە لایەن هەردوو لاوە، ئێران و لایەنی بارزانی بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەبوو لە تێکدانی سەقامگیریی بەعس.

لە پایزی ١٩٦٩، یارمەتیدانی لایەنی بارزانی کە لە سەرەتادا بە چەند بارە

چەکێک دەستی پێ کرد، زیاد بوو بۆ کۆمەکی ڕاستەوخۆی ئێرانی بۆ هەوڵی شەڕی کوردی، هەڵبەتە لە قەوارەیەکی سنووردارداا،[٢٧] ئەمە ئەوە نیشان دەدات بۆچی هێرشەکانی هاوینی ١٩٦٩ سەرکەوتوو نەبوون، هەروەها سوپا تێ شکا لە هاتنە ناوەوەی جەرگەی کوردستان. لە ڕوانگەی ئەم گەشەسەندنانەوە، ڕێژیم دوو بژارەی لە بەردەمدا بوو: گەیشتنە ڕێککەوتن یان لەگەڵ ئێران یان لەگەڵ کورددا. ڕێژیم بژارەی یەکەمی بەلاوە باشتر بوو، کە پێ دەچوو بە هۆیەوە دوو چۆلەکەی بە بەردێک پێ بکوژێت، ئەویش کۆتاییهێنان بوو بە ململانێی لەگەڵ ئێران و داخستنی سەرچاوەی پشتگیری بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردی. شاندێکی عێراقی لە پایزی ١٩٦٩دا گەیشتە تاران تا شا ڕازی بکات پشتگیری بۆ بارزانی بوەستێنێ، لە بەرامبەر چەند تەنازولێکی گرینگ لە لایەن عێراقەوە،[٢٨] ئێران هەستی کرد کە قازانجیەتی، کەچی داواکەی ڕەت کردەوە. بەم جۆرە، تاکە بژارەی عێراق برێتی بوو لە گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ کورددا. ئەم هەنگاوەش زیانێکی ئاشکرای هەبوو لە جێهێشتنی ئێران وەک یاریکەرێک بۆ بەکارهێنانی کێشەی کوردی بۆ سوودی خۆی لە دژی بەغدادا.

بەم جۆرە کورد لە پێگەیەکی بەهێزەوە هاتنە سەر مێزی گفتوگۆ،[٢٩] بەڵام بەپێچەوانەوە، کورد بە شێوەیەکی سەرەکی زیاتر شەکەتیی دانیشتوانەکەی خۆی لە بەرچاو گرتبوو، کە بە هۆی شەڕێکەوە، کە لە ١٩٦١ەوە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بەردەوام بوو، دووچاریان هاتبوو. بە گوێرەی خەمڵاندنێک، نێزیکەی ٢٠٠٠٠ شەڕوان و هەزاران ژن و بە تەمەن و منداڵ بووبوونە قوربانیی ئەو شەڕە نۆ ساڵەیە، هەروەها نێزیکەی ٢٠٠ گوند لە لایەن هێزی ئاسمانیی عێراقییەوە خاپوور کرابوون،[٣٠] گومانی تێدا نییە بارزانی، کە ئاگاداری زەحمەتییەکانی گەلەکەی بوو، بەدوای ئەوەدا بوو هێز بۆ دانیشتوانەکەی بگەڕێنێتەوە هەروەک پێشتر دەیویست ئەوە بکات. ئەو ئەمەی لە چیرۆکێکدا دەربڕیوە لەبارەی گیراوێکەوە کە بە درەختێک بەستراوەتەوە و داوا دەکات لە درەختەکەی بکەنەوە و بە یەکێکی تری ببەستنەوە تاکو بتوانێت چەند هەنگاوێک بێ کۆت و بەند ببڕێ.

لایەنی بارزانی لە هاوپەیمانییەتەکەی کورد لەگەڵ شادا بەگومان بوون، چونکە

لەوە دەترسان شا هەر کاتێک بەرژەوەندییەکانی وای خواست پشتیان تێ بکات. لە هەوڵێکدا بەدوای دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی نوێدا، بارزانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ چەند نامەیەکی بۆ سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی تورکیا نارد، تێیاندا ئارەزووی خۆی بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و حکوومەتی تورکیادا دەربڕی "کە درێژەدەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی ئیسلامی بوون." بەڵام هیچی لێ نەهاتە بەرهەم،[٣١] لە کۆتاییدا کورد دەرکی کرد کە تەنیا ڕێژیمی عێراق لەو پێگەیەدایە داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکات. بارزانی باوەڕی وا بوو ئەمە دەرفەتێکە تا ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بەدەست بێنێ و باڵی تاڵەبانیی ڕکابەر تێک بشکێنێ و باڵی سەربازیی ڕێژیمیش لاواز بکات. هەرچەندە کورد هەر لە سەرەتاوە گومانیان لە بەعس و پاڵنەرەکانی کردبوو، ڕەچاوکراوەکانیان لە بەرامبەر ئەمەدا باییی ئەوە گران بوو ڕێگە بۆ دانوستاندنەکان خۆش بکات.

### ئامادەکردنی فەهمیی چوارچێوەییی ڕێژیمی بەعس

ئامادەکارییەکی چڕ لە ناوەوەی حزبی بەعس، ڕەزامەندیی لەسەر ئۆتۆنۆمیی کوردی پێش خست. مەبەستەکانی بەعس بریتی بوون لە هەڵگرتنەوەی چەند ئایدۆلۆجیایەکی نوێ بۆ ئەو ئامانجە سیاسییە نوێیانەی پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەبوو، بۆ بەهێزکردنی باڵی مەدەنیی حزبەکە کە پشتگیریی چارەی ئاشتییانەی کێشەی کوردی دەکرد لەسەر حیسابی باڵی سەربازیی ڕکابەر، هەروەها بۆ هێورکردنەوەی ترسی کورد لە هاریکاریکردنی حزبەکە، کە کورد بەعسیان وەک حزبێکی نەتەوەپەرست و شۆڤێنی دەبینی.

حکوومەتی بەعسە کورتە تەمەنەکەی ١٩٦٣ شوێنەواری ڤینێکی قووڵی لە نێوان هەردوو لادا بەجێ هێشت. بە ئایدۆلۆجیا ناسیۆنالیزمییە عەرەبییەکەیەوە، حزبی بەعس بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە پەسند نەدەبینی، کە لە تێڕوانینی بەعسدا هەڕەشەی لە یەکەتیی عێراق و پلانی یەکگرتنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکرد. لە لایەن خۆیەوە، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی گومانێکی قووڵی لە ئایدۆلۆجیای بەعس هەبوو، کە ئەگەر هەست پێ بکرایە، ڕێی تێ دەچوو ببێتە هۆی

توانەوەی کورد لەنێو بارستەیەکی گەورەی عەرەبدا. گومانی هەردوو لایەن، لە ١٩٦٢، باکگراوندی ڕووداوەکانی زیاتر بەرەو خراپی برد. پلانی ئۆتۆنۆمی، کە بەعس بەر لە گرتنە دەستی دەسەڵات خۆی پێیەوە پابەند کردبوو،[٣٢] بۆ پلانی ناناوەندیەتی گۆڕا کە بگرە ددانی بە بوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیشدا نەدەنا. سەرەڕای ئەوەش، ئەو شەڕەی لە حوزەیرانی ١٩٦٣، بەدرێژاییی دانوستاندنەکان، لە لایەن بەعسەوە لە دژی کورد دەست پێ کرا زۆر دڕندانەتر بوو لەوەی عەبدولکەریم قاسم. ساڵح مەهدی عەماش، وەزیری بەرگریی ئەوسا، لەو کاتیدا ڕای گەیاند: "من ئەمە بە شەڕ دانانێم. ئەمە تەنیا سەیرانێکی سوپایە و لە لایەن خەڵکی مەدەنییەوە هاریکاری دەکرێ بۆ کۆتاییهێنان بەو چەتانە."[٣٣]

یەکەم هەنگاو بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخەکە لە ڕاپۆرتێکی کۆنگرەی حەوتەمی ناوچەییی حزبی بەعس لە ١٩٦٨دا پوخت کرایەوە. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کرد کە "خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراق لەناو ئەو پرسیارە یەکەمینانەدا بوون، کە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی نیشتمانی دەبوونەوە". ڕاپۆرتەکە دووپاتی کردەوە کە حزبی بەعس "بەردەوام ڕێزی خواستە نەتەوەیی و خواستە پێشکەوتووەکانی گەلی کوردی گرتووە، هەروەها ئەم خواستانەی بە مافێکی شەرعی داناوە."[٣٤] ئەم گۆڕانە ڕیشەییە هەنگاوی تریشی لەگەڵدا هەبوو، مەبەست لێی باوەڕ پێکردنی ئەندامانی حزبەکە بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بە ئاشتییانە و دانی ئۆتۆنۆمی بە کورد. لە نیسان تا تشرینی یەکەمی ١٩٦٩، گفتوگۆیەکی گشتگر لەسەر پرسی کورد لە زنجیرەیەک وتاری ڕۆژنامەی ئەلسەورە لعەرەبییەی ئۆرگانی ناوخۆی حزبی بەعسدا ئەنجام درا. ئەو وتارانە بە گۆڕانێکی پراگماتیکی دەستنیشان کران و دوور بوون لە هێرشی توند و نەریتی لە دژی "چەتەکانی بارزانی." وتارەکان دووپاتیان کردەوە، کە لە مێژووی عێراقدا، هیچ کام لە بزووتنەوە نیشتمانییە عێراقییەکان خۆیان لە شەڕ نەپاراستووە، لەگەڵ باکوری عێراق وەک هۆڵی شانۆی ڕووداوەکان. ئەوان ددانیان بەوەشدا نا کە بزووتنەوەکەی بارزانی لەنێو لایەنی کوردیدا بەهێزترین و ڕاستەقینەترین بزووتنەوەیە. لەوەش زیاتر، ئەوان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە "زۆربەی گرووپە سیاسییەکان" لە عێراق پشتگیریی ئۆتۆنۆمی بۆ

کورد دەکەن بەلایەنی کەمەوە لە ڕووی تیۆرییەوە،[٣٥] پێشتر ئەم خاڵە لە لایەن میشێل عەفلەقەوە باس کرابوو، کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی حزبی بەعس و سکرتێری گشتیی سەرکردایەتیی نەتەوەیی بوو لە عێراق (بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لە کێبەرکێ لەگەڵ سەرکردایەتیی نەتەوەیی حزبی بەعس لە دیمەشق). لە ناو وتارێکیدا کە لە حوزەیرانی ١٩٦٩دا دای، عەفلەق ڕای گەیاند "حزبەکەی دژی مافەکانی کورد ناوەستێ بۆ جۆرێک لە حوکمی زاتی،" هەر دوای ئەوە گوتی "بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بەشێکی ڕەوای شۆڕشی عەرەبییە."[٣٦]

هەنگاوی دواتر بریتی بوو لە ئامادەکردنی ڕای گشتیی عێراق. لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩، ئەلسەورە وتارێکی بە ناوی "ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد چییە؟" بڵاو کردەوە، بابەتەکە ڕەنگدانەوەی ئەو تەنگژەیە بوو کە پارتەکە ڕووبەڕووی دەبووەوە، بەرەنجامی دروستکردنی فەزایەکی پۆزەتیڤ بوو سەبارەت بە پرسی کورد لە لایەک، لە لایەکی تریش غەریزەیەکی سروشتی بوو بۆ سەرزەنشتکردنی بارزانی و گرووپەکەی. ئەم دووانە، وەک تایبەتمەندیی هەموو وتارەکە، دەبوو بە ئاماژەیەکی سەرەکیی ناساندنی پێوەندییەکانی نێوان بەعس و کورد. وتارەکە ئاماژەی بەوە دەکرد کە پرسی کورد، وەک "دۆزێکی نیشتمانی" لەگەڵ ڕۆحییەتی سەردەمەکەدا دەگونجێ. لەگەڵ ئەوەشدا پێشاندانی کێشەکە بەوەی لەگەڵ پرسی عەرەب لە ململانێدایە، بە گوێرەی وتارەکە، هەم هەڵە بوو هەمیش تێکشکێنەر. وتارەکە تێیدا هاتبوو کە ئەوە هەڵەی سەرەکیی سەرکردایەتیی بارزانییە ئەو سەرکردایەتییەی کە بەرپرسیار بوو لە تەنگژەی متمانە لەگەڵ بەعس لە ١٩٦٣وە و دوای هاتنی بەعسیش بۆ سەر دەسەڵات لە ١٩٦٨، وتارەکە تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە حزبی بەعس لە پرسی کورد تێ دەگات و لە هەموو لایەنێکی تر زیاتر توانای چارەسەرکردنی هەیە، هەروەها داوای لە هەموو "هێزە کوردییەکان" دەکرد هاریکاریی بەعس بکەن. لە هەمان کاتدا، وتارەکە بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ڕەگەزەکانی سەربازی کردبوو، کە بە دوای ئەوەوە بوون زیان هەم بە کورد و هەم بە بەعسیش بگەیەنن، هەروەک ئەمە کێشەکەی ١٩٦٣ بوو.[٣٧]

دوایەمین مۆری ئاشتەوایی لە دەیەم کۆنگرەی نیشتمانیی حزبەکەوە، کە لە

سـەرەتای ئاداری ١٩٧٠ بەسـترا، ڕەزامـەندیی لەسـەر درا. کۆنگرەکـە جـارێکی تر تەئکیدی لەسـەر چارەسـەرکردنی کێشـەی کورد بە ئاشتییانە کردەوە، لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکەتیی عێراق کە لە هەمـان کـاتدا زەمـانەتی هـاوکـاریی نێوان خەڵکی عەرەب و کوردی دەکرد.[٣٨]

## توولەڕێیەکانی دانوستاندنەکان

لەگـەڵ مـامەڵەی هۆشـیـارانەی حزبی بەعس، ڕێژیم لە ئەیلوولی ١٩٦٩ دانوسـتـاندنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی بارزانیدا دەست پێ کرد. سێ قۆناغە سەرەکییەکەی دانوســتــاندن لە ئەیلوولی ١٩٦٩ تا ئاداری ١٩٧٠ دیاری کـران. لەبەر ناسکیی کێشـەی کورد، گفتوگۆکان تەواو بەنهێنی بەڕێوە دەچوون، هەم لە بەغدای پایەتەخت و هەم لە بارەگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوپردان لە پارێزگای هەولێر، کە ٣٥ کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوور بوو.

نوێنەرانـی سـەرکـردایەتیی هـەرێمـیی بەعس و نوێنەرانـی باڵی سـەربازی بە ناوی ڕێژیم لە قـۆناغـە جیـاوازەکانی دانوسـتـاندنەکـەدا بەشدار بوون، بەڵام جیـاوازیی بەرچاو لە نێـوانیـاندا هەبوو. لە کـاتێکدا بـاڵی سـەربازی پشـتگیـریی چارەسـەری سـەربـازیی دەکـرد، کـوتلەیەکی گـەشـەکـردوو لە سـەرکـردایەتیی هەرێمی بەدوای چارەیەکی ئاشـتـیـیـانە بوو. سـەرکـردایەتیی نیـشـتـمـانی، کـە لەو کـاتـدا هەندێ کاریگەریی بەسەر ڕێژیمەکەدا هەبوو، پشتگیریی چارەسەرێکی ئاشتییانەی دەکرد. ئەو کـەسـایەتـییـە عێـراقـییـە سـەرەکـیـیـەی کـە دەسـتـپـێـشـخـەری کـرد و بەدوای ڕێککەوتنێک بوو لەگەڵ کورددا، سـەدام حوسـێن بوو. سـەدام چارەسـەری کێشـەی کــوردی وەک نوێڵــێک دەبینی بۆ دەرهێنانی ڕکـابەرەکــانی لە ســوپا و لـەوێوەش دەرکـردنی سـوپا لە سیاسـەت کە دەبووە بەهێزکردنی پێگەی خۆی و پێگەی حزبی بەعسـیش. سـەدام بە شـێوەیەکی ڕاسـتـەوخۆ بەشـداریی لە قۆناغـە جیـاوازەکانی دانوسـتاندنەکاندا کرد و چەند جارێکیش لەگەڵ بارزانیدا کۆبووەوە. ئەندامانی تری سـەرکردایەتیی هەرێمی بەشـدارییـان لە دانوسـتـاندنەکان کـرد وەک تارق عـەزیز، ئەندامێکی لێهاتووی بەعس بوو و دواتر بوو بە پیاوی دەستەڕاستی سەدام حوسێن.

بەشدارانی باڵی سەربازی بریتی بوون لە ساڵح مەهدی عەماشی وەزیری ناوەخۆ و حەردان عەبدولغەفار تکریتیی وەزیری بەرگری و حەمادی شهابی سەرۆکی سوپا و سەعدون غێدانی فەرماندەی سەربازگەی بەغدا. لەنێو سەرکردایەتیی نیشتمانیدا، دیارترین کەسایەتی کە بەشداریی دانوستاندنەکانی دەکرد بریتی بوو لە میشێل عەفلەقی سکرتێری گشتی.

سەبارەت بەلایەنی بارزانی، بەڕوونی دیار بوو کۆدەنگییەک هەبوو سەبارەت بەو هێڵەی کە لە دانوستاندنەکان دەگیرایە بەر. بارزانی ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە دانوستاندنەکاندا هەبوو، بەڵام لەبەر نەبوونی متمانەی بە نیازەکانی بەغدا شوێنی دانیشتنی خۆی بەجێ نەهێشت. بەجێگەی ئەوە، شاندە جیاوازەکان دەهاتنە لای ئەو، یا نێردەکانی خۆی دەچوونە بەغدا. شاندی کوردی، بە سەرکردایەتیی مەحموود عوسمان کە ناسرا بوو بەوەی کاریگەریی لەسەر نەوەی نوێی کورد هەیە، هەردوو کوڕەکەی بارزانیش، ئیدریس و مەسعوودی، لەخۆ دەگرت.

عەزیز شەریف، کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ وەک وەزیری داد دیاری کرا، ڕۆڵی ناوبژیکەری وەرگرت. شەریف، کە چەپڕەو و پێشتر شیوعی بوو، لە لایەن یەکەتیی سۆڤیەتەوە هان دەدرا تا ئەو پێگەیە بگرێتە ئەستۆ. لە ڕاستیدا، سۆڤیەت ڕۆڵێکی خراپی نەبوو لە بەرەوپێشبردنی دانوستاندنەکاندا،[٣٩] لە ئەیلوولی ١٩٦٩، پراڤدا (ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئۆرگانی فەرمیی حزبی شیوعیی سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەت بوو) پێشتر داوای لە بەعس کردبوو "خواستە نەتەوەیییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دابین بکات."[٤٠]

بەهۆی نەبوونی متمانەیەکی زگماک لە نێوان هەردوو لایەن و هەبوونی چەند کێشەیەکی بەرچاو سەبارەت بە سروشتی داخوازییەکانی کورد و ململانێیەکی دەسەڵات لەنێو ڕێژیمەکەدا کە پرۆسەی بڕیاردانی زەحمەت کرد، دانوستاندنەکان درێژدادڕ و پڕ پێچوپەنا بوون. بەعس وا دیار بوو شوێن دوو ڕێچکە کەوتبوو: یەکێکیان لەنێو گرووپی فەرمانڕەوا و ئەوی تر ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە دایەلۆگی نێوان بەغدا و کوردەوە هەبوو. لە ئەیلوولی ١٩٦٩ تا کانوونی دووەمی ١٩٧٠، سەرەکیترین کێشە لەنێو گرووپی فەرمانڕەوادا بوو، تەنیا بە نەهێشتنی ئەوانە،

دانوستاندنەکان دەیتوانی لەسەر ڕێچکەی دووەم بەرەوپێش بچن. لە ئەیلوولدا شەریف کە لە گفتوگۆکانی سەرەتادا ڕۆڵی ناوبژیکەری بینی، لەگەڵ بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی کوردیدا کۆ بووەوە،[٤١] ڕاپۆرتەکان دەریان خست ئەوە سەدام بوو، کە یەکەم پێوەندیی لەگەڵ نوێنەرەکانی بارزانیدا دامەزراند لە کاتی سەردانێکدا بۆ باکوری عێراق لە ئەیلوولی ١٩٦٩، دوا بەدوای ئەوە، کۆبوونەوە نهێنییەکان لە ناوچەی ناوپردان و کۆشکی سەرۆکایەتی لە بەغدا و لە بەیرووتیش، لە شوێنی نیشتەجێبوونی میشێل عەفلەقدا، ئەنجام دران. هەرچەندە، دانوستاندنەکان گەیشتنە خاڵی سفر لەو قۆناغەی باڵەکەی بەعس، کە پشتگیریی چارەی ئاشتییانەی بۆ کێشەی کورد دەکرد، دەبوو ئەو ئامانجانەی خوارەوە بەدەست بێنێ: (١) لاوازکردنی باڵی سەربازی کە دژی ڕێککەوتن بوو لەگەڵ کورددا، (٢) کۆکردنەوەی پشتگیریی کەسایەتییە سەربازییەکانی تر بۆ ڕێککەوتنەکە (٣) پێکهێنانی جۆرێک لە هاوپەیمانی لەگەڵ سەرکردایەتیی نیشتمانی بۆ وەرگرتنی شەرعییەتی ئایدۆلۆجی بۆ ڕێککەوتنەکە.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩، شێست ئەفسەری باڵای سەر بە عەماش لە پۆستەکانیان گواسترانەوە، لە تشرینی دووەمیشدا لادانی عەماش و تکریتی لە پۆستەکانیان وەک جێگری سەرۆک وەزیران و دیاریکردنی سەدام وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەدوادا هات. لە کانوونی یەکەمدا، سەدام کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ٦٠٠ ئەفسەری سوپادا کرد تا ڕاپۆرتی گفتوگۆکانی لەگەڵ کورددا پێ ڕابگەیەنی، داوای لێ کردن بڕیاری حکوومەت لەسەر دۆزی کورد قەبووڵ بکەن،[٤٢] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفسەرەکان بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی هەر چارەیەکی تر جگە لە چارەی سەربازی. لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، پیلانگێڕییەک دژی ڕێژیمەکە "بە یارمەتیی ئێران و ئەمەریکا و زایۆنیزم" ئاشکرا بوو،[٤٣] پیلانگێڕەکان سزا دران، لەنێو هۆکارەکانی تردا، بە هۆی هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە تێگەیشتنێک لەگەڵ کورددا، لە هەمان ڕۆژدا، سی و سێ ئەفسەر لەدار دران. هاوشان لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا، کە بەخراپی زیانی بە بنکەی پاڵپشتیی تکریت و عەماش گەیاند، ئەوە گونجاو بوو کە دایەلۆگێک لەگەڵ ئەفسەرەکانی تری سوپا بۆ

دڵنیابوون لە پشتگیریی ڕێککەوتنەکە ساز بکرێت. دوا بەدوای ئەوە، لە ٣ی نیسانی ١٩٧٠، دیاریکردنی حەماد شەهاب لە جێگەی حەردان تکریتی بۆ پۆستی وەزیری بەرگری و سەعدون غێدان لە جێگەی عەماش لە پۆستی وەزیری ناوەخۆ و شان بەشان لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی گرینگی تر لە سوپادا، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ جۆرێک لە ڕێککەوتن کە پێشوەخت ڕێک خرابوو.

لە هەمان کاتدا، سەدام و عەفلەق دەستیان کرد بە داخستنی ڕیزەکانیان. پشکی هاوبەشی نێوانیان ئەو ڕاستییە بوو، کە هەردووکیان ئەندامی مەدەنیی حزبەکە بوون، هەردووکیان دوژمنی سوپا و بە دوای دەرکردنی سوپا بوون لە سیاسەتدا و هەردووکیشیان لەو قۆناغەدا مکوڕ بوون لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەی ئاشتییانە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩، عەفلەق هاتە بەغدا تا لە کۆبوونەوەی فەرماندەی نیشتمانیدا پشتگیریی خۆی بۆ دانوستاندنەکان لەگەڵ کورددا دەرببڕێ. ئەو لە ڕاگەیاندنی عێراقیدا ڕەزامەندیی گشتیشی بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەربڕی. دوو مانگ دواتر، دارا تۆفیق لە بەیرووت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی فەرماندەی نیشتمانی بۆ ڕێککەوتنەکە، لە بەراییی ئاهەنگی ئیمزاکردنەکە لەگەڵ عەفلەق کۆ بووەوە. پێ دەچێ، بارزانی داوای ڕەزامەندیی عەفلەقی کردبێ تا زیاتر ڕەوایی بە ڕێککەوتنەکە بدات.

سێ ڕۆژ دوای پێزانینی پیلانگێڕییەکە لە ٢١ی کانوونی دووەم، سەدام ئامادەییی دایەلۆگێکی لە نێوان حزبی بەعس و حکوومەتی عێراق و بارزانیدا ئاشکرا کرد. لە هەمان ڕۆژدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لێبووردنی دەرکرد بۆ ئەوانەی کە بەشدارییان لە ڕووداوەکانی باکوردا کردبوو. بە گوێرەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، پاڵنەری پشت ئەو هەنگاوە برێتی بوو لە فەراهەمکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی پلانە دوازدە خاڵییەکەی ئەلبەزازی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦، ئێزگەی کوردستان لە ٣ شوباتی ١٩٧٠ ڕاگەیەنراوێکی بڵاو کردەوە لەژێر ئەو کاریگەرییەی کە خواستی گەلی کورد و عەرەب بۆ بەدەستهێنانی چارەیەکی ئاشتییانە ڕەزامەندیی لەسەر دراوە و لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی گەلی عێراق هەڵدراوەتەوە. ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە چاوەڕوان دەکرا لە ٨ی شوبات

بێت، ڕۆژێکی سیمبۆلی کە ساڵوەگەڕی یەکەم دەسەڵاتگرتنە دەستی بەعسی لە ١٩٦٣ دیاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ١١ی شوبات، ئاژانسی هەواڵیی عێراق دواخستنی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامە هاوبەشەکەی بڵاو کردەوە تا ئەو کاتەی هەردوولا کۆسپەکانی بەردەمیان لادەدەن. لە ١٥ی شوبات، پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئاوێزان بوون.

بڕبڕەی سەرەکیی جیاوازییەکە برێتی بوو لە داخوازیی کورد بۆ ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی، کە لەو قۆناغەدا بەعس دژی بوو و مکوڕ بوو لەسەر ئۆتۆنۆمیی کەسیی کولتووری. وتارێکی ئەلسەورە تێیدا هاتبوو "ناسیۆنالیزمی کوردی پێویست ناکات داوای دروستکردنی ناوچەیەکی جوگرافی بکات تا مافە نەتەوەییەکانی تێدا جێبەجێ بکات." هەروەها ئەوەی تێدا بوو، کە بەعس دژی ئۆتۆنۆمیی ناوچەییە، ئەوەشی ڕوون کردبووەوە ئەم هەنگاوە وەک دروستکردنی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا دەبینرێت و لە داهاتوودا هانی مەیلی جیاخوازان دەدات. ئەلسەورە ئەو کات داوای لە کورد کرد ڕیزەکانی خۆیان لە "جیاخوازان و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی"[٤٤] پاک بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی زەحمەتترین کێشەی، لیوای کەرکووکی، لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، کە کورد بەدوای ئەوەدا بوون لەگەڵ سێ پارێزگاکەی تر: سلێمانی و هەولێر و دهۆکدا بیخەنە ناو ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەوە. داخوازیی کورد بۆ کەرکووک لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ئەوان لەو پارێزگایەدا زۆرینە پێک دێنن،[٤٥] لە ڕاستیدا، تا سەرەتای ١٩٤٣، مەلا مستەفای بارزانی داوای لە حکوومەت کرد "هەرێمێک لە کوردستان پێک بهێنرێت کە لیواکانی کەرکووک و هەولێر و سلێمانی لەخۆ بگرێت."[٤٦] لە لایەن خۆیەوە، ڕێژیم دانی بەو جۆرە مافە ئابووری و ستراتیجییانە نەدەنا کە ڕێی تێ دەچوو دەسەڵاتێکی مەزن بە کورد بدا و هانیان بدات داوای سەربەخۆیی بکەن. ڕێژیم لێرەوە خێرا بوو ئەوە ڕابگەیەنێ کە ناوچەی کەرکووک دانیشتوانێکی تێکەڵی هەیە کوردیش تێیدا تەنیا کەمینەیەک پێک دێنێت. وەک ڕێوشوێنێکی دەستپێشخەر، تورکمانەکان کە ئامادەییەکی بەهێزیان لە ناوچەکەدا هەبوو، لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ چەند مافێکی کولتوورییان پێ

درا. بەگوێرەی سەرچاوەیەک تورکمانەکان، کە عوسمانییەکان هێنایان تا بەر لە هێرشی عەشیرەتەکان بگرن، وا باوەڕ دەکرا کەمتر لە ٢٪ی دانیشتوانی کەرکووک پێک بێنن.[٤٧]

زەحمەتە ڕاستیی ئەو کێشەیە بزانرێت، لەبەرئەوەی سەرژمێریی فەرمی سەبارەت بە پێکهاتەی ئیتنی و کۆمەڵەکانی ناوچەکە لەوەتەی ١٩٤٧ بڵاو نەکراوەتەوە. تا ٢٠١٠، هیچ سەرژمێرییەک نەکرابوو. بە گوێرەی سەرژمێرییەکەی ١٩٤٧، ژمارەی کورد لەو ساڵەدا لە کەرکووک لە کۆی ٢٨٥٩٠٠ کەس ١٥١٥٧٥ کەس بوونە،[٤٨] بە مانایەکی تر، کورد زۆرینەیان پێک هێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کاتەوە ڕێوشوێنی ئیداریی جیاواز گیراوەتە بەر، لەوانە ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی (جێگیرکردنی عەرەب لە ناوچەکەدا) و بڵاوەپێکردنی کورد،[٤٩] بە گشتی، پرسێکی گرینگی لەو شێوەیە تەنیا لەسەر بنەمای زۆریی ژمارە یەکلایی نەدەکرایەوە بگرە لەسەر توانای لایەنە بەهێزترەکەوە بوو (کە لەم دۆخەدا ڕێژیم بوو) بۆ پێشخستنی ویستی خۆی.

خاڵێکی جیاوازی تر برێتی بوو لە داخوازیی کورد بۆ چوونە ناوەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، دەستەی بڕیار دروستکەری دەوڵەت، لە جێگەی کابینەی حکوومەتدا، کە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی نەبوو. ئەم داخوازییە ڕەت کرایەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدایە و لەو کاتەدا تەنیا ئەندامانی بەعس دەتوانن لەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشدا بن. بە شێوەیەکی ڕوونتر، فەرمانڕەواکانی بەغدا دوودڵ بوون دەسەڵات بەش بکەن. داخوازیی کورد بۆ دامەزراندنی پەرلەمانێک لە ماوەی دوو ساڵدا بە هەمان شێوە ڕەت کرایەوە.

بۆچوونەکان لەسەر داهاتووی سوپای پێشمەرگەش جیاوازیی کەوتە سەر. لە کاتێکدا ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی بەشێک لە هێزی پێشمەرگە ببن بە پاسەوانی سنوور (حرس وطني)، بەڵام کۆدەنگییەک نەبوو سەبارەت بە ژمارەی ئەو کوردانەی کە ئەو بەشە دەیانگرێتەوە. لە کاتێکدا کورد داوای ١٠٠٠٠ پێشمەرگەی دەکرد، ڕێژیم سوور بوو لەسەر ٥٠٠٠، ئەم خاڵە ئەو تەحەفوزە بنچینەییە ڕوون دەکاتەوە، کە هەردوولا لە یەکترییان شاردبووەوە بۆ خۆدوورخستنەوە لە یەکتری و بۆ

خۆپاراستن لە دۆخی نوێبوونەوەی ململانێی چەکداری.

سەرەڕای ئەم زەحمەتییانە، گفتوگۆکان لە ڕێگەی ناوبژیی چالاکانەی عەزیز شەریفەوە نوێ بوونەوە. لە ٢ی ئاداری ١٩٧٠، ڕۆژنامەی جمهورییە لە وتارێکیدا هێرشی کردە سەر"ئەو ڕەگەزە شۆڤێنییانەی هانی شەڕیان دەدا و ئەوانەی دەسڕۆیشتنێکی کاتییان بەدەست هێنا لە ماوەی ساڵانی ململانێی چەکداری لە نێوان هاوولاتی و دەوڵەتدا" (وەک تل نیشانێک بۆ سوپا). ڕۆژنامەکە ئەوەی بڵاو کردەوە کە ئەو چارەیەی حزب گرتوویەتییە بەر پێویستە ببێتە نموونەیەک بۆ هەموو ئەو وڵاتە عەرەبییانەی بەدەست هەمان کێشەوە دەناڵێنن[٥٠].

ئەوە سەدام بوو، کە ڕێککەوتنەکەی بە ئەنجام گەیاند. ئەو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ (٨ ١٠ی ئادار) لە ناوپەردان مایەوە و نەڕۆیشت تا هەموو کێشەکان ڕوون کرانەوە و ڕێککەوتننامەیەکی تێروتەسەل گەڵاڵە کرا. بە شێوەیەکی ڕوونتر، هەردوولا دەبوو لە پێگەی خۆیان بێنە دەرەوە و تەنازولی پڕ ئێش و ئازار ئەنجام بدەن. ئەمە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ڕژێم جێبەجێ دەبوو. ڕاستییەکەی ئەوە بڕیاری ڕژێم بوو لە دداننان بە بنەمای ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی، کە کوردی گەڕاندەوە سەر مێزی گفتوگۆ. لە لایەن خۆیانەوە، هەرچەندە داخوازیی کوردی بۆ کەرکووک پێش نەخست، کەچی ئەوان ڕازی بوون بە دواخستنی ئەو بڕیارە تا ئەو کاتەی سەرژمێرییەک لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدرێت. داوای کورد لە بەشداربوونیان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش جێبەجێ نەبوو، بەڵام لە جیاتیی ئەوە، پێنج وەزیر و جێگری سەرۆکێکی کوردی دیاری دەکران. کورد گفتی بەشداریکردنیان لە هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی وێنەکراویشدا وەرگرت. سەبارەت بە پێشمەرگەش، گەیشتنە چارەسەرێکی مامناوەندی کە ٦٠٠٠ کەس بەشدار دەبن لە پاسەوانیی سنووردا.

ڕێگە لەو کاتە بۆ بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠ کراوە بوو.

پەراوێز:

1. See, for example, Nidal al-Ba‘th fi Sabil al-Wahda al-Hurriyya wal-Ishtirakiyya (Beirut: 1971), pp. 308–309; and Michel ‘Aflaq, Nuqtat al-Bidaya (Beirut:Al-Mu’assasa al-‘Arabiyya lil-Dirasat wal-Nashr, 1974), pp. 107–108.
2. See Phebe Marr, The Modern History of Iraq (Boulder, CO: Westview Press, 1985), pp.

204–214; Ofra Bengio, "Iraq," inMiddle East Record (MER) 1968, ed. Daniel Dishon (Jerusalem: Israel Universities Press, 1977), pp. 516–521; Marion Farouk-Sluglett and Peter Sluglett, Iraq Since 1958: From Revolution to Dictatorship, 3rd ed. (London: I. B. Tauris, 2001), pp. 107–116; and Charles Tripp, A History of Iraq (Cambridge: Cambridge University Press, 2002), pp. 193–199.

3. Regarding the crisis with the Shi‘a, see Avraham Hayim, "The Shi‘a in Iraq," Hamizrah Hehadash 19, no .4 (1969): 323–354 (in Hebrew); Tripp, A History of Iraq, pp. 202–204; and Graham E. Fuller and Rend Rahim Francke, The Arab Shia: The Forgotten Muslims (New York: Palgrave, 2001), pp. 100–101.
4. The Iraqi Communist Party (hereafter ICP) was divided into two main groups. The dominant group, called the ICP Central Committee, is the one mainly referred to in this book. The second group, the ICP Central Leadership, was greatly weakened with the surrender of its general secretary ‘Aziz al-Hajj to the police in the spring of 1969. Regarding the breakdown of the talks between the Baath and the ICP Central Committee, see Edith Penrose and E. F. Penrose, Iraq: International Relations and National Development (London: Ernest Benn, 1978), p. 360.
5. It was one of the open secrets in the Middle East that "the Iranian government have [sic] in the last decade given the Kurds . . . considerable support in money, equipment, training and rear communications." Public Record Office, FCO17/872, 2 October 1968.
6. A thalweg line is a line connecting the lowest points along a river or valley.
7. Iran–Iraq Boundary, International Boundary Study no. 164, the Geographer Office of the Geographer Bureau of Intelligence and Research, 13 July 1978).
8. Beirut Regional News Service, 22 April 1969, cited in Daily Report, 23 April 1969.
9. Abbas Kelidar, "Iraq: The Search for Stability," Conflict Studies, no. 59 (1975):

11; Ismet Cheriff Vanly, Le Kurdistan irakien, entité nationale: Étude de la révolution de 1961 (Neuchâtel, Switzerland: Éditions de la Baconniere, 1970), pp. 246–249; Public Record Office, FCO17/1237, 2 April 1970. On the Peshmerga, see Michael G. Lortz, "Willing to Face Death: A History of Kurdish Military Forces—The Peshmerga From the Ottoman Empire to Present-day Iraq" (master’s thesis, Florida State University, 2005).

10. The Israeli Mossad was said to have helped set up the Parastin (meaning protection in Kurdish) back in 1966. The Parastin was commanded by Mas‘ud Barzani, who had trained intensively in Kurdistan and Israel. Jonathan C. Randal, After Such Knowledge,What Forgiveness?My Encounters with Kurdistan (Boulder, CO:Westview Press, 1999), pp. 190–191.
11. For a background see Michael M. Gunter, The Kurds of Iraq: Tragedy and Hope (New York: St. Martin’s Press, 1992), pp. 7–14. 12. Chris Kutschera, Le mouvement national kurde (Paris: Flammarion, 1970), pp. 251–252.
13. Al-Thawra al-‘Arabiyya (Baghdad), no. 7–12 (1969), pp. 287–292.
14. Ibid.
15. Ibid.
16. Personal communication with Barzani associate.
17. Public Record Office, CO 730/157/8, 9 October 1930.

18. Hamit Bozarslan, "TribalAsabiyya and Kurdish Politics:ASocio-historical Perspective," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 133.
19. The north is an alternate term for the Iraqi Kurdistan area. The authorities sought to avoid the term Kurdistan, which might have separatist connotations.
20. Radio Baghdad, 9 October 1969, cited in BBC, 11 October 1969.
21. Kutschera, Le mouvement, p. 265.
22. Al-Hayat, 12 March 1970. According to another source, four divisions were involved in the fighting. See Kutschera, Le mouvement, p. 268.
23. Hardan ‘Abd-al-Ghaffar al-Tikriti in an interview by Kayhan International, 9
December 1968. It should be noted that this rare disclosure was published in a non-Iraqi journal.
24. Al-Ahram (Cairo, daily), 13 March 1970.
25. Public Record Office, FCO17/1237, 2 April 1970.
26. International Herald Tribune (Paris and Zurich , daily), 13 March 1970; Varda Ben-Zvi, Middle East Record 1969–1970 (Tel-Aviv: Tel-Aviv University, 1977), pp.
562–563; Al-Ahram, 13 March 1970.
27. Kutschera, Le mouvement, p. 272.
28. Ibid. The author did not detail what the defined proposals were.
29. The following was their assessment of the situation: "In 1970 the Baathist regime were [sic] weak and knew . . . that [it] would not remain in power if it continued the fight." Public Record Office, FCO8/2307, 22 July 1974.
30. Ha’aretz (Tel Aviv, daily), 15 March 1970.
31. Public Record Office, FCO17/872, 14 October 1968.
32. Uriel Dann, Iraq Under Qassem: A Political History, 1958–1963 (New York: Praeger, 1969), p. 344.
33. Derek Kinnane, The Kurds and Kurdistan (London: Oxford University Press, 1964), p. 76.
34. Radio Baghdad, 6 February 1969, cited in BBC, 8 February 1969.
35. A series of articles appeared in Al-Thawra al-‘Arabiyya, pp. 203–600. It seems that the author of the articles was ‘Abdullah Sallum al-Samarra’i who served as minister of culture and information during 1968–1969. Ferhad Ibrahim, Die Kurdische Nationalbewegung im Iraq (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1983), p. 576.
36. ‘Aflaq’s remarks were quoted in Al-Thawra, 11–12 March 1973.
37. Al-Thawra, quoted by Iraqi News Agency, 17 December 19 December 1969, cited in Daily Report, 19 December 1969.
38. Radio Baghdad, 13 April 1970, cited in Daily Report, 14 April 1970.
39. Al-Musawwar (Cairo, weekly), 20March 1970; PeshMerga,August–December, (Helsinki) 1976. Subsequently, the ICP also claimed that it had played an important role in negotiating the agreement between the Kurds and the regime. World Marxist Review (Toronto, monthly), June 1974.
40. Pravda, 21 September 1969, as quoted by Mizan Supplement (London), September– October 1969. 41. Sa‘ad Jawad, Iraq and the Kurdish Question, 1958–1970 (London: Ithaca

Press,1981), p. 255.

42. Kutschera, Le mouvement, p. 274.
43. Al-Hawadith (Beirut, weekly), 30 January 1970.
44. Al-Thawra, quoted by Le Monde (Paris, daily), 19 February 1970.
45. In later years, the Kurds argued that Kirkuk was sacred to them.
46. Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement: Its Origins and Developments (Syracuse: Syracuse University Press, 2006), p. 232.
47. Cecil J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs (London: Oxford University Press, 1957), pp. 430–438.According to other sources, the Turkomans numbered about 80,000 and constituted about one-fifteenth of the Kurds in the early 1960s. In 1970, their percentage in the population was estimated at between 1.5 percent and 2.5 percent. Bernard Vernier, L'Iraq d'aujourd'hui (Paris: Librarie Armand Colin, 1963), p. 60; Area Handbook for Iraq (Washington, DC: American University, 1971), p. 62. In the mid-1970s, their number was evaluated at 330,000. Munir H. Nasser, "Iraq: Ethnic Minorities and Their Impact on Politics," Journal of South Asian and Middle Eastern Studies 8, no. 3 (1985): 24. The city of Kirkuk, which lies in the center of the province, is a mixed city of Arabs, Kurds, and Turkomans. For two eye-opening analyses on Kirkuk, see Henry D. Astarjian, The Struggle for Kirkuk (Westport, CT: Praeger Security International, 2007); and Gareth Stansfield, Crisis in Kirkuk: The Ethnopolitics of Conflict and Compromise (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2009).
48. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, pp. 430–438.
49. The Baath regime was the first to initiate a policy of Arabization in the Kurdish area in 1963. Forty thousand Kurds were displaced from the Kirkuk area alone. Kutschera, Le mouvement, p. 237.
50. Al-Jumhuriyya, 2 March 1970.

## ٣
## ڕێ خۆشبوون بە نیازی چاک

بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠، کە مەبەست لێی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتییانە بوو، بەڵگەیەکی نافەرمی بوو گرینگترین تەنازولی لەخۆ دەگرت کە تا هەنووکەش لە لایەن هەر ڕێژیمێکی عێراقییەوە بۆ کورد کرابێ، بە شێوەیەکی دیاریکراو، ددانـنان بە ئۆتۆنۆمیی کورد بوو. لە پاڵ ئەمەشدا هەموو لایەنەکان لە بەغدا ڕازی نەبوون لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە بەو ڕێگەیە. هەتا ئەندازیارەکەشی (سەدام)، کە لەو کاتدا پەرۆشییەکی لە سنووربەدەری بۆ بەیاننامەی ئادار دەربڕیبوو، لەژێر ناچاریی بارودۆخەکاندا ئەمەی کردبوو و تەواو لەوە ئاگەدار بوو کە چارەنووسیان بە شێوەیەکی تایبەت و چارەنووسی بەعسیش بە شێوەیەکی گشتی بە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کوردی بەستراوەتەوە.

لە ١١ ئاداری ١٩٧٠، سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر "بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش"ی لەبارەی پرسی کوردەوە لە ئێزگەی بەغدادا خوێندەوە، کە پێشەکییەک و چواردە بەندی لەخۆ دەگرت. بەیاننامەکە ئاماژەی بەو زەحمەتییانە دەدا، کە لە بەردەم گەڵاڵەکردنیدا دروست بووبوون. کارامەییی بەیاننامەکە لە بەکارهێنانی وشەی بەیاننامە دەردەکەوت، کە گومانی تێدا نەبوو حکوومەت بۆیە ئەو وشەیەی هەڵبژاردبوو چونکە ئاماژەیەکی تاکلایەنەی بۆ خۆی دروست دەکرد. دەستەواژەی ڕێککەوتننامە، لە لایەکی ترەوە، ئەوەی دیاری دەکرد، کە ئەو دوو لایەنەی لە دانوستاندنەکاندا بەشدارن لە پێگەیەکی یەکساندان. جیاواز لە بەکر، کورد لە ڕاگەیاندنیدا دەستەواژەی ڕێککەوتنیان بۆ بەکار دەهێنا[١].

پێشەکیی ڕێککەوتننامەکە جەختی لەسەر دوو بابەت دەکردەوە:

١. چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، کە لە هەموویان سەرەکیتر بریتی بوو لە کێشەی کورد و دروستکردنی یەکەتیی نیشتمانی ڕێ بە دەوڵەتی عێراق دەدات "هەموو داهاتەکانی خۆی لە پێناو شەڕی نەتەوەیی تەرخان بکات"، واتە، شەڕ لە پێناوی فەڵەستین،[٢] ئەم جەختکردنەوەیە هەنگاوێکی پێشوەخت بوو بۆ شیمانەی بوونی ڕەخنە لە لایەن باڵی سەربازییەوە و بەستانەوەی ڕێککەوتننامەکەش بوو بە پرسی فەڵەستین،[٣]

٢. بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە سەرکردایەتیی نەتەوەیی لە حەوتەم کۆنگرەی هەرێمیی ١٩٦٨دا بناخەی هزریی تیۆری چارەسەرێکی بۆ کێشەکە داناوە، ئەمە وا دەکات ڕێککەوتننامەکە لە بەرچاوی کورددا ڕەوایەتییەکی مەزنتری هەبێت.

ڕێککەوت نەبوو کە خاڵی سەرەکیی بەیاننامەکە لە کۆتاییدا دانرابوو. مادەی ١٤، کە باسی لە یەکگرتنی ئەو پارێزگایانە دەکرد، کە زۆرینەیان کوردن تا ببن بە یەک یەکەی کارگێڕی، بەهەڵکەوت ئەوەی تێدا هاتبوو کە دانیشتوانی ئەو یەکەیە "ئۆتۆنۆمییان دەبێ." لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەستەواژە ڕیشەییە بە سێ کۆتەوە بەسترابووەوە:

١. دەبوو ئۆتۆنۆمییەکە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بێ، کە مانای ڕەتکردنەوەی جیاخوازی بوو.

٢. دەبوو کەڵک وەرگرتن لە بەکارهێنانی داهاتە سروشتییەکان لە بەردەستی کۆماری عێراقدا بێ، کە ئەمە ئەوەی دەگەیاند داهاتەکانی نەوت لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندیدا دەمانەوە.

٣. ئۆتۆنۆمییەکە یەکسەر نەدەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، بگرە دوای چوار ساڵی تر جێبەجێ دەکرا. هەرچەندە ئەم کۆتە لە تێکستەکەدا نەهاتبوو، تێگەیشتنێکی زارەکی سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە هەبوو.

مادەی ١٠ مادەیەکی گرینگ بوو، تێیدا هاتبوو "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی

سەرەکی پێک دێت، نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد." هەرچەندە پێشتریش لە دەستووری کاتیی عەبدولکەریم قاسمدا ئەمە هاتبوو. بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان، زۆر لە مادەکان دووبارە بوون و لە پلانە دوازدە خاڵییەکەی ١٩٦٦ی بەزازدا هەبوون. زمانی کوردی، شان بەشانی زمانی عەرەبی، لەو ناوچانەی کە کورد زۆرینەیان پێک دەهێنا دەبووە زمانی فەرمی. کاربەدەستان و گوتەبێژانی کوردی بۆ داوودەزگا ئیدارییەکانی ئەو ناوچانە دیاری دەکران، کە زۆرینەیان کورد بوون. ئەو کەسانەی کە لە ڕووداوەکانی باکوردا بەشدارییان کردبوو لێبووردنی گشتییان بۆ دەردەچوو. عەرەب و کورد لە شوێنی خۆیان نیشتەجێ دەکرانەوە. قەرەبوو بە لایەنی زیان لێکەوتوو یا کەسوکاریان دەدرا. "لە دوا قۆناغەکانی ڕێککەوتننامەکەدا" ئێزگەی کوردی و چەکی گران دەدرایەوە دەستی دەسەڵاتداران،[٤] هەروەها لە دەسەڵاتی یاسادانانی پێشنیازکراودا کورد ئامادەیییەکی ڕێژەیی دەبوو.

مادەکانی تر بریتی بوون لە دامەزراندنی ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بە ئافرەتان و گەنجان و قوتابیانی کورد، دیاریکردنی کوردێک بۆ پۆستی جێگری سەرۆک و چاکسازیی کشتوکاڵیش "یەکسەر" لە ناوچەی کوردیدا جێبەجێ دەکرا. هەندێک لەو چاکسازییە کشتوکاڵییانە ڕەنگە مەبەست تێیدا لاوازکردنی سەرکردایەتیی کوردی بێت، کە سەرچاوەی دەسەڵاتیان لە چوارچێوەکانی بنەمای کشتوکاڵیی کۆن و عەشیرەتیدا بوو.

سەبارەت بە چەند برگەیەکی نهێنیش، کە لە ڕێککەوتننامەکەدا هەبوو، حکوومەت بەناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دان بەوەی هەندێک لە مادەکان، کە "(تەنیا) گرینگیی دووەمییان هەبوو،" ڕێککەوتننامەکە نایانگرێتە خۆ،[٥]

بە گوێرەی بەندەکان،

١. کورد هێزێکی نێزیکەی ٦٠٠٠ کەسییان دەبێت وەک پاسەوانی سنوور، لە ڕووی داراییەوە سەر بە بەغدا دەبن.

٢. هێزەکانی سوپای عێراق لە "شوێنە ئاساییەکانی"خۆیان لە ناوچەی کوردستان دەکشێنەوە.

٣. هێـــزەکـــانـی ســـەلاحـــەدین و باڵی ئیـــبـــراهیم ئەحـــمـــەد و جـــەلال تاڵەبانی هەڵدەوەشێنرێنەوە.

٤. پارتی دیموکراتی کوردستـان ڕێی پێ دەدرێت لە ناوچەی کوردسـتـان بە ئازادی کار بکات و ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆشی هەبێت.

٥. سـەرژمـێرییـەکی سـەرتاسـەری لە وڵاتدا ئەنجام دەدرێت لە ماوەی ساڵێکدا، بەم جۆرە ناوچەی زۆرینەی کوردی دیاری دەکرێ.[٦]

ناوەڕۆک و گیانی ڕێککەوتننامەکە دەستکەوتێک بوو بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، کە پێشتر هاوشێوەی نەبوو. ئەمە یەکەم جار بوو لە سەدەی بیستـەمدا، کە ڕێژیمێکی عێراقی ددان بە مافی ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی کوردا بنێت. یان، هەروەک نووسەرێکی کوردی دەڵێت، "بە ئاشکرا ددانی بە بوونی گەلێک نا، کە خاکێکی هەیە و ئەو مـافـەشـی هەیە حکوومـەتی نەتەوەیی تایبـەت بە خـۆی لەسـەر خـاکـەکـەی دابمەزرێنێ."[٧] ئەمـە هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو بەوەی حـزبێکی ناسـیـۆنالیـسـتی عەرەبی و ڕادیکاڵ، هەنگاوی لەو جۆرەی نابوو. هاوشـێوەی ئەو ڕێککەوتننامـەیەش لەو وڵاتانەی تر کە کورد تێیاندا نیشتەجێ بوون، بوونی نەبوو. ڕەزامەندیی فەرمی بە پێگەی مـەلا مـسـتـەفـا بارزانیش درا، کـە دیار بوو ئەویش ڕەزامـەندیی لەسـەر بەیاننامـەکەدا نیشـان دابوو. پابەندبوونـی نافـەرمیی ڕێژیم بۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەو گرووپانەی کە دژی بارزانی بوون، بارزانیی وەک سـەرکردەیەکی بێ ڕکابەر لەنێو لایەنی کوردیدا هێشتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە تێڕوانینی کوردەوە ئەم ڕێککەوتننامەیە سنوورداری و کۆسپی مـەترسـیداری هەبوو. لە هـەمـووی ترسناکـتر برێتی بـوو لە چوار سـاڵ دواخسـتنی جێبـەجێکردنی ئۆتۆنۆمی، کە بە گوێرەی بارزانی، حکوومەت ئەمـەی بەسـەر کورددا سـەپاندبوو. لە ڕاسـتـیـدا ڕێککەوتننامـەکـە برێتی بوو لە "بـەیاننامـەیەک"، نەک ڕێککەوتننامەیەک بێ و لە یاسای ناودەوڵەتیدا چەسپابێ، ئۆتۆنۆمیی لەژێر بەزەیی حکوومـەتی ناوەندیدا هێـشـتـبـووەوە. لەوەش زیاتر، ئەو ڕاسـتـیـیـەی کـە چەند کـێشـەیەکی ئاڵۆزتر وەک پرسی کـەرکـووک و ئامـادەبوونی کـورد لە حکوومـەتی ناوەندی و بـووژاندنەوەی پەرلـەمـان بە هەڵواسـراوی دەمـانەوە و تۆوی بۆ بـەلاکـانی

داهاتوو دەچاند.

لە تێڕوانینی بەغدا، ڕێککەوتننامەکە ملکەچییەکی تەواو بوو بۆ کورد. لە کۆی پازدە مادەی ڕێککەوتننامەکەدا چواردەیان کۆڵدانی بۆ کورد تێدا بوو لە کاتێکدا تەنیا یەکیان ئاماژەی بە دانەوەی چەک دەکرد لە دوا قۆناغی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەدا. بگرە هیچ کام لە مادەکان ئەوەی تێدا نەهاتبوو، کە کورد دەبێ دوژمنایەتی لە دژی حکوومەت ڕابگرێت. دەکرێت وا دابنێین کە ڕێژیم بۆیە خۆی لە ئاماژەکردن بە خاڵێکی ئەوتۆ بەدوور دەگرت تا ددان بەوەدا نەنێت شۆڕشێک لە ئارادا هەیە و حکوومەتیش ناتوانێت سەرکوتی بکات، هەروەها ڕێژیم ناچار بوو لەسەر حیسابی کۆڵدانی گەورە، باکور بە هێمنی بێڵێتەوە نەک بە ئاماژەکردن بەوەی نیازی چاکی هەیە.

لە ڕاستیدا، دەستکەوتەکانی ڕێژیم بریتی بوون لە بەیانکردنی خۆی تا خولێکی درێژتر. لە هەمان کاتدا بەدوای پتەوکردنی دەسەڵات و بەهێزکردنی ئابووری و زیادکردنی داهاتی نەوت و خستنەگەڕی سەرچاوە سەربازییەکان بوو بۆ بەرگرتن لە ئێران. هەفتەنامەی (ئەلفبا) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد وا لە عێراق دەکات "ڕۆڵێکی نیشتمانی بگێڕێت، نەک لەسەر ڕیزی پێشەوەی بەرەی ڕۆئاوا، بگرە لە ڕووبەڕووبوونەوەی خواستەکانی ئێران لە ناوچەی کەنداوی عەرەبدا."[٨]

## خۆشحاڵی و واقیع بەیەک دەگەن

ڕۆژانی دوای ڕێککەوتننامەکە بەوپەڕی خۆشحاڵی دادەنران. ١٢ ئاداری ١٩٧٠ وەک ڕۆژی ئاشتی (یوم السلام) یاد کرایەوە، کە زاراوەیەک بوو هاوشێوەی ئەو زاراوەیە بوو لە ئاشتیی نێوان دوو دەوڵەتدا بەکار دەهات. سەدان هەزار عەرەب و کورد لەسەر شەقامەکانی بەغدا بۆ پاڵپشتیکردن لە ڕێککەوتننامەکە خۆپیشاندانیان ئەنجام دا. سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر بە هاوەڵیی مەحموود عوسمان و دوو کوڕەکەی بارزانی، ئیدریس و مەسعوود لە بەردەم خۆپیشاندەراندا دەرکەوت. ئەمە یەکەم دەرکەوتنی بەئاشکرای کورد بوو لە بەغدا دوای نۆ ساڵ،[٩] ئەحمەد حەسەن

بەکر و مەحموود عوسمان بە یەکەوە وتاری پڕ جۆش و خرۆشیان پێشکێش کرد و کاتێ عوسمان بە ناوی بارزانی ڕای گەیاند، کە لە شەڕی دژ بە ئیسرائیل کورد شان بەشانی عەرەب دەوەستێ، ئاپۆڕای خەڵکەکە دای لە هوتافدان. خۆپێشاندان بۆ پاڵپشتیکردنی ڕێککەوتننامەکە بە بەشداریی پێشمەرگە لە کوردستانیش ساز کرا. سێ ڕۆژی دوای ڕێککەوتننامەکە وەک پشووی فەرمی دیاری کران و ئێزگەی بەغداش گۆرانیی نیشتمانی و برووسکەی پشتیوانیی بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی دەوەشاند.

بارزانی، کە هێشتا گومانەکانی لە بەغدا کەم نەبووبووەوە، لە ئاهەنگگێڕانەکەدا بەشداریی نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، برووسکەیەکی بە ناوی "سەرکردەی بزووتنەوەی کوردی و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان"ەوە نارد کە لە تەلەڤزیۆنی بەغدا لە لایەن مەحموود عوسمانەوە خوێنرایەوە. بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی خۆی و پارتەکەی بەشدارییان لە گەڵاڵەکردنی بەیاننامەکەدا کردووە، بارزانی ئاماژەی بەوە دا کە تەنیا لاوازیی ڕێژیمەکانی پێشوو ڕێگریی لە "چارەیەکی ئاشتییانەی" کێشەکەدا دەکرد. بارزانی ڕای گەیاند، کە گەلی کورد پاڵپشتیی "ئەو خەباتە دەکات، کە نەتەوەی عەرەب دژی دوژمنەکانی دەستی پێ کردووە" و بە ڕۆح و بە گیانیش پابەندە بە جێبەجێکردنی مادەکانی بەیاننامەکەوە،[10] بە شێوەیەکی گشتی، بارزانی ڕێککەوتننامەکەی بە دەستکەوتێکی مەزن بۆ کورد ژمارد چونکە ڕێککەوتننامەکە ددانی بە بنەمای ئۆتۆنۆمیدا دەنا، دوای دانوستاندنی زەحمەت و دوور و درێژ لە نێوان دوو لایەن ڕەشنووسەکەی داڕێژرا.

جەلال تاڵەبانیش برووسکەیەکی پیرۆزباییی نارد، بەڵام لە کتێبێکدا کە کەمێک دواتر چاپی کرد، هێرشی دەکردە سەر ڕێککەوتننامەکە، ڕای گەیاند کە ڕێژیم ڕێگەیەکی هەڵەی گرتووەتە بەر کاتێ دانوستاندنی لەگەڵ "چەند ڕەگەزێکی بەرژەوەندیخواز"دا کردووە، لە جیاتیی پشتبەستن بە "هێزی کوردیی ڕاستەقینە و پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕانە."

بەجۆشترین پاڵپشتی بۆ ڕێککەوتننامەکە لە ئەندازیارەکەیەوە هات، کە گوتی "ئەم چارەسەرە برێتی نییە لە ئاگربڕێکی تری کاتی هەروەک لە ڕابردوودا وا بووە. بگرە،

ئەمــە چارەســەرێکی تەواو و ڕیشــەیی و ســیــاسی و دەســتــوورییــە کــە تاهەتایە دەستەبەری برایەتیی نێوان عەرەب و کورد دەکات."[١٢] سەدام، کە بەر لە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامــەکــە لـەگـەڵ بارزانی ئـیـمــزای لەســەر کــردبوو، بۆ ئاهـەنگگێـڕان بەو بۆنـەیەوە لە ٢١ی ئـادار گـەڕایەوە هـەرێمی کــوردســتــان. ئـەو تاکـە کــەســایەتیی ســەرکردایەتی بوو ئەم هەنگاوە بـهاوێژێت و لە لایەن بارزانییەوەش خـۆی پێشـوازیی لێ کرا. سەدام بـەشداریی لە فیسـتیڤاڵی ساڵی نوێی کوردیش، نـەورۆزدا، کرد کـە ٣٠٠,٠٠٠ کـەس بۆ پێشـوازی لێکردنـی کۆبوونەوە. وا ڕاگـەیەنرا بـە ئۆتۆمۆبـێلێک ســەدام بۆ دووریی دوو مـیل برا و لـەوێ لەنێـو شــەپۆلی خــرۆشــاندا، جـەمــاوەری خرۆشراو هوتافیان بۆ لێ دەدا.[١٣]

لە چاوپێکـەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامـەی ئەلئـەهرام، ســەدام ئاشکرای کـرد کە "ئێمـە دەبوو خــەباتێکمــان لەنێــو حــزب و ســوپادا دەست پـێ بکردایە بۆ دانانـی بەردی بناخـەی بیرێکی نوێ،" سـەدام جـەختی لەسـەر ئـەوەش کـردەوە کە سـەرکـردایەتیی حزب " بەخێرایی مادەکانی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکات مەگەر "گرووپە نەیارەکان" دژی ئەو ڕێککەوتننامـەیە هەنگاو هەڵگرن،[١٤] لە ڕاستیدا، کەسـانی ناو حزبی بەعس خــۆی دژی ڕێککــەوتننامــەکــە بوون،[١٥] ســەدام لەو باوەڕەدا بوو ڕێککەوتننامــەکــە دەستکەوتی گرینگی لە ناوچەکەدا ببێت، بە تایبەتی لە ئێران، چونکە "بە دڵنیاییەوە ئێرانییەکان خـۆیان لە کێشـەیەکی مەترسیداردا دەبینییەوە... هـەروەک عێراق خـۆی لە دۆخی بەرگری لەخـۆکردندا دەدۆزییەوە بەهـۆی پیلان و هـەوڵەکانی ئێران بۆ کەڵک وەرگرتن لە بەکارهێنانی کێشـەی کورد."[١٦] سەدام باوەڕی وا بوو ئێرانییەکان ڕەنگە هـەوڵی کۆسپ دانان لە بـەردەم ڕێککەوتننامـەکە بدەن تا ڕێ لە کاریگـەرییـەکانی بۆ ســەر کــوردی ئێــران بگرن. لە لایەکی ترەوە، ســەدام باوەڕی خــۆی دەربـڕی لەســەر ئەوەی کە سـەربازی عێراق دەتوانن "وانەیەک فێری شایە، بەم زووانە."[١٧]

شـا کـاردانەوەیەکی توندی هـەبوو، بە ترسـان لەوەی بەهێـزبوونی عێـراق ڕێی تـێ دەچێ پـلانی فـرەوانکردنی هـەژمــوونی ئـێــران لە نـاوچـەی کــەنداودا تێک بدات. لە تێڕوانینی ئێرانییەکانەوە، مـەترسییەکی ڕاستەقینە لە لایەن کوردی ئێرانەوە هـەبوو بە بەرزکردنەوەی خواسـتـەکانیان هاوشـێوەی خواسـتی براکانیان لە عێراقدا. لە

سەرووی هەموویەوە، لەدەستدانی کارتی کورد بۆ دانوستاندنەکان ئەنجامێکی خراپی بۆ شا دەبوو. تورکیاش بەهەمان شێوە بە ڕێککەوتننامەکە دڵخۆش نەبوو و داوای دەکرد، کە دەبێ مافی تەواو بە کەمینەی تورکمان بدرێ، کە لە عێراق نیشتەجێن و بە گوێرەی خەمڵاندنەکانی تورکیا ژمارەیان ٧٠٠,٠٠٠ کەس دەبێت. ئەمە هۆشداریی زیاتری ئەوەی دا، هەڕەشەی گرگرتنی "بڵێسەی بارزانی،" ڕەنگە "سەروەریی ناوچەییی تورکیا و عێراق"[١٨] بخاتە مەترسییەوە.

لە هەمان کاتدا، بەغدا هەنگاوەکانی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە دەست پێ کرد. هەنگاوەکان بریتی بوون لە دامەزراندنی کۆمیتەیەکی ئاشتی بۆ چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە، ناساندنی زمانی کوردی وەک زمانی وانەگوتنەوە لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی ناوچەی کوردی،[١٩] ڕێ پێدان بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کولتووریی کوردی و کۆڕێکی زانستیی کوردی و گوتنەوەی زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانە ئامادەییەکان لە سەرانسەری عێراقدا، لەگەڵ دیاریکردنی پێنج کوردیش لە لایەنی بارزانییەوە وەک وەزیر لە حکوومەتی بەغدادا.

ساڵح مەهدی عەماش و حەردان عەبدولغەفار تکریتی لە پۆستە سەرەکییەکانیان وەک وەزیری ناوخۆ و وەزیری بەرگری لادران و وەک جێگری سەرۆک دیاری کران. ئەم ڕێوشوێنە ئاماژە بوو بۆ سەرکەوتنی سەدام بەسەر ڕکابەرەکانی خۆی لە باڵی سەربازیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا هەنگاوێکی گرینگ بوو پێگەی جێگری سەرۆکی داهاتووی کوردی لاواز دەکرد، ئەگەر پێویست بووایە یەکێک دیاری بکرێت،[٢٠] بە هەمان شێوە، دەسەڵاتی وەزیرە کوردەکان سنووردار بوو، بەوەی ئەوان لە کابینەیەکدا پۆستە سەرەکییەکانیان لە دەستدا نەبوو، کە خۆی بۆ خۆی مۆرێکی لاستیکی بوو بەلای حزبی بەعس و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە.

هەرچەندە ڕێککەوتننامەکە ئەوەی تێدا هاتبوو کە کورد ئێزگەکەیان لە دوا قۆناغدا دەدەنەوە، وەک ئاماژەی نیازپاکیی کورد لە ٢٣ ئاداری ١٩٧٠ وەشانیان وەستاند. لەوەش گرینگتر بریتی بوو لە نەهێشتنی ئەو پێکهاتە ئیدارییەی، کە بزووتنەوەکە لە ١٩٦٤ دای مەزراندبوو. دەسەڵاتداران لەوەی ڕێیان بە چاپکردنی ڕۆژنامەی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەلتەئاخی دا، کە بەهەردوو زمانی

عەرەبی و کوردی دەردەچوو. ڕێککەوتننامەکە برەوێکی بە چالاکییە کولتوورییەکانی کورد دا. شاعیر و نووسەرەکان نووسینی خۆیان لە بیست و نۆ کۆواردا بڵاو دەکردەوە، ڕووناکبیرە کوردەکان لە چەند جێگەیەکی جیاوازی عێراقدا "بەکوردی" بوون و دەستیان بە نووسین بە زمانی کوردی کرد،[٢١] لە هەمان کاتدا، دەنگۆی کشانەوەی هێزەکانی عێراق و هێزەکانی سەلاحەدین و هێزەکانی پێشمەرگە هەبوو بۆ ئەو شوێنانەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دیاری کرابوون. ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە تەمووزی ١٩٧٠ ڕەزامەندیی لەسەر یاسای پێشمەرگە نیشان دا، کە بریتی بوو لە بەڕێکردنی ١٤٠٠٠ کەس لە هێزەکە بۆ ماڵەوە و گواستنەوەی ٦٠٠٠ بۆ پاسەوانی سنوور، کە هەموو مەرجەکانی پۆلیسی عێراقییان لەسەر جێبەجێ دەبوو.[٢٢]

ڕێککەوتننامەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هاوسەنگیی هێز لەنێو لایەنی کوردی و پێوەندیی سێگۆشەئاسای نێوان کورد و شیوعی و حزبی بەعس هەبوو. پێگەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوە دەردەکەوت کە توانی کۆنگرەی هەشتەمی خۆی لە تەمووزی ١٩٧٠ لە ناوپردان ببەستێت.[٢٣] کۆنگرەکە بێ هاوتا بوو لەو ڕووەی، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەسترا، بە بەشداریی نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، شاندە کوردییەکان لە لبنان و ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، حزبی بەعس، هەروەها ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستینیش.

بارزانی دووبارە وەک سەرۆک و حەبیب محەمەد کەریمیش وەک سکرتێری گشتی هەڵبژێردران. ئەندامە نوێیەکانی مەکتەبی سیاسی بریتی بوون لە مەحموود عوسمان و محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان و عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوێس و ساڵح یوسفی و عەزیز عەقراوی. بۆ یەکەم جار کۆمیتەی ناوەندی، کە ئەندامانی لە حەڤدە ئەندامەوە بۆ بیست و دوو ئەندام زیاد بوو، دوو کوڕەکەی بارزانی، ئیدریس و مەسعوود و نوێنەرێکی ئافرەتانی، زەکییە ئیسماعیل حەقی، لەخۆ دەگرت.[٢٤] دوای سکرتێری گشتی مەسعوود بارزانی بە پلەی دووەم هات، کاتێ دەنگی زیاتری لە مەحموود عوسمان، کە بە سەرکردەی باڵی چەپەکان دادەنرا، بەدەست هێنا.

بڕیارەکانی کۆنگرە لە بیست و سێ مادە پێک دەهات، لە هەمووان دیارتر بریتی بوون لە خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی لە عێراق، جێگیرکردنی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بە هەمان ئاستی دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراق، کارکردن لە پێناو دامەزراندنی ڕێژیمێکی دیموکراتیی هەڵبژێردراو، پاڵپشتیکردنی خەباتی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان و سووربوونیش لەسەر دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کورد.

کۆنگرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە قۆناغێک بۆ مشتومڕە نهێنی و ئاشکراکانی بەشداربووە جیاوازەکان، لە هەموو ئەو مشتومڕانە گرینگتر بریتی بوو لە دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی، کە خۆی بۆ خۆی ئەمە تەنیا سەرەتای دەرکەوتنی کێشەکە بوو لە پرسی بەش بەشکردنی دەسەڵات لە عێراق. حزبی بەعس، لەگەڵ هاتنی بۆ سەر تەختی دەسەڵات، چەند جارێک نیازی خۆی بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی ڕاگەیاند کە ئۆپۆزسیۆنیش لەخۆ بگرێت. لە سەرەتادا، هەوڵی ڕێژیم ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی کرابوو بە مەبەستی نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا. ڕاستی، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گفتوگۆکان، سەدام ئەوەی دەرخستبوو کە لەخۆگرتنی حزبی شیوعیی عێراقی لە بەرەیەکی نیشتمانیدا بەستراوەتەوە بە وەستاندنی پاڵپشتیی حزبی شیوعی بۆ بارزانی لە شەڕی کورد دژ بە ڕێژیمدا،[25] ئێستەش لەبەر ڕێککەوتنی لەگەڵ کورددا، پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و حزبی شیوعیی عێراقی بەرەو خراپی دەچوو لەو کاتەی حزبی بەعس هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەکەڵکی خۆی بەکار دەهێنا بۆ لاوازکردنی شیوعییەکان. پێوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقیش بەرەو خراپی دەچوو لەبەرئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو دانیشتوانی کورددا هەڕەشەی لە پێگەی حزبی شیوعی دەکرد، کە بنکەیەکی گرینگی جەماوەریی بۆ بزووتنەوەی شیوعی پێک دەهێنا.

کاریگەرییەکی تری ڕاستەوخۆی ڕێککەوتننامەکە بریتی بوو لە هەرەسی

گرووپەکەی تاڵەبانی. لە نیسان، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش چاپکردنی ڕۆژنامەی "النور"ی قەدەغە کرد، تەها محیەدین مەعرووف، کە بە پیاوی گرووپەکەی تاڵەبانی دادەنرا، لە حکوومەت دەرکرا، هەروەها لە هەموی گرینگتر، ٤٠٠٠ لە لایەنگرانی تاڵەبانی چەکەکانیان دایەوە دەسەڵاتداران. لە هەمووی چاوەڕوان نەکراوتر، تاڵەبانی، کە سەرسەختترین ڕکابەری بارزانی بوو، جارێکی تر پێوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد، سەرەڕای بەرهەڵستیی ئەندامانی تری وەک عومەر مستەفا و حیلمی شەریفیش. بارزانیش، کە سەرکردەی قسە لەسەرنەکراوی پارتەکە بوو، بەدوای هێنانی گرووپەکەی تاڵەبانی بوو بۆ ناو ڕیزەکەی تاکو کۆتایی بە لەتبوونی لایەنی کوردی بێنێ،[26] بارزانی کۆبوونەوەی ئاشتەواییی لەگەڵ تاڵەبانیدا دەست پێ کرد، کە لە ئابی ١٩٧٠ لە چوارڕیانی ڕێگەی ڕواندزدا ئەنجام درا. گفتوگۆی ناوەخۆ لەنێو گرووپەکەی تاڵەبانی تا شوباتی ١٩٧١ بەردەوام بوو، تا لە کۆتاییدا گرووپەکە بڕیاری دا باڵەکە هەڵبوەشێنێتەوە و پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکات.

### هەڵدانەوەی سیپەی پاندۆرا

دوای بەیاننامەی ئادار زۆری پێ نەچوو سیپەی پاندۆرای (پاندۆرا کارەکتەرێکی میتۆلۆجیای یۆنانییە، سیپەیەک هەڵدەداتەوە کە پڕیەتی لە کێشە، کێشەکانیش بەسەر زەویدا بڵاو دەبنەوە) کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت هەڵدرایەوە. تا ئەو نووسینە (٢٠١١)، کەرکووک بە بڕبڕەی سەرەکیی جیاوازییەکانی نێوان کورد و بەغدا ماوەتەوە. سەبارەت بە کەرکووک، ژمارەیەک کێشە دەرکەوتوون کە بە شێوەیەکی سەرەکی بەستەن بە کەمینە ئیتنی و ئاینییەکانەوە. بە ڕەنگدانەوەی سروشتی فرە ئیتنیی دەوڵەتەکە، ململانێیەکە چیی تر تەنیا لە نێوان ڕێژیمی بەعس و کورد نەبوو بگرە کەمینەکانی تریشی دەگرتەوە، کە ئاڵۆزیی زیاتری دەخستە سەر کێشەکە.

تازە چوار مانگ تێ پەڕیبوو بەسەر ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠دا کاتێ هێماکانی ڕەشبینی دەردەکەوتن. پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیم و کورد لە دوو ئاست

بوو. بە قسە، هەردوولا ئەوەیان دەردەبڕی کە ئارەزووی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە دەکەن. لە هەڵکەوتدا، پێوەندییەکان تا ڕادەی ئاوابوونی مەبەستە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکە بەرەو خراپی دەچوو. ئەم دووانە ڕەنگدانەوەی ململانێی سەر دەسەڵات بوو لەنێو ڕژێمدا، یەک خوێندنەوەی بۆ دەکرا ئەویش مشتومڕ بوو لەسەر پرسی کورد. لە کاتێکدا باڵی مەدەنی بە ڕابەرایەتیی سەدام لە پشتیوانیکردنی چارەسەرێکی ئاشتییانە بەردەوام بوو (بۆ ماوەیەکی دیاریکراو)، بەڵام باڵی سەربازی بەڕابەرایەتیی عەماش بە دوای کۆسپ دانان بوو لە بەردەم ڕێککەوتننامەکەدا. سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکریش بە بێلایەنی مابووەوە.

ڕاستت دەوێ، بگرە بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزتریش بوو کاتێک مامەڵە ژێر بەژێرییەکانی بەغدای لەگەڵ کورددا ئاشکرا دەکرد. هەرچەندە سەدام وا دەردەکەوت پاڵپشتیکەرێکی زۆر بەجۆشی ڕێککەوتننامەکەیە، لە وادەی خۆیدا ڕوون بووەوە کە نیازی جێبەجێکردنی مادە پڕکێشەکانی ڕێککەوتننامەکەی نییە، کە ئەو تەنیا لەبەر ئەوە ئیمزای لەسەر کردبوو تا کات بەدەست بێنێ بۆ نەهێشتنی ڕکابەرەکانی و شوێن پێی خۆی لە باڵی سەربازیشدا پتەو بکات.

ئەو کێشانەی دوای ڕێککەوتننامەکە دەرکەوتن دوو جۆر بوون. یەکێکیان سەبارەت بە هەندێک ڕووداوی پچڕپچڕەوە بوو وەک هەوڵی خافڵکوژیی کوڕی بارزانی، ئیدریس و بارزانی خۆشی. ئەوەی دووەم پێوەندیی بە مشتومڕی سەر پرسە ڕیشەییەکانی وەک دیاریکردنی سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە و بەرەی نیشتمانییەوە هەبوو.

لە ١٧ تەمووزی ١٩٧٠، لە دووەم ساڵوەگەڕی کودەتای بەعسدا، دەستوورێکی کاتی دەرچوو. مادەی ٥ (ب) تێیدا هاتبوو: "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێت، نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کورد. ئەم دەستوورە ددان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و مافە یاساییەکانی هەموو کەمینەکان لە چوارچێوەی یەکەتیی عێراقدا دەنێت." مادەی ٧ (ب) زیاتر تایبەت دەبێت، کە دەیگوت "زمانی کوردی، شان بەشانی زمانی عەرەبی، لە ناوچەی کوردیدا دەبێتە زمانی فەرمی." لەگەڵ ئەوەشدا، لە تێڕوانینی کورددا ئەم خاڵە گرینگانە بە هۆی پێشەکییەک بۆ

مادەی ٥ شێوێندرابوو، کە دەیگوت عێراق "بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب."[٢٧] کورد بەدوای دەربڕینێکدا دەگەڕا کە ئەوە بڵێت عەرەبی عێراق بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب. کێشەکانی پێناس هەر لە سەرەتاوە کێشەی بۆ لایەنەکان دروست کرد.[٢٨]

کێشەیەک کە مان و نەمانی ڕێککەوتننامەکەی لەسەر بەند بوو برێتی بوو لە دیاریکردنی سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە و ئەو کێشانەی پێیەوە بەستە بوون، ڕوونتر بڵێین، بانگەشەی سەرژمێرییەک لەبارەی کێشەی کەرکووک و پێگەی کەمینەکانی ترەوە لە هەرێمی کوردستان. لە ١٨ حوزەیرانی ١٩٧٠، وەزیری پلان دانان جەواد هاشم نیازی ڕێژیمی ڕاگەیاند لە سازدانی سەرژمێرییەک لە ٢٦ تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا. کەچی پێنج ڕۆژ بەر لە مێژووی دیاریکراودا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری دواخستنی سەرژمێرییەکەی تا ئاداری ١٩٧١ دا. ڕاستی، سەرژمێرییەکە ئەوسا و ئێستەش نەکرا.

سەبارەت بە سەرژمێرییەکە، کە مەبەست تێیدا یەکلاکردنەوەی کێشەکانی کەرکووک و ڕێدان بە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ئادار بوو، چارەسەرێکی تاکتیکیی زەحمەتکێش بوو نەدەتوانرا جێبەجێ بکرێت. بەغدا، کە هەر لە سەرەتاوە دژی لەگەڵدانی ناوچەی کەرکووک بوو بۆ ناو هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکە، ئەم سەرژمێرییەی بە خۆبەدەستەوەدان بە کورد دادەنا. لەوە دەترسا سەرژمێرییەک بە ڕوونی دەری بخات کورد لە ناوچەکەدا زۆرینەن، بەغدای ناچار دەکرد وەڵامی داخوازییەکانیان بداتەوە. لە لایەن خۆیانەوە، کوردیش گومانیان سەبارەت بە سەرژمێریی دانیشتوانەکە هەبوو. هەرچەندە دڵنیا بوون لەوەی کورد لە کەرکووک زۆرینەن، کەچی لەوە دەترسان ڕێژیم ڕێوشوێن بۆ دەستکاریکردنی سەرژمێرییەکە بگرێتە بەر، چ لە ڕێگەی دەستکاریکردن لە ئەنجامەکان چ لە ڕێگەی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی دانیشتوان بێ تاکو ڕەوشی دیمۆگرافیی کەرکووک بگۆڕێت.

گومانەکانی کورد لە لێدوانی بارزانی بۆ کۆواری "جون ئافریک (Jeune Afrique)" دەرکەوت کە لە بەراییی کاتی دیاریکراوی سەرژمێرییەکە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ دای: "من ئەم ئامارە بە شتێکی زیادە دەبینم. ئەوە ڕاستەقینەیەکە کە ئەو ناوچەیە کوردییە."[٢٩] لەوەش زیاتر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاربەدەستانی بە هەوڵی

دەستکاریکردنی ئەنجامی ئامارەکە تۆمەتبار دەکرد، "لەناو حکوومەتدا، ڕەنگە کەسانی خراپ باوەڕ هەبن خۆزگەی قۆستنەوەی دەرفەتێک دەکەن تا کاری خۆیان بکەن. ئێمە بڕیاری هەڵە قەبووڵ ناکەین." بەم لێدوانە، بارزانی کەوتە نێو دەستی کاربەدەستان، کە ئەوانیش کەوتنە پەلەپەلی بۆ دواخستنی ئامارەکە.

لە نێوان تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ و ئاداری ١٩٧١، چەند هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی گەڵاڵەیەکی مامناوەندی درا. کورد پێشنیازیان دەکرد سەرژمێرییەکی نوێ لەسەر بنەوای سەرژمێرییەکەی ١٩٥٧ ئەنجام بدرێت تاکو ئەو عەرەبانەی یان ئەوانەی کورد نین و لە ناوچە جێ ناکۆکەکان نیشتەجێ کراون نەگرێتە خۆ.[٣٠] لەگەڵ ئەوەشدا، لەو قۆناغەدا ڕێژیم هەستی دەکرد تەواو بەهێزە لەوەی هەرگیز سەرژمێرییەکە ئەنجام نەدات. دوا بەدوای ئەوە ڕێژیم ڕای گەیاند کە ڕێککەوتن لەسەر دواخستنی سەرژمێرییەکە بە کۆدەنگیی هەردوو لایەن بووە[٣١].

بارزانی، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو دۆخەی کە تازە بڕابووەوە، یاداشتنامەیەکی بۆ سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر نارد تێیدا دژی ئەو ڕاستییە نارەزاییی دەربڕی، کە کاربەدەستان هەموو شتێکیان کردووە بۆ خۆبەدوورگرتن لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەک و ڕێوشوێنیان گرتووەتە بەر بۆ "کۆکردنەوەی دانیشتوانێکی عەرەب لە شاری کەرکووک و دەوروبەری، تا زۆرینەیەکی ناکورد لە سەرژمێریی داهاتوو لە شارەکە، کە دەوڵەمەندترین قەزایە بە نەوت، بەدەست بێنن."[٣٢] وەڵامی ئەحمەد حەسەن بەکر زۆر توند بوو: "سوپای عێراق... دوودڵی ناکات لە دەست وەردان (لە دژی کورد) بۆ گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ یاسا."[٣٣]

لە هەمان کاتدا، بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیش کەوتە ژێر ئەو گۆڕانکارییانەی لە لایەن سەدامەوە بەزۆر گیرابووە بەر. لە دیمانەیەکدا لە یەکەم ساڵوەگەڕی بەیاننامەی ئادار، سەدام لە وەڵامی ئەو بانگەشانەی دایەوە گوایە کەرکووک ناوچەیەکی کوردییە، سەدام گوتی "ئۆتۆنۆمی بە گەل دراوە، نەک بە خاک"[٣٤] ئەمە ئەوە دەردەخات، کە ئەو پاشەکشەی لە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمیی کەسی کردبوو، کە لەو کاتدا لە لایەن کوردەوە ڕەت کرابووەوە.

لە چاوەڕوانیی سەرژمێری و دیاریکردنی سنووری ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیدا،

هەریەکە پەلەپەلی بوو لەسەر هەڵکەوتدا شتێک ببڕێنێتەوە و هەڵوێستی خۆی بسەلمێنێ. کێبەرکێیەکە نەوەستا، هەتا بگرە ئەو کاتەی ڕوونیش بووەوە کە سەرژمێری ئەنجام نادرێ. بۆ کورد کەرکووک لە ڕوانگەی مێژوویی و جوگرافی و دیمۆگرافیشەوە شارێکی کوردی بوو، تورکمانەکانیش دەیانگوت ئەوان بەر لە کورد لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوونە و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش ژمارەیان لەوان زیاتر بووە.[٣٥] ڕاستی، حەنا بەتاتو دەڵێت، تورکمان لە سەرەتادا لە کەرکووک زۆرینە بوون، کە "لە هەموو ڕوویێکەوە تورک بوون" و لە ١٩٥٩ نوێنەرایەتیی نیوەی دانیشتوانیان دەکرد لە کاتێکدا کورد تەنیا یەک لە سێیان پێک دەهێنا. دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە کڕژێکی دوژمنایەتیی لەمێژ بوو لە نێوان کورد و تورکمان پەیدا بووبوو. ئەو دوژمنایەتییە، لەنێو شتەکانی تردا، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕایەوە کە دەروازەی باڵا (Sublime Porte ناوەندی فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتی عوسمانی) یان بە شێوەیەکی دیاریکراوتر بڵێین سوڵتانی عوسمانی، لە سەدەی نۆزدە تورکمانەکانی لە ناوچەی مووسڵ و کەرکووک نیشتەجێ کرد بۆ سەرکوتکردنی چالاکیی شۆڕشگێڕە کوردییەکان لەوێدا. کورد، کە تورکمانەکانیان بە میوانی نەخوازراو دەزانی، هەموو دەرفەتێکیان بۆ کەڵکی خۆیان بەکار دەهێنا بۆ تۆڵەسەندنەوە لێیان. لە ڕووداوێکی دواتر لە حوزەیرانی ١٩٥٩ لە کەرکووک، کورد بە یەکەوە لەگەڵ ئەندامانی حزبی شیوعی بەشدارییان لە کۆمەڵکوژیی تورکمانەکاندا کرد،[٣٧] حکوومەت بەدوای ئەوەوە بوو ئەم دوژمنایەتییە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی تورکمانەکان بەکار بێنێ. ئەوە بەبیر بینینەوە، کە بە درێژاییی گفتوگۆکان سەبارەت بە بەیاننامەی ئادار، ڕێژیم مافی کولتووریی بە تورکمانەکان دابوو (لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠). لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا، کاتێ ئامادەکاری بۆ سەرژمێرییەکە چڕ بووەوە، ڕێژیم و کورد وشاری خۆیان لەسەر تورکمان زیاد کرد. کورد هەوڵیان دەدا چەند عەشیرەتێکی تورکمان وەک عەشیرەتی کوردی نیشان بدەن. سەرکردەی تورکمان بگرە بەوە کوردی تۆمەتبار دەکرد کە هەڕەشەی کۆمەڵکوژی لە خەڵکەکەی دەکات ئەگەر پاڵپشتی لەوان نەکەن. بەهەرحاڵ، لە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئەقڵ و دڵی تورکمانەکان، ڕێژیم ئەو قازانجەی هەبوو کە بتوانێ ڕێز و پارێزگارییان پێ

بدات. تورکمانەکان خۆیان دوودڵ بوون لە هاریکاریکردنی کورد و ئارەزوویان نەدەکرد بخرێنە ناو ئۆتۆنۆمیی کوردەوە. تورکیا، کە ئۆتۆنۆمیی کوردیی لە عێراق بە پەسند نەدەبینی، لەژێر پەردەوە کاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی شیمانەی پاڵپشتیی تورکمان بۆ کورد دەکرد،[٣٨] مشتومڕی چواردەوری کوردە فەیلییەکانیش، کە لە بەهاری ١٩٧١ سەری هەڵدا، پەیوەندیی بە پرسی دیاریکردنی سنووری ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەوە هەبوو،[٣٩] فەیلییەکان بنەچەیان بۆ لورستان، ئێران، دەگەڕایەوە. هەرچەندە لە ڕووی ئاینییەوە شیعەن، بەڵام بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە نەتەوایەتییان هەیە. کورد بانگەشەی ئەوەیان دەکرد فەیلییەکان کوردن لە کاتێکدا هەندێکی تر دەیانگوت فەیلییەکان خۆیان خۆیان بەو جۆرە ناناسێن.[٤٠] فەیلییەکان لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیان بەکۆچ کردووە بۆ عێراق، کوردیش لە ١٩٧١ ژمارەیانی بە ١٠٠,٠٠٠ دەخەمڵاند، لە کاتێکدا خەمڵاندنی دەسەڵاتداران بریتی بوو لە ١٥٠٠٠، کورد بە بەردەوامی داوایان لە دەسەڵاتداران دەکرد ڕەگەزنامەی عێراقی بە فەیلییەکان بدەن، دەیانگوت لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون،[٤١] بگرە ئەوان ئەوەشیان دەگوت کە دەسەڵاتداران جیاوازییان کردووە لە پێناو بەرژەوەندیی عەرەبە ناعێراقییەکان بە پێدانی چەندین پۆستی گرینگ لە کاتێکدا ڕێگرییان لە بەرزکردنەوەی فەیلییەکان کردووە.

ڕۆژنامەی ئەلجمهورییەی ڕێژیم، بوونی ڕێککەوتننامەیەکی لەبارەی فەیلییەکانەوە ڕەت کردەوە. سەبارەت بە جیاوازیش لە پێناو بەرژەوەندیی عەرەب، جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە دەستوور بە ڕوونی تێیدا هاتووە کە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، هەروەها لە هیچ جێگەیەک ئەوە نەگوتراوە کە نەتەوەی کورد لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەیەکی گەورەتر، کە لە ئێرانەوە تا یەکەتیی سۆڤیەت درێژ دەبێتەوە، ئەمە دەبووە "جیابوونەوەی ڕاستەوخۆ (إنفصال صريح)." ڕۆژنامەی ئەلجمهورییە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئۆتۆنۆمیی کوردی بەشێکی سەرەکیی "یەکەتیی عەرەبە."[٤٢] لە هەمان کاتدا، ڕێژیم هەنگاوی کرداریی گرتە بەر بۆ ڕێگرتن لە ڕەگەزنامە دان بە فەیلییەکان. لە زستانی ١٩٧١– ١٩٧٢، نزیکەی ٦٠,٠٠٠ شیعە، لەوانە ٤٠,٠٠٠ فەیلی، لە عێراق دەرکران بە پاساوی ئەوەی عێراقی نین،[٤٣] لە پاڵ

ئەمانە، لە ١٩٧٢ تا ١٩٧٩ بەعس لەوە دڵنیا بووەوە کە هیچ فەیلییەک نابێت پۆستی باڵا وەربگرێت. هەر بۆیە پاڵێوراوی کوردی، حەبیب محەمەد کەریم، بۆ پۆستی جێگریی سەرۆک ڕەت کردەوە، چونکە "پێ دەچوو وا هەست بکات کە قەبووڵکردنی کوردێکی فەیلی وەک جێگری سەرۆک یەکسان بێت بە ددان پێنانی فەرمیی هەموو ئەندامانی فەیلی وەک هاووڵاتیی عێراقی."[٤٤]

ئەو زەحمەتییانەی ڕووبەڕووی ئێزیدییەکانیش، هەندێک کوردزمانی تر کە لە سەردەمی کۆنەوە لە عێراقدا ژیاون، بووەوە. کێشەی ئێزیدییەکان لە ئاڵۆزیدا چی لە فەیلییەکان کەمتر نەبوو کاتێ بەدەست چەوسانەوە و بەعەرەبکردنەوە، بە تایبەتی لەژێر دەستی بەعسدا، دەیانناڵاند،[٤٥] دراوسێکانیان پێیان دەگوت "شەیتانپەرستەکان،" بەڵام ڕاستت دەوێ ئاینەکەیان تێکەڵەی چەند ئاین و بیروباوەڕێکی جیاواز بوو، کە ڕەگ و ڕیشەی بۆ پێش سەردەمی ئاینە تەوحیدییەکان دەگەڕایەوە،[٤٦] بە شێوەیەکی سەرەکی زیاتر لە لایەن موسڵمانەکان و کەمتر لە لایەن گاورەکانەوە چەوسێنراونەتەوە. ئێزیدییەکان، لە شێوەی گرووپی دابڕاوی بچووکدا لە زۆربەی ناوچەکانی چیای شنگال لە ڕۆئاوای مووسڵ و لە شێخان لە پارێزگای هەولێر ژیاون، لە گرووپە ئیتنی و ئاینییەکانی تر زۆر دابڕاوتر بوون.

کێشەی نێوانی بزووتنەوەی کوردی و ڕێژیمی عێراق سەبارەت بوو بە چیەتیی نەتەوەی ئێزیدی. ڕێژیم پێی وا بوو ئێزیدییەکان برێتین لە عەرەبە ئومەوییەکان (ئەو خێزانە دەسەڵاتدارەی عەرەب کە لە ٦٦١ تا ٧٥٠ زاینی لە دیمەشق فەرمانڕەواییان کردووە)،[٤٧] ئەمە هەوڵەکانی ڕێژیم بوو بۆ بەعەرەبکردنیان. لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی کوردی پابەند بوو بەو بانگەشەیەی کە ئێزیدی کوردن،[٤٨] توێژەرێکی ناودار باسیلی نیکیتین، هیچ گومانی لە کوردبوونی ئێزیدییەکان نییە، ئەو لە بۆچوونەکەیدا شوێن بۆچوونی توێژەرێکی تر دەکەوێت، کە بە گوێرەی ئەو کورد بەر لەوەی ئیسلام پەسند بکەن هەمووی ئێزیدی بوونە،[٤٩] ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، توێژەرێکی عەرەب لە سەرەتای ١٩٤٥ دەڵێت ئێزیدییەکان، بگرە زیاتریش لە برا کوردە موسڵمانەکانیان، کوردی ناسیۆنالیستن،[٥٠] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی تەنیایە. هەریەک لەو مشتومڕانە و لە پرۆژەی بەعەرەبکردن کە لە لایەن ڕێژیمەوە دەست پێ کرا

ژمارەی ڕاستەقینەی ئەوانی نادیارتر کرد،[51] خەمڵاندنێکی تر لە ١٩٥٧ ژمارەی ئێزیدییەکانی بە ٧٥٠٠٠ کەس دانا،[52] لە هەر دۆخێکدا بێت ئێزیدییەکان، کە بە ڕۆحییەتی شۆڕشگێڕی لە دژی هەموو ڕێژیمەکان ناسرا بوون، لە کۆتاییدا بەرەنگاری بەعس بوونەوە، ئەمەش ململانێی نێوان ڕێژیم و لایەنی کوردیی هێنایە ژێر باری سەرنج.

بەغدا تەنیا لە ڕاگەیەنراوە قسەییەکاندا خۆی سنووردار نەکرد بگرە لە هەمان کاتدا هەنگاوەکانی بۆ بەعەرەبکردنی کەرکووک و ناوچە گرینگە ستراتیجییەکانی تر زیاد کرد بە دامەزراندنی "ڕەوەندی" عەرەبی لەناو جەرگەی ناوچەی کوردیدا. لە ڕاستیدا، بەڵگەنامەیەکی تر ئەوە ئاشکرا دەکات کە سیاسەتی بەعەرەبکردن لە سەرەتای ١٩٢٩ دەستی پێ کردووە، بە بەکارهێنانی زاراوەی (تەعریب) چونکە عەرەبەکان لەو ناوچە دەوڵەمەندەی نەوت تەنیا سەدا بیستی دانیشتوانیان پێک دەهێنا. سیاسەتی بەعس بێ هاوتا بوو لەوەی کە ئامانجی دوو جەمسەری هەبوو: نیشتەجێکردنی عەرەب و قەڵاچۆکردنی کورد،[53] بۆ وەڵامدانەوەی تۆمەتی بەعەرەبکردن، سەدام پاساوی بۆ ئەوە دەهێنایەوە بە: "هیچ شتێک نابێتە ڕێگر لە بەردەم نەتەوەیەکی گەورەتر (عەرەب) تا بچن لەسەر خاکێک بژین، کە نەتەوەیەکی بچووکتری خاوەن ئۆتۆنۆمی تێیدا نیشتەجێن." سەدام دەیگوت، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوەش بیر بکرێتەوە ئەوە ئاماژەیەکە بۆ "عەقڵییەتێکی شۆڤێنی... کە ئامانج لێی جیاخوازییە."[54] دواتر حزبی بەعس سەرکۆنەی ئەو "تۆمەتە بەدرۆیانەی" دەکرد، کە برێتی بوون لە بەعەرەبکردنی ناوچە فرە ئیتنییەکان لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستانی بە "بەکوردکردن"ی هەمان ئەو ناوچانە تۆمەتبار دەکرد.

## تێکدانی پردی متمانە

لە کاتێکدا مشتومڕ لەبارەی سنووری ئۆتۆنۆمییەوە بەردەوام بوو، زنجیرەیەک ڕووداو ڕوویان دا بوونە هۆی خراپترکردنی ئەو متمانەیەی نێوان کورد و ڕێژیم، کە کەمێک پێشتر شڵەقا بوو. لە شەوی ٦ کانوونی یەکەمی ١٩٧٠، ئیدریس بارزانی، کە لە سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا بۆ پیرۆزباییکردن لە سەرکردایەتی هاتبووە

بەغدا، لە هەوڵێکی خافڵکوژیدا ڕزگاری بوو. ئەو ئۆتۆمۆبێلەی بۆ خافڵکوژییەکە بەکار هات، دیاریی کاربەدەستان بوو بۆ بارزانی.

بارزانی بە توندی سەرکۆنەی هەوڵە خافڵکوژییەکەی کرد و داوای کرد کاربەدەستان لایەنی تاوانبار بە سزای دادوەری بگەین، پێنج لەوانەی گوایە بەو کارە هەڵساون کوردی سەر بە باڵی تاڵەبانی بوون. بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە زۆر کەس هەن دەیانەوێ ئاشتی تێک بدەن، لەوانە چەند کەسایەتییەکی سەرکردایەتی لە حکوومەت و بە تایبەتیش لەنێو سوپادا،[55] بارزانی زیاتری ڕاگەیاند کەوا سەرەڕای ئەو گومانانەی لەو ڕووداوەوە بۆی دروست بووە، هەر پابەند بە ڕێککەوتننامەکە دەبێت. ڕۆژنامەی ئەلسەورە بە توندی سەرکۆنەی هەوڵە خافڵکوژییەکەی کرد و پەیمانی دا بکەرانی بە سزای دادوەری بگەین. لە ٣ شوباتی ١٩٧١، ڕۆژنامەکە ڕای گەیاند کەوا شوێنی گومان لێکراوان دیاری کراوە و "بەزوویی" لەدادگە دەدرێن،[56] هیچی تری لێوە نەبیسترا.

دوای هەوڵە خافڵکوژییەکە، حکوومەت هەنگاوی خێرای بۆ هێورکردنەوەی کورد نا. ئەو هەنگاوانە بریتی بوون لە ١٠ دینار وەک قەرەبووکردنەوەیەکی مانگانە بۆ هەریەک لەو خێزانانەی کوڕێکیان لە شەڕەکانی ١٩٦١ – ١٩٧٠ لەدەست دابوو، پێدانی ١٠ دینار بۆ هەر ئەندامێکی پێشمەرگە کە ڕەوانەی ماڵەوە کرابووەوە و هیچ داهاتێکی بەردەوامی نەبوو، هەروەها تەرخانکردنی ٤ ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوە لە باکور. لە پاڵ ئەمانەدا، حکوومەت نووچی دا لە هێورکردنەوەی کورد، لە ڕاستیدا، لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ چەند ڕاپۆرتێک لەبارەی دیسان هاتنی بە لێشاوی چەکی بولگاری و چیکۆسلۆڤاکییەوە بۆ ناو لایەنی کوردی، بڵاو بوونەوە،[57] لەسەر ئاستی سیاسی، سەرەڕای هەبوونی واجیهەی هاوپەیمانییەک لە نێوان بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان، چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە هۆی بێزارکردنی ڕێژیم. پارتی دیموکراتی کوردستان هەرچەندە بە ئاشکرا کاری دەکرد، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکە، کەچی وەک هەڕەشەیەک بۆ تەواوی بنیاتی سیاسیی عێراق دەبینرا چونکە بە پێداگرییەوە داوای بەدیموکراتیکردنی پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی

بەرەی نیشتمانیی دەکرد،[٥٨] بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان کێبەرکێیان لەسەر وەرگرتنی ئەندامی نوێ بۆ پارتەکانیان دەکرد، بە تایبەتی لە کوردستان.

شتێک کە بە هەمان شێوە بۆ بەعس بێزارکەر بوو بریتی بوو لەوەی، کە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی بۆچوونی سەربەخۆییانە و ئۆپۆزسیۆنبوونی دەردەبڕی، کە نەک هەر دەستاودەستکردنی ڕۆژنامەکەی زیاد دەکرد بگرە دەبووە هۆی هەوڵی چەندبارەی حکوومەت بۆ پەڕوباڵکردنی ڕۆژنامەکە. لە ناوەڕاستی مایسی ١٩٧١، مشتومڕێکی توند لە نێوان ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی و ئەلجمهورییەی ڕێژیمدا ڕووی دا. ڕۆژنامەی ئەلجمهورییە هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەنووسەکانی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی بەوەی خۆیان بۆ "بڵاوکردنەوەی بیری لیبراڵی و بۆرجوازی" تەرخان کردووە و پشتگیری لە "ئابوورییەکی سەربەخۆ و سیستەمێکی پەرلەمانی"[٥٩] دەکەن. ئەلجمهورییە هەوڵی دەدا جیاوازییەک لە نێوان ئەلتەئاخی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروست بکات، بەوەی کە دەیگوت ئەلتەئاخی نوێنەرایەتیی بۆچوونەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناکات، کە ئەمە بە هەموو شێوەیەک لە لایەن ڕۆژنامەکەوە ڕەت دەکرایەوە. بەهەرحاڵ، کەمێک دواتر سەدام برووسکەیەکی بۆ هەردوو ڕۆژنامە نارد، داوای لێ کردن ئەم ناکۆکییە ڕابگرن. لە ڕاستیدا، مشتومڕەکە ڕەنگدانەوەی درزێکی قووڵ بوو لە نێوان کورد و ڕێژیمدا.

هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کۆمیتەیەکی بەناوی "کۆمیتەی باڵای کاروباری باکور (الجنة العليا لشؤون الشمال)"وە دامەزراند، کە لە لایەن سەدامەوە ڕابەرایەتی دەکرا و بوو بە "ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کێشەی کورد."[٦٠] بە مانایەکی تر، دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە کۆمیتەکە درا تا پەلە لە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ئاداردا بکات. مەیلی سەدام بۆ هێورکردنەوەی کورد لەو قۆناغەدا لە بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی هەموو چەکەکانی هێزی سەلاحەدینی بەعسی کوردی، تا ١ حوزەیرانی ١٩٧١، بەدیار کەوت. سەدام بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە گەورەکان لەگەڵ ئیدریس بارزانیش کۆ بووەوە. لە ٢٢ حوزەیران، سەدام سەردانی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردی لە بەغدا کرد، لەوێ داوای

بەهێـزکـردنی هاوپەیمانیی نێـوان هەردوولای کـرد و هۆشـیـاریی لە دژی هێـزە کۆنەپەرست و دواکەوتووەکان دەربڕی کە بەدوای زیان پێگەیاندنی هاوپەیمانییەکەوە بوون. لە دژی ئەمە، لە سەرەتای تەمووزی ١٩٧١ هێزی زەوینی و ئاسمانیی عێراقی بە تۆپبارانکردنی چەند گوندێکی کوردی هەوڵیان دا ناوچەکانی دەوروبەری بارزان داگیـر بکەن. وەزیرە کـوردەکـان وەک نارەزایەتییـەک گـازی کـوردسـتـان کـرانەوە. بارزانی دەسـەڵاتدارانی بە فـڕوفـێڵ تۆمـەتبـار کـرد و کـۆمـیـتـەی ناوەندیی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانیش بڕیاری دا شـانـدێک ڕەوانەی بەغـدا بکات، تا بژارەی پشتگیریی ڕێککەوتننامەکە یان شـەڕی یەکجاری بخاتە بەردەم کاربەدەسـتان. لە لایەن خـۆیەوە، ئەحـمـەد حـەسـەن بەکـر نێـردەی بۆ لای بارزانـی نارد، ئەوەی ڕوون کردەوە کە کـردەکە بەبێ زانیاریی ئەو لە لایەن چەند ئەفسـەرێکەوە ئەنجام دراوە. ئەمـە ڕاست بوو یان نـا، لە سـەروبەندی هێـرشـەکـەدا، پیـلانێک (ڕاسـتـەقـینە یا دروسـتکراو) بۆ لەسـەر کـارلادانـی ڕێژیم ئاشکرا بوو. دوا بەدوای ئەوە دەیان ئەفسەری باڵا گیران، لەوانە سەرکردەی هێزی ئاسمانیش.

لەم هەنگاوانە گەورەتر هەوڵی خافڵکوژیی بارزانی بوو لە ٢٩ ئەیلوولی ١٩٧١، کە بێگومان کاری زۆری کردە سەر ناجێگیربوونـی لایەنی کوردی و نەهێشتنی متمانەی نێـوان بەغـدا و بارزانی. بە باوەڕکـردن بەوەی مـردنی بـارزانی کـۆتا بە شـۆڕشـی کـوردی دێنێ، حکوومەتە جیـاوازەکـانی بەغـدا لە ١٩٣٥ بەدواوە هەوڵی کـوشـتنی بـارزانیـیـان داوە و بگرە بە هەڵەش هەواڵی مـردنی ئەویان ڕاگـەیاندووە،[٦١] ئەمجارەیان، هەوڵەکە لە لایەن نۆ مەلاوە ئەنجام درا، کە ڕایان گەیاند بۆ برەوپێدانی دایەلۆگ لەگەڵ کورد لە لایەن کاربەدەسـتان لە بەغداوە ڕەوان کراون و دەبوو لەگەڵ بارزانی و مەحموود عوسماندا کۆ ببنەوە. دوو مـەلا، کە پشتێنەی بۆمبڕێژکراویان بەستابوو، لە سـەرەتای کۆبوونەوەکە یەکسـەر تەقینەوە، بەڵام بارزانـی و مەحـموود عـوسـمـان توانیـیـان ڕزگـاریان ببێ بەر لـەوەی شـەڕ لە نێـوان مـەلایەکـانی تر و پاسـەوانەکانی بارزانیدا ڕوو بدات. شەڕەکە بە کوشتنی هەشت مـەلا و دوو شۆفێر کە ئۆتۆمۆبێلەکانیان تەقەمـەنیی زیاتری لەناو بوو بەکۆتا هات. ڕاگەیەنراوی فەرمیی کوردی ڕای گەیاند کەوا هـەموو مـەلایەکان کوژراون. بەڵام لە ڕاسـتـیدا یەکێکیان

ڕزگاری بوو و ئەوە ئەو بوو کە پیلانەکەی بۆ بارزانی باس کرد،[٦٢] کاتێ هەوڵە خافڵکوژییەکە ئاشکرا بوو، سەرکردایەتیی هەرێمیی حزبی بەعس برووسکەیەکی بۆ بارزانی نارد تێیدا هاوخەمیی قووڵی بۆ ڕووداوەکە دەربڕی و "لایەنی چەپەڵ" و "بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم"ی بە هەوڵی "تێکدانی بەیاننامەی ئادار" تۆمەتبار کرد. لە زنجیرەیەک وتاردا، کاربەدەستان دەستی خۆیان لە هەبوونی هەر پێوەندییەک بە ڕووداوەکە شوشتەوە،[٦٣] جارێکی تر لێژنەیەکی بەدواداچوونیان دامەزراند، بەڵام ئەنجامەکانی هەرگیز ڕانەگەیەنران.

کێ لەپشتی هەوڵە خافڵکوژییەکەوە بوو؟ بەپێی گێڕانەوەی بەعس کە دوای ئاشکرابوونی "پیلانگێڕی" بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش نازم گەزار لە تەمووزی ۱۹۷۳، ڕای گەیاند کەوا گەزار لەپشتی ئەو هەوڵە بووە. گێڕانەوەی دووەم دەڵێت باڵی سەربازی بەرپرسیار بوو و بگرە پلانی هێرشێکی گەورەتریشی لە دژی کورد داڕشتبوو لە دۆخێکدا ئەگەر ئەو هەوڵەی سەر بارزانی سەرکەوتوو بوو. گێڕانەوەی سێیەمیش دەڵێت سەدام کارەکەی کرد چونکە ڕێککەوتنەکە چیی تر خزمەتی بە مەبەستەکانی ویی نەدەکرد. سەدام بەدوای ئەوە بوو ئاراستەی هێزی سوپا بۆ بەئامانجکردنی کورد وەرسووڕێنێ لە کاتێکدا بە ئازادی مابووەوە بۆ نەهێشتنی ڕکابەرەکانی.

چەند ساڵێک دواتر، ئەوە ئاشکرا بوو کە سەدام نەک هەر تەنیا لەپشت هەوڵی خافڵکوژیی بارزانییەوە بووە، بگرە بەشداریی لە هەوڵی خافڵکوژیی کوڕە گەورەی بارزانیشدا، عوبەیدوڵلا، کردبوو کە لەو کاتەدا پەناگەیەکی لە بەغدا دۆزیبووەوە،[٦٤] باکگراوەندی ئەم زنجیرە درامایە بریتی بوو لە ڕکی نێوان بارزانی و کوڕەکەی، کە بە هۆی کێشەی خێزانییەوە لە سەرەتای شەستەکاندا دەستی پێ کرد. لەو کاتەدا عوبەیدوڵلا هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێت، کە دەکاتە کچی مامی بارزانی، شێخ ئەحمەد، پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی ئاشووریدا دادەمەزرێنێ. ئەمەش بارزانیی باوکی تووڕە دەکات و دەیەوێت عوبەیدوڵلا بکوژێت. بەڵام عوبەیدوڵلا دەتوانێت لەگەڵ خەزنەداری شۆڕشگێڕاندا ڕابکات، پەناگەیەک سەرەتا لە ڕووسیا دواتر لە ئێراندا بدۆزێتەوە. عوبەیدوڵلا لەوێ دەگیرێت و ڕەوانەی لای باوکی

دەکرێتەوە، کە ئەویش لە لای خۆی لەژێر مانەوەی زۆردارەکیدا دەیهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی بۆ بەغدا ڕادەکات. سەدام پێوەندییەک لەگەڵ عوبەیدوڵڵادا دادەمەزرێنێ، هاریکاریی ئەو بەدەست دەهێنێت بە گفتی ئەوەی دوای کوشتنی باوکی دەیکات بە شوێنگرەوەی باوکی،[٦٥] کەمێک بەر لە ڕووداوەکە، سەدام لەگەڵ بارزانیدا کۆ دەبێتەوە و پەیمان دەدا هەندێ مەلا ڕەوانە بکات بۆ تەواوکردنی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا. بارزانی گومانی لا دروست نابێت لەبەرئەوەی یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە مەلایەکی ناسراوی عەشیرەتی بارزانی دەبێت. دوای ڕاستییەکە، دەرکەوت سەدام پیلانەکەی بە مەلایەکانیش نەگوتبوو، ڕاستت دەوێ، ئەو ڕیکۆردەرەی کە بۆ تۆمارکردنی گفتوگۆکان بە مەلایەکانی دابوو بۆمبی تەوقیتی بوون و مەبەست لێیان کوشتنی مەلایەکان و بارزانی بوو. سەدام دوای جێبەجێبوونی خافڵکوژییەکە، پلانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکەش هەبوو لە ڕێی سەربازییەوە،[٦٦] بۆیە وا دەردەکەوێت هەوڵی خافڵکوژییەکە بەشێک بوو لە پلانێکی تۆکمە مەبەست لێی بەکۆتاگەیاندنی بارزانی بوو، کە وەک ناوکی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی دەبینرا، شان بەشان لەگەڵ پێدانی ڕێزیش بوو بە سوپا، کە لە بەرامبەردا ڕێ خۆش دەبوو بۆ بەهێزبوونی پێگەی سەدام لە ناویدا.

پەڕاوێز:

1. Voice of Iraqi Kurdistan, 11 March 1970, cited in BBC, 13 March 1970. In this study, the term agreement was used, except in cases of direct quotations in which the term declaration was used. It should be indicated that the Soviet Union used the term declaration (New York Times [New York, daily], 24 March 1970) whereas the ICP used the term agreement (World Marxist Review [Toronto, monthly], June 1974). For the text, see Radio Baghdad, 11 March 1970, cited in BBC, 13 March 1970 and Al-Thawra (Baghdad, daily), 12 March 1970. 2. It is necessary to highlight the different meanings of qawmiyya and wataniyya as expressed here. Qawmiyya refers both to pan-Arab nationalism and to an ethnic group (e.g., the Kurds). Wataniyya indicates unity and patriotism.
3. The most vociferous attack came from pan-Arab nationalists, especially from Baathi Syria. Farid Asasard, Al Mas'ala al-Kurdiyya ba'd Qanun Idarat al-Dawla
(Cairo: Maktabat Madbuli, 2006), pp. 31–33.
4. It should be noted that the text itself uses the term agreement here, which could have been a slip of the pen. Alternatively, it could have been done on purpose to make it binding for the Kurds who had to fulfill their part in it.
5. Al-Sayyad (Beirut, weekly), 26 March 1970.

6. Public Record Office, FCO17/1237, 2 April 1970.
7. Asasard, Al-Mas’ala al-Kurdiyya, p. 31.
8. Quoted by Midle East News Agency, March 1970.
9. Public Record Office, FCO17/1237, 6 April 1970.
10. Al-Thawra, 12 March 1970.
11. Jalal Talabani, Kurdistan wal-Haraka al-Qawmiyya al-Kurdiyya (Beirut: al- Tali‘a, 1971), p. 384.
12. Al-Thawra, 12 March 1970.
13. The Guardian (London, daily), 11 May 1974.
14. Al-Ahram (Cairo, daily), 12 March 1970.
15. The British ambassador to Iraq described Saddam Hussein as the architect of the agreement "against considerable opposition in the party." Public Record Office, FCO17/1238, 19 November 1970.
16. Al-Ahram, 12 March 1970.
17. Al-Jumhuriyya, 13 May 1970.
18. Ankara, Ulus, 16 July 1970, cited in Daily Report, 21 July 1970. It seems that Turkey’s estimate of the number of Turkomans was excessive.
19. Until then, Kurdish was taught only in elementary schools. Asasard, Al-Mas’ala al-Kurdiyya, p. 41.
20. In the final analysis, no Kurd was appointed as vice-president.
21. Joyce Blau, "Refinement and Oppression of Kurdish Language." In The Kurds: Nationalism and Politics, eds. FalehA. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 109–110.
22. According to a confidential report, there was "a virtual frontier post between arm-controlled [sic] Iraq and Pish Merga-controlled Kurdistan." J. H. Simons, British Embassy Baghdad, Public Record Office, FCO17/1237, 13 June 1970.
23. The Seventh Congress was held in November 1966 amid the confusion preceding the collapse of the al-Bazzaz twelve-point plan.
24. Haqqi, a Fayli Kurd, was later elected head of theWomen’s Union of Kurdistan. Saad B. Eskander, "Fayli Kurds of Baghdad and the Ba‘ath Regime," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 180–202.
25. Al-Sayyad, 9 October 1969. After 1963, ICP members found refuge in the Kurdish area. They were even permitted to establish combat units, which operated in the framework of the Peshmerga forces but nonetheless achieved a certain degree of autonomy. They fought alongside the Kurds until the agreement was signed. Vanly, "Kurdistan in Iraq," in A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, ed. Gérard Chaliand (London: Zed Press,1980), p. 172.
26. Interestingly, with regard to Talabani, Barzani’s sons "were much more intransigent than he. Mulla Mustapha himself had mellowed with the years." Public Record Office, FCO17/408, 5 October 1968. Paved with Good Intentions 61 27. Al-Jumhuriyya, 17 July 1970.
28. The Kurds also criticizedArticle 43, which stipulated that the armed forces would be subordinate to the RCC, a body that excluded Kurds.

29. Jeune Afrique (Paris, weekly), 22 September 1970, cited in Daily Report, 28 December 1970. Years later, a Kurdish author depicts Kirkuk as: "Kirkuk is in the Kurds' conscience as is al-Quds in that of the Palestinians." Asasard, Al-Mas'ala al-Kurdiyya, p. 34.
30. Jeune Afrique, 15 December 1970. The Kurds claimed that the 1957 census showed that the Kurds numbered 173,085 out of the total population in the province, which was 258,900. Al-Jadid (Beirut, weekly), 27 October 1972.
31. Settlement of the Kurdish Problem (Al-Thawra, Thawra Publications, n.d., n.p.), pp. 38–39.
32. Le Monde, 25 May 1971.
33. Ibid.
34. Al-Kifah (Beirut, daily), 16 March 1971.
35. Arshad al-Hirmizi, The Turkmen Reality in Iraq (Istanbul: Kerkük Vakfı, 2005), dedicated the entire book to this issue.
36. Hanna Batatu , The Old Social Classes and the RevolutionaryMovements of Iraq (Princeton: Princeton University Press, 1978), p. 913.
37. Uriel Dann, Iraq Under Qassem: A Political History, 1958–1963 (New York: Praeger, 1969), pp. 223–225;Avshalom H. Rubin, "Abd al-Karim Qasim and the Kurds of Iraq: Centralization, Resistance and Revolt, 1958–1963," Middle Eastern Studies 43, no. 3 (2007): 365; al-Hirmizi, The Turkmen Reality, pp. 102–103.
38. For Turkish policies, seeWahram Petrosian, Siyasat Turkiyya tujah Kurdistan al- ‘Iraq wa-Amerika 1991–2003 (Duhok: University of Duhok, 2008).
39. For a detailed discussion of the Faylis, see Saad B. Eskander, "Fayli Kurds of Baghdad and the Ba‘ath Regime," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 180–202.
40. Harvey Henry Smith and Richard F. Nyrop, Area Handbook for Iraq (Washington, DC:American University Press, 1971), p. 63; Basile Nikitine, Les Kurdes: Étude sociologique et historique (Paris: Éditions d'aujourd'hui, 1965), p. 157.
41. During its negotiations with the KDP in 1970, the Baath Party insisted that the Fayli issue not be discussed because it claimed that the Fayli had no connection with the broader Kurdish issue. Eskander, "Fayli Kurds," p. 195.
42. Al-Jumhuriyya (Baghdad, daily), 13, 17, and 20 May 1971.
43. See also Eskander, "Fayli Kurds," p. 195.
44. Ibid., p. 199.
45. For a detailed discussion, see Dilshad Nu‘man Farhan, Mu‘anat al-Kurd al- Izidiyyin fi Zill al-Hukumat al-‘Iraqiyya 1921–2003 (Duhok: Duhok University, 2008).
46. See Nelida Fuccarro, The Other Kurds: Yazidis in Colonial Iraq (London: I. B. Tauris, 1999).
47. Ismet Cheriff Vanly, Le Kurdistan irakien entité nationale: Étude de la revolution de 1961 (Neuchâtel, Switzerland: Éditions de la Baconnière, 1970), p. 198. It is likely that the regime grabbed at the nameYezid, which sounds similar toYazid, a caliph of the Umayyad dynasty, thus arguing in favor of theArab origins of theYezidis. The Ottoman Empire considered the Kurds as Yezidis. Farhan, Mu‘anat al-Kurd, p. 7.

48. In the 1990s, a "Yezidi cultural movement" was formed with the aim of forging a new collective identity separate from the old Kurdish and Arab national movements that had been trying to win them over to their side. Idan Barir, "This Is Our Story: The Yezidi Cultural Movement and the Processes of a Collective Identity Constructing Among theYezidis in Kurdistan and the Diaspora" (master's thesis, Tel-Aviv University, 2009).

49. Basile Nikitine, Les Kurdes: Étude sociologique et historique (Paris: Éditions d'aujourd'hui, 1965), p. 225.

50. Adib Mu'awwad, Al-Akrad fi Lubnan wa-Suriyya (1945; reprint, Duhok: University of Duhok, 2008), pp. 62–73.

51. In the censuses of 1977, 1987, and 1997, the Baath registered them against their will as Arabs. Farhan, Mu'anat al-Kurd, p.8.

52. Farhan, Mu'anat al-Kurd, p. 29

53. Asasard, Al-Mas'ala al-Kurdiyya, pp. 61, 80–81.

54. Al-Jumhuriyya, 16 March 1971.

55. Newsweek (New York, weekly), 7 December 1970.

56. Al-Thawra, 3 February 1971.

57. Al-Hayat (London, daily), 30 December 1970.

58. The release, in late 1970, of former prime minister 'Abd-al-Rahman al-Bazzaz is attributed in no small way due to pressures exerted by the Kurds.

59. Al-Jumhuriyya, 13, 17, and 20 May 1971. I do not have at my disposal the issue of Al-Ta'akhi from which Al-Jumhuriyya quotes. I know of the dispute only from Al- Jumhuriyya.

60. Radio Baghdad, 12 May 1971, cited in Daily Report, 13 May 1971.

61. 'Abd al-Fattah 'Ali al-Botani, Dirasat wa-Mabahith fi Ta'rikh al-Kurd wal-'Iraq al-Mu'asir (Erbil: Hajji Hashim, 2007), p. 370.

62. A Mossad agent reported that, at the very time of the attempt, the head of the Mosad Zvi Zamir was in Kurdistan for talks with Barzani. Eliezer (Geizi) Tsafrir, Ana Kurdi (in Hebrew) (Or Yehuda: Hed Artzi, 1999), pp. 145–149.

63. Al-Thawra, 4, 10, and 11 October 1971.

64. Al- Nahar Arab Report, 11 October 1981.

65. Anonymous, interviewed by the author, 13 March 1982.

66. Ruz al-Yousuf (Cairo, weekly), 11 October 1971; Al-Nahar Arab Report, 11 October 1971.

٤

## هاوپەیمانییە ناپیرۆزەکان

تا کۆتای ١٩٧١، پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیمی بەعس و کورد بە شێوەیەکی بەرچاو بوون بە کێشەیەکی لاوەکی لە چاو ئەو کێشە بەرفرەوان و ئاڵۆزانەی ناوچەکەیان نقوم کردبوو، کە بریتی بوون لە کێبەرکێی نێوان عێراق و ئێران بۆ هەژموونییان لە ناوچەی کەنداو، ململانێی دەسەڵاتدارە زلهێزەکان بۆ نفووزیان لە ڕۆهەڵاتی ناوین بە شێوەیەکی گشتی و لە کەنداو بە شێوەیەکی تایبەتی، دەستپێشخەرییە سیاسییەکانی عێراق لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و بەشداریی عێراقیش لە شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، بۆیە کاتێک ساڵ و نیوێکی پێوەندییەکانی نێوان کورد و بەغدا بوونە هۆکاری بەرەوپێشچوونەکان لە ناوەخۆدا، ئەم پێوەندییانە بەهۆی پێوەندییە دەرەکییەکانی عێراقەوە زیاتر چارەنووسیان دیاری کرا. لە هەمان کاتدا، کەلێنێکی بەرین لە نێوان سیاسەتکردنی بەغدا و سیاسەتکردنی کورددا بەدیار کەوت: بەغدا لە توانی دەستپێشخەریکردندا باشتر بوو، لەسەر ئاستی تاکتیکی و ستراتیجیدا هەنگاوی دەنا، ڕیتمی ڕووداوەکانی دیاری دەکرد و بە شارەزایی و فێڵبازی و مروونەتەوە کاری دەکرد، بەڵام سیاسەتەکانی کورد زۆر بە پاش کەوت. کاتێ بەغدا بە ئاشکرا هاوپەیمانیی پێک دەهێنا، کورد ناچار دەبوون بە نهێنی هاوپەیمانی پێک بێنن. ئەمە کوردی کرد بە بووکەڵەی ناو دەستی ئەو دەسەڵاتدارانەی خاوەن ئەزموونی سیاسیی زیاتر بوون.

### سێگۆشەی ئێران – عێراق – سۆڤیەت

لە تشرینی دووەمی ١٩٧١، بارگرژیی کۆنی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران بەرەو تەنگژەیەکی ئاشکرا گۆڕا دوا بەدوای دەستبەسەرداگرتنی سێ دوورگەی ناو

گەرووی هورمز لە دەروازەی کەنداودا، دوورگەکانی، ئەبوموسا، تەنبی بچووک و تەنبی گەورە لە لایەن ئێران،[1] هەرچەندە دوورگەکان لە خوتی خۆیاندا هیچ گرینگییەکی سیاسیی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام ئەم هەنگاوە سەروەریی ئێرانی لە کەنداو بەرجەستە دەکرد و وەک شەپازللەیەکیش وا بوو لە ڕوومەتی عێراقدا، کە خۆی وەک ڕکابەری سەرەکیی ئێران لە ناوچەکەدا پێشان دەدا، دوای ئەوەی بەریتانیای مەزن لە کانوونی دووەمی ١٩٦٨ پاشەکشەی خۆی لە کەنداودا ڕاگەیاندبوو،[2] ئەوەی کە عێراقی نیگەران دەکرد بریتی بوو لە مەبدەئەکەی نیکسۆن (Nixon Doctrine)، بە گوێرەی ئەو مەبدەئە ئێران لە کەنداودا دەیتوانی ڕۆڵی "پۆلیس" بگێرێت. ئەمە چەند شتێک ڕوون دەکاتەوە، لەوانە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئێران لە ١٩٦٩ و[3] بێدەنگبوونی ڕەزامەندی ئاسای بەریتانیا، دەسەڵاتی چۆڵکەر، بۆ دەستبەسەرداگرتنی دوورگەکان لە لایەن ئێران و هەروەها شتێکی تریش کە لە گرینگیدا کەم نەبوو ئەویش بریتی بوو لە لاوازی و بێباکیی وڵاتانی عەرەبی لە کەنداو و ناوچەکانی تردا، کە دەبوونە ڕێگر لە هەر ڕێوشوێنێکی دژە ئێرانی.

بە تێ شکانی لە هەوڵی جووڵە پێکردنی جیهانی عەرەبی بۆ لە ڕوو وەستانەوەی ئێران، عێراق لە کانوونی یەکەمی ١٩٧١ پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ ئێران بەرەو خراپی برد، ئەمە تاکە وڵاتی عەرەبی بوو هەنگاوی وەها توندی لەو جۆرە بنێت،[4] لە هەمان کاتدا، عێراق پێوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیای مەزنیشدا تێک دا. ئێران بە خراپترکردنی پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی وەڵامی بەغدای دایەوە لە کاتێکدا هەڕەشەیەکی ئاشکراشی لەسەر مەسەلەی کورد بۆ عێراق نارد. لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی فەرەنساییدا، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕای گەیاند "تا ئەمڕۆ، کۆمەکی سەربازیمان پێشکێش بەوان (شۆڕشگێڕە کوردەکان) نەکردووە، بەڵام ڕەنگە ئەو کارە بکەین ئەگەر ململانێیەکی ئاشکرا دەست پێ بکات."[5]

لە دووچاربوونی بەم ڕووداوانە، عێراق بیری لە نێزیکبوونەوەیەک لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت دەکردەوە وەک باشترین هۆکار بۆ لە ڕوودا وەستانەوەی ئێران. نێزیکبوونەوەکە، کە لە هاوینی ١٩٦٩ دەستی پێ کرد، بە ئیمزاکردنی

ڕێککەوتننامـەیەک لە ٩ی نیـسـانی ١٩٧٢ کـۆتا هات. ئەم هەنگاوە سـتـراتیـجـییـە دووربینە برێتی بوو لە چارەسـەرێک بۆ کـێشـە سـەرەکـییـەکـان و برەوپێـدانی بەرژەوەندییـە سـیـاسـی و ئابووری و سـتـراتیـجـییـەکـانی عـێراق. عـێـراق بەدوای هاوپەیمـانێکی بەهێـزدا دەگـەڕا تا لە برەوپێدانی خـواسـتـەکـانی خـۆی لـە ناوچەی کـەنداودا یارمـەتیی بدات و هاوسـەنگی ئەو هـێـزە بێ، کـە ئێـران لە لایەن ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیاوە بەدەستی هێنابوو،[٦] لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عـەرەبی، ڕێککەوتننامـەی دۆسـتـایەتیی نێـوان عـێـراق و سـۆڤـیـەت کـۆتاییی بە پەراوێزبوونی عـێـراق دەهێنا، کـە، لەنێـو شـتـەکـانی تردا، ڕەنگدانەوەی شکانی دەسـتپێشـخـەرییـەکەی ئاداری ١٩٧٢ بوو بۆ یەکگرتنی عێراق و میسر و سووریا. بگرە لەوەش گرینگتر ئەو پشتیوانییەی سۆڤیەت بوو، کە عێراق هیوای دەخواست مـسۆگەری بکات لە خەبات دژی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت، کە ڕاستت دەوێ بە خـۆمـاڵیکردنی نەوتی عـێـراق لە حـوزەیرانی ١٩٧٢ کـۆتاییی پێ هات. مەبەست لە یارمەتییە تەکنیکی و ڕێککەوتنەکانی بواری چەک کە سەدام حوسێن لە فێبریوەری هەمان سـاڵ لە سەردانەکەی بۆ مۆسکۆ لـەگەڵ سۆڤیەت ئیمزای کردن، بەهێزکردنی ڕژێم بـوو لە نـاوەخـۆ و پتـەوکـردنیـشی بـوو لە ڕووی سـیـاسـی و ئابووری و سـەربازییـەوە. ڕژێم چاوەڕوانی دەکـرد ئەم هـەنگاوانە کـاریگـەریی لەسـەریەکی هـەبێت: ئەویش بە لاوازکردنی تەواوی کورد لە بەرامبەر حکوومـەتی ناوەندی، پرسی کوردیان لە دیمەنی سیاسیدا فڕێ دەدا.

کـاردانەوەی کورد بۆ ڕێککەوتنەکـەی عێراق – سـۆڤیەت تێکەڵەیەک بوو لە ترس و تووڕەیی و نـەتەبەردان. لە دیمانەیەک لەگەڵ ڕۆژنـامـەی "لو فـیگارۆ"ی فرەنسـاییـدا ڕۆژێک دوای ئیمـزاکردنی ڕێککەوتننامـەکە، مەلا مستەفا بارزانی بە توندی هێرشی کردە سـەر سـەدام: "ئەوە پۆلیسـە، کە بەگوێرەی فرمانەکانی سـەدام حـوسێن، ئەم ولاّتە بەڕێوە دەبات، سـەدام جگە لە شـێـتێک کـە تینووی دەسـەڵاتە چیی تر نییـە. عـەمـاش و تکریتـیی لەناو برد، ویسـتی منیش لەناو ببـات، بەکـریش لـەناو دەبات." سـەبارەت بە ڕێککـەوتننامـەکە، بارزانی گوتی کـەوا بە شێـوەیەکی سـەرەکی لە دژی کورددا ئاراستە کراوە:

ئەم نێزیکبوونەوەیە لەسەر حسێبی ئێمە بەکۆتا هات. ئەو چەکانەی ڕووسیا بە بڕێکی زۆر بۆ بەغدای دابین دەکات لە دژی ئێرانییەکان بەکار نایەت، ئەو ئێرانییانەی ڕووسییەکان پێوەندییەکی باشیان لەگەڵدا هەیە، هەروەها لە دژی ئیسرائیلیش بەکار نایەت، بەغدا هەرگیز هێرش ناکاتە سەر ئیسرائیل سەرەڕای لێدوانە توندەکانیشی. ئەوان ئەم چەکانە لە دژی ئێمەدا بەکار دێنن،[7]

بە تەماشاکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییانە، ڕووناکبیرێکی کورد لە ڕێککەوتننامە دۆستانەییەکەدا "سەرکەوتنێکی گرینگی بەعسی" لە " شەترەنجی دیپلۆماتی"ی بەغدادا بینی: ڕێککەوتننامەکە "بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە نائومێدی هێشتەوە" و ناچاری کرد بەدوای هاوپەیمانی "ناسروشتی"ی تردا بگەڕێ،[8] لەم دۆخەدا، کورد جگە لە ئیفلیجبوون چیی تریان بۆ نەمایەوە. بارزانی لە ڕاستیدا داوای لە یەکەتیی سۆڤیەت کردبوو تا کورد بگەڕێنێتەوە ناو ڕێککەوتننامە نهێنییەکەی نێوان سۆڤیەت و عێراق بەر لە ئیمزاکردنی، بەڵام سۆڤیەت داواکەی فەرامۆش کرد و کوردیش بۆ یەکەم جار ڕێککەوتننامەکەیان لە ئێزگەی بەغداوە بیست. دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و سۆڤیەت، سەرەک وەزیرانی سۆڤیەت ئالیکسی کۆسیگین پەیمانی بە وەزیرە کوردەکانی بەغدا دا کە پرسی کورد بۆ سەرکردەکانی بەعس بەرز بکاتەوە، بەڵام هیچی لێ بەدی نەهات.

ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و یەکەتیی سۆڤیەت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و کورد و سێگۆشەی بەعس پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی شیوعیی عێراقدا هەبوو. تا ئەو ڕادەیەی مەسەلەکە پێوەندیی بە سۆڤیەتەوە هەبوو، ڕێککەوتننامەی ئاداری نێوان بەعس و کورد گرینگیی خۆی هەبوو. ئەویش ئەوە بوو لە لایەکەوە سۆڤیەتییەکان بە ئاشکرا پشتیوانییان لە گەلانی چەوساوە و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانیان دەکرد لە لایەکی ترەوە هەوڵیان دەدا بە نێزیکبوونەوە لە ڕێژیمی عێراق بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیان بپارێزن. ڕێککەوتنەکە ئەم دوو پرسە دژ بەیەکەی بۆ سۆڤیەتەکان لە عێراقدا چارەسەر کرد. بۆیە دوای ڕێککەوتننامەی ئادار، بەرژەوەندیی یەکەتیی سۆڤیەت لەگەڵ کورددا کەم

بووەوە. لە هەمان کاتدا، سۆڤیەت پاڵەپەستۆی خستە سەر بەغدا بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی حزبی شیوعیی عێراقی. لێرەش بە هەمان شێوە، سۆڤیەت بەدوای چارەسەرکردنی ئەو دژیەکییە بوو، پشتیوانیکردن لە ڕێژیمە "نەتەوەییەکەی" بەعس لە لایەک و پشتیوانی بۆ حزبی شیوعیی عێراقی لە لایەکی ترەوە، کە لە لایەن هەمان ڕێژیمەوە چەوسێنرابووەوە. ڕاستت دەوێ، لە ڕابردوودا کاتێ بەرژەوەندییە تۆکمەکانی یەکەتیی سۆڤیەت بیخواستایە پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕێژیمێک بەهێز بکات، ئەگەر لەسەر حسێبی حزبی شیوعیش بوایە، ئەوا لە ئەنجامدانی دوودڵ نەدەبوو،[٩] کەچی ئەمجارەیان ڕوون بوو کە سۆڤیەت ڕێگەیەکی نێوان هەردوو بەرژەوەندییەکەی بە چاک دەزانی، چارەسەر ئەمجارەیان بریتی بوو لە کارتێکردنی بەغدا بۆ لەخۆگرتنی حزبی شیوعیی عێراقی بۆ ناو بەرەی نیشتمانی.

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا، بەغدا هێدی هێدی دەستی بە سیاسەت گۆڕین کرد لە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ هاوپەیمانییەک لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقدا، گۆڕانێکی تاکتیکیی حەتمی لەو کاتەوەی هەستی کرد، کە ئەگەر بیەوێ هاریکاریی یەکەتیی سۆڤیەت بەدەست بێنێ، دەبێ حزبی شیوعیی عێراق ڕازی بکات. سەرەڕای دوژمنایەتییەکی قووڵ لە نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعیی عێراقدا، حزبی شیوعیی عێراق لە چاو پارتی دیموکراتی کوردستان وەک ڕکابەرێکی کەم ترسناکتر دەردەکەوت. بەعس بەدوای ئەوەشەوە بوو پشتیوانیی حزبی شیوعیی عێراق بەدەست بێنێ بۆ بەخۆماڵیکردنی نەوت، هەروەک دەزانرا کە حزبی شیوعیی عێراق بە پەرۆشەوە پشتگیریی ئەم هەنگاوەی دەکرد. لە کۆتاییدا، لە تاکتیکی باش داڕێژراوی دابەشکردن ئینجا فەرمانڕەواییکردن، ڕێژیم لە نێزیکبوونەوەی لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق ئامرازێکی دەبینی بۆ نانەوەی پشێوییەک لە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆندا.

یەکەم دەرکەوتنی سیاسەتی گۆڕاوی بەعس بریتی بوو لە دەرکردنی پێکهاتنی کاری نیشتمانی (National Action Charter) لە تشرینی دووەمی ١٩٧١، کە ڕێی خۆش دەکرد بۆ لەخۆگرتنی شیوعییەکان لە بەرەی نیشتمانیدا، بە گوێرەی داواکەی یەکەتیی سۆڤیەت. لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتنەکەیان ڕەت

کردەوە، حزبی شیوعیی عێراق لە سەرەتای ١٩٧٢ لە دڵەوە ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕی، بە "خاڵێکی وەرچەرخان" و "دۆخێکی نوێی کار"ی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا وەسف کرد،[١٠] ڕێژیم ڕێی بە حزبی شیوعیی عێراق دا بە ئاشکرا ئاهەنگی ساڵوەگەڕی دامەزراندنیان بگێڕن، ئەمەش هێمایەک بوو بۆ باشتربوونی بارودۆخیان. لە ١٤ی ئایار، بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا، دوو ئەندامی باڵای حزبی شیوعیی عێراقی بەشدارییان لە حکوومەتدا کرد: موکەڕەم تاڵەبانی (کوردێک) وەک وەزیری ئاودێری دیاری کرا و عامر عەبدوڵلاش بوو بە وەزیری بێ وەزارەت. وا دیار بوو بڕیاری دیاریکردنیان لە کاتی سەردانەکەی کۆسیگین بۆ بەغدا درابوو، لەو کاتەی کۆسیگین وەک پێش مەرجێک بۆ ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و سۆڤیەت داوای بەشداری پێکردنی شیوعییەکانی لە حکوومەتدا کردبوو. دوای گۆڕانکاری لە کابینەی حکوومەتدا، بەغدا لەسەر گۆڕانکارییەکانی بەردەوام بوو و حزبی شیوعیی عێراقی وەک "(حزبێکی) نیشتمانی... بەئاگا لە ئیلتیزامە نەتەوەییەکان" و ئامادە بۆ "بەرگریکردن لە شۆڕش و دەستکەوتەکانی شۆڕش" وەسف کرد. بەغدا هەنگاوەکەی خۆی بە هەنگاوێکی بێ هاوشێوە لە مێژووی عێراق بە گشتی و بۆ حزبی شیوعی بە تایبەتی وەسف کرد، هەروەها بە "گورزێکی کوشندەی سەرسامکەر"یش بۆ دوژمنانی شۆڕش، "بە تایبەتی هێزەکانی ئێران و زایۆنیزم" وەسف کرد.[١١]

هاوکات بە توندوتۆڵکردنی هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق، بەعس ڕێی دا پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان تا مردن ئاوزینگ بدات. کۆمیتە هاوبەش و کۆبوونەوەکان کۆتاییان پێ هات، دووەم ساڵوەگەڕی ڕێککەوتننامەی ئادار بەبێ بەشداریی کەسایەتییە باڵاکانی بەعس بە چەند تەپڵ و زوڕنایەک یاد کرایەوە. نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئاهەنگی ساڵوەگەڕی بەعس لە دوویان نەگێڕدرایەوە، کەچی حزبی شیوعیی عێراق لە دوویان گێڕدرابووەوە، هەروەها لە گفتوگۆی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانیشدا لە دوو پارتی نەناردرا. لە هەمووی خراپتر، بەعس کۆمەکیی هێزی پێشمەرگەی ڕاگرت، ئەمەش لایەنی بارزانیی خستە نێو دۆخێکی داراییی گرانەوە،[١٢] کاتێ لەبارەی ڕۆڵە

هاوبەشەکانی بەرەی نیشتمانییەوە پرسیار لە سەدام کرا، ئەو وەڵامی دایەوە کە شیوعییەکان سەرکردایەتیی بەعسیان قەبووڵ کردووە لە کاتێکدا کورد داخوازی زیاد لە ڕادەبەدەریان هەیە، سەدام جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە "هەر کەسێک (بە مەرجەکانی بەعس) ڕازی نییە، با بڕوات."[١٣]

## ئێران کارتی کورد بەکار دێنێ

ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و یەکەتیی سۆڤیەت زەنگێکی ئاگەدارکردنەوەی بۆ ئێران لێ دا. هەرچەندە یەکەتیی سۆڤیەت تا بەر لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەی عێراق سۆڤیەت پارێزگاریی لە پێوەندییەکانی لەگەڵ شادا کردبوو بۆ کەمکردنەوەی ترسەکانی شا سەبارەت بە مەبەستەکانی ڕێککەوتننامەکەوە، کەچی شا وای دەبینی ڕێککەوتننامەکە لە دژی ویدا کراوە. تاران لەوە دەترسا ڕێککەوتننامەکە ڕێ بە دراوسێیەکی بەهێز و توندڕۆ بە مەیلی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بدات ببێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئێران و پلانەکانی ئێران بۆ هەژموون لە ناوچەی کەنداودا پەک بخات. تاران مەترسییەکی گەورەشی لە دەست وەردانی سۆڤیەت لە کاروباری عێراقدا دەبینی، کە ئەو وەک مناوەرەیەکی سوپایی بۆ دەورەدانی ئێران لە باکور و ڕۆئاوادا دەبینی. ئەوەش کە جێی نیگەرانی بوو بریتی بوو لە ترسی ئێران لە بڵاوبوونەوەی بیروڕای مارکسی لە ناوچەی کەنداودا. ئەم ترسانە لەوە دەرکەوت کە ئێران ڕەخنەی توندی ئاراستەی دیاریکردنی دوو ئەندامی شیوعی لە حکوومەتی بەغدا کرد.

لە ڕاستیدا ڕێککەوتننامەکە بووە دەستپێکی ڕووداوێکی سنووری، مەترسیدارترین ڕووداو لەوەتەی نیسانی ١٩٦٩ەوە. تەنیا دوو ڕۆژ دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە ڕادەی ئەو ترسە ئاشکرا بوو، کە ئێران هەستی پێ کردبوو. هێرشی پڕوپاگەندە و زرنگانەوەی شەڕەشمشێر لە لایەن هەردوولا گەیشتە لووتکە. سەروتارێک لە لایەن ڕۆژنامەی "ئایندگان" تێیدا هاتبوو، "ڕێژیمی عێراق بۆی نییە شەڕ بکات، بەڵام ئەگەر سەدام حوسێن سووره و قسە لەبارەی شەڕەوە دەکات، کێشە نابێت سزای خۆی و دەستەکەی بدەین."

سەرەڕای قووڵبوونەوەی دوژمنایەتی، ئێران بەهیچ شێوەیەک ئارەزووی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ عێراقدا نەبوو. ستراتیجی ئەو بریتی بوو لە لاوازکردنی ڕێژیمی عێراق لە ناوەوە بە بەکارهێنانی کورد وەک کارتێک دژی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ستراتیجییەتە چەند کێشەیەکی لە بەردەمدا بوو. سەرەڕای زیادبوونی دوژمنایەتی لە نێوان بەعس و بزووتنەوەی کورددا، کورد هێشتا بە تەواوی دەرگەی دایەلۆگی لەسەر ڕێژیمی عێراقدا دانەخستبوو. لەبەرئەوە بۆ ئێرانییەکان گرینگ بوو چەند بەڵگەیەکی ڕازیکەر بخەنە بەردەست لە پێناو چانسەکانی سەرکەوتنی شۆڕشێکی کورد لە عێراق. لە پاڵ ئەمەشدا، بارزانی لە فەرمانڕەوای ئێران دەترسا و متمانەی بەو نەبوو بەقەد ئەوەی کە متمانەی بە فەرمانڕەواکانی بەغدا نەبوو. ئەو ئاگەداری ئەو ڕۆڵە بوو کە شا وەک بەکرێگیراو بە کوردی سپاردبوو، بارزانی بەوە وەسفی دەکرد کە "شا وا کوردی دەوێت کە بە زۆرلێکردن چی بوێت پێی بکات."[١٥]

شا لە بارزانی بە پارێز بوو و گومانی لە مەبەستەکانی بوو. دوژمنایەتیی نێوانیان ڕیشەیەکی مێژوویی هەبوو چونکە بارزانی یەکێک بوو لەو چوار جەنەراڵەی شەڕیان لە دژی شادا بەرپا کرد کاتێ کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ئێران دامەزرا. شا هیچ خووێکی لەگەڵ "کوردە سوورەکان"یشدا نەبوو کە ئەویان ڕاو کرد لەو کاتەی بارزانی و شوێنکەوتووانی لە یەکەتیی سۆڤیەت گەڕانەوە عێراق، کە لە ١٩٤٧ەوە تا ١٩٥٨ لەوێدا مابوونەوە. بەیاننامەی ئادار قەدەکی تری بەربەرەکانێی لە نێوان هەردوولادا دانا. ڕۆژێک بەر لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە، شا بەدوای بارزانیدا نارد و بارزانیش بە هەموو شێوەیەک ڕەتی کردەوە کە ئەو هیچ مەبەستێکی هەبێت لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ ڕێژیمدا. لە سەرووی ئەمانەشدا، ئێران دەبوو لەسەر هێڵێکی باشدا بگرێت لە نێوان دنەدانی کوردی عێراق و بەرگرتن لە ڕژانی هەر کاریگەرییەک بۆ ناو کوردی ئێراندا. ترسی ئێران سەبارەت بە کێشەی کورد ناوخۆی خۆی، کە لە ڕاستیدا تا ئەو قۆناغەش تەواو هەراش نەبووبوو، لە تێڕوانینی سایکۆلۆجیی تاکتیکییەوە ئەوەی بۆ ئێران زەحمەت کرد کۆمەکیی ڕاستەوخۆ بۆ کورد دابین بکات. لە لایەکی ترەوە، ترسی ئێران لەوەی

بەغـدا بـەجـۆرێک وەڵامی بداتەوە بە دنەدانی عـەرەبی خـوزسـتـان هـەروەک لە ڕابردوودا کـردبـووی وای لە ئێـران کـرد ڕۆڵی خـۆی لە هاندانی کـوردی عـێـراق بە شاراوەیی بهێڵێتەوە لە کاتێکدا بەدوای تێوەگلاندنی ئەمەریکاوە بوو لە کێشەکەدا.

## "دەستە شاراوەکانی" ئەمەریکا

سـەرۆکی ئەمـەریکا ڕیچـارد نیکسـۆن، لە ڕێگەی گـەڕانەوەی لە کـۆنفـرانسـێکی لووتکەدا لەگەڵ سـەرۆکی سۆڤیـەت لیۆنارد بریجنێڤ، لە ٣٠ ئایاری ١٩٧٢ لە تاران لەگەڵ شادا کۆ بووەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا، هێنری کیسینجەریش تێیدا بەشدار بوو، کـە ئەو کات سـەرۆکی ئەنجـومـەنی ئاسـایشـی نیشـتـمانیی ئـەمـەریکا بوو، چەند پرسێکی سـتراتیجیی جیاواز گفتوگۆیان لەسـەر کرا، لەوانە دنەدانی کوردی عێراق بۆ بەرپاکردنی شـۆڕش. نیکسـۆن ڕەزامـەندیی پێشـان دا لەسـەر زیادکردنێکی بارە چەکـەکـان بۆ ئێـران و ڕێدان بە پـلانی شـا سـەبارەت بە کـورد، لەوانە ڕێککەوتنێک لەسـەر بنەمـای پێـدانی هـەندێک یارمـەتیی ئـەمـەریکا بۆ کـورد. بەمـەش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەمێک لەسـەر هێڵی پێشوو و جێگیریی خۆی لای دا، کە بریتی بوو لە خۆبەدوورگرتن لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و نکووڵیکردنی لە پشتیوانیکردنی،[١٦] پاڵنەری سەرەکی لە پشت ئەو سیاسەتە کۆنەی ئەمەریکا بریتی بوو لە ڕاگرتنی دڵی دوو هاوپەیمـانەکەی، ئێران و تورکیا، کە هەستیار بوون بە هـەر جـۆرە بەهێـزبوونێکی بزووتنەوەی کـوردی لە هـەر وڵاتێکی دراوسـێـدا سـەبارەت بە کێشەی کوردی ناوەخۆیاندا،[١٧] ئەمەریکا نە بەرژەوەندییەکی سـتراتیجیی لە پرسی کـورددا هـەبوو نە باوەڕیشـی بە شـەرعـیـیـەتی خـەباتەکـەیاندا هەبوو. لەوەش زیاتر، وەزارەتی دەرەوەی ئـەمـەریکا ئـەو بۆچوونـەی هـەبوو، کـە "ئۆتۆنۆمـیـیـەکی زیاد یا سـەربەخـۆیی بۆ کـوردی عـێـراق دەبێـتـە بێـزارکـەر بۆ سـەقـامگیـریی ناوچەکـە و ناحەزیش بۆ بەرژەوەندییەکانمان تا هەتایە."[١٨]

کورد، بە تایبەتی بارزانی، لەژێر پاڵنەری ئەو بڕوایەی بە دەسـەڵاتی ئـەمـەریکایان هـەبوو و لەژێر ئـەو بیـرۆکە تا ڕادەیەک ساویلکە و سـۆفیـگەرییـەی کـە پێیان وا بوو ئەمـەریکا بە شـێوەیەکی بەرچاو شتگەل لە بەرژەوەندیی ئـەواندا دەگۆڕێ، لە هـەوڵی

بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەمەریکادا بەردەوام بوون. پێشتریش لە ١٩٦٢ بارزانی زۆر داوای پشتیوانیی ئەمەریکای بۆ بزووتنەوەکە کردبوو، بەڵام وەڵامەکەی برێتی بوو لەوەی ئەمەریکا دەست وەرناداتە کاروباری ناوەخۆی عێراق و بە هیچ شێوەیەک پشتیوانیی چالاکیی کورد ناکات. دوای کەوتنی عەبدولکەریم قاسم، مەلا مستەفا بارزانی جارێکی تر داوای لە ئەمەریکا کرد. لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی جۆن کێنێدی لە ئابی ١٩٦٣، داوای پشتیوانیی سەرۆکی بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە. هەمان چارەنووس بەسەر داوایەکی تری ئەیلوولی ١٩٦٧دا هات. لە ئابی ١٩٦٨دا بارزانی نێردەیەکی بۆ واشنتۆن نارد، بۆ دووبارە داواکردنەوەی پاڵپشتیی چەک و پارە و دیپلۆماتی لە حکوومەتی ئەمەریکاوە. وەڵامی چاوەڕوانکراو، وەک جارانی پێشوو، برێتی بوو لە ناڕازیبوون،[19] دیوی تری دراوەکە برێتی بوو لە گومانی زگماکی کورد لە یەکەتیی سۆڤیەت، کە لە دوژمنایەتیی بارزانی خۆی بەرامبەر شیوعیبوون سەرچاوەی دەگرت. ئەم بێ متمانەییە بۆ ڕەتکردنەوەی یەکەتیی سۆڤیەت دەگەڕایەوە لە دابینکردنی پشتیوانیی بەرجەستەیی بۆ شۆڕشی کوردی، بگرە لە کاتی بارودۆخی هەرە خراپی پێوەندییەکانیشیان لەگەڵ بەغدادا (بۆ نموونە یەکەم ڕێژیمی بەعس لە ١٩٦٣). ئەم ناجێگیرییە، کە بە توندوتۆڵبوونی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و سۆڤیەت زیاد بوو، پانتاییەکی هاوبەشی بۆ پشتیوانیی کورد و ئەمەریکا دابین کرد.

لە ئاداری ١٩٧٢ پێوەندیی نهێنی لە نێوان بارزانی و دەزگەی خەفیەیی سی ئای ئەی (CIA)دا پەیدا بوو، بۆ نموونە، کاتێ سی ئای ئەی نامەیەکی لە بارزانی پێ گەیشت، پێشنیازی ئەوەی کردبوو ئەو بە تەنیا بچێتە ئەمەریکا و تاوتوێی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و سۆڤیەت بکات،[20] لە ٣ی نیسان، نێردەیەکی بارزانی لەگەڵ کاربەدەستێکی ئەمەریکا لە واشنتۆن کۆ بووەوە. نێردەکە داوای هاریکاریی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆی، ئەمەریکای کرد بۆ دامەزراندنی "بزووتنەوەیەکی رزگاری" بۆ کورد و عەرەبی عێراق لە کوردستانی عێراق "بە مەبەستی لەسەرکارلادانی ڕێژیمی بەعس لە بەغدا." داوایەکە ڕەت کرایەوە،[21] سەرچاوەیەکی تر ڕای گەیاند کەوا ئیدریس بارزانی و مەحموود عوسمان ڕابەرایەتیی شاندێکیان

بۆ واشنتۆن کرد تا لەگەڵ ڕیچارد هێلمز، بەرپرسی ئەو کاتی سی ئای ئەی، کۆ ببنەوە،[٢٢] لە هەمان کاتدا، هاوبەشێکی تر، ئاگەدار بە توندڕۆییی بەعس و لێدوانەکانی بەغدا لە دژیدا، هاتە ناو ڕووداوەکانەوە، ئەویش ئوردن بوو، کە بۆ دانانی سنوورێک بۆ بەغدا، دەستی بە هاریکاریکردن لەگەڵ ئێران و ئەمەریکادا کرد. بگرە بەر لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەی نێوان عێراق و سۆڤیەتیش، شاندێکی ئوردنی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی عێراق و پلانی کودەتایەک ڕەوانەی ئێران و کوردستان کرا،[٢٣] ژمارەیەک ئیعتیبار هەبوون لە پشت نێزیکبوونەوەی سیاسەتداڕێژەرانی ئەمەریکایی لە کورد. لەسەر ئاستی جیهانی، کێبەرکێیەکی چڕ، هەڵبەتە کۆنترۆڵکراو، لە نێوان دوو دەسەڵاتە زلهێزەکە لە ناوچە ستراتیجییەکەدا هەبوو. ئەمەریکا هەوڵیشی دەدا لە ڕێگەی کوردەوە سنوورێک بۆ بەرفرەوانبوونی یەکەتیی سۆڤیەت دابنێت بە لاوازکردنی هاوپەیمانەکەی، کە برێتی بوو لە عێراق. لەسەر ئاستی ناوچەییشدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەدوای یارمەتیدانی ئێران بوو، کە هەستی بە "هەڕەشە لێکردن لە لایەن دراوسێکەیەوە" دەکرد کە عێراق بوو،[٢٤] ئێران داوای لە ئەمەریکا کرد ببێتە زامنی شا لە بەرامبەر کورددا، ئەو کوردانەی دەترسان هەر کاتێک بەرژەوەندیی شا بیخوازێت کورد بەجێ بێڵێت. ئیعتیبارێکی تری ئەمەریکا برێتی بوو لە سنووردانان بۆ ئەو هەڕەشەیەی کە عێراقی توندڕۆ لەسەر وڵاتە محافزکارەکانی کەنداو و ڕێڕەوەکانی نەوتی ناوچەکەدا دروستی کردبوو. لە کۆتاییشدا، گۆڕینی ئاراستەی سەرنجی بەغدا بوو لە ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرائیل. هیراڵد سۆندەرس لە دەستەی ئاسایشی نیشتمانی، نێزیکبوونەوەی ئەمەریکای لە کورد لە چەند خاڵێکدا کورت کردەوە. بەڵگە سەرەکییەکانی ئەو برێتی بوون لە: (١) ڕێدان بە کورد یان هاندانی کورد بۆ مانەوەیان وەک سەرچاوەیەکی ناجێگیرکردنی لە عێراق، کە کۆسپی دەخستە بەردەم هەوڵی سۆڤیەت لە برەوپێدانی حکومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی لە عێراق وەک شوێنێکی ئارامتر بۆ پێگەی خۆی، (٢) ئێرانی و ئوردنی و ئیسرائیلییەکان بە شێوەیەکی پچڕپچڕ پشتگیریی کوردیان کردووە، ئەمەش وەک هۆکارێک بۆ بەستانەوەی هێزەکانی عێراق لە ناوەخۆدا و ئاسایشی ئەو وڵاتانەش لە

بەرژەوەندیی ئەمەریکا بووە، (٣) لە پاڵ ئەمانەشدا، چاوەڕوانیی دەس تێ وەردانێکی چالاکیی عێراق لە کەنداودا هەبوو، ناسەقامگیریی ناوەخۆی عێراق دەبێتە لاوازکردنی ئەو دەس تێ وەردانە.

ئیعتیباراتەکانی دژ بەم سیاسەتەش لە سەنگاییدا کەم نەبوون. لە هەمان کاتدا، سیاسەتی ئەمەریکا لە نێزیکبوونەوەی لە یەکەتیی سۆڤیەت دەگەیشتە جێبەجێبوون بۆیە ئەمەریکا دەبوو بە هۆشیارییەکی تەواوەوە هەنگاو بنێت لە خۆبەدوورگرتن لە لاوازکردنی ئەم نێزیکبوونەوەیەدا. بە هەمان شێوە، هەرچەندە ئێران داوای دەکرد یارمەتیی کوردی عێراق بدات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێشتا ترسی لەوە هەبوو شۆڕشی کوردی عێراق بۆ کوردی تورکیا خۆی و ئێرانیش پەرە بسێنێ،[٢٦] لەوەش زیاتر، هەرچەندە ئەمەریکا هیوای دەخواست عێراقێکی لاواز ببینێت، بەڵام حەزی لە پەکخستنی تەواوی ڕێسای وڵاتەکە نەبوو. هەروەها حەزی لە بەهێزبوونی بزووتنەوە جیاخوازەکانیش نەبوو. دەبێ ئەوە بەبیر بێنینەوە، کە بە تایبەتی لەو کاتدا پێوەندیی زۆر زیندوو لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراقدا هەبوون، بە مەبەستی ڕێگرتن لە پشت بەستنی ڕەهای بەغدا بە یەکەتیی سۆڤیەت. لە هاوینی ١٩٧٢، دوای ئەوەی شاندێکی باڵای عێراق بە ڕابەرایەتیی عیزەت دووری، وەزیری چاکسازیی ئاودێریی ئەوسا، سەردانێکی نهێنیی بۆ واشنتۆن ئەنجام دا، ئەمەریکا بڕیاری زیادکردنی نوێنەرەکانی دا لە بەغدا سەرەڕای ئەوەی کە پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق بە شێوەیەکی فەرمی بە هەڵپەسێردراوی مانەوە،[٢٧] لەگەڵ ئەوەشدا، ئیعتیباراتی ناوەخۆیی هەبوون، کە دەس تێ وەردانی ئەمەریکایان بە چاک نەدەزانی. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە بەردەوامی دژی "ئەو دەستپێشخەرییانە" بوو لە ناوچەکەدا،[٢٨] هەروەک کاربەدەستێک دەیگوت "بگرە ئەگەر بڕیارمان دا یارمەتییان بدەین، پێم وایە دەبێ بە نهێنی بێ."[٢٩] دەکرێ وا دانێین، دوای تێئاڵانی ئەمەریکا لە ڤێتنام، ڕای گشتی دژی هەموو دەست وەردانێکی ئەمەریکایی بوو لە وڵاتانی دەرەوە.

دەست پێشخەرانی پلانەکەی ئەمەریکا بۆ کۆمەکیکردنی کورد چەند چارەسەرێکی دانا، کە دەکرێ بە کێکێک وەسف بکرێ هی کەسێکی تر بێت و تۆ بیخۆیت،[٣٠] دەبێ

ئاماژە بەوە بکەین، کە پێوەندییەکانی نێوان کیسنجەر لە ئەمەریکا پشتگیریی پلانەکەی دەکرد و وەزارەتی دەرەوە بە ڕابەرایەتیی ویلیەم ڕۆجەرس زۆر هەستیار بوون لێی. کیسنجەر هەوڵی دەدا دەستخەرۆی وەزارەتی دەرەوە بکات بە ڕەنگرێژیی سیاسەتێک، کە هەمیشە لەگەڵ بیرۆکەی وەزارەتەکەدا یەکی نەدەگرتەوە.

لە تێڕوانینی کوردەوە، کەموکورتیی سەرەکیی پلانەکەی ئەمەریکا بریتی بوو لەوەی بەنهێنی بوو، هەر بە نهێنی دانرابوو و هەر بە نهێنیش جێبەجێ دەکرا. پاساو بۆ ئەو نهێنیبوونە بریتی بوون لەوەی شا دەخوازێت پلانەکە بەنهێنی بێت، کیسنجەریش نایەوێت زۆر لە دژی سۆڤیەت بوەستێتەوە و دەبوو بەرهەڵستبوونی وەزارەتی دەرەوەش نەهێڵدرێ. لێرەوە، دەبێ ئاماژە بەوە بدرێت کە ڕۆجەرس ئاگەداری پلانەکە نەبوو. ئەو تا هاوینی ١٩٧٣ لە ئارادابوونی ئەو پلانەی نەزانیبوو. ئەمەش مانای وا بوو پلانی هاریکاریی ئەمەریکا پلانێکی فەرمی و دامەزراوەیی و پابەندی نەبوو. بگرە دەستپێشخەرییەکی "پارتیزانی"ی باڵی ئاسایشی ئەمەریکا بوو. هەرچەندە پاڵپشتیی سەرۆکی وەرگرتبوو، پلانەکە نهێنییەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو بریتی بوو لە سیفەتێکی "ژێر بەژێری"، هەروەها دەکرا هەر کاتێک بێت وەلا بنرێت و خۆی لێ بێ نابەرپرسیار بکرێ.

هەرچەندە ئامانج لە پلانی هاریکارییەکە ئەوە بوو ئەمەریکا پێوەی پابەند نەبێ، کەچی داڕێژەرانی دەستپێشخەرییەکە لە ئەمەریکا بە مەبەست ئەو کاریگەرییەیان لەنێو کورددا دروست کرد کەوا ئەو هاریکارییە بە جۆرێک لە جۆرەکان زامنێکە لە شیمانەی لەپڕ وازهێنانی ئێران دەیانپارێزێ. دوا بەدوای ئەوە بارزانی دەڵێت "هەرچەندە ئەوان هەرگیز پابەندبوونێکی پێناسەکراو و نووسراویان بە ئێمە نەداوە، بەڵام ئێمە هەمیشە، بە پشتبەستان بە گفتوگۆکانمان لەگەڵیاندا، وا بیرمان کردووەتەوە ئەوان لە بارودۆخی ناخۆشدا بەجێمان ناهێڵن."[٣١] بۆ کەمکردنەوەی گومانی کورد سەبارەت بە نهێنیبوونە ڕەهایەکە، ئەمەریکا چیرۆکێکی پەردەپۆشی دروست کرد بەوەی مەبەست لەم نهێنیبوونە بەدوورگرتنی بارزانییە لە شەرمەزاربوونی ئەو وەک دۆستی ئەمەریکا. هەر بەو هۆیەوە، ئەمەریکا ڕێگریی لە هەبوونی پێوەندیی نێوان کورد و کاربەدەستە باڵاکانی ئەمەریکادا دەکرد. ئەو

پێـوەندییـانەی هەشـبـوون بە شـێـوەیەکی سـەرەکی لە ئەوروپا بوون لە نێـوان کارمـەندانی سی ئای ئەی و پیاوانی بارزانیدا،[٣٢] کەموکوڕییـەکی تری پلانەکە لە تێڕوانینی کوردەوە برێتی بوو لە ستراتیـجییەتی "سـەرنەکەوتن"، کە ئەمـەریکا وەک نەخـشـەیەک بۆ خـەباتی کـوردی کێـشا بوو و بە نهێنیش لە کورد شـاردرابووەوە: "سەرۆک، دوکتۆر کیسنجەر و شای ئێران هیوای ئەوە دەخوازن بەکرێگیراوەکەمان (کورد) سەرکەوتوو نەبن."[٣٣] بە مانایەکی تر، داڕێژەرانی پلانەکە دەیانویست کورد بایی ئەوەندە بەهێـز بن تا بەهێـزیی حکوومـەتی عـێراق لاواز بکەن، نەک بایی ئەوەندەی ئۆتۆنۆمی بەدەست بێنن. ئەم خـاڵە زیاتر ئەو ڕاسـتـیـیـە دەردەخـات، کـە پرسی کـورد خـۆی بۆ خـۆی هـیچ جـێگەیەکی لەنێـو سـەرجـەمی ئیـعـتـیـبـارات و گۆڕانکارییـەکانی ناو پلانەکەدا نەبوو. ئارەزووی داڕێژەرانی پلانەکە لە ڕێ نەدان بە دەست وەردانی ئەمـەریکا یا تێـوەئالانی، ناچاری کـردن ڕێگەی ناڕاسـتـەوخـۆ بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە بگرنە بەر، یەکێک لەو ڕێگایانە ئیسرائیل بوو.

## ئیسرائیل و کورد: دوژمنی دوژمنم

پێوەندییـەکانی نێوان ئیسرائیل و کورد کەمێک دوای هەڵگیرسانی شـۆڕشی کوردی لە بەهاری ١٩٦١، لەسـەر دەست پێشـخـەریی ئیـسـرائیل، دەسـتی بە گـەشـەسـەندن کرد،[٣٤] ئیسرائیل لەسـەر بنەمای "دوژمنی دوژمنم دۆستمە" کاری دەکرد. ئیسرائیل بەدوای کەڵک وەرگرتن بوو لە بەکارهێنانی شـۆڕشی کورد بۆ لاوازکردنی حکوومەتی بەغدا، کە هەڵوێسـتـێکی توندی لە ملـملانێی عـەرەب ئیـسـرائیلدا هـەبوو، هـەروەها بەدوای پەکـخـسـتـنی ناردنی هێـزەکـانی عـێـراقـیش بوو بۆ ئیـسـرائیل. ئارەزووی ئیـسـرائیل لە خـەباتی کوردی لە مـەبدەئی پەڕاوێزکەوتووەکان (doctrine of the periphery) جێی دەبووەوە کە ئـەو کات لە ئیـسـرائیل باو بوو، لەنێو ئەوانی تردا دەبوو بەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتە ناعەرەبەکان و کەمە نەتەوایەتییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاسـتدا بێت تاکو ڕووبەڕووی کوتلەی عـەرەبی ببێتـەوە،[٣٥] ئیـسـرائیل، بە پشت بەستن بەو سیاسەتە، لە ئێران و کورد زیاتر نێزیک دەبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران و ئیسرائیل دوو سـەرنجی ڕاستەوانەی دژ بەیەکیان سەبارەت بە کوردەوە هەبوو: لە

کاتێکدا ئێران لە بەهێزبوونی ڕەهای کورد دەترسا، ئیسرائیل هیوای بۆ ئەو بەهێزییە دەخواست و پشتگیریی دەکرد.

جیاواز لە ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە نێزیکبوونەوەکەیان تەنیا بەرژەوەندیخوازانە بوو، ئیسرائیل ئارەزوویەکی سۆزداری و مرۆڤدۆستیی بەرامبەر بە کورد هەبوو. هەرچەند ئیسرائیلییەکان زیاتر بەشدارییان لە کاردا دەکرد ئەوەندە زیاتر پێوەندییەکە بەهێزتر دەبوو. جارجار، ئیسرائیل خۆی هەڵدەقورتاند بەو ئیعتیباراتە سیاسییە کردارییانەی هەبوون. ڕەخنە لەبارەی ڕاستیی ئەو ئیسرائیلییانەی لە ڕووی سۆزدارییەوە لە کوردستان کار دەکەن، لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی چالاکییەکانی مۆسادەوە (دەزگا هەواڵگری و کردەوە نهێنییەکان) لە کوردستاندا هاتووە:

> مۆساد بەرپرسیار بوو لە پێوەندییەکانی لەگەڵ کورددا. پێوەندیی تاکەکەسیی نێوان نوێنەرەکانی ئیسرائیل، کە شاهێدحاڵی ئازار و لێقەومانی کورد بوون و کورد کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو. ئیسرائیلییەکان لە ڕووی سۆزدارییەوە پابەندی هاوڕێ کوردەکانیان بوون و بە کێشەکانی ئەوانەوە دەناسرانەوە. بۆ نموونە، کورد کەلوپەلی گران و تانک و تۆپیان دەویست و نوێنەرانی ئیسرائیلیش لە ناوچەکەدا پشتیوانیی داواکەیان دەکرد. لە قۆناغی دووەمدا، کورد چەند هەنگاوێکیان نا کە ئیسرائیلییەکان پێشتر ئاگەداریان کردبوونەوە نەیکەن. لە قۆناغی سێیەمدا، کاتێ لە بەکردارکردنی هەنگاوەکاندا کورد تێ شکان: کورد ئەو لایەنەیان تۆمەتبار دەکرد کە یارمەتیی ئەوانیان دابوو، بە شێوەیەکی دیاریکراو بڵێین ئیسرائیلیان تۆمەتبار دەکرد.[٣٦]

ڕای گشتیی ئیسرائیل لە سەرەتادا سۆزدارانە بوو، هانی حکوومەتی ئیسرائیلی دەدا یارمەتیی کورد بدات.[٣٧] ئەمە ڕەنگە لە بەراوردێکی بێ ئاگایانەی کێشەی کورد بە کێشەی زایۆنیزم و خەباتی ئیسرائیل بۆ سەربەخۆییەوە سەرچاوەی گرتبێ. چالاککاری کورد عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت جووەکانی کوردستان کە ئەو پێی

وایە ژیانێکی تەواو یەکگرتوو و بێ چەوسانەوەیان لەنێو کورددا بەسەر بردبوو، یارمەتیی دروستکردنی ڕایەکی گشتیی سۆزدارانەیان بۆ پرسی کورد دا دوای ئەوەی کە بۆ ئیسرائیل کۆچیان کرد. ڕاستت دەوێ، وێنەکە زۆر ئاڵۆزتر بوو لەو وێنەیەی لە لایەن وانلییەوە پێشان دەدرا،[٣٨] لەگەڵ ئەوەش، دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا بەشداریی ئیسرائیل لە کوردستان بەرهەمی زیاتری بەخۆیەوە دیت، کە چاوەڕوان نەکراو و ناپێوەندیداریش بوو بە پاڵنەرە سەرەتاییەکانی ئیسرائیلەوە. هەندێ لەو بەرهەمانە برێتی بوون لە ئاسانکاریکردن بۆ کۆچی نێزیکەی ٥٠٠٠ جوو کە لە عێراق مابوونەوە، ئەوانەی لە کاتی کۆچە گەورەکەی سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێیان پێ نەدرابوو بە شێوەیەکی یاسایی کۆچ بکەن،[٣٩] هەروەها کاریگەرییەکی تر برێتی بوو لە دابینکردنی زانیاریی خەفیەکاریی گرینگ بۆ ئیسرائیل،[٤٠] ڕاستت دەوێ، بگرە ئەو ئیسرائیلییانەش کە هیوای گفتوگۆی ئاشتییانەیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقی دەخواست بیریان لەوە دەکردەوە باشترین ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، لە ڕێگەی کوردەوە دەبێت.

کورد لە لایەن خۆیانەوە لە نێزیکبوونەوەیاندا لە ئیسرائیل پاڵنەری خۆیان هەبوو، گرینگترینیان برێتی بوون لەو دابڕانە جوگرافی و سیاسییەی ڕووبەڕوویان بووبووەوە و ئەو ڕاستییەش کە ئەوان پەرۆشی یارمەتی بوون، جا لە هەر سەرچاوەیەکەوە بوایە. وەک ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پرسیاریان لەبارەی سیاسەتی کوردییەوە کرد، بارزانی گوتی ئاخۆ ئەو نابینایەی کە دەبێ لە شەقامێکی قەرەباڵغ بپەڕێتەوە داوای یارمەتی لە هەموو کەسێک ناکات؟[٤١] ڕوونکردنەوەیەکی تر برێتی بوو لەوەی کورد دەیویست سروشی خۆیان لە پرۆژەی زایۆنیزمەوە وەربگرن و لە کوردستان چاوی لێ بکەن. لە ڕاستیدا، لە ١٩٦٦ وەزیری بەرگریی عێراقی ئەوسا عەبدولعەزیز عوقەیلی هۆشیاریی خۆی لە مەترسیی دروستبوونی "ئیسرائیلێکی نوێ" لە باکوری عێراقدا ڕاگەیاند،[٤٢] لەوەش زیاتر، کورد وا بیریان دەکردەوە کە ئیسرائیل ڕەنگە باشترین شوێن بێ بۆیان تا بگەن بە خەونی تەمەنیان، کە برێتی بوو لە بەدەستهێنانی پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەوەش گرینگتر، ئەوان ئیسرائیلیان بە جێبڕوا و کەم

ڕاڕاتر لە ئێران دادەنا، چونکە ئیسرائیل سەبارەت بە گەلی کوردەوە تێڕوانینی دژ بەیەکی نەبوو و هەروەها ڕێککەوتنێکی سیاسییش لە نێوان ئیسرائیل و عێراق لە ئاسۆدا بوونی نەبوو، لە کاتێکدا ڕێککەوتنی سیاسی بەردەوام لەنێو سێگۆشەی پێوەندییەکانی عێراق – ئێران – کورددا بوونی هەبوو.

لە پاڵ ئەمانەشدا، پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بە تایبەتی بۆ کورد لێڵ و گوماناوی بوو چونکە ئەو جۆرە پێوەندییانە ڕێی تێ دەچوو کورد وەک ناپاک بە وڵات و ئاین ناوزەد بکات و ڕای گشتیی ناوخۆ و عەرەبیشیان لە دژدا بورووژێنێ،[43] لە ڕاستیدا، بوونی ئیسرائیلی لە کوردستان باری گرانی خستە سەر شانی کورد کە لەوە دەگەیشتن تێپەڕاندنی هێڵی لەو جۆرە وا دەکات لە کۆتاییدا ئاشتبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا ئەستەم بێت. لە ئەنجامدا، کورد لە ئاست بابەتەکەدا خۆیان بێدەنگ کرد. لەو کاتدا، تەنیا چەند کوردێک بە پێوەندییە نهێنییەکانی ئیسرائیلیان دەزانی، ئەو ئیسرائیلییانەش کە دەهاتنە ناوچەکە یا لە کوردستان چالاک بوون جلی کوردەوارییان دەپۆشی. لەگەڵ ئەوەشدا، مشتومڕی ناوخۆی کورد وای لە کوردە نەیارەکان کرد پێوەندییەکانی کورد ئیسرائیل ئاشکرا بکەن. نەیاری سەرەکیی پێوەندییەکە جەلال تاڵەبانی بوو. پاڵنەرەکانی ئەویش چ سیاسی بوو چ ئایدۆلۆجی، مەبەست لە سیاسیی هاریکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا و ڕکابەری لەگەڵ بارزانیدا بوو، ئەو کەسەی کە گەشەی بە پێوەندیی نێوان کورد و ئیسرائیل دەدا، مەبەست لە ئایدۆلۆجیش چوونە پاڵ باڵی چەپڕەوی بوو. لە ڕاستیدا، ڕۆژنامەی "النور"ی تاڵەبانی پێشتر پاڵپشتیی ئیسرائیلی بۆ کورد لە سەرەتای ١٩٦٩، ئاشکرا کردبوو.[44]

بەغدا خۆی ئاگەداری پێوەندییە نهێنییەکانی نێوان ئیسرائیل و کورد بوو، بەڵام بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن وای بە چاک دەزانی پیلانی بێدەنگی هەڵبژێرێ، بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەک و لە بەکارهێنانی ئەو زانیارییە وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندە لە دژی بزووتنەوەی کوردی خۆی بگرێت،[45] حکوومەتی بەغدا بە بوونی ئیسرائیلی (کە، جاری وا بووە، کەمتر لە پێنج کەس بوون ) زۆر شەرمەزار بووبوو. ئەو هۆکارە، هەروەها ئەو ڕاستییەش کە بگرە عێراق نەیدەتوانی نێو ماڵی خۆشی

ڕێک بخاتەوە، دەیتوانی خۆگیڤکردنەوەکانی بەغدا لە بەرپاکردنی شەڕێک دژ بە ئیسرائیل ئاشکرا بکات. ئەوەش گونجاوە بڵێین، کە بایەخە سیخوڕی و تاکتیکییەکان هانی عێراقی دەدا پێوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئیسرائیل لە کاتی خۆیدا ئاشکرا نەکات.

ئێران، کە وەک کەناڵێکی ڕاستەوخۆ بۆ گەیاندنی هاریکاریی ئیسرائیل بۆ کورد خزمەتی دەکرد، لە مەسەلەکە بێدەنگ بوو چونکە نەیدەویست ڕای گشتیی نەخوازراوی ناوەخۆ بورووژێنێ یا گوشاری وڵاتانی عەرەبی بێنێتە کایەوە. شتێکی تر کە لە گرینگیدا هیچی کەم نەبوو برێتی بوو لە خۆدوورگرتنی ئێران لە کەڵەکەبوونی بارگرژییەکانی خۆی لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا، کە هیوای دەخواست لە کۆتاییدا بگاتە ڕێککەوتنێک. لە کۆتاییدا، ئێران خۆی سەبارەت بە بەشداریی ئیسرائیل و ئەو کێشە ئاڵۆزانەی لە بەشداربوونیدا وورووژاندبووی هەستی بە نائارامی دەکرد. هەرچەندە ئێران بە ئەرێنی وەڵامی داوای ئیسرائیلی دایەوە لە ڕێ پێدان بە دابینکردنی کۆمەکی بۆ کورد لە ڕێی ناوچەی ئێرانییەوە، ڕێوشوێنێک کە دەکرا خزمەت بە بەرژەوەندیی ئێران خۆشی بکات، بەڵام ئەمە هەرگیز گومانی ئێرانی لەسەر مەیلەکانی ئیسرائیل کەم نەکردەوە،[٤٦] ئێران لەوە دەترسا کۆنترۆڵ لە دەست بدات و کۆمەکی ئیسرائیلیش بگاتە سەرووی ئەو سنوورەی شا دیاری کردبوو: "دەمەوێ ئاگری شۆڕش پرتەپرت بکات، بەڵام نامەوێ بڵێسەی هەبێت."[٤٧]

لەبەر ئەوە، ئێران سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەفسەرێکی پێوەندییەکانی ئێرانی هەمیشە لە کاتی کردە جیاوازەکانی کۆمەکی ئیسرائیل بۆ کورد ئامادەیی هەبێت. ئەم ئەفسەرەی پێوەندییەکان دەبوو ڕاپۆرت بۆ بارەگەکانی ساواک (پۆلیسی نهێنیی ئێرانی) بنێرێت. ئیسرائیل باش لەو ڕاستییە ئاگەدار بوو، کە ڕێگەی گەیشتنیان بە کورد برێتی بوو لە ئێران و هیچ لۆجیکێک لەوەدا نەبوو کارەکان لە پاشملەی ئێران ئەنجام بدات. ئیسرائیل هەندێ جار وەک پارێزەری کورد لە بەرامبەر شادا خزمەتی دەکرد. لە هەندێ کاتدا، ئێران ڕێی بە گواستنەوەی چەک بۆ کورد نەدەدا، تەنیا هەنگاوە دیپلۆماتییە چڕەکانی ئەفسەرە ئیسرائیلییەکان هەڵوێستی توندی ئێرانی نەرم دەکردەوە.

شـێـوازی جـیـاواز هەیە لەبارەی ئەوەی داخـۆ چۆن و لە کـوێ سـەرەتای پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و کورد گەشەی سەند. ئەوەی لە سەرووی هەموو گومانەکانەوە ڕوون بوو ئەوە بوو، کە بارزانی لە بەرژەوەندیی ئەو پێوەندییە بڕیاری دا و هەموو سەنگاییی خۆشی خستە پاڵی، لە کاتێکدا کەسایەتییەکانی تری ناو سەرکردایەتیی کوردی وەک خاڵێکی براوە ئەو سیاسەتەیان قەبووڵ کرد. ڕوونکردنەوەیەک بۆ هەڵوێستەکەی بارزانی برێتی بوو لەو پێوەندییە بەهێزەی، کە لەگەڵ ڕەوەندی کوردیی جوودا پێکی هێنابوو، بە تایبەتی لەگەڵ هاوڕێیەکی کوردیدا بە ناوی دەیڤید خەوایە خینۆ،[48] بارزانی بە نهێنی دووجار سەردانی ئیسرائیلی کرد، لە ١٩٦٨ و ١٩٧٣، کۆمەڵێک کەسایەتیی تریش، کە لە ئاستی دووەم لە سەرکردایەتیی کورددا بوون سەردانی ئیسرائیلیان کرد، برێتی بوون لە کوڕەکانی بارزانی، ئیدریس و مەسعوود و عەزیز عەقراوی.[49] بارزانی، ئاگەدار لە سروشتی کێشەداری پێوەندییەکە، عادەتەن جیاکردنەوەیەکی کردبوو لە نێوان ئەو تیمە کوردییەی، کە لەگەڵ بەغدادا لە پێوەندیدا بوو لەگەڵ ئەو تیمەی کە لەگەڵ ئیسرائیلدا پێوەندیی هەبوو. مەبەست لەوەش ڕێگرتن لە دژیەکبوون لە ناوەخۆ و دزەکردنی زانیاری بوو.

یەکەم ددان پێدانانی فەرمیی ئیسرائیل لەسەر دابینکردنی کۆمەکی بۆ کورد بۆ ٢٩ ئەیلوول ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە (چەند ڕۆژێک دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران – عێراق). سەرۆک وەزیرانی ئەوسا مەناحیم بیگن ئەوەی ئاشکرا کرد، کە "لە کاتی ڕاپەڕینی کورد لە دژی عێراقییەکان لە ١٩٦٥ – ١٩٧٥" ئیسرائیل کۆمەکی کوردی کردووە و ئەمەریکاش بەم ڕاستییە ئاگەدارە." بیگن ئەوەشی گوت کەوا ئیسرائیل مەشقپێدەر و چەکی ناردووە بەڵام یەکەی سەربازیی نەناردووە،[50]

سەرەتا، کۆمەکی ئیسرائیل لە کۆمەکی مرۆڤدۆستیدا سنووردار بوو وەک بنیاتنانەوەی نەخۆشخانەیەک لە ١٩٦٦، کۆمەکییەکە هێدی هێدی فرەوان دەبوو تا لە کۆتاییدا دابینکردنی چەک و جبەخانەشی گرتەوە. دواتر، چەکی زۆر پێشکەوتووتریشی وەک دژە تانک و دژە فڕۆکەی گرتەوە. دابینکردنی چەکەکان عادەتەن لە ڕێگەی ئاسمانییەوە بوو ئەویش بە ئاسمانی ئێرانەوە. کۆمەکییەکان

بریتی بوون لە مەشقی سەربازی بۆ شەڕوانە کوردەکان، کە لەناو کوردستان خۆی (کە پێویستی بە تیمێکی چاککردنەوەی ئیسرائیلی لە شوێنی مەشقپێدانەکە هەبوو) و ئێران و ئیسرائیل ئەنجام دەدران. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر کێشەی لۆجستیکی و نەبوونی ژێرخان لە هەرێمی کوردستان خۆیدا، زۆربەی مەشقەکان لە کەمپەکانی ئێراندا ئەنجام دەدران،[٥١]

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ڕای دەگەیەنێت، کە هەموو مەشقەکانی کورد لە لایەن ئیسرائیلەوە دەدران. ڕافایێل ئیتان، کە لە ١٩٦٩ سەردانی کوردستانی کرد، بەر لەوەی ببێتە سەرۆک ئەرکان، ڕای گەیاند کەوا هەموو مەشقپێدەرە ئیسرائیلییەکان پەڕەشووتوان بوون. ئیسرائیلییەکان وەک ڕاوێژکاریش خزمەتیان دەکرد. لە ڕاستیدا، سەردانەکەی ئیتان مەبەستەکەی پێکا. بەڵام دەبێ لەسەر ئەوە جەخت بکەینەوە کە ئیسرائیلییەکان هەرگیز بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە شەڕەکاندا نەکردووە و بە هیچ شێوەیەکیش ڕۆڵی فەرماندەیان وەرنەگرتووە،[٥٢] هەندێ جار کۆمەکی ئیسرائیل پێویست بووە، تا ئەو ڕادەیەی، بە گوێرەی سەرچاوەیەک، شۆڕشی ١٩٦٦ بەبێ کۆمەکی ئیسرائیل تێ شکا،[٥٣] ئیسرائیلییەکان بە چەند چالاکییەکی تریش یارمەتیی کوردیان دەدا وەک هەڵمەتی پروپاگەندە لە ئەورووپا یان کردنەوەی خول بۆ پزیشکە کوردەکان یا نووسین و لەچاپدانی کتێبی قوتابخانە بە زمانی کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کەسێک، کە دەیویست ئەمانە بە یارمەتیی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل بۆ کورد لە شەڕی ئیسرائیل دژ بە دەوڵەتانی عەرەب لێک بداتەوە، بە بەهەڵەداچوویان ژمارد. لە شەڕی شەش ڕۆژەدا (شەڕی عەرەب و ئیسرائیل)، کورد بۆ بەستانەوەی هێزەکانی سوپای عێراق لە بەرەی ناوەخۆدا هیچیان نەکرد،[٥٤] لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسرائیل کۆمەکی خۆی ڕانەگرت و تا ماوەیەکی دوای بەیاننامەکەی ئاداری ١٩٧٠ش کۆمەکی خۆی هێشتەوە. ئیسرائیل ددانی بەو ڕاستییەدا نا کە شەڕی شەش ڕۆژە ئەوەندە بەخێرایی گەیشتە ئەنجام، دەرفەتی بە کورد نەدا تا سوپای عێراقی بەلای خۆیاندا کێش بکەن. ڕەنگە ئیسرائیل ئەو کۆسپانەی لە بەرچاو گرتبێ، کە ڕێگریی لە کورد دەکرد لە گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی کە وەک لێدانی خەنجەرێک لە پشتی عێراق دەبینرا و دەبووە

تێکدانی هەموو پردەکانی نێوان کورد و عێراق. لە سەرووی ئەمانەشدا، وا دیار بوو ئیسرائیل هەموو ڕوونکردنەوە و بیانووەکانی بارزانیی قەبووڵ کردبێت، کە لە بارودۆخی جیا جیادا دەیهێنایەوە، تا ئەو ڕادەیەی کورد پێویست ناکات شەڕ لە دژی سوپای عێراقدا بکات لەبەرئەوەی ئەو سوپایە پێشوەخت بە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەهێزەوە سەرقاڵ بوو.

کورد، کە هیوایەکی لە ڕادەبەدەریان بە توانای ئیسرائیل هەبوو، ناچار بوون ئەو هیوایەی لە ئیسرائیلیان چاوەڕوان دەکرد کەم بکەنەوە بەوەی ئیسرائیل لەژێر کۆت و بەندا کاری دەکرد، وەک ئەو کۆت و بەندە مەترسیدارانەی ئێران لەسەر ئیسرائیلی دانابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هاوینی ۱۹۷۲، کاتێ پلانەکەی ئێران ئەمەریکا ئیسرائیل بۆ دنەدانی کورد بە نهێنی داڕێژرا، هیچ کام لە لایەنە پێوەندیدارەکان بە دڵنیاییەوە نەیاندەزانی لە کۆتاییدا ئەم شتانە بەرەو کوێ دەڕوات.

## بەکارخستنی پلانی کۆمەکی ئیسرائیل

لە حوزەیرانی ۱۹۷۲، ڕێککەوتننامەیەکی ئاسایش لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکەتیی سۆڤیەتدا ئیمزا کرا، کە هەردوولا ویستی خۆیان ڕاگەیاند بۆ دەستبەرداربوون لە هەر نفووزێکی تایبەت لە جیهان و وازهێنان لە هەموو "هەوڵێک بۆ کەڵک وەرگرتن لە بەکارهێنانی بارگرژییەکان لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجی تاکلایەنەدا."[٥٥] بەڵام بەر لەوەی مەرەکەبی ڕێککەوتننامەکە وشک ببێتەوە، ئێران و ئەمەریکا بۆ ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان لێکۆڵینەوەیان لەسەر ڕێگەکانی کەڵک وەرگرتن لە بارگرژییەکانی نێوان کورد و ڕێژیمی عێراقدا دەکرد. چەند حەفتەیەک دوای سەردانەکەی سەرۆک نیکسۆن بۆ ئێران، لە ۳۰ و ۳۱ ئایار و ڕێککەوتنی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کورد بۆ تێکدانی سەقامگیریی بەعس، بارزانی بانگهێشتنی کۆبوونەوەیەکی ئاشتەوایی کرا لەگەڵ شادا. دەبێ ئەوە بەبیر بێنینەوە کە شا بە بەیاننامەی ئادار زۆر تووڕە بووبوو. دوای ئیمزاکرانی ڕێککەوتننامەکە، شا یەکسەر داوای لە نوێنەرانی خۆی کرد لە کوردستان بگەڕێنەوە و بەدوای دەرکردنی "نوێنەرە" ئیسرائیلییەکانیشەوە بوو، بەڵام نوێنەرە ئیسرائیلییەکان

شایان ڕازی کرد لە پێویستبوونی مانەوەی خۆیان لە عێراقدا.

ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی ناو ئەو کۆبوونەوانە نازانرێت. ئەوەش نازانرێت، کە شا داوای چیی لە کورد کردووە. بەهەرحاڵ، ئەوە ڕوونە کە بارزانی ناڕازی مایەوە و دوودڵییەکانی خۆشی لەبارەی پلانەکەی شاوە نەشاردەوە. لە هەمان کاتدا، نیکسۆن لە ناوەڕاستی تەمووزی ١٩٧٢ لە ڕێگەی نێردەیەکی تایبەتەوە، جۆن کۆناڵی، دوایەم بڕیاری خۆی سەبارەت بە کۆمەکیکردنی کورد بە شا ڕاگەیاند. ئەم بڕیارە، بە قۆناغە ئاساییەکانی حکومەتی ئەمەریکادا تێ نەپەڕی، تەنیا چەند کارمەندێکی کەمی سی ئای ئەی ڕەزامەندییان لەسەر دا،[٥٦] لەو قۆناغەدا، دوای ئەوەی بارزانی داواکەی شای ڕەت کردبووەوە، شاندێکی کوردی کە کوڕەکانی بارزانی، ئیدریس و مەسعوود و محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمانی لەخۆ دەگرت سەردانی ئەمەریکای کرد بۆ سازدانی چەند گفتوگۆیەک لەگەڵ نوێنەرەکانی سی ئای ئەیدا. لە دوایەم لێکۆڵینەوەیدا، شاندەکە بڕیاری دا پلانی کۆمەکیی ئەمەریکا قەبووڵ بکات.

کوڕەکانی بارزانی ئەزموونی دیپلۆماتییان کەم بوو و بێ ئاگا بوون لەوەی پێوەندیی لەگەڵ سی ئای ئەی، کە چینی حکومەت پێیەوە پابەند نەبوو، دۆخێکی دژوار دێنێتە کایەوە. لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بارزانیدا، عەبدوڕەحمان جەختی لەسەر سروشتی کێشەداری ئەو جۆرە پێوەندییە کردەوە. کەچی بارزانی، کە بۆ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ ئەمەریکادا بەپەرۆش بوو، پێی وا بوو ئەوان دەستکەوتی ڕاستەقینە پێشکێش بە کورد دەکەن. لەوەش زیاتر، ئەو باوەڕیشی وا بوو، کە سی ئای ئەی گەرەنتییەکی تەواوی ئەمەریکا لە بەرامبەر ناپاکیی شادا دابین دەکات. ئەوەش گونجاو بوو، کە بارزانی پێوەندییە نهێنییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا بەچاکتر بزانێت چونکە ئەمە ڕێی بە بارزانی دەدا ڕێگەیەکی کراوە لەگەڵ ڕێژیمدا بهێڵێتەوە. دەبێ ئەوە بگوترێ کە نهێنیێ لەنێو لایەنی کوردیشدا هەبوو. لە سەرەتادا، تەنیا بارزانی و دوو کوڕەکەی و چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بەم پلانەیان دەزانی. بەمەش، داڕشتنی سیاسەت لەبارەی کێشە چارەنووسسازەکانی بزووتنەوەی کوردەوە لە دەستی چەند کەسێکدا بوو، هەندێک جاریش تەنیا لە دەستی بارزانیدا بوو. هەرچەندە لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا هەموو ئەندامانی مەکتەبی

سیاسی بە پلانەکەیان زانی. تەنیا یەک ئەندام، ساڵح یوسفی، دژی پلانەکە بوو،[٥٧]

پلانی کۆمەکیی سی ئای ئەی لە ئابی ١٩٧٢ چووە بواری جێبەجێکردن و پابەندبوونیش پێیەوە تا ئاداری ١٩٧٥ بوو. پلانەکە، بە بڕی نێزیکەی ١٦ ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرا، کە بریێتی بوو لە کۆمەکیی دارایی، دابینکردنی چەک و جبەخانەی دەستکردی ڕووسی و چینی، هەروەها ڕادیۆی بەهێزیش کە ئێزگەی کوردستانی عێراقی دەگەیاندە تەواوی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست،[٥٨] کۆمەکیی ئەمەریکا بە بەراورد لەگەڵ پشتگیریی ئێراندا گرینگ نەبوو و بەهەرحاڵ، کورد زیاتر گرینگیی سیاسییان بەلاوە باشتر بوو لە گرینگیی سەربازی. لەبەرئەوەی ئەمەریکا لە پلانی کۆمەکییەکەدا دەیویست لە بەشداربوونی بە شێوەی ڕاستەوخۆ خۆی بەدوور بگرێت، بەشی زۆری پلانەکە لە ڕێگەی ئیسرائیلەوە جێبەجێ دەکرا، کە گوایە لە سەرەتاوە ئاگەداری پلانە نهێنییەکە بوو،[٥٩] لەوەش زیاتر، لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئیسرائیل خۆی لەوەدا دەدیتەوە، کە پڕوپاگەندە بۆ سەرخستنی کورد لە واشنتۆن دەکات و داوای زیادکردنی کۆمەکی دەکات. تا ئێستە زانیاریی تێروتەسەل لەسەر تێکڕای قەوارەی کۆمەکییەکانی هەرسێ وڵات، ئێران و ئیسرائیل و ئەمەریکا، بەردەست نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە شێوەیەکی ئاشکرا دیار بوو ئیستیعابی کورد تێ دەپەڕاند، ئەمەش بەشێکی لەبەر نەبوونی ژێرخانێکی ئیداری و سەربازیی گونجاوەوە بوو.

بە کورتی، ئەم هاوپەیمانییە ئاشکرا و شاراوانە پرسی ئاکاریی وەک ناپاکیی دەورووژاند. کورد، وەک نەتەوەیەک بۆ خۆیان، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا ئەوان سەرپشکن لە گرتنەبەری هەر هەنگاوێک کە دەبێتە پاراستنی پێناسی نەتەوەیی و سەرورییان. وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، ئەوان وەک خائین و ناپاک پێشان دەدران. ئەم باسە لە ساڵانی دواتردا وەک کرۆکی مشتومڕەکانی نێوان عەرەب و کورد مایەوە.

پەڕاوێزەکان:

1. As to the island ofAbu Musa, the shah and the ruler of al-Shariqah had an agreement regarding the establishment of an Iranian outpost on the island. The other two islands were seized by force, which breached a prior understanding with Great Britain that such seizure

would not be effected until after Britain had completed its obligations to its allies on December 1 1971. See J. B. Kelly, Arabia, the Gulf, and the West (London: Weidenfeld & Nicolson, 1980), p. 95.

2. The shah suggested that control over these islands would ensure the passage of oil tankers in the Gulf. However, the Iranians actually had better strategic points from which to ensure this. The real reason for the seizure was their expectation of finding oil on the sea bottom in the area of the islands. Ibid., pp. 88–89.
3. Regarding the supply of US weapons to Iran, see Shmu’el Segev, The Iranian Triangle (in Hebrew) (Tel Aviv: Sifriyat Ma‘ariv, 1981), p. 44; and Daniel Pipes, "A Border Adrift: Origins of the Conflict," in The Iran-Iraq War, eds. Shirin Tahir-Kheli and Shaheen Ayubi (New York: Praeger 1973), p. 19.
4. Iraq sought to equalize the struggle for the "Arab Gulf" with that of the struggle over Palestine. Ruz Al-Yusuf (Cairo, weekly), 1 May 1972.
5. Le Combat, 8 December 1971, cited in Arab Report and Record, 1–15 December 1971.
6. Although the Soviet Union viewed the alliance as a tool to deepen its penetration of the Gulf, unlike Iraq it did not regard it as a move against Iran. The Soviet Union sought to maintain good relations with Iran and did not wish to antagonize it. See Robert O. Friedman, Soviet Policy Towards the Middle East Since 1970 (New York: Praeger, 1978), pp. 76–81; and Kelly, Arabia, pp. 281–282.
7. Le Figaro, cited in Ma‘ariv (Tel Aviv, daily), 21 April 1972.
8. Ismet Sheriff Vanly, "Kurdistan in Iraq," in A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, ed. Gérard Chaliand (London: Zed Press, 1980), p. 183.
9. Uriel Dann, "The Communist Movement in Iraq Since 1963," in The U.S.S.R and the Middle East, eds. Michael Confino and Shimon Shamir (Jerusalem: Israel Universities Press, 1973), p. 385; Friedman, Soviet Policy, p. 23.
10. The positive responses of the ICP leaders were highlighted in the Iraqi media such as al-Jumhuriyya (Baghdad, daily), 24 February 1972; Iraqi News Agency, 2 April 1972, cited in Daily Report, 4 April 1972.
11. Al-Jumhuriyya, 19 May 1972.
12. Memorandum for Director of Central Intelligence declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR," 12 June 1972.
13. Al-Nahar (Beirut, daily), 13–14 April 1972.
14. Ayandegan, 16 April 1972, cited in Daily Report, 17 April 1972.
15.Anonymous, interviewed by the author, 13March 1982. Barzani expressed more than once to US representatives his distrust of the shah’s intentions who, he claimed, viewed the Kurds as a mere playing card. Village Voice (New York), 16 February 1976.
16. In 1947, the United States rejected Barzani’s request for political asylum in the United States. It also rejected an appeal in 1962 to assist the Kurdish rebellion. Dana Adams Schmidt, Journey Among Brave Men (Boston: Little Brown, 1964), p. 203. For an important documentary source book, see Lokman I. Meho, The Kurdish Question in U.S. Foreign Policy: A Documentary Sourcebook (Westport, CT: Praeger, 2004). For a general discussion of US policy toward the Kurds, see Michael Gunter, "United States Foreign Policy

Toward the Kurds," Orient 40, 3, (1999): 427–437;Mariana Charountaki, The Kurds and US Foreign Policy: International Relations in theMiddle East since 1945 (London: Routledge, 2011); and Peter J. Lambert, "The United States and the Kurds: Case Studies on the United States Engagement" (master's thesis, Naval Postgraduate School, 1997).

17. According to new documents from the State Department, the United States opposed Iranian support to the Kurds because it sought to maintain good relations with Baghdad as well. Meho, The Kurdish Question, pp. 463–465.
18. Ibid., p. 465.
19. Public Record Office, FCO17/408, 13 August 1968; Meho, The Kurdish Question, pp. 442–443, 451, 470.
20. CIA, declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR," 9 March 1972.
21. Memorandum of conversation, declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR." 3 April 1972. A later source claimed that Barzani had been summoned to the United States, but that Kissinger refused to meet with him. Fadil Barrak, Mustafa al-Barzani: Al-Ustura wal-Haqiqa (Baghdad: Dar al-Shu'un al-Thaqafiyya al- 'Amma, 1989), p. 255.
22. Eliezer (Geizi) Tsafrir, Ana Kurdi (in Hebrew) (Or Yehuda: Hed Artzi 1999), p. 158.
23. Ibid., p. 154.Asecret report revealed that Jordan also was supporting the Kurds. Memorandum to Henry Kissinger, National Security Council, declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR," 7 June 1972.
24. The secret US aid for the Kurds was perceived mainly "as a favor for our ally" Iran. Village Voice, 16 February 1976.
25. Memorandum to Henry Kissinger, National Security Council, declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR," 7 June 1972.
26. Memorandum to Henry Kissinger, National Security Council, declassified PA/HO Department of State, Barzani-US-USSR, 7 June 1972.
27. Al-Hawadith, 8 September 1972.
28. Memorandum for Director of Central Intelligence, declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR," 12 June 1972.
29. Memorandum to Henry Kissinger, National Security Council, declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR," 7 June 1972.
30. The CIAused the code words "ethnic group," and "our ally" to refer to aid to the Kurds and Iran respectively. Investigation of Publication of Select Committee on Intelligence Report (Washington, DC: US Government Printing Office, 94th Cong., 2d. sess.1976). The Village Voice, 16 February 1976.
31. Jerusalem Post, 23 March 1975.
32. In November 1971, such contacts were held in Beirut. CIA, declassified PA/HO Department of State, "Barzani-US-USSR," 9 March 1972.
33. Many details of the US aid plan were leaked to the Village Voice on February 1976 as part of a comprehensive report by the Special Senate Committee, which was established in 1975 to examine the methods of operation of the US intelligence community.

Following the publication in the Village Voice, a commission was established to check the leak itself; the reports were granted great credibility since the people investigated did not

deny their content. The entire episode was published in Investigation of Publication of Select Committee on Intelligence Report (Washington, DC: US Government Printing Office, 94th Cong., 2d. sess., 1976).

34. Israeli officials, interviewed by the author, 13 March 1982 and 28 July 1985. In 1962 the KDP claimed that Israel had offered support in Europe and that the Kurds had rejected it because they feared Arab reaction. Meho, The Kurdish Question, p. 443. According to another version, the first contacts with the leaders of the Kurdish national movement were established by Re'uven Shiloah in the early 1930s, when he worked as a reporter for the Palestine Bulletin newspaper. See Tom Segev, 1949, The First Israelis (in Hebrew, Jerusalem: Domino, 1984), p. 34.

35. For this doctrine, see Ofra Bengio, The Turkish-Israeli Relationship: Changing Ties of Middle Eastern Outsiders (New York: Palgrave Macmillan, 2004), pp. 33–71.

36. Ze'ev Schiff, Ha'aretz (TelAviv), 7 June 1985. I also interviewed someone who had been in the field for a long time and made a contrary claim to the effect that he and others like him, aware of Barzani's limitations, had actually restrained policymakers in Israel. Anonymous Israeli official, interviewed by the author, 9 September 1985. Generally speaking, acccording to the rules of the division of labor between the army and the Mossad, the latter is responsible for contacts with states that do not maintain diplomatic relations with Israel, especially when the matter involves an enemy country.

37. Sa'ad Jawad, Iraq and the Kurdish Question, 1958–1970 (London: Ithaca Press, 1981), p. 301.

38. See Mordechai Zaken, Jewish Subjects and Their Tribal Chieftains in Kurdistan (Leiden: Brill, 2007).

39. Mas'ud Barzani supervised the action. Barrak, Mustafa al-Barzani, pp. 273–275; Tsafrir, Ana Kurdi, pp. 148–152.

40. Shlomo Nakdimon, Broken Hope: The Israeli-Kurdish Relations, 1963–1975 (in Hebrew) (Tel-Aviv:Yedi'otAhronot, 1996), pp. 100–112, 314–324; Barrak, Mustafa al- Barzani, p. 232.f

41. Quoted in Barrak, Mustafa al-Barzani, p. 234.

42. Mahmud al-Durra, Al-Qadiyya Al-Kurdiyya, 2nd ed. (Beirut: Dar al-Tali'a, 1996), p. 388.

43. Indeed, years later, Barrak dedicated a whole book to Barzani's "treasonous" affairs. Barrak, Mustafa al-Barzani.

44. Public Record Office, FCO17/872, 5 April 1969.

45. In one case, Baghdad accused the Kurds of conveying intelligence information to Israel through Iran and of acquiring Israeli goods. Settlement of the Kurdish Problem (Al-Thawra, Thawra Publications, n.d., n.p.), p. 56.

46. Israel initiated the contact with Iran regarding the Kurdish matter and not vice versa. It should furthermore be noted that, without Iran's knowledge, Israel initiated contacts with the Kurds before initiating them with Iran. Israel also found it somewhat dif- ficult to inform Iran about this connection. Anonymous Israeli officials interviewed by the author, 13 March 1982; 28 July 1985; 22 September 1985.

47. Anonymous Israeli official interviewed by the author, 22 September 1985.

48. See Zaken, Jewish Subjects, pp. 67–79, 113–120.
49. For a detailed account of this, see Shlomo Nakdimon, Broken Hope, passim.
50. Radio Israel, 29 September 1980, cited in BBC, 1 October 1980.
51. Jean Larteguy, TheWalls of Israel (NewYork:M. Evans, 1969), p. 92. Larteguy's book was immediately translated into Arabic by the Iraqi Defense Ministry. Barrak, Mustafa al-Barzani, p. 206. The first course taught to Kurdish officers by Israeli instructors was held in August 1965. See Segev, The Iranian Triangle, p. 215.
52. Barrak claimed that they did participate in battles. Barrak, Mustafa al-Barzani, p. 227.
53. Anonymous Israeli official interviewed by the author, 9 February 1982; Refa'el Eytan, Raful, The Story of a Soldier, with Dov Goldstein (in Hebrew, Tel-Aviv: Sifriyat Ma'ariv, 1985), p. 117.
54. According to a US intelligence source, "Just before the war started an Israeli agent reportedly visited Mulla Mustafa to arrange, if possible, some Kurdish action to tie down the Iraqi army. He did not succeed." Meho, The Kurdish Question, p. 471.
55. Stanley Hoffman, Primacy or World Order (New York: McGraw-Hill, 1978), p. 64.
56. Plans of this type required the approval of a special committee known as the Committee of 40. However, the committee received information on the plan only after the US envoy had informed the shah about it. Its approval was only a rubber stamp. Village Voice, 16 February 1976.
57. Another leading member, Hashim 'Aqrawi told Barrak that he opposed these links, which prompted Barzani to marginalize him. Barrak, Mustafa al-Barzani, p. 222
58. It was established in Mawat, Iran. Ibid., p. 238.
59.According to one assessment, Iran suggested Israel as an additional guarantor for the Kurds. Ferhad Ibrahim, Die Kurdische Nationalbewegung im Iraq (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1983), pp. 711–712.

٥

# خراپبوونی پێوەندییەکان

گۆڕانکارییە ئاشکرا و نهێنییەکانی هەرێمەکە تەرازووی هێزی نێوان بەعس و کوردی بە قازانجی بەغدادا لاسەنگ کرد. ئەو شەڕە قسەیەی کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی نێوان هەردوولادا بەرپا بووبوو، بە ئاشکرا دەردەکەوت. لە ڕاستیدا شتێکی تەواو دەگمەن بوو، کە لە دەوڵەتێکی زۆردار و داخراوی وەک عێراقدا، چەند ڕاستییەکی گرینگ ئاشکرا بوون تەنیا لەبەرئەوەی لە بەردەم خەڵک جلە چڵکنەکە بەسەر تەنافەوە هەڵخرا. گوتارەکە گۆڕانکارییەکی قووڵی بە خۆیەوە بینی لەو کاتەی دیدی هەردوولا برێتی بوو لە ڕەنگدانەوەی پێکدادانی نێوان دوو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کە حزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتییان دەکرد. لەوێوە، ئامانجی سەرەکیی پڕوپاگەندەی بەعس برێتی بوو لە جیاکردنەوەی گەلی کورد لە لایەک و پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفای بارزانی لە لایەکی ترەوە بە ئامانجی دابڕاندنی پارتی و بارزانی لە سیاسەت، لەبەرئەوەی ئەوان بە ڕۆحییەتی جووڵەپێدەری بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەبینران. بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش، لە دۆخی بەرگریکردندا، دەیانویست ئەوە بسەلمێنن کە ئەوان و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێکی جیانەکراوەن.

## بەخۆماڵیکردنی چاڵە نەوتەکانی کەرکووک

لە ١ حوزەیرانی ١٩٧٢ بەغدا چاڵە نەوتەکانی کەرکووکی بە خۆماڵی کرد، ئەمەش زەبرێکی کوشندەی بە کورد دەگەیاند. ئەم هەنگاوە، بە ئامادەکارییەکی باشی دەسەڵاتدارانی عێراقی و پشتگیریی یەکەتیی سۆڤیەتیش، بەرەکەی لەژێر پێی کورد

دەرهێنا کە داوایان دەکرد کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکە. گواستنەوەی پەنجا و پێنج بیرە نەوت لەژێر دەستی کۆمپانیای نەوتی عێراقی بۆ ژێر دەستی دەوڵەتی عێراق، کۆتاییەکی بۆ داواکانی کورد بۆ نەوتی ناوچەکە دانا. چەندین پاڵنەری ئابووری و ستراتیجی و سیاسی لە پشت هەنگاوی بەخۆماڵیکردنی نەوتەوە هەبوون، لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو پرسی کەرکووک بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت و ببڕێتەوە. ئەمەش لەو ڕاستییەدا دەردەکەوت کە بەخۆماڵیکردنەکە سەرەتا لە کەرکووک دەستی پێ کرد و ئینجا دواتر مووسڵ و بەسرەی گرتەوە.

زەبرێکی تر کە بەر کورد کەوت برێتی بوو لەو بەرنامە تەقەشوفییەی کە لە دوای بەخۆماڵیکردنی پیشەسازیی نەوت پەسند کرا، ئەویش لەبەر کەمبوونەوەی داهاتی نەوت و زەحمەت بەبازاڕخستنی نەوتی کەرکووک بوو. کەمبوونەوەی پەنجا لە سەدای ئەو دەرماڵانەی کە بۆ پرۆگرامەکانی گەشەپێدان دابین کرابوون زیانێکی تایبەتی بە کورد دەگەیاند لەبەرئەوەی ئەوان پشکی شێریان لەو دەرماڵانە بەردەکەوت. ڕاستییەکی تر کە لە مەترسیدا هیچی لەوانەی پێشوو کەم نەبوو، ئەوە بوو بزووتنەوەی کوردی کارتێکی سەرەکیی پاڵەپەستۆی لەدەست دا، نەک تەنیا بۆ سەر ڕێژیم، بگرە بۆ سەر کۆمپانیا بیانییەکانیش. پارتی دیموکراتی کوردستان بە تووڕەییەکی پەنگخواردوو وەڵامی دایەوە. لە لایەک، نەیدەتوانی سەرکۆنەی بەخۆماڵیکردنی نەوتەکە بکات، کە هێمای نیشتمانیبوونی عێراق بوو، لە لایەکی تریشەوە، نەیدەتوانی پشتگیریی بەخۆماڵیکردنەکە بکات لەبەرئەوەی زیانی بە بەرژەوەندییەکانی کورد دەگەیاند. بێدەنگیی پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو پێچەوانەی پشتگیریکردنەکەی حزبی شیوعیی عێراقی و هاندانی چالاکانەی حزبەکە بوو، کە لە بەرژەوەندیی سیاسەتی بەخۆماڵیکردنەکەی نەوتی عێراق بوو.

دوای چەند ڕۆژێک لە بەخۆماڵیکردنی نەوت ناڕەزایی لە شنگال، کە دانیشتوانەکەی کوردی ئێزیدین، دەستی پێ کرد، دواتر لەوێوە بۆ کەرکووک و سلێمانی تەشەنەی سەند. خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان بێ ئامادەکاری و خۆڕەس بوو، خەڵکانی نائومێد و کڵۆڵی لەخۆ دەگرت کە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کاریان نەدەکرد، بەڵام دوای بەخۆماڵیکردنەکە پشتگیریی خۆیان بۆ

پارتی دەردەبڕی. ئەوەی کە بووبووە هۆکاری بەرپابوونی نارەزایەتییەکە ئەوە بوو ئەو عەشیرەتە ئێزیدییانەی، کە لە بەرامبەر پاسەوانیکردنی کۆمپانیاکانی نەوت پارەیان وەردەگرت، بە هۆی سیاسەتی بەخۆماڵیکردنەکەوە ئەو ئیمتیازانەیان لەدەست دەدا. لەوەش زیاتر، هەر لەو ڕۆژەی کە سیاسەتی بەخۆماڵیکردن جێبەجێ کرا، حکوومەت لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەی ئادار چەکی بە ئێزیدییەکان دانا. هاوکات لەگەڵ ئەمە، ڕێژیم دەستی بە نیشتەجێکردنی عەشیرەتە عەرەبەکان لەو ناوچەیەدا کرد، ئەمە هەنگاوێک بوو بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی توندی نێوان عەشیرەتە کورد و عەشیرەتە عەرەبەکانی ناوچەکە. ئەو پێکدادانەی نێوان عەشیرەتەکان سەری کێشایەوە بۆ دەست وەردانی سوپای عێراقی لەوانە تۆپبارانکردنی ناوچە کوردییەکان لە لایەن هێزی ئاسمانییەوە و ناردنی هێز لە لایەن بارزانییەوە بۆ پارێزگاریکردن لە عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکە. تەنیا یەک فیرقەی سوپای عێراقی لەم ڕووداوانەدا بەشدار بوو. بۆ یەکەم جار، لەوەتەی ڕێککەوتننامەی ئادارەوە، دەسەڵاتی سوپایی (حکم عرفی) بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی ڕاگەیەنرا،[1] لەنێو ئەو گۆڕانکارییانەدا، ڕۆژنامەی ئەلسەورە داوای لە دەسەڵاتداران کرد بەتوندی هەنگاو بگرنە بەر لە دژی ئەو "گرووپ و دەستە جیاخوازانەی کە لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیدا کار ناکەن و بەڵکو وا دەزانن لەو نیشتمانەدا تەنیا بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیان جێگەی گرینگی پێدانە، لە کاتێکدا نیشتمان لەژێر باری گەورەترین خەباتە لە مێژوویدا." لە ئاماژەدان بە پێوەندییەکانی نێوان بەخۆماڵیکردنی نەوت و هەڵوێستی دوژمنانەی "حکوومەتی بەکرێگیراوی ئێران" و نارەزایەتییەکان، ڕۆژنامەکە داوای دانانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی تەسکەوە کرد،[2] دوا بەدوای ئەوە، وەڵامەکەی ئەلسەورە بوو بە دەستپێکی مشتومڕێکی توند و دوور و درێژ لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی و ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیدا. ڕۆژنامەی ئەلسەورە لە مشتومڕەکەدا وەک سەری ڕمێک بۆ لێدانی کورد خزمەتی دەکرد. ئەمەش ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی گەورەی سیاسی بوو، کە پێویستی بە گۆڕانی بەرەبەرە دەکرد لە هەڵوێستەکانی سەدام حوسێن، ئەو کەسەی کە لە کەسێکی بەپەرۆش بۆ پشتگیریکردن لە ڕێککەوتننامەکە

دەگـۆڕا بۆ کـەسـێکی دژ بە ڕێککەوتننامـەکـە و هەروەها لە کـەسـێک کە پارتی دیموکراتی کوردستـانی بە هاوبەشی بەعس دادەنا دەگۆڕا بۆ کـەسێک، کە هەوڵی دەدا بە تەواوی پارتەکە لە گۆڕەپانی سیاسیدا لە کار بخات. پرسیار لە سەدام کرا لەبارەی ئەوەی کورد دەڵێن بەغدا بە ڕێککەوتننامەکەوە پابەند نییە، ئەو لە وەڵامدا گـوتی بەخـۆمـاڵیکردنی نەوت زۆر گـرینگتـرە لە هەر پرسـێکی تر: "لە کـاتی چارەسـەرکـردنی کـێشـەکـاندا ئێمـە ڕقـمـان لە خـۆپەرسـتی دەبێـتـەوە. ئەمڕۆ لە سەرانسەری ئەو وڵاتەدا چی گرینگە."[٣]

سەدام ستراتیجییەتی خۆی دەگۆڕی لەبەرئەوەی لەو قازانجانە بێبەش بووبوو، کە ڕێککەوتننامـەکەی لە پێناودا ئیمزا کردبوو. ڕاستت دەوێ، سەدام دەیویست دەست بەسـەر حزبەکە و ڕای گشتیدا بگرێت، ئەمەشی لە ڕێگەی ئەلسەورەوە دەکرد، کە سەرنووسیارەکەی تارق عەزیز بوو و لە کۆتاییدا بووە پیاوی دەستەڕاستی سەدام. بە پێـچـەوانـەی ئەمـەش، سـەرۆک ئەحـمـەد حـەسـەن بەکـر لە سـەرەتادا بۆ ڕێککەوتننامەکە پەرۆش نەبوو، کەچی هەوڵی مانەوەی دەدا.

## دووەم هەوڵی خافڵکوژیی بارزانی

لە ١٥ تەمـووزی ١٩٧٢، دووەم هەوڵی خـافڵکوژیی بارزانی ئاشکرا بوو. گوتەبێـژی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان، کـە پێنج ڕۆژ دواتر هەواڵـەکـەی بڵاو کـردەوە، ڕای گـەیاند پیـاوێک کـە خـۆی وەک پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی عـێـراقی نیـشـان داوە هەوڵێکی خـافڵکوژیی ئەنجام داوە. پیـاوەکە لە ددان پێـدانانەکەیدا ئـەوەی ئاشکرا کردووە کە ئەو لە لایەن "چەند کاربەدەستێکی باڵای مودیرییەی ئەمنی عامەوە" کە پاشکۆی وەزارەتی ناوەخۆی عێراقی بوو، ئەو کارەی پێ سپێردراوە،[٤]

بەعس بە قـەدەغـەکـردنی ئەو ژمـارەیەی تەئاخی، کـە ڕاپۆرتەکـەی تێـدا بڵاو بووبووەوە، کاردانەوەی خۆی نیشان دا. لە پاڵ ئەمـەشدا، وەزارەتی ناوەخۆ هێرشی کـردە سـەر پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان لەبەر بڵاوکـردنەوەی ڕووداوەکـە بە شێـوەیەکی ئاشکرا و تاکلایەنانە، تۆمەتبارکردنی ئاژانسەکانی حکوومەت بەبێ هەبوونی بەڵگەی یاسایی بۆ تۆمەتەکانی، ئاگەدارنەکردنەوەی وەزارەتی ناوەخۆ لە

پێشتردا و هەروەها لادان لە ڕێساکانی دایەلۆگی هێمنانە کە دوای ڕێککەوتننامەی ئادار هەردوولا پەیڕەوییان کردبوو. لە هەمان کاتدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد ئەو کەسەی لە هەوڵە خافڵکوژییەکەی دژ بە بارزانییەوە گلاوە، کوردێکی سوورییایە، ددانی بەوەدا ناوە ئەو لە لایەن وەزیری ناوەخۆ سەعدون غەیدانەوە ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە. بە گوێرەی ڕۆژنامەی ئەلحەیات، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش نازم گەزاریش بە شێوەیەکی تاکەکەسی لەو ڕووداوەوە گلابوو،[5] بە درێژکردنی پەنجەی تۆمەت بۆ دەسەڵاتداران، مەحموود عوسمان ڕای گەیاند، کە "حکوومەت وا بیر نەکاتەوە ئێمە باوەڕیمان بێت بەوەی هەموو ئەو هەوڵانەی (کوشتن) کە لە دژمان دەدرێت کاری کۆمپانیاکانی نەوت و ئیمپریالیزمن، هەروەک بانگەشە دەکات." بەهەرحاڵ، لە لێکۆڵینەوەکان هیچ بە هیچ نەکرا.[6]

ئەلسەورە ئەو ڕووداوەی بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەکار هێنا، لە دوو سەروتاردا، پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبار کرد بەوەی لە ناوچەی کوردستان بە سەربەخۆیی کار دەکات و گوێ بە حکوومەتی ناوەندی نادات. ئەلسەورە پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبار کرد بە کۆکردنەوەی باج لە دانیشتوانەکەی، هەبوونی گرتیگەی تایبەت بەخۆی، دەستگیرکردنی کورد و عەرەب بە تۆمەتەکانی "هاوکاریکردنی دەسەڵاتداران،" و دانەوەی ئەو کوردە ئێرانییانەی، کە دزەیان دەکردە ناو ئەو ناوچانەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەژێر "نفووزی" حکوومەتی ئێرانیدا بوون،[7] ئەلسەورە ڕای گەیاند ڕێژیم پەیمانی خۆی سەبارەت بە هێزی پێشمەرگە گەیاندووەتە سەر، کە بریتی بوو لە دامەزراندنی ٦٠٠٠ پێشمەرگە وەک پاسەوانی سنوور. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکە ڕای گەیاند ئەم هێزە، کە گوایە بەشێکن لە سوپای عێراق، "وا ڕەفتار دەکەن کە هێزێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بن. لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا نین، هەرچەندە پارە و پاڵپشتیی چەک و کەلوپەل (بۆ ئەندامەکانیان) لە حکوومەتەوە وەردەگرن." ڕۆژنامەکە ئەوەشی گوت، کە هێزەکە بەشداریی لە کردەی دژ بە سوپا و پۆلیس و خەڵکی مەدەنیدا کردووە، بەجێگەی پاسەوانیکردن لە سنوورەکانی عێراقیش پاسەوانیی لە "سنوورەکانی ئێران" کردووە. ئەلسەورە

ئەوەشی ڕاگەیاند کەوا هێزە سنوورییەکە ناوچەیەکی عێراقی، زەین ئەلقەوس لە ناوچەی خانەقین، داوەتە دەستی ئێران.[8]

ڕۆژنامەکەی بەعس زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبار کرد، لەوانە دابینکردنی ١٢٠٠٠ پێناسی دەستکار بۆ هێزی پێشمەرگە تاکو خۆیان لە خزمەتی سەربازیکردن بەدوور بگرن و پڕکردنی بازاڕەکانی "ژێر نفووزی پارتی دیموکراتی کوردستان" بە کەلوپەلی ئێرانی و ئیسرائیلی بۆ زیانگەیاندن بە ئابووریی نیشتمانیی عێراقی. ئەلسەورە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە "بارودۆخە نائاساییەکانی ناوچەکە" دۆخەکەی بۆ دەسەڵاتدارانی بەعس زەحمەت کردووە بتوانن قاچاخچییە ئێرانییەکان دەستگیر بکەن. لەبەر ئەوە، ڕەنگە کەس هەبێت ئەوەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و جیهازەکەی بەردەستی (واتە پێشمەرگە) چاوەڕوان کردبێت نیشتمانیبوونیان پێشان بدەن و کێشە زەحمەتەکانیش چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوان ئەو کارانەیان نەکرد. تۆمەتێکی تر ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان نادڵسۆزیی خۆی بۆ ڕێژیم دەردەخست کاتێک داڵدەی ئەو کەسانەی دەدا کە بە پیلانگێڕیی دژ بە بەعس تۆمەتبار بوون و بنکەیەکی مەشقیشی بۆ دادەمەزراندن. لەگەڵ ئەوەشدا، مەترسیدارترین تۆمەت بریتی بوو لەوەی ئێران چەکی قورس و بنکەی مەشق و ئێزگەیەکی ڕادیۆی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دابین کردووە.[9]

حکوومەتی عێراقی ڕەنگە ئەم ڕاپۆرتانەی لە هەواڵدەرە کوردەکانەوە پێ گەیشتبێت. لە ڕاستیدا، ژمارەی ئەو کوردانەی کە هاوکاریی حکوومەتیان دەکرد لەگەڵ ژمارەی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی چوونیەک بوون،[10] بەهەرحاڵ، تۆمەتەکان نامەبەستانە هەستی لاوازیی بەغدای لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەردەخست، کە پێشتر وەک فەرمانڕەوایەکی بە توانا لە هەموو شت لە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەدا وێنەی بۆ کرابوو.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانەی سەرەوە لە ڕۆژنامەی ئەلسەورەدا، حکوومەتی بەغدا عەزیز شەریفی بۆ ئەرکێکی ناوبژیکردن نارد، ئەنجامی ناوبژیکردنەکە بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی پەرۆشییەک لە لایەن ئەلسەورە و تەئاخییەوە بۆ کۆتاییهێنان بە

مشتومڕی نێوانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانی چەند ڕێگەیەکی تری دۆزییەوە. لە بەیاننامەیەکی ئاشکرا لە لایەن ئەندامێکی پارتەکە لە هامبۆرگ لە ناوەڕاستی مانگی ئابەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاند حکوومەت فیرقەیەکی تەواوی سوپای (فیرقەی دوو) ناردووەتە ناوچەکە، کە بە پاڵپشتیی تانک و تۆپ و پەڕەشووتەوان و هێزی ئاسمانی هێرشی لە دژی کورددا دەست پێ کردووە. هێرشەکە، کە چەند حەفتەیەک بەردەوام بوو، بووە هۆی هەڵاتنی هەزاران کورد و خاپوورکردنی خانووی ئەو کوردانەی بە پشتگیریکردن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ناسرابوون. پارتی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاند ڕێژیمی بەعس سیاسەتەکانی بەعەرەبکردنی کوردستانی زیاتر کردووە بە دەستخستنی زەوی لە دەرەبەگە کورد و عەرەبەکان وەک ئامادەکارییەک بۆ وەدەرنانی کورد و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەیاندا. پارتی دیموکراتی کوردستان دووپاتی کردەوە بە تەنیا لە قەزای کەرکووک سێزدە گوندی کوردی دووچاری ئەم سیاسەتە بوونەتەوە.

تێشکانی دووەم هەوڵی خافڵکوژیی بارزانی و دەرککردن بەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگەی بەیاننامەی ئادارەوە، بووەتە ڕێکخراوێکی بەهێز، پاڵی بە سەدامەوە نا لە ساڵی ١٩٧٢ ستراتیجێکی نوێ دابنێت. ستراتیجەکەی دوو ئامانجی لەخۆ دەگرت: (١) جیاکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەلی کورد و (٢) پچڕاندنی پێوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەیاننامەی ئادار. بە مانایەکی تر ئەم ستراتیجە هەوڵێک بوو بۆ گەیشتن بە گەلی کورد، دوور لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بە گەیاندنی ئەو پەیامەی لە ڕێی چاکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە، کە ڕێژیم بەردەوام دەبوو لە پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتننامەی ئادارەوە لە پێناوی گەلی کورددا، بەڵام نەک لە ڕێگەی هاوبەشیەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بارودۆخە سەختە ئابوورییەی کە بە هۆی بەخۆماڵیکردنی داهاتەکانی نەوتی کەرکووکەوە دروست بوو، ڕێژیمی ناچار کرد لەو قۆناغەدا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەدوور بگرێت.

بەم جۆرە، ڕێژیم لە ڕواڵەتدا پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئاسایی بوو لە کاتێکدا هەوڵی دەدا نفووزی پارتی دیموکراتی کوردستان لاواز بکات. پارتی دیموکراتی کوردستانیش بۆ هەمان مەبەست دوو یاریی دەکرد. لە کاتێکدا پێوەندیی ئاشکرای لەگەڵ بەغدادا هەبوو، کاری بۆ لاوازکردنی حکوومەتی ناوەندیش دەکرد. پارتی دیموکراتی کوردستان داڵدەی حزبی شیوعیی ماویی (سەرکردایەتیی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق) دا، کە باڵێکی دژ بە سۆڤیەت بوو، ئەو ڕێی بەم باڵە دا تا چالاکییەکانی خۆی لە ناوچەی بەسرە لە باشوور تا باکور دابمەزرێنێتەوە، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێککەوتنێکی نهێنیشی لەگەڵ چەند گرووپێکی ئۆپۆزسیۆنی جیاوازدا ئیمزا کرد بە تێڕوانینی لەسەر کاردانی ڕێژیمی ناوەندی.

خراپبوونی پێوەندییەکانی نێوان کورد و ڕێژیم لە هاوینی ١٩٧٢ زەنگی ئاگەدارکردنەوەی لە مۆسکۆ لێ دا. یەکەتیی سۆڤیەت ئارەزووی دەکرد عێراقێکی بەهێز ببینێ، بە تایبەتی دوای دەرکردنی ڕاوێژکارەکانی سۆڤیەت لە میسر، کە لە دەوروبەری هەمان کاتدا ڕووی دا و عێراق بۆ ئەوان لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا بوو بە پەناگەی سەرەکی. کەڵەکەبوونی پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و کورد ڕێی تێ دەچوو چەند ئەنجامێکی هەبێت لەوانە بەعس بخاتە مەترسییەوە، دەستکەوتە سیاسی و سەرباز و ئابوورییەکانی یەکەتیی سۆڤیەت سنووردار بکات و نکووڵی لە دوایەمین شوێنەواری سۆڤیەت لەناو لایەنی کوردیدا بکات. سۆڤیەت حەزی لە توندوتۆڵبوونی پێوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵی ماویی حزبی شیوعیی عێراق نەدەکرد، کە ڕێی تێ دەچوو زیان بە حزبی شیوعیی عێراقی بگەیەنێ. لە لایەکی تریشەوە، سۆڤیەت نەیدەویست ڕێژیم ئەوەندە بەهێز بێت تا قۆرخی دەسەلات بکات و نفووزی حزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لەو پێگەیەی کە هەیانە نەهێڵێت. سۆڤیەت بەدوای هێشتنەوەی هاوسەنگییەکدا بوو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێژیم لەو کاتەی دەیویست ڕێگەیەکی کراوەشی هەبێت بۆ دانانی دەسڕۆییی خۆی بەسەر لایەنی کوردییەوە.

دوای دووەم هەوڵی خافڵکوژیی بارزانی، یەکەتیی سۆڤیەت هەوڵی دا ساردیی

پێوەندییەکانی لەگەڵ کورددا بشکێنێ، کە بە هۆی ڕێککەوتننامەی دۆستایەتیی نێوان بەغدا و سۆڤیەتەوە دروست بووبوو. سۆڤیەت لەدوگێڕانەوەیەکی فەرمیی بۆ بارزانی نارد بۆ سەردانکردنی مۆسکۆ، بە مەبەستی سازکردنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکردا، کە بڕیار بوو لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٢ بگاتە مۆسکۆ. بارزانی لەدوگێڕانەوەکەی ڕەت کردەوە و گوتی بارودۆخ ڕێگەی پێ نادەن کوردستان، جێ بێڵێت. ڕاستیت دەوێ، بارزانی تووڕە بوو لەبەرئەوەی سەرۆک وەزیرانی مۆسکۆ ئالێکسی کۆسیگن سەردانی بارزانیی نەکردبوو لەو کاتەی بارزانی لە نیسانی هەمان ساڵدا لە بەغدا بوو. بارزانی زۆر باوەڕی بەوە نەبوو سۆڤیەتییەکان و ئامادەیی ئەوان شتێک بۆ کورد بکەن. گومانی تێدا نییە پێوەندییە نهێنییەکانی کورد لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زەحمەتیی زیاتری خستە سەر هەڵوێستی بارزانی.

کاتێک ئەحمەد حەسەن بەکر لە مۆسکۆ بوو، یەکەتیی سۆڤیەت پاڵەپەستۆی دەخستە سەری تا دایەلۆگ لەگەڵ کورددا دەست پێ بکاتەوە. ڕاستی، کەمێک دوای گەڕانەوەی بەکر بۆ بەغدا، هەردوولا دەستیان بە دایەلۆگێکی نوێ کردەوە. ئێران کە دەترسا، لە ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و کورددا کارتێکی دانوستاندنی گرینگ لەدەست بدات، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی وەزیری وڵاتێکی ترەوە بەغدا ڕازی بکات، ئەویش بە پێشکێشکردنی مامەڵەیەکی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ بەغدا کە بریتی بوو لە گرەنتیی بێدەنگکردنی کورد باکور لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی ئاشکرای ڕێککەوتنی سنووریی ١٩٧٣،[١١] بەغدا وەڵامی داوایەکەی ئێرانی نەدایەوە.

### دیدی کورد و بەعس لە بازنە داخراوەکاندا

لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٧٢، سەرکردایەتیی هەرێمیی حزبی بەعس بە مەبەستی چاککردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا یاداشتێکی پێشکێش بە پارتەکە کرد،[١٢] هەرچەندە یاداشتەکە تۆمەتی مەترسیداری دژ بە بزووتنەوە کوردییەکەی بارزانی لەخۆ گرتبوو، کەچی بەعس بە ناونیشانێکی ئەرێنییەوە ناوی بزووتنەوەکەی هێنابوو "بزووتنەوەی سەربەخۆیی" (حركة تحررية)

نەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی (حرکة تحریر). یاداشتەکە پارتی دیموکراتی کوردستانیشی بە نوێنەرێکی شەرعیی گەلی کورد ژماردبوو.

یاداشتەکە، کە پڕ بوو لە لێکدژی، دووپاتی دەکردەوە کە بەعس لە پێگەیەکی بەهێزەوە بەیاننامەی ئاداری دەرکردووە، بە پشتبەستن بە تێڕوانینێکی ڕیشەیی و ستراتیجی بەبێ هەبوونی هیچ پێوەندییەکی دوژمنکارانە، کە لەو کاتدا لە نێوان بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو. ئەم تێڕوانینە پشت ئەستوور بوو بە بنەمای چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد و دانی مافە نەتەوەییەکان، کە کورد تێیاندا سەرپشک بوو. لە هەمان کاتدا، یاداشتەکە ئەوەشی تێدا هاتبوو، حزبی بەعس دایەلۆگێکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هێشتووەتەوە چونکە لەوە تێ دەگات فەرامۆشکردنی پێکهاتەیەکی سەرەکیی بزووتنەوەی کورد، ڕێی تێ دەچێ هەوڵەکانی ئاشتی پووچەڵ بکاتەوە. لە یاداشتەکەدا ئەوەش هاتبوو کە بەعس لە کاتی دانوستاندنەکاندا داخوازیی کوردی زۆر زیاتر جێبەجێ کردووە و ئەوە بەعس بوو ئۆتۆنۆمیی بە کورد دا،[١٣] لەگەڵ ئەوەشدا یاداشتەکە ڕای گەیاند پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێ بەیاننامەی ئادار وەک "سەرکەوتنێک" بۆ خۆی و وەک "بڕیارێکی بەناچاری" پێشان بدات، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەعسی کردووە، نەک لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی نیشتمانی و دیموکراتی لە نێوان هەردوولادا ئەنجام درابێت.[١٤]

یاداشتەکە تێیدا نووسرابوو بەیاننامەی ئادار دوو ڕەهەندی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: "گرەنتیی مافە نەتەوەیی و یاساییەکانی کورد" و "بەهێزکردنی یەکەتیی عێراق، واتە یەکەتیی گەل و نیشتمان و ڕێژیمی دەستووری." سەبارەت بە ڕەهەندی یەکەم (واتە بەشەکەی بەعس لە بەیاننامەکە)، سی و دوو کاری بەعس لە یاداشتەکەدا هاتبوو، لەوانە دابینکردنی ٥٠,٠٠٠ دینار وەک مووچەی یەکەم بۆ ٥٠٠٠ هەزار پێشمەرگە، کە ناردرابوونە ماڵەوە، هەروەها دابینکردنی ٣٠,٠٠٠ تا ٥٠,٠٠٠ دینار وەک مووچەی مانگانە بۆ بارەگەکانی بارزانی. یاداشتەکە، کە ڕای گەیاند هێشتا شەش مادەی بەیاننامەی ئادار جێبەجێ نەکراون، جێبەجێ نەکردنی ئەو مادانەی خستە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیەوە،[١٥]

سەبارەت بە بەهێزکردنی یەکەتیی نیشتمانی، ئەو شتەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان پێیەوە پابەند بوو، یاداشتەکە تێیدا هاتبوو، کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر ئەرکەکانی جێبەجێ نەکردووە بگرە ئەوەندەی بۆی لواوە پێوەندیی لەگەڵ ئیران هێشتووەتەوە، کە ئەمە بەخراپی زیانی بە یەکەتیی نیشتمانی و سەروەریی عێراق گەیاندووە. یاداشتەکە ناوی چواردە جێگەی دیاری کردبوو، کە تێیاندا هاریکاریی کوردی ئێرانی هەبوو، هەندێ لە هاریکارییەکان برێتی بوون لە هاتنە ناوەوەی چەکی گران و سووکی ئێران بۆ کورد، دابینکردنی ئێزگەیەکی ڕادیۆ، مەشق پێدانی ئەندامانی پێشمەرگە لە بنکە مەشقییە ئێرانییەکاندا، گواستنەوەی زانیاریی سیخوڕی لە لایەن کوردەوە بۆ ئێران، قاچاخچێتیکردن بە شتومەک و خەڵکەوە، هەروەها سەردانیکردنی ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و کاربەدەستانی ئێران بۆ لای یەکتری.

پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر سەرزەنشت کرا بە تۆمەتی ڕێ نەدان بە حکوومەتی ناوەندی لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەی کوردی، لەوانە ڕێ نەدان بە سوپا لە ئەنجامدانی مەشق یا بڵاوکردنەوەی هێزەکانی لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا، کۆسپ دانان لە بەردەم کاربەدەستانی حکوومەتی ناوەندی و شکستهێنان لە دانەوەی ئەو شوێنە پاسەوانییانەی هاوسێی سنووری ئێرانن. یاداشتەکە ئاماژەی بە سەدان کاری تاوانی کرد، لەوانە کوشتنیش، کە لە لایەن ئەندامانی پارتی کوردستانەوە دژی ئەو کوردانەی گومانی هاریکاریکردنی کاربەدەستانی بەعسییان لێ کراوە، جێبەجێ کراون.

یاداشتەکە ڕای گەیاند پارتی دیموکراتی کوردستان بە دووڕوویی لەگەڵ بەعسدا کاری کردووە. بۆ نموونە، هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان هاوبەشێکە لە حکوومەت، کەچی وەک پارتێکی ئۆپۆزسیۆن کاری کردووە، بۆ نموونە، لە ڕێگەی چاندنی هەستی جیاخوازی لەنێو کورددا. لە ددانان بە هەڵەکانی حزبی بەعس بەهۆی تێ نەگەیشتنی هەندێ ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی بەعس لە گرینگیی بەیاننامەی ئادار و تێڕوانینی نەرێنی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانیش خۆیە یاداشتەکە ڕای گەیاند کە حزبی بەعس، جیاواز لە پارتی دیموکراتی کوردستان،

خۆی بە چاککردنەوەی هەڵەکانی خۆی زۆر ماندوو کردووە.

یاداشتەکە لە کۆتاییدا سی و یەک مەرجی بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا خستە بەردەست، لەوانە پچڕاندنی پێوەندییەکانی پارتی لەگەڵ ئێراندا، پابەندبوون بە یەک نەخستنی سوپا لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی و بەستنەوەی هێزی پاسەوانیی سنوور بە سوپای عێراقەوە. یاداشتەکە بە بانگەشەکردن بۆ دایەلۆگی "جیدی و بابەتییانە" بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، کۆتاییی پێ هاتبوو.

لە پاڵ ئەمەشدا، پێوەندییەکان بەخێرایی بەرەو خراپی دەچوون، بەوەی بەعس هەوڵی دەدا شەرعییەت لە پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگرێتەوە. هەموو ئەو شتانە لەژێر باکگراوەندی ململانێیەکان بۆ دەسەڵات لەنێو ڕێژیم و ململانێ لەگەڵ سەدامدا ڕووی دەدا، کە سەدام دەیویست بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی هەنگاو بنێت، لەو کاتەدا بەکر هەوڵی دەدا میزاجگەل هێور بکاتەوە. هۆکاری گۆڕانی کتوپڕ لە ئارەزووی سەدامدا ئەوە بوو دەیویست سۆزی دژ بە کورد لەناو سوپادا جڵەو بکات بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەوێدا.

لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ تەنگژەکە بە ئاشکرا دەستی پێ کرد. ئەو یاداشتەکەی لە سەرەوە باس کرا بەعس دای بە ڕۆژنامە بیانییەکان لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش مەرجەکانی خۆی بۆ بەردەوامبوونی دایەلۆگ بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕاگەیاند، یەکێک لە مەرجەکان بریتی بوو لە دەست لەکارکێشانەوەی غێدان و گەزار، کە گومانی دەستهەبوونیان لە پیلانی کوشتنی بارزانیدا لێ دەکرا. لە بەرامبەردا، پارتی دیموکراتی کوردستان دانەوەی چەکی گران و ڕاگرتنی چالاکیی سیاسی دژ بە ڕێژیمی پێشکێش بە ڕێژیمەکە کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان دوو هۆشداریی کۆتاییشی ڕاگەیاند، ئەوانیش، ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی دانیشتوان و ڕاگرتنی بەعەرەبکردنی ناوچەی کوردی بە بێ دواکەوتن.

کاربەدەستانی بەعس لە ١٩ تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ وەڵامیان دایەوە، ئەویش بە یەکخستنی وەزارەتی کشتوکاڵ (کە وەزیرەکەی کورد بوو) و وەزارتی چاکسازیی

ئاودێری و دیاریکردنی کەسێکی ناکوردی، عیزەت دووری، وەک وەزیری وەزارەتە نوێیەکە. ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی بە توندی ڕەخنەی لەم هەنگاوە گرت چونکە ئەم کارە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا نەکرابوو و کوردی لە وەزارەتێکی گرینگ بێبەش کرد و هەروەها سەرپێچیکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار بوو، کە تێیدا پێنج وەزارەت بە کورد سپێردرابوو. ڕۆژنامەی ئەلسەورە، کە بیانووی یەکخستنی هەردوو وەزارەتەکەی وەک ڕێوشوێنێکی دەستگرتن بە سامانی دەوڵەتەوە دیاری کرد، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێرشی دەکردە سەر وەزیرە کوردەکان بەوەی "بە شێوەی عەشیرەتگەری" ڕەفتار دەکەن، ئەوەشی گوت کە "دیاریکردنی کوردێک بۆ پۆستێکی حکوومەتی مانای ئەوە ناگەیەنێ تەنیا کاروباری ناوچەی کوردی ببێتە جێی گرینگی پێدانی ئەو و وەزارەتەکەی."[١٧]

لە ڕاستیدا تۆمەتەکانی هەردوو ڕۆژنامەی تەئاخی و سەورە سەبارەت بە وەزیرەکان بەشێک بوون لە مشتومڕێکی توند کە سەرەتا ڕۆژنامەی سەورە لە ١٧ی تشرینی یەکەمەوە دەستی پێ کرد. مشتومڕەکە، کە مانگێک بەردەوام بوو، لە ڕێگەی چواردە سەروتاری ڕۆژنامەی سەورە سەبارەت بە پرسی کورد و وەڵامی تەئاخی بۆ ئەو سەروتارانە ئەنجام درا. سەروتارەکانی ئەلسەورە لەژێر ناونیشانی " لە پێناو پاراستنی ئاشتی و بەهێزکردنی یەکەتیی نیشتمانیدا" بوو،[١٨] بڕیاری ئاشکراکردنی ئەو مشتومڕانە بۆ چەند ئارەزوویێکی سەدام گەڕایەوە لەوانە پێشاندانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی نەرێنی و هاندانی ڕای گشتیی کورد و عەرەب لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرە بەرە سەندنەوەی متمانە وەک هاوبەشێکی ڕێککەوتننامەی ئادار لێی.

ئەلسەورە، کە لەژێر کۆنترۆڵی توندی سەدامدا بوو، سەروتارەکانی ئاراستەی ئەلتەئاخی دەکرد. تەئاخی بووبووە دڕکێک بۆ بەعس کە پێشتر ڕەخنە و بەرهەڵستییەکی لەو شێوەیەی نەدیبوو. ئەو ئازادیی ڕەخنەگرتنەی، کە ڕۆژنامەی تەئاخی بۆ خۆی فەراهەمی کردبوو بووە هۆی هێرشێکی نەبڕاوەی بۆ سەر ڕێژیم و سیاسەتەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی عێراقدا. لە هەوڵە نەبڕاوەکانی ڕۆژنامەکە بۆ بەدیموکراتیکردنی کردارەکانی حکوومەت، تەئاخی بوو بە کەناڵێک بۆ دەربڕینی

نارەزایەتییە ئاشکراکان، نەک هەر تەنیا بۆ نارەزایەتییەکانی کورد. بە شێوەیەکی گشتی، لێدوانە ئاشکراکانی تەئاخی و مشتومڕە توندەکانی نێوان دوو ڕۆژنامەکە لەو جۆرە ڕێژیمەدا شتێکی تەواو نائاسایی بوو، کە تێیدا میدیا لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ کرابوو. لێرەوە، بەرژەوەندیی تایبەت لەو مشتومڕانە هەبوون.

سەروتارەکانی ئەلسەورە هێرشی جڵەونەکراوی دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەلتەئاخی و بڵاوکراوەی ناوەخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی کادیر لەخۆ دەگرت، ڕستەیەکی ناو بڵاوکراوەکەی وەک بەڵگەیەک بۆ مەیلە جیاخوازەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشان درابوو. سەروتارەکان پارتی دیموکراتی کوردستانی بە کارکردن لە دژی عێراق تۆمەتبار دەکرد، لە هەمووی گرینگتر تۆمەتی یارمەتیدانی جوولەکە بوو لە چوونە دەرەوەیان لە عێراق بە شێوەی قاچاغ. جیاواز لە یاداشتەکە، کە بزووتنەوەی بارزانیی وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆییخواز وەسف کردبوو، سەروتارەکان وەک بزووتنەوەیەکی چەکداری ئاماژەیان بە بزووتنەوە کوردییەکەی بارزانی دەدا، کە گوایە لە لایەن دەستەیەکی کۆنەپەرست و نانیشتمانییەوە کۆنترۆڵ کراوە. سەروتارەکان ڕووبەڕووی ئەو بانگەشانە دەبوونەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیگوت ڕێژیم سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەشی بزووتنەوەکە لە بەیاننامەی ئادار لەخۆ ناگرێت. ئەلسەورە ڕای گەیاند "هەتا حزبی بەعس کاروبارەکان بەڕێوە ببات و بەرپرسیاری کاروبارەکانی نیشتمان بێ، ناتوانێت دەسەڵاتی ئایدۆلۆجی و سیاسی و ڕێکخراوەییی ڕەها بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدا بۆ سەر هاووڵاتییە کوردەکانی."[١٩]

سەروتارەکان دەیانویست نکووڵی لە ڕۆڵی داهاتووی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن:

> لە بنەڕەتدا، بەیاننامەی ئادار ڕێککەوتنێک نییە لە نێوان حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی و دەسەڵاتدارانی سەورە لە لایەک و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی چەکداریی کوردیش لە لایەکی ترەوە. ئەگەر سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی

کوردستان مەرجەکان جێبەجێ بکات (ئەو مەرجانەی پێشتر باس کراون)، ڕۆڵی ئەو بەگوێرەی بەیاننامەکە دەمێنێتەوە. ئەگینا، لەنێو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ژیانی نیشتمانی لە عێراقدا بە پەراوێزکراوی دەمێنێتەوە.[٢٠]

سەرکردایەتیی کورد وەڵامی حزبی بەعسی دایەوە بە پێشکێشکردنی یاداشتێکی نهێنی لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ بە حزبەکە، کە بەر لەوەی بگاتە بەغدا یاداشتەکەیان بە ڕۆژنامەیەکی لبنانی دابوو. چەند وەڵامێکیشیان لەژێر ناونیشانی "لە پێناو ئاشتی و یەکەتیی نیشتمانی و جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداردا" لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخیدا بڵاو کردەوە. جێگەی سەرسوڕمانییە لێرەدا ئەوە باس بکەین، بۆ کوردیش بە هەمان شێوە، یاداشتە نهێنییەکە زۆر ناوەندگرتر بوو لەو سەروتارانەی، کە لە ڕۆژنامەی تەئاخی بڵاو دەکرانەوە. لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە یاداشتەکەدا وەڵامێکی توندی دایەوە، کەچی دەرگەیەکی بۆ ئاشتی هێشتەوە. بۆ نموونە، قسەی لەبارەی پێویستیی دامەزراندنی پێوەندیی ستراتیجییەوە لە نێوان هەردوولادا دەکرد. خاڵێکی سەرەکی، کە بەعسی تووڕە دەکرد، بریتی بوو لە داخوازیی کورد بۆ هاوبەشبوون لە دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی یەکسان.[٢١]

بە شێوەیەکی گشتی، یاداشتەکە بەرگرییەک بوو دژی ئەو تۆمەتانەی، کە لە یاداشتەکەی بەعس لە ڕۆژنامەی ئەلسەورە ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرابوو. دیارترین خاڵ بریتی بوو لە هەوڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە پێگەی خۆی وەک هاوبەشێکی ڕاستەوخۆی ڕێککەوتننامەی ئادار. پارتی دووپاتی کردەوە ئەو شتەی، کە لەسەری ڕێک کەوتوون ڕێککەوتننامەیە نەک بەیاننامە، ئەو چارەسەرە ئاشتییانەی لە مانگی ئاداردا بەدەستیان هێنابوو شتێک نەبوو "بەبێ شەڕی پاڵەوانانەی گەلی کورد بۆ بەرگریکردن لە بوونی نەتەوەیی خۆی بەدەست هاتبێ،" هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ گرووپێکی تر نا لە لایەنی کوردیدا دەسەڵاتی ناوەندی بوو، کە دەبوو لەگەڵ ئەودا درێژەی بە دایەلۆگ بدرێت. یاداشتەکە ڕێنوێنیی بەعسی کردبوو چیی تر ئەوەندە بۆچوونی خۆی

سەبارەت بەپێگەی کوردەوە نەگۆڕێ چونکە بەم ڕێگەیە، کە پێشتر لە لایەن بەعس و ڕێژیمەکانی پێش ئەویش تاقی کراوەتەوە، تەنیا "کارەسات و تراجیدیا و ئازاری" لێ دەکەوێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد، کە لە هاوینی ١٩٧١ پێوەندییەکانی لەگەڵ بەعس بەرەو خراپی ڕۆیشت. یاداشتەکە ناوی نێزیکەی پازدە بیست ناوچەی هێنابوو، کە ڕێژیم هەوڵی دابوو تێیاندا زیان بە نەتەوەی کورد بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی بگەیەنێ، دیارترینی ئەو زیانانە بریتی بوون لە بەعەرەبکردنی کوردستان، هەوڵی لاوازکردنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دووجار هەوڵدان بۆ کوشتنی بارزانی، ڕێکخستنی گرووپی چەکداریی کوردی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرانی، هەروەها تۆپبارانکردنی گوندە کوردییەکانی سنجار و بارزان و شێخان بە باڵەفڕە و تۆپهاوێژ.

یاداشتەکە لەگەڵ ددانانان بەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە مادەکانی ڕێککەوتننامەی ئادار جێبەجێ کراون وەک بڕگەکانی تایبەت بە خوێندن و کولتوور و ئاوەدانکردنەوە کەچی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە کێشەی بنچینەیی ماونەتەوە. یاداشتەکە دوودڵیی خۆی لەبارەی چالاکییەکانی بەعسەوە لەنێو کورددا دەردەبڕی چونکە "دروشمەکان و مێژووی حزبەکە بە تەواوی بە خواستەکانی نەتەوەی عەرەب بەسترابوونەوە" بۆیە هەرگیز لەنێو ڕیزەکانی کورددا ڕەگی دانەدەکوتا. بەڵگەیەکی تر بریتی بوو لەوەی بەعس لە ناوچەی کوردیدا چالاکیی سیاسیی ئەنجام دەدا تەنیا بۆ کڕینی "هەندێ بەکرێگیراو" تا دژی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاو هەڵگرن.[٢٢]

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو بانگەشانەی ڕەت دەکردەوە، کە گوایە ئەو پێوەندیی لەگەڵ ڕەگەزەکانی بێگانە هەبێت (بە ڕوونی ناوی ئێران نەهاتبوو) بەڵام ئاماژەیەک بوو بۆ ئەو، ئەگەر لە هەر ئاستێکدا پێوەندیی هەبووبێت، گلەییەکە بۆ بەعس و خراپبوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەگەڕایەوە دوای ٢٩ ئەیلوولی ١٩٧١، واتە دوای هەوڵە تێشکاوەکەی دژ بە بارزانی. وەک

بەعس، پارتی دیموکراتی کوردستانیش چەند مەرجێکی خستە بەردەست بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان. مەرجەکان چەند شتێکیان لەخۆ دەگرت، لەوانە کۆتاییهێنان بە بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن و چالاکییەکانی لەنێو گەلی کورددا، کە لە پشت پەردەی سەرکردایەتییەکەیەوە ئەنجام دەدران، یەکخستنی کورد لە دەستەیەکی راپەڕاندن و یاسادانانداا، لە سوپا و لە زانستگەدا، هەروەها دیاریکردنی وادە و چوارچێوەیەک بۆ ئۆتۆنۆمییەک کە بەند بێت لەسەر "دامەزراندنی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی یەکەتیی نیشتمانیدا."[٢٣]

سەروتارەکانی ئەلتەئاخی زۆر توندتر بوون لە یاداشتەکە،[٢٤] سەرەتا ئەلتەئاخی، لە بواری پزیشکی و مرۆڤدۆستییەوە، ددانی بە پێوەندیی کورد لەگەڵ ئێراندا دەنا. لەگەڵ ئەوەشدا، تەئاخی ڕای گەیاند، کە ئێران وەک دەوڵەتێکی پێدارابوور خزمەتی کردووە بۆ ئەو چەک و خۆراکانەی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی کڕیون (بەڵام نەک لە ئێران خۆی). ئەلتەئاخی سکاڵای هەبوونی ئەو پێوەندییانەی خستە ئەستۆی کۆمەڵێک ڕێژیمی عێراقی، لەوانە بەعسیش، کە کوردیان دووچاری پەراوێزبوونی سیاسی کردووە و ناچاریان کردوون بەدوای بەستنی پێوەندیی دەرەکییەوە بکەین، جا لەگەڵ هەر لایەنێکدا بێت. لە تۆمەتبارکردنی ڕێژیمدا بە سیفەتی دوولانەیی، ئەلتەئاخی ڕای گەیاند کاتێک حزبی بەعس وای پێشان دەدا کە پشتگیریی کوردی ئێران دەکات، پێوەندیی لەگەڵ چوار دەوڵەتی بێگانەدا هەبووە بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێی خۆی لەگەڵ ئێراندا، بێ ئەوەی هیچ پێش مەرجێکیش بۆ ئێران دابنێت لەبارەی کوردەوە. جیا لەمەش، ئەلتەئاخی ناڕەزاییی دەردەبڕی، ئەگەر پرسی کورد ئەوەندە جێی بایەخ بوو بۆ بەعس، بۆ بەرگریی لە کوردی تورکیا نەدەکرد؟ ئەلتەئاخی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە بزووتنەوەی کوردی عێراق بۆ هەموو نەتەوەی کوردە و دەسڕۆیینی بارزانیش سنوورەکانی عێراقی تێ پەڕاندووە، هەرچەندە دروشمەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە کوردستانی عێراق سنووردارن.[٢٥]

سەبارەت بە بەقاچاخبردنە دەرەوەی جووەکان لە ڕێگەی کوردستانەوە، ئەلتەئاخی ڕای گەیاند، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ دەستێکی لەو مەسەلەیەدا نییە،

جووەکان لە هەموو لایەکی عێراقەوە دەڕۆن، هەروەها ئەوان لە ڕێگە فەرمییەکانەوە بەرەو ئەورووپا دەڕۆن،[٢٦] ڕۆژنامەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە مەبەست لەو تۆمەتانە تەڵخکردنی وێنەی کوردە لە بەردەم چاوی عەرەبدا.

ئەلتەئاخی، وەک دەزگایەکەی بەعس، ددانی بە دەزگەی زانیاریی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاراستن، نا کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە حکوومەت کاری دەکرد. ڕۆژنامەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پیلانەکانی دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوی ناچار کرد دەزگەی زانیاریی خۆی دابمەزرێنی. بە گلەییکردن لە بەعس لە دانانی بنەما ئایدۆلۆجییەکان لە جێگەی "تاکتیکە سیاسییەکان"دا، ئەلتەئاخی هێرشی دەکردە سەر دەستە "دواکەوتووەکان" و بیرۆکە "شۆڤێنییەکان" کە هێدی هێدی دەستیان بەسەر بەعسدا دەگرت و کاریگەرییان دەخستە سەر ئەو بنەمایانەی، کە بەعس لە ڕێککەوتننامەی ئادار لەبارەی مافەکانی نەتەوەی کوردەوە گەشەی پێ دابوو. ئەلتەئاخی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەرگیز بیری لە جیابوونەوە لە عێراق نەکردووەتەوە و "نەتەوەیەکی خۆبەخش" یا فیدراڵی (إتحاد إختياري) بە چاک دەزانێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو وازی لە "مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد" نەدەهێنا،[٢٧] کاتێک مشتومڕی نێوان هەردوو ڕۆژنامە گەیشتە ئەوپەڕی توندی، هێزە چەکدارەکان لە ناوچەکانی ئاکرێ و سنجار و شێخان لە پارێزگای مووسڵ و پارێزگای سلێمانیش، وەک پێشهاتێک بۆ مەشقی سەربازی دەستیان بە گردبوونەوە کرد. کوردیش هێزەکانیان بەگوڕ دەکردەوە کاتێک ٥٠٠ کورد سوپای عێراقی جێ هێشت و پێوەندییان بە هێزەکانی بارزانییەوە کرد. هێزەکانی بارزانی لە وەرگرتنی چەک لە ئێران بەردەوام بوون و پێوەندیشیان لەگەڵ ئەو کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنانەی عێراق، کە لە ئێران دادەنیشتن هێشتەوە.[٢٨]

سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ ڕێگرتن لە خراپبوونی زیاتری پێوەندییەکان لەو کاتەی ئەو باڵەی، کە سەدام ڕابەرایەتیی دەکرد لە پشتی هێرشەکانی ڕۆژنامەی ئەلسەورەوە بوو و دەیویست پارتی دیموکراتی کوردستان پەراوێز بخات. لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا کە سێ ڕۆژ بوو لە ٦ی

تشرینی دووەم ١٩٧٢دا دەستی پێ کرد، سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر سەردانی لقی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد لە بەغدا، ئەمە هەنگاوێک بوو بۆ ئەو بە نائاسایی دەهاتە ژمار. ئەو چاوی بە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت بۆ تاوتوێکردنی پێوەندییە گرژەکان. وەک نیازێکی چاک، بەکر کرێی ساڵێکی تەواوی بارەگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە بەغدا خستە ئەستۆی خۆی و جگە لە تەرخانکردنی برە پارەیەکیش بۆ بیناکردنی باڵێکی نوێ لە بارەگەکە. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن، ئەلسەورە ئەم هەنگاوەی لە کاتی خۆیدا بڵاو نەکردەوە، کەچی ئەلتەئاخی کردی. لە کۆتاییدا ئەلسەورە وەڵامی دایەوە. بە ڕەتکردنەوەی ئەو لێکدانەوەیەی کە سەردانەکەی بەکر هێمایەک بێت بۆ درز تێبوونی سەرکردایەتیی عێراق، ئەلسەورە ڕای گەیاند سەردانەکەی بەکر سەردانێکی ئاسایی بووە بەهۆی پشووی جەژنەوە بووە.[29] لە هەمان کات، بە دڵنیابوونەوە لەو گفتانەی کە ئەمەریکا پێی دابوو بۆ پشتگیریکردنی ئەگەر هاتوو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان کورد و بەعسدا ڕووی دا، پاراستن چەند هێرشێکی بۆ سەر دەزگە و دامەزراوەکانی حکوومەتی بەعس لە کوردستان ئەنجام دا، ئەمە کۆسپی خستە بەردەم هەموو پلانێکی ئاشتەوایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەعس.[30]

## تەڵەکەکانی پەراوێزخستنی کورد

لە مانگەکانی دواتردا، ڕێژیم چەند ڕێوشوێنێکی گرتە بەر بۆ زیان لێدانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لاوازکردنی پێگەکەی وەک هاوبەشێکی بەعس و هێزێکی ڕابەر لەنێو لایەنی کوردیدا. ئەلسەورە گەڕێکی نوێی هێرشەکانی دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەست پێ کرد. لەژێر ناونیشانی "بۆچوونە ئازادەکان،" وتارەکانی ئەلسەورە دووبارە بوون بە دوانگەیەک بۆ ناوزڕاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبەتە لە ڕەفتارێکی پێشکەوتووتردا.

وتارەکان ئەو زاراوانەی شی دەکردەوە، کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەکار دەهات، کە بە بۆچوونی وتارەکان، زاراوەکان ڕەنگدانەوەی مەبەستە ڕاستەقینەکانی پارتەکەی دەردەخست. نووسەری وتارەکە لە بەکارهێنانی

زاراوەی "کوردستانی باشوور" ئامانجی جیاخوازانەی پەردەپۆشکراوی دەبینی،[31] نووسەر ئەوەی دەردەبڕی کە دووریی نێوان ئەو زاراوەیە و زاراوەی "دەوڵەتی کوردستان" زۆر نییە. بە بۆچوونی ئەو، زاراوەی " شۆڕشی کوردی" مەبەستی سەربازیی لەخۆ هەڵدەگرت، کە لەگەڵ ڕۆحییەتی ڕێککەوتنی ئاداردا یەکی نەدەگرتەوە. بە گوێرەی ڕۆژنامەی ئەلسەورە، بەکارهێنانی زاراوەکانی "بەعەرەبکردن" و "تەعریب" لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە وەسفی سیاسەتی ڕێژیم ئاماژەی بەوە دەکرد، کە پارتی دەیەوێت تەنیا خۆی لە هەرێمی باکور دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت و ڕێ بە ڕێژیم و حزبی بەعس نەدات بەو جۆرە ئازادییە کار بکەن هەروەک ئەوان ڕێیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دابوو لە بەشەکانی تری عێراقدا کار بکەن. لەوەش زیاتر، وتارەکان ئەوەشیان لەخۆ دەگرت کە ئەو کەسایەتییە کوردانەی هاوڕێ و ئەندامی بەعس بوون، لە فەرهەنگی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبوون بە "بەکرێگیراو". نووسەر زاراوەی "ڕێککەوتننامەی ئاداری" ڕەت دەکردەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەکاری دەهێنا، لەبەرئەوەی بەگوێرەی تێگەیشتنی نووسەر ڕێککەوتن لە نێوان دوو لایەنی یەکساندا ئیمزا دەکرێت. لەو دۆخەشدا، ئەم یەکسانییە بوونی نەبوو لەبەرئەوەی بەعس هەم حزب و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بوو، لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حزب بوو. نووسەر ڕای گەیاند کە وەک حزبی فەرمانڕەوا، بەعس لە پارتی دیموکراتی کوردستان مەزنترە، لێرەوەش ئەمە بەرپرسیاریەتیی بەعسە پارێزگاری لە ڕۆحییەتی بەیاننامەی ئاداردا بکات. لەوەش زیاتر، نووسەر پارتی دیموکراتی کوردستانی بە ڕابەرایەتیکردنی خەباتێکی عەشیرەتگەری تۆمەتبار دەکرد "وەک ئەوەی ئەو عەشیرەتێکی مەزن بێت"، هەروەها ئەوی بە بەکارهێنانی کەمە نەتەوایەتییەکانی تر وەک تورکمان و ئاشووری بۆ مەبەستە تاکتیکییەکانی پارتەکە تۆمەتبار کرد.[32]

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، چەند هەوڵێک بۆ لێک جیاکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق درا، لەنێو کۆمەڵێک هەوڵدا، یەکێک لە هەوڵەکان بریتی بوو لە لەدووناردنی حزبی شیوعیی عێراق بۆ بەشداریکردنی لە گفتوگۆیەکی

سێ قـۆڵیی نێـوان بەعس و پارتی و شـیـوعی لە کـانوونی یەکـەمی ١٩٧٢، ئەم ڕێوشوێنە، کە دوای سێ مانگ لە گفتوگۆکردنی مایەپووچیی نێوان بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستـان پەسند کرا، لە ڕاستـیدا بۆ نەهێشتنی ئەو قۆرخکارییەی پارتی بوو لە دەستگرتنی بەسەر پرسی کورددا.

ڕێوشوێنێکی تر، کە لە تێڕوانینی پارتیدا هیچ مەترسییەکی لەوی تر کەمتر نەبوو، بریتی بوو لـە دامـەزراندنی پارتی شـۆڕشگێـڕی کـوردسـتـان (الحـزب الثـوري الكردستاني) لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٢، پەیڕەو و پرۆگرامی پارتەکە، کە لە لایەن "کۆمـەڵێک کـادیری پارتی شـۆڕشگێڕی کـوردییـەوە" ئیـمـزا کـرابوو، خـۆیان بە درێژەپێدەری ئەو پارتە ناودەبرد کە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد (هەرچەندە لە پەیڕەو و پرۆگرامـەکە ناویان نەهاتبـوو) ڕابەرایەتیـان کـردبوو و لە سـەرەتای ١٩٧١یش هەڵوەشـابووەوە دوای ئەوەی پارتـەکـە بووەوە بە بەشـێـک لـە پارتـی دیموکراتی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند ڕۆژێک دواتر، بەیاننامـەیەکی گشتی کە ئیمـزای تاڵەبانی و ئەحمەد و هەندێکی تری لەسـەر کرابوو، دەستی خۆیان لە پارتی شـۆڕشگێـڕی کـوردی کێـشـایەوە و داوایان لـە گەلی کـورد کـرد لە دەوری بارزانیدا کۆ ببنـەوە. دواتر ئاشکرا بوو ئەو گرووپەی، کە ناویان لەخۆ نابوو پارتی شۆڕشگێڕی کوردی، لە لایەن عەبدولستار تاهیر شەریفەوە ڕابەرایەتی دەکرا، کە ئەندامێکی یەدەگی کۆمیتـەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ١٩٧٠، بە ڕۆیشتنی بۆ ناو ڕێژیم وای لێ هات بەخێرایی لە هەرەمی حزبی بەعس و ڕێژیمدا بەسـەر بکەوێت. لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣ عەبدولستـار بوو بە سکرتێری گشتیی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان، لە نیسانی ١٩٧٤ وەک وەزیری کار و ئاوەدانکردنەوە بەشداریی لە حکوومەتدا کرد. لە بەیاننامـەیەکی حزبی شـۆڕشگێڕی کوردستـاندا، پارتەکـە داوای لە گەلی کورد دەکرد دەستی خـۆیان لە سـەرکردایەتیی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕاستـڕۆکان و گرووپە ناپاکەکان بشـۆن، خـۆیان بە "یەکەتیی کورد و عەرەب" پاوەند بکەن.[33]

هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، ڕێژیم، بە تێڕوانینی لاوازکردنی بنکەی جەماوەریی پارتی دیموکراتی کـوردسـتان، هەوڵی دەدا چەندین کێشـە لە ناوچەی کـوردیدا چارەسـەر

بکات. ئەو ڕێوشـوێنانـەی کـە ڕێژیم بۆ ئەو هـەنگاوە گـرتیـیـە بەر چـەند شـتـێکی دەگرتـەوە لەوانە بەخـشـینی ئێـزیدییـەکـان لە خـزمـەتی سـەربازی لـە بەرامـبـەر قـەرەبووکـردنـەوەی پارە (تشـرینـی دووەمی ١٩٧٢)، ئاسـانکاریکردن لە دەرهێنانی ڕەگەزنامـە بـۆ ئەو کوردە فـەیلییـانەی لە عێراق لەدایک دەبوون (شـوباتی ١٩٧٢) و هـەروەها دەرکردنی لێبوورین بۆ ئەو ئاشـوورییانەی لە ڕووداوەکەی ١٩٣٣دا بەشدار بوون و پێدانەوەی ڕەگەزنامـەی عێراقی پێیان (کانوونی دووەمی ١٩٧٣)،[٣٤] دەبێ وا تێ بگەین، کە ئەو ڕێوشـوێنەی دوایی ڕێژیم کـێبـەرکێیـەک بوو لە نێـوان بەعس و پارتی دیموکـراتی کوردسـتـاندا، کە بۆ پاڵپشـتیی کـەمـە نەتەوایەتییـەکـانی تر، بە تایبـەتی ئاشـوورییـەکان، دەیانکرد. ئاشـوورییـەکان بە خـەڵکی کـورد ناسـرابوون و بەشـدارییـان لە خـەباتی گـەریلاییی کورد کـردبوو لـەو کاتـەی فـەیلـەقی سـەربازیی لیڤییەکان (یەکەم هێزی سـەربازیی عێراق کە لە سەردەمی ئینتیدابی بەریتانیا لە لایەن بەریتانیای مەزن دامـەزرا)، کە سریانییەکان سـەرفەیلەقەکە بوون، دوای دووەم شـەڕی جیـهانـی هەڵوەشـایەوە،[٣٥] لە ڕاسـتیدا، لە یەکێک لە وتارەکانی ڕۆژنامـەی، ئەلتـەئاخی جەختی لـەسـەر پشتگیریی ئاشوورییەکان بۆ بزووتنـەوەی ناسیۆنالیزمی کـوردی دەکـردەوە، بە ئـامـاژەکـردن بەوەی ئاشــوورییــەکـان لە شــۆڕشی کــوردیی ١٩٦١ەوە لە پاڵ بزووتنەوەکەدا شـەڕیان کردووە، کە هـەستێکی یەکگرتنی بەهێزی لە نێـوان گـاور و کـورددا دروست دەکـرد،[٣٦] لە هـەمـان کـاتدا، حکوومـەت زیادکـردنی دەرمـاڵە داراییەکانی بۆ گەشـەپێدانی باکور ڕاگەیاند، بە جـەختکردنەوەی تایبـەت سـەبارەت بە خـوێندن لە گـوتنەوەی وانە بـە زمـانـی کـوردی. جـەخـتـیش لەسـەر دروستکردنی ڕێگەی سەرەکی و خانووبەرە کرایەوە وەک قەرەبووێک بۆ ئەو زیانانەی لە شەڕی نێوان کورد و سوپای عێراقدا لەوەتەی سـەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە بە ناوچەکـە گـەیشـتـبـوو. لە هـەمـان کـاتدا، ڕێژیم هـەوڵی دەدا کـۆسپ بخـاتە بەردەم پێشکەوتنی چەند دامـەزراوەیەک کە پێوەندییـان بە پارتی دیموکـراتی کوردسـتـانەوە هـەبوو یا چالاکییەکانیان پێناسی ناسیـۆنالیزمی کوردیی بەهێز دەکرد. ئەمانە زیاتر یەکەتییەکانی قوتابیان و مامـۆستایان و نووسـەرانی کوردی دەگرتەوە. حکوومـەت داوای دەکـرد یەکەتیی نووسـەران لە ڕووی ڕێکخـراوەییـیـەوە بە یـەکـەتیی گـشـتیی

نووسەرانی عێراقەوە ببەسترێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دەستەیەکدا، کە بە توندی لە لایەن عەرەبەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوو، هیچ دەسڕۆیینێکی بە نووسەرە کوردەکان نەدەدا. لە ئاستێکی تردا، بەعس لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ و لە نیسانی ١٩٧٣ گفتوگۆکانی لەگەڵ ئێراندا دەست پێ کرد بەو تێڕوانینەی ململانێیەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دەستپێشخەرییانە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو.

بە کورتی، لە ماوەی دوو ساڵی ڕێککەوتننامەی ئاداردا، کورد و بەغدا گەڕانەوە بۆ خانەی یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوی سەربازی ڕووی نەدا، بەڵام شەڕێک لە نێوان هەردوو بۆچووندا ڕووی دا، کە بە یەکەوە هەڵیان نەدەکرد.

پەڕاوێز:

1. Al-Hayat (London, daily), 3 July 1972; Al-Nahar, 12 July 1972.
2. Al-Thawra (Baghdad, daily), 9 July 1972.
3. Akhir Sa‘a (Cairo,weekly), 16 August 1972.
4. Iraqi News Agency, 20 July 1972, cited in Daily Report, 21 July 1972.
5. Al-Hayat, 13 August 1972; Deutsche Preese Agentur, 15 August 1972, cited in Daily Report, 16 August 1972. 6. Al Hayat, 8 September 1972. The first Baath regime of 1963 offered a reward for the killing of Barzani.
7. Al-Thawra, 25, 26 July 1972.
8. Ibid. In fact, Iraq regained this position several days before the Iran-Iraq War began on 22 September 1980.
9. Al-Thawra, 25, 26 July 1972.
10. Anonymous Israeli official interviewed by the author, 13 March 1982.
11. Village Voice (New York), 16 February 1976. The 1937 border agreement confirmed the 1847 Treaty of Erzerum, which set the boundary at the eastern bank of the Shatt al-Arab so that the entire waterway remained under Iraqi control.
12. The memorandum was published in Al-Thawra, 16 November 1972.
13. After the collapse of the rebellion, Saddam claimed that Barzani had signed the March Declaration for tactical reasons because Barzani did not believe in autonomy, but in the rule of the gun. Saddam Husayn, "KhandaqWahidAm Khandaqan," in Al-Thawra wal-Nazra al-Jadida (Baghdad: Dar al-Hurriyya lil-Tiba‘a, 1981), pp. 242–243.
14. Al-Thawra, 16 November 1972.
15. Ibid.
16. Ibid. 17. Al-Thawra, 22 October 1972.
18. I had at my disposal only two of Al-Ta’akhi’s responses.
19. Al-Thawra, 19 October 1972.

20. Al-Thawra, 14 November 1972; the rest of the articles appeared on 17, 18, 19,
29, 30, and 31 October 1972, and on 1, 2, 5, 6, 14, 15, and 16 November 1972.

21. The KDP's memorandum was quoted in Al-Thawra, 16 November 1972. It is likely that it had been rewritten because Al-Hawadith published a much more sharply worded version of the memorandum on 10 November 1972.

22. Al-Thawra, 16 November 1972.

23. Ibid.

24. The two Al-Ta'akhi articles at my disposal were dated 15 and 21 November 1972.

25. Al-Ta'akhi (Baghdad, daily), 15, 21 November 1972.

26. Starting inMay 1971, the Iraqi government adopted a quiet policy, permitting the Jews to leave Iraq, albeit under constant, tight control. This policy began to change in the fall of 1972, when the persecution of Jews resumed. Jerusalem Post, 8 January 1973. An émigré from Iraq confirmed to me that, in 1971, the Iraqi government permitted older Jews to leave for Europe on Iraqi passports.

27. Al-Ta'akhi , 15, 21 November 1972.

28. Middle East News Agency, 6 November 1972, cited in Daily Report, 7 November
1972; Deutsche Preese Agentur, 9 November 1972, cited in Daily Report, 10 November
1972; Al-Hayat, 5, 9 November 1972. 29. For Bakr's visit, see, Middle East News Agency, 8 November 1972, cited in Daily Report, 8 November 1972.

30. Ferhad Ibrahim, Die Kurdische Nationalbewegung im Iraq ( Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1983), p. 607.

31. As was mentioned above, in the pan-Kurdish terminology Southern Kurdistan means Kurdistan in Iraq.

32. Al-Thawra, 7, 8, 10, 11, 14, 22, 31 December 1972; 3, 15, 19, 22, and 26 January 1973.

33. Al-Hayat, 11 December 1972.

34. Ironically, it was the Iraqi Army that massacred hundreds of Assyrian villagers in August 1933. 35. DanaAdams Schmidt, Journey Among BraveMen (Boston: Little Brown, 1964), p. 72.

36. Al-Ta'akhi, 9 January 1973. A famous Peshmerga commander was an Assyrian woman,Margaret GeorgeMalik, killed in 1966. DavidMcDowall, AModern History of the Kurds (London: I. B. Tauris, 2004), p. 381.

٦

# پەراوێزخستنی کورد

سێ ساڵ دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار، ڕێژیمی بەعس پێ دەچوو زیاتر لە جاران متمانەی بەخۆی بێت و زیاتر لە جارانیش دەسەڵاتی بڕوات. سەرکەوتنی بەعس لە چارەسەرکردنی زۆربەی ئەو کێشانەی پێوەست بوون بە بەخۆماڵیکردنی نەوتەوە لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا، بووە هۆی بەهێزبوونێکی ئەوتۆی پێگەی سەدام، کە پێشتر وێنەی نەبوو. لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵستیی شارەزایانی بواری نەوت و ساردودسڕی لە لایەن ئەندامانی تری سەرکردایەتیی حزبەکەوە، سەدام خۆی وەک ئەندازیاری بەخۆماڵیکردنەکە پێناسە دەکرد،[1] لە لایەکی ترەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هێزی دانوستاندنی لەدەست دا. ئایرۆنییەکە ئەوە بوو ڕێککەوتننامەی ئادار، کە ڕێگەی بۆ بەخۆماڵیکردنی نەوت خۆش دەکرد،[2] ئێستە دەبووە قوربانیی سەرەکیی بەخۆماڵیکردنەکە. هەرچەندە بەعس بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستبەرداری ڕێککەوتننامەکە نەدەبوو، بەڵام دەیویست ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ بکاتەوە و پارتی دیموکراتی کوردستان فەرامۆش بکات. سەدام بگرە لەوەشی تێ پەڕاند کاتێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی وەک پارتێکی خاوەنی مەیلی جیاخواز پێناسە دەکرد، پێی وا بوو دەبێت بە ئاشکرا دەربکەوێت و بە هەموو هێزەوە بەرەنگاری بکرێت،[3] لەوەش زیاتر، لە یەکەم دیمانەی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکاییدا، سەدام ڕای گەیاند لە هەر بارودۆخێکدا بێت بەعس کۆڵ لە هیچ دەسەڵاتێکی خۆی بۆ کورد نادات و هیچ کوردێکیش نایەتە ناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە.[4]

پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاگەدار لە تۆکمەیی ڕێژیم و زیادبوونی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ پەراوێزخستنی وی، هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی دەست پێ کرد کە دەیویست

لەو ڕێگەیەوە بەرپەرچی بەعس بداتەوە بە جەختکردنەوەی ئەو خاڵانەی، کە بەجۆرێک لە جۆران، وەڵامدانەوەی بیانووەکانی بەعس بوون.

١. بەناوەندبوونی مەلا مستەفای بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی و ڕێککەوتننامەی ئادار بە شێوەیەکی تایبەت: "هەوڵەکانی سەرکوتکردنی ڕۆڵی درەوشاوەی (پارتەکە) و بە کەمزانینی گرینگیی پارتەکە لەنێو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و لاوازکردنی ڕۆڵی پارتەکە لە ژیانی سیاسی و زیانگەیاندن بە یەکەتیی پارتەکە و پارچە پارچەکردنی ڕیزەکانی، هەموو ئەو هەوڵانە بۆ لەناوچوون و دۆزەخ سەر دەکێشنەوە."[٥]

٢. تێڕوانینی بزووتنەوە کوردییەکە بۆ "برایەتیی کورد و عەرەب" لە ڕێگەی پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەت نا، بگرە لە ڕێگەی پێوەندییەکانی گەلی کورد لەگەڵ گەلی عەرەب.

٣. جەختکردنەوە لەسەر بەناوەندبوونی دیموکراسی لە بیرکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەسەر گرێکوێرەی نێوان دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی کورددا.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بەشێک لە خەباتەکەی خۆی بۆ هاندانی ڕای پێویستی گشتی، لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخییەوە، بەردەوام بوو لە ڕەخنەگرتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و بیرۆکراتییەکانی بەعس شان بەشان لەگەڵ سیاسەتی دژ بە کوردستاندا. بەعس بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانەی قەدەغە نەدەکرد، بەڵام بۆ زۆربەی بەشەکان کە وەڵامی نەدەدانەوە، ئەو بۆچوونەی هەبوو کە "بەردی گەورە نیشانەی نەهاوێشتنە." ئەم گوێ پێنەدانە هێمای دروستبوونی کەندەڵانێکی سیاسی بوو لە نێوان بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان، کەندەڵانێک کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی دەدا پردێکی لەسەر دروست بکات بە پێشکێشکردنی بەرنامەیەکی خۆی بۆ ئۆتۆنۆمی لەو دەمەی بەعسیش ڕازی بکات وەڵامدانەوەی هەبێت.

لە ٩ی ئاداری ١٩٧٣ پارتی دیموکراتی کوردستان بەرنامەی خۆی پێشکێش کرد.

ئەم بنەمـایانەی خوارەوەی لەخۆ دەگرت: کۆماری عێراق یەکە و بەش بەش نـاکرێت. لە دوو نەتەوەی سـەرەکی، کورد و عـەرەب و چەند کەمـینەیەکی نەتەوەیـی پێک دێت. بەشـداریی ڕێژەییـی گـەلی کورد لە حکوومـەت دەبێ بە گوێرەی ڕێژەی دانیشـتوانی کـورد بێ، بە پێگە سـەرەکی و هەسـتـیـارەکـانیـشــەوە وەک سـوپا و حکوومـەت و داوودەزگا ناوەندییـە یاسـادانەرەکانی وەک ئەنجوومـەنی سـەرکـردایەتیی شـۆڕش و پەرلەمانی داهـاتوو. جێگر سـەرۆکێکی کورد دەبێ لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت. هـەرێـمی کـوردسـتـان ئـەنجـوومـەنێکی یاسـادانـانی تایبـەت بـەخـۆی دەبێت، کـە ئەندامـەکـانی لە لایەن خـەڵکەوە بە هـەڵبـژاردنی ئازاد و ڕاسـتـەوخـۆ هـەڵدەبژێردرێن. ئەنجـوومـەنی ڕاپەڕاندنی هـەرێمـەکـە دەبێ لە لایەن ئەنجـوومـەنـە یاسـادانەرەکـەوە پەسند بکرێت، کـە ئەویش بەرپرسی خـۆی هەڵدەبژێرێت. ئەنـدامـانی ئەنجـوومـەنە ڕاپەڕاندنەکە پلەی وەزیرییـان دەبێت و بە شـێوەیەکی فـەرمی لە لایەن سـەرکۆمـارەوە دیاری دەکـرێن. ئەنجــوومــەنـی ڕاپەڕاندن لە ســێــزدە وەزارەت پێک دێت، لەوانە پەروەردە، ڕۆشنبیری، کارگێڕیی ناوەخۆ (واتە پۆلیس و ئاسایشی ناوەخۆ)، دارایی، پلاندانان، کشتوکاڵ، پیشـەسازی هـەروەها بازرگانی. پشکی هـەرێمی کوردسـتان لە بودجەی دەوڵەتدا بە گوێرەی ڕێژەی کورد دەبێت لە دانیشتوانی عێراق. هەر یاسا و تەشریعێک لەبارەی ئۆتۆنۆمییەوە (لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دەربچێت) دەبێ لە لایەن ئەنجـوومـەنی یاسـادانانی کـوردسـتـانەوە پەسند بکرێت،[7] لە کاتێکدا ئەم داخــوازییــانە پـێ دەچوو دوور لە ڕوودان بن، کـەچی کـورد کـەمی دەزانی لەبارەی ئەوەی سـی سـاڵ دواتر دەستکەوتەکانی لەوەش گەورەتر دەبن.

پلانەکە، کە لەسـەر داوای حزبی بەعس خۆی پێشکێش کرا، هـەروەک پێشـان درا لە بیـرۆکـەی ئۆتۆنۆمـیـی حـزبی بەعس زۆر دوور بوو. بەعس هـەرکە گـەڵاڵەکـەی پێ گەیشت، وە لایان نا و تەواو فـەرامۆشیان کرد. هەشت مـانگ دواتر، کە ڕوون بووەوە هیچ شـتـێک سـەبارەت بە پلانەکـە ئەنجـام نەدراوە، پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان پلانەکەی بە ئاشکرا ڕاگەیاند.

دوای بێدەنگبوونی بۆ چەند مـانگێک، لە کـۆتاییدا بارزانی لە لایەن پەیامنێـرێکی ئەمـەریکاییەوە دیمـانەیەکی لەگەڵدا ساز کرا، کە بۆ بەعس تووڕەکـەر بوو. بارزانی

ڕای گەیاند کەوا بەخۆماڵیکردنی نەوت لە ناوچەی کەرکووکدا، کە دەکەوێتە ناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بە زیانی کوردە. بارزانی بە ئاماژەیەکی کەم بۆ ئەمەریکا دووپاتی کردەوە، کە بە پاڵپشتیی تەواوی ئەمەریکا، ئەو دەیتوانی دەست بەسەر چاڵە نەوتییەکانی کەرکووکدا بگرێت تا لە لایەن کۆمپانیایەکی ئەمەریکاییەوە کاری لەسەر بکرێت: "بە جۆرێک هەنگاو دەنێین کە لەگەڵ سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا یەک بگرێتەوە، ئەگەر ئەمەریکا ئێمە لە گورگان بپارێزێت." بە جەختکردنەوە لەسەر ترسی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تری سەربازی، بارزانی داوای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکرد هاوکاریی کورد بکات جا مرۆڤدۆستی بێ، سیاسی بێ یا سەربازی، بە ئاشکرا بێ یان بە نهێنی، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئێرانەوە بێت یان بگرە لە ڕێگەی ئیسرائیلیشەوە بێ،[8] چوار ڕۆژ دواتر، چەند پێکدادانێکی سنووردار لە نێوان سوپا و هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ و هندرێندا ڕاگەیەنران. بە هەمان شێوە، هەر تەنیا چەند ڕۆژێک دوای گفتوگۆکانی لەیەک نێزیکبوونەوەی نێوان یەکەم سکرتێری گشتیی حزبی شیوعیی عێراق و بارزانیدا پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرانی حزبی شیوعیی عێراق ڕووی دا.

لەو کاتەی کە بارگرژی لە باکوردا زیاد بوو، لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٧٣ کەمێک بەر لە گەڕانەوەی ئەحمەد حەسەن بەکر لە سەردانەکەی بۆ بولگاریا و پۆڵەندا، هەوڵێکی کودەتا ئەنجام درا. هەوڵە تێشکاوەکە لە لایەن نازم گەزار، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتییەوە، ڕابەرایەتی دەکرا و بە کوشتنی گەزار خۆی و وەزیری بەرگری شەهاب بەکۆتایی هات. وەزیری ناوەخۆ، سەعدوون غێدان، بریندار بوو. لەو کاتەدا، زۆربەی چاودێران پێیان وا بوو لە کودەتایەکەدا سەدامیش کرابووە ئامانج. کەچی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە ٢٠٠٣، حەمید جبووری، هاوکارێکی نێزیکی سەدام، ئاشکرای کرد، کە سەدام نەخشەداڕێژەری کودەتایەکە بوو و پێشوەختە KGB ئەحمەد حەسەن بەکری لەو کودەتایە ئاگەدار کردبووەوە،[9] بەهەرحاڵ، نێزیکیی نێوان ڕووداوەکانی باکور و هەوڵە کودەتایەکە ئەوەی دەردەخست، کە ئەنجامدەرانی

کودەتایەکە بۆیە ئەو کاتەیان هەڵبژارد تا کژی باکور بشڵەژێنن، بەمەش سەرنجی سوپا، کە پاڵپشتیی سەرەکیی بەکر بوو، بەرەو باکور ئاراستە بکەن و ئاگای لەوە نەمێنێ چی لە پایەتەخت ڕوو دەدات.[١٠]

لایەنی بارزانی لە بەغدا بە پێخۆشبوونێکی ئاشکراوە تەماشای ڕووداوەکانیان دەکـــرد. ئەو ڕاتەکـــانەی دووچاری حکوومـــەتی ناوەندی بووبوو وەک لەڕوو وەستانەوەیەک بۆ تۆکمەیی بەعس دەبینرا و بووە هۆی زیادبوونی پشتبەستانی بەعس بە ڕەگەزە نابەعسییەکان، بە تایبەتی کورد. نەمانی گەزار ڕاستەوخۆ داوایەکی سەرەکیی کوردی جێبەجێ کرد، کورد بەدوای لادانی گەزار بوو بە هۆی ئەو تێڕوانینە سەرسەختەی کە بەرامبەر بە پرسی کورد هەیبوو و بە هۆی تێوەگلانی دەزگا ئەمنییەکەشی لە دوو هەوڵی خافڵکوژیی بارزانیدا.

هەروەها، ئەو شـــتـــەی کـــە وەک لاوازیی ســـەدام دەردەکـــەوت بەلای کـــوردەوە گۆڕانکارییەکی ئەرێنی بوو، چونکە بۆچوونەکانی سەدام لەبارەی کوردەوە توند بووبوو و بە زیانی کـورد بوو. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا، هیـــوای کـــورد لە دروێنەکـــردنی بەرهەمەکانی ئەم تەنگژەیە بە خێرایی تێ پەڕی.

خـــراپتـــرین زەبر، کـــە بەر کـــورد کـــەوت بڕیتی بوو لە دامـــەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی بە بێ پارتی دیموکراتی کوردستان. لەوەتەی هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعسەوە، دەستە سیاسییەکان دامەزراندنی بەرەیەکیان تاوتوێ کردبوو و هەروەها ڕێککەوتنێکی نەنووسراو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقدا هەبوو، کە بە جیا بەشداری لە بەرەکەدا نەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، حزبی شیوعیی عێراق بەهۆی کەمەندکێشبوونی بە کۆمەڵێک دەم چەورکردن لە لایەن بەعسەوە بڕیاری دا بە تەنیا بەشداری لە بەرەکەدا بکات. حزبی شیوعیی عێراق بۆ یەکەم جاری بوو ددان پێدانانی لە لایەن ڕێژیمێکی عێراقییەوە بەدەست دەهێنا، نوێنەرەکانی حزبەکە لە بەرە نیشتمانییەکەدا یەکسان دەبوون بە ژمارەی کورد (ئەگەر و کاتێک بڕیاری بەشداریکردنیان لە بەرەکە بدایە)، هەروەها ڕێ بە حزبەکە دەدرا ڕۆژنامـەی خۆی، تەریقولشەعب، دەربکات. شتێکی تری گرینگ، حزبی شیوعیی عێراق دەرکی بە دەرفەتێک دەکرد تا پارتی دیموکراتی کوردستان لەو پێگە

بەرزەی، کە لە بەرامبەر بەعس و ئەو پێگەیەش کە لە باکوردا هەیبوو لابدات، چونکە بەشێکی سەرەکیی ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراق لە باکور بوو. ئەوە ڕێی تێ دەچوو، کە حزبی شیوعیی عێراق لەسەر داوای یەکەتیی سۆڤیەت بەشداریی لە بەرەکەدا کردبێ.

زۆر پێشتر، ئەوە ئاشکرا بوو کە سوودمەندی سەرەکی لەو هەنگاوەدا، ڕێژیمی بەعس بوو. حزبی شیوعیی عێراق، بە پێچەوانەوە، بگرە پێگەی پلەیەکی نزمیشی وەرنەگرت. حزبی شیوعی نەخرایە ناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە و ئەنجامدانی چالاکیی لە شوێنە هەستیارەکانی وەک سوپا و پۆلیسیش لێ قەدەغە کرا، قەدەغەکردنەکە سزای لەداردانی لەخۆ دەگرت. بەرەکە خۆی دەسەڵاتی خاڵی بوو. دەستکەوتی ڕێژیم دیار بوو، کە بریتی بوو لە فرەوانکردنی پێگەی جەماوەریی خۆی بەبێ ئەوەی هیچ باجێکی سیاسی بدات. ئەم ڕێوشوێنە هێمای چارەسەرکردنی درزی نێوان ناسیۆنالیست و شیوعییەکان بوو، درزێک کە وەک هەورێک وا بوو بەسەر ئاسمانی عێراقەوە و لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و یەکەم سەردەمی بەعس (١٩٥٨-١٩٦٣) گەیشتبووە لووتکە. لە هەمووی گرینگتر، سیاسەتەکەی بەعس، بەش بەشکردن ئینجا فەرمانڕەوایی، لە ناکۆکیی دروستکردن لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقدا سەرکەوتوو بوو، کە تا ئەو کات لەسەر یەک پرسدا یەکگرتوو بوون: دوژمنایەتیی هاوبەش بەرامبەر بە بەعس.[١١]

بەعس و حزبی شیوعیی عێراق لە دوای پارتی دیموکراتی کوردستانیان گێڕاوە تا بەشداری لە بەرەکەدا بکات، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان یەکسەر لەدوگێڕانەوەکەی ڕەت کردەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەکەی وەک ڕێککەوتنێکی تاکلایەنەی نێوان بەعس و حزبی شیوعیی عێراق وەسف دەکرد، کە هەردوولا بە مەبەستی پاڵەپەستۆ خستنە سەر کورد بە پەلە دانوستاندنیان لەبارەوە کردبوو تاوەکو کورد ڕێککەوتنەکە قەبووڵ بکات، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژیمی بەعس و حزبی شیوعیی عێراقی تۆمەتبار دەکرد بەوەی تەنیا چوار ڕۆژ بەر لە ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، ئەو لەو ڕێککەوتنە ئاگادار دەکەنەوە.

بەعس و حزبی شیوعیی عێراق مانگێک دواتر وەڵامێکی هاوبەشیان لە شێوەی بەیاننامەیەکی کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانی بڵاو کردەوە، بەیاننامەکە هێرشی دەکردە سەر هەڵوێستی نەرێنیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی بەرەکە و ئەو کۆسپانەش، کە پارتەکە دەیخستە ڕێ بۆ پووچەڵکردنەوەی چالاکییەکانی بەرەکە.[١٢] ڕۆژێک دوای دامەزراندنی بەرەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان گەڵاڵەنامەی ئۆتۆنۆمیی (کە بەر لە چەند مانگێک پێشکێشی بەعس کرابوو بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکیان دەست کەوێت) لە ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لبنانیدا بڵاو کردەوە. بەم هەنگاوە، پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست بەبیری بەعس و حزبی شیوعیی عێراقدا بێنێتەوە، کە ئەو هێشتا لە ناوچەی کوردستاندا هێزی سەرەکییە و ناکرێت لە گفتوگۆی لەبارەی پلانی ئۆتۆنۆمییەوە بەشداریی پێ نەکرێت. کەچی هەر زوو ڕوون بووەوە، کە بەعس نەک هەر حەزی نەدەکرد گفتوگۆ لەسەر ئەو پلانە بکات، کە پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکێشی بەعسی کردبوو، بگرە حەزی نەدەکرد پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆ لەبارەی پلانەکەی خۆشیەوە بەشداری پێ بکات. بەم جۆرە، لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانی کە لە ٢٨ ئابی ١٩٧٣ بە بەشداریی نوێنەرانی بەعس و حزبی شیوعیی عێراق (هەڵبەتە نەک پارتی دیموکراتی کوردستان) ئەنجام درا، هێڵەکانی بناخەی پلانە ئۆتۆنۆمییەکە تاوتوێ کران.

لە وەڵامی هەڵوێستەکەی حزبی شیوعیی عێراقدا، ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی ڕەشنووسی پلانە ئۆتۆنۆمییەکەی حزبی شیوعیی بڵاو کردەوە، کە لە تەمووزی ١٩٧٠ لە بڵاوکراوەی" فیکرولجەدید"ی حزبی شیوعیی عێراقدا بڵاو کرابووەوە و لە ڕۆحییەت و ناوەڕۆکدا لە گەڵاڵەنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان نێزیک بوو. نە حزبی شیوعیی عێراق و نە بەعس وەڵامیان نەدایەوە. ڕاستی، سەدام پێشتر بڕیاری خۆی لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان دابوو. لە دوایەمین گفتوگۆی ئاشکرادا لەبارەی ئۆتۆنۆمییەوە، گوتی:

> ئێمە نابێ سنوورەکانی نێوان گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانمان لێ لێڵ بێ تا ئەو ڕادەیەی (هەردووکیان) تێکەڵ بەیەک

بکەین. ئەوەش ئەستەمە بەعس لەگەڵ گەلی کورددا بکەوێتە ململانێ، لەبەرئەوەی بەعس خۆی بە سەرکردەی گەلی عێراق دادەنێت لە ڕاستی وایە نەک سەرکردەی عەرەب لەنێو گەلی عێراقدا.[١٣]

ئەمە بوو بە مشتومڕی سەرەکیی بەعس لە ساڵەکانی دواییدا.

دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی زیاتر پێوەندییەکانی نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندیی بەرەو خراپی دەبرد. لە ١٩ ئابی ١٩٧٣، سوپا هێرشێکی لە دژی کوردی ناوچەی شنگال دەست پێ کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاند "باڵەفڕ و تانک و تۆپهاوێژ و بەکرێگیراوان" لە هێرشەکەدا بەشدارییان کردووە لە کاتێکدا بەعس ڕوونی کردەوە هێرشەکە وەڵامێک بوو بۆ ئەو "کردە تێکدەرانەی" لە لایەن "ڕەگەزە چەکدارەکانی" سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئەنجام دەدران. ڕۆژی دواتر ڕێژیم ڕێوشوێنێکی تری بەرەی گرتە بەر بە لەداردانی، بۆ یەکەم جار لە وەتەی ڕێککەوتننامەی ئادارەوە، چوار ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان حوکمدراو بە سیخوڕیکردن بۆ ئێران. هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی بەعس لەداردانەکە جێبەجێ نەکات و هێرشەکانی سنجار ڕابگرێت، تێک شکا. لە بەرامبەردا، پارتی دیموکراتی کوردستان داوای مانگرتنێکی گشتیی لە ٢٥ ئابی ١٩٧٣ کرد. مانگرتنەکە، کە دوازدە سەعاتی خایاند و هەموو قەزاکانی کوردیی گرتەوە، لە پانۆرامای سیاسیی ڕێژیمی بەعسدا شتێکی دەگمەن بوو،[١٤]

لە کاتێکدا ئەلتەئاخی مانگرتنەکەی وەک سەرکەوتنێکی گرینگ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان پێشان دەدا، ئەلسەورە بە بێ نرخی دادەنا: "ئێمە دەتوانین هەموو بازاڕەکانی عێراق لە ماوەی ساتێکدا دابخەین، ئەگەر بمانەوێ تفەنگ بۆ ڕێکخستنی مانگرتنەکە بەکار بێنین." بە دووپاتکردنەوە لەسەر ئەوەی بەعس و پارتەکانی تریش هەمان دەسڕۆیینیان لە کوردستاندا هەیە، ئەلسەورە ڕای گەیاند پارتەکان دەربڕینی شایەن نادۆزنەوە چونکە "ئێستە زمانی تفەنگ باوە."[١٥] بە جەختکردنەوە لەسەر پاڵنەری ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەلتەئاخی پێداگریی دەکرد لەسەر ئەوەی پرسی کورد کێشەی تەواوی گەلە و خەبات لە پێناو ئۆتۆنۆمی خەمی هەموو تاکێکی کوردی نیشتمانپەروەرە. سەبارەت بە مانگرتنەکەش، ڕای گەیاند

سـەرکـەوتنەکـەی سـەرکـەوتنێکی ڕاسـتـەقـینە و "لە ڕێی هێـزی تفـەنگەوە" نەبووە، ئەلتەئاخی پرسیاری دەکرد "ئەگەر زمانی تفەنگ باوە لە کوردستان، ئەی چ زمانێک لە ناوەند و باشووردا حـوکم دەکـات؟ گـمـەی کـۆتر؟" بە سـەرکـۆنـەکردنی بـەعس لە هەوڵدان "بۆ کەمکردنەوەی" دەسڕۆیینی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەکە جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی "بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ڕابەرایەتیی بارزانی تەواو سـەرپشکە لەسـەر ئەوەی بانگەشـەی نوێنەرایەتیی گـەلی کـورد لە سەرانسـەری عێراقدا بکات." بۆیە، کارکردنی لە ڕێگەی تەڵەکەبازی، بەکارهێنانی دەستە چەپ بۆ بردنەوەی ئەو شتانەی دەستە ڕاست پێشکێشی دەکات، هەروەها دانانی کۆسپ و تەگەرەی جیا جیا لە بەردەم ئەم بزووتنەوەیەدا ... خزمەت بە کەس ناکات."[١٦]

کاتێ مشتومڕەکە بە هەموو هێزیەوە لە ناوچەکەدا بەردەوام بوو، شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ بەرپا بوو، بۆ ماوەیەک سەرنجی ڕووداوگەل بۆ شانۆیەکی تر گۆڕا لەگەڵ ئەوەی بە تەواوی لە پرسی کورد جیاواز نەبوو.

## پرسی کورد و شەڕی ئۆکتۆبەر

شەڕی ئۆکتۆبەر کە لە ٦ تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا دەستی پێ کرد، بوو بە کۆسپێک چ بۆ ڕێژیمی عـێـراق چ بۆ کـورد. ڕێژیمێکی وەک بەعس کـە ئایدۆلۆجـیـای ناسیۆنالیزمی عەرەبیی هەبوو و پابەندبوونی خۆی بۆ پرسی فەڵەستین ڕاگەیاندبوو، لەگـەڵ بەعـسی سووریاشـدا لە کـێـبـەرکـێی بەردەوامـدا بوو بۆ نوێنەرایەتیکردنی "ڕاسـتـەقـینەی" ئایدۆلۆجـیـای ناسـیـۆنالیـزمی عـەرەبی، نەیدەتوانی هـەروەها دەستەوەسان بوەستێ لە کاتێکدا شەڕێک لە نێوان ئیسرائیل و هاوپەیمانی عەرەب بە سەرکردایەتیی میسر و سووریادا دەستی پێ دەکرد. بە پێی لێدوانێکی عێراقی، عێـراق تەنیـا دەیتـوانی "پێش لەشکری شـەڕەکـە بێ و بە تـەواوی بەشـداریی تێـدا بکات، لەبەر ئەو تێڕوانینە ناسیۆنالیزمییەی هەیبوو، کە سەربەخۆیی سینا و جۆلان و فەڵەستینی بە ئەرک و پێویستی سەرشانی خۆی دەزانی، هەروەک چۆن ئەرک و پێویستی سەرشانی میسر و سووریا و فەڵەستینییەکان و هەموو عەرەبیش بوو."[١٧]

لێرەوە، بەغدا هەر چەند سەعاتێک دوای هەڵگیرسانی شەڕەکە بڕیاری دا بەشداریی تێدا بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، لێدوانێکی تری عێراقی ئاماژەی بەوە دەدا، کە لەو وڵاتە عەرەبییانەی ڕووبەڕووی ئیسرائیل بوونەوە، هیچیان لەژێر ئەو کۆتوبەندانە نەبوون، کە عێراق لەژێریاندا بوو. بۆیە هیچ وڵاتێکی تری عەرەبی داوای لێ نەکرابوو هەمان قوربانیی وەک عێراق بدات چونکە بەشداریکردن لە شەڕی ئۆکتۆبەردا مانای ئەوەی دەگەیاند، کە عێراق بەرەی تری شەڕ چۆڵ بکات لەوانە کێشانەوەی ئەو هێزە عێراقییانەی بە درێژاییی سنووری ئێران جێگیر کرابوون لە لایەک، واڵاکردنی بەرەی ناوخۆش بۆ کێشە "مەترسیدارەکانی ئاسایشی ناوخۆ" لە لایەکی ترەوە،[18] کتێبێکی عێراقی، کە لە ١٩٧٥ چاپ کرا و باسی ڕۆڵی عێراقی لە شەڕی ئۆکتۆبەر دەکرد، تاوتوێی ستراتیجە زەحمەتەکانی بەغدای دەکرد لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی. کتێبەکە ئاماژە بەوە دەکات.

> بارگرژیی سەر سنووری ئێران – عێراق، متمانە نەبوون بە مەبەستەکانی بارزانی، هەروەها شیمانەی ئەوەش بارزانی شەڕێکی تر لە باکور دەست پێ بکاتەوە سەرکردایەتیی عێراقی ناچار دەکرد سەدا ٧٠ی هێزەکانی پیادە و سەدا ٢٠ تا ٣٠ هێزەکانی زرێپۆش لەسەر سنووری ڕۆژهەڵات و سنووری باشووردا، ئەو ناوچەیەی کوردی لێ بوو و هاریکاری دوژمن بوو، جێگیر بکات،[19]

کورد لە لایەن خۆیانەوە، دووچاری تەنگژەی خۆیان هاتن. لە لایەکەوە شەڕەکە دەرفەتێکی زێڕینی پێ دەدان بۆ هێرشکردنە سەر سوپای عێراق، کە ئەو کات بە بەرەیەکی ترەوە سەرقاڵ بوو، هەروەها بۆ گەیشتن بە خەونی ئۆتۆنۆمی یا بگرە سەربەخۆییی کورد ئەو بیرۆکەیەی کە سەرکردایەتیی کورد لەو کاتدا بە نهێنی کاری بۆ دەکرد. لە لایەکی تریشەوە، هەڵبژاردنی ڕێچکەیەکی لەو جۆرە بە ناپاکیی دژ بە ئیسلام و نیشتمان دەبینرا و ڕای گشتیی عەرەب و موسڵمانانی لە دژی کورد دەوروژاند. دوا بەدوای ئەوە مەحموود عوسمان ئاماژەی بەوە کرد، کە هەندێ کەس لەناو ڕێژیمدا دەیانەوێت ئەوە بسەلمێنن کورد لە دواوە خەنجەر لە نەتەوەی عەرەب

دەوەشێنن، ئەگەر کورد لەو کاتەدا شەڕی لە دژی ڕێژیم بکردایە، هەندێ کەس لەناو ڕێژیم بە پەرۆشەوە لە هەنگاوی لەو جۆرەدا ڕاوی خۆیان دەکرد.[٢٠]

هەرکە شەڕەکە دەستی پێ کرد، بارزانی پشتگریی کوردی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی لە شەڕی دژ بە ئیسرائیلدا ڕاگەیاند. بارزانی خەڵکی خۆی بەو ڕێیە ئاراستە کرد، کە لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ سوپای عێراقدا خۆیان بە دوور بگرن. نامەیەکیشی بۆ بەکر ڕەوان کرد، تێیدا نیازی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ دووبارە دەست پێکردنەوەی دایەلۆگ لەگەڵ دەسەڵاتداراندا دەربڕیبوو. بەکر داواکەی ڕەت کردەوە و بڕیاری دا جەخت لەسەر یەک لای سێگۆشەکە بکاتەوە، کە بریتی بوو لە گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێراندا. کەڵکەکانی ئەو ڕێککەوتنە بەڵگەنەویست بوون چونکە ڕێککەوتنی لەو جۆرە ڕێی تێ دەچوو لە یەک کاتدا دوو دوژمن لە کار بخات، بەو لێکدانەوەیەی کورد پێ نەدەچوو بەبێ پشتیوانیی ئێران شەڕیان لە دژی سوپای عێراقدا ڕابگەیاندایە.

ڕۆژێک دوای هەڵگیرسانی شەڕ، عێراق نیازی خۆی بۆ نوێکردنەوەی پێوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ ئێراندا ڕاگەیاند، کە دوای دەست بەسەرداگرتنی سێ دوورگەی گەرووی هورمز ئەبوموسا، تەنبی گەورە و تەنبی بچووک لە لایەن ئێرانەوە تێک چووبوو، هەردوولاش یەکسەر دەستیان کرد بە دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەگەلی نێوان و پاراستنی "بەرژەوەندی و ماف و سەروەرییەکانی" هەردوو دەوڵەت. عێراق پاڵنەری خۆی بۆ ئەم هەنگاوە ڕوون کردەوە، کە بریتی بوو لە "ئازادکردنی توانای سەربازیی وی" بۆ شەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بڕیارەکەی ئەو بڕیارێکی "تاکتیکی" نییە و لە هەموو بارودۆخێکدا پابەندی ڕێککەوتنەکە دەبێت،[٢١] شتێک ڕوون نییە ئەوەیە ئەو ڕێککەوتنەی کە عێراق توانی لەگەڵ ئێراندا بیکات ئاخۆ لە ڕێی سازشکردنی بەغداوە بوو لەسەر سەروەریی خاکی عێراق، کە بریتی بوو لە ڕێگەی ئاویی شەتولعەرەب یان نا. بەهەرحاڵ، ئێران ئیعتیباراتی تری هەبوو کە وای کرد لەگەڵ عێراقدا ڕێککەوتن بکات، لەوانە ئارەزووی ئێران بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ زیادکردنی نرخی نەوت و پاڵپشتیکردنی یەکەتیی ئیسلامی.

وەڵامی دەستـبـەجێی ئێـران ڕێگەی بۆ عـێـراق خـۆش کـرد تا هـێـزێکی ١٦٠٠٠ ١٨٠٠٠ سـەربازی و ١٠٠ تانکی، لە ١٠ تـشرینی یەکەمی ١٩٧٣، بۆ بەرەی سـووریا بنێرێت. سێ ڕۆژ پێشـتـر، هێـزی ئاسـمـانیی عێـراقی پاڵپشـتـیی خـۆی بۆ هـەردوو بەرەی میسـر و سووریا دابین کردبوو،[٢٢] عێراق بەشـدارییەکی بەرچاوی هـەبوو، سێ چارەکی هێـزی ئاسـمـانـی و دوو لە سـێی هـێـزی زرێپـۆش و یەک لە پێنجی فـرقـەی پیادەی پێک دەهێنا. ڕادەی ڕازیبوونی حکوومـەتی عێراق، لە ڕێککەوتننامـەی لەگەڵ ئێـراندا، سـەبارەت بە کـوردەوە لەوەدا دەردەکەوت، کـە عـێـراق بە بڕوابەخـۆبوونەوە بەهێزترین یەکە سەربازییەکانی بۆ سووریا دەنارد، ئەو یەکانەی لەو کاتدا لە بەرەی کوردسـتـان جێگیـری کردبوون. یەکە سـەربازییـەکـان بریتی بوون لە لیـوای هێزی تایبـەت و لیوای ٥ چیا لەژێر فـەرمـاندەی عـەبدولجـەواد زەنون کە لە ١٩٨٣ دەبێـتـە سـەرۆک سوپای عێراقی. سـوپا لەبەر ئاستبـەرزیی سـەربازیی یەکەکان و کـەلوپەلی پێشکەوتوو و ئـەو ئەزمـوونەی لە "کاتی کردەی دژ بە بارزانیدا" بەدەسـتی هێنابوو، ئەوانی هـەڵبژارد.[٢٣]

ڕێککەوتنەکەی نێوان عێراق و ئێران زەبرێکی کوشندەی دەسرەواندە کورد چونکە هـەم کـارتـی دانوسـتـاندنـی سـیـاسـی و هـەم بژارەی سـەربازیی لە کـورد دەسـەندەوە. ڕاسـتـی، لە کـاتی شـەڕەکەدا، ئیـسرائیل بە دوای کوردەوە بوو بە ئـەگەری کردنەوەی بەرەیەک لە کـوردسـتـان بۆ سـەرقـاڵکردنی هـێزەکـانی سـوپای عـێـراق یا هـەر نا بۆ ڕێگرتن لـە ناردنی ئەو هێزانە بۆ بەرەی سـووریا. کـەچـی ئـەگـەرەکە سـەری نەگرت. ئەوە بۆ کورد ڕوون بوو، کە بەبێ پشـت و پەنـای ئێران هێرشکردن بۆ سـەر سـوپای عێراق دەستکەوتی زۆری نەدەبوو.

لەوەش زیاتر، ڕاوێژکردنی کورد بە وڵاتە یـەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا سـەبارەت بەم هـەنگاوە، بەرهـەڵسـتـی زۆری لێ کـەوتـەوە. برووسکەی وەزیـری دەرەوە، هـێنری کیسنجەر لـە ١٦ تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ بـۆ ئەفسـەرێکی پێوەندییـەکانی ئەمـەریکا بەبێ هیـچ گومـانێک ئەوەی ڕوون کردەوە، کـە "ئێمە وا هـەست ناکەین جێبـەجێکردنی هێرشـی سـەربازی کارێکی ژیرانە بێ، کـە حکوومەتـەکەی تر (ئیـسـرائیل) بۆ ئێـوەی پێـشنیـاز کـردووە. بۆ زانیـاریتـان، ئێـمـە لە ڕێی باڵوێزەوە ڕاوێژمـان لـەگـەڵ

هاوپەیمانمان (ئێران) کردووە، هەردوولامان هەمان ڕاسپاردەمان بۆتان هەیە."[٢٤] لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ کاربەدەستی ئیسرائیلی بەرهەڵستیی کیسنجەریان وەک پاساوێک لە لایەن بارزانییەوە بینی تا خۆی لە داواکەی ئیسرائیل بەدوور بگرێت.

لەم گۆڕانکارییەدا بۆچوونەیل سەبارەت بە پاڵنەری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە جیا جیا بوون،[٢٥] ڕوونکردنەوە پرسیارهەڵگرەکەی کیسنجەر ئەوە بوو، کە دەزگەی زانیاریی ئێران و ئەمەریکا و بگرە ئیسرائیلیش پێیان وایە کورد تێ دەشکێن ئەگەر هاتوو هێرش بکەن. دوا بەدوای ئەوە، هەندێکی تر ئەم گۆڕانکارییەیان بە هەنگاوێکی گوماناوی دەبینی کە ڕێی لە کورد دەگرت دەستکەوتی گەورە لەسەر حیسابی سوپای عێراقدا بەدەست بێنێ، کە لەو کاتدا لە بەرەیەکی تردا سەرقاڵ بوو. با بڵێین وا دەبوو، لەژێر ڕۆشنایی ئەو کۆت و بەندە ناوەخۆیی و دەرەکییانەدا، کورد داوای ئیسرائیلیان ڕەت کردەوە لە ئەنجامدانی هێرشێک بۆ سەر سوپای عێراق. هەرچەندە، ئیسرائیل لەو کۆت و بەندانە تێ دەگەیشت، بەلام بە هەڵوێستەکەی کورد زۆر بێ هیوا بوو. لەگەڵ ئەوەش، ئیسرائیل دوای شەڕەکە بەردەوام بوو لە پشتگیریکردنی کورد، بێگومان بە هۆی ئەو گوتەیەی بارزانی بوو، کە ئامادەیی کوردی بەهێز لە کوردستان، فیرقە سەربازییەکانی عێراق دەبەستەوە.

سەبارەت بە کوردەوە، دەکرێ بە ژیرییەکی درەنگ وەختەوە بڵێین شەڕی ئۆکتۆبەر وانەیەک بوو بۆیان بەلام لە فێربوونیدا سەرنەکەوتن. ئەو ڕێککەوتنە وەهمییەی کورد لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیانبوو هەر لە سەرەتاوە هیچی بە هیچ نەکرد بەلام کورد لە دەرهێنانی ئەنجامێکی شایەندا سەرکەوتوو نەبوون. بە هەر ڕێگەیەک لە ڕێگایان بێت، لە کۆتاییدا کورد ڕازی کرا بەوەی ئەوە شەڕی تشرین بوو ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەوان و سوپای عێراقیی بۆ ماوەی شەش مانگ دوا خست.

دەست پێکردنەوەی پێوەندییەکانی بەغدا لەگەڵ ئێراندا بڕوابەخۆبوونی بەعسی بەهێز دەکرد تا ئەو ڕادەیەی لە کاتی شەڕەکەدا لە مناوەرە پێکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سووچێک بەردەوام بوو. ڕۆژێک دوای ناردنی سوپاکەی بۆ

بەرەی سووریا، بەعس لە ڕێگەی ڕۆژنامەی سەورەوە لە ٢٠٠ کەسایەتیی "سەربەخۆی" کوردی گێڕاوە و داوای لێ کردن لە گفتوگۆکانی ئۆتۆنۆمیی کوردیدا بەشداری بکەن. لیستی کەسایەتییەکان ناوی یەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدا نەبوو. ئەمە گومانی تێدا نەبوو تووڕەکردنێکی نێودەوڵەتی بوو، کە بەعس دەیویست بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوون بکاتەوە، کەوا پارتی ناتوانێت شەڕ وەک هۆکارێک بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر بەعس بەکار بێنێ و پارتی لە هەر گفتوگۆکردنێک لەبارەی ئۆتۆنۆمییەوە بەشداریی پێ ناکرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان یەکسەر بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ئۆتۆنۆمیی خۆی لە ڕۆژنامەی تەئاخی وەڵامی دایەوە،[٢٦] پارتی دیموکراتی کوردستان داواشی لە بەعس کرد کۆبوونەوەی لەگەڵ ٢٠٠ کەسایەتییە کوردەکە هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو.

لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەدا، سەدام بە کراوەیی ڕای گەیاند، کە بەڵێ پارتی دیموکراتی کوردستان بەرنامەی خۆی پێشکێش کردووە، "بەڵام ئێمە ئەو بەرنامەمان تاوتوێ نەکرد. ڕاستییەکە ئەوەیە ئێمە پێمان وایە ئەو پلانەی ئەو زۆر لە چەمکی ئۆتۆنۆمی دوورە. یەک شت هەیە لێی دڵنیاین، ئەویش ئەوەیە ئێمە دەبێت لەناو ڕۆحییەتی یەک گەلەوە گفتوگۆ لەسەر پرۆگرامەکان بکەین."[٢٧]

## ململانێی پارتی و شیوعی: مەشقی کات بەسەربەرەکان؟

لە کۆتاییی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، بۆ ماوەیەکی کەم باری سەرنج لەسەر ململانێی حزبی بەعسەوە چووە سەر ململانێیەکی تری کەمتر، کە بریتی بوو لە ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق. ململانێیەکەی نێوان پارتی و شیوعی، کە تاڵترین ململانێیە لە مێژووی پێوەندییەکانی نێوان هەردوولادا، ئەو کێشانەی دەهێناوە گۆڕێ، کە چەندین ساڵ بوو بە شاراوەیی مابوونەوە و لە ئاڵۆزیی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو پارتەکەوە سەرچاوەی دەگرت.

ڕەگ و ڕیشەی ململانێیەکە لە پێوەندییە مێژووییە دژ بەیەکەکانی هەردوولا خۆی دەبینییەوە، کە وەک کێبەرکێیەکی هاوبەشی دووبەشکراوی دژ بەیەکدا دەبینرا. جگە

لە چەند سەردەمێکی دیاریکراو (بۆ نموونە ماوەی کورتی ژێر فەرمانڕەوایی قاسم)، هەردوولا لە خەباتێکی هاوبەشی دژ بە حکوومەتی ناوەندیدا هاوسەنگەر بوون،[٢٨] ئەو هاوسەنگەرییە لەلایەک لەوە دەردەکەوت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراقی پەنا دەدا و ئەوانیش بەشدارییان لە خەباتی چەکداریی کورد لە دژی حکوومەتی ناوەندیدا دەکرد، لەلایەکی ترەوە پرسی کورد لەنێو ئایدۆلۆجیای حزبی شیوعیی عێراقدا کۆڵەگەیەکی سەرەکی بوو. لە هەمان کاتدا، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق لەسەر دوو ئاستدا بە توندی کێبەرکێیان دەکرد. یەکەم ئاست سەبارەت بوو بە کێبەرکێی هەردوولا بۆ بەخششی حکوومەتی ناوەندی شان بەشان لەگەڵ ترسی هەردوولا لە یەکتری لەوەی یەکێکیان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بگاتە ڕێککەوتنێک و واز لە هاوسەنگەرەکەی بێنێ و پەراوێزی بخات. ئاستی دووەم سەبارەت بوو بە کێبەرکێ بۆ عەقڵی تاکی کوردی. لە کاتێکدا بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەواوی دەوەستایە سەر کورد، بەهێزیی حزبی شیوعیی عێراق تا ڕادەیەکی بەرچاو لەسەر کورد دەوەستا بەڵام عەرەب و کەمایەتییە ناعەرەبەکانیشی لەخۆ دەگرت،[٢٩] چوونیەکیی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر ناچوونیەکیی ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراقدا گومانێکی دوولایەنەی بەردەوامی لە لایەن هەردوولادا دروست دەکرد.

لەژێر فەرمانڕەوایی بەعسدا، کێشەی نوێ سەری هەڵدا لەو کاتەی بەعس سەرەتا هاوپەیمانیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەستا و دواتر لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقدا. پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ڕێککەوتننامەی ئاداری لەگەڵ بەعسدا ئیمزا کردبوو، بووە هۆکاری گومان و ئێرەیی بۆ ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراق. لە قۆناغێکی دواتردا، حزبی شیوعیی عێراق بەرەیەکی نیشتمانیی لەگەڵ بەعسدا دامەزراند و لە بەرامبەردا بووە هۆکاری گومان و ئێرەیی، ئەمجارەیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان. بەعس دەیویست بە مەبەستی هەڵایساندنی ململانێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق ئەم شێوازییە زیاتر بکات.

خراپبوونی پێوەندییەکانی نێوان پارتی و شیوعی، کە بە دامەزراندنی بەرە نیشتمانییەکە دەستی پێ کرد، لە ماوەی شەڕی ئۆکتۆبەردا بەرەو خراپترین دۆخ ڕۆیشت کاتێ مشتومڕێکی توند لە نێوان ڕۆژنامەی تەئاخیی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەریقولشەعبی حزبی شیوعیی عێراقدا هاتە گۆڕێ. مشتومڕەکە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا پێشتر شێوەی نەبوو چونکە هەردوو ڕۆژنامە بە شێوەیەکی یاسایی کاریان دەکرد و هەردووکیشیان بۆ ماوەیەکی درێژ بە نهێنی کاریان کردبوو. ئەوان ئێستە کەڵکیان لەو ئازادییە وەردەگرت، کە بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتە کۆن و نوێیەکان پێیان درابوو.

لە کاتێکدا بەعس لەسەر هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە شەڕی ئۆکتۆبەر بێدەنگ بوو، تەریقولشەعب داوایەکی حزبی شیوعیی عێراقی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢١ تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ بڵاو کردەوە، داوای لە پارتی دەکرد "هەڵوێستێک بنوێنێ کە یەکگرتوویییەکی مەزنتر لەگەڵ گەلی عەرەب پێشان بدات، ئەویش بەشداریکردنە لە شەڕێکی سەربەخۆیی." ئەلتەئاخی لە سەردێری سەروتارێکدا بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە "ئەو کەسەی ماڵی لە شووشە بێت، نابێت بەرد لە ماڵی کەس بگرێت." تەئاخی هێرشی دەکردە سەر خۆبەڕاست زانینی حزبی شیوعیی عێراق و هەوڵەکانی حزبەکە بۆ گوماندانان لەسەر هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی شەڕەکەوە، لە کاتێکدا تێڕوانینی حزبی شیوعیی عێراق خۆی لەسەر شەڕەکە جێگەی ڕەخنەیەکی توند بوو. بە گاڵتەکردن بە حزبی شیوعیی عێراق تەئاخی ڕای گەیاند "کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق ڕێ پێ نەدراوە فەتوا دەربکات و هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستی لایەنی تر بکات سەبارەت بە پرسی فەڵەستین."[٣١] دووریی نێوان ئەو لێدوانانە و ڕوودانی دوژمنایەتیی چەکداری، پڕوپووچ و بێ بایەخ بوو.

لە ١٥ تشرینی دووەمی ١٩٧٣، کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا پارتی دیموکراتی تۆمەتبار دەکرد بە هەڵگیرساندنی "شەڕێکی پاکتاوی" (حرب الابادة) دژ بە ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراق و ڕێکخراوەکانی لە ناوچەی کوردیدا. لە بەیاننامەکەدا هاتبوو کە کردارە

دوژمنکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی حزبی شیوعیی عێراق دوو ساڵ زووتر دەستی پێ کردووە، لەو کاتەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا ئازاردانی شیوعییەکانیان ڕاگرت، لەگەڵ دامەزراندنی بەرە نیشتمانییەکەشدا گەیشتە لووتکە. کردارە دوژمنکارییەکان بریتی بوون لە بەزۆر واز پێهێنانی ئەندامانی حزبی شیوعی لە حزبەکە، ناوزڕاندنی حزبی شیوعیی عێراق لە مزگەوتەکاندا، ڕفاندنی سەدان ئەندام و هەواداری حزبی شیوعیی عێراق و گرتنیان بەبێ لەدادگەدان، هەروەها ئازاردانی ئەو نووسەرانەی بە شانوباڵی بەرە نیشتمانییەکەیان هەڵدەدا،[٣٢] لە ڕاستیدا، سەرچاوەیەک لە دەرەوەی حزبی شیوعیی عێراقدا ڕای گەیاند ئەوە پاراستن، دەزگای نهێنیی کوردی بوو، کە زنجیرەیەک هێرشی لە دژی ئەندامانی حزبی شیوعی ئەنجام دەدا و گرژییەکانی لە نێوان هەردوولادا زیاد دەکرد.[٣٣]

پاساوی ئەلتەئاخی بۆ ئەو کارانەی، کە ئەنجامی دەدا بریتی بوو لە چەند کارێکی تووڕەکەر، کە ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراق ئەنجامیان دابوو، یەکێک لە کردارەکان گواستنەوەی "هەزاران چەک" و تەقەمەنی بوو لە "دەستەیەکی دیاریکراوی حکوومەتەوە بۆ ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراق لە پاشملەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا."[٣٤] بە گوێرەی ڕۆژنامەی تەئاخی، ئەم کارە بۆیە کراوە تا حزبی شیوعی بە یارمەتیی دەسەڵاتدارانی بەعس چەند خێوەتگەیەکی سەخت و قایم لە تەک بارەگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دابمەزرێنێ، کە شیوعییەکان بۆیان نەبوو لە هیچ جێگەیەکی تردا خێوەتگە دابمەزرێنن،[٣٥] تەئاخی وەک ڕەگ و ڕیشەی ملانێیەکە ئاماژەی بە هەڵوێستی تاکتیکیی حزبی شیوعیی عێراق لەبارەی پرسی کوردەوە دەکرد، کە پێی وا بوو بە گوێرەی خۆگونجاندن و پێویستیی حزبەکە دەگۆڕێ: "(حزبی شیوعیی عێراق) ئەوپەڕی، پابەندیی خۆی بۆ مافەکانی گەلی کورد پێشان دەدات کاتێک پێوەندیی شیوعییەکان لەگەڵ حکوومەت هەر حکوومەتێک بێت، خراپ دەبێت. کەچی، پابەندبوونەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز دەبێت کاتێ پێوەندییەکانی نێوان شیوعییەکان و حکوومەت نەرم دەبێتەوە."[٣٦]

ڕۆژنامەکە ڕای گەیاند، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بگرە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداریش بە ڕاستگۆیی لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقدا مایەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان پەناگەیەکی پێشکێش بەو

ئەندامانەی حزبی شیوعیی عێراق کرد کاتێک دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە لە لایەن ڕێژیمەوە ڕاوەدوو دەنران، هەروەها دووەم کۆنگرەی حزبی شیوعیی عێراق لەناو جەرگەی کوردستاندا بەسترا، "بە شێوەیەکی دیاریکراو لەو شوێنەی بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتەکەی لێ نیشتەجێ بوون." لە تێڕوانینی ئەلتەئاخیدا، خاڵی مەترسیدار لەو کاتەدا دەهات، کە حزبی شیوعیی عێراق دەستی بە هاریکاریکردن لەگەڵ بەعسدا کرد، ئەمە بووە هۆی "دەست شوشتنەوە لە پرسی کورد و نکوولیکردن لە هەڵوێستەکانی پێشووتر و دەست پێکردنی هەڵمەتێکی ڕەخنەگرتن و تۆمەتی ناڕەوا دژ بە پارتەکە." ئەلتەئاخی ڕەخنەی لە هەوڵەکانی حزبی شیوعیی عێراق دەگرت، کە دەیەوێت دەسڕۆیینی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی کوردیدا کەم بکاتەوە، تەئاخی جەختی دەکردەوە، کە "بۆ ماوەی ١٢ ساڵ، دەسڕۆیینی ڕاستەقینە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بریتی بووە لە دەسڕۆیینی شۆڕشی کوردی." سەبارەت بە بۆچوونە جیاوازەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق لەبارەی پێوەندییەکانەوە لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت، ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی ڕای گەیاند کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرهەڵستیی ڕێککەوتنی دۆستانە لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا ناکات، بەڵام بێ هیوا بوو چونکە یەکەتیی سۆڤیەت ئەوی فەرامۆش کردبوو. لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەکە هێرشی کردە سەر حزبی شیوعیی عێراق لە شوێنکەوتنی سۆڤیەتەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، بە پاڵپشتیکردن لە بەعسیش.[٣٧]

تەریقولشەعب، هەرچەندە نکوولیی نەدەکرد لەوەی چەکی وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی ڕەت دەکردەوە، کە ئەو مەسەلەیە مشتومڕەکەی دروست کردبێت. بە گوێرەی حزبی شیوعیی عێراق، هۆکاری ڕاستەقینەی مشتومڕەکە بریتی بوو لە سروشتێکی سیاسی و لەو کۆنە قینەش سەرچاوەی دەگرت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر حزبی شیوعیی عێراقدا هەڵی گرتبوو بە هۆی بەشداریکردنی لە بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ بەعسدا. حزبی شیوعیی عێراق جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە هەمیشە تەوژمێک لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە، کە ویستوویەتی ڕێکخراوەکانی شیوعی لە کوردستان پاکتاو بکات، حزبەکە ئەوەشی دەگوت کەوا "کارێکی ژیرانە نییە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ڕەنگی سوور ڕەنگ

بکرێت." حزبی شیوعیی عێراق ئامـاژەی بەوە دەکرد، کە حزبەکەیان بەر لە دامەزراندنی پارتی لە کوردستان دامەزراوە، بەر لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە پێناو کورددا خەباتی کردووە و هەمیشە بەو خەباتەش پابەند بووە،[٣٨]

بە درێژاییی ماوەی ئەو مشتومڕانە، دەتوانین بڵێین ڕێژیم بە بێ دەنگی دەمایەوە. ئەو تاکە جارەی، کە ڕۆژنامەی ئەلسەورە ئاماژەی بە ملمـلانێیەکە کرد، قولایی ڕەخنەکانی ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، هۆشداریی پێ دا لە دژی هەوڵدان بە زیانگەیاندن بە بەرە نیشتمانییەکە. هەروەها ڕێژیم پشتگریی خۆی بۆ حزبی شیوعیی عێراق پێشان دەدا بە گرتنی ٣٠٠ ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر شیوعییەکان،[٣٩] بە شێوەیەکی ڕوونتر، بەعس زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کارەکەی ئەو لە لایەن کەسانی ترەوە ڕادەپەڕێنرا. نابێ ئەوەش ڕەت بکەینەوە، کە ئەوە بەغدا بوو ئەو ملمـلانێیەی لە نێوان حزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ورووژاندبوو. پاڵپشتیی ناڕاستەوخۆی ئەم ململانێیە لە دابەشکردنی چەک بەسەر ئەندامانی حزبی شیوعیی عێراق لە کاتی شەڕی تشرین و لە هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێبردنی سەرنجی سەرکردایەتیی کوردی بۆ مەسەلە لابەلاکان، دەردەکەوت.

ململانێیەکە لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی ١٩٧٣ بۆ ماوەیەکی کەم هێور بووەوە، لەنێو کۆمەڵێک هۆکاری تردا، بە هۆی هاتنە ناوەوەی یەکەتیی سۆڤیەت بوو بۆ ناو مەسەلەکە، کە ئەم بارگرژییەی وەک نیگەرانییەک دەبینی و لەو کاتەی تەنگژەکان لە لووتکەدا بوون، لە سەردانێکی نهێنیدا دوو نێردەی خۆی بۆ لای بارزانی نارد. نێردەکان تێبینییەکی لیۆنید بریجنێڤیان بۆ بارزانی هێنابوو، بە توندی ڕەخنەی لە بارزانی دەگرت لەمەڕ هەڵوێستی بارزانی لەسەر بەعس و لەمەڕ "ئەو کردە پاکتاوییانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی حزبی شیوعیی عێراق لە باکوردا ئەنجامی دەدا."[٤٠] لە هەمان کاتدا، ساڵح یوسفی و دارا تۆفیق بۆ ڕاوێژکردن چوون بۆ مۆسکۆ. لە عێراق، عەزیز شەریف دووبارە ڕۆڵی نێوانگری دەبینی.

لە ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٧٣، ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی و تەریقولشەعب لە

دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ مشتومڕی نێوانیان وەڵامی داواکەی شەریفیان دایەوە. لە دوو ڕۆژی دواتردا، کۆبوونەوە لە نێوان ئەندامانی هەردوو پارتەکە ساز درا، لەنێویاندا بارزانی و شەریفیش بەشدار بوون. هەردوولا بە بەیاننامەیەکی هاوبەش گەیشتنە ئەنجام، کە داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی کارە دوژمنایەتییەکان و کۆبوونەوەی ماوە ماوەی نێوان هەردوولا و بەهێزکردنی هاوپەیمانیی نێوان هەردوولای دەکرد.[٤١] دوا بەدوای ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی ئاشکرا کرد، کە حزبی شیوعیی عێراق ئەو شیوعییە چەکدارانەی لە ململانێی ئەم دواییانەدا لە دژی پارتی کاریان دەکرد، بڵاوە دەکات.

لە ١٢ شوباتی ١٩٧٤، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگرتنی تاکلایەنەی دوژمنایەتییەکانی ڕاگەیاند چونکە "بەرژەوەندیی گەلی کورد و گەلی عێراق هیچ خزمەتێکی پێ ناگات ئەگەر هاتوو لە پێناو کێشە لاوەکییەکاندا سەرنج لەسەر کێشە سەرەکییەکان هەڵبگیرێ، سەرەکیترین کێشەی لاوەکیش مشتومڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقە."[٤٢] گومانی تێدا نەبوو دووبارە هەڵسەنگاندنی هۆشیارانەی هەردوولا بۆ ململانێیەکە لەو دەرککردنە سەرچاوەی دەگرت، کە هاوبەشایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق بەهێزترە لە هاوبەشایەتیی لایەنێک لەو لایەنانە لەگەڵ حزبی بەعسدا. دەستکەوتە ماوە کورتەکانی حزبی شیوعیی عێراق لە نێزیکبوونەوەی لەگەڵ بەعسدا، گومانەکانی حزبەکەی لە بەرامبەر بەعسدا نەڕەواندەوە. حزبی شیوعیی عێراق لەوە تێ گەیشت پچڕانی پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەنگاوەنانی حزبەکەی لە باکور لاواز دەکات و زیان بە سەرچاوەیەکی گرینگی هێنانی ئەندامانی نوێ دەگەیەنێ و دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی پەناگەیەک، کە ڕەنگە لە داهاتوودا پێویستی پێ ببێتەوە. لەوەش زیاتر، حزبی شیوعیی عێراق دەرکی بەوە دەکرد، کە ڕۆڵی ئەو لە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ بەعسدا بە پەراوێزخراوی ماوەتەوە. لە لایەن خۆیەوە، سەرەڕای ئەوەی پارتێکی بەهێزتر بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان نەیدەویست ڕووبەڕووی بەرەیەکی هاوبەش، کە لە بەعس و حزبی شیوعی پێک دەهات، ببێتەوە.

تەریقولشەعب بە وێرانەوە ئەو مەترسییەی باس دەکرد، کە ڕووبەڕووی حزبی

شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان دەبووەوە لەو کاتەی ململانێی نێوانیان لەوپەڕی بەرزیدا بوو: "حزبەکەمان هیچ مەبەستێکی لە درێژەدان بەو مشتومڕ و ڕک و ململانێیانە نییە لەگەڵ ئەو (پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە بەرژەوەندی ئەویشدا نییە و بەپێی گەشەکردنی ئەو هۆشیارییەی هەمانە ئەم ململانێیە زیانی زۆری دەبێت و باجێکی گرانیشی دەوێ، نەک هەر لەسەر ئێمە، بگرە لەسەر ئەوانیش."[٤٣]

پەڕاوێز:

1. Fuad Matar, Saddam Hussein, the Man and the Cause, and the Future (Beirut: ThirdWorld Center, 1981), p. 233.
2. In an interview on the occasion of Nationalization Day, Saddam disclosed that nationalization was a strategic program and its planning had begun in July 1970. Al- Thawra (Baghdad, daily), 1 June 1973. Although Saddam did not point to a connection between nationalization and the March agreement, such a connection seems obvious.
3. Al-Thawra, 19 March 1973. Saddam did not explicitly mention the KDP. However, from the context, it is clear that he was referring to it. By contrast, ‘Abd-al-Khaliq al-Samarra’i, who had attempted to mediate with the Kurds several months earlier, gave an interview to Al-Ta’akhi, in which he spoke of the alliance between the Baath, the KDP, and the ICP. Al-Ta’akhi (Baghdad, daily), 11 March 1973.
4. New York Times, quoted in Ha’aretz (Tel Aviv, daily), 19 April 1973.
5. Al-Ta’akhi, 18 March 1973.
6. Al-Ta’akhi, 11 March 1973.
7. Al-Ta’akhi, 16 October 1973.
8. International Herald Tribune, 22 June 1973.
9. Interview of Hamid al-Juburi, Aljazeera, 2, 5 June 2008.
10. Considering that a visit to Barzani by a US reporter was rare, and assuming that the reporter did get a green light from the authorities, one is left with the impression that even the interview in the International Herald Tribune {AU: provide date of article} was part of a diversionary tactic by the planners of the coup.
11. On the ICP during this period, see ‘Abd al-Fattah ‘Ali al-Botani, Dirasat wa Mabahith fi Ta’rikh al-Kurd wal-‘Iraq al-Mu‘asir (Erbil: Hajji Hashim, 2007), pp. 257– 271.
12. The committee was officially headed by President Ahmad Hasan al-Bakr.
13. Al-Thawra, 25 September 1973. 14. Al-Ta’akhi, 26 August 1973.
15. Al-Thawra, 28 August 1973.
16. Al-Ta’akhi, 11 September 1973.
17. Al-Thawra, 11 0ctober 1973.
18. Al-Thawra, 12 0ctober 1973.
19. Dawr al-Jaysh al-‘Iraqi fi Harb Tishrin 1973 (Beirut: al-Mu’assasa al-‘Arabiyya lil-Dirasat wal-Nashr, 1975), p. 50. The book, which was written under the auspices of the Ira-

qi authorities, refers to the March agreement as "a cease-fire agreement" or "a temporary agreement" (pp. 139, 147).

20. Le Monde diplomatique (Paris, monthly), 14 April 1974.
21. Al-Thawra, 8, 12 October 1973.
22. On the Iraqi Army's role in the war, see The Iraqi Army in the Yom Kippur War (in Hebrew) (Tel-Aviv: Ma'arakhot, 1986).
23. Dawr al-Jaysh, pp. 1, 140, 147.
24. The Village Voice (New York), 16 February 1976.
25. Henry Kissinger, White House Years (Boston: Little Brown, 1979), p. 1265.
26. As stated, the plan was leaked earlier to Al-Hayat.
27. Al-Thawra, 19 October 1973.
28. In October 1962, the KDP suggested that they act jointly with the ICP to unseat 'Abd-al-Karim Qasim, but the ICP refused. Al-Botani, Dirasat wa Mabahith, p. 268.
29. During the peak period of ICP power (1949–1955), all of the general secretaries of the ICP and 31 percent of its central committee members were Kurds. Hanna Batatu, The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq (Princeton: Princeton University Press, 1978), p. 699.
30. The ICP adopted the Soviet Union's line regarding the establishment of the State of Israel and, subsequently, of a political solution of theArab-Israeli conflict. Batatu, The Old Social Classes, pp. 599 601; Uriel Dann, "The Communist Movement in Iraq Since 1963," in The U.S.S.R and the Middle East, eds. Michael Confino and Shimon Shamir (Jerusalem: Israel Universities Press, 1973), p. 386.
31. Al-Ta'akhi, 23 October 1973.
32. Tariq al-Sha'b (Baghdad), 15 November 1973.
33. Ferhad Ibrahim, Die Kurdische Nationalbewegung im Iraq (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1983) p. 606.
34. The Baath Party was said to have armed the ICP and encouraged it to establish control over mixed townships mainly in the Sulaymaniyya area. Public Record Office, FCO8/2307, 13 February 1974.
35. Al-Ta'akhi, 14 January 1974. Al-Hayat claimed that the Communists had begun to seek refuge in the vicinity of army camps in order to secure help in the event of a confrontation with the KDP. Al-Hayat (Beirut, daily), 17 February 1974.
36. Al-Ta'akhi, 12 November 1973.
37. Al-Ta'akhi, 13, 17 November 1973. A few years earlier, an ICP member admitted that his party had accepted Soviet dictates without questioning. Al-Botani, Dirasat wa Mabahith, p. 270.
38. Tariq al-Sha'b, 15, 17 November 1973.
39. Al-Hayat, 12 December 1973.
40. Al-Anwar (Beirut, daily), 21 November 1973; Public Record Office, FCO8/2307, 13 February 1974.
41. Public Record Office, FCO8/2092, 5 December 1973.
42. Al-Ta'akhi, 12 February 1974.
43. Tariq al-Sha'b, 15 November 1973.

٧

# ئۆتۆنۆمییەکی سەپاو

ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کوردستان زاڵ بوو بەسەر ئەو ململانێیەی لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراقدا هەیبوو، ڕێژیم دەیتوانی کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ بێهێزکردنی کۆتاییی پارتی دیموکراتی کوردستان بگرێتە بەر. لە ١٢ کانوونی یەکەمی ١٩٧٣، بەعس پلانی ئۆتۆنۆمیی بەراییی پێشکێش بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. یەکسەر دوای ئەمە، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی عێراق برووسکەیەکی پشتگیرییان بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو کردەوە. سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان نارەزاییی دەربڕی، ڕای گەیاند برووسکەی لەو شێوەیەی نەناردووە. بەعس دانی دەنا بەوەی هەڵەیەک ڕووی داوە. بەر لەم کارە، سێ کەسایەتیی ناوەندیی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان "بە پلان و هاندانی کۆمەڵێک دەستەی نەیار بە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی" چوونە بەغدا. سێ کەسەکە برێتی بوون لە عەزیز ڕەشید عەقراویی ئەندامی مەکتەبی سیاسی، هاشم عەقراویی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئیسماعیل مەلا عەزیزی ئەندامێکی تری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا. پارتی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاند "ئەو سێ کەسە بوونەتە میوان و شاگردی چەندین ئاژانسی حکوومەت."[١]

لە هەمان کاتدا، هەشتەم کۆنگرەی هەرێمیی حزبی بەعس، کە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤ بەسترا، دوایەم هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان گەڵاڵە کرد. سەدام حوسێن ڕۆڵی سەرەکیی لە کۆنگرەکەدا بینی، هەم لە گفتوگۆکان و هەم لە گەڵاڵەکردنی دوایەمین ڕاپۆرتدا. سەبارەت بە پرسی کورد ڕاپۆرتەکە ڕای دەگەیاند، کە کاتێ سەرکردایەتیی بەعس لە چوارچێوەی بەیاننامەی ئاداردا بڕیاری

هاریکاریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەرکرد، "بەعس ئەو سیاسەتە لەخشتەبەرانەی فەرامۆش نەدەکرد، کە لە لایەن چەند بەشێکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەوڵی بۆ دەدرا، کە گومانی پێوەندی هەبوونی لەگەڵ دەستە جیاخواز و دواکەوتووەکانی لێ دەکرا شان بەشان لەگەڵ مەیلە جیاخوازییەکاندا." لە هەمان کاتدا، بەعس ئاگەداری تەوژمە جیاجیاکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، وای دەبینی کە ئەوە بەرپرسیاریەتیی بەعسە" بارودۆخی گونجاو دروست بکات، ڕێ بە بزووتنەوەی کورد بدات پابەندی یەکەتیی نیشتمانیی عێراق بێت."[٢]

هەرچەندە ڕاپۆرتەکە ددانی بە کۆمەڵێک هەڵەدا دەنا، کە لەلایەن بەعس و دەزگاکانی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدران، کەچی هێرشی دەکردە سەر هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتەکە تێیدا هاتبوو پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بەیاننامەی ئاداری وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی "دەستکەوتە تاکتیکییەکان" و داوای داخوازی زیاتر بینیوە. لەوەش زیاتر، ڕاپۆرتەکە تێیدا هاتبوو، کە " جیاخواز و بەکرێگیراوە گومان لێکراو و ڕەگەزە دواکەوتووەکان" لەناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا دوای ڕێککەوتننامەکە دەرکەوتوون و بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕش دەستیان بە هاریکاری لەگەڵ دەوڵەتە "دواکەوتوو" و "ئیمپریالیستەکان"دا کردووە. لەگەڵ ئەوەش، ڕاپۆرتەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پرسی کورد نابێ لەسەر بنەوای ڕەفتار و تێڕوانینی ئەو بالانە چارەسەری بکرێت "چونکە ئەمە پرسێکی نیشتمانییە." ڕاپۆرتەکە دووپاتی دەکردەوە ئەو ستراتیجەی بەعس بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە پەسندی کردووە بە ئاشتییانە کاریگەریی خۆی سەلماندووە تا ئەو ڕادەیەی ئەرکی ئەو "ڕەگەزە تووڕەکەرانەی" کە بەدوای یاخیبوون و تێکدانەوەن، زۆر زەحمەت بووە.[٣]

لە کاتێکدا ڕاپۆرتەکە هیچ گومانێکی حزبی بەعسی سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان نەدەهێشتەوە تا باسی بکات، ڕێژیم تا ماوەیەکیش بەردەوام بوو لە ڕەفتارکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەک ئەوەی هێشتا پارتێک بێت بۆ دانوستاندنکردن لەگەڵیدا. لە ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٧٤، لە بەغدا گفتوگۆکان لەبارەی پلانە ئۆتۆنۆمییەکەی بەرەی نیشتمانییەوە دەست پێ کران،

ئەمجارەیان بە بەشداریی پارتی دیموکراتی کوردستان. شاندە کوردییەکە لە لایەن حەبیب محەمەد کەریمەوە ڕابەرایەتی دەکرا و ئەوەی بەعسیش لە لایەن سەدامەوە. هەرچەندە کۆبوونەوەکان وەک گفتوگۆی نێوان بەرەی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێشان دەدران، کەچی ڕاستییەکە ئەوە بوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لێ دەکرا بەبێ هیچ نارەزاییەک پلانەکە قەبووڵ بکات: "ئەگەر قۆناغی پێشوو جێگەی مشتومڕ و بەریەککەوتنی هێشتبێتەوە... ئەم قۆناغە بە تەواوی جیاوازە."[٤] ڕۆژنامەی ئەلنەهاری لبنانی ڕای گەیاند پلانەکە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە ڕەزامەندی یا بەبێ ڕەزامەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان.[٥]

لە ٢٩ کانوونی دووەمی ١٩٧٤ "گرووپە سێ کەسییەکە،" کە لە هەمان کاتدا لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکرابوون،[٦] یاداشتێکی گورچکبڕیان بۆ مەلا مستەفای بارزانی نارد، کە لە هەفتەنامەی ئەلڕەشید بووە مانشێت. یاداشتەکە، کە بەپێی ڕۆژنامەکە دەرکەوتنی "درزێکی قووڵ بوو لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان،" بیست و دوو تۆمەتی لەخۆ دەگرت، گرینگترینی ئەو تۆمەتانە بریتی بوون لە: چالاکیی دژ بە ڕێکارە دیموکراتییەکان و بنەمای سەرکردایەتیی بە کۆمەڵ لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەستانەوەی چارەنووسی گەلی کورد بە چارەنووسی بارزانییەوە، هاریکاریکردن لەگەڵ ئەو پارتانەی دوژمنی عێراق و کوردن، هەوڵی بەربەستدانان لە نێوان گەلی کورد و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عێراق، هەروەها لە کۆتاییدا، لادانی ئەندامانی ڕاستەقینە و پابەند و ڕەپێشکردنی ڕەگەزە بەرژەوەندیخوازەکان لەنێو پارتەکەدا. ئەو پەیامەی، کە بە بارزانی دەگەیەنرا بریتی بوو لەوەی "ئێمە بڕیارمان داوە خۆمان لە فەرمانڕەواییی تاکەکەسی و دەسڕۆیینی تۆ ڕزگار بکەین."[٧] ئەلتەئاخی وەڵامی ئەو نامە "زیادەڕۆیەی" ئەلڕەشیدی دایەوە بەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم یاداشتە بە بەشێک لە پلانێکی گشتگر دەژمێرێ، کە مەبەست تێیدا لاوازکردنی سەرکردایەتیی کوردییە و پێشهاتێکیشە بۆ ڕاگرتنی گفتوگۆ بەبڕشتەکان، تا خۆی لە دۆزینەوەی گەلاڵەیەکی کۆتایی بۆ ئۆتۆنۆمییەکە بە دوور بگرێت.[٨]

لە کۆتاییی شوباتی ١٩٧٤، مەجلیسی قیادەی سەورە دوو فەرمانی دەرکرد. یەکەم قەدەغەکردنی چالاکیی ئەو پارتانەی سەر بە بەرەی نیشتمانییەکە نین، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەوەی تر هەڵوەشاندنەوەی کۆمیتەی باڵای کاروباری باکور، کە تا ئەو کات ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەخۆ دەگرت و پێکهێنانەوەی کۆمیتەکە بوو بە ڕابەرایەتیی سەدام و تەنیا ئەندامانی حزبی بەعس.

## ئامادەکاریکردن بۆ ئۆتۆنۆمییەکی سەپاو

دوای ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەستا، سەدام هەموو وزەی خۆی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و پێگەی ڕێژیم تەرخان دەکرد. ئەنجامێکی کۆنگرەی هەشتەم، کە بڕیارەکانی تا ڕادەیەکی زۆر بڕیاری سەدام بوون، ددانانان بوو بە سەدام وەک سەرکردەیەکی ئەمری واقیع لە عێراق، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی، کە ئەحمەد حەسەن بەکر وەک سەرۆکی فەرمیی دەوڵەت بەردەوام دەبوو. دەربڕینێک، کە بە کردەوە ئەم ئەنجامەی بەرجەستە دەکرد، لە ساڵوەگەڕی هاتنە سەرتەختی بەعس لە ٨ شوباتی ١٩٦٣دا دەرکەوت، ئەو کاتەی سەدام تاکە ئەندامی پارتەکە بوو مەدالیای ڕافیدەینی پلە یەکی بە بەرۆکەوە کرا، وەک هێمایەک بۆ نرخاندنی ئەو کارانەی لە پێناو پارتەکە و شۆڕشدا ئەنجامی دابوو. لە هەمان ڕۆژدا، کۆمیتەیەک بە ڕابەرایەتیی سەدام کە دوو هەفتە پێشتر دامەزرابوو کۆمەڵێک ڕێوشوێنی گشتیی ڕاگەیاند، لەوانە زیادکردنێکی بەرچاو لە مووچەی کرێکاران لە سوپا و دەزگاکانی ئاسایش، کەمکردنەوەی باج و دابینکردنی خوێندنی بەخۆڕایی بە هەموو قۆناغەکانەوە.

سەدام بە شێوەیەکی زیاد جەختی لەسەر پێگەی خۆی لەناو سوپادا دەکردەوە. هێمایەکیش بۆ ئەمە بریتی بوو لەو مەدالیایەی، کە لە هێزی ئاسمانیی عێراق لە شوباتی ١٩٧٤، وەک پێزانینێک بۆ "ئەو خزمەتە مەزنەی" لە هێزەکەدا کردبووی، وەری گرت. هەوڵدانی سەدام بۆ زیادکردنی دەسڕۆیینی خۆی لەناو باڵی سەربازی تەنیا لەوە سەرچاوەی نەدەگرت، کە سەدام پێویستی بە هاوسەنگکردنی گرانایی خۆی هەبوو لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکر یان پێویستی بە زاڵبوونیش بوو بەسەر

"پلە نزمیی سەربازییەکەی" کە تەنگی پێ هەڵچنیبوو، بگرە لەو لێکدانەوەیەش سەرچاوەی دەگرت، کە بەم زووانە سەدام بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئۆتۆنۆمی پێویستی بە سوپا دەبوو.

کاتێک مێژووی دیاریکراو بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمییەکە نێزیک دەبووەوە، گرژی لە بەرەی ئێران چڕ دەبووەوە. کاتێ دانوستاندنەکان لەسەر ڕێگەی ئاویی شەتولعەرەب بە بنبەست دەگەیشتن، کە لە سەرەتای ۱۹۷٤ەوە دەستی پێ کردبوو، زنجیرەیەک ڕووداو لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێراندا ڕوویان دەدا، مەترسیدارترینیان ئەوەی ۱۰ شوبات بوو، کە هەرلایەک سەرکۆنەی ئەوی تری دەکرد لە دەست پێکردنی دوژمنایەتییەکەدا،[9] هەوڵەکانی ئێران بۆ پەککخستنی هەنگاوی بەغدا لەو لێکدانەوەیەی ئێران سەرچاوەی دەگرت، کە پێی وا بوو مەترسییەکی دووسەرە لە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمییەکەی کورد لە عێراقدا هەیە: کە بریتی بوو لە چواندنی کارتی کوردی، کە بەهێزترین کارتی دانوستاندنی ئێران بوو لە دژی عێراق، هەروەها دروستکردنی مۆدێلێکی ئۆتۆنۆمیش بوو، کە لەوانە بوو کوردی ئێرانیش هیوا بخوازن چاوی لێ بکەن. هەندێ لە چاودێران لەو باوەڕەدا بوون، کە هەرچەندە ئەوە بەغدا بوو ڕووداوە سنوورییەکانی دەبردە ناو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەریان، کەچی لە ڕاستیدا ڕووداوەکان خزمەتێکی زۆریان بە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەکرد لەو ڕووەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێیان بە عێراق دەدا بە بیانووی وەڵامدانەوە بۆ هەڕەشەکانی ئێران، دوو فیرقەی سوپا بۆ ناوچەی کوردی بگوازێتەوە.

لە هەمان کاتدا، فیرقەی هەشتەم دامەزرا، کە بارەگەکەی لە هەولێر دەبوو و فەرماندەکەشی تەها شەکەرچی دەبوو. شەکەرچی لە ۱۹٦۳ ئاشنای ناوچەکە بووبوو ئەو کاتەی بە کارە دڕندانەییەکانی دژ بە کورد "دەناسرا".[10] لە کەرکووک، دەگوترا کەوا مەشق پێدەرانی کۆریای باکور لەژێر کۆنترۆڵی بەغدا مەشقیان بە گرووپێکی تێکەڵ لە سوپا و نیمچە سەربازی دەدا،[11] دوو هەفتە بەر لە ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی، سوپای عێراق لە دۆخی هۆشیارییەکی باڵادا بوو.

لە ۲٥ شوباتی ۱۹۷٤ سەدام، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی یەکەتیی سۆڤیەت بۆ پلانە

ئۆتۆنۆمییەکە، سەردانێکی نهێنیی بۆ مۆسکۆ ئەنجام دا. لەخۆگرتنی سەرۆکی سوپای عێراق، عەبدولجەبار شەنشەل، لە شاندەکەی سەدام ئەو ئەگەرەی بەهێز دەکرد، کە سەدام بەدوای بەدەستهێنانی چەکی زیاتر بوو لە یەکەتیی سۆڤیەت لەژێر باکگراوەندی کێبەرکێی چەکی عێراق لەگەڵ ئێران و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕێک لە دژی کورددا. لە ٣ی ئادار، سەدام کۆبوونەوەیەکی بەرەی نیشتمانیی بەستا بۆ تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی سەردانەکە و جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمییەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا. بەرەکە ڕەزامەندیی لەسەر ڕەشنووسی کۆتاییی ئۆتۆنۆمییەکە دا و ڕەوانەی مەجلیسی قیادەی قوتریی کرد بۆ کارپێکردنی وەک یاسا.

لە هەمان کاتدا، بارزانی بۆ بەشداربوون لە دایەلۆگێک لەگەڵ بەعس دوایەمین هەوڵی خۆی دەدا. لە ٨ی ئادار، ئیدریسی کوڕی بارزانی بە سەرکردایەتیی شاندێکی کوردی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەدامدا گەیشتە بەغدا. لەبەرئەوەی کەرکووک بڕبڕەی سەرەکیی ناکۆکییەکە بوو، هەردوولا تاوتوێی زیاتر لە هەشت چارەسەریان بۆ کێشەکە دەکرد. لە کاتی گفتوگۆکاندا، ئیدریس سوێندی خوارد، کە کورد هەموو "پردەکانیان" لەگەڵ ئێراندا دەڕووخێنن ئەگەر هاتوو لەگەڵ بەعس بگەنە ڕێککەوتنێک،[١٢] لەگەڵ ئەوەشدا، بە جێگەی زیاتر نێزیکبوونەوە لە گەلاڵەنامەکەی کورد، کۆنگرەی نائاساییی بەعس لە ٩ی ئادار بڕیاری دا لە وادەی دیاریکراودا دەنگ لەسەر یاسای ئۆتۆنۆمی بدات. دوو گەلاڵەنامەشی سەبارەت بە پرسی کەرکووک لە شێوەی دوو ئاگەداریی کۆتایی پێشکێش کرد. یەکێکیان پێوەندیدار بوو بە ئیدارەیەکی هاوبەشی پارێزگاکە، کە لەژێر چاودێریی حکوومەتی ناوەندیدا دەبوو. ئەوەی تریان سەبارەت بوو بە بەش بەشکردنی پارێزگاکە تاکو دوو لە قەزاکانی بە ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەوە ببەسترێنەوە و بەشەکانی تریش بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندییەوە. کورد پازدە ڕۆژیان بۆ دانرا تا یەکێک لەو دوو گەلاڵەنامەیە قەبووڵ بکەن.

ئیدریس، کە کارەکەی حکوومەتی بە ئاگەداریی کۆتایی دادەنا، گفتوگۆکانی وەستاند و گەڕایەوە کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ١٠ ئاداری ١٩٧٤، دارا تۆفیق

گەیشتە بەغدا بە گەلاڵەیەکی ترەوە، کە داوای ئیدارەیەکی هاوبەشی لەژێر چاودێریی حکوومەتە ئۆتۆنۆمییەکەدا دەکرد. بارزانی ڕای گەیاند، کە ئەگەر گەلاڵەنامەکەی ئەو قەبووڵ بکرێت ئەوا بە تەواوی بە بەرنامە ئۆتۆنۆمییەکەی ڕژێم ڕازی دەبێ. کەچی بەعس جگە لە گەلاڵەنامەکەی بارزانی دوو گەلاڵەنامەکەی تریشی ڕەت کردەوە، ئەمەش ئاماژەی بە شکانی هەموو هەوڵەکانی سازدانی دایەلۆگ دەدا.[١٣]

## مۆدێلی ئۆتۆنۆمییەکەی بەعس

لە چوارەم ساڵوەگەڕی بەیاننامەی ئاداردا، ڕژێم یاسای ئۆتۆنۆمیی دەرکرد، پابەندبوونی خۆی بە جێبەجێکردنی بەیاننامەکەوە ڕاگەیاند. لە هەمان کاتدا، دەستکارییەکی لە دەستوورە کاتییەکە بڵاو کردەوە، کە مادەیەکی لەخۆ دەگرت تێیدا هاتبوو "ئەو ناوچەیەی زۆرینەیەکی کورد لەخۆ دەگرێت، ئۆتۆنۆمییان دەبێت."[١٤]

بە وردبوونەوەیەکی زیاتر لە یاساکە ئەوەی پێشان دەدا، هەندێک داخوازیی گرینگی فەرامۆش دەکرد کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە داوا کرابوون: دیاریکردنی سنووری ئۆتۆنۆمییەکە و خستنە ناوەوەی کەرکووک بۆ ئەو سنوورە، دیاریکردنی کورد لە پۆستی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت، لەوانە سوپاش، بە گوێرەی ڕێژەیان لە دانیشتوان. هەروەها دابینکردنی داهات بۆ کورد بە گوێرەی ڕێژەیان لە دانیشتوان. یاساکە ئاماژەی بەوە دەکرد، کە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی ناسنامە، سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت، کە هەر وەزارەتەکە خۆی کاربەدەستان لەو کەرتە دیاری دەکات و دەریان دەکات.

یاسای ئۆتۆنۆمییەکە ڕێی بە پەرلەمانێکی یاسادانەر بۆ کورد نەدابوو،[١٥] بەڵام لێکدژییەکە ئەوە بوو کورد ئەنجوومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێردراویان دەبوو لە کاتێکدا هیچ دەستەیەکی لەو جۆرە لە ناوەندا بوونی نەبوو،[١٦] یاساکە ڕێی بە ئەنجوومەنێکی ڕاپەڕاندنیش دابوو. بەڵام بە پێچەوانەی گەلاڵەنامەکەی کوردەوە، سەرۆکی ئەنجوومەنەکە لە لایەن ئەنجوومەنە تەشریعییەکە هەڵنەدەبژێردرا، بگرە لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە دیاری دەکرا، کە ڕێ پێدراو بوو سەرۆکی ئەنجوومەن

دەربکات یا ئەنجوومەنە جێبەجێکارییەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

هەنگاوی سەرەکی بەوەی، کە ڕێژیم هەوڵی دەدا سەلامەتیی خۆی لە بەرامبەر لادانەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی کورد مسۆگەر بکات بریتی بوو لە دانانی دەستەیەکی چاودێری، کە لە دادگەی تێ هەڵچوونەوەی بەغدا پێک دەهات بۆ تانەدان لە هەر بڕیارێک، کە لە لایەن ئەو دوو ئەنجوومەنە یان هەر ئەنجوومەنێکی تری ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە دەدرا. ئەو ڕاستییەش کە سەرۆک دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنە یاسادانەرەکەی پێ دەدرا ڕێوشوێنێکی تری سەلامەتی بوو. هەولێر، نەک سلێمانی، وەک ناوەندی ئیداریی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە دادەنرا لەبەر ئاسانتر چوونە ناوەوەی و هەروەها ئاسانتریش لە سلێمانی کۆنترۆڵ دەکرا، سلێمانی بۆ چەندین نەوە بووبووە جێگەی داڵدەدانی ناسیۆنالیزمی کوردی.

یەکسەر دوای بڵاوکردنەوەی یاساکە، ئێزگەی بەغدا ئەو لێدوانانەی سەدامی بڵاو دەکردەوە، کە پێشتر سەدام لە کۆبوونەوەیەکی بەرە نیشتمانییەکەدا دابووی. سەدام ئەوەی ڕوون دەکردەوە، کە تا دوا خولەک هەوڵی دابوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا سەبارەت بە یاسای ئۆتۆنۆمییەوە بگاتە ڕێککەوتنێک ئەو هەوڵانەی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان پووچەڵی دەکردنەوە. سەدام لە مکوڕبوونی ڕێژیم بۆ دەرکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی لەو کاتەدا ئاماژەی بە سێ هۆکار دەکرد. یەکەم، حزبی بەعس دەیویست پێوەندیی متمانەیی لەگەڵ گەلی کورددا بەهێز بکات بۆ ڕەواندنەوەی ئەو بێ هیوابوونانەی لە ڕێژیمەکانی ترەوە مابوونەوە و ئەو هەوڵانەی دواتریش، کە دەخرانە سەر مەیلەکانی ڕێژیم لە دانی ئۆتۆنۆمی بە کورد. دووەم، بەعس هەوڵی دەدا ئەوە بسەلمێنێ کە "کورد کوڕی گەلی ئێمەن و ئێمە زیاتر لەوانەی خۆیان بە ئەندامانی نەتەوەی کوردی ناو دەبەن، نیگەرانی داهاتووی ئەوانین." کۆتایی، بە گوێرەی ژمارەیەکی دواتری ئەلسەورە، سەدام ئاماژەی بەوە دەکرد، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی داوە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ئادار و یاسای ئۆتۆنۆمی پووچەڵ بکاتەوە لەبەرئەوەی "ئەوان دەیانویست دەوڵەتێکی نوێ لە عێراق (دابمەزرێنن)."[١٧]

سەبارەت بە ناکۆکیی سنوورەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە و داخوازیی پارتی

دیموکراتی کوردستان بۆ لەخۆگرتنی کەرکووک لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا، سەدام ڕای دەگەیاند بە بەعس ئۆتۆنۆمی وەک درزێک لە نێوان عێراقییەکان و کورددا نابینێ، بگرە وەک "یەکخەری تەواوی دەوڵەت و دیاریکردنی سنووری ناوچەکە دەبینێت، کە مافە نەتەوەیییەکانی تێدا جێبەجێ دەکرێت." سەدام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەگەر ئەمە لە تێڕوانینێکی "یاسایی" و "سایکۆلۆجی"یەوە ڕێی تێ بچووایە، ئەم جۆرە ئۆتۆنۆمییە ناوی لێ دەنرا "ئۆتۆنۆمیی عێراق" نەک ئۆتۆنۆمیی کورد لەبەرئەوەی پێوەندیی بە هەموو عێراقییەکانەوە دەبوو. سەدام ئەو بیانووەی ڕەت دەکردەوە، کە کورد "مافێکی مێژووییان" بە ناوچەی کەرکووکەوە هەیە تەنیا لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا کوردی بووە و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، بەهەمان لۆجیک، عەرەب دەبوایە ئێستە بانگەشەی ئیسپانیایان بۆ خۆیان بکردایە،[18] سەدام ئەوەی ئاشکرا کرد، کە پارتی دیموکراتی کوردستان تا دوا ساتیش ئارەزووی قەبووڵکردنی یاسای ئۆتۆنۆمیی کردووە بەو مەرجەی بەعس کۆڵ لە کەرکووک بدات. کەچی، ڕێژیم ئەوەی ڕەت کردەوە و ڕای گەیاند کەرکووک شتێکە دانوستاندنی لەسەر نییە. سەدام ئەو داخوازییانەی کوردیشی ڕەت دەکردەوە، کە داهاتەکانی بودجەی دەوڵەت بە گوێرەی ڕێژەی کورد لە دانیشتوان بێت، سەدام گوتی گەلاڵەی لەو جۆرە ڕەنگە بۆ یەکەتییەکی فیدراڵی جێبەجێ ببێت بەڵام لە چوارچێوەیەکی ئۆتۆنۆمیدا ناکرێت. سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی کوردی، سەدام بە کراوانە و نادیپلۆماتییانە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی لەو جۆرەی، لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕەت دەکردەوە.[19]

لە کۆتاییدا، سەدام هۆشیارییەکی کۆتاییی پێشکێش بە پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بۆ پێوەندیکردن بە بەرەکە و قەبووڵکردنی یاسای ئۆتۆنۆمییەکە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا، دووپاتی دەکردەوە، کە "لە ماوەی ئەو پازدە ڕۆژەدا، ئێمە بەدوای جێگرەوەیەکی تر بۆ ئێوە ناگەڕێین... (بەڵام) لە دواتردا، بۆ هاوپەیمانیش لەگەڵ ئێوەدا ڕێک ناکەوین... دوای ئەم مێژووە، نوێنەرەکانی تری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەنگە لە بەرەکەدا نوێنەرایەتیی پارتەکە بکەن."[20]

دوا بەدوای ئەمە، دەکرێ ئەوە بڵێین، کە بەعس بە دڵنیایییەوە پشتگریی

ئۆتۆنۆمیی دەکرد، بەڵام تەنیا وەک هۆکارێک بۆ گرتنە خۆی کورد و بەهێزکردنی پێوەندیی نێوانیان بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی. ئەمە تەواو دژی خواستە باڵاکانی بزووتنەوەی کوردی بوو، کە دەیویست پێناسێکی جیا بۆ کوردستان دابمەزرێنێ و پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا لاواز بکات. بەم جۆرە، لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا پێکدادانی پێناس و بەرژەوەندییەکان لاواز نەدەبوون، بگرە لە ڕاستییدا چڕ دەبوونەوە. تێڕوانینی دووڵیانەی بەعس ڕەنگە لێکدژیی ڕێژیمێک ڕوون بکاتەوە، کە خاوەنی تێڕوانینی ناسیۆنالیزمی و نیشتمانی بوو وەک ئەو تێڕوانینەی کە بەعس هەیەتی بە ددانانان بە مافی ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیەکی تر لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا. لە تێڕوانینێکی کردارییەوە، ڕێژیم دەیویست چوارچێوەی ئۆتۆنۆمییەکە وەک خاڵێکی دەرپەڕین بۆ بەدەستهێنانی سێ مەبەست بەکار بێنێ: (١) بەدەستهێنانی پشتگیریی گەلی کورد و خەفەکردنی پاڵنەری شۆڕش، (٢) لەڕوو وەستانەوەی بەرهەڵستیی پێشمەرگەی کورد و هێنانە کایەی کۆنترۆڵی سوپا بۆ سەر ناوچەی کوردی بەبێ شەڕ، (٣) لەیەک جیاکردنەوەی سەرکردایەتیی کورد و دانیشتوانی کورد بە ئامانجی لەکۆڵ خۆکردنەوەی سەرکردایەتیی کورد لە کۆتاییدا.

### داخستنی بازنەکە

لە بەرەبەیانی بڵاوبوونەوەی یاسای ئۆتۆنۆمیدا، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی عێراق بە تەپڵ و زوڕنا لێدان برووسکەیەکی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو کردەوە، کە پشتگرییەکی بەپەرۆشی بۆ یاساکە دەردەبڕی. لە لایەن سێ لە سەرکردەکانی وەک عەزیز ڕەشید عەقراوی و هاشم عەقراوی و ئیسماعیل مەلا عەزیزەوە ئیمزای لەسەر کرابوو. ئەمە ئاماژەیەکی دیار بوو لەوەی ئەو گرووپە سێ کەسییە دەبوونە "جێگرەوەی" پارتی دیموکراتی کوردستان. پاڵپشتێکی نادیاری تری یاساکە برێتی بوو لە پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کە لەلایەن عەبدولستار تاهیر شەریفەوە سەرکردایەتی دەکرا. لە هەمان ڕۆژدا، سەدان نامیلکە لە لایەن پارتی شۆڕشگێڕانەوە دروست کران و لە بەغدا و شارەکانی تردا دابەش دەکران و داوای پشتگریی کوردی بۆ یاساکە دەکرد. میدیای عێراقی پشتگریی دوو کەسایەتیی تری

بڵاو کردەوە: شێخ عوسمان بارزانی، کوڕی شێخ ئەحمەدی برا گەورەی بارزانی و عوبەیدوڵڵای کوڕی بارزانی. عوبەیدوڵڵا لە بروسکەکەیدا ڕای گەیاند، کە "گەلی کوردمان... ئێستە، بە هاوکاری لەگەڵ گەلی بەڕێز و باشی عێراقی و هەموو ئەو هێزە نیشتمانییانەی یەکەتیی عێراق و خۆشبەختیی گەلەکەیان بەلاوە گرینگە، داوای لێ کراوە دەرک بە مافی ڕەوای ئۆتۆنۆمیی خۆی بکات."[٢١]

حزبی شیوعیی عێراق لە کاتێکدا پشتیوانیی خۆی بۆ یاساکە دەربڕی، دەیویست کەلێنێک بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بێڵێتەوە بۆ پێوەندیکردنی بە بەرە نیشتمانییەکە و هاوکاریکردن لە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمییەکەدا. پراڤدا، ڕۆژنامەی حزبی شیوعیی سۆڤیەت، پەسنی یاسای ئۆتۆنۆمییەکەی دەدا و ورياییی دەدا لەبارەی دەرکەوتنی ئەو "هێزە ڕاستڕەوانەی"ەوە، کە هەوڵ دەدەن مەیلی جیاخوازی بورووژێنن.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خۆیەوە بەبێ دەنگی دەمایەوە. ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی تەئاخی کە لە ١٢ ئاداری ١٩٧٤ دەرچوو، یاسای ئۆتۆنۆمییەکەی بە تەواوی فەرامۆش کرد و بڕیاری وەستانی ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند. دوو ڕۆژ دواتر، ئێزگەی کوردستان دوای چوار ساڵ وەستانی دەستی بە وەشان کردەوە. لە یەکەم وەشانیدا، داوای لە گەلی کورد دەکرد چەک هەڵگرن بۆ "ڕزگارکردنی خاکی کورد لە دەست عێراقییان."[٢٢] بگرە بەر لە ڕاگەیاندنەکەی حکوومەتیش، دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە هەموو پیاوێکی تەندروست و تۆکمە شارەکانیان جێ هێشتووە و لە هەندێ جێگەشدا " تەواوی گوندەکان چۆڵ کراون و بۆ شاخ ڕۆیشتوون."[٢٣] کەمێک دواتر، چەند وردە شەڕێک لەگەڵ سوپای عێراق لەسەر سنووری تورکیادا دەستی پێ کرد. دوا بەدوای چەند سەرکەوتنی دەستپێکی، کورد لە بەشە جیا جیاکانی حکوومەت ڕوویان لە بنکەی بزووتنەوەکە دەکرد. ئەو کوردانە بریتی بوون لە ئەفسەر و سەربازانی سوپای عێراق و پۆلیس و ئەندازیار و پزیشک و قوتابی و پیاوی ئاینی و کەسانی تر. چەند سەرچاوە ڕایان دەگەیاند، کە سەرجەمی ئەو کەسانەی پێوەندییان بە بزووتنەوەکە کردووە بە ١٠٠,٠٠٠ دادەنێن، لەوانە ٦٠ پزیشک و ٤٥٠٠ مامۆستا و ٥٠٠٠ پۆلیس و ١٦٠

ئەندازیار و ۱۰۰ ئەفسەر و قوتابیی زۆریش بوون.[٢٤]

لە هەمان کاتدا، وتارێک لە ڕۆژنامەیەکی ئێرانی پشتگیرییەکی ناڕاستەوخۆی کوردی تێدا بوو بڵاو کرایەوە. وتارەکە تێیدا هاتبوو کە "لە کاتێکدا سوپای عێراق خۆی بۆ چەندان ساڵی شەڕ ئامادە کردووە، پەرۆشی و بڕوا، بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە لەم چەند ساڵەی دواییدا،[٢٥] لەنێو کورددا بەهێز بووە" لە هەمان کاتدا، ئەندامێکی پارتی ڕاستڕۆی لیکۆد لە پەرلەمانی ئیسرائیل (کنێسێت)، یەدیدیا بئیری، هەوڵی دەدا وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ئەبا ئیبان ڕازی بکات، داوای دەکرد حکوومەت بە فەرمی پاڵپشتیی خۆی بۆ حکوومەت ڕابگەیەنێ،[٢٦] کەچی داواکەی پەسند نەکرا. هەروەها هەوڵەکانی بارزانیش لە هێنانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەلای کورددا چیی تر سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێوەندییەکانی بارزانی لەگەڵ ئەمەریکا سەبارەت بە چەک و هاوکارییەکانی تر لەژێر پەردەدا بەردەوام دەبوون.

لە ٢٣ ئاداری ١٩٧٤ وەزیری بەرگریی سۆڤیەت ئاندرێی گرۆمیکۆ سەردانی عێراقی کرد. وادەی سەردانەکە، کە لە کۆتاییەکانی ئاگەدارییەکەی بەعسدا بوو، بە ڕێککەوت نەبوو چونکە مەبەست لە سەردانەکە پاڵەپەستۆ خستنە سەر کورد بوو بۆ قەبووڵکردنی یاسای ئۆتۆنۆمییەکە. ڕاپۆرتێکی دواتر ئەوەی تێدا باس دەکرا، کە گرۆمیکۆ دەیویست ناوبژی لە نێوان بەعس و کورددا بکات بەڵام لەسەر ڕێنوێنیی ئێران و ئەمەریکا، بارزانی هەوڵەکانی ناوبژییەکەی ڕەت کردەوە،[٢٧] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بە ڕاستی ئەمە وا بێت، ڕێنوێنیی ئەو دوو دەوڵەتە تەنیا بڕیارەکەی بارزانیی بەهێزتر دەکرد، کە پێشتر لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا لەلایدا دروست بووبوو. لە لایەکی ترەوە، بەپێی بارودۆخەکان و سەردانەکەی گرۆمیکۆ، پێ نەدەچوو بارزانی هێشتا هیوای بە ئاشتەواییی نێوان خۆی و بەعس مابێت، بگرە پێ دەچوو مۆری ڕەزامەندیی لەسەر دەستپێشخەرییەکەی بەعس دابێت. لە ماوەی سەردانەکەی بۆ مۆسکۆ لە ٢٥ شوباتی ١٩٧٤، سەدام لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت سەبارەت بە پشتگیریی سۆڤیەت بۆ ڕێژیم گەیشتبوونە ڕێککەوتنێک، بەڵام هەم سۆڤیەتییەکان و هەم عێراقییەکانیش ڕاگەیاندنی فەرمیی

ڕێککەوتنەکەیان تا کۆتایی ئاگەدارییەکە دوا دەخست بۆ ئەوەی گلەی پووچەڵکردنەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ مەسەلەکە بخەنە ئەستۆی کورد. لە کۆتایی سەردانەکەی گرۆمیکۆدا، بەیاننامەیەکی هاوبەش لەبارەی بەهێزکردنی هاریکاریی نێوان عێراق و یەکەتیی سۆڤیەت لە لایەنی سەربازییەوە شان بەشان لەگەڵ هەندێ لایەنی تردا ڕاگەیەنرا. بەیاننامەکە پەیامێکی ناڕاستەوخۆی بۆ کورد و ئێران لەخۆدا دەگرت، بەوەی یەکەتیی سۆڤیەت لە هەر شەڕێک لە داهاتوودا لە تەک عێراقدا دەوەستێ.

لە ٢٦ ئاداری ١٩٧٥، کە دوایەم ڕۆژ بوو بۆ کورد تا وەڵامی ئاگەداریی کۆتایی بەعس بدەنەوە، بەعس یاسایەکی لەسەر ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان دەرکرد. مادەی ١٠ تێیدا هاتبوو، ڕەنگە ئەندامانی یەکەم ئەنجوومەنی یاسادانان بەبێ هەڵبژاردن دیاری بکرێن،[٢٨] ئەمە داخورانێکی بەرچاوی یاسایە ئۆتۆنۆمییەکەی دەرخست، کە پێشتر تێیدا هاتبوو ئەندامانی ئەنجوومەنەکە هەڵدەبژێردرێن، نەک دیاری دەکرێن.

هەر زوو دواتر، بە مەبەستی بێهێزکردنی لایەنی بارزانی، ڕێژیم دەستی بە گۆڕانکاری لە پۆستی فەرمانبەراندا کرد. لە ٤ نیسانی ١٩٧٤، سێ پارێزگاری کوردی دڵسۆز بۆ بارزانی گۆڕان بە سێی دڵسۆز بۆ بەعس. لە ٧ نیسان، پێنج وەزیرە کوردەکەی سەر بە لایەنی بارزانی گۆڕان بە وەزیری کوردی سەر بە بەعس. وەزارەتی کاروباری باکووریش هەڵوەشێنرایەوە. لەناو وەزیرە نوێیەکاندا، عوبەیدوڵلای کوڕی بارزانیی وەک وەزیری بێ وەزارەت لەخۆ دەگرت. سەدام وەک ڕوونکردنەوەیەک بۆ دیاریکردنی عوبەیدوڵلا ڕای گەیاند: "جگەرسۆزیی ئێمە لە سیاسەتی نوێمان برێتی نییە لە جگەرسۆزیی خێزانی و عەشیرەتگەری. ئەم شێوازە لە جیهاندا بەسەر چووە. ئێمە باوەڕمان وایە و دەشزانین، کە هەندێ خەڵک لە خێزانی بارزانی هەن بە شێوەیەکی ئەرێنی و بێ فرۆفێڵ وەڵامی سیاسەتی ئێمە دەدەنەوە... لە داهاتوودا، دەبینین ئەو کەسانە لە کوێوە دێن، کە پشتگیریی سیاسەتی ئێمە دەکەن."[٢٩]

لە ٢١ نیسان، تەها محیەدین مەعرووف وەک جێگری سەرۆک دیاری کرا. ئێزگەی

کـوردسـتـــان بە توندی هێـرشـی دەکـردە ســەر "ئەسـتـێـرە" نوێیـــەکـە بەوەی بەرژەوەندیخــوازێکە و تەنیــا نوێنـەرایەتی خــۆی دەکــات، بـەوەی ئارەزوو دەکــات هاریکاری "لە کـردەوە تاوانکارییـەکـانی دەسـتـەیەک لە دیکتـاتۆران و لە کـوشتن و ســەربڕینی گــەلەکـەی خـۆیدا بکات لە بەرامــبــەر پۆسـتـێکی گـونجـاو کـە هـیچ دەسـڕۆیینێکی ئەوتۆی لـە لایەن ڕێژیمەوە تێدا نییـە، هەرچەندە وا دەردەکەوێت کە پێگەیەکی گرینگە".[٣٠]

وەڵامی پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان بۆ یاسـای ئۆتۆنۆمی دوای ئەوە هات، کـە خـەباتی چەکداری دەسـتـی پێ دەکـرد. وەڵامـەکـە، کـە مـەبەست لێی ڕەتکردنەوەی یاســاکـە بوو، چیی تر ئاراســتــەی دەســەڵاتداران نـەدەکـرا، بگرە مـــەبەست لێی بەدەســتــهـێنانی پشـتگیـریی ناودەوڵەتی بە تـایبـەتی وڵاتـانی ڕۆئاوا بوو بـۆ لایەنی کوردی. لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، بارزانی گوتی "بارزانی لە هاوکێشـە سـەربازی و سیاسـییـەکانی ڕۆهەڵاتی نـاوەڕاسـتدا بووەتە فاکـتـەرێکی گرینگ. ئەوە ئەرکی حکوومەتەکانی ڕۆئاوایە ڕێنوێنیمان بکەن لەسەر ئەو ڕۆڵەی، کە دەبێ بیگێڕین." لـەگەڵ ئەوەشـدا، بارزانی جـەختی لەسـەر ئەوە دەکردەوە، کە کورد هێـشـتـا دەبێ پشـتـیـوانیـیـەکی "بە بڕشت و گشـتگر و توندوتۆڵی" ڕۆئاوا بەدەست بێنن[٣١].

ڕەتکردنەوەی ئۆتۆنۆمی لەبـەر سێ هۆکار بوو: ئەزمـوونی ڕابردوو لەگەڵ بەعسـدا، ئەو ڕێگەیەی، کـە ئۆتۆنۆمـیی لەســەر دادەمــەزرا، هەروەها لە هــەمــووی گـرینگـتـر، ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمـیـیـەکـە. پارتی دیموکـراتـی کـوردسـتــان ئامـاژەی بە بـەرنامــەی تاکـتـیکیی بەعس دوای ئـەنجـامی ڕێککەوتننامــەکـە دەدا. مـەبەسـتی سـەرەکـیی بەرنـامـەکـە، کـە لەنـاو کـۆمـەڵێک شـتی تردا لە دوو هـەوڵی خـافـڵکوژیی بـارزانی دەردەکـەوت، برێتی بوو لە لاوازکـردنی دەسـەڵاتی پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان، مناوەرە پێکردنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بۆ پێگەیەکی پەڕاوێزی لەناو لایەنی کوردیدا، هەروەها لە کۆتاییدا، وەدەرنانی پارتیش لەناو کێشـەی کوردیدا. سەبارەت بەو شـێوازەی کـە یاسـای ئۆتۆنۆمی پەسند دەکـرا، پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان جـەختی لەسـەر ئەوە دەکردەوە، کە تاکلایەنانە لەلایەن بەعسـەوە کراوە، کە دووپاتی

سیفەتی "خۆبەزلزانین" و "شۆڤێنی"ی بەعس دەکاتەوە و مەبەستیش لێی ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی لایەنی کوردی بوو بە ئەمرێکی واقیع. وەک بەڵگە، پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەو ڕاستییە دەکرد، کە بەعس پلانی ئۆتۆنۆمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی فەرامۆش دەکات و بە هەموو شێوەیەک ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە گفتوگۆ لەسەر هەر گۆڕانکارییەک لە پلانەکەی خۆیدا بکات. بە وەسفکردنی یاسا ئۆتۆنۆمییەکە وەک یاسایەکی "خەساو و ساختە و شێواو و ناتەواو،" پارتی دیموکراتی کوردستان دەیگوت کەوا بەعس ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمییەکەی بەتاڵ کردووە و گۆڕیویەتی بۆ بەرنامەیەکی ناناوەندیی تەواو.[٣٢]

پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە زۆر خاڵی لاوازی یاسایەکە دەکرد، گرینگترینیان بریتی بوون لەمانە: حکوومەتی ناوەندی دەیویست کۆنترۆڵی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و راپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی بکات، هیچ ئاماژەیەکی بە بەشداریی کورد لە داوودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی نەدەکرد، لەوانە لە پۆستە هەستیارەکانی حکوومەت و سوپا، هەروەها کورد هیچ قسەیەکیان لەبارەی گەڵاڵەی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە نەدەبوو، کە لەژێر دەستی ڕاستەوخۆی بەعسدا دەبوو. لە هەمووی گرینگتر، بەعس سەبارەت بە پرسی کەرکووک لە کورد نێزیکتر نەدەبووەوە، "سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییە مێژوویی و جوگرافی و دانیشتوانی و ئابوورییانەی، کە لە سەرووی هەر گومانێکەوە ئەوەیان پێشان دەدا پارێزگای کەرکووک ناوچەیەکی کوردییە."[٣٣] لە سەرووی ئەمانەش، نائامادەیی داوودەزگای دیموکراتی لە ناوەند بەلای کوردەوە وەک کەموکورتییەکی سەرەکی دەبینرا چونکە ئەمە ڕێگریی لە گرەنتییەکی ڕاستەقینەی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمیی کوردیی ڕاست و دروستدا دەکرد.

سەرەڕای ئەم کەموکوڕییانەی کە لە ئۆتۆنۆمییەکەدا هەبوو، پێ دەچوو پاڵنەری سەرەکیی ڕەتکردنەوەی یاسایە ئۆتۆنۆمییەکە، لە لایەن کوردەوە ئەو بێ متمانەیییە زۆرە بووبێت، کە لە بەرامبەر بەعسدا هەیانبوو. لە تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، قەبووڵکردنی ئۆتۆنۆمییەکی لەو جۆرە یەکسان دەبوو بە ئیمزاکردن

لەسەر نووسراوی ملکەچبوونی کورد، کە سەری دەکێشایەوە بۆ نەک تەنیا فەوتانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بگرە سەری دەکێشایەوە بۆ مردنی تەواوی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەڵوێستە لە ئەنجامی هەستکردن بە لاوازی نەبوو لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ڕابەرایەتیی بارزانی، وەک فەرمانڕەوایەکی مشتومڕ لەسەرنەکراوی کوردستان بەردەوام دەبوو. زیاد لەوەش، بە شێوەیەکی ڕێژەیی بزووتنەوەی کوردی بە یەکگرتوویی دەمایەوە سەرەڕای هەوڵی بەردەوام بۆ لەتکردن و چاندنی تۆوی ناکۆکی لەناو ڕیزەکانیدا، بەوەی لایەنەکەی تاڵەبانی لە پاڵپشتیکردنی بڕیارەکانی بارزانی بەردەوام دەبوو، بەلایەنی کەمەوە لەم قۆناغەدا. لە بەهاری ١٩٧٤، ڕەگەزە چەپڕۆکانی ناو لایەنی کوردی، کە لە سەرەتادا بە پەرۆشەوە پشتیوانیی ڕێککەوتنیان لەگەڵ بەعسدا دەکرد و لەنێو بە بۆڵەبۆڵترین بەرهەڵستکارەکانی پێوەندی لەگەڵ ئێران بوون گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە بەعس ئارەزوو ناکات لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا بگاتە ڕێککەوتنێک. لە پاڵ ئەمەشدا، کوردە هەوادارەکانی بەعس بەشێک نەبوون لە بژاردەی کوردی و دەسڕۆیینی زۆریان لەسەر دانیشتوان نەبوو. پاڵپشتیی عوبەیدوڵڵای کوڕی بارزانی زیاتر پڕوپاگەندە بوو و هیچ بەهایەکی سیاسیی نەدەبوو. هۆکارێکی گرینگی تر، کە بڕیاری کوردی بەهێز دەکرد بڕێتی بوو لەو باوەڕەی، کە ئەمەریکا پاڵپشتییان دەکات، بە لایەنی کەمەوە لە پشتی پەردەوە. لە بەرامبەر ئەو باکگراوندەدا، دەتوانین لەو گوتەیە تێ بگەین، کە شوێنکەوتەیەکی بارزانی لەبارەی توانستی کوردەوە لە بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی عێراق کردبووی: "بارزانی گێل نییە. ئەو بە عێراقییەکانی نەدەگوت نەخێر! ئەگەر هەستی بکردایە ناتوانێت بەرپەرچی هێرشی عێراق بداتەوە."[٣٤] سەرەڕای ئەو دووپاتکردنەوانە، بڕیاری بارزانی دەبووە هۆکاری مشتومڕێکی توند لەناو لایەنی کوردیدا، بە تایبەتی لەبەر پێشهات و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو.

ڕێژیم لە لایەن خۆیەوە، لە بڕیاردان بۆ سەپاندنی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی تاکلایەنە، بە هەستی ئەو هێز و باوەڕە دنە دەدرا، کە پێشتر شێوەی نەبوو، کە وای هەست دەکرد لە کۆتاییدا دەکرێت شۆڕشی کورد بە ڕابەرایەتیی بارزانی لەناو

ببات. ئەو هەستەی ڕێژیم لەبارەی دەسرۆیینەوە دەیبوو بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتیوانی لێکراو بوو. هاوپەیمانیی ڕێژیم لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت، کە لە سەردانەکەی وەزیری بەرگریدا گرانایی زیاتری وەرگرتبوو، هەستەکەی ڕێژیمی خەستتر دەکردەوە لەوەی پاڵپشتیی دەوڵەتێکی زلهێزی بەدەست هێناوە. بە هەمان شێوە، سوپا بە هۆی چەکی تازەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەبوو. ئابووریش بەهێزتر بووبوو، بەو گەشانەوە گرینگەی، کە بە هۆی زیادبوونی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و پڕبوونی خەزینەی دەوڵەت بە پارە خۆیەوە دەیدیت. سەرکەوتنێکی تری ڕێژیم بریتی بوو لە دوورخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراق لە یەکتری و ئەو ڕاستییەی، کە حزبی شیوعیی عێراق بۆ یەکەم جار ریزەکانی خۆی لەگەڵ بەعس کردە یەک، کە بریتی بوو لە ڕکابەری مێژوویی و ئایدۆلۆجیی بەعس. لە سەرووی ئەمانەشدا، ڕێژیم باوەڕی هەبوو کە ئارەزووی کورد بۆ شەڕ بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووە، بەهۆی ئەو بارودۆخە تا ڕادەیەک باش و هێمنەی دوای ڕێککەوتننامەی ١٩٧٠ لە باکور هاتبووە کایەوە. هەستی باوەڕبەخۆبوون پاڵی بە سەدامەوە دەنا ئەوە ڕابگەیەنێت "ئەوپەڕی خراپیی حاڵەت، کە لە بەرچاوی بگرین بریتییە لەوەی بارزانی خۆی بەدەستەوە بدات... هەرگیز لەسەر یەک مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو بەکرێگیراوانەدا دانانیشینەوە و دانوستاندنیان لەگەڵدا ناکەین چونکە مەلا (مستەفا) بارزانی لە ڕابردوودا زۆر کەڵکی لەو تاکتیکانە وەرگرتووە."[٣٥]

ڕێگەی بەرەو شەڕ ئامادە بوو.

پەڕاوێز:


1. Al-Ta’akhi (Baghdad, daily), 11 February 1974.
2. Revolutionary Iraq 1968–1973, Report of the Eighth Regional Congress of the Arab Ba‘th Socialist Party, Iraq, January 1974 (October 1974), pp. 102–108.
3. Ibid.
4. Al-Thawra (Baghdad, daily), 17 January 1974.
5. Al-Nahar (Beirut, daily) 8 February 1974. 6.According to another source, they were expelled before they left for Baghdad because they had disagreed with Barzani’s policies. David McDowall, A Modern History of the Kurds (London: I. B. Tauris, 2004), p. 337.
7. Al-Rasid, as quoted by Syrian Arab News Agency 10 February 1974, cited in Daily Report,

13 February 1974.
8. Al-Ta'akhi, 11 February 1974.
9. Public Record Office, FCO8/2307, 13 February 1974.
10. Al-Nahar, 18 March 1974. Shakarji was to be dismissed during the war in 1974 because of the high number of casualties among Iraqi soldiers. Ismet Sherif Vanly, "Kurdistan in Iraq," in A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, ed. Gérard Chaliand (London: Zed Press, 1980), p. 179.
11. Public Record Office, FCO8/2307, 13 February 1974.
12. Chris Kutschera, Le mouvement national kurde (Paris: Flammarion, 1970), pp. 295–296.
13. Ibid., pp. 295–298.
14. The Autonomy Law was published in Al-Thawra, 12 March 1974. The Arabic term, which the KDP uses to refer to the autonomous area, is iqlim, a defined geographical region of land, as opposed to the term mintaqa, a region in the general sense and not one with clear demarcations and defined geographical features.
15. The wording of the law is "the elected (muntakhab) legislative body in the area."
16. The parliament, which was disbanded at the time of 'Abd-al-Karim Qasim's ascension in 1958 was revived in 1980 and included Baathi members only.
17. Al-Thawra, 15, 28 March 1974.
18. Ibid.
19. Ibid.
20. Ibid.
21. Al-Thawra, 13 March 1974; Iraqi News Agency, 12 March 1974, cited in BBC, 14 March 1974.
22. Al-Hayat, 15 March 1974.
23. Public Record Office, FCO8/2307, 10 March 1974.
24. New York Times (New York, daily), 1 April 1974; Vanly, "Kurdistan in Iraq," p. 180.
25. Radio Tehran, 16 March 1974, cited in BBC, 18 March 1974.
26. Ma'ariv (Tel Aviv, daily), 18 March 1974.
27. New York Times, 12 February 1976.
28. Al-Thawra, 27 March 1974.
29. Al-Sayyad (Beirut, weekly), 18–25 April 1974.
30. Voice of Iraqi Kurdistan, 22April 1974, cited in BBC, 25April 1974.Ma'ruf was believed to be a supporter of Talabani's faction.
31. New York Times, 1 April 1974.
32. Voice of Iraqi Kurdistan, 5 April 1974, cited in Daily Report, 9 April 1974.
33. Ibid.
34. Israel Defense Forces Radio, 29March 1974, cited in Daily Report, 1April 1974.
35. Iraqi News Agency, 25 April 1974, cited in BBC, 27 April 1974.

# ٨
# کاتێک بۆ شەڕ

توێژەری ناوداری مێژوو، مایکڵ هۆوارد، پێی وایە کە "هەر لە سەرەتاوە بنەمای ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی لێک هەڵنەوەشاو، چ لە ڕووی تیۆری چ لە ڕووی پراکتیکییەوە، پێوەندیی بە بیرۆکەی شەڕەوە هەیە." هۆوارد زیاتر لەو بارەیەوە دەڵێت "کاتێ نەتەوەکان دێن پێناسەی خۆیان و وەسفی بنەچەیان دەکەن، مێژووی ململانێیان لەگەڵ یەکتری دەبێتە بەشێکی پرۆسەی پێناسەکردنەکە و چەمکی" نەتەوە "کە بە شێوەیەکی جیانەکراوە بەستە دەبێت بەو شەڕەی، کە کردوویەتی." بەمەش، شەڕ "یەکەتیی نیشتمانی و خۆبەختکردنی بەرجەستە کردووە."[1] نموونەی کوردی عێراقیش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا نییە. ئەو شەڕەی بە پێنجەم شەڕی کورد ناو دەبرێت، کە لە ئاداری ١٩٧٤دا دەستی پێ کرد و ساڵێکی تەواوی خایاند، لە سەرووی هەموو گومانێکەوە ئەوەی دەسەلماند، کە بزووتنەوەی کورد لە دڵسۆزیی عەشیرەتگەرییەوە تێی پەڕاندووە و خاسیەتی نەتەوەی ڕوونی بە خۆوە دەگرێ. لەگەڵ ئەوەش، بەزینی کورد لە کۆتاییدا دەبووە هۆکاری نسکۆیەکی خراپ، کە بیست ساڵی تر و دوای ئەویش ٤ ساڵی تری، چوار ساڵی شەڕی ناوەخۆ، دەخایاند تا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی یەکانگرتری بە ڕوونی بە دیار دەخست.

## شانۆی کوردستان

شەڕی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ لە شەڕەکەی پێش خۆی توندتر و خوێناویتر بوو. لەوەدا بێهاوتا بوو، کە جیاواز لە ڕابردوو، بزووتنەوەی کورد، شێوازەکانی شەڕکردنی ئاساییی بەکار دەهێنا، کە ئەمە لەسەر بزووتنەوەیەک بەرجەستە دەبوو پێشتر تەنیا مەشقی لەسەر شەڕی پارتیزانی دەکرد. لەوەش زیاتر، ڕێژیمی عێراقیش بۆ یەکەم

جـار پشـتـیـوانیی دەوڵەتێکی زلهـێـزی، یەکـەتیی سـۆڤـیـەت، بەدەست دەهێنا. لە هەمووشی گرینگتر، ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شەڕەکە بەشدار دەبوو نەک لە ڕێی بەگژی یەکترداچوونی سیاسیی نێوان حکوومەتی عێراق و کوردەوە، کە پێشتر وا بوو، بگرە ئەمجارەیان بە هۆی بەگژی یەکترداچوونی حکوومەتی ناوەندی و شای ئێران دەبوو.

گۆڕانکارییەکانی شەڕێک، کە ئێران و عێراق و کورد تێیدا بەشدار دەبوون پێویست بەوە دەکات بە وردی لە هۆکارەکانی هەرسێ بەشداربووەکە بکۆڵینەوە. بزووتنەوەی کورد دوای ئەوەی بێ هیوا بوو لە گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەعس، مەبەستی ئەو ئێستە ئەوە بوو ڕێژیم بکەوێنێ و لە ڕێگەی سەرکەوتنی سەربازییەوە ئۆتۆنۆمی بەدەست بێنێ، کە لەناو سنوورەکانیدا پارێزگای کەرکووکیشی لەخۆ دەگرت. ناوچەی کەرکووک هۆکارێکی سەرەکیی لە ستراتیجیی کورد پێک دەهێنا چونکە کۆنترۆڵکردنی ئەو سەرچاوە نەوتییانەی، کە دەیبوو ئۆتۆنۆمیی ئابووریی بە کورد دەدا و بەرژەوەندیی جیهانیی بۆ کێشەی کورد زیاد دەکرد و دەسەڵاتی دانوستاندنی لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندیدا بەهێز دەکرد. بگرە کورد ئەگەر هۆکارێکی دوور مەوداتریشی هەبووایە، بۆ نموونە هۆکاری بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ترسی لەوە دەبوو بە ئاشکرا دەری ببڕێ، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ترسی ورووژاندنی دوژمنایەتی لەلایەن ئێرانی پشتیوانکەریەوە.[2]

سەبارەت بەهۆکاری بەشداریکرنی ئێران لە شەڕەکە، یەکەم هۆکاری ئەو برێتی بوو لە کەواندنی ڕێژیمی بەعس، کە هەڕەشەیەکی ئایدۆلۆجی و سیاسیی بۆ ڕێژیمی ئێران دروست دەکرد. هەرچەندە ئێران بە هۆکارێکی مەودا کورتتر قایل دەبوو، کە برێتی بوو لە لاوازکردنی بەعس تا ئەو ڕادەیەی توندڕۆیییەکەی کەمتر بێتەوە و ڕازی بێ بە کۆڵدان لەسەر ناوچەی جێ ناکۆکی شەتولعەرەب. کورد وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە خزمەتی دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ کەڵکێکیش لە دەستکەوتەکەی ئێران وەربگرێ.

حزبی بەعسیش لەلایەن خۆیەوە، دەیویست بەیەکجاری کۆتا بە بزووتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی بێنێ و گرێکوێرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئێران

بکاتەوە و کۆتایی بە پارتەکە بێنێ، لە کاتێکدا فۆرمێکی ئۆتۆنۆمیش بە کورد بدا کە چیی تر هەڕەشە بۆ سەر یەکەتیی عێراق نەکات، بەڵام ببێتە هۆکاری دوورخستنەوەی جەماوەری کورد لە بارزانی و دڵنیابوون لە دڵسۆزییان بۆ بەعس.

لە توێژینەوەی گۆڕانکارییەکانی سەبارەت بە شەڕەکە، دووچاری زەحمەتییەکی سەخت دەبووینەوە، لەبەر ئەو سانسۆرەی، کە بەعس لە کاتی شەڕەکە دەیخستە سەر هەموو کون و کەلەبەرێکی شەڕەکە. دواتر، بەعس ئەو سیاسەتەی بەوە وەسف دەکرد کە "شەڕەکە لەبەرئەوەی کێشەیەکی ناوەخۆ بوو، زۆر هەستیار و ناسک بوو."[٣] نەبوونی گێڕانەوەیەکی فەرمیی ڕووداوەکان لەناو جەرگەی شەڕەکە دەستکەوتنی وێنەیەکی هاوسەنگی شەڕەکەی زەحمەت دەکرد. بۆیە دەبێ زیاتر پشت بە سەرچاوەکانی کورد و عەرەب و ناعێراقییەکان ببەستین، کە جیا لە دەزگا ڕاگەیاندنە عێراقییەکان، گرینگیی زۆریان بە بابەتەکە دەدا.

شەڕەکە بە هەموو هێزیەوە لە چەند ئاستێکدا بەڕێوە دەچوو: سەربازی، سۆسیۆئیکۆنۆمیکی، پڕوپاگەندەی دەروونی و سیاسی. کاتێ کورد لە سەرەتادا دەستپێشخەریی سەربازیی دەست پێ کرد، بەغدا لە هەموو ئاستەکاندا دەستپێشخەریی دەست پێ کردبوو چونکە لەوە تێ دەگەیشت، کە سەرکەوتن لە ڕێگەی تێکەڵەیەکی هەموو ئاستەکانەوە دەبێت.

سەبارەت بە سەرکردایەتی لەناو لایەنی کوردیدا، بارزانی هێزی زیندوو و کەسایەتیی یەکخەر بوو چونکە "بۆ زۆربەی تاکی کورد، لە دوای خوا یەکسەر بارزانی دەهات."[٤] سەبارەت بە ڕێژیمی عێراق وێنەکە تەواو ڕوون نەبوو. دەتتوانی بڵێی سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر، کە سەرکردەی هێزی چەکدار بوو و پێگەیەکی جەماوەریی زۆری لەنێو سوپادا هەبوو، دەبوایە تاکەکەس بی سەرکردایەتیی شەڕەکە بکا. کەچی، هەشت ساڵ دواتر، دوای مردنی بەکر، ڕاپۆرتی سیاسیی نۆیەم کۆنگرەی ناوچەیی بەعس تێیدا هاتبوو، کە سەدام حوسێن "پلانی ستراتیجیی شەڕی دژ بەیاخییان و تاکتیکەکانی شەڕی لەسەر ئاستە سەربازی و سیاسی و ئابووری و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکان داناوە."[٥] کارێکی ماقووڵە ئەگەر ئەوە بە نووسینەوەی مێژوو حسێب بکەین. بەڵام ئەگەر ڕاپۆرتەکەی بەعس بە

ڕواڵەت وەربگرین، شتێکی زۆر گوماناوییە لەوەی داخۆ سەدام وەک بارزانی کەسێکی کاریزمایی و یەکخەری ڕیزەکان بوو یان نا، یا سەدام دەیتوانی جووڵە بە پێگەیەکی جەماوەری بکات تا ئەو ڕادەیەی کە بارزانی دەیتوانی یا نا؟ چونکە حکوومەت تا ماوەیەکی درێژ هیچ بەیاننامەیەکی لەبارەی شەڕەوە دەرنەکرد.

کورد لە ١٢ ئاداری ١٩٧٤، ڕۆژێک دوای وریادارییە کۆتاییەکە، وەک نارەزاییەک لە دژی ڕێژیم شەڕیان دەست پێ کرد. لە قۆناغی یەکەمی شەڕەکەدا، کە تا ناوەڕاستی مانگی نیسان بەردەوام بوو، شەڕوانەکانی پێشمەرگە لە کۆنترۆڵکردنی کەرتێکی سنوور بەدرێژاییی ٧٢٥ کیلۆمەتر واتە تەواوی سنووری تورکیا و ٤٠٠ کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانیش و ناوچەیەکی ٢٥٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە سەرکەوتبوون،[٦] گەمارۆی چەند مۆڵگەیەکی سەربازییان لە حەوت ناوچە دا، لەوانە لە ناوچەکانی زاخۆ و سلێمانی و دابینکردنی سەرچاوەی ١٢٠٠٠ هەزار سەربازیان پچڕاند، کە لە شوێنە ستراتیجییەکاندا جێگیر بووبوون. دەستکەوتە گرینگەکە برێتی بوو لە دەست بەسەرداگرتنی شاری ڕواندز، کە بە شێوەیەکی تایبەت گرینگ بوو لەبەر شوێنەکەی، کە دەکەوتە سەر ڕێگەی هاملتۆن. ئەم ڕێگەیە، بە ناوی ئەو ئەندازیارە بەریتانیاییە کراوە کە بنیاتی ناوە، لە هەولێرەوە تا سنووری ئێران درێژ دەبووەوە، بە ناو لووتکە بەرزەکانی زنجیرە چیاکانی هەندرێن (٢٨٢٥ مەتر) و زۆزک (٢٧٥٧ مەتر) تێ دەپەڕی. ئەم ڕێگە پەتێکی ڕزگاریی تایبەت بوو، کوردی بە ئێران دەبەستایەوە. دەست بەسەرداگرتنی ڕواندز ورەی کوردی بەرز دەکردەوە بەوەی تا ئەو کات بزووتنەوەی کورد هیچ شارێکی کوردستانی لەژێر کۆنترۆڵدا نەبوو، لە هەموو ئەوانەی کە مۆڵگە سەربازییەکانی سوپای عێراقی کردەوەیان تێدا ئەنجام دەدا. لەوەش زیاتر، بارەگەکانی بزووتنەوەکە لە سێ ناوچەی سەر ڕێگەی هاملتۆن دانران، لە ناوپردان و گەلاڵە و حاجی ئۆمەران چونکە کورد بە نەریت لە ترسی تۆپبارانکردن بارەگەکانیان دەگۆڕی.

یاداشتێکی کورد سەرکەوتنی سەرەتای بزووتنەوەکەی ڕوون دەکردەوە، بە پەنجە خستنە سەر ئەو ڕاستییەی کە "تەواوی گەلی کورد بە توندی لە پشت سەرکردایەتییەکەیەوە دەوەستێ،" کە وەک کوردی نیشتمانپەروەر ئەمە سەرەکیترین

پاڵنەری کورد بوو. یاداشتەکە ئاماژەی بەوە دەکرد کە ١٠٠,٠٠٠ کەس بۆ چوون بۆ ناوچە ئازادکراوەکان شارەکانیان جێ هێشتووە، لەوانە "چەندان هەزار سەرباز و ئەفسەری پۆل و ئەفسەری پلەدار" لەخۆ دەگرێت،[٧] بە هەمان شێوە، زۆر شەڕوانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هێزی سنوور بەشدارییان لە کردەوەکاندا دەکرد بەم جۆرە لە پاککردنەوەی ئەم ناوچانە لە هێزەکانی سوپا ڕووبەڕووی زەحمەتی نەدەبوونەوە. سەرەڕای ئامادەکاریی گشتگرییان، دەسەڵاتدارانی بەعس پێ دەچوو لە خێرابوونی ئۆپەراسیۆنە کوردییەکان سەرسوڕماو بووبن، ئەمە لەو ڕاستییەدا بەدیار دەکەوت، کە هەر لە سەرەتای نیسان دەستیان بە جووڵەپێکردنی هێزی پشتیوانی دەکرد. وادەی هێرشەکە، بەر لە توانەوەی بەفری چیایەکان لە بەهار و بێ تواناییی هێزەکانی سوپا لە جموجۆڵکردنیان بە ئازادی لەو کاتەی ساڵدا، بۆ کورد زۆر یارمەتیدەر دەبوو. لە لایەکی ترەوە، بەغدا دەیویست ئەوە دەرببڕێ، کە ڕێگەچارە سیاسییەکانی لە پەلوپۆ کەوتووە و هەر لە چرکە ساتی دوای کۆتاییهاتنی وریاداریی کۆتاییەکە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی زۆری دەست پێ دەکرد. ڕاستی، دەستبەجێ دوای ئەوە، لە ١٥ نیسان، هێرشی سوپای عێراقی لە بەهاردا دەستی پێ کرد. ئامانجی سەرەکیی هێرشەکە بریتی بوو لە ڕزگارکردنی مۆڵگە سەربازییە گەمارۆدراوەکان و گرتنەوەی ئەو سەنگەرانەی لە لایەن پێشمەرگەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو. لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا، دوای چەند هەفتەیەک لە شەڕی دەستەویەخە، سوپا لە کۆنترۆڵکردنەوەی زاخۆ سەرکەوتوو بوو. ئەمە گرینگییەکی ستراتیجیی دەبوو، ئەویش بە هۆی شوێنی شارەکە بوو، کە لەسەر ڕێگەی بەیەکبەستانەوەی عێراق بە تورکیا بوو، لەگەڵ پێگەکەشی کە ڕێگەیەکی بازرگانیی گرینگ بوو. سوپا لە ڕزگارکردنی مۆڵگە سەربازییەکانی هێزەکانی شەقڵاوە و سەلاحەدینیش سەرکەوتوو بوو. کەچی لە کۆنترۆڵکردنەوەی ئاکرێ و ڕواندز و قەڵادزە شکا، سەرەڕای شەڕی چڕیش کە لەو جێگانەدا ڕوویان دەدا. بە درێژاییی حوزەیران و تەمووزی ١٩٧٤ وردە پێکدادانی سووک ڕوویان دەدا، دەستپێشخەرییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەستی پێشمەرگەدا مابووەوە، کە بۆ چوونە ناو شارە کوردییەکان لە شەواندا شێوازی گەریلای بەکار دەهێنا، لەوانە

سلێمانی و هەولێر و دهۆک، کە تێیاندا کردەوەی وێرانکارییان لە دژی دەزگاکانی حکوومەت و بنکەکانی پۆلیس و خاڵە سەربازییەکان ئەنجام دەدا. هەروەها هەوڵیش هەبوو، هەڵبەتە ناسەرکەوتووانە، بۆ لێدانی دامەزراوەکانی نەوت لە کەرکووک.

هێرشی هاوینەی سوپای عێراق، گوایە بە یارمەتیی مەشق پێدەرانی سۆڤیەت، لە ئابدا دەستی پێ دەکرد،[8] مەبەستی هێرشەکە کە هێرشێکی دووسەرە بوو بۆ سەر قەڵادزە و ڕەواندز بریتی بوو لە گەمارۆدانی خاڵە سنوورییەکانی هێزی پێشمەرگە و بارەگاکانی شۆڕشگێڕان و ئەو ڕێگەیەش، کە کوردستانی بە ئێران دەبەستایەوە. لە ١٩ ئاب قەڵادزە بەدەستەوە درا. کورد خاڵێکی سنووریی گرینگیان لەدەست دا، کە لێیەوە دەیانتوانی هەڕەشە بخەنە سەر هەولێر و سلێمانی و کەرکووک. لە ٢٢ ئاب، ڕەواندزیش بەدەستەوە درا. کەچی سوپا سەرکەوتوو نەبوو لە کۆنترۆڵکردنەوەی ڕێگەی هاملتۆن، کە هۆکاری سەرەکیی سوپا بوو لە ١٩٦١ەوە، چونکە کورد کۆنترۆڵی دوو لووتکە شاخیان دەکرد، کە بەسەر ڕێگەیاندا دەڕوانی، ئەوانیش، زۆزک و هندرێن. چەند شەڕێکی دەستەویەخە، کە قوربانیی زۆری لە سوپای عێراق لێ کەوتەوە، بە درێژیی ئەیلوول بەردەوام بوو. لە سەرەتای تشرینی یەکەم، سوپا توانی بەشێکی لووتکە چیای زۆزک بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بزووتنەوەی کورد خۆیشی دانی بەوەدا نا، کە دەستکەوتە باشەکانی سوپای عێراق بزووتنەوەکەی دەخستە دۆخێکی سەختەوە. هەڵسەنگاندنی ئێران بریتی بوو لەوەی دۆخی کورد مەترسیدارە، هەروەک شا چاودێریی دەکردن و ئەوان "پێ دەچێت ڕۆحیەتی شەڕکردنی پێشتریان نەمابێت."[9]

لەگەڵ ئەوەشدا، ئامانجی عێراق لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی ناوچەی کوردی بەر لە هاتنی زستان پووچەڵ دەبووەوە لەبەر ئەو هاریکارییە سەربازییەی ئێران بۆ یەکەم جار بەڕاستەوخۆیی و بە ئاشکراییەکی تەواوەوە پێشکێش بە کوردی دەکرد. هاریکارییەکە بریتی بوو لە چەک و تەقەمەنی و مووشەکی دژە تانک بۆ وەستاندنی هێرشی زرێپۆش و مووشەکی دژە ئاسمانی. پشتگیریی ڕاستەوخۆی ئێران یەکە سوپاییەکانیشی لە گەڵاڵە و ڕانیە و قەڵادزە دەگرتەوە. بەپێی چەند خەمڵاندنێک، نێزیکەی ٤٠٠ تا ١٠٠٠ سەرباز و ئەفسەری ئێرانی لە عێراق هەبوون و هەندێکیان

جلی پێشمەرگەیان دەپۆشی. لەوەش زیاتر، هێزە ئێرانییەکان لەسەر سنوور تۆپهاوێژی گرانیان دابین دەکرد، کە تۆپەکانی دەگەیشتە هەولێر. عێراق هیچ وەڵامێکی گونجاوی بۆ ئەم هەڕەشەیە نەبوو. ئێران بە ترس لە هەرەسهێنانی کورد بەر لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، لە مانگەکانی دواتردا بەردەوام دەبوو لە پشتگیریکردنی کورد بە دابینکردنی خۆراک و مەشق و ناردنی گرووپی گەریلایی لە ئێرانەوە بۆیان. ئەمە ئەوەی بۆ کورد ئاسان دەکرد تا پێشوەچوونی سوپای عێراق ڕابگرن و بگرە هەندێک جاریش پاشەکشەی پێ بکەن،[10] سوپای عێراق هەرچەندە لە سەرکەوتن نێزیک بوو، بەڵام ناچار دەبوو خۆی بۆ گەڕێکی تری شەڕ ساز بکات، گەڕێک دەبوو لەبەر هاتنی زستان دوا بخرێت، کە بە هۆی باران و بەفرەوە کەڵکی هێزی ئاسمانی و زرێپۆشی لەدەست دەدا. سەبارەت بە کوردەوە، بارودۆخی ئەوانیش باش نەبوو. بە پێچەوانەی کاتی سەرەتای دەست پێکردنی شەڕ کە ناوچەیەکی گەورەیان لە ژێر دەستدا بوو، لە سەرەتای ١٩٧٥ لە کەرتێکی سنووریی تەسک و ٨٠ کیلۆمەتریدا سنووردار بوون. لە کاتێکدا بە درێژاییی کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٧٥ پێکدادانی پچڕپچڕ بەردەوام بوو، تەواو بۆ بەغدا ڕوون دەبووەوە، کە تا ئێران بەردەوام بێت لە پشتگیریکردنی کورد ئەو ناتوانێت سەرکەوتنی سەربازی بەدەست بێنێ.

لەگەڵ چالاکییە سەربازییەکانی، ڕێژیمی عێراق ستراتیجێکی سێ سەری لە بەرامبەر دانیشتوانی مەدەنیی کورددا پەیڕەو دەکرد، مەبەست لێی شکاندنی پێگەی جەماوەریی بەهێزی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و زیادکردنی پشتگریی بەعس بوو. بۆ دارمانی پشتگریی بزووتنەوەکە، ڕێژیم گەمارۆی ئابووریی دەسەپاند و تاکتیکی تۆقاندنی لە دژی کورد هەڵدەگرتەوە و سیاسەتی بە عەرەبکردنیشی دەگرتە بەر. لە سەرەتای شەڕەکەدا، سەدام پێشتر ڕای گەیاندبوو، "ئێمە ناچارین (نیمچە) گەمارۆیەکی ئابووریی سەخت بەسەر ئەو ناوچە (کوردی)یانەدا بسەپێنین، کە لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نین.... ئەمە بەشێکە لە چالاکیی سەربازیی (ئێمە)."[11] ئەم گەمارۆیە زیانێکی زۆری دەگەیاند، بە تایبەتی بە ناوچەی بادینان، کە بەدرێژاییی سنووری تورکیا لە زاخۆوە تا بارزان درێژ

دەبووەوە، کـە نێـزیکـەی ٥٠٠,٠٠٠ دانیـشـتـوانی هـەبوو. گـەمـارۆیەکـە ئەنجـامی وێرانکەری دەبوو، بەوەی ئابووریی کـوردسـتـان پشـتی بە ناوەند دەبەسـتـا و لە لایەکـەوە سنوور لە بەری تورکـیـادا بە توندی داخـرابوو و لە لایەکی تریشـەوە پاڵەپەسـتـۆی لەسـەر ئەو ڕێگەیەی کە کۆمەکیی بۆ ناوچەکە دەهێنا زیاد دەبوو. لە کۆتاییدا، تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ نێزیکەی بارودۆخی برسییەتی لە ناوچەکە سەری هەڵدەدا. خۆراکە سەرەکییەکان کەم دەبوون و نرخەکانیان ئێجگار گران دەبوو، لە هەندێ کـاتدا، سێ تا دە قـاتی نرخی شـتـومـەکـەکـە دەبوو. بازاڕی ڕەش، کـە سـەرکـردایەتیی کـورد نەیدەتوانی کـۆنتـرۆڵی بکات، گـەشـانـەوەی بەخـۆوە دەدیت. ئیـفلیـجـیی ئابووری بە ئاشکرا دیار دەکـەوت بەوەی گـوندنشـینان نەیاندەتوانی بەرهەمەکانی خۆیان لە بازاڕ ساغ بکەنەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی تووتن و میوە بوون. بەغدا بە سـووتاندنی کـێڵگەکـان و دابەشکردنی ئامـێری کشـتـوکـاڵیی لەکارکـەوتوو دۆخـەکەی خـراپتـر دەکرد. ڕاسـتی، مـەبەسـتی بەغدا برێتی بوو لە "برسیکردنی دانیشتوان."[١٢]

سـتراتیجێکی تری بەغدا برێتی بوو لە تۆپبارانکردنی هەڕەمەکیی دانیشـتوانی سڤیل. بە گوێرەی بانگەشەکانی کورد، هێزی ئاسمانیی عێراق تەنیا لە نیسان تا حـوزەیرانی ١٩٧٤ نێـزیکـەی ١٣٢٨ هێـرشـی ئاسـمـانیی ئەنجـام دا، ٣٠٠ گـوندی کوردیی وێران کرد. لە نیسان هێزی ئاسمانیی عێراقی هێرشی کردە سەر شاری قـەڵادزە، کە بووبووە پەناگەیەک بۆ ئەو قوتابی و فـاکـەڵتـیـانەی زانسـتگە، کـە لە سلێمانی ڕایان دەکرد، ١٣٥ کەسی کوشت.

هێزی ئاسمانیی عێراقی بۆمبی ناپاڵم و چەکی فۆسفۆریی کیمیاییی بەردەدایەوە، کـە تازە لـە سـۆڤـیـەتەکـانەوە بە دەسـتی کـەوتبـوو، بەکـارهێنانی ئەم چەکـانە سـەرپێـچـیـیـەکی ئاشکرای پەیمانی جنێڤ بوو، کـە هەم عـێـراق و هەم یەکـەتیی سـۆڤـیـەتیش ئیـمزایان لەسـەر کردبوو. بۆ زیاتر بێ ورەکردنی دانیـشـتوانی کورد، سـوپای عێراق بۆمبی لە شـێوەی یاریی منداڵان بە پەڕەشـووت بەردەدایەوە، دەبووە هـۆی مـردن و بریندار‌بوونی سـەخت،[١٤] سـەرچاوەیەکی کـوردی ڕای گـەیاند باڵەفڕوانەکانی سۆڤیەت هەندێ لەو باڵەفڕانەیان لێ دەخوڕی.

ڕاستت دەوێ، بەڵگەنامەیەکی نهێنی ئەوەی ئاشکرا دەکرد، کە سۆڤیەتییەکان "چەکیان لە هەڵمەتەکان" و "ڕاوێژکار" و کارمەندی تەکنیکی دابین دەکرد لەگەڵ "ژمارەیەکی کەمیش لە باڵەفڕوانان."[١٥] لەوەش زیاتر، کورد ڕایان گەیاند، کە "ڕووسەکان کوردستانیان کرد بە جێگەی تاقیکردنەوەی کاریگەریی چەکە نوێیەکانیان."[١٦] بەغدا هەرگیز دانی بەو جۆرە هێرشانە بۆ سەر دانیشتوانی مەدەنی نەدەنا. هەر بۆیە، هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی ژمارەی ئەو هێرشە ئاسمانییانەی پشتڕاست نەدەکردەوە، کە کورد ڕایان دەگەیاند. بگرە ئەگەر زانیارییەکانی کورد زیادەڕۆییشی تێدا کرابێ، تۆپبارانی ئاسمانی وەک هۆکارێکی بێ ورەکردنی دانیشتوانی سڤیل بەکار دەهات. دەبێ ئەوەمان بەبیر بێتەوە، کە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، دانیشتوانی کورد تاکتیکی سەرەکیی هێزی ئاسمانیی شاهانەی بەریتانی بوو،[١٧] وەک هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی بەقوربانیبوونی خەڵکی سڤیل، بارزانی لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕ قەدەغەکردنی هاتوچۆی لە ڕۆژدا دەسەپاند. ڕۆژنامەوانان لە ناوچەکەدا ئەوەیان دەگواستەوە، کە قوتابیان بە ناچاری لە شەودا لە ژوورەکان لەژێر چرای کزدا دەرسیان دەخوێند. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دوایەمین توێژینەوەیدا، سەرکردایەتیی کوردی لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا بێدەسەڵات دەمایەوە، بە تایبەتی لە هەبوونی لاسەنگییەکی ڕوون لە نێوان هەردوولادا: لە کاتێکدا دانیشتوانی عێراق لە ناوەند بە هیچ شێوەیەک دووچاری شەڕ نەدەبوون، دانیشتوانی کورد خراپترین باریان لەسەر شان بوو. لە هەمان کات، کردەوەی بەعەرەبکردن و لە کورد وەرگەڕاندن لە سێ ناوچەی سەرەکی بەردەوام بوون: شنگال و کەرکووک و خانەقین،[١٨] هەموو ئەمانە کێشەیەکی سەرەکیی پەنابەریی دروست دەکرد. لە یەکەم قۆناغدا، پەنابەران شار و گوندەکانیان جێ دەهێشت بۆ ناو جەرگەی کوردستان، کە لەناو ئەشکەوتەکاندا پەناگەیان بۆ خۆیان دەدۆزییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ پاڵەپەستۆی ئابووری و سەربازی زیاتر تاقەتپڕووکێن دەبوو، پەنابەران دەستیان بەهەڵاتن بۆ ئێران کرد. لە نیسانی ١٩٧٤، بارزانی داوای لە شا کرد پەنابەرە کوردەکان لە وڵاتەکەی قەبووڵ بکات. تا ئەیلوول لێشاوی پەنابەران سەرجەمی دەیکردە ١٠٠,٠٠٠ و تا کانوونی

یەکەم دەگەیشتە ۱۳۵,۰۰۰، ۱۰۰,۰۰۰ زیاتریش هەوڵیان دەدا لە سنووری تورکیا بپەڕنەوە، کە بە ڕوویاندا داخرابوو.[19] بەم جۆرە، تا کۆتاییی ساڵ ژمارەی دانیشتوانی دەربەدەر دەگەیشتە ۵۰۰,۰۰۰ کەس. سەرەڕای کێشەی مرۆڤدۆستی، هەڵاتنە جەماوەرییەکە بارێکی ئابووری و ئیتیکی و ڕێکخراوەییی گرانی دەخستە سەر شانی سەرکردایەتیی کوردی. سەرکردایەتیی کوردی، لە جیاتیی جەختکردنەوە لەسەر کێشە سەربازی و ڕێکخراوەیییەکان، ناچار دەبوو هەوڵی دۆزینەوەی شوێن و خۆراک بۆ ئەو پەنابەرانە بدات، کە لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگەی هەڵاتنیان گرتبووە بەر. کێشەی پەنابەران بۆ ئێرانیش دەبووە بار، کە دوازدە کەمپی کردبووەوە و ۱۰۰ ملیۆن دۆلاری بۆیان تەرخان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران زیرەکانە ئەم پەنابەرانەی وەک ئامرازێکی پروپاگەندە بۆ جیهان و وەک کارتێکی دانوستاندنکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی کوردی و بەغدادا بەکار دەهێنا.

کەناڵێکی تر کە کاربەدەستانی بەغدا هەوڵیان دەدا دەسڕۆیینی خۆیان بخەنە دانیشتوانی کورد بریتی بوو لە دەست پێکردنی شەڕێکی پروپاگەندە، بە سەرکردایەتیی عوبەیدوڵڵای کوڕی بارزانی و شێخ عوسمانی برازای. هەندێکی تریش، کە لە شەڕەکەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە وەزیرە کوردەکان و ئەندامانی پارتە کوردییەکانی ناو حکوومەت و ئەندامانی بەرەی نیشتمانی. مەبەست لە هەڵمەتی پروپاگەندە تێکشکاندنی وێنەی بارزانی بوو. لە دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامە عێراقی و بیانییەکاندا، نەیارەکانی بارزانی پێوەندییەکانی بارزانییان بە ئێران و ئیسرائیل و ئەمەریکاوە ئاشکرا دەکرد. ئەویان بە ناپاک لە نیشتمان، سەرکردەی دەستەیەکی چەتەی عەشیرەتگەر، نەزان و سەرکێش دادەنا، هەروەها ئەویان وەسف کرد وەک دەرەبەگێکی دواکەوتوو، کە گوێ بە خۆشگوزەرانیی گەلی کورد نادات و بە پیاوێکیش، کە نوێنەرایەتیی خواستە باڵاکانی ناسیۆنالیزمی گەلی کورد ناکات. عوبەیدوڵڵا لەوەشی تێ دەپەڕاند کاتێ ڕای گەیاند، کە "ئێمە ئەو شەڕە بە شەڕی ڕزگاری دانانێین، ئەمە کردەوەیەکی سڕینەوەیە."[21] لە زیاتر لە جارێک، بەغدا ڕای دەگەیاند، کە کۆتاییهاتنی بارزانی نێزیکە. لە ئەیلول، ڕاپۆرتێک لەبارەی ڕاکردنی بارزانییەوە بۆ ئێران بڵاو بووەوە، لە کانوونی یەکەم ڕاپۆرتی مردنی بڵاو بووەوە،[22]

لە هەمان کاتدا، ڕێژیم دەیویست جێگەیەکی پشتگری بۆ بەعس دابین بکات بە دامەزراندنی داوودەزگای ئۆتۆنۆمی. بەڵام هەوڵی دامەزراندنی ئەو داوودەزگایانە زۆر بەخێرایی ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبوونەوە. زەحمەتیی سەرەکی بریتی بوو لە بارودۆخی زوو گۆڕاوی سەربازی و بێهێزیی دەوڵەت لە کۆنترۆڵکردنی شارە کوردییەکان لە مانگەکانی سەرەتای شەڕەکەدا، کە ئازادیی کارکردنی ڕێژیمی لە ناوچەکەدا سنووردار دەکرد. زەحمەتێکی تر، کە لەلایەن سەدام خۆیەوە ئاماژەی پێ دەکرا، بریتی بوو لە "بارودۆخی زوو گۆڕاوی سیاسی، کە هێشتا جێگر نەبووبوو" و ڕێگر بوو لە بەردەم بڵاوکردنەوەی ناوی ئەندامانی داوودەزگاکانی ئۆتۆنۆمییەکە یەکسەر دوای ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی،[٢٣] پارتی دیموکراتی کوردستان ڕای گەیاند ڕێژیم بۆی دەرکەوتووە زەحمەتە داوودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بە ستافێکی کوردی پڕ بکاتەوە. ئەم بانگەشەیەی کورد ڕەنگە بەو ڕاستییە پشتڕاست بێتەوە، کە بەعس لە ٣٠ تەمووزی ١٩٧٤ لیستێکی ئەندامانی (دیاریکراو) ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردیی ڕاگەیاند. لەوەش زیاتر، لیستەکە تەنیا لایەنگران بوون، لەو هەشتا ئەندامەی یاساکە بڕیاری لەسەر دەرکردبوو تەنیا شێست ئەندامی لەخۆ دەگرت. ڕاگەیاندنەکەی مەجلیسی قیادەی سەورەی عێراقی ئەوەی ڕوون دەکردەوە، کە ناوی ٢٠ ئەندامەکەی تری ئەنجوومەنی یاسادانان لە بڕیارێکی تری مەجلیسی قیادەدا بڵاو دەکرێتەوە "ئەو کاتەی بارودۆخی سیاسی ڕێ بە هاووڵاتییانی کورد دەدا بەشداری لە پەرلەمانەکەدا بکەن، کە لە بارودۆخی ئێستە، ناتوانن ئەرکی نیشتمانییان جێبەجێ بکەن."[٢٤] لەگەڵ ئەوەشدا، لە دووەم گەڕی دیاریکردنی ئەندامان لە ٢٤ ئەیلوول، ڕێژیم دووبارە کورتیی هێنا، لە پڕکردنەوەی هەشت کورسیی کۆتاییی پەرلەمان. پێ دەچوو کورد بە هۆی یەکڕیزییانەوە خۆیان لە بەشداریکردن لە پەرلەمان بەدوور گرتبێت، لەبەرئەوەی هەروەک بۆ هەموو کەس ڕوون بوو پەرلەمانێک، کە ئەندامانی دیاری دەکران، "(تەنیا) بەناو پەرلەمانە" و هیچ پێوەندیی بە داوودەزگای ئۆتۆنۆمییەوە نییە. ئەو کوردانەی لەگەڵ ڕێژیمیشدا هاوکار بوون لەوە دەترسان بارزانی تۆڵەیان لێ بسەنێتەوە ئەگەر هاتوو بەهێزتر ببێتەوە. سەدام ئەو ترسەی دووپات دەکردەوە کاتێ ڕای گەیاند "هاووڵاتییانی کورد هەردەم لەوە دەترسن ڕۆژێک بێت ئەوانەی لە پاڵ شۆڕش واتە (بەعس)دا خزمەت دەکەن

دووباره بکەونەوە ژێر دەسەڵاتی بارزانی." بەڵام ئەو سوێندی خوارد "ئەو ڕۆژە هەرگیز نایەت."[25]

لە ٥ی تشرینی یەکەم کاتێ بارودۆخی سەربازی بە جۆرێک لە جۆران لە بەرژەوەندیی ڕێژیمدا بوو، حەفتا و دوو ئەندامی پەرلەمان، دەگوترا هەندێکیان عەرەب بوون، بە سەرۆکایەتیی بابەکر پشدەری بەشدارییان لە کۆبوونەوەی کردنەوەی پەرلەمانەکەدا دەکرد. لە هەمان کاتدا چاردە ئەندامی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن بە سەرۆکایەتیی هاشم عەقراوی دیاری کران. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێوڕەسمە تەنیا ڕێوڕەسمێکی ڕەمزی و سروشتێکی پڕوپاگەندەیی هەبوو. بەپێی پەیامنێرە بیانییەکان، ٤٠٠٠ سەربازی عێراقی، تەناهیی بەشدارانیان دابین دەکرد، کە زیاتر لە١٠٠ بەشدار برێتی بوون لە ڕۆژنامەوانان. ڕاستی، چەند کوردێکی کەم لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدار بوون. ڕێوشوێنی ئاسایش باڵەفڕەی باوەشێنکەشی لەخۆ دەگرت،[27] بەکر و سەدام لە ڕێوڕەسمەکەدا ئامادە نەبوون، کە سیفەتی چارەسەری کاتی و بێ بیرکردنەوەی پێشوەختی هەڵدەگرت، هەروەک لە قوتابخانەیەک بەڕێوە دەچوو چونکە پەرلەمانەکە باڵەخانەیەکی تایبەت بەخۆی نەبوو. سوێندەکە، کە بەزمانی عەرەبی دەهاتە خواردن، ئەو وشانەی لەخۆ دەگرت "بۆ پاراستنی سەلامەتیی کۆماری عێراق و سەروەریی ناوچەکەی." ڕێوڕەسمەکە جمینێکی جەماوەریی بە دوادا نەهات،[28] ڕۆژی دواتر هەموو ئەندامان بۆ بەغدا ڕۆیشتن، نە لە ١٩٧٤ و نە ١٩٧٥ جارێکی تر کۆ نەبوونەوە. ئەندامێکی پەرلەمان، ڕەئووف مستەفا غەفوور، لە شوباتی ١٩٧٥ گیرا و لە ئایاری ١٩٧٥ بە چەند هۆکارێکی نادیار لەدار درا،[29] لایەنی کوردی، لەلای خۆیەوە، هەوڵی دەدا پاڵپشتیی ناودەوڵەتی بۆ خۆی ڕابکێشی. پەیامنێرانی بیانی کەناڵێکی زیندوویان پێک دەهێنا لە گەیاندنی پرسی کورد بۆ ژێر باری سەرنجی جیهان،[30] بە گشتی، کورد لە سەرانسەری جیهاندا ڕاپۆرتی زۆر و هاوسۆزی لەسەر دەنووسرا، جگە لە چەند ڕۆژنامەیەکی لبنانی نەبێت وەک ئەلسەیاد و ئەلشای و ئەلحوادیس کە ڕاپۆرتەکانیان نەیارانە بوو. داواکارییەکانی کورد لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناودەوڵەتییەکانیشەوە ئاراستە دەکران. لە سەرەتای حوزەیران، بزووتنەوەکە داوای لە سکرتێری گشتیی نەتەوە

یەکگرتووەکان دەکرد بۆ بە وەڵامهاتن لەسەر ئەو جینۆسایدەی، کە لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێت. بەڵام داواکارییەکە بەبێ وەڵام مایەوە،[٣١] بگرە خاچی سووریش ڕێی پێ نەدەدرا یارمەتیی کوردە بریندارەکان بدات چونکە حکوومەتی عێراقی سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە پرسی کورد کێشەیەکی ناوەخۆییە پێویست بە خۆ تێ وەردانی ڕێکخراوانی نێودەوڵەتی ناکات. کورد کاردانەوەی خۆی پێشان دا بە دامەزراندنی مانگی سووری کوردستان لە بەریتانیا، ئەمە هەنگاوێک بوو لە بەغدا نارەزایەتیی بەدوادا هات لەسەر ئەو بنەمایەی، کە دەستەواژەکانی مانگی سوور تەنیا بۆ وڵاتانی موسڵمان پارێزراوە و کوردستانی عێراق، کە لە لایەن "چەند سەرکێشێکی نەناسراوەوە" سەرکردایەتی دەکرا، پێویستی بەو کۆمەکییە نەبوو.[٣٢]

کاتێ لە ١٩ تا ٢٦ تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ کۆنفرانسی تۆقەلانی عەرەبی لە ڕەباتدا بەسترا، بارزانی برووسکەیەکی بۆ ئەندامانی کۆنفرانسەکە نارد داوای لێ دەکردن کۆمسیۆنێک دابمەزرێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی کوردستان و "کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان برایان" و "ڕزگارکردنی گەلی عێراق."[٣٣] ئەم داوایەش بە وەڵام نەدراوەیی مایەوە. لایەنی کورد بگرە لە پروپاگەندەکردنیش خۆی تاقی دەکردەوە، کە ئێزگەی کوردستان ئامرازێکی گرینگ بوو تێیدا، جارجار داواکاری ڕاستەوخۆشی بۆ سوپای عێراق دەبوو. لە یەکێک لەو داوایانە، ئێزگەی کوردستان داوای لە ئەفسەرانی سوپا دەکرد شۆڕش لە دژی ڕێژیمی بەعس بەرپا بکەن، ئەم داواکارییە بارودۆخێکی شەڕی کوشندەی لێ کەوتەوە، ئەفسەرانی سوپای دووچاری جیاکردنەوە دەکرد بە دەرکردنیان لە ناوچەکانی شەڕکردن و هەروەها مەراسیمی بەخاکسپاردنی ئەفسەرانی تری عێراقیشی قەدەغە دەکرد، کە لە مەیدانی شەڕدا دەکوژران،[٣٤] بەڵام ئامانجی سەرەکیی وەشانی ئێزگەکە دانیشتوانی کورد خۆی بوو، کە داوایان لێ دەکرا پێوەندی بە ڕیزەکانی شەڕەوە بکەن. لەگەڵ ئەوەش، پێ دەچوو هەندێ جار ئەو وەشانانە مەبەستی خۆیان نەپێکابێ. لە تێڕوانینی چالاکانی نەتەوەییی کوردەوە، عیسمەت شەریف وانلی، ڕاپۆرتە ڕۆژانەییەکانی ئێزگەی کوردستان لەبارەی تۆپبارانکردنی دانیشتوانی مەدەنییەوە لەنێو کورددا سەرلێشێوانی دروست دەکرد، لە هەڵاتن خێراتری دەکردن.[٣٥]

## هاوسەنگیی لاوازی

سەرەڕای بەشداریی هێزی گەورەی سەربازی لە شەڕەکەدا، ئەم شەڕە دیسان لاوازی و بێتوانایی سەرەکیی ئاشکرا دەکرد لە گەیشتنە بڕیارێک لە ڕێگەی هێز و چەکەوە. ئامادەکردنی هێز بۆ شەڕ لەناو لایەنی کوردیدا پێشتر وێنەی نەبوو. زۆر لە کورد کاری خۆیان بەجێ دەهێشت، بگرە لە داوودەزگا حکوومەتییەکانیش و پێوەندییان بە پێشمەرگە دەکرد. بە گوێرەی هەندێ خەمڵاندن، لە دۆخێکدا هێزەکانی پێشمەرگە دەگەیشتە لووتکەی زیاتر لە ٥٠,٠٠٠ شەڕوانی ئاسایی،[36] لەگەڵ ئەوەشدا، زیاتر لە نیوەیان هێزی نوێ بوون، کە تازە پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو و ئەزموونی سەربازی و مەشقیان نەبوو. کەلوپەلی سەربازی، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی زیاد بووبوو، بە شێوەیەکی سەرەکی لە چەکی سووک پێک دەهات. دابینکردنی چەک بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە یەک سەرچاوە دەبەستا، ئەویش وڵاتی ئێران. لە بەرامبەر سوپای گەریلای پێشمەرگە سوپایەکی باش مەشق پێدراو و باش چەکدارکراو هەبوو، کە بە گوێرەی چەند خەمڵاندنێک ٨٠,٠٠٠ تا ٨٥,٠٠٠ سەربازی لەخۆ دەگرت، سەرباری کە دەبێ باس بکرێت ٢٠,٠٠٠ بەکرێگیراو کە زۆربەیان کورد بوون، لەگەڵ ٦٠٠ تانک و ٢٠٠ فڕۆکە. ئەم ژمارەیە سەرسوڕهێن بوو بە بەراوردکردن لەگەڵ یەکە و پێکهاتە و کەلوپەلە شەڕییەکانی سوپای عێراقدا لە ١٩٧٤ - ١٩٧٥، بەپێی پەیمانگەی توێژینەوە ستراتیجەکان لە لەندەن، یەکە و پێکهاتە و کەلوپەلە شەڕییەکانی سوپای عێراق لەو دوو ساڵەدا بریتی بوون لە ١٠٠,٠٠٠ سەرباز و ٢١٨ باڵەفڕ و ١٣٩٠ تانک،[37] شتێک لە گرینگیدا چیی لەوە کەمتر نەبوو بریتی بوو لەو کۆمەکییە سەربازییەی کە یەکەتیی سۆڤیەت دابینی دەکرد، ئەو بڕەی، کە بە درێژاییی شەڕکردنی ١٩٧٤ و سەرەتای ١٩٧٥دا زیادی دەکرد. ڕێککەوتنێک لەسەر فرۆشتنی چەکی فەرەنسایی بە عێراق، کە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ ئیمزا کرا، ئارەزووی یەکەتیی سۆڤیەتی بۆ کڕیارانی عێراق زیاتر کەمەندکێش دەکرد.

سەبارەت بەو سەرسوڕهێنە سەربازییە، بزووتنەوەی کورد ناچار دەبوو ئەو

ڕێوشـوێنانە بگرێتـە بـەر، کـە تا مـاوەیەکی درێژ کـێشـەی دروسـت دەکرد. سـەرەتا گۆڕینی شێوازی شـەڕکردن بوو بۆ شـێوازی شـەڕکردنی سـەردەمی، ئەویش بە پێی ڕێنوێنیی ئێـران. ئەو هـەنگاوە شـەڕوانانـی کـوردی زۆر بێـزار دەکـرد، کـە لـەسـەر شێوازی شەڕی نوێ مـەشقیان پێ نەدرابوو. دووەم هـەنگاو برێتی بوو لـە داواکاریی ڕاسـتـەوخـۆی بـارزانی لە کـاتی کـۆبوونەوەیەک لـە کـۆتـاییی ١٩٧٤دا لەگـەڵ شـا بۆ یارمەتیدانی ڕاستـەوخۆ لەلایەن سـوپای ئێرانـەوە بۆ ڕێگرتن لە هـەرەسی بزووتنەوە. شا، بە ددان پێدانانی خۆی، ڕووبەڕووی تەنگژە دەبووەوە. ئەو دەبوو پاڵپشتیی کورد بکات. ئەگــەر نەیکردایە، یان ئەوەتا ڕێژیمی بـەعس لـە عـێـراق بـە شـێـوەیەکی قەبووڵنەکراو بەهێز دەبوو یان کورد هەموو دەبوو بە شیوعی یانیش هەردووکیان،[٣٨] ئەو داواکارییە و بەشداریکردنی سەربازیی ئێران، دابەشی سـەر سێ ئاست دەکرد: پشـتبەسـتنی کوردی بە ئێران زیاد دەکرد، عێراق و ئێرانی دەهێنایە سـەر لێواری ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان، ڕێگریشی لە سەرکەوتنی سـەربازیی عێراقدا دەکرد. پستبـەسـتنی کورد تەنیـا لە ڕووی سـەربازی و ئابوورییـەوە نـەدەبوو، بگرە لە ڕووی سـیاسـییـەوەش دەبوو. شـتێک کـە دەربڕی نەبوونی ئازادیی سـیاسـیی بزووتنەوەی کورد بوو برێتی بوو لەو ڕاستییەی کـە هـەرچەندە بزووتنەوەکە تەحـەدای بەرنامـەی ئۆتـۆنۆمـیی ڕێژیم و ژمـارەیەک داوودەزگـای ئـۆتـۆنۆمـیی دەکـرد، کـە لە تشـرینی یەکەمدا، دامـەزران ئەو داوودەزگای تـایبـەت بـە ئۆتۆنۆمـییـەکـەی خـۆی دانەمـەزراند. پێشتر، لە نیسـانی ١٩٧٤، بە دیاریکردنی "حکوومەتێک" ڕازی بوو، کە لە نۆ وەزیری کـورد پێک بێت. دەتوانین بڵـێین کە هـەسـتیـارییـەکـانی ئێـران ڕۆڵێکی گرینگی لە وردبوونەوەکـانی بزووتنـەوەکـە دەگـێـڕا لەبـەرئـەوەی بزووتنـەوەی کـورد داوودەزگـای ئۆتۆنۆمیی تایبـەت بە خـۆی دادەمـەزراند، بۆ نموونە، کـاتێک لە ١٩٦٢ کـردبووی ئەو دەمەی کە پشتبەستنی بە هێزی دەرەکی هێشتا ئەوەندە زۆر نەبوو.

ئەو گـەمـارۆیە ئابوورییـەی ڕێژیم بەسـەر بەشـە ئازادکـراوەکـانی کـوردسـتـانیـدا دەسـەپاند پشـتـبـەسـتـانی ئابووریی کـوردی بە ئـێـران زیاد دەکـرد و کـێـشـەی مـەترسـیـداری ژێرخـانی لە نـاوچەی کـوردیدا دەردەخـست. بە ڕەچاوکـردنی کۆنترۆڵکردن و کـارگێڕی، حکومـەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێـراق هۆشیـار بوون

لەوەی کوردە جیا جیاکانی کوردستان بە ڕێگەی ناوەخۆ بە یەکتری نەبەستنەوە، بگرە لە جێگەی ئەوە، گوندەکان تەنیا بەو شارانە دەبەسترانەوە کە قەزاکانیانی لێیە، دوای ئەوەش شارەکانیش بە پایەتەخت دەبەسترانەوە. پشت بەستانی کوردستان بە ناوەند، کە لەو سیاسەتەی ناوەندەوە سەرچاوەی دەگرت، گەیشتنی شەڕوانە کوردەکانی بۆ گوندە دوورەکان زۆر زەحمەت دەکرد چونکە قەزای شارە گەورەکان لەژێر کۆنترۆڵی ڕێژیمدا بوون. لە ئەنجامدا، ناوچەی بادینان لە زستانی ١٩٧٤– ١٩٧٥ دابڕی و بۆ سەرکردایەتی زەحمەت دەبوو پێداویستییە بنچینەییەکانی دانیشتوان پڕ بکاتەوە. ڕێگەوبانی هاتوچۆکردن کێشەی لۆجستیکی مەترسیداری بۆ بزووتنەوەکە دروست دەکرد. بۆ نموونە، پێشمەرگە، کە حەزیان دەکرد لە قەزای سلێمانییەوە بڕۆن بۆ ناوچەی باڵەکایەتیی باکور ناچار دەبوون بە نێو قەزاکانی ناوچەی ئێراندا بڕۆن و لەوێوەش بگەڕێنەوە کوردستان. سەرکردایەتیی کورد ئەوەی دەسەلماند، کە بێ توانایە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە مەترسیدارانەی لە دواوە ڕوویان دەدا، بە شێوەیەکی دیاریکراو لەناو ناشەڕوانەکاندا. ئەوە ڕاستە کە پێناسی پرسی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕابردوودا زۆر زیاتر بوو و ورەی زۆر بەرزتر بوو. کەچی ڕۆحییەتی بەرز دانیشتوانی لە شەڕێکی کوشندەدا نەدەپاراست. لە ڕاستیدا، کێشەی پەنابەران برێتی بوو لە خاڵی لاوازی بزووتنەوەکە. ژمارەی قوربانییانیش بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەرز دەبوو، کە بە نێزیکەی ٢٠٠٠ کوژراو و ژمارەیەکی زیاتری زاودارانی خەڵکی مەدەنی و شەڕوانان دەخەملێنرا.[٣٩]

خاڵێکی لاوازی تر، بەلام بە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵترەوە، برێتی بوو لەو بۆشاییەی، کە هەبوو لە نێوان سەرکردایەتی و ژمارەیەکی زۆری شەڕوانانی لادێیی لە لایەک، ڕووناکبیران و شارنشینانیش، کە ئەو کات هەموویان لە ڕێی یەکترەوە پێوەندییان بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە دەکرد لە لایەکی ترەوە. سەرکردایەتی لە یەکخستنی ڕووناکبیر و شارنشینان لەناو بزووتنەوەکەدا تێ دەشکا. زۆربەیان نەبەشدارییان لە شەڕدا دەکرد، نە ئەرکی فەرماندەیی و سەرکردایەتییان وەردەگرت،[٤٠] بەم جۆرە، سەرکردایەتی ئەو هەلەی لەدەست دا هەموو چینەکانی

کۆمەڵگەی کورد لە یەک بۆتەی نەتەوەییدا بتوێنێتەوە. ئەو گومانەی کە هەردوولا لە یەکترییان هەبوو بەربەستێکی سەختی بۆ هاوبەشایەتیی ڕاستەقینە دروست دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، کێشە ڕێکخراوەیییەکان ڕۆڵێکیان دەگێڕا. بە تێگەیشتنی درەنگوەختە، پێ دەچوو سەرکردایەتیی کورد کەم تا زۆر لەسەر کارکردن بە شێوەی عەشیرەتگەری بەردەوام بێت و توانای ئەوەی نەبوو شەڕێک بە هەموو هێزی خۆیەوە بکات. سەرکردایەتیی کورد نەیدەتوانی خۆتەرخانکەرە نوێیەکانیش ڕێک بخات و مەشقیان پێ بدات لە کاتێکدا هەم بە شەڕەوە سەرقاڵ بوو هەم بەو شتانەش، کە لە دواوە لە نێوان دوو لایەنەکەی ناو بزووتنەوەکەدا ڕوویان دەدا. خراپترین کەموکوڕیی پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە شکانی پارتی لە ئامادەکردنی پلانی سیاسی و سەربازیی جێگرەوە. لە جیاتیی ئەوە، لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا ڕێی دەکرد.

لە سەرەتادا، حکوومەتی بەعس سەبارەت بە سەرکەوتنە خێراکانی خۆی لە ڕێگەی سەربازییەوە گەشبین بوو. ئەوەی دەخەملاند کە لە ماوەی دوو مانگدا کۆتا بە بزووتنەوەی بارزانی دێنێ،[41] ڕاستت دەوێ، کڕی گەشبینی هەبوو. بارودۆخی ئابووریی بەهێز بووبوو بە هۆی داهاتە زەبەلاحەکان، کە لەبەر زیادبوونی زۆریی نرخەیلی نەوت لە دوای شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ەوە گەشانەوەی بەخۆ دەدیت. بارودۆخی سیاسیی ناوەخۆ هێوریی پێوە دیار بوو بە هۆی بەهێزبوونی ڕێژیم و پاڵپشتیی بێ ئەملا و ئەولای شیوعییەکان بۆ بەعس (پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی شیوعیی عێراق بە بەشداریکردن لە شەڕی دژ بە کورد تۆمەتبار دەکرد) و ئامادەکردنی بەشێکی گرینگ لە کورد بۆ یارمەتیدانیان لە شەڕ لە دژی بارزانی. پێشتر باسی ئەوەم کردووە ئەو زلهێزییانەی ڕێژیم لە بەردەستیدا بوو، لەوانە پاڵپشتیکردنی یەکەتیی سۆڤیەت و هاریکاریی تورکیا بۆ بەعس لە دژی بزووتنەوەی کورددا (بەشی ٤ ببینە).

سەرەڕای ئەوەی سەرەتا هەموو پاڵنەرەکان لە بەرژەوەندیی ڕێژیمدا بوو، بەغدا ناچار بوو چەند جارێک خەملاندنەکانی خۆی بگۆڕێت: لە بەهاردا، پێشبینیی سەرکەوتنی لە هاویندا دەکرد، لە هاوین پێشبینیی سەرکەوتنی لە پایزدا دەکرد، لە

پایزیش پێشبینیی سەرکەوتنی لە زستاندا دەکرد. هەڵمەتە سوپاییەکە بووە شەڕێکی دوور و درێژی تاقەت پرووکێن کە زیانی بە شکۆ و بڕوای ڕێژیم دەگەیاند.

بە پێچەوانەی هەموو لێکدانەوەیەک، دوا بەدوای سەرکەوتنە سەربازییەکان لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٤، چەند ئاماژەیەکی ڕوون بۆ زەحمەتییەکانی ڕێژیم لە زاڵبوون بەسەر شەڕەکەدا هەبوون. لە کۆبوونەوەیەکی نێوان سەدام و فەرماندەی ئەو فیرقانەی لە شەڕەکەدا بەشدار دەبوون، فەرماندەکان "ئاماژەیان بەوە کرد، کەوا ناتوانن مەبەستە سەربازییەکانیان لە باکور بە دەست بێنن" و ئارەزووی خۆیان بۆ ڕێگەچارەی سیاسی دەردەبڕی،[٤٢] ئەمەش لەو ڕاستییە دەردەکەوت، کە سوپای عێراق دەبوو هەڵوێستەکانی خۆی بچەسپێنێ و بە ئاسانی چەک بەدەست بێنێ و بۆ جاری سێیەم لە تشرینی دووەم وەک پاڵپشتیی زیادە تەمەنی سەربازی گاز بکات. سەرکەوتنەکان زۆری تێ دەچوو. سەرجەمی تێچووی ساڵی شەڕ بە ٤ بلیۆن دەخەملێنرا،[٤٣] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ڕێژیم تا ڕادەیەک بە ئاسانیش بەسەر کێشە ئابوورییەکاندا زاڵ ببوایە، زۆر زەحمەت بوو بۆی بەسەر کێشەی قوربانییاندا زاڵ ببێت، کە هەمیشە بابەتێکی هەستیار بوو. لە کۆتاییی شەڕەکەدا، سەرۆک سوپای عێراق عەبدولجەبار شەنشەل ڕای گەیاند کەوا ١٦٤٠ سەرباز کوژراون و ٧٩٠٣ سەربازیش بریندارن،[٤٤] دوای ئەوە، سەدام ددانی بە ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەوە نا: ١٦٠٠٠ لە سوپا کوژران و بریندار بوون و بە هەردوو کارمەندانی سوپا و خەڵکانی مەدەنی بەیەکەوە ٦٠٠٠٠ کوژراو و برینداری لێ کەوتەوە،[٤٥] جیاوازیی گەورەی نێوان ژمارەکان ڕەنگدانەوەی هەستیاریی زۆری بەغدا بوو. دوای ماوەیەکی درێژ ئینجا ڕێژیم ژمارەیەکی باس کرد، کە پێ دەچوو لە ڕاستی نێزیک بێت.

ململانێیە چارەسەرنەکراوەکان کێشەی مەترسیداری بۆ بەغدا دەنایەوە، لە هەمووی دیارتر برێتی بوو لە شیمانەی بەشداریکردنی سوپا لە کەواندنی ڕێژیم هەروەک لە ١٩٦٣ بەسەر یەکەم ڕێژیمی بەعسدا هات. ڕاستی، ئەوە ڕادەگەیەنرا، شەڕی کوردستان بە لای سوپای عێراقییەوە زۆر خراپ دەڕوات، کە لەسەر لێواری ڕاپەڕیندا بوو،[٤٦] جەختکردنەوەی بەغدا لە پێویستبوون بە چەکی زیاتر لەسەر یەکەتیی سۆڤیەتەوە زیاد دەبوو. پشتگریی سۆڤیەت، کە لە سەرەتای شەڕ بە لای

بەغداوە بە دەستكەوتێكی گرینگی سیاسی و سەربازی دادەنرا، بووبووە بارێک بەسەر شانیەوە لەو کاتەی عێراق دەیویست ڕێگەچارەی تر بۆ شەڕ بدۆزێتەوە. کۆتایی، دەبێ ئەوە بەبیر بێنینەوە، کە سەرکەوتنە سەربازییەکانی عێراق لە پایزی ١٩٧٤دا عێراقی کێشایە ناو شەڕەکەوە، ئەمە گۆڕانکارییەک بوو، کە ڕێی تێ دەچوو هەردوو وڵات بخاتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی گەورە.[47]

لە پایزی ١٩٧٤ هێمای زەحمەتییەکانی ناوەخۆی ڕێژیم بە ڕوونی دەردەکەوت. لە سەرەتای تشرینی یەکەم، مەجلیسی قیادەی سەورە دوو یاسای دەرکرد. یەکەمیان یاسای لەداردان بوو بۆ ئەو سەرپێچییە ئابوورییانەی "کە ئابووریی نیشتمانی دەخەنە مەترسییەوە."[48] بە گوێرەی بانگەشەی کورد، ئەمە لە دژی ئەو کەسانە بەکار دەهات، کە هەوڵیان دەدا خۆراک و بەرهەمی تری گرینگ بە قاچاغ ببەنە ناوچە کوردییە گەمارۆدراوەکە. یاساکەی تر یاسای لەداردان بوو بۆ هەموو خەفیەیەک، نەک تەنیا بۆ ئەوانەی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل یا بۆ وڵاتی دوژمن دەکەن، هەروەک لە ڕابردوودا وا بوو. لە ١٣ تشرینی یەکەم کاتێ ئەو یاسایە دەرچوو، بەغدا ئاشکراکردنی تۆڕێکی خەفیەیی ڕاگەیاند، کە بۆ دەزگای زانیاریی ئێران کاریان دەکرد، بە ئامانجی "بڵاوکردنەوە و قووڵکردنەوەی ململانێی تایەفی لەنێو خەڵک و بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆیانەی زیان بە ورەی خەڵک دەگەیەنن."[49] ئاشکراکردنی ئەو تۆڕە (جا ڕاست بوو یا هەڵبەست) و زمانی بەیاننامەکە ئاماژەی بەوە دەکرد، کە پشێوی لەنێو شیعەکاندا بڵاو بوو، هەروەک دەکرێ لە دەربڕینی دەستەواژەی تایەفی ئەوە هەڵبهێنجین، کە زاراوە عێراقییەکە بۆ شیعە دەگەڕایەوە. کێشەیەکی تر، کە لە زمانی بەیاننامەکەدا دەردەکەوت بڕێتی بوو لە بێ ورەبوونی دانیشتوان، بێگومان بە هۆی زیادبوونی ژمارەی قوربانییانی شەڕەوە. لە تشرینی دووەمدا ئەوە ئاشکرا بوو، کە سزای مردن بەسەر پێنج زانا و پیاوی ئاینیی شیعەدا درا و مەرجەکانی بەندکردن بەسەر چەند کەسێکی تردا سەپێنرا بە تۆمەتی ئەندامبوون لە حزبێکی نایاسایی ئیسلامی بەناوی حزبی دەعوەوە،[50] ئەوە ڕوون نەبوو داخۆ پێوەندی لە نێوان تۆڕە خەفیەییەکە و حزبی دەعوەدا هەبوو یان نا، چونکە بەغدا هەرگیز بە ئاشکرا ئاماژەی بە حزبی دەعوە نەدەکرد. بەهەرحاڵ، داوای سەرکردەکانی شیعە،

لەوانە ئایەتوڵڵا ئەبولقاسم ئەلموسەویل خویی، شان بەشان لەگەڵ داوای سیاسەتوان و پیاوانی ئاینیی شیعە لە لبنان و ڕێکخراوی لێبووردنی ناودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی حوکمی لەداردان بێ سوود بوو و هەر پێنجیان لە ٥ی کانوونی یەکەمدا لەدار دران. بە گوێرەی بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی لێبووردنی ناودەوڵەتی دوا بەدوای ڕووداوەکە، باکگراوندی لەداردان و گرتنەکان بریتی بوون لەو ڕەخنانەی، کە دانیشتوانی شیعە ئاراستەی شەڕیان دەکرد[51] چونکە، هەروەک دیار بوو، زۆربەی سەربازانی ڕیزی سوپا شیعە بوون. بۆیە، زۆرترین ڕێژەی قوربانییەکانیانی شەڕ، شیعەکان بوون.

فەرماندەی باڵای سەربازیش باجێکی گرانی دەدا. لە هاوین و پایزی ١٩٧٤دا، چەند فەرماندەیەکی باڵا دەرکران، لەوانە فەرماندەی فیرقەی هەشت جەنەراڵ تەها شەکەرچی، فەرماندەی گاردی کۆماری داود ئەلجەنابی و فەرماندەی هێزی ئاسمانی حوسەین حەیاوی. بەغدا تەنیا دانی بە گواستنەوەی فەرماندەی هێزی ئاسمانی نا بۆ "پێگەیەکی تری سەربازی،" بەڵام ڕەتی دەکردەوە، کە گواستنەوەکە ڕاستەوخۆ لەبەر ناهێوریی سوپاوە بووبێت. ڕۆژنامەی دەیلی مەیڵ ڕای گەیاند، کەوا دەرکردنی وان کەسانە لە ئاشکرابوونی پیلانێکی سەربازی سەرچاوەی دەگرت و بە لەداردانی بیست و یەک ئەفسەری باڵا بەکۆتا دەهات،[52] هۆکاری ناهێوریی سەربازی لە چەند ڕووێکەوە بوو: لەوانە گومان هەبوو لە مەبەستی هەڵمەتی کوردی، بەشداریکردنی خەڵکی سڤیل لە کاروباری سەربازی و زیادبوونی قوربانی،[53] لەسەر ئاستی حکوومەتیشدا شێواوی دەردەکەوت. لە ١١ تشرینی دووەمی ١٩٧٤، گۆڕین لە دوازدە پۆستی وەزارەتدا ئەنجام درا: چوار وەزیر دەرکران و هەشتی تر گوازرانەوە. گواستنەوەی وەزیرەکانی ئەو سێ وەزارەتەشی گرتەوە: وەزارەتی نەوت، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری. گۆڕانکارییەکان ئاماژە بوون بۆ زەحمەتییە ئابوورییەکان. زیاد لەوەش، کەسانی پۆستەباڵاکانی نێزیک لە سەدام لەو وەزارەتانە دانران: بۆ نموونە، عیزەت دووری بۆ وەزیری ناوەخۆ و تەها یاسین ڕەمەزان بۆ وەزیری پیشەسازی و پلاندانان و تاریق عەزیزیش وەک وەزیری ڕاگەیاندن. ئەم کەسانە، کە لە سەرکەوتنی سەدام بۆ سەرۆکایەتی لە ١٩٧٩ هاوەڵیی سەدامیان

دەکرد، تا کەوتنی ڕێژیمیش لە ٢٠٠٣ کرۆکی لایەنگرانی سەدامیان پێک دەهێنا. دیاریکردنی ئەوانە ئاماژە بوون بۆ بەهێزبوونی سەدام لەسەر حیسێبی باڵی ئەحمەد حەسەن بەکر،[٥٤] ئاماژەیەکی تر بۆ لاوازبوونی سیاسیی بەکر (کە لە هەمان کاتدا مردنی هاوسەرەکەی لە ٧ تشرینی دووەم کاریگەری زۆری لەسەر هەبوو)، بریتی بوو لە دەرکردنی سەعدوون غێدان، جێ متمانەی بەکر لە پۆستی وەزیری ناوەخۆدا. لادانی غێدان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی ئەو زەحمەتییانە بوو، کە وەزارەتەکەی ڕووبەڕووی دەبووەوە لە وەرگرتنی سەربازی نوێدا. گۆڕانکارییەکی تری گرینگ بریتی بوو لە دیاریکردنی سەعدوون حەمادی، کە کەسێکی شیعە و ئەندامێکی بە ئەزموونی حزب بوو لەگەڵ هەبوونی پێوەندییەکی نێزیک لەگەڵ ئێراندا، وەک وەزیری دەرەوە. هەندێک دیاریکردنی سەعدوونیان بە ڕێخۆشکەر بۆ بژارەیەکی سیاسی دەبینی.

## دانوستاندنە پێچاوپێچەکان لەگەڵ ئێراندا

تێگەیشتنی بەغدا لەوەی شەڕ بەو خێراییە بەکۆتا نایەت هەروەک لە سەرەتا پێشبینیی دەکرد و هەروەها تێگەیشتنی لەوەش، کە ئەو شەڕە مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئێراندا لێ دەکرێ، کە بەغدا بەدڵنیاییەوە ئەوەی نەدەویست، وایان لە عێراق دەکرد بەدوای ڕێگەچارەی تردا بگەڕێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی هەڕەشەی لە لاسەنگکردنی وڵات دەکرد. ئاگەدار لەوەی کۆتاییهێنان بەبزووتنەوەی کورد بە ئێران بەستراوەتەوە، بەغدا دوو هەنگاوی تەواوکاری دەست پێ کرد. یەکەمیان پێوەندیدار بوو بە خۆگونجاندنی عێراق و وێنەی خۆی لە چاوی ئێراندا. فەرمانڕەوایانی بەغدا، بە تایبەتی سەدام، لەوە تێ دەگەیشتن کە ترسی ئێران لە پەیمانی دۆستانەی نێوان عێراق و یەکەتیی سۆڤیەت پاڵنەری سەرەکیی بەشداریکردنە نوێیەکانی ئێرانە لە پرسی کورددا. هەر لەبەر ئەو هۆکارە بوو عێراق دەیویست ئێران هێور بکاتەوە بە کەمکردنەوەی توندڕۆییبوونی و کەمکردنەوەی خۆگونجاندنەکانی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا،[٥٥] ڕۆژنامەی نەها ئەو گۆڕانکارییەی بەوە وەسف دەکرد، کە ئەمە

ئارەزووێکە "لە هەمان کاتدا لە دەرەوە و لە ناوەوەی حزبە سۆسیالیستییەکەدا هەیە."[٥٦] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە شەڕەکە بوو، کە ئەم گۆڕانکارییەی ئاڵۆز دەکرد. کاتێ شەڕ درێژ بووەوە، پشتبەستنی عێراق بە کۆمەکیی سەربازی یەکەتیی سۆڤیەت زیاد دەبوو بۆیە زەحمەت دەبوو پێوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵدا لاواز بکات.

سەرەڕای ئەمەش، بەغدا لە کردنەوەی بژارەی نوێی ئابووری و سیاسیی خۆی سەرکەوتوو بوو: بنیاتنانی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ ئەمەریکادا، نوێکردنەوەی پێوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ بەریتانیای مەزندا، گەشەپێدانی پێوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکان لەگەڵ ئێراندا، کەمکردنەوەی پێوەندییەکانی سەبارەت بە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و یەکەتیی سۆڤیەت، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت سەبارەت بە بۆچوونە جیاوازەکانی عێراق لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا، لە کۆتاییشدا هەوڵدان بۆ نێزیکبوونەوە لەگەڵ ئەو وڵاتە عەرەبییانەی پێوەندیی باشیان لەگەڵ ڕۆئاوادا هەبوو، لەوانە سعوودیە، ئوردن و میسر. ئەم سێ وڵاتە پردێکیان بۆ دایەلۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێراندا دابین دەکرد. ئەوە ڕوون بوو، کە کەمکردنەوەی پێوەندییەکانی عێراق بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا ئێرانی قایل نەدەکرد، بۆیە عێراق پێویستی بە کردنەوەی کەناڵێکی ڕاستەوخۆی دایەلۆگ لەگەڵدا دەبوو. بە هۆی پێوەندیی نێزیکیان لەگەڵ ئێراندا، ئوردن و میسر ڕۆڵێکی گرینگیان دەگێڕا لە دامەزراندنی ئەو کەناڵەی پێوەندی. پرۆسەکە لە ئابی ١٩٧٤ بە گفتوگۆی ئامادەکاریی نێوان نوێنەرەکانی عێراق و ئێران لە ئەستەمبوڵ دەستی پێ کرد. سەرباسی گفتوگۆیەکە بریتی بوو لە داخوازیی ئێران بۆ دیاریکردنی سنووری ڕێگەی ئاویی شەتولعەرەب بە گوێرەی هێڵی سالوج. ڕاستی، ڕەتکردنەوەی بەردەوامی عێراق لە دانانی لە هێڵی سالوج وەک بنەمایەک بۆ دانوستاندنەکان، کۆسپی سەرەکیی سەرکەوتنەکانی گفتوگۆکان بوو،[٥٧] لە لایەن خۆیەوە، عێراق داوای ڕاگرتنی کۆمەکیی ئێرانی بۆ کورد کرد. پێشتر، ڕووداوە سنوورییەکان زیاد بووبوون. دەکرا بڵێین، نەک بەدڵنیاییی تەواوەوە، ئەمە خۆگفکردنەوەی ئێران بوو، مەبەست لێی پاڵەپەستۆ خستنە سەر عێراق بوو لە کاتی دانوستاندنەکاندا.

هەرچەندە بەدرێژاییی گفتوگۆکانی ئەستەمبۆڵ، ڕووداوە سنوورییەکان چڕتر دەبوونەوە، کەچی ڕووداوەیل نەیاندەتوانی وا لە عێراق بکەن کۆڵ لە شەتولعەرەب بدات. وەک ئامـاژەکـردنێک بۆ پێـوەندی هەبوون لە نێـوان هێـرشـەکانی ئێـران و گفتوگۆکان لە ئەستەمبۆڵدا، بەغدا ڕای گەیاند کە ئامانجەکانی ئەو بریتی بوون لە: (١) "پاڵەپەستۆ خستنە سەر عێراق لە کاتی دانوستاندنەکان، وەک زۆر لێکردنێک و (٢) "دابینکردنی کۆمەکی بۆ دەستـە "بەکرێگیـراوە بەزیوەکـەی" مەلا مستـەفا بارزانی." سەبارەت بە هەوڵەکانی ئێران بۆ یارمەتیدانی بارزانی، بەغدا گوتی کەوا "بە یەکلاکەرەوەیی و بەبێ هیچ گومانێک بڕیاری داوە بە تەواوی و بە جەسارەتەوە کۆتا بەو دەستـە فێڵبـازە بێنێ" و ئامادەیە بە هەر نرخێک بێت ئەمە بکات،[٥٨] دانوستـاندنەکـان لە ٢٨ی ئاب هەڵپەسێردران. ڕۆژی دواتر، عێـراق سـەبارەت بە گردبوونەوەیەکی زۆری هێزەکانی ئێران، سکاڵای لەلای نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد، کە لە پێنج فیرقە پێک دەهاتن، لەسەر سنوورەکانیدا. لە هەمان کاتدا، نێردەیەک لە لایەن ئەنوەر ساداتی سـەرۆکی میسـرەوە سـەردانی بەغـدا و تارانی کـرد بۆ نێوانگریکردن.

قۆناغی دووەمی دایەلۆگەکە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٤ لە کۆنفرانسی تۆقەلانی عـەرەبی لە ڕەباتدا دەسـتی پێ کـرد، لەو کـاتەی سـەدام ڕابەرایەتیی شـاندە عێراقییەکەی دەکرد. کۆنفرانسەکە پێشنیازی کرد سەرۆک سادات و شا حەسەنی دووەمی مەغـریب و شـا حوسـێنی ئوردن بە ئەرکـێکی نێـوانگرکـردن هەڵسن. لە تشرینی دووەمدا، بەغدا داوای لە شا حوسێن کرد بە ئەرکی ناوبژی لە نێوان عێراق و ئێراندا هەڵسێت بەهۆی باشیی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئەزموونی پێشتری وەک ناوبژیکەر، هەڵبەتە لە هەوڵێکی ئاشتەواییی تێ شکاودا، لە ١٩٦٩، لە کانوونی یەکەمدا، سادات و سەرۆکی جەزائیر هواری بۆمێدیەن هەوڵی نێوانگرییەکی چڕیان دا، بەڵام بە هۆی ڕەتکردنەوەی عێـراق لـە کـۆڵدان لـە سـەروەریی خـاکـەکـەی لە شەتولعەرەب، تێ شکان. شا، لە لایەن خۆیەوە، ئەو داخوازییەی بە مەرجێکی ڕەها دادەنا لە هەمان کاتدا پەیامێکی ئەرێنیشی بە عێراق دەگەیاند لەوەی ئێران هانی کورد نادات سەربەخۆیی لە عێراق بەدەست بێنن، لەوەی کورد تەنیا "ئۆتۆنۆمییەکیان

لەنێو عێراقدا" دەوێت،[59] ڕاستی، مەبەستی سەرەکیی شا بریتی بوو لە "بەردەوامبوون لە سەرئاوخستنی کورد" بەبێ ئەوەی خۆی بخزێنێتە ناو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عێراقەوە.[60]

سێیەم قۆناغی هەوڵی نێوانگریی نێوان عێراق و ئێران لە ٦ کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دەستی پێ کرد، کاتێ شا سەردانی ئوردن (بۆ یەکەم جار دوای دە ساڵ) و دواتریش، لە ٨ تا ١٢ کانوونی دووەم، میسری کرد. بەشێکی گرینگی گفتوگۆکان لە ئوردن و میسر بریتی بوو بە ململانێی لەگەڵ عێراقدا. گفتوگۆکان بوونە هۆی لێکەوتنەوەی کۆمەڵێک کۆبوونەوە لە ئەستەمبوڵ لە نێوان وەزیری دەرەوەی عێراق سەعدوون حەمادی و وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس عەلی خەڵعەتپەری لە ١٤ تا ١٨ کانوونی دووەم، بەڵام بەبێ بوونی هیچ ئەنجامێک. لە هەمان کاتدا، گرژی لەسەر سنوور، لەگەڵ ئەویش، کۆمەکیی ئێران بۆ کورد زیاد دەبوو. کەڵەکەبوونی گرژییەکانی سەر سنوور تا نیوەی یەکەمی شوبات بەردەوام بوو. لە ١١ی شوبات، سەدام "پابەندبوونی عێراقی بە سەروەریی خاک و ئامادەبوونی عێراقی بۆ بەرگریکردن لە خاک و هەرێمی ئاویی شەتولعەرەب" ڕاگەیاند،[61] لەگەڵ ئەوەشدا، چەند ڕۆژێک دواتر، لە وتەکانیدا تۆنێکی تر خۆی دەبینییەوە. لە قسە بۆ ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری، سەدام ڕای گەیاند "بارودۆخی سیاسی و سەربازی لە ناوچەی باکور هەرگیز باشیی لەو جۆرەی بە خۆیەوە نەدیوە." سەدام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە بارزانی لەژێر پاڵپەستۆی سوپا پاشەکشەی کردووە و خەڵکی کوردیش وازی لێ دێنن، بۆیە" ئەو بە تەنیا لەگەڵ ڕاوێژکارە سەربازییە ئیسرائیلییەکاندا ماوەتەوە، لە کاتێکدا کۆمەکی و پارێزگاریش لە دەرەوە وەردەگرێت." لە ناواخنی قسەکانیدا، سەدام ئاماژەی بەو کۆمەکییانە دەدا، کە لە لایەن ڕەگەزەکانی عەرەبەوە دابین دەکران، مەبەست لێی سووریا بوو. سەدام، دەبێ ئەوە بڵێین، خۆی لە ئاماژەدان بە کۆمەکی زەبەلاحی ئێران بۆ کورد بە دوور گرت. ڕاستی، لە لێدوانەکانی سەبارەت بە ململانێی لەگەڵ ئێران و بەتۆنێکی ئاشتەواییانە قسەی دەکرد، جەختی لەسەر ئارەزووی "دامەزراندنی پێوەندیی دراوسێیانەی باش لەگەڵ ئێراندا" دەکردەوە. سەدام، بە تۆنێکی پراکتیکییەوە،

ڕوونی دەکردەوە، کە پێوەندییە کێشەئامێزەکان بریتی بوون لە ئەنجامی "سەرپێچییەکی تاکلایەنەی پەیمانی ١٩٧٣ سەبارەت بە گەڕیان لە شەتولعەرەبدا،" بەڵام سەدام لەسەر سەروەریی خاکی عێراق لە شەتولعەرەب، بە لایەنی کەم ئەمجارە، سوور نەبوو،[٦٢] دوایەم قۆناغی دانوستاندنەکان لە ٤ تا ٦ ئاداری ١٩٧٥ لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئۆپێک (OPEC) لە جەزائیردا ئەنجام دران. شا و سەدام، لە ڕێی نێوانگری و ئامادەیی سەرۆکی جەزائیر بۆمێدیەن، لە کاتی کۆنفرانسەکەدا دووجار کۆ بوونەوە. لە دوایەم کۆبوونەوەی کۆنفرانسەکەدا، بۆمیدیەن ڕای گەیاند، کە ڕێککەوتنێک لە نێوان شا و سەدامدا ئیمزا کراوە. لە ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنی ئاشتەواییانەدا، شا و سەدام لە ناوەڕاستی هۆڵی کۆبوونەوەدا تەوقەیان کرد و لەگەڵ چەپڵەی بەجۆشی بەشداراندا باوەشیان بە یەکتردا کرد.

## بەزینی کورد لە ڕێی نوێنەرەکەیەوە: ڕێککەوتننامەی جەزائیر

کرۆکی ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر بریتی بوو لە ڕاگرتنی کۆمەکی ئێرانی بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراقدا، لە بەرامبەر کۆڵدانی عێراق بۆ سەروەریی خاکەکەی لە شەتولعەرەبدا، واتە دیاریکردنی سنوور بەپێی هێڵی سالوج.[٦٣]

لە وەختی جیا جیادا، بەغدا چەندین شێوازی جیا جیای ئەو بارودۆخانەی پێشان دەدا، کە ڕێککەوتننامەکەی بەرهەم دەهێنا. لێرەدا، من جەخت لەسەر دووانیان دەکەمەوە. یەکەم شێواز، ئەو کاتە پێشان درا، کە ڕێککەوتننامەکە ئیمزای لەسەر کرا، تێیدا هاتبوو ڕێککەوتننامەکە لە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورەی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣، سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی کێشەی سنووریی نێوان ئێران و عێراق (کە بووە هۆی ئاشتەوایی نێوان عێراق - ئێران لە بەرایی شەڕی تشرینی یەکەم) و ڕاسپاردەکانی هەشتەم کۆنگرەی حزبی بەعس لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤ جێگیر بووبوو. بەپێی ئەو شێوازە، ئێران، نەک عێراق، بەرهەڵستیی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکەی کردبوو، کە لە کۆتاییدا لە جەزائیر شێوەیەکی

وەرگـرت،[٦٤] دووەم شـێـواز، کـە سـەدام لە ڕۆژێک بەر لـە شـەڕی ئـێران و عـێـراق لە ئەیلوولی ١٩٨٠ بە ئاشکرا باسی کرد، تێیدا دەهات عێراق ناچار بوو ئەو ڕێوشوێنە "وێرایی و ڕژدە" بگرێتە بەر لەبەر نەبوونی تەقەمەنی، بەوەی هێزی ئاسمانیی عێراق تەنیـا سێ بۆمـبی گـرانی مـابوو، کـە بۆ شـەڕی دژ بە کـورد هەڵی دەگـرت. سـەدام ئەوەشی ڕاگەیاند، کە یەکەتیی سۆڤیەت پاڵپشتیی پابەندییە سەربازییەکان نابێت بۆ عێراق.[٦٥]

شێوازی دووەم و ئەو بانگەشەیەش، کە یەکەتیی سۆڤیەت چیی تر چەک بۆ عێراق دابین نـاکـات ڕاسـتـیت دەوێ ڕاست نـەبوون. ڕاسـتی، لە کـانوونـی دووەمی ١٩٧٥ ڕێککەوتنێکی نوێی زەبەلاحی تایبـەت بـە چەک لەگـەڵ یەکـەتیی سـۆڤـیـەتدا ئـیـمـزا کرابوو. ئـەم گوتەیەی سـەدام لـەبارەی نەمـانی تەقـەمـەنیـیەوە لە پێشـهـاتێکی هێز ئامـادەکـردن دەچوو مـەبەست لێی شکاندنەوەی ئەو ڕەخنـانە بوو، کـە لە سـوپاوە ئاراسـتەی یەکـەتیی سۆڤیەت دەکران. یەکەم شێوازیش، هەرچەندە لە لایەن هەندێ توێژەرەوە قەبووڵ دەکرا، کاتێ خرایە ژێر وردبینیی ڕاست و دروستەوە دەرنەدەچوو. نە بڕیاری مـەجلیسی قیادەی سـەورەی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ و نە ڕاسپاردەکانی هەشـتـەم کـۆنگرەی ١٩٧٤ باسی کـۆڵدانێکی عـێـراقی لـەبارەی شـەتولعـەرەبەوە نەدەکرد. بە پێچەوانەوە، ڕاپۆرتی سیاسیی هەشتەم کۆنگرە، لە کاتێکدا ڕەزامەندیی کـێشـەکانی لـەگەڵ ئێـران بە شـێـوەیەکی ئـاشـتـییـانە دەردەبڕی، جـەختی لەسـەر "سـووربوون لـە پارێزگاریکردن لـە مـافـە شـەرعییـەکانی عـێـراق" دەکردەوە.[٦٦] زیاد لەوەش، ئەو بانگەشـەیەی، کە شـا تا دوا سـاتەکانیش بەرهەڵسـتیی مـەرجـەکـانی ڕێککەوتننامـەکەی دەکرد ئەو ڕاستییـەی فەرامـۆش دەکرد، کە لە سـەرەتای هـاوینی ١٩٧٢ شـا بە نەرێنیی وەسـتـاندنی کۆمـەکیی ئێرانی بۆ کورد پێـشکێش بە عـێراق کرد، لە بـەرامبـەر کـۆڵدانەکانی عـێراق سـەبارەت بە شـەتولعـەرەب. کەچی عـێراق داواکەی ئەوی ڕەت دەکردەوە. دەبێ ئەوەش بە بیر بێنینەوە، کە نە شا هـەرگیز وازی لە داخـوازییـەکـانی خـۆی سـەبارەت بە شـەتولعـەرەب دەهێناوە نە کـەسـایـەتییـەکی عێراقیش هەبوو ئامادەیی خۆی بۆ هەر جۆرە کۆڵدانێک نیشان بدات.

چەند پاڵنەرێکی ناوەخۆیی، تا ڕادەیەک گرینگ، هەبوون بۆ دەرخستنی شێوازی

یەکەم، یەکەم پاڵنەر مەبەست لێی دابینکردنی پێشهاتێک و پاساوێک بوو بۆ ئەو شەڕە درێژەی، کە ڕەنگ بوو بتوانرابایە ڕێی لێ بگیرێت ئەگەر هاتوو عێراق ئەو مەرجانەی هەر لە سەرەتاوە قەبووڵ بکردایە. سەرکۆنەکردنی ئێرانیش بە هەمان شێوە خزمەتی بە هێشتنەوەی شکۆمەندیی سوپای عێراقی کرد، کە بایی ئەوەندە بەهێز نەبوو بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی عێراق لە شەتولعەرەبدا بکات و کوردیش ببەزێنی. شێوازەکە بە هەمان شێوە هەوڵێکی سەدامی ئاشکرا دەکرد لە جێبەجێکردنی ئایدۆلۆجیای "قووڵی خۆی" لەسەر ڕێوشوێنێک، کە زۆر مشتومڕئامێز بوو، تاکو لەوێوە ڕەزامەندیی داوودەزگا سیاسی و حزبییەکان بەدەست بێنێ. ئەوە دیار نەبوو سەدام بەر لەوەی بچێتە جەزائیر داخۆ ڕاوێژی لەگەڵ چینە سیاسی و سەربازییەکاندا کردبوو یا نا، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە بەبێ گەیشتنە بڕیارێک لەگەڵ چینی باڵای سیاسیدا، بۆ جەزائیر ڕۆیشت. چوار ڕۆژ بەسەر ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر تێ دەپەڕی کاتێ مەجلیسی قیادەی سەورە و قیادەی ناوچەیی و نیشتمانیی حزبی بەعس ڕەزامەندیی لەسەر ڕێککەوتننامەکە دا. ئەو ڕاستییەی، کە ڕێککەوتننامەکە لە لایەن سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر، کە هاوتای شا بوو، ئیمزا نەکرا بگرە لە لایەن سەدامەوە ئیمزا کرا، دوو شتی دەردەخست کە بە شێوەیەکی ئەوتۆ دژ بەیەک نەبوون: یەکەم ئەوە بوو هەنگاوەکەی سەدام هەنگاوێکی پارتیزانی بوو، کە دەربڕی پێگەی ئەو بوو وەک سەرکردەی باڵای ڕاستەقینەی عێراق،[٦٧] دووەمیش ئەوەی، کە ئەحمەد حەسەن بەکر، بە لایەنی کەمەوە، سڵبوونی بەرامبەر بەو هەنگاوە هەبوو. ئەم سڵبوونە لە وتارێکدا دەردەکەوت کە ئەحمەد حەسەن بەکر لە ٧ نیسانی ١٩٧٥، لە ساڵوەگەڕی بەعسدا پێشکێشی کرد. زۆربەی بەشی وتارەکەی بۆ پرسی کورد و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا تەرخان کرابوو. هەرچەندە پەسنی ڕێککەوتننامەکەی دەکرد، بەڵام بە تەواوی ئەو کۆڵدانانەی فەرامۆش دەکرد کە لەسەر شەتولعەرەبدا کردبووی. بەکر پێوەندیی نێوان کۆڵدانەکان و لەناوبردنی کوردیشی فەرامۆش کرد: بە گوێرەی قسەکانی بەکر، یاخییان بە هۆی بەهێزی و جەربەزەیی سوپاوە چیی تر نا، تێک دەشکێنران.

هۆكـاری ئـەم فـەرامـۆشـكردنەی ڕێككەوتننامـەی جـەزائیـر یان خـۆ لـێ لادانی بیـانوواوی و خـۆدزینـەوە لێی، بۆ ئەو ڕاسـتیـیـە دەگـەڕێتـەوە، كە ڕێككەوتننامـەكـە كۆڵدانێكی بە ئازاری بۆ عێراق تێدا هەبوو. بە گوێرەی ئـەم ڕێككەوتننامەیە، عێراق خۆبەخشانە وازی لە ڕێككەوتننامەیەك دەهێنا، كە لە یاسایەكی ناودەوڵەتیی ١٩٣٧ چەسـپـابوو، كـە دەسـەڵاتی كـۆنتـرۆڵكردنـی شـەتولعـەرەبی بە عـێـراق دابوو. ئەمـە بەرژەوەندییـەكی سـەرەكی و زیندوو و سـتـراتیـجی بـوو چونكە شـەتولعـەرەب تاكـە دەرچەی دەریاییی عـێراق بـوو، تا ئەو ڕۆژەش، گـرینگـترین ڕێگـەی ناردنە دەرەوەی نەوتەكەی بوو. سەرباری ئەوەش، دیاریكردنی سنوورەكانی خاك بە پێی پرۆتۆكۆڵی قوستەنتنیەی ١٩١٣ (مادەی ١ لە ڕێككەوتننامەی جەزائیر)، چ لە ڕووی تیۆری چ لە ڕووی پراكتیكییـەوە، كۆڵدانێكی عێراقی بوو لەسەر قەزای خوزستان/عەرەبستان لە ئێران، كە عێراق لەبەر دانیشتوانە عەرەبەكەی ئەو بانگەشەیەی دەكرد.

لەبەر ئەوە پرسـیاری گرینگ ئەوەیە چی پاڵی بە عێراقـەوە نا ئەم هەنگاوە دوور لە شـیـمانەیە بگـرێتـە بەر. دەكرێ ژمارەیەك هۆكار لێرەدا جیا بكەینەوە: بۆ نموونە، ئارەزووی عـێراق لە كـۆتاییـهـێنان بە پەڕاوێزبوونی خـۆی لە جـیـهـانی عـەرەبی، بۆ پتـەوكردنی پێگـەی سیـاسـی و ئابووری، بۆ هـاتنە دەرەوەی لەژێر پشـتـبـەسـتـان بە یەكەتیی سـۆڤیەت و بۆ بەرەوپێشبرنی پێگەی خۆشی لە ڕێكخراوی ئۆپێكدا. لەگەڵ ئەوەشـدا، گـرینگتـرین هۆكـار برێتی بـوو لە، بێگومـان، سـووربوونـی سـەدام لە كـۆتاییـهـێنان بـە شـۆڕشـی كـوردی. لەبەرئەوەی ڕێگەی ئاشـتـیـیـانە تێ شـكا و ڕێگەچارەی سـەربازیش دەسـەلما كە نەگونجاوە، ڕێگەی سێیـەم لە بەردەم عێـراقدا كـراوە بوو: گـەیشتن بـوو بە ڕێگەچارەیەكی سـیـاسـی لەگـەڵ ئێـراندا، كـە ڕەنگە باجەكەی گران بێ، بەڵام شیمانەی چارەسـەركردنی كێشـەی كوردستانی تێدا بوو شـان بەشـان لەگەڵ كێشـە بەردەوامـەكانی لەگەڵ ئێراندا. دەبێ لە ناواخندا ئاماژە بەوە بكرێ، كە ئەم ڕێككەوتننامـەیە لە مێژووی پێوەندییـەكانی كورد لەگەڵ وڵاتانی خانەخوێیدا زۆر ناوازەیە. لە سـەردەمی ئیـمپـراتۆری عوسـمـانی و فارسـیدا، تاكو سـەدەی بیستـەم، كورد ڕكابەرییـەكانی نێوان دوو ئیـمپراتۆری یا دوو دەوڵەتیـان بۆ بەرەوپێشـخستنی بەرژەوەندییـەكانی خۆیان بەكار هێناوە: یان، لە جێگەی ئەوە، ئەو

دەوڵەتانە کوردیان بۆ شەڕەکانیان لە دژی دەوڵەتی دراوسێ بەکار هێناوە. ئێستە، بۆ یەکەم جار، دەوڵەتانی ڕکابەر لە دژی کورد دەست لەناو دەستی یەک دەنێن تاکو کۆتا بە ڕکابەرایەتی لەگەڵ یەکدا بێنن.

سەدام لەدەستدانی شەتولعەرەبی وەک کۆڵدانی تاکتیکی بۆ عێراق دەبینی نەک ستراتیجی، بە تایبەتی چونکە سەدام هیوای دەخواست ئەو کۆڵدانەی لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردن یا بەکرێگرتنی دوو دوورگەکەی کوێت، واربا و بوبیان، بۆ قەرەبوو ببێتەوە، کە لە چوونە ناو دەریا بە شێوەیەکی ئازاد دڵنیای دەکردەوە،[٦٨] عێراق هەنگاوی بۆ ئەم ئامانجە دەست پێ دەکرد، هاوتەریب لەگەڵ دایەلۆگی لەگەڵ ئێراندا. لە ١ کانوونی یەکەمی ١٩٧٤، هێزەکانی عێراق دزەیان کردە ناو کوێت و لە ناوچەی سۆمیتا پێگەی سەربازییان دامەزراند،[٦٩] کاربەدەستێکی کوێت عێراقی تۆمەتبار دەکرد بە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی دوو دوورگەکە. لە کۆنفرانسی ئۆپێک لە جەزائیر، سەدام سەبارەت بە دوو دوورگەکە گفتوگۆی لەگەڵ ئەمیری کوێتدا ئەنجام دا، ئەو گفتوگۆیانەی هیچی بە هیچ نەکرد.

سەبارەت بە شا، ئەو لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەدا ڕێککەوتنەکەی ئیمزا کرد: ئارەزوونەکردن لە تێ ئاڵان لە شەڕێک لەگەڵ عێراق و ترسی ئۆتۆنۆمییەکی بەهێزی کوردی، کە دەبووە دراوسێی ئێران، ئارەزووی لەڕوو وەستانەوەی دەسڕۆیینی یەکەتیی سۆڤیەت، خواستەکانی ئێرانیش لە بوون بە دەسەڵاتی سەرەکی لە کەنداو. کۆڵدانی ئێران لە پاڵپشتیکردنی کورد، کە دیار بوو دەگەیشتە ڕادەی تاقەت پڕووکێنی، پێ نەدەچوو نرخەکەی لە بەرامبەر ڕێککەوتنێکدا ئەوەندە گران بێ، کە دەستکەوتی سەرسوڕهێنی پێ دەدا.

## کورد لە نێوان چەکوچ و دەزگادا

لە کاتێکدا بەغدا بە پەرێشانی مامەڵەی دەکرد تا کۆتا بە ململانێ لەگەڵ ئێراندا بێنێ، کورد بە سستی دەمانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێ وا دابنێین کە کورد ئاگەداری چالاکییەکانی بەغدا نەبووبن، لەبەرئەوەی بەغدا لەسەر بەئاشکرا ڕاگەیاندنی مێژوو و ئامانجەکانی کۆبوونەوەکان لەگەڵ ئێران سوور بوو. ژیرانەترە

وا دابنێین کە کورد هیوایان دەخواست عێراق و ئێران نەتوانن بە ڕێککەوتننامەیەک بگەن. زیاد لەمەش، سەرکردایەتیی کورد بە تەواوی باری سەرنجی خستبووە سەر شەڕ و دابینکردنی کۆمەک بۆ دانیشتوانی سڤیل. سەرکردایەتی هەوڵێکی کەمی، ئەگەر هەیبووایە، دەخستە گەڕ بۆ دامەزراندنی پێوەندیی دیپلۆماتی و سیاسی، کە ئەویش تێیدا کەم ئەزموون بوو. ڕەنگە ڕاستەقینەی خەمناک، لە تێڕوانینی کورد، ئەوە بووبێت، کە ئەوان جگە لە ئێران هیچ ڕێگەیەکی سیاسییان لە دەرەوە نەبوو. ئەوە ڕاستە کە گرەنتییەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەبوو لەوەی هەرگیز پشتیان تێ نەکات، بەڵام ئەم گرەنتییە گوماندارە زیانێکی خراپی بە کورد دەگەیاند چونکە کوردی بۆ دۆخێکی هێمن بە هەڵەدا دەبرد. هەوڵەکانی سەرکردایەتی بۆ دەستگرتن بە گفتەکەی ئەمەریکا ئاماژە بە ساویلکەیی ئەوان دەکات، ناڵێین ئاماژەیە بۆ تەواو دابڕانی ئەوان لە واقیع. ئەم ساویلکەییە لەو برووسکەیە دەردەکەوت، کە بارزانی لە ١٦ کانوونی دووەمی ١٩٧٦ بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای نارد، کە تێیدا داوایەکی تێدا هاتبوو کوردستان وەک "ویلایەتی ٥١ەمینی ئەمەریکا" ڕابگەیەنێت،[٧٠] بەهەرحاڵ، ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو نیگەرانییانەی کورد بوو دوا بەدوای نوێبوونەوەی گفتوگۆکانی نێوان عێراق و ئێران لە هەمان کانوونی دووەمدا. لە ٢٢ کانوونی دووەمدا بارزانی نامەیەکی بۆ هێنری کیسنجەر، وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمەریکا، نارد، کە لە کۆتاییدا نامەکە دوای مانگێک وەڵام دەدرێتەوە بەوەی نامەکەی کورد "لەسەر ئاستە باڵاکانی حکوومەتی ئەمەریکادا جیدیترین سەرنجی بە لای خۆیدا بەکێش کردووە." لەگەڵ ئەوەشدا، کیسنجەر ئەوەی گوت، کە ناتوانێت بارزانی بانگهێشتنی واشنتۆن بکات لەبەرئەوەی دەبێت پێوەندییەکان بە نهێنی بمێننەوە و لەبەر نیگەرانیش بۆ سەلامەتیی بارزانی خۆی،[٧١] نیگەرانیی کورد سەبارەت بە داهاتوو لە ناردنی نێردەکانی کورد بۆ لای سەرۆکی میسر ئەنوەر سادات-یشەوە دیار دەکەوت بەو هیوایەی زانیارییەکی ئاوێزانیان بە مەسەلەکە دەست بکەوێت. چەند ڕاپۆرتێک هەن لەبارەی ئەوەی بارزانی خۆیەوە لە ٢٦ شوبات بۆ دەستکەوتنی هەندێ ڕوونکردنەوە گەیشتووەتە تاران، بەڵام شا لەگەڵیدا کۆ نەبووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی پێی

گوتراوە ئەو ڕێککەوتنە لە نێوان ئێران و عێراق ئیمزا دەکرێت کە "کەڵکی" بۆ کورد دەبێت. ئەگەر ئەوەش قەبووڵ بکەین، کە کورد زانیاریی پێشوەختەی لەسەر ئەوە هەبووە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر وا لە ڕوودانداية، دەبێ هەواڵی ڕێککەوتننامەکەی نێوان عێراق و ئێران بۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراو و زەبرێکی کوشندە بووبێت بۆیان. بگرە دەزگای زانیاریی پارتیش، پاراستن، لەوە ئاگەدار نەبوو. هەنگاوی ناجێگریی ڕووداوەیلی بەر لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر کوردی بەبێ دەسەڵات دەهێشتەوە.

ئێران لە دوای چەند ساتێک بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە لەگەڵ عێراق، هەموو کۆمەکییەکانی بۆ کورد ڕاگرت. ئێران سنووری لەگەڵ عێراق داخست، سەربازە ئێرانییەکان و چەکی گرانی لە خاکی عێراقدا نەهێشت و هەموو کۆگاکانی چەک و خۆراکی، کە بە نیاز بوو بۆ کورد بێت گەڕاندییەوە بۆ خاکی ئێران. لە هەمان کاتدا، سوپای عێراق لە ناوچەی سلێمانی هێرشێکی بچووکی دژ بە کورد دەست پێ کرد. هێرشەکە شەڕوانانی کوردی بە بڕێکی سنووورداری تەقەمەنی دەبینی، لەگەڵ چەکی گرانی ئەوتۆش نا. بە کورتی، چەکەکان هیچ بەرگرییەکیان لە بەرامبەر باڵەفڕەی عێراقدا نەدەبوو، کە هێرشی مەودا نزمیان بەبێ هەراسانبوون ئەنجام دەدا. بۆ ماوەی هەفتەیەک، شەڕی چڕ بەرپا بوو، کە هەردوو تێیدا قوربانیی زۆریان دا. لە کاتێکدا شەڕ بەردەوام بوو، بارەگەی بارزانی لە ١٠ ئاداری ١٩٧٥ داوایەکی نهێنیی بۆ نوێنەری سی ئای ئەی نارد، تێیدا هاتبوو "چارەنووسی گەلی ئێمە لە مەترسییەکی لە شێوەنەهاتوودایە. وێرانبوون بەسەر سەرماندا دەخولێتەوە. هیچ ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەو هەموو شتە نییە. داوا لە ئێوە و ئیدارەی ئەمەریکا دەکەین بەپێی گفتەکانتان دەست بخەنە ناو مەسەلەکەوە."[٧٢] لە هەمان ڕۆژدا کیسنجەر نامەیەکی لە لایەن بارزانییەوە بەدەست گەیشت تێیدا هاتبوو:

> دڵمان خوێنی لێ دەتکێ کاتێک دەبینین کاریگەریی لابەلای ڕێککەوتنی ئەوان (ڕێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران) ڕووخانی لەشێوەنەهاتووی گەلی بێ پشت و پەنای ئێمەیە، لەبەرئەوەی (ئێرانی هاوپەیمانتان) سنووری داخستووە و بە تەواوی کۆتا بە کۆمەکەکانی بۆ ئێمە هێناوە، لە کاتێکدا (عێراقی دوژمن) گەورەترین هێرشی دەست پێ کردووە،

کـــە تا ئێـــســـتـــەش بـەردەوامـــە... بەڕێزان، هەست دەکـــەین وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا بـەرپرسـیاریەتیـیـەکی ئاکاری و سـیـاسـیی بەرامبەر بە گەلەکەمان لە ئەستۆدایە.[٧٣]

بارزانی داوای دەکرد وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا داوا لە عێراق بکات هێرشی سـەربازی ڕابگرێت و دانـوسـتـاندنەکان لەگەڵ بزووتنـەوەی کورددا دەست پێ بکات. بارزانی داوای ئـەوەشی لە ئەمـــەریکا دەکـرد، کـە داوا لـە ئێـران بکات ڕێ بە کـورد بدات درێژە بـە شـــەڕی گـــەریلایی بدەن تا کـێـــشـــەی کـــورد لـە چوارچێـــوەی دانوستاندنەکاندا چارەسەر دەبێت.[٧٤]

بە گـوێرەی لێـدوانـەکـانی دواتر، کـیـسنجـەر وەڵامی ئەو داخـوازییـە بـە پەلانەی نەدەدایەوە، چونکە کیسنجەر خۆی لە نێزیکبوونەوەکانی نێوان ئێران و عێراقدا بەشـدار بوو. لەو ڕێگەیەوە، کـیسنجـەر هـیوای دەخـواست نیـازی چاکی عێـراق و لەوێـوەش ئارەزووی نەرمـیی ئەو بـەدەست بێنـێ بۆ ڕاگـرتنی ملـمـلانێی سـەربـازیی نێوان میسر و ئیسرائیل، کە لـەو کاتدا تێیدا بەشدار بوو،[٧٥] کاتێ ئەو ڕووداوانە لە ئـەمـــەریکا لـە کـــۆتاییی ١٩٧٥ و ســـەرەتای ١٩٧٦دا ئاشکرا بوون و دوای ئـەو گەردەلوولە جەماوەرییەی دروست بوو لە ئەنجامی سیاسەتی دوولانەی ئەمەریکا، کە بووە هـۆی لـەناوچوونی بزووتنـەوەی کـورد، کـیـسنجـەر هاتە وەڵام لە بـەرامـبـەر ئەو ستراتیجەی کە "نابێت چالاکیی نهێنی لەگەڵ چالاکیی مژدەبەریدا تێکەڵ بەیەکتری بکرێن."[٧٦]

کیسنجەر لە بیرەوەرییەکانیدا، پاساوی جێهێشتنی کوردی بەوە هـێناوەتەوە، کە پاراسـتنی کورد پێویسـتی بە دەست تێخستنی دوو فیرقـەی ئێرانی بە بەهـای ٣٠٠ ملیـۆن دۆلار دەبـوو، کە نە ئێـران و نە ئـەمـەریکا نەیاندەویست بیدەن،[٧٧] کیسنجـەر ئەوەی ڕوون نەکردەوە بۆچی لە سـەرەتا ئەو گفتانەی دەدا، کە نەیدەتوانی بیانباتە سـەر. گێڕانەوەیەکی تری ڕووداوەیل دەڵێت، کە ئێران سـەبارەت بە ڕێککەوتننامەکەی جەزائیر ڕاوێژی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەکردبوو.

فـرەیی لە شـێوازی گـێـڕانەوە تێگەیشـتنی تـەواو لە ڕووداوەیل زەحـمـەت دەکـات. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەوە ڕوون بوو، کـە ئیـدارەی سـەرۆکی نوێ جـیـراڵد فـۆرد وای

نەدەبینی خۆی بەگفتەکانی سەرۆکی پێش خۆیەوە، ڕیچارد نیکسن، ببەستێتەوە. ئیدارەی نوێ نە هیچ پێویستییەکی لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی نێوان ئێران و عێراقدا دەبینی نە کوردیشی وەک ڕەسیدێکی ستراتیجی دەبینی، کە ئەوە بێنێ ئەمەریکا لە پێناویدا خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتێنێ،[78] وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تەواوی لە پەیمانەکەی خۆی پاشگەز بووبووەوە: کۆمەکی دارایی پچڕاند، خۆی لە هەموو دەستخستنێکی حکوومەتی بەغدا بۆ دەستخستنی مەرجی باشتر بۆ بزووتنەوەی کورد بە دوور دەگرت و ڕەتی دەکردەوە کۆمەکی مرۆڤدۆستانە بۆ کورد دابین بکات وەک وەرگرتنی پەنابەران لە ئەمەریکا. وازهێنانی ئەمەریکا تەگەرەی خستە بەردەم بەردەوامبوونی کۆمەکی ئیسرائیلیش، کە بەهەرحاڵ، بە ئارەزووی تەواوی ئێرانەوە بەند بوو.

لە ١٣ ئاداری ١٩٧٥، عێراق نیازی خۆی ڕاگەیاند لە وەستاندنی سوپای عێراق بۆ بەرەوپێشچوون بۆ ناوچەی کوردستان بۆ ماوەی دوو هەفتە. ڕادیۆی بەغدا ئەمەی وەک ئاماژەیەک بۆ شا ڕوون دەکردەوە، کە لە ماوەی دانوستاندنەکانی جەزائیر، داوای "ماوەیەکی بەزەیی"ی بۆ شەڕوانە کوردەکان کردبوو. لەو کاتەدا، پێ دەچوو شا دوو بژارە بخاتە بەردەم کوردەوە: یان "بۆ هەمیشەیی و بە شێوەیەکی کۆتایی " بۆ ئێران بڕۆن یان ملکەچی دەسەڵاتدارانی عێراق بن. ئێزگەی بەغدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ئەمە مانای ئاگربڕ لەگەڵ "بەکرێگیراوان" یان سازدانی گفتوگۆ لەگەڵیاندا ناگەیەنێ. ئێزگەکە ئەوەشی دەگوت، لە دوای ماوەی بەزەییەکەدا، "هێزە چەکدارەکانمان بەرەوپێشچوونی خۆیان دەست پێ دەکەنەوە بۆ کۆتاییهێنان بە دوایەم پێگەی بەکرێگیراوان، سەروەریی تەواویش بۆ سنوورەکانی نیشتمان دەگەڕێنێتەوە شان بەشان لەگەڵ گەڕاندنەوەی یاسا و سەقامگیری."[79] مەبەست لە دەست وەردانی ئێران سەبارەت بە ئاگربڕەکە بریتی بوو لە هێشتنەوەی متمانەی شا لەناو کورددا، خۆپێشاندانی بۆ جیهان بەوەی ڕێی لە جینۆساید گرتووە، لە هەمووشی گرینگتر، دڵنیابوون بوو لە دامەزراندنی ڕێوشوێنێکی ورد بۆ ئەو ماوە زەمەنییەی تا ڕێککەوتنامەکە جێبەجێ دەکرێت، تاکو پاساوێک نەداتە دەست عێراق بۆ پاشەکشەکردن لە ڕێککەوتنامەکە.

سەرکردایەتیی کوردی لەلایەن خۆیەوە، کەوا خۆی بەئاگربڕەکە نەبەستابووەوە، بڕیاری دا لە شەڕکردن بەردەوام بێت، سەرەڕای ڕاگیرانی کۆمەکی ئێران. لە ١٦ ئاداری ١٩٧٥، کۆبوونەوەیەک لە گەڵاڵە لە نێوان بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتیی کورد و فەرماندە سەربازییەکاندا بەڕێوە چوو، بە مەبەستی پلاندانان بۆ هێرشکردنە سەر ڕەواندز. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆبوونەوەیەکی تری دوو ڕۆژ دواتردا، بارزانی بڕیاری تاکەکەسیی خۆی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ڕۆیشتنیان بۆ ئێران ڕاگەیاند. هەرچەندە بۆچوونی بەردەوامبوون لە شەڕکردنی بەکراوەیی بۆ ئەوانی تر هێشتەوە، بەڵام سەرکردایەتی بڕیاری دا شوێنپێی بارزانی بکەوێت.

لە هەمان کاتدا، پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی سیاسی هەوڵێکی بێ هیوایانەی دەدا. لە ١٩ی ئادار، مەکتەبی سیاسی برووسکەیەکی بۆ بەکر و سەدام نارد، داوای دەست پێکردنی "دایەلۆگێکی دەستبەجێی" دەکرد تاکو "ڕێگەچارەیەکی تۆکمە و ماقووڵ لە نێوانماندا بدۆزینەوە، بە جۆرێک کە لە لایەن کەسانی ترەوە کەڵکی لێ وەرنەگیرێت." وەڵامی بەکر و سەدام بێگومان بریتی بوو لە: نەخێر بۆ دانوستاندن. ڕێژیم سوور بوو لەسەر ئەوەی "خاکی عێراق لە ناپاکانی پاک بکاتەوە."[٨٠] لە ٢٠ی ئادار، بارزانی برووسکەی بۆ فەرماندەکان نارد، داوای لێ دەکردن شەڕ بوەستێنن و بۆ ئێران بڕۆن. لە ٢١ی ئادار، ئێزگەی کوردستان وەشانی خۆی وەستاند.

لەنێو ئەو پرسیارانەی بزووتنەوەی کوردی پێوەی سەرقاڵ بوو و بە هۆیەوە ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی سەرکردایەتی کرا بریتی بوون لەمانە: بارزانی بۆچی لە پڕ بۆچوونی خۆی گۆڕی؟ چی وای لە بارزانی کرد شەڕ بوەستێنێ و بەمەش، هەرەس بە بزووتنەوەکە بێنێ؟ ئاخۆ ڕووداوگەل ئاماژە بوون بۆ ئەم بڕیارە؟ بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکی جیاواز، هۆکاری دەستبەجێ بۆ بڕیارەکەی بارزانی بریتی بوو لە نامەیەک کە لە ئێرانەوە بە دەستی گەیشت دوای ئەوەی هەردوو وەزیری دەرەوەی عێراق و ئێران لە ١٧ی ئاداری ١٩٧٥ لەبارەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیرەوە گەیشتنە دوایەم ڕێککەوتن، لە نامەکەدا ئێران هەڕەشەی هاریکاریکردنی سوپای عێراقی کردبوو لە دژی کورد ئەگەر بێتو کورد

شەڕی نەوەستاندایە،[81] ئەستەمە ئەم بۆچوونە پشتڕاست بکرێتەوە، بگرە ئەگەر هیچ هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆش نەبوویێت، شا بژارەی بەهێزی بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر بارزانیی لە بەردەستدا بوو ئەویش دەستبەسەرداگرتنی چارەنووسی پەنابەرە کوردەکانی ئێران بوو، کە دەیتوانی وەک بارمتە بیانگرێت. لە سەرووی ئەمەشەوە چەند هۆکارێکی تر هەبوون، کە لە کۆتاییدا دەبووە هۆی وەستاندنی شەڕی بارزانی. بزووتنەوەکە دەکەوتە ژێر پاڵەپەستۆیەکی سایکۆلۆجیی گرانەوە: بزووتنەوەکە هەستی دەکرد لە پەتی ژیان پچڕاوە، هەرسێ دوژمنە کۆنەکەی عێراق و ئێران و تورکیا، کە بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندییان لەگەڵ عێراقدا سنوورەکانیان بە ڕووی پەنابەرە کوردەکاندا داخستبوو[82] لە دژی کورد هاریکاریی یەکترییان دەکرد، ئەمەریکا وەڵامی هیچ داخوازییەکی بزووتنەوەکەی نەدەدایەوە بۆ کۆمەککردن، بگرە کۆمەکی مرۆڤدۆستیش، دەستی ئیسرائیل بەهۆی سیاسەتەکانی ئێرانەوە بەسترابووەوە، حکوومەتی بەغداش دەرگەی دانوستاندنی داخستبوو. هەرچەندە بەشێکی کەمی بزووتنەوەکە پشتیوانیی بەردەوامبوونی شەڕی دەکرد، بارزانی جارێکی تر دژی شەڕ بڕیاری دەرکرد تا بەر لە ئازاری زیاتر بگرێت. هۆکارێکی تر، کە ڕۆڵێکی گرینگی لە بڕیارەکەی بارزانیدا هەبوو، بریتی بوو لەو ڕاستییەی کە بارزانی هەستی بەبێ ورەیی دەکرد و پیر و نەخۆش بووبوو. ئەمە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی بەسەر بزووتنەوەکەوە دەبوو، کە بوون و چارەسەری بزووتنەوەکە لەسەر ئەو دەوەستا. بەو پێگە تایبەتەی، کە بارزانی لەناو بزووتنەوەکەدا هەیبوو، بڕیاری ئەو لەناو ئەندامانی تری سەرکردایەتیدا بەرهەڵستی نەدەکرا. ئەمە دەبێتە هۆکاری ڕەخنەی سەرەکی لە دژی ئەندامانی تری سەرکردایەتی لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕش.[83]

ڕەخنە ئاراستەی ئەو پێوەندییە نێزیکانەش دەکران، کە بزووتنەوەکە لەگەڵ شادا دای مەزراندبوون، کە ڕەخنەگرەکان دەیانگوت، شا نیازی وا بوو "تا دوایەمین کورد" شەڕ لەگەڵ عێراقدا بکات. بارزانی پاساوی بۆ ئەم پێوەندییانە ئەوە بوو، کە ئێرانی سەردەمی شا تاکە لایەن بووە نیازی یارمەتیدانی کوردی هەبووبێ.[84]

توندترین ڕەخنە بریتی بوو لە پێوەندییە نهێنییەکانی بارزنی لەگەڵ ئەمەریکادا.

دوای ئەوەی شۆڕش نسکۆی هێنا، هەم کورد و هەم چاودێرە بیانییەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئاراستەی ڕووداوەکان بە جۆرێکی تر دەبوو ئەگەر کورد پێوەندیی لەگەڵ ئەمەریکادا دانەمەزراندبایە. لە نامەیەکدا بۆ سەرۆک هێنری فۆرد لە ١٩٧٧، بارزانی گوتی "دەمتوانی ڕێ لەو کارەساتە بگرم، کە بەسەر گەلەکەمدا هات ئەگەر بە تەواوی متمانەم بە گفتی ئەمەریکا نەکردایە. ئەوەش بە تەنیا لە ڕێی پشتیوانیی سیاسەتی بەعس و پێوەندیکردنی هێزی ئێمە پێیانەوە دەکرا، لەوێوە پێگەیەکمان دەگرتە بەر پێچەوانەی بەرژەوەندی و بنەماکانی ئەمەریکا دەبوو و کێشەی بۆ دراوسێکانی عێراق دروست دەکرد."[٨٥] بەبێ هەوڵدان بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا، دەکرێ بڵێین ئەمە ساویلکەیی بوو تەواوی سەرکۆنەکان بخرێتە سەر گفتە نادیار و نهێنییەکانی ئەمەریکا. لە ڕاستیدا، بنەمای ئەو مەسەلەیە پێکدادانێکی ڕاستەقینەی نێوان دوو بزووتنەوە بوو. ڕەگەزە دەرەکییەکان ئەو پێکدادانەیان دروست نەکردبوو، هەرچەندە ئەوان ئەو پێکدادانەیان پف دەدا و بۆ کەڵکی مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا. بگرە بۆچوونی بارزانیش لەسەر ئەوەی، لەبەر گفتی ئەمەریکا نەبوایە، سەرکردایەتیی کورد لەگەڵ بەعس دەگەیشتە ڕێککەوتنێک شتێکی تەواو ڕەتکراوە دەبوو. ئاراستەی تەواوی ڕووداوەکان ئاماژە بوون بۆ بێ متمانەییەکی قووڵی دوولایەنەی نێوان سەرکردایەتیی کورد و بەعس دوای ڕێککەوتننامەی ئادار. لەوەش زیاتر، بەعس سەرکردایەتیی کوردی لە سوچێکدا قەتیس کردبوو و هیچ ڕێگەچارەیەکی بۆ نەهێشتبوونەوە جگە لە شۆڕش. بۆیە پێ دەچوو ئەگەر کوردیش بیویستایە بگاتە ڕێککەوتنێک (کە گومانی تێدا بوو) لەگەڵ حزبی بەعس، کە لە پێگەیەکی بەهێزدا بوو، بەعس نیازی نەدەبوو ئەو کارە بکات. ئەمە ڕاست بوو لەبەرئەوەی بەعس بارودۆخەکەی هەڵدەگێڕایەوە تا کورد ناچار بەشەڕ بکات. ڕاستییەکە ئەوە بوو کە شۆڕشی کورد وەڵامێک نەبوو بۆ ئەو ئاراستە و داخوازییانەی لە دەرەوە لە لایەن ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیلەوە دەهاتن.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە، بەجێ هێشتنی شۆڕش لە لایەن بارزانی و بزووتنەوەکەیەوە، دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی پێش خۆی بوو: هەر

بزووتنەوەیەکی کورد کاتێ لە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان نێزیک بووەتەوە، لە زۆربەی کاتدا لە بەرامبەر پاڵەپەستۆ ناوەخۆیی یا دەرەکییەکان شەڕی وەستاندووە بە هیوای نوێکردنەوەی شۆڕش لە کاتێکی وادا، کە بارودۆخەکان گونجاو بن. نموونە بۆ ئەمە برێتی بوو لە شۆڕشی ١٨٨٠ شێخ عوبەیدوڵلا لە دژی ئیمپراتۆری فارسی بە پاڵپشتیی ئیمپراتۆری عوسمانی، شۆڕشی ١٩٢٥ی شێخ سەعید لە تورکیا، کۆماری مەهاباد (بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد)، کە لەلایەن یەکەتیی سۆڤیەتەوە پشتیوانیی لێ دەکرا و لە ١٩٤٧دا هەرەسی هێنا، لە کۆتاییشدا، ئەو ڕێنوێنییانەی لە لایەن بارزانییەوە دەدران، کە بۆ چەند جارێک کۆتاییی بە شەڕ هێنا لەو کاتەی هەستی دەکرد بارودۆخ گونجاو نییە و بە هیوای دەست پێکردنەوەی شۆڕش لە قۆناغێکی تردا. ڕۆیشتنی بارزانی بۆ تورکیا و ئێران و یەکەتیی سۆڤیەت بەشێک بوون لەو نموونەیە. خاسیەتێکی گرینگی تری ئەو شۆڕشانە برێتی بوو لەو ڕۆڵە بێ هاوتایەی سەرکردەکان چ لە بەرپاکردن و چ لە هەرەس پێهێنانی شۆڕشەکاندا دەیانگێڕا.

## ڕمانی شۆڕش

"ئێمە تەنیاین و بێ هاوڕێین. ئەمەریکا نە یارمەتیی داین و نە پەنای داین. وا هەست دەکەم ئێمە ئێستە دەچینە ناو ڕۆژە خەمناکەکانەوە."[٨٦] یەکسەر دوا بڕیاری کۆتاییهێنان بە شەڕ ئەم گوتەیە لە لایەن بارزانییەوە کرا. ڕاستیت دەوێ لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، شۆڕش نسکۆی هێنا و بەرهەمەکانی خەباتێک کە لە ١٩٦١ەوە بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەویش، خەونی ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە لە یەک هێرشی کتوپڕدا، لەدەست چوون. دۆخێکی نائومێدی و خەفەت و تووڕەیی و پەستی و ئاڵۆزی باڵی بەسەر ناوچەی کورددا کێشا کاتێ بڕیاری وەستاندنی شەڕ بە ئاشکرا ڕاگەیەنرا. بڕیارەکە تا دوا سات بە نهێنی مایەوە، بەڵام ئەو زەحمەتییەی، کە بە هۆی شەڕەوە بەسەر دانیشتوانەوە زیاد دەبوو ئیدی چڕتر دەبووەوە کاتێ دانیشتوان لە پڕ هەستیان کرد تەواوی خەبات هیچ و بێ بەها دەرچووە و چانسی نوێبوونەوەشی زۆر کەمە. ئەوە بە شێوەیەکی تایبەت زەحمەت بوو بۆ ئەو کەسانەی هەرسی ئەو هەواڵە

بکەن، کە بارزانی، سەرکردەی ئەفسانەیی، بڕیاری وەستاندنی شەڕی داوە. لە ئەنجامدا بگرە کەسانی خۆگر و ئەزموونداریش دەیاندا لە پڕمەی گریان یان خۆکوشتن، هەندێکی تر بەر لەوەی بڕۆن بۆ ئێران ماڵی خۆیان دەسووتاند و هەندێکی تریش ئەو فەرماندەیەی خۆیان دەکوشت کاتێ هەواڵی ناخۆشی وەستانی شەڕی دەگەیاند،[٨٧] کورد ئێستە سێ ڕێگەی لە بەردەمدا بوو، هەریەکەیان لەوەی تریان کێشەئامێزتر بوو: درێژەدانی شەڕ بەبێ پشتیوانی، بوون بە پەنابەر لە ئێران یانیش خۆبەدەستەوەدان بە حکومەتی بەغدا. سەرکردایەتیی شۆڕش، بە سەرۆکایەتیی بارزانی، چوون بۆ ئێرانیان هەڵبژارد. بارزانی ڕەتی دەکردەوە ملکەچی بەغدا بێت چونکە لەوە دڵنیا بوو لە لایەن بەعسەوە فەرمانی مردنی بەسەردا دەدرێت. لە ٣٠ ئاداری ١٩٧٥، بارزانی بەیەکەوە لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی کورددا بۆ ئێران ڕۆیشتن. تا ١ نیسان، زۆر لە شەڕوانانی تر توانییان بگەنە سنوور. چەکیان پێ دانرا، چەکەکانیان دایە دەستی دەسەڵاتدارانی ئێران و چوونە ناو پەنابەرە کوردەکانەوە کە لەو کاتدا ژمارەیان بە ٢٥٠٠٠٠ کەس دەخەمڵێنرا،[٨٨] بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکەی نێوان عێراق و ئێران، پەنابەرە کوردەکان لێبووردنێکیان بۆ دەردەچوو و دەیانتوانی بگەڕێنەوە عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، سەدام ڕای گەیاند ئەو ڕێ نادات چوار کەس بگەڕێنەوە: بارزانی و دوو کوڕەکەی و برازای بارزانی. ئەو کوردانەی لە عێراق مانەوە، ٢٠٠٠ کەس بۆ چیاکان ڕایان کرد بۆ بەردەوامیدان بە شەڕی گەریلایی، بەڵام زۆربەیان خۆیان بەدەست کاربەدەستانی بەغدا، دا دوای ئەوەی لە بەرامبەر ٣٥٠ دۆلاردا چەکەکانیان دەدایەوە،[٨٩] تاریکترین دەم بۆ کورد برێتی بوو لە باشترین دەم بۆ سوپای عێراق. ڕێککەوتننامەی جەزائیر بەبێ ماندووبوون کوردستانی بەدەستەوە دا. سوپای عێراق لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا توانی ئەو شتە بەدەست بێنێ، کە نەیتوانیبوو لە ماوەی ١٥ ساڵی شەڕدا بە دەستی بێنێ. دوای ماوەی بەزەیی، هێزی زرێپۆشی عێراق بەرەوپێش هەنگاوی دەنا، بەبێ پشتیوانیی هێزی ئاسمانی و بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک، چونکە شوێنی پێشمەرگە چۆڵ بووبوو. ئێزگەی بەغدا ڕای گەیاند دانیشتوان "بەخێرهاتنی هێزەکانی سوپایان کردووە و چەپڵە و پێشوازییان لێ

کردوون" کاتێ سوپای عێراقی لە ٢ نیسانی ١٩٧٥ لە ناوپردان چووەتە ناو بارەگەی بارزانییەوە،[٩٠] لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، سوپا دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی باکوردا گرت، بە ڕێگە چیاییەکانی نێوان باکوری عێراق و ئێرانیشەوە. فەرماندەیەکی سەربازی، کە لە هەڵمەتەکەدا بەشداریی کردبوو گوتی "هیچ پێویستی بە باڵەفڕ نەدەکرد، هیچ بەرهەڵستییەک نەبوو. یەک گوللەش نەتەقێنرا، یەک دڵۆپە خوێنیش نەڕژا. ئەرکی کۆنترۆڵکردنی (ناوچەی) سنوور بە تەواوی سەرکەوتوو بوو."[٩١] کاربەدەستانی بەغدا گرتنی کوردستانیان ئاسان و بەخێرایی بەکار هێنا بۆ لاسەنگکردنەوەی کۆڵدانی شەتولعەرەب و بەرزکردنەوەی وورەی سوپا، کە ڕێککەوتننامەی جەزائیر لاوازی کردبوو. سەدام دۆخەکەی بە هێمنی هێشتەوە، تاکو هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ دانیشتوانی کورددا نەپچڕێنێ. بەکر، کە کەمتر ئاڵۆز و کەم هەستیار بوو، لە ٧ی نیسان وتارێکی بەجۆشی پێشکێش کرد، کە تێیدا گرتنی کوردستانی وەسف کرد بە "ڕووداوێکی مێژوویی سەرەکی" و "پشووێکی مەزنی نیشتمانی عێراق... چونکە یاخییانی دواکەوتوو و فێڵەبازان لە (هەندێ) بەشی باکوری نیشتمان تا هەتایە لەناوبراون." بەکر لە وەسفی شەڕەکەدا وەک شەڕێکی "زەحمەت و دەستەویەخە" و لە وەسفی دوژمنیشدا وەک دوژمنێکی زەحمەت، کە "لە لایەن ئیمپریالیزمەوە بە بڕێکی زۆری چەکی هاوچەرخ چەکدار دەکرا،" پەسنی پاڵەوانیەتیی توانای "نوێی" سوپای عێراقی دەدا، کە بە گوێرەی قسەکانی ئەو بەشێکی گرینگی سەرکەوتنەکە بوو،[٩٢] کەچی بارزانی بۆچوونێکی جیاوازی لەبارەی چۆنیەتیی سەرکەوتنەکەی سوپای عێراقەوە هەبوو: "سەربازەکانمان مەیدانی شەڕیان بە نەبەزیوی جێ هێشت. سوپای عێراق، سەرەڕای بالایی لە ڕووی مادییەوە، نەیتوانی یەک سەرکەوتنیش تۆمار بکات. لە ماوەی ساڵێکی شەڕدا تەنیا چەند کیلۆمەترێک هاتە پێش، بە دەست زیانی زۆریشەوە دەیناڵاند. نەخێر، بڕیار لە دژی ئێمە لە ڕووی سیاسییەوە بوو."[٩٣]

شاعیری کورد سامی شۆڕش لە شیعرێکدا بەناوی "هەڵسانەوە" نسکۆی کوردی پوخت دەکاتەوە و هیواش دەخوازێت:

بە هەندرێنی کورد بڵێن

هەزارەها گوریسە خوێن بە تۆ ئەمانبەستێتەوە
بە سیروانی دەربەدەری بیابان بڵێن
بۆ هەر کوێیەک فڕێت بدەن
هەزارەها سەرچاوەی ڕوون بە تۆ ئەمانگەیەنێتەوە.
بە هەندرێنی کورد بڵێن
بە تفەنگ و خەنجەر بڵێن
بە کەلاوەی سەنگەر بڵێن
ڕۆژێ دادێ
ڕەشەبا بەردەرکی سەرای سلێمانی دەگرێتەوە
ڕۆژێ دادێ
هەوری سووری شۆڕش ئەجمێ و
پێشمەرگە هەڵدەستێتەوە.
بە هەندرێنی کورد بڵێن
قەت کێو بە کێو ناگا بەڵام
ئێمە بە تۆ ئەگەینەوە.

پەراوێز:

1. Michael Howard, "War and Nations," in Nationalism, eds. John Hutchinson and Antony Smith (Oxford: Oxford University Press, 1994), pp. 254–255.
2. Except for rare statements by Barzani and his confidants, for example, Barzani's interview in Newsweek (New York, weekly), 22 July 1974.
3. Al-Thawra (Baghdad, daily), 27 January 1983. At the end of the war, different versions appeared; the facts presented in these versions are suspected of having been altered.
4. Le Monde (Paris, daily), 10 July 1974.
5. Al-Thawra, 27 January 1983.
6. The hard core of the Peshmerga force amounted to 45,000 troops—with 60,000 reservists. Anthony McDermott, "The 1975 Crisis," Minority Rights Group Report no.
23 (London: Minority Rights Group, 1977), p. 16. For border lines, see also New York Times (New York, daily), 1 April 1974. 7. Public Record Office, FCO8/2307, 22 July 1974.
8. McDermott, "The 1975 Crisis," p. 19. In addition, there were Indian instructors. Chris Kutschera, Le mouvement national kurde (Paris: Flammarion, 1970), pp. 304, 316.

9. Public Record Office, FCO8/2307, 11 September 1974.
10. Public Record Office, FCO8/2308, 14 October 1974; Public Record Office, FCO8/2309, 31 December 1974; "The War in Kurdistan," Strategic Survey 75, no. 1 (1974): 84.
11. Al-Thawra, 28 April 1974.
12. Public Record Office, FCO8/2308, 26 November 1974.
13. "The War in Kurdistan," p. 83; New York Times, 10 March 1975; "The Days of Qala Diza and Halabja," available at www.kdp.pp.se/old/chemical.html.
14. Public Record Office, FCO8/2308, 28 October 1974; Public Record Office, FCO8/2309, 13 December 1974.
15. Public Record Office, FCO8/2309, 27 November 1974.
16. Public Record Office, FCO8/2309, 13 December 1974.
17. Geoff Simons, Iraq: From Sumer to Saddam (London: St.Martin’s Press, 1994), pp. 179–181.
18. George Black, "Introduction," in Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds (Washington, DC: Human RightsWatch; Middle EastWatch Report, 1993).
19. Public Record Office, FCO8/2308, 19 September 1974; Public Record Office, FCO8/2309, undated.
20. McDermott, "The 1975 Crisis," p. 17.
21. Quoted in ibid., p. 16.
22. Public Record Office, FCO8/2309, 5 December 1974.
23. Al-Thawra, 28 April 1974.
24. The Baghdad Observer (Baghdad, daily) , 31 July 1974.
25. Al-Thawra, 28 April 1974.
26. Public Record Office, FCO8/2308, 10 October 1974.
27. Public Record Office, FCO8/2308, 21 October 1974.
28. Public Record Office, FCO8/2308, 10 October 1974.
29. Amnesty International Report, 1975–1976 (London: Amnesty International, 1976), pp. 183–187 Free Kurdistan (London, irregular), no. 7, January 1976.
30. Baghdad attempted to prevent journalists from visiting the Kurdish area. Public Record Office, FCO8/2308, 16 October 1974.
31. For the world’s indifference to the Kurdish fate see, Denize Natali, The Kurdish Quasi-State (Syracuse: Syracuse University Press, 2010), pp. 21–28.
32. Public Record Office, FCO8/2308, 26 October 1974.AKurdish activist told me that, in order to smuggle a French journalist into Kurdistan, they had to walk one entire month from Syria via Turkey to Kurdistan to meet Barzani. Interviewed by the author, 15 June 2010.
33. Al-Hayat (London, daily), 1 November 1974.
34. Voice of Iraqi Kurdistan, 16 May 1974, cited in Daily Report, 17 May 1974.
35. Ismet Sheriff Vanly, "Kurdistan in Iraq," in A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, ed. Gérard Chaliand (London: Zed Press, 1980), p. 179.
36. Public Record Office, FO973/32, March 1979.
37. Total manpower including regular, reserve, and irregular was estimated at circa 200,000. Public Record Office, FCO8/2308, 26 November 1974;McDermott, "The 1975 Crisis," p.

16

38. Public Record Office, FCO8/2308, 24 October 1974.

39. Ofra Bengio, The Kurdish Revolution in Iraq (in Hebrew) (Tel-Aviv: Hakkibutz Hameuhad, 1989), p. 153. 40. Kutschera, Le mouvement, p. 316.

41. Al-Sayyad (Beirut, weekly), 30 May 1974.

42. Public Record Office, FCO8/2308, 29 October 1974. Senior officers also repeated their preference for a political solution in November. Public Record Office, FCO8/2308, 26 November 1974.

43. Kutschera, Le mouvement, p. 324.

44. Arab Report and Record, 1–15 May 1975.

45. Al-Thawra, 18 September 1980.

46. Public Record Office, FCO8/2308, 20 November 1974.

47. One thousand Iranian troops were engaged in the war. McDermott, "The 1975 Crisis," p. 16.

48. Al-Jumhuriyya (Baghdad, daily), 4 October 1974.

49. Al-Thawra , 13 October 1974.

50. Al-Hayat , 21 November 1974. The al-Da‘wa Party reached the peak of its activity in 1979–1980 after the Islamic revolution in Iran.

51. Amnesty International Report, 1975–1976, pp. 183–187.

52. Daily Mail, quoted by Ma‘ariv (Tel Aviv, daily), 30 September 1974.

53. Public Record Office, FCO8/2309, 27 November 1974.

54. Public Record Office, FCO8/2308, 19 November 1974.

55. See this thesis in Hayim Shemesh, Soviet-Iraqi Relations, 1968–1988: In the Shadow of the Iraq-Iran Conflict (Boulder: Lynne Rienner, 1992), p. 123.

56. Al-Nahar (Beirut,daily), 11 April 1974.

57. Public Record Office, FCO8/2309, 10 December 1974.

58. Radio Baghdad, 30 August 1974, cited in Daily Report, 3 September 1974.

59. Arab Report and Record, 16–31 December 1974.

60. Public Record Office, FCO8/2309, 18 December 1974.

61. Radio Baghdad, 11 February 1975, cited in Daily Report, 12 February 1975.

62. Al-Ahram, 21 February 1975, cited in Daily Report, 26 February 1975.

63. For the text of the first agreement, see Al-Thawra, 7 March 1975. For the text of the full agreement signed in June, see Orient 16, no. 3 (1975).

64. Edmund Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq (Syracuse: Syracuse University Press, 1981), p. 172; Iraqi News Agency, 10 March 1975, cited in Daily Report, 11 March 1975.

65. Radio Baghdad, 17 September 1980, cited in BBC, 19 September 1980.

66. Revolutionary Iraq 1968–1973, Report of the Eighth Regional Congress of the
Arab Ba‘th Socialist Party, Iraq, January 1974 (October 1974), p. 217.

67. Some defined the agreement as "completely a personal deal." The Guardian (London, daily), 22 March 1975.

68. An Iranian official mentioned that Iraq’s possible victory over the Kurds would turn Baghdad’s attention "to their number two target, namely Kuwait." Public Record Office,

FCO8/2307, 11 September 1974.
69. Reuters, 1 December 1974, cited in Daily Report, 2 December 1974.
70. The Village Voice (New York), 16 February 1976.
71. Mas`ud Barzani, Al-Barzani wal-Haraka al-Kurdiyya al-Taharruriyya, vol. 3 , p. 699.
72. The Village Voice, 16 February 1976.
73. Ibid.
74. Ibid.
75. For a Kissinger's changing policy toward Iraq see, Kenneth W. Stein, Henry Kissinger to Iraq in 1975: "We can reduce Israel's size," Middle East Quarterly ( Fall 2006): 71–78. 76. New York Times, 12 February 1976.
77. Henry Kissinger, White House Years (Boston: Little Brown, 1979), p. 1265.
78. Brent Scowcroft, Kissinger's deputy, was later quoted as saying: "We ended our support. It was just small potatoes." Quil Lawrence, Invisible Nation: How the Kurds' Quest for Statehood Is Shaping Iraq and the Middle East (New York: Walker; distributed by Macmillan, 2008), p. 28.
79. Iraqi News Agency, 13 March 1975, cited in Daily Report, 14 March 1975.
80. Iraqi News Agency, 19 March 1975, cited in Daily Report, 20 March 1975.
81. Kutschera, Le mouvement, p. 329.
82. Public Record Office, FCO8/2309, 19 December 1974.
83. Thirty-five years later, PUK supporters regarded Barzani's move as an act of treason. Being members of Peshmerga, they were convinced that the Kurds should have continued fighting in spite of all the difficulties. Kurdish intellectuals interviewed by the author, Sulaymaniyya, 4 May 2009.
84. Author interview with an anonymous official who was close to Barzani. {AU: date/year of interview?}
85. Ferhad Ibrahim, Die Kurdische Nationalbewegung im Iraq (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1983), p. 610.
86. Jerusalem Post (Jerusalem, daily), 23 March 1975.
87. For a description of these dramatic days, see Kutschera, Le mouvement, pp. 326–333.
88. McDermott, "The 1975 Crisis," p. 17. Phebe Marr, The Modern History of Iraq (Boulder, CO:Westview Press, 1985), p. 234. Marr estimated the number of refugees at between 100,000 and 200,000.
89. Ofra Bengio, The Kurdish Revolution in Iraq, p. 189.
90. Iraqi News Agency, 2 April 1975, cited in Daily Report, 3 April 1975.
91. DailyStar (Beirut, daily), 4 April 1975.
92. Al-Thawra, 7 April 1975.
93. Die Welt, 1 April 1975, cited in Daily Report, 2 April 1975.

٩

# قۆناغی گواستنەوەیی

ڕێککەوتننامەی جەزائیر و سەرکوتینەوەی شۆڕشی کورد چووە ناو سەردەمێکی نوێ لە مێژووی عێراق: لە ماوەی چەندین ساڵدا بۆ یەکەم جار، حزبی بەعس دەبووە فەرمانڕەوای تەنیا و نەهەژاوی سەرانسەری عێراق. سەدام حوسێن لەناو بژاردەی فەرمانڕەوادا بەردەوام بوو لە بەهێزکردنی پێگەی خۆیدا،[1] سەدام ئەو سەرکەوتنە ئاسانەی، کە لە کوردستان بۆ سوپا بە دەستی هێنا، لەناو هەرەمی سەربازیدا ڕێی بۆ بە سەرکەوتنی خێرا ئاسان دەکرد. بۆیە، لە ڕۆژی سوپادا، لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦، سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر پلەی جەنەراڵی بە سەدام دا، لەژێر کاریگەریی ئەو خەڵاتەی لە تەمووزی ١٩٧٣ پێی دا. لە تەمووزی ١٩٧٩، دوای ئامادەکاریی ورد، سەدام بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بوو بە سەرۆک، واتە فەرمانڕەوای باڵادەستی عێراق.[2]

## بەعس باشترینی هەموو سەردەمەکان

بە تەماشاکردنەوەی ڕابردوو، ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٨٠ باشترین ساڵەکانی ڕێژیمی بەعس بوون. ئەگەر لە ڕووی سیاسییەوە قسە بکەین، نەک هەر تەنیا هەڕەشەی کورد نەمابوو، هەڵبەتە بۆ ماوەیەکی کورت، بگرە ئەو هاوسەرکارییەی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیش لەگەڵ حزبی شیوعیدا ئەنجام درابوو، چیی تر پێویست نەدەبوو. لە ڕاستیدا، حزبی شیوعیی عێراق، بە یەک گورز، ڕۆڵی خۆی لە دەست دا، ئەو ڕۆڵەی، کە وەک هێزی هاوسەنگەر لە نێوان ڕێژیم و کورددا دەیگێڕا. لە چاوی بەعس حزبی شیوعی بووبووە سەرئێشەیەک دەبوو هێدی هێدی بەبێ تۆراندنی یەکەتیی سۆڤیەت، نەیهێڵێت. ئەم هەنگاوە کە لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەستی پێ

دەکرد، لە ١٩٧٩ بووە هۆی درزێکی ئاشکرا کاتێ حزبی شیوعیی عێراق دووبارە دەستی بە کاری نهێنی کردەوە.

لەسەر ئاستی سۆسیۆئیکۆنۆمیدا، کۆتاییهاتنی شەڕ لە کوردستان داهاتەکانی عێراقی بۆ مەبەستی تر ئازاد دەکرد. وڵات وا گەشایەوە پێشتر گەشانەوەی وای بەخۆوە نەدیبوو. داهاتە زۆرەکانی پیشەسازیی بەخۆماڵیکردنی نەوت بووە هۆی پرۆگرامی گەشەپێدانی بەرزخواز چ لە کەرتی مەدەنی و چ لە کەرتی سەربازی. یەکێک لەو پرۆگرامانە بریتی بوو لە هێڵێکی لوولە نەوتی ستراتیجی کە لە ١٩٧٧ تەواو کرا، کە لە کەنداوەوە درێژ دەبووەوە و بە ناو کوردستاندا بۆ تورکیا تێ دەپەڕی. هێڵی لوولە نەوتەکە بەرهەمە نەوتییەکانی زیاد دەکرد و عێراقی ڕزگار دەکرد لە پشتبەستان بەو هێڵە لوولە نەوتەی بە سووریادا تێ دەپەڕی. دروستکردنی هێڵی لوولە نەوتەکە، کە تەواو بوو بەبێ لەکارخستنێکی ئەوتۆ لەلایەن کوردەوە، گرینگیی ناوچە کوردییەکانی بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت زیاد دەکرد. بەشێکی زۆری داهاتەکان بۆ پرۆگرامە جیا جیاکانی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانکردنەوە تەرخان دەکران بە مەبەستی سوودگەیاندن بە خەڵک و جێی خۆکردنەوە لە چاوی ئەواندا، بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی لە بەهێزکردنی پێگەی سەدامدا دەکرد. بە شێوەیەکی لێکدژانە، کۆتاییهاتنی شەڕ لە کوردستان نەدەبووە هۆی کەمکردنەوەی تێچووی سەربازی. بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆری بودجە بۆ خێرا بەهێزکردنی سوپا تەرخان دەکرا، کە بریتی بوو لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی چەک و زیادکردنی قەوارەی سوپا و دەست پێکردنی کوورەی ناوکەیی لە ١٩٧٥.[٣]

پاڵنەرێکی گرینگی بەهێزکردنی بواری سەربازی بریتی بوو لە پێوەندیی ئاڵۆزی عێراق لەگەڵ ئێراندا. لە ڕووی تیۆرییەوە، بە گوێرەی گوتەی ئێزگەی تاران، ڕێککەوتننامەکە، کە لە حوزەیرانی ١٩٧٥دا ئیمزا کرا، سەردەمێکی تەبایی لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا دروست دەکرد و "کۆتاییی بە ٤٠ ساڵ ململانێ دەهێنا."[٤] لەگەڵ ئەوەشدا، لەژێر ڕواڵەتی دۆستانەی نێزیک و هاریکاری، تێڕوانینی نەیارانە و گومانکارانە لە دزەکردندا بەردەوام بوون. ئەم تێڕوانینانە لەلایەن عێراقەوە سەرچاوەی دەگرت بەهۆی لەدەستدانی سەروەریی خاکەکەی لە شەتولعەرەب و باڵی

سەربازیی بەهێزی ئێران و جیاوازییە بنچینەییەکانی نێوان ڕێڕەوی سیاسیی هەردوو ڕێژیم و ڕکابەریی بەردەوام لە نێوان هەردوولادا بۆ بالادەستی لە کەنداودا.

عێراق، چونکە چیی تر بە هۆی شەڕی کوردستانی ١٩٧٤- ١٩٧٥ و ململانێی لەگەڵ ئێران دەستی نەدەبەسترایەوە، دەیتوانی دەست بە پتەوکردنی پێگەی ناوچەیی بکات و هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پایەی سەرکردایەتی بدات، کە لە کەنداو و لە جیهانی عەرەبیش بە شێوەیەکی گشتی چاوی تێ بڕیبوو. ڕێگەیەک بۆ کردنی ئەمە بریتی بوو لە گەلاڵەکردنی سیاسەتێکی دەرەوەی ناتوندڕۆیانە، هەروەک لە نێزیکبوونەوە لەگەڵ ئەو وڵاتە عەرەبییانە پیشانی دەدا، کە هەواداری وڵاتانی ڕۆئاوا بوون وەک ئوردن و سعوودیە و میسر. لەلایەکی ترەوە، پێوەندییەکانی لەگەڵ سووریادا، کە بۆ ماوەیەکی درێژ بوو، ناسک بوون، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر بگرە خراپتریش دەبوون. سووریا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێککەوتننامەی جەزائیری سەرکۆنە دەکرد، چونکە هەروەک دیمەشق دووپاتی دەکردەوە، عێراق کۆڵی لە سەروەریی عەرەب داوە لە شەتولعەرەب و لە عەرەبستان (خوزستانی ئێران). لە ڕووی کردارییەوە، ڕێککەوتننامەکە هەڕەشەیەکی بۆ سەر سووریا دروست دەکرد چونکە ئاسانکاریی بۆ بەهێزکردنی باڵی سەربازیی عێراق دەکرد. لە هاوینی ١٩٧٦دا، عێراق بگرە هێزەکانیشی لەسەر سنووری لەگەڵ سووریادا کۆ کردەوە وەک وەلامێک بۆ تێوەگلانی سووریا لە لبناندا. هێڵی لوولە نەوتەکەشی بۆ تورکیا دڕکێک بوو لەژێر پێی سووریادا. هەموو ئەو پاڵنەرانە، بەیەکەوە لەگەڵ بەربەرەکانێیە کۆن و نوێیەکانی لەگەڵ بەغدا، وای لە دیمەشق دەکرد ببێتە پشتیوانی نوێی کورد. کوێتیش هۆکاری لە جێی بەدەستەوە بوو لە ترسی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر و پاڵەپەستۆی بەردەوامی بەغدا بۆ قایمکردنی جێ پێی خۆی لە دوورگەکانی واربا و بوبیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، کوێت لە دوورخستنەوەی ئەم پاڵەپەستۆیانەدا سەرکەوتوو بوو، ڕای گەیاند عێراق چیی تر هۆکارێکی بەدەستەوە نییە تا بچێتە ناو دوورگەکانی کوێتەوە چونکە ڕێککەوتنێک ئیمزا کراوە ڕێ بە عێراق دەدات بە ئازادی کەشتیوانی لە شەتولعەرەبدا بکات.

ئەنجامێکی تری ڕێککەوتننامەکە و نەهێشتنی شۆڕش بریتی بوو لە جۆرێک لە

هاوسەنگیی سیاسەتی عێراق لەگەڵ وڵاتانی ڕۆئاوا و وڵاتانی ڕۆهەڵاتدا. پێوەندییەکانی لەگەڵ فرەنسا هێزێکی پاڵنەری لە هەموو ناوچەکەدا کۆ دەکردەوە. سەبارەت بە ئەمەریکاش، هەرچەندە پێوەندییە دیپلۆماتییەکان تا دە ساڵی تریش بە پچڕاوی مایەوە، کەچی پێوەندییەکان لەسەر ئاستی ئابووریدا بەخێرایی گەشەیان دەکرد. لە بەرامبەردا، هەرچەندە عێراق لەگەڵ ڕێککەوتنەکەی یەکەتیی سۆڤیەتدا دابینکەری سەرەکیی چەکی عێراق بە پابەندی مایەوە، کەچی دەیویست کەمتر پشت بە یەکەتیی سۆڤیەت ببەستێ. لە بەدوادا گەڕانی ئەم سیاسەتەدا، عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێک، کە لە جەزائیر ئیمزای کرد، کاری دەکرد بۆ کەمکردنەوەی ئامادەییی دەوڵەتە زلهێزەکان لە کەنداودا. ئەمە لەسەر کەمکردنەوەی دەسڕۆیینی یەکەتیی سۆڤیەتیش لە عێراقدا جێبەجێ دەبوو. لەگەڵ کۆتاییهێنان بە شۆڕشی کورد، عێراق دەیتوانی لە پشتبەستانی بە یەکەتیی سۆڤیەت خۆی ڕزگار بکات، کە بە هۆی شۆڕشی کوردەوە زیاد بووبوو. ڕەچاوکردنێکی تر بریتی بوو لەو گۆڕانکارییە زۆرەی عێراق پلانی بۆ دانابوو، کە پێویستی بە تەکنەلۆجیا و شارەزاییی ڕۆئاوا هەبوو. ئارەزووی بەرزی عێراق لە بەدەستهێنانی ڕۆڵێکی سەرکردایەتی لەناو وڵاتانی بێلایەن دوا بەدوای ئەویش، پێویستیی پێشکێشکردنی وێنەیەکی بێلایەن لەگەڵ یەکێک لە دوو لایەنەکە لە سیاسەتەکانی عێراقدا ڕۆڵێکی گرینگی دەگێڕا،[5] لە کۆتاییدا، دەبێت بیروڕای ناجێگیری سەدام خۆی لە بەرامبەر یەکەتیی سۆڤیەت لە بەرچاو بگیرێت، کە تێکەڵەیەک بوو لە هاریکاری و هەستکردن بە بێزاری و نامتمانەیی.

لە ماوەی ٥ ساڵی ڕێککەوتننامەی جەزائیردا، عێراق لە ڕۆڵێکی سەرکردایەتیی دیاردا خۆی وەک هێزێکی ناوچەیی جێگر دەکرد. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێگەی توانا و هێمنیی ڕێژەییی ناوەخۆیدا ئاسانکاریی بۆ دەکرا، لە ڕێگەی بەهێزیی ئابووری و سەربازی، ئەویش بە هۆی داهاتەکانی نەوتەوە، هەروەها لە ڕێگەی بۆشاییی سیاسی لە سەرکردایەتی عەرەبی دوا بەدوای ڕێککەوتننامەی کامپ دەیڤید لە نێوان میسر و ئیسرائیل، کە لە ١٧ ئەیلوولی ١٩٧٨دا ئیمزا کرا و لە پایزی هەمان ساڵدا لە کۆنفرانسی تۆقەلان لە بەغدا عێراق لە کەڵکی خۆیدا بەکاری هێنا. لە هەمان

کاتدا دوای کەوتنی شا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران ١٩٧٩ بۆشاییەکی تر لە کەنداو پەیدا بوو.

## دووبارە پەروەردەکردنی کورد

نیکۆلۆ ماکیاڤیلی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی، میر، لەبارەی بەڕێوەبردنی هەرێمێکی دەستبەسەرگیراوەوە ئەم ڕێنوێنییەی خوارەوەمان پێ دەدات: "بۆ بەدەستهێنانی شتێک ڕێگەیەکی دڵنیاکەرتر لە وێرانەکاری نییە. هەر کەسێک کە دەبێتە گەورەی شارێک، کە بە ئازادی ڕاهاتوون، ئەو ئەگەر شارەکە وێران نەکات دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکات شارەکە ئەو وێران بکات."[٦] ڕێژیمی بەعس ڕێک هەوڵی دەدا ئەمە بکات. یاداشتێکی ناوخۆی حزبی بەعس، کە لە نیسانی ١٩٧٥ بڵاو بووەوە، ئەمەی تێدا هاتبوو: "ئامانجی ستراتیجیی ئێمە بۆ کێشەی بەناو کورد ئەوەیە نە لەناو ئەم نەوەیە و نە لەناو نەوەی داهاتوودا سەرهەڵنەداتەوە."[٧] بۆ بەدەستهێنانی ئەمە، بەغدا چەند ئامانجێکی ماوە کورتی دەکردە مەبەستی خۆی: تێکشکاندنی پێناسی ناسیۆنالیزمی کورد و تواندنەوەی کورد لەناو کۆمەڵگەی عەرەبدا، لەت لەتکردنی سەرکردایەتیی کوردیی پێشوو، خراپکردنی پێوەندییەکانی کورد لەگەڵ جیهانی دەرەوە و لەوێشەوە ڕێگرتن لە دووبارە خۆڕێکخستنەوەی کورد، دەرکردنی کورد لە ناوچە ستراتیجییەکان، لە کۆتاییشدا، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پێگەیەکی نوێی جەماوەری بۆ ڕێژیم. ئەو بۆشاییەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد بەجێی دەهێشت و ئەو ترسەش کە دوای ڕمانی شۆڕشەوە دووچاری دانیشتوانی کورد هات یارمەتیی بەغدای دەدا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی خۆی. هەرچەندە پاڵنەری پلانەکە دوای ساڵێک رووخا، بەڵام کەمێک لە پێکهاتەکانی تا ماوەیەک بەردەوام بوون.

ئامانجی ماوە درێژی حکوومەت بریتی بوو لە لێدانی مەلا مستەفا بارزانی و دوو کوڕەکەی و هۆزی بارزان لەبەر ڕۆڵی سەرەکییان لە بزووتنەوەی کورددا. ئاوارەبوونی بارزانی بۆ ئێران کێشەیەکی گەورەی بۆ ڕێژیم چارەسەر دەکرد. لە ڕاستیدا، تۆڵەسەندنەوە لە بارزانی بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بوو. بگرە ئەو کاتەی

کە لە دەرەوەی عێراق لە ئاوارەییدا بوو، بارزانی هێشتا سەرچاوەی نیگەرانیی بەعس بوو، چ لەبەر دەسڕۆیینی لەناو کورد چ لەبەر زیندوویێتی و شارەزاییی لە خۆڕزگارکردندا. کاتێ بارزانی لە ١٩٧٥ لە ئێران بوو، بەغدا سێ هەوڵی، هەڵبەتە ناسەرکەوتووانەی، غافڵکوژیی لە دژ ئەنجام دا،[٨] لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانیی بەغدا، هەم وەک پیاوێک و هەم وەک سەرکردەیەک، بەمە کۆتایی دەبوو چونکە بارزانی چیی تر توانای گەڕێکی تری شەڕی نەمابوو. دوای مانەوەی بەناچاری لە ئێران بۆ ماوەی چەند مانگێک، بارزانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مافی پەنابەریی سیاسیی پێ درا و هەر لەوێش لە ئاداری ١٩٧٩ بەهۆی شێرپەنجەوە کۆچی دواییی کرد. شوێنکەوتووانی وی لە ترسی دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەویان لە ئێران ناشت. پێ دەچوو بە مردووییش، بارزانی نەیارەکانی ترساندبێ. بە گوێرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەکرێگیراوانی عێراق لە ساڵی ١٩٨١ هەوڵیان دا تەرمەکەی بدزن. چارەنووسی تراجیدییانەی بارزانی کۆتای بە سەردەمێک لە مێژووی خەباتی کورد لە عێراق دەهێنا، کە چاودێرێک بە کۆتاییهاتنی بەهێزترین "دەوڵەتی کوردی" وەسفی دەکات لەوەتەی فەرمانڕەواییی بەدرخانەوە.[٩] دەرچوونی بارزانی لەسەر تەختەی شانۆ بە خراپی زیانی بە بزووتنەوەیەکی کورد دەگەیاند، کە کەسایەتییەکی کاریزمایی و یەکخەری لەدەست دەدا. بە بۆچوونی توێژەرێک، هۆکاری سەرەکی، کە بەشداریی لە هەڵسانەوەی مەزنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیی ساڵانی شەست و حەفتاکان کرد ئەو پروپاگەندانە نەبوون، کە لەلایەن ڕووناکبیرانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەکرانەوە، بگرە سەرکەوتنە سەربازییەکانی بارزانی بوو، کە سەرچاوەیەکی شانازی و جەختکردنەوەیەکی پێناسی لەخۆ دەگرت.[١٠]

ئەو جارە لەناو لیستی ئامانج لێگیراوان دوو کوڕەکەی بارزانی بوون: لە کانوونی دووەمی ١٩٧٩، کاتێک بارزانی لە ڤیەننا بوو هەوڵێک بۆ کوشتنی درا. لە تشرینی دووەمی ١٩٨٠، عوبەیدوڵڵا کە هاریکارێکی لەمێژینەی سەدام بوو، کوژرا کاتێک لە کۆبوونەوەیەکی حکوومەتدا لەگەڵ سەدامدا دەبێتە دەمەقاڵێیان. لە پایزی ١٩٨٣ دوو کوڕەکەی تری بارزانی، سابیر و لوقمان، کوژران لەبەرئەوەی گومانی هاریکاریکردنی ئێرانیان لێ دەکرا،[١١] لەگەڵ ئەوان پازدە بارزانی کوژران. لە هەمان

کاتدا، ۸۰۰۰ پیاوی هۆزی بارزانی بە گەورە و بچووکەوە، هەروەها لایەنگرانیان کۆ کرانەوە و ڕاپێچی بەغدا کران. شوێنبزر کران و بیست ساڵ دواتر پرووسکیان دۆزرایەوە،[١٢] کاتێ ئیدریس لە شوباتی ١٩٨٧ بە وەستانی دڵ مرد، ئێزگەی بەغدا کەیفخۆشیی خۆی نەدەشاردەوە: "با بڕوا بۆ دۆزەخ، کە دوایەمین جێگەی ئەوە."[١٣]

کێشەیەکی تر، کە ڕووبەڕووی بەغدا دەبووەوە بریتی بوو لە پەنابەرە کوردەکانی ئێران. بە دووپاتکردنەوە لەسەر ئەوەی پەنابەرەکان بۆمبێکی دانراوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بوون بۆ ئێران، ئێران پاڵەپەستۆی بەردەوامی دەخستە سەریان بۆ گەڕانەوە عێراق. عێراق کە هیچ بژارێکی تری لە بەردەستدا نەبوو، بە بەردەوامی بە دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ پەنابەرەکان وەڵامی دەدایەوە تاکو هانیان بدات بگەڕێنەوە. پەنابەرەکان بە لێشاو دەگەڕانەوە، زۆرترینیان لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ بوو کاتێ ٥٠,٠٠٠ کەس لە عێراق نیشتەجێ بوونەوە. کەچی زۆر لە کورد، بە تایبەتی لەناو چینی سەرکردایەتی، لە ژیانی خۆیان دەترسان و ڕەتیان دەکردەوە بگەڕێنەوە. ئێران تا "بڕوایان" پێ بکات، پاڵەپەستۆی خۆی دەخستە سەریان وەک ڕەشبگیری و سەپاندنی قەدەغەی هاتوچۆ و پەرش و بڵاوکردنەوەی کورد لە جێگە جیاوازەکانی ئێران[١٤] و پێ نەدانی باری ڕەگەزنامە و پەنابەری. لە ئەنجامدا زۆربەی کورد، تەنیا ٣٠,٠٠٠ کەس نەبێت، تا ١٩٧٦ گەڕانەوە عێراق. لەگەڵ ئەوەش، ئامانجی سیاسەتی عێراق بریتی بوو لە بە پەنابەرکردنی ئەوان لە وڵاتی خۆشیاندا. لەناو ئەوانەی گەڕانەوە یا خۆیان بەدەست دەسەڵاتداران دا بریتی بوون لە ئەندامانی ئەزموونداری سەرکردایەتی وەک ساڵح یوسفی و دارا تۆفیق و حەبیب محەمەد کەریم و عومەر مستەفا، هەموو ئەمانە پۆستی حکوومەتیی بچووکیان لە دووری ناوچەی کوردستاندا پێ درا. ئەو پێشمەرگە و کوردانەی چارەنووسیان باش نەبوو دەستبەسەر کران یا گیران. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبووردنی ناودەوڵەتی (Amnesty International)، نزیکەی ٢٠٠ کورد لە ماوەی ساڵێک دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەدار دران،[١٥] لەگەڵ ئەوەشدا، پەنابەرە کوردەکان لە ئەوروپا ڕایان دەگەیاند کەوا ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە.

هاوتەریب لەگەڵ ڕێنوێنییەکەی ماکیاڤیلی لەبارەی گرینگیی پەڕاگەندەکردن و

بڵاوەپێکردنی دانیشتوانێکی داگیرکراوەوە،[16] بەغدا ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی ئاوارەی ناوچەی شیعەی لە خوارووی عێراق دەکرد، لەوانە پارێزگاکانی زیقار و قادسیە و موسەنا و ڕومادی، بە مەبەستی تواندنەوەی ئەوان لەناو ژینگەیەکی نوێی عەرەبی شیعەدا. ئەم سیاسەتە هەڕەشەیەکی تایبەت بوو بۆ سەر کورد چونکە ئەوانی لە ناوچەی سروشتیی خۆیان ڕیشەکێش دەکرد و بارودۆخی کەشوهەوا و کۆمەڵایەتیی سەختی بۆ دروست دەکردن. کاربەدەستانی عێراقی ڕایان گەیاند، کە ۳۰,۰۰۰ تا ۵۰,۰۰۰ کورد کەوتنە ناو پلانەوە لە کاتێکدا سەرچاوە کوردییەکان قسە لەبارەی ۲۰۰,۰۰۰ تا ۳۰۰,۰۰۰ دەکەن. سەرچاوەیەکی دواتر ژمارەی کوردە دەربەدەرەکانی بە ۶۰۰,۰۰۰ دادەنا،[17] کورد دەکەوتنە ناو یەکێک لەو خانانەوە: ئەو پەنابەرانەی لە ئێران دەگەڕانەوە لەوانە پێشمەرگەش، ئەو کوردانەی لەسەر سنووری ئێران و تورکیا و سووریا بوون، کوردی ناوچەگەلی جێناکۆک (وەک کەرکووک و خانەقین) و ناوچە ستراتیجییەکانی تریش.

بەپێی وەزیری ڕاگەیاندنی ئەوسا تاریق عەزیز، کورد لە شێوەی گرووپی ۵ تا ۱۰۰ خێزانی ڕەوانەی گوندی عەرەب دەکران "تاکو فێری زمانی برا عەرەبەکانیان بن و لێیان تێ بگەن" و هەروەها تاکو بە ئازادی لە سەرانسەری عێراقدا بگەڕێن کاتێک دووبارە پەروەردەکردنیان کۆتاییی پێ دێت. سەبارەت بە چالاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگە، تاریق عەزیز ڕای گەیاند ئەوان لە کامپە تایبەتەکاندا کات بەسەر دەبەن، کە لە برا بەعسییەکانیانەوە گوێ لە دەرس لەبارەی "یەکەتیی نیشتمانی و ئۆتۆنۆمیی کوردەوە" دەگرن."[18]

بە گوێرەی کورد، ئەم کەمپانە هیچ نەبوون ئەوە نەبێ وانەی بەعسیان بە چالاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگوتەوە. تاریق عەزیز جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە چەند سەرکردەیەکی بزووتنەوەکە پۆستی حکوومەتییان وەرگرتووە، هەرچەندە "ئێمە دەمانتوانی لەداریان بدەین."[19] سێ لەوان، دارا تۆفیق و ساڵح یوسفی و حەبیب محەمەد کەریم، لە ڕاستیدا لە ۱۹۸۰- ۱۹۸۱ کوژران. لە تەمووزی ۱۹۷٦، سەدام ئاماژەی بە سیاسەتی دەربەدەرکردن کرد، ددانی دەنا بەوەی کاربەدەستانی بەغدا دانیشتوانی چەند گوندێکیان لەسەر سنوور و ناوچە ستراتیجییەکان بۆ

"چەند ناوچەیەکی کۆمار" گواستووەتەوە. سەدام ددانی بەوەشدا دەنا کە ئەو کوردانەی بەم دواییە لە ئێران گەڕاونەتەوە، بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق گواستراونەتەوە،[٢٠] لە هەمان کاتدا ڕای گەیاند کە حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە ئەم ڕێوشوێنانە بە تەواوی بوەستێنێ، چونکە بە گوێرەی سەدام، یەکێتیی نیشتمانی و ئاسایش و هێوریی ئێستە لە عێراق بەرقەرارە،[٢١] گونجاوە پاڵنەری کۆتاییهێنان بەم سیاسەتە تەواو پێچەوانە بێت، واتە، نوێبوونەوەی هەڵچوون لەنێو کورد و بەریەککەوتنی دیاری نێوان کورد و شیعە لە ناوچە کوردییە نوێیەکانی نیشتەجێبوون. بە گوێرەی سەرچاوەیەکی عێراقی تەنیا ٦٠٠٠ کورد لە کۆتاییی ١٩٧٦، کە زۆربەیان بارزانی بوون، لە خوارووی دەمانەوە،[٢٢] تەنیا لە ١٩٧٩ ڕێیان پێ دەدرا بۆ کوردستان بگەڕێنەوە.

قۆناغێکی تری پلانی بەغدا بریتی بوو لە پاکتاوکردنی ئەوانەی لە سنوورەکانی ئێران دژەیان دەکرد. ڕێککەوتنی سنوور، کە لە حوزەیرانی ١٩٧٥ لەگەڵ ئێران ئیمزا کرا، مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشەیەدا دەکرد. ڕێککەوتنەکە میتۆدی جێگیر و پێناسەکراوی لەخۆ دەگرت بۆ کۆنترۆڵکردنی دزەکردووان. لە حوزەیرانی ١٩٧٦، ڕێککەوتنێک لەگەڵ تورکیاش سەبارەت بە سنوور ئیمزا کرا (دواتر سێ ڕێککەوتنی تریشی بە دوا داهات لە ١٩٧٨ و ١٩٧٩ و ١٩٨٤). ڕێوشوێنێک تایبەت بوو بە دامەزراندنی پشتێنەیەکی ئاسایشی ١٠ تا ٢٠ کیلۆمەتر پان، بە درێژاییی سنووری باکور لە ڕێگەی چۆڵکردنی تەواوی دانیشتوانی کورد لە گوندەکانیان و گواستنەوەیان بۆ جەرگەی ناوچەی کوردەواری یان بگرە بۆ خوارووی عێراقیش. مەبەست لەم ڕێوشوێنە ڕێگرتن لە دزە یان لە هاریکاری بوو لە نێوان کوردی هەردوولای سنوور. یەکە پاسەوانییە سنوورییەکانی عێراق، کە کوردیان لەخۆ نەدەگرت، پاسەوانیی ناوچە چۆڵکراوەکانیان دەکرد. ئەو شتەی کە لە تێڕوانینی کورد جێی مەترسی بوو بریتی بوو لەو جۆرە مامەڵەیەی، کە لەگەڵ کەرکووک، کە کورد دەیانویست بیخەنە ناو ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەوە، دەکرا. ڕژێم تا بە یەکجاری ڕێ لە بانگەشەی کورد بۆ کوردیبوونی کەرکووک بگرێت، دەستی دەکرد بە ڕاگواستنێکی چڕی دانیشتوان کە بریتی بوو لە دەرکردنی کورد و نیشتەجێکردنی

عـەرەب لە جـێگەیـان. دەنگۆ هـەبوو کـە بگرە مـیـسـریشـیـان دەهـێنا تا لەو نـاوچانە نیشتەجێیان بکەن،[23] لە شوباتی ١٩٧٦، ڕێوشوێنی ئیداری بۆ لەتکردنی پارێزگاکە دەگیرا بەر: ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردنشین بوون لە کەرکووک هاتنە دابڕین بۆ پارێزگاکانی وەک سلێمانی لە کاتێکدا کەرکووک خۆی و پارێزگای حەویجە (کە هەردووکیان بە نەوت دەوڵەمەند بوون) کران بە یەک قەزای بچووک. لەوەش زیاتر ناوی کۆنی کەرکووک گۆڕا بۆ تەئمیم (بەخۆماڵیکردن)، کە ئاماژەکردن بوو بۆ بەخـــۆمـــاڵیکردنی هەم ناوچەکـــە و هەم نەوتەکـــەشی شـــان بەشـــان لەگـــەڵ موسادەرەکردنی ناوچەکە لە کورد و جەختکردنەوە لەسەر سیفەتی عەرەببوونە نوێیەکەی.

گـــۆڕینی ناوی کـــەرکـــووک بەشـــێک بوو لە پرۆســـەیەکی چڕ و دوور و درێژی نەهێشتنی پێناسی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەعەرەبکردنی کوردستان. ناوی خانەقین، ناوچەیەکی تری دەوڵەمەند بە نەوت بوو، گۆڕا بۆ عروبە. حاجی ئۆمەران، بارەگەی بزووتنەوەی کوردی، بوو بە ئەلنەسر (سەرکەوتن). هەندێ گوندی تر ناوی نوێیان وەردەگرت، بۆ نموونە، کەرامە، حورییە، حەیفا، یافا و قودس. بەکارهێنانی ناوی کوردستان قەدەغە کرا. ناوەکە گۆڕا بۆ ناوچەی باکور (منطقة الشمال) یا ناوچەی ئۆتۆنۆمی (منطقة الحکم الذاتي). زاراوەکانی کورد و کـــوردســـتـــان لە پرۆگرامی خوێندن و لە ناوی کۆمەڵە پیشەییەکاندا لادران. کاتێ چالاکێکی ئافرەتی بەعس لەبارەی لادانی وشەی کوردییەوە لە کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد داوای ڕوونکردنەوەی لێ کرا، لە وەڵامدا گوتی "چیی تر ئەو وشـە ژەهراوییـە بەکـار ناهێنین."[24] ڕێوشوێنی تر بریتی بوون لە: قەدەغەکردنی گوتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچانەی نەدەکەوتنە ناو ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە، کۆتاییهێنان بە کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد و کۆمەڵەی مامۆستایان و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، هەڵوەشاندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد و کۆسپ دانان لە بەردەم پێشکەوتنی زانکۆی سلێمانیدا، کە بووبووە پەناگەیەکی چالاکیی ناسیۆنالیستە کوردەکان. حکوومەت مامۆستایە کوردەکانی بۆ زانستگەکانی تر گواستەوە، کۆلێجی کەم کردەوە، ڕێژەی عەرەب لە زانکۆی سلێمانیدا زیاد کرد و لە کۆتاییدا لە ١٩٨١ زانستگەکەی بۆ

هەولێر گواستەوە بە هیوای کۆنترۆڵکردنێکی زیاتری چالاکیی ناسیۆنالیستە کوردەکان. سێ ڕۆژنامەی سەر بە کوردی عێراق داخران. لە شوباتی ١٩٧٦ ئەلتەئاخی، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە خزمەتی بەعسدا بوو، داخرا و سەرنووسیارەکەشی عەزیز ڕەشید عەقراوی گیرا. بگرە ئەو کوردانەی لایەنگری بەعسیش بوون لە تۆڵەسەندنەوەی بەغدا ڕزگاریان نەبوو. ڕۆژنامەیەک کە ڕەنگدانەوەی ڕوحێکی نوێ بوو، ئەلعێراق، لە جێگەی ئەو دەرچوو. هەوڵەکانی بەعەرەبکردنی کوردستان چەند ڕێوشوێنێکی تریشی لەخۆ دەگرت، لەوانە دەرکردنی کاربەدەستانی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دانانی عەرەب لە جێگەیان، دابینکردنی ٥٠٠ دینار وەک هاندەرێک بۆ هەر عەرەبێک ژنێکی کورد بخوازێت،[٢٥] هەروەها پلانێکی دوور مەودا و ماوە درێژی تر لە ١٩٧٥ برێتی بوو لە پێدانی ڕەگەزنامەی عێراق، شان بەشان لەگەڵ کۆمەڵێک سەرپشکایەتی و هاندەر، بۆ عەرەبی وڵاتە عەرەبییەکانی تر تاکو ڕێژەی کورد لەناو دانیشتوانی عێراقدا کەم ببێتەوە،[٢٦] لە هەمان کاتدا حکوومەت پلانی گەشەپێدانی بەرفراوانی بە بەهای ملیۆنان دۆلار ڕادەگەیاند، لەوانە بنیاتنانی "گوندی نموونەیی"، قیرتاوکردنی ڕێگەی ستراتیجی، جێبەجێکردنی چاکسازیی ئاودێری و دروستکردنی کارگە و شوێنی گەشتیاری لە باکور. لە کاتێکدا مەبەست لەم پلانانە بۆ هێورکردنەوەی دانیشتوانی کورد و پێشاندانی نموونەیەکی ئەرێنی بوو بۆ جیهان، کەچی بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەست لێی شکاندنی ئەو شێوازە کۆمەڵایەتییە کۆنانە بوو، کە سەرکردایەتیی کوردی پێشوو دەسەڵاتی لێ وەردەگرت و بەهێزکردنی چنگی حکوومەتی ناوەندیش بوو لە ناوچەی باکوردا. نێزیکەی ٢٥٠,٠٠٠ کورد کە لە نێزیک سنوور و لە ناوچەی تری کوردیدا دەژیان بۆ گوندە نموونەییەکان گواسترانەوە، کە لەو شوێنانە بنیات دەنران دەسەڵاتداران بە ئاسانی دەیانتوانی بچنە ناویانەوە،[٢٧] دانیشتوانەکە لە سەرچاوەکانی پێشووی دەسڕۆیین و سەرکردایەتی دەهاتنە ڕنینەوە، ئێستەش لەژێر چاودێریی سوپادا دەبوون. لەوەش زیاتر، لەبەرئەوەی کورد بە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی زەحمەتدا تێ دەپەڕین، بۆ بەعس ئاسان بوو لە بەرامبەر مووچەیەکدا لە سوپا وەریان بگرێت. لەژێر پەردەی چاکسازیی ئاودێری،

دەسەڵاتدارانی بەغدا خاوەنداریەتیی زەویوزاریان لە کوردەوە دەگواستەوە بۆ ژێر دەستی عەرەب، بە تایبەتی لە ناوچەی باشووری ئۆتۆنۆمی،[28] دەسەڵاتداران دەستیان بەسەر کەلوپەلی کوردە خاوەن زەویوزارەکانیشدا دادەگرت،[29] بەمەش، خاوەن زەویوزارەکان سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵاتیان لەدەست دەدا. لەوەش زیاتر، گەشەپێدانی پیشەسازی ڕاگەیەنرا بە ئامانجی زیادکردنی بەشارستانیکردن و گەشەپێدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شکاندنی دڵسۆزییە عەشیرەتییە کۆنەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرێمی کوردستان "وەک کەرتێکی کشتوکاڵی بێ بەرهەم مایەوە."[30] ئەو ڕێگە ستراتیجییە نوێیانەی، کە لە باکور دەگیرانە بەر مەبەست لێیان چەند شتێک بوو، لەوانە ڕێگرتن لە شەڕوانانی پێشمەرگە لە بەدەستخستنەوەی زەوییەکانیان، خستنە ژێر کۆنترۆڵی شوێنە دوورەکان لە لایەن بەعسەوە و ڕێگەدان بە بڵاوکردنەوەی خێرای سوپای عێراق. هەروەک وای لێ هات، بە مۆدێرنەکردن بوو بە شمشێرێکی دوو سەرە. لە کاتێکدا، ڕێی بە هاتنە ناوەوەی بەعس دەدا بۆ ناو جەرگەی کوردستان، پێناسی ناسیۆنالیزمی کوردیشی بەهێز دەکرد.

جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی هۆکارێکی سەرەکی بوو، کە ڕێژیم لە ڕێگەیەوە دەیویست ڕێگەیەک بۆ ناو جەرگەی دانیشتوانی کورد بدۆزێتەوە و بناخەی بزووتنەوەی کورد لاواز بکات. هەرچەندە بەغدا دەستی لە ئۆتۆنۆمی هەڵنەدەگرت، هەتا بگرە لەو کاتەش، کە توانای ئەوەی هەبوو، بەڵام بەغدا ئۆتۆنۆمییەکەی دەگۆڕی بۆ "ئۆتۆنۆمییەکی تەنیا بە ناو" کە خاڵی بوو لە دەسەڵاتی حوکمی زاتی. سەدام، کە بەردەوام قسەی لەبارەی ئۆتۆنۆمییەکەوە دەکرد، خاسیەتێکی تایبەتی باس کرد، کە ڕێژیم حەزی دەکرد ڕاوێژی لەسەر بکات: "بڕیاری ئێمە لە گەشەپێدانی ئۆتۆنۆمی تاکو یەکەتیی عێراقی بێ بەهێز بکەین، بڕیارێکی کۆتاییە."[31] ڕادەی ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییەی دەیویست خزمەت بە یەکەتیی عێراق و بەعس بکات لەو ڕاستییە دیار بوو، کە لە کاتی دووەم خولی ئەنجوومەنی یاساداناني کوردستان کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ دەستی پێ کرد، ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە لایەن مەجلیسی قیادەی سەورەوە دیاری کران. لەوەش زیاتر سەرۆکی ئەنجوومەنە ڕاپەڕاندنە نوێیەکە،

ئەحمەد عەبدولقادر نەقشبەندی، کە کورد بە گاڵتەپێکردنەوە بە "بەڕێز ئۆتۆنۆمی" ناویان دەهێنا، سەرۆکی حزبی بەعس بوو لە باکور. نە پەرلەمانەکە و نە ئەنجوومەنی راپەڕاندن هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیان نەبوو. هەتا بگرە پێگەی جێگری سەرکۆماریش، کە تەها محیەدین مەعرووف بوو، هەر تەنیا ناوی هەبوو هەروەک چۆن پێگەی چوار وەزیرەکەش هەر وا بوو. ئەم کاربەدەستانە، کە وەک ناوبژیکەر کاریان دەکرد، پێ نەدەچوو هیچ ئارەزووەکی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی دەرببڕن و لە ڕاستیدا وەک بارمتەیەک بۆ برەودان بە سیاسەتی بەعس بەکار دەهێنران.

سیاسەتێکی تر، کە لە ڕێگەی سەرکوتکردنی شۆڕش و هەنگاونان دژ بە ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمیی کوردەوە جێبەجێ دەکرا، ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی حزبی بەعس بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای بەعس لەناو کورددا بە تەبەنیکردنی ئایدۆلۆجیایەکی ڕوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی. حزبی بەعس لە هەموو پارێزگاکانی باکور، بە گوندە نموونەییەکانیشەوە، لقی خۆی لێ دامەزراند. بە ئاشکرا بانگەشەی وەرگرتنی کوردی بۆ ناو حزبی بەعس دەکرد و بگرە پاداشتیشی بەو کەسانە دەدا، کە پێوەندییان بە حزبەکەوە دەکرد: بۆ نموونە، بە پێدانی پۆست لە وەزارەتەکانی حکوومەت بۆ ئەندامانی پارتە کوردییەکان و ڕاگرتن لە بە بەرەوپێشچوونی ئەو کوردانەش، کە خۆیان لە بەئەندامبوون بە دوور دەگرت. لە گەڕانێکی بەناو پارێزگاکانی باکور لە ئاداری ١٩٧٩دا، سەدام داوای لە کورد دەکرد پێوەندی بە حزبی بەعسەوە بکەن، چونکە، هەروەک سەدام دەیگوت، جیاوازی نە لە نێوان کوردبوون و بوونە ئەندامی بەعس هەیە و نە لە نێوان کوردبوون و بوون "بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەبی" هەیە. هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ تێکەڵکردنی کوردبوون و عەرەببوون گەیشتە ئەو ڕادەیە سەدام ڕای گەیاند سەلاحەدینی ئەیووبی، کە پاڵەوانێکی کوردی موسڵمان بوو و لە تکریت لەدایک بوو، عەرەبە،[٣٢] لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بڵێین، کە هەموو کوردێک شانازی بە سەلاحەدین ئەیووبی ناکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە لە پێناو پرسی کورد هەوڵی نەداوە.

## خەباتێکی نوێ بۆ ئۆتۆنۆمی

شەڕی ١٩٧٤-١٩٧٥ی کورد زەبرێکی کوشندەی بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی گەیاند، بەڵام زەبرەکە ئەو زەبری مەرگە نەبوو، کە ڕێژیم بە دوایەوە بوو و بزووتنەوەکەش ترسی لێ هەبوو. ئەو ترسە لە بارزانی ڕەنگی دەدایەوە کاتێ لە ئایاری ١٩٧٥، ئەو کاتەی لە ئێران بوو، ڕای گەیاند "شەڕ لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بە بنبەست گەیشت و جارێکی تر بەرپا نابێتەوە."[٣٣] لەگەڵ ئەوەش، لە هەندێ بارودۆخدا، بارزانی ئەو هیوای دەردەبڕی، کە خەباتەکە لەلایەن ئەوانەی دوای خۆیەوە دەست پێ بکرێتەوە. ڕاستت دەوێ، ئەو هێمنییەی لە لایەن ڕێژیمەوە بەسەر کوردستاندا سەپابوو نێزیکەی ساڵێک دوای کۆتاییهاتنی شەڕ پەک خرا. بزووتنەوەی کورد لە ڕێگەی خراپی خۆیەوە لە بەرامبەر بەعسدا دەستی بە خۆڕێکخستنەوە دەکرد. حکوومەت لە ڕێگەی باڵی سەربازی و پۆلیس و داوودەزگا چەکدارەکان بە شێوەیەکی دەستڕۆیشتوو فەرمانڕەواییی کوردستانی دەکرد. ڕاستی، بەشێکی گرینگ لە پێشمەرگە و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بەعس ئاشت بووبوونەوە. دوو پارتی کوردی، پارتی دیموکراتی کوردستانی (جیابووەوە) سەر بە بەعس و پارتی شۆڕشگێڕانی کورد، لە هەموو ڕووێکەوە دەبوون بە بەکرێگیراوی بەعس تەنیا لە ناوەکانیان نەبێت. دانیشتوانی کورد زۆر نیگەران بووبوون بە خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردی و بێتواناییی سەرکردایەتی. لە سەرووی هەمووییەوە، سەرکردایەتی پارچە پارچە بووبوو. بزووتنەوەیەکی ناوەندی نەبوو ڕابەرایەتیی خەباتەکە بکات، بەڵام چەند گرووپێکی جیا جیا هەبوون، کە خەریکی شەڕی تۆڵەئامێز بوون. کەچی لەگەڵ ئەوانەشدا، دوو پاڵنەری بنچینەیی، کە دەبوونە هۆی مانەوەی بزووتنەوەکە بریتی بوون لە: پاڵنەری لاوازکردنی حکوومەتی ناوەندی لە لایەن کوردەوە و دەست وەردانی دەوڵەتانی بیانی.

کارە سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم لە دژی گەلی کورد سەرەو هەوراز بۆ بەغدا دەگەڕایەوە. لە سەرەتای ١٩٧٦، پێکدادانی خۆڕەس لە نێوانی کوردەیلی سڤیل و سوپای عێراق و هێزەکانی وەک بەرهەڵستییەک بۆ ڕاگواستنی بەزۆری دانیشتوانی کورد دەستی پێ کرد. ڕەنگە گونجاو بێ بڵێین پێکدادانی لەو جۆرە، کە بەپێی

ڕۆیشتنی کات چڕتر دەبووەوە، حکوومەتی ناچار دەکرد لە تەمووزی هەمان ساڵدا سیاسەتی ڕاگواستن ڕابگرێت. لەم بارودۆخەدا، ئەو گرووپە سیاسییانەی خۆیان بۆ دەست پێکردنی خەباتی کورد، ساز دابوو دەستیان بە خۆڕێکخستنەوە کرد. یەکەم گرووپ، کە ئەم کارەی کرد بریتی بوو لە گرووپەکەی جەلال تاڵەبانی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دامەزراندنەکەی لە تەمووزی ١٩٧٥ لە ئێزگەی دیمەشق ڕاگەیەنرا. تاڵەبانی نە لە کۆتای شەڕدا ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا و نە لە پەیماننامە تێشکاوەکەش لەگەڵ ئێران و ئەنجامەکانیدا بەشدار بوو. بەم جۆرە، دەیتوانی بەرپرسیاریەتیی شکانەکە لەسەر خۆی لابدات و بۆشاییە سیاسییەکە بە کەڵکی خۆی بەکار بهێنی بۆ هێنانە دیی خەونی ڕابەرایەتیکردنی بزووتنەوە، کە خەونێک تا بارزانی لەسەر تەختەی شانۆیەکە بوو، بۆی نەهاتە دی. بنکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دیمەشق بوو، لەوێ خۆی وەک پارتێکی خاوەن ئایدۆلۆجیای چەپی ڕادیکاڵ پێشکێش کرد. هەرچەندە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرکۆنەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد بەهۆی سیاسەتە "ڕاستڕۆ" و "عەشیرەتگەر"یەکانیەوە، کە بووبووە هۆی کەوتنی شۆڕش، کەچی هەمان ئەو ئامانجانەی هەبوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەیبوو: لەناوبردنی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی لە عێراق و جێبەجێکردنی "ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە" بۆ کورد.[٣٤]

لەبەر چەند هۆکارێک، بارودۆخ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر ئاڵۆزتر بوو لەوەی بۆ یەکێتیی دیموکراتی کوردستان: لەبەر پەڵەی ئەو تێشکانەی، کە بە بەرۆکی پارتییەوە لکابوو، ڕەخنەی توندی ناوخۆ، دیارنەمانی بارزانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی نائامادەیی پشتیوانێک، پەرش و بڵاوبوونی سەرکردایەتی و ئەندامانی پارتەکە لە ئێران و تەواوی عێراق و ئەوروپادا، لەگەڵ مشتومڕی ناوخۆش لەبارەی ئەو ڕێچکەیەی، کە دەبوو بیگرنە بەر. بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە، کە لە قۆناغەکانی سەرەتای خۆڕێکخستنەوەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چەند باڵێک دابەش دەبوو. سەرەکیترینی ئەو باڵانە بریتی بوون لە سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی دوو کوڕەکەی بارزانی، ئیدریس

و مـەسـعـوود، لەگـەڵ کـۆمـیـتـەی ئامـادەکـاریی پارتـی دیموکـراتی کـوردسـتـان بە ڕابەرایەتیی مـەحـمـوود عـوسـمـان. ئیـدریس و مـەسـعـوود، کـە بە درێژاییی کـاری سیاسیی بارزانی، هاوەڵیی باوکیان دەکرد و دوای کەوتنی شۆڕشیش لە ١٩٧٥ لە ئاوارەییدا لە ئێران لەگەڵیدا بوون، کەمێک دواتر گەڕانەوە عێراق و هەوڵیان دەدا شـوێن ڕێچکەی باوکـیـان بکەونـەوە. لەو دووانە، مـەسـعـوود زیاتر سـەرکـردەیەکی خۆڕسک و چالاک بوو. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا، مەسعوود بارزانی خوێندنی جێ هێشت و پێوەندیی بە پێشمەرگەوە کرد. لە تەمەنی بیست ساڵیدا، بوو بە بەرپرسی پاراستن.

سـەبارەت بە ڕەوشی ناوخۆی پارتەکە لە سـەرەتای ١٩٧٦، پەنابەرەکـانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنگرانی بارزانی لە ئەوروپا دەستیان بە ڕێکخستنەوەی سەرکردایەتیی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، کە لە کۆتاییدا بوو بە باڵی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان،[٣٥] لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا، کوردی ئاوارەی هەندەران ڕۆڵێکی سـەرەکـییـان گێڕا لە دابینکردنی پشتیوانیی ڕۆئاوا بۆ پرسی کـورد. بە ددان هـێـنان بە هـەڵەکـانی ڕابردوودا، سـەرکـردایەتیی کـاتیی پارتی دیموکراتی کوردستـان خۆی بە دیموکراتیکردنی ڕێوشـوێنەکانی پارتەکەوە پابەند کرد، لەگەڵ کوردی وڵاتانی تر هەوڵێکی هاوبەشیان دا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی ڕاسـتـەقـینە لە چوارچێوەی عـێـراقدا. سـەرکـردایەتـیـیەکـە قـۆناغـەکانی بـەراییی پرۆژەکەی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ تەواو کرد، لەو کاتەی نۆیەم کۆنگرەی خۆی لە ڕەزائیـیـەی ئێـران سـاز دا و نـاوی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانی هەڵگرتەوە. کۆنگرەکە بڕیاری لەسـەر ستراتیجیی نوێی پارتەکە دا و ئیدریسی وەک سـەرۆکی پارتەکە پەسند کرد. هەرچەندە بە شێوەیەکی پراکتیکی ئیدریس لەگەڵ مەسعوود بەیەکەوە سەرکردایەتیی پارتەکەیان دەکرد.

هـاوتەریب لەگـەڵ هـەوڵە خـۆڕێکخـسـتـنەوەکـان لە دەرەوەی عـێـراقـدا، یەکـێـتـیی نیـشـتـمـانیی کـوردسـتـان و پارتی دیموکـراتی کوردسـتـانی ئیـدریس و مـەسـعـوود هـەوڵیان دەدا جێپێی خۆیان لە عێراقدا پتەو بکەن. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو هـەوڵانەدا پـێشـەنگ بوو، لەگەڵ ڕۆیشـتنی کـات، توانی پێگەی خـۆی لە ناوچەی

سلێمانی، شوێنی کۆنی چالاکییەکانی تاڵەبانی، بەهێز بکات. پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغێکی دواتردا هاتە ناو ڕووداوەیلەوە، لەو کاتەی لە ناوچەی بادینان دەستی بەخۆڕێکخستنەوە کرد. هەردوو برا هەوڵیان دەدا سەرکردایەتیی تەواوی گەلی کورد بکەن، بەڵام تێ شکان لەوەی وەک باوکیان بن. ئیدریس لە ١٩٨٧ لە تەمەنی چل و دووساڵی بە وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد، مەسعوود، دوو ساڵ لەو بچووکتر، بەردەوام بوو لە گرتنەدەستی دەسەڵات،[٣٦] لەگەڵ ئەوەشدا، مەسعوود دەبوو کێبەرکێ لەگەڵ لایەنی ڕکابەریدا بکات بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی، کە هەرگیز نەیدەتوانی سنووری بۆ دابنێت یا بیبەزێنی. لە ئەنجامدا، کوردستانی عێراق دوای مەلا مستەفا بارزانی دابەش بووە سەر دوو باڵ. لە سەری یەکێک لە باڵەکاندا، سەرکردایەتیی بارزانیی پێشوو بوو، لەو کاتەی تاڵەبانی سەرکردایەتیی باڵێکی شارستان و ڕۆشنبیری دەکرد. تێشکانی شەڕی کوردی ١٩٧٤-١٩٧٥ و سەرکردایەتیکردنی نازیندووی کوڕەکانی بارزانی و بارودۆخی سەختی دوای شەڕ لە کوردستان و داخوازی بۆ سەرکردایەتییەکی نوێ، هەموو ئەمانە ڕێگەیان بۆ دەرکەوتنی باڵی تاڵەبانی خۆش دەکرد. ململانێی نێوان دوو لایەنەکە لە زۆر بەرەوە شەڕی لەسەر دەکرا و دەبووە هۆی ململانێ لەسەر نەوەکاندا، کە تێیدا باڵی تاڵەبانی نوێنەرایەتیی گرووپی گەنجانی دەکرد.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەیەکی تەسکدا کردەی پارتیزانییان ئەنجام دەدا. لەگەڵ ڕۆیشتنی کات، هەردوولا بانگەشەی سەرکەوتنی بەرچاویان هەڵبەتە زەحمەت پشتڕاست بکرێنەوە و ڕەنگە زیادەڕۆییان تێدا کرابێ، دەکرد. ئەنجامێکی کارەسات ئامێزی تر بۆ کورد بریتی بوو لەو ململانێیە چڕەی سەر دەسەڵات، کە لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەرپا بوو شان بەشان لەگەڵ ململانێی نێوان پارچەکانی پارتە کوردییەکانی تردا. لە ساڵەکانی سەرەتای ڕێکخستنەوەی هەوڵەکان، وزەی زۆر بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتی ناو خۆیان تەرخان کرا لەوەی بۆ دەست پێکردنی خەبات لە دژی ڕێژیمدا بێ.

سەرەڕای ئەزموونی ڕابردوو، هەردوو پارت ناچار دەبوون جارێکی تر پشت بە

پشتگیریی دەرەکی ببەستن، کە لە ڕاستیدا بەشدارییەکی گەورەی لە ژیانەوەی بزووتنەوەکەدا دەکرد. لەگەڵ کشانەوەی کاتیی ئێران لە ڕووداوەکاندا، سووریا خێرا بوو لە بەکارهێنانی کارتی کوردی بۆ لێدانی بەغدا. لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥، لە کاتێکدا شەڕ لە کوردستان هێشتا بەردەوام بوو، بەغدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دیمەشقی بە پاڵپشتیکردنی چالاکانەی کورد تۆمەتبار دەکرد. بە هۆی ئەو کێشە دوولایەنانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، کۆمەکی سووریا بۆ کورد بە خراپبوونی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات زیاد دەبوو. دیمەشق پەناگە و کۆمەکی دارایی و سەربازیی پێشکێش بە گرووپەکەی تاڵەبانی دەکرد و پشتگیریی هەوڵەکانی پروپاگەندەشی دەکرد. دیمەشق یارمەتیی هاوەڵانی تاڵەبانیی دەدا دزە بکەنە ناو عێراق و لەوێ خۆیان بەهێز بکەن. لەگەڵ ئەوەش، پاڵپشتیی سووریا یەک سنووری دیاریکراوی هەبوو: ئەم کارەی بۆ تاڵەبانی بە پێوەندیی نێوان هەردوو وڵات، سووریا و عێراق، بەسترابووەوە. بۆیە، کاتێک بەغدا و دیمەشق لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٧ تا کانوونی دووەمی ١٩٧٨ دەستیان بە گفتوگۆی ئاشتەوایی کرد، دیمەشق داوای لە تاڵەبانی دەکرد کۆتا بە چالاکییەکانی بێنێ و بەشداری لە دایەلۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی بەغدادا بکات. بەڵام کاتێک گفتوگۆکانی ئاشتەوایی بە هیچ نەگەیشتن و پێوەندیی نێوان بەغدا و دیمەشق بە پشێوی مانەوە، کۆمەکی سووریا بۆ تاڵەبانی بە نەپچڕاوی مایەوە.

تورکیا بە وریاییەوە ڕێزی ڕێککەوتنە تەناهییەکەی لەگەڵ عێراقدا دەگرت، هەتا بۆی بکرابایە ڕێگەی لە چالاکیی کوردی عێراق دەگرت لەناو وڵاتی خۆیدا. تورکیا بەدوای ئەم سیاسەتەوە بوو لەبەر پێوەندیی باشی لەگەڵ عێراق و ترسیشی لە ڕژانی کاریگەریی چالاکییەکانی کورد لە عێراق بۆ ناو کوردی تورکیا. لەگەڵ ئەوەش، کاتێ جیاوازیی سەرەکی لە نێوان تورکیا و عێراقدا هەبوو، هەروەک لە ١٩٧٨ مەسەلەی قەرزاریی نەوتی عێراق لەلایەن تورکیاوە ڕووی دا، تورکیا لە چالاکیی کورد لەودیوی سنوورەکانیدا خۆی گێل دەکرد. تورکیا و عێراق خۆیان بە دوور دەگرت لە بەکارهێنانی کارتی کوردی لە دژی یەکتردا، ئەمە ڕەنگە هاوکاریی تا ڕادەیەک نێزیکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و گرووپە ئۆپۆزسیۆنە

کـوردەکـان ڕوون بکاتـەوە کـە لەو کـاتـە لە تـورکـیـادا هـەبوون. ئەمـە تـەواو ڕاست دەردەچێ دوا بەدوای دەرکەوتنی پەکەکە لە تورکیا و چالاکییەکانی دژ بە تورکیا، کە لە ١٩٨٤ دەستی پێ کرد.

لەبارەی ئێرانەوە، هەتا ئەو کاتەی شا لەسەر دەسەڵات بوو، بە وریاییـەوە ئەوەی جـێـبـەجێ دەکـرد، کـە لە پەیماننامـەی جـەزائیـردا لەسـەر ئێـران بوو و خـۆی لە پاڵپشـتیکردنی کورد دژ بە عێراق بەدوور دەگرت. بەڵام خاڵی گۆڕانی ڕاسـتەقینە لەگەڵ هاتنە سـەر دەسەڵاتی ئایەتوڵڵا خومـەینی و دامـەزراندنی کۆمـاری ئیسلامـیی ئێـران هات لـە شـوباتی ١٩٧٩، هـاوسـەنگیی ناسکی دەسـەڵات لە نێـوان عـێـراق و ئێران لە شـەو و ڕۆژێکدا گۆڕا. لە سـەرەتادا، خومـەینی دەیویست ڕێژیمی بەعسی "گومڕا" بشڵـەژێنێ لە ڕێگەی هاوپەیمانی خۆڕسکەکانیەوە، واتە، شیعەکانی عێراق. بەڵام خـومـەینی هـەر زوو دەرکی بەوە کرد، کـە هـەر داخـوازییەکی بۆ شـیعـە هـەبێ ناکـرێت بگۆڕێت بۆ کـردەوەی سیاسی لـەبەر ئێجگار لاوازیی شیعـە. لەوێوە، وەک سـەرۆکی پێشـە خۆی، خومەینی بە تێڕوانینی شڵـەژاندنی بەعس بەلای کورددا بای دەداوە سـەرەڕای لێکدژیش لە نێوان شیعەبوونی ئێران و سونیبوونی کورددا، شان بەشـان لەگـەڵ دنیـابینیی ئاینیی ئێـران و عـیلمـانیـبـوونی زۆرینەی بـزووتنەوەی ناسـیـۆنالیـزمی کـوردی. دەرکـەوتنی هـاوپەیمانیـیـەک لـە نێـوان کـوردی عـێـراق و خومـەینی زیاتر لە مـەتەڵێک دەچوو لە ڕوانگەی ئەو ڕاسـتییـەی، کە کـوردی ئێران خۆیان لەو کاتدا چەکیان لە دژی کۆمارە ئیسلامییەکە هەڵگرتبوو.

خـومـەینی، لە بەرەنگارییـەکی ڕوونی ڕێککەوتننـامـەی جـەزائیر، دەسـتی دەکرد بە هـاندانی کـوردی عـێـراق لە حکوومـەتەکـەیان. ئەو گـرووپە کـوردەی بۆ ئەم ئەرکـە هـەڵبـژاردرا پـارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانی دوو کـوڕەکـەی بارزانـی، ئیـدریس و مـەسـعـوود بوون. لە تشـرینی دووەمی ١٩٧٩، ئێـران ڕێگەی بە پـارتی دیموکـراتی کوردستان دا نۆیـەم کۆنگرەی خۆی لەناو خاکی ئێراندا ببەستێت. لە شوباتی ١٩٨٠ ئێزگەی تاران دەستی بە وەشانکردنی چەند ڕاپۆرتێک کرد بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لە نیسانیشدا ئێزگەکە برووسکەیەکی بڵاو کردەوە تێیدا پشتیوانیی پارتەکەی بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دووپات کردبووەوە. دواتر لە ئایار ئێزگەی

نهێنیی دەنگی کوردستانی عێراق، کە هۆکاری سەرەکیی جووڵاندنی کورد بوو، دوای پێنج ساڵ وەستان وەشانەکانی خۆی دەست پێ کردەوە، لەژێر چاودێریی ئێراندا.

کاردانەوەی سەرەتای ڕێژیمی بەعسیش بریتی بوو لە یاریکردن بە کارتی کوردی، بە ئامانجێکی دوو سەر، کە بریتی بوو لە هێورکردنەوەی کوردە ناشەڕوانەکانی عێراق، لە هەمان کاتیشدا هاندانی کوردی ئێران لە دژی حکوومەتەکەیان. لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٩، بەغدا یاسای ئەنجوومەنی راپەڕاندنی ڕاگەیاند، کە چاپێکی پێداچوونەوە بۆکراوی یاساکەی ئاداری ١٩٧٤ بوو بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو بۆ کورد. ڕێژیم ئەم هەنگاوەی بە هەنگاوێکی گرینگ دادەنا لە گەیشتنی کورد بە خواستی ئۆتۆنۆمی، چونکە بۆ یەکەم جار لەوەتەی ١٩٧٤ەوە، ئەندامانی پەرلەمانەکە لەلایەن کوردەوە هەڵدەبژێردران نەک لەلایەن حکوومەتەوە دیاری بکرێن. هەرچەندە ئۆپۆزسیۆنی کورد زۆر زیاتر لە پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی ڕێژیم بە گومان بوون. بەر لە هەموو شت، ئەو وشانەی لە یاساکەدا بەکار هاتبوون کێشەئامێز بوون، خۆی لە زاراوە هەستیارەکانی وەک کورد و کوردستان بەدوور دەگرت لە جێگەی ئەوان زاراوەی بێلایەنی وەک دانیشتوانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکەی بەکار دەهێنا. دووەم، لەبەرئەوەی ئەنجوومەنەکە دەکرا بە یاسایەکی کۆماری بانگ بکرێت یا دەربکرێت، بەپێی ئەمری واقیع لەژێر فەرمانی سەرۆکدا دەبوو. لەوەش خراپتر، ئەندامانی ئەنجوومەنەکە داوایان لێ دەکرا بەعسی بن: لە کاتی وەرگرتنی پایە، لەسەر هەموو ئەندامەکان پێویست بوو سوێندی وەفاداربوون بە بنەماکانی شۆڕشی تەمووزی ١٩٦٨ی بەعس بخۆن،[٣٧] هەنگاوی دووەمی حکوومەتی عێراق بریتی بوو لە پاڵپشتیکردنی کوردی ئێران، کە دوای سی ساڵ لە هێمنی تووشی شۆڕشێک هاتبوون. بەغدا هەر تەنیا کۆمەکی دارایی و سەربازیی بۆ دابین نەدەکردن، بگرە گەیشتە ئەو ڕادەیەی داوایان لێ بکات "کوردستانی ئێران ڕزگار بکەن" و " سەربەخۆییی خۆیان بەدەست بێنن."[٣٨] لەگەڵ ئەوەش، هەروەک ڕووی دا، ئەو شەڕەی عێراق و ئێران لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە دەیانکرد هیچ نەبوو جگە لە پێشەکییەک بۆ ئەو شەڕە ڕاستەوخۆ و بەرفراوانەی کە لە ئەیلوولی ١٩٨٠ هەڵگیرسا.

پەراوێز:

1. Ahmad Hasan al-Bakr described his situation as if he were a prisoner in his own country. Interview with an ex Baathi official, Aljazeera, 2 June 2008.
2. The discussion of Saddam's rise to power is beyond the scope of this book. I will refer to its consequences in the relevant sections.
3. Iraq increased its military expenditures sixfold, from $800 million in 1972 to $5 billion in 1979. Abbas al-Nasrawi, "Economic Consequences of the Iraq-Iran War," Third World Quarterly 8, no. 3 (1986): 869–895.
4. R. Iran Courier, 16 June 1975, cited in Daily Report, 17 June 1975.
5. Because of the war with Iran, Iraq did not host, as initially planned, the conference of the Non-Aligned Movement in 1982.
6. Niccolò Machiavelli, The Prince (Harmondsworth: Penguin Books, 1971), p. 48.
7. Pesh Merga (Helsinki), August 1975.
8. Ofra Bengio, The Kurdish Revolution in Iraq (Tel-Aviv: Hakkibutz Hameuhad, 1989), p. 170.
9. Chris Kutschera, Le mouvement national kurde (Paris: Flammarion, 1970), p.

331. Bedir Khan was the ruler of the principality of Botan until the mid-nineteenth century. He is considered the father of Kurdish nationalism.

10. Martin van Bruinessen, Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of Kurdistan (London: Zed Books, 1992), p. 240.
11. Loqman's son Saywan Barzani told me how he had escaped such a fate. Saywan Barzani, interviewed by the author, Paris, 21 September 2008.
12. Quil Lawrence, Invisible Nation: How the Kurds'Quest for Statehood Is Shaping Iraq and the Middle East (New York: Walker; distributed by Macmillan, 2008), p. 31.
13. Radio Baghdad, Voice Of the Masses, 2 February 1987, cited in Daily Report, 3 February 1987.
14. In an interview with Zubeyda Barwari, a former Kurdish refugee in Iran, she told me that the Iranian authorities had isolated them from other Kurds. Zubeyda Barwari. interviewed by the author, Paris, 20 September 2008.
15. Amnesty International Report, 1975–1976 (London: Amnesty International, 1976), pp. 183–187.
16. Machiavelli, The Prince, p. 48.
17. Howard Adelman, "Humanitarian Intervention: The Case of the Kurds," International Journal of Refugee Law 4, no. 1 (1992): 7.
18. Washington Post, cited in Ma'ariv, 22 March 1976.
19. Ibid.
20. The Times (London, daily), 27 July 1976.
21. Ibid. On another occasion, he provided more specific details about the plan: the transfer from the borders would be "20 kms deep," the army would be "stationed in the region," and roads would be constructed in the mountains. Saddam Husayn, "Khandaq WahidAm Khandaqan" in Al-Thawra wal-Nazra al-Jadida (Baghdad: Dar al-Hurriyya lil-Tiba'a, 1981) pp.

34–35

22. Bengio, The Kurdish Revolution, p. 172.

23. Camillia Fawaz el-Solh, "Migration and the Selectivity of Change: Egyptian Peasant-Women in Iraq," Peuples méditerranéens, no. 31–32 (1985): 243.

24. Pesh Merga, August December 1976.

25. Mirella Galletti, Le relazioni tra Italia e Kurdistan (Roma: Istituto per l'Oriente C.A. Nallino, 2001), p. 218.AnthonyMcDermott mentions £750.AnthonyMcDermott, "The 1975 Crisis," Minority Rights Group Report no. 23 ( London: Minority Rights Group,1977), p. 20.

26. Al- Jumhuriyya (Baghdad, daily), 13 January 1975.

27. Ismet Sheriff Vanly, "Kurdistan in Iraq," in A People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, ed. Gérard Chaliand (London: Zed Press, 1980), p. 200; S. J. Laizer, Martyrs, Traitors, and Patriots: Kurdistan After the Gulf War (London: Zed Books, 1996), p. 165.

28. In early 1976, Baghdad expropriated 566,000 dunams in the autonomous area and established 160 agricultural collectives. Iraqi News Agency, 11 March 1976, cited in BBC, 11 March 1976.

29. In June 1975, landownership in the autonomous area was limited to 40–120 dunams per landowner. Middle East News Agency, 2 June 1975, cited in Daily Report,
5 June 1975.

30. Denize Natali, The Kurdish Quasi-State (Syracuse: Syracuse University Press,
2010), p. 2.

31. Iraqi NewsAgency, 2 September 1976, cited in Daily Report, 2 September 1976.

32. Al-Thawra (Baghdad, daily), 23 February, 22 March 1979.

33. Arab Report and Record, 1–15 May 1975.

34. "The main political parties in Iraqi Kurdistan were hardly marked off from each other by specific class interests or ideological differences." Michael Leezenberg, "Urbanization, Privatization, and Patronage: The Political Economy of Iraqi Kurdistan," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 164–165.

35. According to Edmund Ghareeb, it began to organize in November 1975 and operate In May 1976. Edmund Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq (Syracuse: Syracuse University Press, 1981), p. 182.

36. In 1999Mas‘ud made Nechirvan, Idris's thirty-three-year-old son, his right-hand man by appointing him prime minister of Kurdistan—the Barzani faction.

37. Al-Thawra, 6 December 1979, 17 March 1980.

38. "You must plan . . . to liberate Iran's Kurdistan and to achieve its independence." Radio Baghdad, 22 April 1980, cited in Daily Report, 24 April 1980.

بەشی دووەم

# کەوتنە ناو شەڕەوە

١٩٨٠ – ١٩٨٨

ئێمە وا بزووتنەوەی کوردی ئامادە دەکەین تا لە کاتی گونجاودا سەربەخۆیی قەبووڵ بکەن. هەر بۆیە دەمانەوێت عێراق دابەش ببێتە سەر سێ دەوڵەتی بچووک دەوڵەتی شیعی و دەوڵەتی سوننی و دەوڵەتی کوردی.

نەوشیروان مستەفا، ڕۆژنامەی لوموند، ١٦ ئەپریلی ١٩٨٧

وەک دەربڕینی ویستی گەلی عێراقی مەزن، هێزە چەکدارە بەهێزەکانمان... لە وەڵامی ناپاکیی ئەو دەستە گومڕایە... لەژێر سەرپەرشتیی فەریق ڕوکن سوڵتان هاشم ئەحمەد پرۆسەی ئەنفالی جێبەجێ کرد... ئەم خەباتە هەموو جیهان پێی سەرسام بوو، خەباتی گەلی سەدام حوسێن و گەلی عەرەب و گەلی کورد، کە خۆیان بۆ خزمەتی نیشتمان تەرخان کرد.

ڕادیۆی بەغدا، ١٩ ئاداری ١٩٨٨

لە ٢١ ئاداری ١٩٨٨ لە ڕۆژنامەی دەیلی ڕیپۆرتیشدا هات

## ١٠

# "شەڕ شەڕی تری لێ دەبێتەوە"
# شەڕی ئێران و عێراق

ژیریی ئاسایی پێی وایە هۆکاری سەرەکیی ئەو شەڕە هەشت ساڵەی، کە عێراق لە ئەیلوولی ١٩٨٠ لە دژی ئێران دەستی پێ کرد بریتی بوو لە ترسی عێراق لە ئەنجامە ناڕاستەوخۆکانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بۆ سەر دانیشتوانی شیعەی عێراق و هەروەها بە پێویست زانینی ڕێوشوێنی خۆپاراستن بۆ ڕێگرتن لە بەرپابوونی کودەتا، هاوشێوەی کودەتاکەی ئێران، لە عێراق.[١] من ڕووبەڕووی ئەو هاوکێشەیە دەبمەوە و لە جێگەی ئەوە ئەم ئارگیومێنتانەی خوارەوە دەخەمە ڕوو.

یەکەم، عێراق پێگەیەکی بەهێز و باوەڕبەخۆبووی بۆ خۆی دروست کردبوو، نەک ترس و لاوازی. ڕاستی، هەرچەندە ململانێی نێوان هەردوو وڵات هی ماوەیەکی زۆر لەمێژ بوو، عێراق هەرگیز هەستی بە بەهێزیی ئەوتۆ نەکردبوو تا لە مەیدانی شەڕدا بەرەنگاری ئێران ببێتەوە هەروەک لە ١٩٨٠ کردی. دووەم، لە کاتێکدا ڕەنگە کێشەی شیعەکانی ناوەخۆ سەرچاوەیەکی قووڵی نیگەرانیی بەغدا بووبێت، بەڵام ئەو کێشەیە خۆی بۆ خۆی بەس نەبوو وڵات بخاتە ناو شەڕەوە. هەموو ئەو شتەی، کە دەکرێ بگوترێت ئەوەیە پاڵنەرێکی گرینگ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، گرینگە ئەوە بڵێین تا ماوەیەکی درێژ پڕوپاگەندەی عێراقی شیعەی وەک پاساوی سەرەکی بۆ شەڕەکە بەکار دەهێنا. سێیەمیش، ئەگەر کەسێک هەبێت ئاماژە بە تاکە کێشەیەکی ناوەخۆییی عێراق بدات، کە گەورەترین کاریگەریی لەسەر ململانێی وڵات لەگەڵ ئێراندا هەبووبێت، ئەوا دەبوو کێشەی کوردی بێت. نەک تەنیا پێوەندیی نێزیکی بە هۆکاری ڕیشەییی شەڕەکە هەبوو، بگرە هۆکاری دەستبەجێی شەڕەکە بوو، هەروەک دواتر لەم بەشەدا ڕوونی دەکەمەوە. لەوەش زیاتر، کەمێک دوای دەست پێکردنی

شەڕی عێراق و ئێران، ئەم کێشە چارەنەکراوە گۆڕا بۆ شەڕ لەناو شەڕێکی تردا و هەردوو شەڕەکەش بە شێوەیەکی ئاڵۆز تێک دەئالان،[٢] بۆ باشتر تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی عێراق بۆ دەست پێکردنی شەڕ لە دژی ئێران، وا باشە لە نێزیکەوە تەماشای وتارەکەی ١٧ ئەیلوولی ١٩٨٠ی سەدام حوسێن بکەین، کە ڕێی بۆ شەڕەکە خۆش دەکرد. جیا لە گوتاری ڕۆتینیی دژ بە زایۆنیزم و ئیمپریالیزم، بەشێکی زیاتری وتارەکەی تەرخان کرابوو بۆ کێشەی کوردی و ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ و پێوەندییان بە نێزیکبوونەوەی شەڕ. بە شێوەیەکی گرینگ، سەدام هەرگیز نە ئاماژەی بۆ کێشەی شیعەیی دەکرد، نە پێشنیازی ئەوەشی دەکرد بە ڕێگەیەک لە ڕێگایان شەڕ پێوەندیی بەوانەوە هەبێ. ڕاستی، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە دواتر دەردەکەوت کاتێ عێراق لە دۆخی بەرگریکردندا بوو. سەدام لە شیکردنەوەی باکگراوەندی ڕێککەوتننامەی جەزائیردا، بە شێوازێکی بیانوواوی ڕوونی کردەوە، کە عێراق دەبوو ڕێککەوتننامە ئیمزا بکات چونکە سوپا ڕووبەڕووی دۆخێکی ئەستەم دەبووەوە لە شەڕکردن بەرامبەر کورددا، بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی کەمیی تەقەمەنییەوە، کە گەیشتبووە ئەو حاڵەتەی "هێزی ئاسمانی تەنیا سێ بۆمبی گرانی مابووەوە." سەدام بڕیاری ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکەی بە بڕیارێکی "بوێرانە" وەسف دەکرد لەبەرئەوەی "لە پێناو پارێزگاریکردن لە سەروەریی خاکدا بوو لە کاتێکدا تفەنگ و شمشێر بە تەنیا نەیاندەتوانی ئامانجەکە بەدەست بێنن." لەوەش زیاتر، سەدام ڕای گەیاند، کە بڕیارەکە "عێراقی لەو مەترسییە ڕاستەقینەیە ڕزگار کردووە، کە هەڕەشەی لە یەکەتی و ئاسایش و داهاتووی وڵات دەکرد." دواتر سەدام خاڵە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکەی ڕوون کردەوە، گوتی کەوا عێراق لەسەر ئەوە ڕازی بووە هێڵی سالوج ببێتە سنوور لە شەتولعەرەبدا لە بەرامبەر پابەندبوونی ئێران بە "خۆبەدوورگرتن لە پێدانی کۆمەکی سەربازی و هەر جۆرە کۆمەکێکی تر بە تاقمە بەکرێگیراوە خۆفرۆشەکان لە بەشی باکوری نیشتماندا." لەگەڵ ئەوەش، لەبارەی دامەزرانی ڕێژیمێکی نوێوە لە ئێران، سەدام گوتی "سەرکردەکانی یاخییانی بەکرێگیراو، گەڕانەوە بۆ ئێران تاکو بە پاڵپشتی دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەوای ئەوێ، ئێران بکەن بە خاڵی سەرشار بۆ هەڕەشەکردن

لە یەکەتی و ئاسایشی نیشتمانیی عێراق." بەو جۆرە "لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایانی ئێران سەرپێچیی ئەو ڕێککەوتننامەیان کردووە بە دەس تێوەردانی ئاشکرا و بە مەبەست لە کاروباری ناوەخۆی عێراق لە ڕێگەی پشتیوانیکردن و پارەدارپێدانی سەرکردەیلی یاخییانەوە، هەروەک شا بەر لەوان کردی... من لە بەردەم ئێوەدا ڕای دەگەیەنم، کە ئێمە ڕێککەوتننامەی ٦ ئاداری ١٩٧٥ تاکلایەنە بە هەڵوەشاوە دادەنێین." پوختەی وتارەکە بریتی بوو لە "عێراقی ئەمڕۆ زۆر بەتواناترە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی" (واتە، بۆ پارێزگاریکردن لە سەروەریی خاک لە شەتولعەرەبدا).٣

ئەوە ڕوونە ڕێککەوتننامەی جەزائیر، کە سەدام ئەندازیاری سەرەکی بوو تێیدا، بارێکی گران بوو بەسەر سەدامەوە و پاڵنەری ڕاستکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە هاندەری سەرەکیی شەڕەکە بوو. پاڵپشتێک بۆ ئەو تێزە دەکرێت لە بایۆگرافیایەکی سەدام حوسێندا ببینرێت، کە کەمێک دوای دەست پێکردنی شەڕ چاپ و بڵاو بووەوە. نووسەری بایۆگرافیایەکە، فوئاد مەتەر، دەنووسێت کەوا بڕیاری عێراق بۆ چوونە ناو شەڕ "دەکرێ بگوترێ هەر لەو کاتەوە درا، کە ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ ئاداری ١٩٧٥ ئیمزا کرا." فوئاد مەتەر زیاتر ئاشکرای دەکرد کە:

> سەدام حوسێن، کە لەو کاتدا جێگری سەرۆک بوو، ناچار بوو ڕێککەوتننامەکە قەبووڵ بکات تاکو پشووێک وەربگرێت و تێیدا سوپایەکی بەهێز دروست بکات... سوپایەکی وا کە ڕۆژێک بێت بتوانێت ڕووبەڕووی سوپاکەی شا ببێتەوە لە دۆخێکدا ناوچە (عێراق) (واتە خوزستان) و سەروەریی خاک لە شەتولعەرەب بە ڕێگەچارەی دیپلۆماتی نەگەڕێتەوە.٤

ئەو ڕاستییەی کە تەواوی کتێبەکە بە خواستی سەدام، ئەگەر بە ڕێنووسی ئەو نەبووبێت و لە کاتێکی نێزیکی دوای دەست پێکردنی شەڕیشدا نووسرابوو، ڕێ تێچوونێکی زۆر بەو گێڕانەوەیە دەدا.

سەبارەت بە کوردەوە، ئەوانیش تۆڵەسەندنەوە لە ئەنجامەکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر دەبوو بە پاڵنەر بۆیان. لەگەڵ ئەوەش، هەروەک پێشتر لە ڕابردوو ڕووی

دابوو، ئەوان پێیان ئاسانتر بوو هاوپەیمانی لەگەڵ هێزگەلی دەرەوەدا دروست بکەن لەوەی هێزەکانی خۆیان کۆ بکەنەوە و یەکەتییەکی تۆکمە لە بەرامبەر حکوومەتدا پێک بهێنن. بەهەرحاڵ، دوو پارتە کوردییە سەرەکییەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەگەرەیەکی گەورەیان بۆ بەغدا دروست دەکرد،[5] هەردووکیان خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەزانی، هەردووکیان دەیانویست کەڵک لە شەڕ وەربگرن بۆ توندکردنی پێگەیان لە باکور و حکوومەتیش ناچار بکەن ئۆتۆنۆمییەکی واتادار بە کورد بدا؛ هەردووکیشیان هاوپەیمانییان لەگەڵ کۆمەڵێک پارتی تردا پێک دەهێنا بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە،[6] ئەو هاوپەیمانییانەی، کە هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ خۆیان پێکیان دەهێنا ڕەنگدانەوەی بەربەرەکانێی تاڵی نێوانیان بوو و بگرە درزی نێوانیانی قووڵتریش کردەوە. لە ناوەخۆدا، پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانیی لەگەڵ دوو گرووپی توندڕۆی دژ بەیەکدا پێک هێنابوو: حزبی شیوعیی عێراق و پارتی توندڕۆی شیعیی ئەلدەعوە،[7] ئەگەر هاوپەیمانیی لەگەڵ حزبی شیوعی گەشەی سروشتیی کاری لەمێژینەی ڕابردوویان بێت، ئەوا هاریکاریکردن لەگەڵ حزبی دەعوەدا نوێ بوو و لەو کاتیشدا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان تەواو زەحمەت بوو. لە ڕابردوو هەرگیز پارتێکی کوردی هێزەکانی خۆی لەگەڵ پارتێکی شیعە یا ئیسلامیدا یەک نەخستبوو. بگرە لێرەش، ئەو کەندەڵانە ڕواڵەتی و ئایدۆلۆجی و سیاسییەی لە نێوان دوو پارتەکەدا هەبوو پێ دەچوو زۆر بەرین بێت تا پردی لەسەردا دروست بکرێت. لە کاتێکدا کورد لە ڕوانگەی نەتەوەییەوە قسەی دەکرد، دەعوە لە ڕوانگەی ئاینییەوە قسەی دەکرد. لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناو ئۆتۆنۆمیی کوردی هەوڵی دەدا، حزبی دەعوە لە پێناو کۆمارێکی ئیسلامیدا کاری دەکرد. لەگەڵ ئەوانەش، دوای هەڵگیرسانی شەڕ، پێوەندییەکان لە نێوان هەردوولادا بە شێوەیەکی سەرەکی بە دەستپێشخەریی ئێران دادەمەزرا.

ڕاستی، ئەمە خاڵێکی سەرەکی لەم گفتوگۆیە دەورووژێنێ. سەرەڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی پەیماننامەی جەزائیری ١٩٧٥ بە ناپاکیی ئێران دادەنا،

کەچی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا زیندوو دەکردەوە. ئەم هەڵوێستە بە هیچ شێوەیەک نابێت بە ساویلکەییی کورد لێک بدرێتەوە، بگرە دەبێت تەنیا بە پێویستییەکی کورد لێک بدرێتەوە. پاڵنەری پارتی بۆ تۆڵەسەندنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ئەوە بوو هاوپەیمانێکی باشتری لە ئایەتوڵڵا خومەینی نەدەدۆزییەوە. بگرە لەوەش گرینگتر ئەو ڕاستییە بوو، کە هاوپەیمانی لەگەڵ ئێراندا تاکە بژارەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لەبەرئەوەی سووریا پێشوەخت ڕکابەری ئەوی "پەسند" کردبوو، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، تورکیاش بە قووڵی دژی خواستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو نەک هەر تەنیا لە تورکیا بگرە لە وڵاتە دراوسێکانیشیدا. بە شێوەیەکی دژ بەیەک، ڕەنگە پێوەندییەکانی ڕابردووی پارتی لەگەڵ ئێراندا بە ژان بووبێت، کەچی ئەو پێوەندییانەی ئێستەی لەگەڵ خومەینیدا چەند بناخەیەکی بۆ پارتی دابین دەکرد تا لە ڕێیانەوە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتەکەدا سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. هێشتا، چەند مەترسییەکی زگماک لە زیندووبوونەوەی پێوەندییەکاندا هەبوو. یەکێکیان برێتی بوو لەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەوانە بوو ئەو سەربەخۆییە بچووکەی کە بەدەستی هێنابوو لە دەستی بدات و ببێتە بوودەڵەیەک لەناو دەستی ئێراندا. ڕاستی، پشت بەستانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئێران گەیشتە ئەو ڕادەیەی هاوکاریی پارتەکە بۆ ئێران ڕوون بکاتەوە لە شەڕکردنی لەگەڵ کوردی ئێران و لە هاریکاریکردنی لەگەڵ حزبی دەعوەدا،[٨] دووەمیان، مەترسیدارتریش، برێتی بوو لەو مەترسییەی ئێران جارێکی تر پشت لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکات لە بەرامبەر ڕێککەوتنێکی باشتر لەگەڵ عێراقدا.

ئەوە ئەو بارودۆخە ڕیزپەڕە بوو، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بە چارەسەرکردنی دەکرد، ئەمە ئەگەر خۆی لە بارودۆخێکی دژواردا ببینیایەوە. لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەلایەنی کەمەوە سێ جار هاوپەیمانیی خۆی گۆڕی: سەرەتا لەگەڵ سووریا، دواتر حکوومەتی عێراق، لە کۆتاییشدا ئێران. بەم جۆرە، لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتە ئەنجامی ڕێککەوتنێک لەسەر هاریکاریی ئابووری و سیاسی و

سەربازی لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا، تێیدا دەهات، کە یەکێتی لە دژی ڕێژیمی عێراق شەڕ دەکات تاکو سەدام لەسەر کار لادەدرێت و لەگەڵ بەغداشدا ڕێککەوتنی تاکلایەنە ئیمزا ناکات. ئێرانیش ڕازی بوو چەک و پاڵپشتیی دارایی و کۆمەکی پزیشکی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابین بکات. ئەنجامێکی تر بریتی بوو لەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوای لێ کرا لەسەر دەسپێشخەریی ئێران لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئاشت بێتەوە،[9] لەبەر زۆر گۆڕینی لایەنگرییەکەی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنەمای بەربەرەکانێی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و واقیعیبوون و پێویستبوونی مانەوەی کاری دەکرد. لە هەمان کات، ئەم بیرۆکەیە ئاماژە بەو کۆسپ و تەگەرە خراپانە دەکات، کە بزووتنەوەی کورد لەژێریدا کاری دەکرد.

## پێشبینییەکانی هەڕەشە لە لایەن هەردوولاوە

کەمێک دوای کەوتنی شۆڕشی کورد لە ١٩٧٥، سەدام شانازیی دەکرد بە "لێدانی کوردە بەکرێگیراوەکان... لە چیا بەرزەکاندا"، هەرچەندە سەدام جیاکارییەکی ڕوونی لە نێوان هۆزی بارزانی و "گەلی ئێمە لە کوردستان"دا دەکرد، کە دەیویست لە ڕێگەی هۆکاری جۆرەوجۆرەوە دڵسۆزییان بەدەست بێنێ،[10] هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئێران دەرفەتێکی بە سەدام دا ئەو دڵسۆزییەی کورد تاقی بکاتەوە. ئەگەر سەدام هێشتا هیوای خواستبێت شەڕ هەستە نیشتمانییە عێراقییەکان بەبەر کورددا دەکاتەوە، ئەوا تەواو بە هەڵەدا چووبوو. کورد نەک هەر دوودڵ بوون لە بەشداریکردن لە هەوڵەکانی شەڕدا، بگرە دەیانویست کەڵک لەو شەڕەش وەربگرن تاکو حکوومەتی ناوەندی لاواز بکەن و هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێز بکەن و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بەدەست بێنن.

ڕاستی، کاتێ ڕێژیمی عێراق وەک هۆکارێک بۆ تۆڵەسەندنەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر شەڕەکەی هەڵگیرساند، کورد شەڕەکەیان بە دەرفەتێک دەزانی بۆ تۆڵەسەندنەوەی بەشی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە. گۆڕانکارییەکانی ماوەی هەشت ساڵی شەڕ بەڵگەی پڕاوپڕی سەبارەت بەو تێزە داوەتە دەست. سەرەتا، بەشی باکور

زیاتر لە هەموو بەشێکی وڵات جڵەونەکراوتر بوو، بووبووە سەنتەری هەموو گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان، لەلایەن کورد و شیوعی و شیعییەکان. دووەم، لە هەندێ کاتدا ئەو جڵەونەکراوییە گۆڕا بۆ ڕاپەڕینی گشتی، کە کورد پێی دەڵێن ئینتیفازە،[11] لە هەمووی نیگەرانکەرتر، لە تێڕوانینی عێراق، ئەو ڕاستییە بوو، کە چەند گرووپێکی کورد گەیشتنە ئەو خاڵەی لە بەرگریکردنی عێراقدا هاریکاریی ئێران بکەن.

ئاستی بەرگریی کورد ڕەنگدانەوەی قۆناغە هەمەچەشنەکانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو: کاتێ شەڕی دەرەکی زیاد بوو، نیمچە شەڕە ناوەخۆییەکانیش زیاد بوون. بە شێوەیەکی گشتی، چالاکیی کورد دژ بە ڕێژیم دوو شێوەی وەردەگرت: بەرگریی میللی و شەڕی پێشمەرگە. هەردووکیان بە شێوەیەکی پێویست بە یەکەوە گرێدراو نەبوون و بگرە بە یەک هۆکارەوە دنە نەدەدران. کاتێک شەڕ هێشتا لەناو هەرێمی ئێران بەردەوام بوو و سوپای عێراق دەیسەلماند بەهێزترە. دانیشتوانی کورد بەرەنگاری عێراق دەبوونەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی بەرگریی ناچالاکانەی وەک دوودڵبوون لە خزمەت لە سوپای عێراق یا لە سوپای میللیدا، واتە میلیشیای حزبی بەعس (الجیش الشعبي)، ئەم سوپایە لە ماوەی شەڕەکە زۆر زیادی کرد و وەک پاڵپشتێکی سەرەکی لە ناوەخۆدا کاری دەکرد. لەگەڵ ئەوەش، زۆری پێ نەچوو بارودۆخی سەربازی گۆڕا و بەرهەڵستیی کوردیش چالاکتر بوو. هاوکات لەگەڵ پاشەکشەکانی عێراق لە بەهاری ١٩٨٢ لە خوڕەمشەهری ئێران، بێزارییەکی خراپ، کە لەلایەن کوردەوە بە ڕاپەڕینی میللی وەسف دەکرا، سەرانسەری باکوری گرتەوە. دەگوترا ١٢٠٠٠ کەس، لەوانە قوتابیان لە شارەکانی باکوری وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک، بەشدارییان لە خۆپێشاندان و مانگرتنەکاندا کرد،[12] ڕاپەڕینی هاوشێوە لە نیسان – ئایار ١٩٨٤ و ئەیلوولی ١٩٨٥ و ئایار – حوزەیرانی ١٩٨٧ ڕوویان دا. ئەم ڕاپەڕینانە، کە پێ دەچوو خۆڕسک بن، گوایە بەهۆی لاوازیی ڕێژیمەوە دروست دەبوون یان بە هۆی ئەو مامەڵە ڕەقەی لە دژی کورددا دەیگرتە بەر. ڕاستی، پاڵەپەستۆی ڕاپەڕینەکان ئەوەندە بەهێز بوو حزبی بەعس ناچار بوو کورد لە خزمەتی سەربازیی بە زۆرەملێ ببوورێ و ڕێیان پێ بدات لەسەر بنەمای خۆویستی خزمەت بکەن،[13] سەدام سەبارەت بەم بارودۆخە تووڕەیی خۆی دەربڕی

کاتێ ڕای گەیاند "شەرمەزارییە عەرەب بەرگری لە خاکی کوردستان بکات لەو کاتەی کوڕە عێراقییەکانی کوردستان وەستاون و سەیریان دەکەن."[١٤]

ئۆپۆزسیۆنی کوردیی ڕێکخراو، هەوڵی دەدا دەست بە پشتی بەرهەڵستییە جەماوەرییەکەوە بگرێت تا پاڵەپەستۆی خۆی لەسەر حکوومەت زیاد بکات. بەم جۆرە، لە تەمووزی ١٩٨٣، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا کردە یەک لە هێرشکردنە سەر حاجی ئۆمەران، کە شارۆکەیەکی بچووکی کوردی بوو لەسەر سنووری ئێراندا. لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ هێزەکانی پێشمەرگە دیسان یارمەتیی سوپای ئێرانیان دا لە هەوڵی داگیرکردنی پێنجوێن، شارۆکەیەکی تری کوردیی سەر سنوور لە نێزیک سلێمانی. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بەربەستانە و هاوکات لەگەڵ سیاسەتی دابەشکردن ئینجا فەرمانڕەواییکردن، حزبی بەعس لە ١٩٨٢ لە تاڵەبانی، ڕکابەری پارتی دیموکراتی کوردستان، نێزیک دەبووەوە بەو هیوایەی تاڵەبانی بەشێک لە کارەکانی بەغدا ڕاپەڕێنێ. لەگەڵ ئەوەش، گفتی ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان، کە بەعس یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پێ فریو دەدا، بە هەوادا چوو کاتێ لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ ڕێککەوتنی ئاگربڕ لە نێوان هەردوولادا ئیمزا کرا. ڕاستی، گاڵتەجاریی بەغدا بگرە لە کاتی دانوستاندنەکانیش بە دیار دەکەوت، لەو کاتەی یازدە لایەنگری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەوانە برایەک و دوو خوارزای تاڵەبانی، لەدار دران،[١٥] ئیدی، ئاگربڕەکە، کە ساڵێکی خایاند تەنیا زیانی بە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی گەیاند لەبەرئەوەی لایەنی کوردیی لەت کرد و یارمەتیی حکوومەتیشی دا هەناسەیەکی پێویست هەڵمژێت، لە هەمان کاتیش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی ئیفلیج کرد. لەگەڵ ئەوەش، ساڵێکی خایاند تا تاڵەبانی داوای ڕاگرتنی ئاگربڕەکەی کرد و خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی نوێبوونەوەی بەخۆوە بینی.

خۆگرترین پاڵەپەستۆی کوردی دژی حکوومەت لە ١٩٨٥ تا ١٩٨٨ بوو. بۆ یەکەم جار لەوەتەی ١٩٧٥ یەکڕیزییەک لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەبێ هەستکردن بە هەڕەشەی هێرش لە دواوە، دژ بە داوودەزگا و هێزەکانی حکوومەت دروست بوو. لەوەش زیاتر، تا ١٩٨٧ شێوازێک لە

نێـوان هـەردوو پارتـدا دروست بوو بە هـانـدانـی چالاکـانـەی ئێـران. بەم جـۆرە لەگـەڵ چوار گـرووپـی تری ئۆپۆزسـیـۆن، بـەرەی عـێـراقی کـوردییـان پێک هێنا، لەگـەڵ ڕاگەیاندنی ئامـانجیان، کە برێتی بوو لە مـافی بڕیاردانـی چارەنووس. هەرچەندە لە دوایەمین شـیکردنەوەدا دەرکـەوت ئەم لێک نێزیکبوونەوەیە ئـەنجامی مـەزنی نەبوو، کـەچی یەکەتییـەکی تێدا دەردەبڕا، کە دانیـشتوانی کـورد پێشـتر خـۆزگـەیان بۆ دەخـواست. پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان و یەکـێـتـیی نیـشـتـمـانیی کـوردسـتـان هـەردووکـیان تـاکتـیکی گـەریلاییـیـان دەخـسـتـە کـار بۆ تەنگ هـەڵچنین بە کـاروانـە سـەربازییـەکان و هێرشکردنـە سـەر خـاڵ و باڵەخانە حکوومـەتییەکان، لەوانە هـی ئەو داوودەزگایانەی دەکـەوتنە ناو شـارۆکـە کوردییـەکان و لـەژێر فـەرمـانـی حکوومـەتدا بوون،[١٦] بە هـەمـان شـێوە، هـەردوولا هـاووڵاتییـانی بیـانییـان دەرفـاند و هـەڕەشـەیان دەخستـە سـەر ڕێگە سـتـراتیجی و بینا سـتـراتیـجییـەکانی وەک هێڵی لوولە نەوتی عێراق بـۆ تورکیا. لە سـەرووی هەمـوو ئەمـانەشدا، هـەردوو پـارت هـاوکارییـان لەگەڵ ئێراندا قـووڵتر دەکردەوە. لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦ پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێـتـیی نیشـتـمـانیی کوردسـتـان بەشـدارییـان لـە کۆنفرانسێکی هـەمـوو گـرووپە ئۆپۆزسیـۆنەکانی عێـراقدا کرد، کە لـەلایەن ئێرانەوە پارەی دەدرا و مـەبەست لێی تۆکمەکردنی چالاکییـەکانی دژ بە عێراق بوو. لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزەکانی ئێران هەوڵێکی هاوبەشیان ئەنجام دا، کە تێک شکا، بۆ تێکدانی بینای نەوتی کەرکووک.

بە پێچـەوانەی ئەمـەوە، کـردەوەیەکی پێـشـتـر لە ئاداری ١٩٨٧ بـووە هـۆی دەست بەسـەرداگرتنی چەند بەرزاییەکی ستراتیجی لە لایەن ئێرانەوە، کە کۆنترۆڵی بەسـەر تەوەرەی حـاجی ئـۆمـەران – ڕەوانـدز لەسـەر سنووری عـێـراق – ئێـراندا هـەبوو. لە کۆتـایی، لە ئاداری ١٩٨٨ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێران دەستیان کردە یەک بۆ گرتنی هـەڵەبجە، شارێکی بچووک بوو لە سەر سنووری عێراق – ئێراندا.

سـەبارەت بە ڕاگەیاندنی ئامـانجی سیاسییان، کورد بۆ زۆربەیان بەردەوام بوو لە دەسـتگرتن بـە ئۆتـۆنـۆمـیـیـەکی واتـادارەوە. لەگـەڵ ئـەوەش، لە بـەهـاری ١٩٨٧ گۆڕانکارییـەکی گرینگ ڕووی دا کـاتێ یەکێتیی نیشتمـانیی کـوردستان نیـازی خۆی

بۆ شـــەڕ لە پێناو کـوردســتـانێکی ســەربەخـۆ ڕاگـەیاند. دوا بەدوای ئەمـــە، ئەم بەرەنگارییـەی کورد لـە بەدەست هێنانی ئامـانجـەکانیـدا شکانی هێنا، بەڵام ئەوە ناکاتە ئـەوەی بڵێین ئەو ئامانجـەی یەکێتی گرینگ نەبوو یا بای ئەوەندە بەهـێز نەبوو ڕووبەڕووی پێشـبینیی هێرشـەکانی بەغدا ببێتەوە. بۆ ئەوەی نرخ بۆ کـاریگەریی ڕاستەقینەی ئەو بانگەشـەیەی یەکێتی دابنرایە، دەبوایە لە کات و سـاتی گونجاوی خـۆیدا باس بکرایە. لە تێـڕوانیـی عـێــراقــەوە، مــەترسـیـدارترین ڕەهەنـدی ئەم بەرەنگارییـە برێتی بوو لە ڕەهەندی سـەربازی و سـتراتیـجی. یەکەم، ئۆپۆزسـیۆنی کورد دەستی لەگەڵ سوپای ئێراندا دەکردە یەک، بە تایبەتی لەو دۆخانەی کە سوپای عـێـراق لـە هەندێ کـەرتی تردا لە بارودۆخـێکی گـراندا بـوو، بۆ نموونە، لـە بەهـاری ١٩٨٦ دوای کـەوتنی فاو بۆ ناو دەستی ئێران، یان لە بەهـاری ١٩٨٧ هـاوکات لەگەڵ هێرشی گورچکبڕی ئێران بۆ سـەر بەسرە. هێرشـی کورد دوو هێندە دەبوو چونکە دەیتوانی سـەرنجی سـوپای عێراق لە سـەنگەری سـەرەکیی شـەڕدا وەرگێڕێ و لەوەش خراپتر، ناوچە کوردییەکان لە تەواوی وڵات دابـبڕێ. سـتراتیجێکی مـەترسیدارتریش برێتی بوو لەو ڕاستییەی کە لە ١٩٨٢ تا ١٩٨٥ تاکە لوولە نەوتی عێراق، کە شایەنی گـەشـەپێدان بـوو ئەو لوولە نـەوتە بوو کـە بە ناو نـاوچەی کـوردیدا بۆ تورکـیـا تـێ دەپەڕی، ئەمـە مـانای وا بـوو هـەر کارێکی تێکدەرانەی کـورد بۆ عـێـراق گـورچکبـڕ دەبوو.

لە چەند جارێک و لەگەڵ دووپاتبوونەوەی هەڕەشـەی کورددا، کاربەدەستانی عێراق دێوەزمـەی دابەشکردنی عێراقیان دەورووژاند بۆ سێ دەوڵەتۆکە: دەوڵەتی سـوننی و دەوڵەتی شیعی و دەوڵەتی کوردی،[١٧] لە کاتێکدا ئەم هێڵە بیروباوەڕییە مەبەست لێی زیادکردنی پاڵەسـوو بوو بۆ سـەربازانی عێراق و زیادکردنی پشـتیـوانیی عـەرەب و ناودەوڵەتیش بوو بۆ پرسی عێراق، لە هەمان کاتدا فێڵی لـە ترسە ڕەگداکوتاوەکانی حکوومەتی عێراقی دەکرد سەبارەت بە ئەنجامی دابەشکردنەکە. گومانی تێدا نەبوو کوردستـان، بە یەکەوە لەگەڵ سووریا و ئێراندا، خـاڵی لاوازی عێراق بوو لەبەرئەوەی هێزێکی نەیار بە عێراقیان پێک دەهێنا. بیرەوەرییە خۆشەکانی مێژووش لە سەدەی شـازدە تـا سـەدەی حـەڤـدە، لە هـەمـان ئەو نـاوچەیەدا، نەیـتـوانیـوە ئیـمـپـراتۆری

عوسمانی و ئیمپراتۆری فارسی یەک بخات. لەم سۆنگەیەوە، بەیاننامەکانی وەک ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە دابەشکردنی عێراق وەنەبێ نەتوانی کاریگەریی لەسەر بەعس دابنێت. هەر بەو بۆنەیەوە، کورد پاڵەسوویکی سایکۆلۆجیی بۆ ڕێژیم پێ بوو، کە دوو شەڕی بە یەک جار و لە یەک کاتدا دەکرد.

سەرەڕای خاڵی لاوازی، حزبی بەعس بۆ مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی زەحمەتتر لە هی بزووتنەوەی کورد زیاتر لە جاران چەکدار بوو. ڕێژیم هەموو سەرچاوە سەربازی و سیاسی و ئابوورییەکانی لەژێر دەستدا بوو شان بەشان لەگەڵ کۆمەڵێک سیاسەت، کە دەیتوانی پێیانەوە خۆی لەگەڵ بارودۆخەکاندا پێ بگونجێنێ. لە ماوەی سێ ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا، ڕێژیم دەیویست هاوسەنگییەکی باش لە نێوان شەڕ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کورد و هاندانی هەستێکی یەکەتیی عێراق لەناو هاووڵاتییانی کورددا بدۆزێتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە لەگەڵ کۆدەنگیی عێراقدا بیانهێڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەش، کاتێ شەڕ زیاد دەبوو، بەعس زیاتر جەختی لەسەر ستراتیجیی یەکەم کردەوە، کە مامەڵە لەگەڵ کورد بوو وەک دوژمن.

ڕێژیم، بە چاوەڕوانکردنی کێشە لە کورد، سێ ڕۆژ بەر لە دەست پێکردنی شەڕ لەگەڵ ئێران لە ١٩ی ئەیلوولی ١٩٨٠ هەڵبژاردنێکی بۆ ئەنجوومەنی یاسادانانی کورد ئەنجام دا. لە بنەڕەتدا، بەغدا هەوڵی دەدا هەڵبژاردن بەکار بهێنێ وەک هێزێکی کاریگەر بۆ جووڵەپێکردنی کورد بۆ پشتیوانی لە شەڕ و پاشگەزکردنەوەیان لە پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆنی کوردی و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئێراندا. لە هەنگاوێکی تردا لە حوزەیرانی ١٩٨٢، بۆ یەکەم جار لەوەتەی گرتنە دەستی دەسەلات لەلایەن بەعسەوە کوردێک، تەها محیەدین مەعرووف، بۆ مەجلیسی قیادەی سەورە، کە بالاترین دەستەی یاسادانان و ڕاپەڕاندن بوو لە دەوڵەت هەڵبژێردرا. لە ڕواڵەتدا، ئەم هەنگاوە کۆڵدانێکی گرینگی بۆ بزووتنەوەی کوردی پێشان دەدا، کە تا ئەو کات بەعس دوودڵ بوو لە دانی ئەم پۆستە. بەڵام وەک دۆزەکەی ئەنجوومەنی یاسادانان، لێرەش بە هەمان شێوە، ڕێژیم دڵنیا دەبووەوە لە بەتاڵکردنی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی هەنگاوەکە. دەبێ ئەوە بگوترێ کە تا ١٩٨٢ مەجلیسی قیادەی سەورە زۆربەی دەسەلاتەکانی لە دەستدا بوو، کە تا دەهات زیاتر لەناو دەستی سەرۆک کۆ

دەبوونەوە. لە پاڵ ئەمەش، مەعروف، کە جێگری سەرۆکیش بوو، هەر تەنیا ناوی هەبوو لەوەی دەسەڵاتی هەبێ. هەروەک کەمێک دوای ڕاپەڕینی جەماوەریی کوردی لە بەهاری ١٩٨٢ ڕووی دا، هەڵبژاردنی کوردێک وەک گەرمی پێوێک بۆ هەستی قووڵی بەعس بە بارودۆخی نائاسایی لەبارەی کێشەی کوردەوە خزمەتی دەکرد. ناو بەناو، حکوومەتی عێراق ڕێوشوێنی خۆشگوزەرانیی جەماوەریی پەسند دەکرد: سەرەڕای شەڕ، بەردەوامیی چالاکییەکانی خۆی لە باکوردا ڕادەگەیاند و تەلەڤزیۆنی بەسەر ٢٠,٠٠٠ خێزان لە سلێمانی دابەش دەکرد شان بەشان لەگەڵ زەوی بەسەر پیاوانی ئاینی و فیستیڤاڵێکیشی بۆ کولتووری ئەدەبی کوردی ساز دا،[18] ڕێژیم دەیویست بڕوای هەستی نیشتمانیی عێراقیەتی بە کورد بهێنێ. ئەوە باش دیار بوو، کە ئایدۆلۆجیای بەعس بە قووڵی دژی هەستەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو، ئەویش هەم لە ڕێگەی بینینی کوردستان وەک بەشێک لە نیشتمانی عەرەب هەم لە ڕێگەی هەڕەشەکردنی کورد بە کەمینییەکی بێ نرخ کاتێ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی جێبەجێ دەکرێت،[20] ئەوە ڕاستە، کە لە سەرەتای هەشتاکاندا، دەرفەت بۆ عێراق بۆ یەکبوون لەگەڵ وڵاتێکی عەرەبی تردا پێ دەچوو زۆر لە جاران دوورتر بێت. بەڵام ئەمە هێشتا ترسی کوردی لەو ئەنجامە نەدەڕەواندەوە. ڕێژیم زوو دەرکی بەوە کرد، کە ئەگەر پێویست بێت کورد بەشداری لە شەڕ بکات دەبێت سیمبولێکیان هەبێت پێیەوە بناسرێنەوە وەک ئۆتۆنۆمیی کورد لە عێراق. یەکبوونی عێراقی پێ دەچوو زیاتر سەرنجی کورد ڕابکێشێ، کە لە ماوەی خەباتی تەواویان بۆ ئۆتۆنۆمیی کورددا هەمیشە ئەوەیان دەردەبڕی، کە ئۆتۆنۆمییەکەیان دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا جێبەجێ بکرێت. ئەمە پاڵی بە بەعسەوە نا سەنتەری کێشکردنی خۆی لە ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە بگۆڕێت بۆ نیشتمانیەتیی عێراق.[21]

شان بەشان لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا، ڕێژیم هەموو شێوە و دەربڕینەکانی ناسیۆنالیزم و کولتووری کوردی سەرکوت دەکرد. هەروەک لە بەشی هەشتەم پێشان دراوە، دیارترین نموونە بۆ ئەمە بریتی بوو لە گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی لە شاری سلێمانییەوە بۆ شاری هەولێر لە سەرەتای ١٩٨١،[22] سلێمانی، لەبەرئەوەی لەمێژ بوو بە پەناگەی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرا، بە شێوەیەکی ڕۆتینی لەلایەن

ڕێژیمەوە فەرامۆش کرابوو. لە ١٩٧٤ بەعس شاری هەولێری گوێڕایەڵی وەک جێگەی ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵبژارد. کاتێ شەڕ هەڵگیرسا و دەترسان زانکۆ لە سلێمانی ببێتە جەرگەی بەرهەڵستی ناسیۆنالیزمی کوردی، ڕێژیم زانکۆکەی بۆ هەولێر گواستەوە، لەوێ باشتر دەیتوانی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات. لە هەمان کات، دەسەڵاتداران کۆڕی زانیاری کوردیان داخست و ئەدیب و نووسەرانی کوردیان بڵاوە کرد.

## دژە هاوپەیمانییەکانی بەعس

لە هەوڵێکدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانیی ئێرانی کوردی، بەعس دەیویست لەگەڵ هێزێکی دەرەکی، تورکیادا هاوپەیمانی دروست بکات. بە ترسان لە ڕژانی کاریگەریی بۆ ناو کوردی خۆی، تورکیا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هاوکاریی عێراقی دەکرد بۆ لەڕوودا وەستانەوەی چالاکیی گەریلاییی کورد بە درێژاییی سنووری خۆی. لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕ و خاوبوونەوەی کۆنترۆڵی بەعس بەسەر سنووری نێوان عێراق و تورکیا، هاریکاریی نێوان هەردوو وڵات دەبووە پێویستییەکی زیندووتر، بە تایبەتی بۆ عێراق. لە مایسی ١٩٨٣، دوو لیوای تورکی بە بڕی دوازدە میل هاتنە ناو هەرێمی عێراقەوە بۆ گەڕان بەدوای گەریلای تورکی و کوردی، کە بەپێی چەند سەرچاوەیەکی کوردی، بووە هۆی دەستگیرکردن و کوشتنی چەند سەد کوردێک.[23] ئەم کردەیە، کە بە بێدەنگیی عێراق ڕووی دەدا، دەبووە هۆی بەردی بناخە و شێوازێکی پێوەندییەکانی داهاتووی نێوان هەردوو وڵات لە شەڕی نێوان عێراق و ئێران. لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ عێراق و تورکیا ڕێککەوتنی فەرمییان ئیمزا کرد، کە ڕێی بە هەریەک لەو وڵاتانە دەدا بچێتە ناو خاکی ئەوی ترەوە لە ڕاونانی یاخییان. بە ڕەچاوکردنی بارودۆخەکان، جگە لە پێویستیی عێراق بە یارمەتیی تورکیا ناکرێ بۆ هیچ شتێکی تر لێکدانەوە بۆ ڕێککەوتنەکە بکەین. بەمەش، پشت بەستانی عێراقی بە هێزێکی دەرەکی زیاد دەکرد بۆ دەسەڵات ڕەواندن بەسەر بەشی کوردستان، کە پێ دەچوو خاسیەتی زەوییەکی بێ خاوەن وەربگرێ. هێشتاش، سەرەڕای ئەو مەترسییانەی بارودۆخێکی وا لەگەڵ خۆیدا

هەڵی دەگرت، عێراق پێی باشتر بوو لەوەی کوردستان بکەوێتە بەردەستی کورد یا ئێرانییەکان. لێکدانەوەکانی ڕابردوو ڕاست دەرچوو، کاتێ تورکیا بە ڕۆح و بە گیان پابەندی ڕێککەوتننامەکە بوو. تا کۆتاییی شەڕ، باڵەفڕە تورکییەکان بەلایەنی کەمەوە سێ جار هاتنە ناو هەرێمی عێراق لە هەوڵی لەڕوودا وەستانەوەی چالاکیی کوردەیلی عێراق لە نێزیک سنووردا،[٢٤] لە هەمان کات، تورکیا هەرگیز دەسەڵاتی خۆی بۆ پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق بەکار نەدەهێنا.

هەروەک چۆن هاریکاریی تورکیا بۆ عێراق بە گرینگ دادەنرا، بێگومان جێگرەوەیەکی هێزی سەربازیی عێراق بوو لە ناوچەکەدا. لە کاتێکدا لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕ هەوڵ و یەکە سەربازییە سەرەکییەکانی عێراق لە کەرتەکانی ناوەڕاست و باکوردا کۆ بووبوونەوە، لە کۆتای شەڕ دوو لە حەفت فەیلەق لە باکور جێگیر کران: فەیلەقی یەک لەسەر سنووری عێراق و ئێران لە کوردستان و فەیلەقی پێنج لەناو جەرگەی کوردستانی عێراق. بە شێوەیەکی ئایرۆنی، هەولێر، کە پایەتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، دەبوو بە بارەگەی فەیلەقی پێنج. ڕاستی، ئەرکی سوپای عێراق لەم کەرتەدا زۆر ئاڵۆزتر و ناسکتر دەبوو لە هەر بەشێکی تری وڵات چونکە دەبوو بە یەکجاری و لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی چوار تەگەرە ببێتەوە: هێرشەکانی ئێران لەوبەری سنوور (لەگەڵ هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی یا پارتی دیموکراتی کوردستان، یان هەردووکیان، کە وەک ڕێنوێنیکەر لە ناوچەکەدا کاریان دەکرد)، چالاکیی گەریلایی لە ناوەوەی کوردستان (لەلایەن هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، شیوعییەکان، حزبی دەعوە یان گرووپە بچووکەکانەوە)، دانیشتوانێکی کورد، کە تا دەهات جڵەونەکراوتر دەبوو، لەگەڵ پێویستیی بەرگریکردن لە کەلوپەلە ستراتیجییە گرینگەکان. دەکرێ مەترسیی تەگەرەکان لەو ڕاستییەدا کۆ بکەینەوە، کە پێشتر لە ناوەڕاستی ١٩٨٦ نوویسگەی سەرۆک فەرماندە سەربازی و حزبییەکانی بەعس ئاراستەی ناوچەی باکور کردبوو بۆ "بەردەوامیدان و چڕکردنەوەی گەمارۆی سەر گوند و ئەو ناوچانەی بە هۆی هۆکاری ئاسایشەوە قەدەغە بوون." بە گوێرەی ڕێنوێنییەکان "خواردن و شتومەکی تر بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە بگاتە ئەوێ"[٢٥] بە هەمان شێوە، یەکە بژاردەکانی

پاسەوانی کۆماری دەبوو بە پەلە لە ئاداری ۱۹۸۷ بگەنە ناوچەکە بۆ لە ڕەگەوە بڕینەوەی هێرشی ئێرانییەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێن لە بەرامبەری دانیشتواندا.

لەگەڵ باڵادەستیی هێزی شەڕیی عێراق، کەچی سوپا لە کوردستان خۆی لە دۆخێکی سەربازیی زەحمەتدا دەبینییەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر سەختیی ناوچەکە و زەحمەتیی بەکارهێنانی تانک لە ناوچە چیاییەکان، لەگەڵ ئەو دوودڵییە ڕەگ داکوتاوەی لەلایەن سەربازانی عەرەبیشەوە دروست دەبوو بۆ شەڕ لە ڕووبەڕووبوونەوەی پارتیزانیدا. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زەحمەتییانە و لەبەر ئەوەش لە دوای ۱۹۸۵ بەعس چیی تر لەناو پارتە کوردییەکاندا هاوپەیمانی نەدەبوو، بەغدا لە ئەرکێکی دوو سەردا کوردی بەکار دەهێنا بۆ شەڕ لەگەڵ برایەلی خۆیان و وەستاندنی هێرشەکانی ئێران.

کاتێک دانوستاندن لەگەڵ تاڵەبانیدا تێ شکا، بەغدا دەستی کرد بە ئامادەکردنی ئێزیدییەکان. هێزە تایبەتە ئێزیدییەکان (مفرزة خاصة) دەبوو لە یەکەی بچووکی ٥٠ کەسی ڕێک بخرێن "کە بۆ کۆنترۆڵکردن ئاسان دەبوون." زیاد لەوەش بۆ شەڕکردن لەگەڵ "تیرۆریستان"دا، مەبەستی سەرەکی برێتی بوو لە "نەهێشتنی ناوەندیەتیی دەسەلات و دەسڕۆیینی سەرکردەی کەرتەکان، کە دڵسۆزیی ئەندامانیان لەسەر بنەمای هێڵی مەزهەبی و چینایەتی دادەنا."[٢٦]

لە هەمووی گرینگتر، بەعس سەرەتا کوردی بۆ فەوجی بچووک بچووک (أفواج خفيفة) وەردەگرت و دواتر بۆ فەوجی بەرگریی نیشتمانی (أفواج الدفاع المدني). ئەو فەوجانە، کە پارەیەکی زۆریان پێ دەدرا، ژمارەیان نێزیکەی ٢٥٠,٠٠٠ کەس دەبوو، ئەو کەڵکەی هەبوو، کە ئاشنایەتیی نێزیکیان بە ناوچەکە و بە دانیشتوانەکە هەبوو شان بەشان لەگەڵ باش ڕاهاتنیان لە شەڕی گەریلاییدا. بەم جۆرە، لە چەند دۆخێکدا، ئەو فەوجانە یارمەتیی سوپای عێراقیان دا ئەو چیا بەرزانە بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، کە ئێران بە یارمەتیی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یان هەردووکیان داگیری کردبوون،[٢٨] بە شێوەیەکی ئایرۆنی، ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە دەبووە شەڕێکی برایانە لە نێوان ئەو کوردە عێراقییانەی شەڕی یەکێکی تریان دەکرد.

بەغدا بۆ نەهێشتنی ڕاپەڕینی جەماوەریی کورد هێشتا نەیدەتوانی متمانە بەو فەوجانە بکات، چونکە لە چەند جارێکی کەمدا فەوجەکان "چاوپۆشییان.... لە دوژمن دەکرد." متمانە نەکردن بەو فەوجانە بە ڕوونی لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا هاتووە، کە نەیدەهێشت کوردە "تیرۆریستەکان" بدەنەوە دەستی ئەوان، بگرە تەنیا دەبوو بدرێنە هێزەکانی "ئاسایش".[٢٩]

### ئەنفال: سەمای سەرکەوتنی بەغدا

دوو پەلاماری بەعس لە کەشکۆڵی بیرەوەریی کورددا وەک مۆر هەڵدەکۆڵدرێت: شالآوی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە،[٣٠] چەکی کیمیایی لە هەردوو هێرشدا بە بڕێکی زۆر بەکار هێنران، بە مەبەستی ترساندنی دانیشتوان و وێرانکردنی کوردستان. گوتاری سیاسی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێوشوێنانە بوو. بەمەش، هەڵبژاردنی ناوی ئەنفال (پاشماوەی شەڕ)، کە بە هۆی سورەتی هەشتەمی قورئانەوە ناو نراوە، ئاماژە بوو بۆ کارە توندڕۆیەکەی بەعس. سەدام، کە پێ دەچوو هەر ئەو ناوەکەی دانابێ، لە لایەکەوە دەیویست شەرعییەتی ئیسلامی بۆ کارەکانی بەدەست بێنێت و لە لایەکی ترەوە دەیویست مۆدێلی سزایەک جێبەجێ بکات، کە بە ڕوونی لە سورەتەکەدا باس کراوە. چەند ئایەتێکی سورەتەکە ئەمانە لەخۆ دەگرێت: (إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَفَاضْرِبُوا فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ )(الأنفال:١٢) "... لەمەودوا من ترس و بیم دەخەمە دڵی ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون، دە ئێوەش لە سەر و گەردنی ناپاکان بدەن دەست بوەشێنن لە هەموو پەنجەکانیان".

وَإِذْ قَالُوا اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ هَذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِنْدِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (الأنفال:٣٢) (... خوایە ئەگەر ئەو دین و بەرنامەیە ڕاستە و لەلایەن تۆشەوە ڕەوانە کراوە، ئەوا بەرد لە ئاسمانەوە بەسەرماندا ببارێنە یان بەڵا و سزایەکی بە ئێشمان بۆ بهێنە!"

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنْفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّيُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ) (لِيَمِيزَ اللَّهُ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ

وَيَجْعَلَ الْخَبِيثَ بَعْضَهُ عَلَى بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُ فِي جَهَنَّمَ أُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ)(الأنفال:٣٦، ٣٧) "... ئەوانەی بێ باوەڕ بوون بۆ دۆزەخ کۆ دەکرێنەوە و ڕاپێچ دەکرێن. (بەسەرهات و ڕووداوەکان) بۆ ئەوەیە کە خوا کەسانی دەروون پیس و ناپاک لە کەسانی دەروون خاوێن و پاک جیا بکاتەوە و پیس و ناپاکەکانیش لەسەر یەک کەڵەکە بکات، هەموویان بدات بە مل یەکتردا و بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە بە گشتی...".

(مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ)(الأنفال:٦٧) "بۆ هیچ پێغەمبەرێک نەبووە دیلی هەبێت، هەتا هەتا بە تەواوی نەجەنگاوە (لەگەڵ دوژمنەکانیدا) لەسەر زەویدا"[٣١] ڕاستی، ئەو ئایەتانەی، کە باسی بەردی ئاسمان و کەڵەکەبوونی تەرم دەکەن بە شێوەیەکی خوازە برێتی بوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کورد. ئەو دەستاوێژانەی دوای ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ دۆزرانەوە بۆ لە شەرع دەرکردنی کورد زیاتر لە گوتاری گشتیش تێی پەڕاند،[٣٢] بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک، ئەندامی فەوجەکان ڕێنوێنییان پێ درابوو، کە "پێشمەرگە بێ باوەڕن و دەبێ وەک بێ باوەڕ ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت. تۆ دەتوانیت دەست بەسەر هەموو کەلوپەلەکانی ئەواندا بگریت لە کاتێکدا کە شەڕیان لەگەڵ دەکەی. هاوسەرەکانیان بە حەڵاڵی بۆ ئێوەیە، هەروەک چۆن مەڕ و مانگاکانیان بۆ ئێوە حەڵاڵە."[٣٣] ئەو بەڵگەنامانە، هەموویان بەیەکەوە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە شاڵاوەکە چەندە سیستەمدار و پلان بۆدانراو و گشتگر بووە. ئەو زمانەی بەکار هاتووە بێ بەزەیی و دڵڕەقانە بووە.

خاڵی وەرچەرخان لە شاڵاوی بەغدا لە دژی کورد لەو کاتە بوو، کە ئامۆزای سەرۆک، عەلی حەسەن مەجید، لە ٢٩ ئاداری ١٩٨٧ وەک فەرمانڕەوای بێ سنووری باکور دیاری کرا "تاکو ئاسایش و ڕێسا بپارێزێ و گرێنتیی سەقامگیری بکات." بڕیارەکە، کە "بە ناوی گەلەوە" دەستی پێ دەکرد تاکو شەرعییەتی زیاتر بە هەنگاوەکە بدات، "دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەزگا مەدەنی و سەربازی و ئاسایشییەکانی" بە مەجید دەدا،[٣٤] بە کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی نائاسایی، عەلی حەسەن مەجیدی پیاوی بەغدا لە کوردستان شۆڕشی کوردیی بۆ تاهەتایە لەناو برد. ئەو پەلامارەی مەجید کردیە سەر کورد پاساوی تەواو بە گوتەکەی تاڵەبانی دەدات

که گوتی "جینۆساید... له کوردستانی عێراق."[٣٥]

له نیسانی ١٩٨٧ دوای سەرکەوتنی سنووورداری ئێران له داگیرکردنی چەند بەرزاییيەکی ستراتیجیی نێزیک سلێمانیدا،[٣٦] مەجید لەوەتەی دەست پێکردنی شەڕ خراپترین شالاوی سزائامێزی له دژی دانیشتوانی کورد ئەنجام دا، خراپترین بەیانیش برێتی بوو له بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. فەرمانەکانی مەجید، لەناو مەبەستەکانی تردا، مەبەست لێی تێکشکاندنی شۆڕش و وێرانکردنی لادێی کورد و بەعەرەبکردنی ناوچە ستراتیجییەکانی، وەک کەرکووک، بوو.[٣٧]

یەکەم هێرشی کیمیاییی سەرەکی بۆ سەر کورد له نیسانی ١٩٨٧ بوو له گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسان. له بەرامبەردا، دانیشتوانی گەڕەکی کانی ئاشقانی هەڵەبجە خۆپیشاندانێکی دژ به حکوومەتیان ساز دا. تۆڵەسەندنەوەی عەلی حەسەن مەجید به شێوەیەکی تایبەت توند بوو:

> سەرۆکی فەیلەقی یەک لەسەر داوای هاوڕێ عەلی حەسەن مەجید فەرمانێکی دەرکردووە بۆ لەداردانی بریندااران... بۆ بەکارهێنانی شۆفڵ و بلدۆزەر بۆ تەختکردنی گەڕەکی کانی ئاشقان، بۆ ڕێدان به ئاسایش و پۆلیس و سوپا بۆ چارەسەرکردنی هەر گردبوونەوەیەک و وێرانکردنی هەر خانووێک به تانک و بلدۆزەر، که گوللەی لێوە دەتەقێنرێت.[٣٨]

چەند ڕۆژێک دواتر، مەجید ئەم پلانەی خوارەوەی به سەرکردەکانی حزبی بەعس ڕاگەیاند:

> له هەموو لایەکەوە هێرش (بۆ سەر بەرهەڵستیی پێشمەرگە) دەست پێ دەکەین... دواتر له کونجێکدا گەمارۆیان دەدەین و به چەکی کیمیایی هێرشیان دەکەینە سەر. من به چەکی کیمیایی تەنیا بۆ ڕۆژێک هێرشیان ناکەمە سەر، بگرە له هێرشکردنە سەریان به چەکی کیمیایی تا پازدە ڕۆژ بەردەوام دەبم... من ئەوە دەکەم، به یارمەتیی خوا. دەیانبەزێنم و تا ئێران دوایان دەکەوم.[٣٩]

بەڵگەنامەیەکی تر کەمێک دواتر دەرچوو وردەکاریی بۆمبی چەند گوندێکی کوردیی

تێدا هاتبوو، لەنێو کۆمەڵێک شتی تردا، کوێربوونی سی کەس بوو، کە ئاماژەیەکی ڕوونی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو. هەمان بەڵگەنامە ئەوەی ئاشکرا دەکرد، کە چەند ئەندامێکی فەوجەکان هەڕەشەیان کردووە ئەگەر گوندەکانی ئەوان "وێران بکرێت" ئەوا ئەوان پێوەندیی بە "تێکدەرەکانەوە" دەکەن،[٤٠] وردەکاریی پلانەکە لە چەند ڕێنوێنییەکدا دەردەکەوت، کە چەند ڕۆژێک دواتر دەرچوو بۆ ئەو هێزانەی لەلایەن نوویسگەی باکوری بەعس، بە سەرکردایەتیی مەجید، لە کوردستان کرابوونەوە:

> لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەی، کە دوا کات بۆ لەناوبردنی ئەو گوندانە لە ٢١ حوزەیران ١٩٨٧ بە کۆتا دێت، ئێمە بڕیارمان داوە... کە: ١، هەموو ئەو گوندانەی کە تێکدەران (مخربین) بەکرێگیراوانی ئێران (واتە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و نەوەی ناپاکی (سلیل الخیانة) (واتە پارتی دیموکراتی کوردستان) و ناپاکانی تری هاوشێوەی عێراقی تێدا هەن لەبەر هۆکاری ئەمنی دەبێت وەک قەدەغەکراو بێنە حیسابکردن. ٢، ئامادەییی مرۆڤ و ئاژەڵ لەو ناوچانە بە تەواوی قەدەغەیە و دەبێت ئەو ناوچانە بە ناوچەی عەمەلیات دابنرێن، کە سەربازان بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن تەقە بکەن، بەبێ هیچ ڕێگرییەک، مەگەر لەلایەن بارەگاوە ڕێنوێنیی تر بێت.... ٣، فەرماندەکانی فەیلەق تۆپبارانی ڕەشەکوژی ئەنجام دەدەن بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانەی لەو ناوچە قەدەغەکراوانەدان.... ٤، هەموو ئەو کەسانەی کە لەو گوندانە دەگیرێن دەبێت دەستبەسەر بکرێن و لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و ئەوانەش، کە تەمەنیان لە ١٥ تا ٧٠ ساڵیدایە، دوای وەرگرتنی زانیاریی بە کەڵک، لە دار دەدرێن.[٤١]

ڕاستی، لە شایەتیی ڕزگاربووە کوردەکاندا، ئەوە ڕوون بوو، کە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی شاڵاوی ئەنفال کوشتنی ئەو پیاوانە بوو، کە لە تەمەنی خزمەتی سەربازیدا بوون و لە ناوچە لادێییەکانی کوردستاندا دەگیران. پۆلی گوللەبارانکردن دەیان هەزارانی لێیان کۆمەڵکوژ دەکرد،[٤٢] تاکو بۆ خێزانەکان

زەحـمـەت بێت لە بەشـەكـانی تری كـوردسـتـان پەناگـەیەك بۆ خـۆیان بدۆزنەوە، فـەرمانێكی نهێنی لە نوویسگەی باكور داوای گرتنی هەموو ئەو خێزانانەی دەكرد، كە دەگەیشتنە شارۆكەكان یا كۆمەڵگەكانی ناوچە قەدەغەكراوەكان.[٤٣]

چارەنووسـی ئەو كـوردانـەی لە ناوچە قـەدەغـەكـراوەكـان نەدەژیان گـەلەك لەوان باشـتـر نەبوو. بۆ نموونە، دوو فـەرمـان داوای وڵات بەدەركـردنـی ئەندامـانی خـێزانە تێكدەرەكـانی دەكرد، هەروەها مـافی ڕەگەزنامـەی عێراقی و خـاوەنداریيـەتیی شـتی گـوازراوە و نەگـوازراوەیان لێ دەسـەنرایەوە،[٤٤] بەڵگەنامــەیەكی تر ناوی دایكـانی هەڵاتووی سـەربازی (فـیـرار)ی لەخۆ دەگرت. ئەم ئافرەتە تـەمـەن شـێـست هەشـتـا ساڵییانە ڕەگەزنامەی عێراقییان لێ دەسەنرایەوە و وڵات بەدەر دەكران،[٤٥] سەبارەت بە چارەنووسـی وڵات بەدەركراوەكانیش، بەڵگەنامەیەك ئاماژە بەوە دەكات، كە لەناو ١٥٠٠ خـێـزان، نزیـكەی ٤٥٠ خـێـزان لە ئێـران بوون بە پەنابـەر. ئەوانـی تر دەگـوازرانەوە بۆ ئـەو كـۆمــەڵگانـەی لەلایـەن حكوومــەتەوە دروست كـرابوون، كـە بەڵگەنـامـەكـە بە "گـەڕەكی خۆگـران (حي الصـمـود)" ناوی دەبرد،[٤٦] لەگـەڵ ئەوەش، هەموو ئەمانە سەرەتایەك بوون بۆ شاڵاوی ئەنفال.

سـەدام گڵۆپی سـەوزی بۆ شـاڵاوی ئەنفـال داگیرسـاند، كە لە شـوبـات تا ئەیلوولی ١٩٨٨ بە هەشت قۆناغ جێبەجێ كرا. لە ١٣ی ئادار سەدام سەردانی ناوچەكەی كرد، لە سـەرەتای ئەو شـاڵاوەی، كە دەبـووە شاڵاوێكی خـوێناوی. ئەوە هـەر سـەدام بوو، كە بڕیاری لەسـەر بەكارهـێنانی چەكی كیـمیـایی دا. بە گـوێرەی ئەفسـەرە پلە باڵاكـانی سـەربازی، فـەرمـاندەی سـیاسـی بوو نەك سـەربازی، كـە بڕیاری بەكـارهێنانی ئەو چەكانەی لە دژی كورد دەدا،[٤٧] لە یاداشـتـێكی زۆر نهـێنیدا، كە سـەدام لە كـانوونی دووەمی ١٩٨٨، مـانگێك بەر لـە دەست پێكردنی شـاڵاوەكـە، دەری كرد، ڕەزامـەندیی لەسـەر "لەنـاوبردنی نەفـرەت لێكراوان (ألمدانین)" پێـشـان دەدات،[٤٨] ڕێنوێنیی تر بە دوای ئەمـەدا هات. بۆ نمـوونە یەكـێك لەو ڕێنـوێنیـیـانە داوای ڕەفـتـاركـردنی لەگـەڵ ئەندامـانی خێزانە تێكدەرەكانـی وەك تێكدەر دەكرد و داوای كـوشتنی مـوختـاری ئەو گوندەشی دەكرد ئەگەر پێنج یا زیاتر لە پێنج خێزان لە گوندەكەی بدۆزرانایەوە. لە هەمــووی سـەیرتر، هەمــان بەڵگەنامــە ئەوەی تێدا هـاتبـوو، كـە پیـاوانی ئاینی بەشدارییان لە بەدواگەڕانی (تحري) تێكدەران و سەركردەكانیان دەكرد.[٤٩]

لەگەڵ ڕۆیشتنی کات، زمانی فەرمانەکان زبرتر دەبوون. فەرمانێک لە فەیلەقی یەک، کە لە ٢٥ ئایاری ١٩٨٨ دەرچوو، ئەوەی تێدا هاتبوو:

> ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتووە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە خانوو و ماڵی جیا جیا هەن لە ناوچە قەدەغەکراوەکان و دەکەونە ناو شالاوی ئەنفال کەچی هێشتا وێران نەکراون بەو جۆرەی، کە داوا کراوە، بڕیار درا هەرچی زووە پەلە بکرێ لە وێرانکردن و نەهێشتنی هەموو ئەو گوند و خانووە پەراگەندانە و گرینگیی سەرەکی بەو بابەتە بدرێت و لە چوارچێوەی کاتێک کە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٨٨ تێپەڕ نەکات.[٥٠]

بەڵگەنامەیەکی تری زۆر نهێنی لە حوزەیرانی ١٩٨٨ بە ڕوونی و بەبێ گومان بەکارهێنانی "چەکی کیمیایی لە ئاداری ١٩٨٨" لە لایەن سوپاوە ئاشکرا دەکرد لە هێرشکردنە گوندەکانی شوان و بەلکار. بەڵگەنامەکە هاریکاریی نێوان "تیرۆریستان" و ئێران و شان بەشان لەگەڵ هەوڵەکانی پێشوو بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانیانی ڕوون دەکردەوە و لەگەڵ پێشنیازکردنی چەند شێوازێک بۆ کۆسپدانان لە بەردەم ئەم هەوڵانەدا. هەروەها هۆشیاریی بەکارهێنانی ناسنامەی فەوجەکانی لە لایەن "تیرۆریستانەوە" دەدا لە شەڕیان دژی حکوومەت.[٥١]

هەموو شالاوی ئەنفال، کە گوندە کوردییەکانی دەکردە ئامانج نەک شارۆکەکان، بریتی بوون لە وێرانکردنی سەدان گوندی ناوچە ستراتیجییەکان، ڕاگواستنی ١٠٠,٠٠٠ تا ٥٠٠,٠٠٠ کورد لەناو جەرگەی کوردستانەوە بۆ ناوچە دوورەکانی نێزیک سنوورەکانی ئوردن و سعوودیە، یان بۆ ئەو ناوچە کوردییانەی لەلایەن حکوومەتەوە بە ئامادەکراوی کۆنترۆڵ دەکرا وەک هەولێر، هەروەها ناوە ناوە کیمیابارانکردنی گوندە کوردییەکان بە چەکی کیمیایی.[٥٢]

میدیای عێراق بە گاڵتەجاڕییەوە بە زاراوەی بەرز و باڵا وەسفی شالاوەکانی دەکرد، دەستەواژەی وەک "کردەوەی ئەنفالی پاڵەوانانە،" "کردەوەی ئەنفالی نەمر،" "سەرکەوتنێکی مێژوویی،" "سەرکەوتنێکی مەردانە، " یان "زنجیرە سەرکەوتنە داستانییە سەربازییەکان"ی بەکار دەهێنا. لەوەش زیاتر بە "باشترین دیاری بۆ ئەو کوردانەی، کە یادی نەورۆز دەکەنەوە" وەسفی دەکرد. سەرباری ئەوەش، بەغدا خۆپێشاندان و برووسکەی پشتگیریکردنی بۆ شالاوەکە ڕێک دەخست.[٥٣]

هەرچەندە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە بەشێکی پرۆسەی شاڵاوی ئەنفال دانەدەنرا، کەچی زیاتر لە شاڵاوی ئەنفال بووە سیمبولی خەباتی مانەوەی کورد.

## کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە

"هیرۆشیمای کورد" بریتییە لەو زاراوەیەی کورد بۆ کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بەکاری دێنن، کە لە ١٦ ئاداری ١٩٨٨ لەلایەن سوپای عێراقەوە ئەنجام درا، کە نێزیکەی ٣٢٠٠ کەسی مەدەنیی بە هەموو تەمەنەکانەوە لە یەک ڕۆژدا کوژران و بریندار بوون،[٥٤] کاتی کیمیابارانکردنەکە هەم تراجیدی بوو هەم گاڵتەجاڕانە. لە ئاداری ١٩٧٠ بوو کە حزبی بەعس و ڕێژیمی بەعس دانی بە مافی ئۆتۆنۆمیی کورددا نا. لە ئاداری ١٩٧٥ بوو شەڕیان لە پێناو ئۆتۆنۆمییەکی مانادار لەدەست دا دوا بەدوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر. لە ئاداری ١٩٨٨ بوو کورد شەڕێکی نوێیان بۆ مانەوەی خۆیان دەست پێ کرد.

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، کە نێزیکەی ٦٠,٠٠٠ کەس تێیدا دەژیا، کەمێک دوای هێرشە هاوبەشەکەی نێوان پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئێران جێبەجێ کرا، کە سەرکەوتوو بوون لە وەدەرنانی سوپای عێراقی لە شارەکە و لە داگیرکردنی. بەو پێیە، دیارترین هۆکار بۆ ئەم کردارەی سوپا دەکرێت ئەوە بووبێت، کە سوپای عێراق خراپ زەبری بەرکەوتبوو و لەوەش دەترسا هێزە هاوبەشەکانی ئێران و کورد زیاتر بێنە ناو کوردستانی عێراق، ئەمەش دەبوو بە پاساوێک بۆ ئەوەی سوپای عێراق ڕێوشوێنی خۆپارێزی بگرێتە بەر. ڕوونکردنەوەیەکی تر ڕەنگە پاڵنەری تۆڵەسەندنەوە بێت لە کورد لە هاریکاریکردنی ئێران، کە لە بەرچاوی عێراق کورد بووبوو بە هاوکاری دوژمن. لە کاتێکدا ئەم هەستانە ڕەنگە دەورێکی گرینگیان لە کاردانەوەی عێراق هەبووبێت، گومانی تێدا نەبوو کە کردارەکە پاڵنەرێکی زۆر دڕندانەتری هەبوو. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆ عێراق نوێ نەبوو، کە پێشتر لە ١٩٨٣ – ١٩٨٤ و لە ١٩٨٦ بۆ ڕاگرتنی هێزەکانی ئێران بەکاری هێنابوو،[٥٦] ئەوەی کە نوێ بوو ئەمجارەیان ئەوە بوو، کە ڕووداوەکە لەلایەن ئەو پەیامنێرانەوە تۆمار کران، کە لە ڕێگەی ئێرانەوە دەهێنرانە شارەکە، ئەمەش ڕووداوەکەی بۆ هەموو

جیهان دەرخست و نەدەکرا چیی تر فەرامۆش بکرێت،[٥٧] لەوەش زیاتر، جیاواز لە هێرشەکانی تر، شارێکی گەورەی دەکردە ئامانج، کە دانیشتوانی عێراق خۆی تێدا نیشتەجێ بوو و نەدەکرا، وەک ڕێوشوێنەکەی پێشتری ئێران، بە ڕێوشوێنێکی خۆپارێزی دابنرێت.

بۆ تێگەیشتن لەو کردارەی عێراق کە لە کردارەکانی پێشووتری نەدەچوو، دەبێت کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە سیاقێکی فراوانتری شەڕی عێراق و ئێران تەماشا بکەین. لە ڕاستیدا هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی ئێران لە کوردستان، "شەڕێکی دڕندانەی شارەکان" لە نێوان هەردوو وڵات ڕووی دەدا، شەڕێک لە لایەن عێراقەوە دەست پێ کرابوو و مەبەست لێی شکاندنی وورەی ئێرانییەکان و بەرەنگاربوونەوەی هێرشێکی نوێی ئێران بوو لە باشوور. بەم جۆرە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی وریاداریيەک بوو نەک تەنیا بۆ کورد بگرە بۆ ئێرانییەکانیش. بۆ زیادکردنی ترسی ئێرانییەکان، عێراق چەکی کیمیایی لە دژی گوندە ئێرانییەکانیش بەکار هێنا کەمێک دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە،[٥٨] چەند ڕۆژێک دواتر، گوتەبێژێکی عێراقی وریاداریی دەدا لەوەی عێراق ڕەنگە "چەند شارێکی سەرەکیی ئێران بکاتە ئامانجی چەکە کیمیاییەکان."[٥٩] بە دڵنیاییەوە ئەو شتەی، وای لە عێراق دەکرد ئەم چەکە بەکار بێنێ تەنیا ئەوە نەبوو کە بەکارهێنانی کاریگەر بوو، بگرە ئەوەش بوو، کە بەکارهێنانی مەترسییەکی زۆری هەڵنەدەگرت چونکە لە پێشتردا، کە بەکاری هێنابوو بەبێ سزادان بەسەریدا تێ پەڕیبوو.

ئەو ڕاستییەی کە شەڕێکی پێشکەوتووی تۆقاندن لە دواوەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە هەبوو دەکرێت لە کاردانەوەی بەغدا بەرامبەر ئەو تۆمەتەکانی ئێران دەربکەوێت، کە ئاراستەی عێراقی دەکرد لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا. هەروەک جاری پێشوو حکوومەتی بەغدا نە ددانی بە تۆمەتەکاندا دەنا و نە نکووڵیشی لێ دەکردن، بەڵام جەختی لە "سووربوون لەسەر بەرگریکردن لە خۆی بە هەموو ڕێگەیەک دەکردەوە."[٦٠] لەلایەن خۆیەوە، وەزیری بەرگریی عێراقی عەدنان خەیروڵڵا تلفاح، دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، هەڕەشەی بەکارهێنانی "هەموو ڕێگەیەکی دەکرد بۆ بەرگریکردن لە خاکی عێراق."[٦١] بە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە، عێراق تەنیا نیگەرانیی ئێرانییەکانی زیاد دەکرد بە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی

دانیشتوانە مەدەنییەکەی. ئێران خۆی بەشداریی لە زیادکردنی ترسی خەڵکەکەی دەکرد بە دەست پێکردنی هەڵمەتێکی پروپاگەندەی زەبەلاح لە دژی عێراق. لە ١ نیسانی ١٩٨٨، ئێزگەی تاران ورياداریی هێرشێکی کیمیاییی ڕاگەیاند، جەختی دەکردەوە، کە "بە گرتنەبەری ئەو شێوازە نامرۆڤانەیە" بەغدا هیوا دەخوازێت بەرگریی ئێرانی ڕابگرێت،[٦٢] ترسی ئێرانییەکان هەرگیز بەرجەستە نەدەبوو، بەڵام پێ دەچوو کاریگەریی لەسەر وره‌ی دانیشتوان زۆر بووبێت. ڕاستی، دەتوانین بڵێین هەڵەبجە دەیسەلماند ببێتە خاڵێکی گۆڕان لە شەڕەکەدا. لە سەرەتای نیسانیشدا، دوایەمین هێرشی ئێرانییەکان لە کوردستان دەوەستا کاتێ سوپای عێراق توانی هێزە هاوبەشەکانی ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناوچەی ستراتیجیی قەرەداغ لە سلێمانیدا، نێزیک بەنداوی دەربەندیخان، وەدەر بنێتەوە. دوو حەفتە دواتر عێراق لە گرتنەوەی فاو لە خوارووی عێراقدا سەرکەوتوو بوو، کە ئەمە ڕێی بۆ سەرکەوتنەکانی عێراق و لە کۆتاییشدا بۆ قەبوولکردنی ئاگربڕ لەلایەن ئێران لە ٨ی تەمووزدا کردەوە. ڕەنگە کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە دوایەم هەوڵی بەغدا بووبێت. بەهەرحاڵ، چەکی کیمیایی دەردەکەوت کاریگەرە.

بۆ کورد کە کرابوون بە قەڵغانێکی لایەنە شەڕکەرەکان، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە تێکشکێن بوو. لە بەرامبەر ئەم گۆڕانکارییەدا، بەیاننامەکانی تاڵەبانی لەبارەی کۆمارێکی کوردی یان سیستەمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا دەردەکەوت، دوور لە واقیعە،[٦٣] ئێران و سەرکردایەتیی کورد هەوڵیان دەدا ڕای جیهانی لە دژی حکوومەتی عێراق کۆ بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو قۆناغەدا (لە ئادار و نیسانی ١٩٨٨)، کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی کۆک بوو لەسەر ئەو ترسەی ئێران هێشتا ڕەنگە بە ناو دەوڵەتانی کەنداودا هەڵبکشێت. کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی عێراقی وەک تەگەرەی سەرەکی لە بەردەم ئێراندا دەبینی، بۆیە نەیدەویست بەغدا لاواز بکات یان بەرهەڵستیی بکات. جوست هیلتەرمان، وەک نامەکەی ئێمیلی زۆلا بە ناوی " J- Ac cuse (تۆ تۆمەتبار دەکەم)"، پەنجەی تۆمەت بۆ ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا درێژ دەکات:

> بەڵگەکان ئەوە پێشان دەدەن، کە ئەمەریکا بە تەواوی ئاگەداری ئەوە بوو عێراق هەڵەبجەی کیمیاباران کردووە و کەچی ئێرانی تۆمەتبار

دەکـرد بەوەی بـەلایەنی کــەمــەوە لە بـەشـێکدا تـۆمـەتبــاره و دواتر دیپلۆمـاتەکانی ڕێنوێنی دەکرد لەسـەر پروپاگەندە بۆ تۆمـەتبـارکردنی ئێـران... ئەم فێـڵـە، لە کـاتێکدا سـەرکەوتوو بـوو لە دوورخسـتنەوەی عێراقییەکان لە ڕەخنە، ئەنجامێکی گەورەی لێ کەوتەوە: عێراقییەکان گڵۆپێکی سـەوزی تریان بینی و دەسـتبەجێ کەڵکیـان لێ وەرگرت. بە بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە یـەکەم ڕۆژی هـەر قـۆناغێکی ئەنفالدا، عـێـراقـیـیـەکـان دەیانتـوانی خـۆیان کـۆ بکەنەوە و بە شـێـوازێکی بەرنامەدار دەیان هەزار کورد بکوژن.[٦٤]

ئەوە تەنیا لـە سـەرەتای حوزەیرانی ١٩٨٨ بوو، کاتێ بە شێوەیەکی ڕەها دەرکەوت هێرشـی ئێران کۆتای پێ دێت و عێراق خـەریکە شـەڕەکە دەباتەوە، لەو کاتەی چەند دەسـتەیەک لە ڕۆئاوا بە دەنگ هـاتن بۆ ڕەخنەگرتن لـە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کورد. سکرتێری گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان خـافیـەر پێرێز دی کویلار، هـەرچەندە دەسـتبـەجێ ڕەخنەی لە ئەمـەریکا نەگـرت، ئامـاژەی بە "بەڵگەی دیار و مەترسیدار" دەکرد لەوەی عێراق چەکی کیمیایی لە دژی هەڵەبجە بەکار هێناوە،[٦٥] ئاماژەیەکی سیمبۆلیی تر بریتی بوو لە پێشوازی لە تاڵەبانی لە کاتی سـەردانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەمان مانگدا. ئەمـەریکا هەمیشە هۆشیار بووە لە نەهاوێشتنی هەنگاوێک کە بە هاندانی کوردە جیاخوازەکان لێکدانەوەی بۆ بکرێت تاکـو بـەرهـەڵسـتـیی عـێـراق یان تورکـیـا یان ئێـران نەکـات. هاوتەریب لـەگـەڵ ئەو سـیـاسـەتـەدا، ئەمـەریکا ڕوونی دەکـردەوە، کـە ئەوەی ئەو نیگەرانە بـۆی ڕەهـەندی مـرۆڤـایەتیی کێشـەکەیە، واتـە پێویسـتی وەسـتاندنی عێراق لە زیاتر بـەکارهێنانی چەکە کیمیاییـیە قەدەغەکراوەکان. بەڵام بۆ هـەمـوو ئـەو ساردییەی، کە ئەمـەریکا هـەیبـوو، ئـەم هـەڵوێسـتـە کـاردانەوەیەکی دەسـتـبـەجـێی بەغدای بەدوادا هـات، کـە کۆبوونەوەیەکی هـەڵوەشاندنەوە بڕیار بوو لە ١٦ حوزەیران لە نێوان وەزیری دەرەوەی عێراق تاریق عەزیز و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا جۆرج شۆڵتز ئەنجام بدرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا کـۆمـیـتـەی ئەنجـوومـەنی پیـران بـۆ کـاروباری دەرەوە لە ٢١ حـوزەیران ڕەزامـەندیی لەسـەر بڕیارێک دا، سـەرکۆنەی بـەکارهـێنانی چەکی کـیمـیاییی دەکرد لەلایەن عێراقەوە. بەڵام ئەم ئاماژانە بۆ کورد زۆر کەم و زۆر درەنگ بوون.

## چارەسەرێکی کۆتایی

لە تەمووزی ١٩٨٨، تەنیا ڕۆژێک دوای ئەوەی ئێران ڕازی بووبوو لەسەر ئاگربڕێک، بەغدا شاڵاوێکی بەرفراوانی لە دژی کورد دەست پێ کرد، ئەم جارە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەکێتیی دەگرتە خۆ،[٦٧] هێرشەکە بەبێ پچڕان شەش حەفتە بەردەوام بوو،[٦٧] کات و ساتی پەلامارەکە، کە بە کۆتاییی ئەنفال (خاتمة الأنفال) ناو دەبرا، جارێکی تر دەری دەخست، کە کێشە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان چەندە تێک ئاڵاون. لە سەرووی بەسیمبولبوونەکەی (واتە، هاتنە سەر دەسەڵات بیست ساڵ لەمەوبەر)، کات و ساتەکە کەڵکێکی زۆری بۆ بەغدا هەبوو. بە پابەندبوون بە بەیاننامەکەیان بە مەبەستی ئاگربڕێک لەگەڵ عێراق و ئارەزوونەکردن لە خستنی ڕێککەوتنەکە بۆ بەر مەترسی، ئێرانییەکان پێ نەدەچوو یارمەتیی کورد بدەن. لە کۆتاییدا ئاگربڕەکە لە ٢٠ی ئاب هاتە جێبەجێکردن. لە ڕاستیدا، ئێران هیچ دوودڵییەکی نەبوو لە پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦دا ئیمزای کردبوو، کە تێیدا هاتبوو هیچ لایەنێک ڕێککەوتنی تاکلایەنە لەگەڵ بەغدادا ئیمزا ناکەن.[٦٨] کورد کە دووچاری سەرسوڕمان هاتبوون و لەلایەن ئێرانەوە بە چارەنووسی خۆیان سپێردرابوون، پێ نەدەچوو بەرگەی بەرهەڵستیی زۆر بگرن لە بەرامبەر هێزێکی سەرکەوتوودا، کە ئیدی ئێستە ئازاد بوو لە ناردنی کۆمەکی سەربازی بۆ ئەو دوو فەیلەقەی، کە لە ناوچەکەدا نیشتەجێ دەبوون. شتێک کە لە گرینگیی کەم نەبوو ئەو ڕاستییە بوو جیهان سەرنجی خۆی خستبووە سەر ئاگربڕێکی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان و ئارەزوویێکی کەمی بۆ کێشە دووەمییەکان هەبوو.

پازدە بەتالیۆن و ٣٠,٠٠٠ تا ٦٠,٠٠٠ سەرباز (ژمارەکە دەگۆڕێت بە گوێرەی سەرچاوەکان) لە فەیلەقی یەک و پێنج و پاسەوانی کۆماری بەشدارییان لە هێرشەکەدا دەکرد، باڵەفڕ و هیلیکۆپتەر و تانکیشیان بەکار دەهێنا،[٦٩] وەک هێرشەکەی پێشوو، ئەم هێرشە سێ ئامانجی هەبوو: سڕینەوەی بنکەکانی پێشمەرگەی کورد لە هەموو کوردستان و تۆقاندنی دانیشتوانی مەدەنی بە جۆرێک لە داهاتوودا نەوێرن پشتیوانیی ئۆپۆزسیۆن بکەن و ئاسانکاری بۆ ڕاگواستنی

لایەنە لاسارەکان بۆ ئەو شوێنانەی، کە ڕێژیم کۆنترۆڵی توندیان بەسەردا دەبوو. کورد لەلایەن خۆیانەوە باوەڕیان بەوە هاتبوو، کە حکوومەت دەستی بە "هەڵمەتێکی پاکتاوی کردووە، دوایەمین چارەسەر" بۆ کێشەی کوردی،[٧٠] بڕکردن و دڕندانەی پەلامارەکە لە سەرەتای ئەیلوولی ١٩٨٨ دەرکەوت، لەو کاتەی هەواڵەکان لە ناوچە نێزیکەکانەوە دزەیان کردە جیهانی دەرەوە. بە گوێرەی چەند ڕاپۆرتێکی جیا جیا، لەو کاتدا ١٠٠,٠٠٠ بۆ ١٢٠,٠٠٠ کورد لە ترسی کیمیابارانکردن بۆ تورکیا ڕایان کردبوو. زۆربەی گوندەکانی کوردستانی عێراق چیی تر بوونیان نەما هەندێک دەڵێن٧٠٪ تا ٨٠٪ی گوندەکان وێران کران،[٧١] کوردی شارە گەورەکان شاربەدەر دەکران، زۆربەی جار بۆ کامپەکانی بیابانی خوارووی عێراق، بۆ ڕێگرتنیان لە پێکهێنانی زۆرینە لە شارەکانیان،[٧٢] کۆمیتەی ئەنجوومەنی پیران بۆ کاروباری دەرەوە لە ٢١ ئەیلوول ڕاپۆرتێکی دەرکرد، تێیدا سوپای عێراقی تۆمەتبار کردبوو بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کورد لە ٢٥ی ئاب و بە پێشێلکردنی یاسای ناودەوڵەتی، "بووەتە هۆی بەقوربانیکردنی هەزاران و ڕەنگە دەیان هەزار خەڵکی مەدەنی."[٧٣] هەروەها ڕاپۆرتەکە عێراقی بە جێبەجێکردنی سیاسەتێک تۆمەتبار دەکرد، کە مەبەست لێی کەمکردنەوەی خەڵکی کوردستانە، تاکتیکی سەرەکیی بریتی بوو لە "وێرانکردنی گوند و بەدەرکردنی ڕزگاربووانیش بۆ ئەو شوێنانەی، کە دەسەڵاتی سەربازی دەیتوانی بە وردی چاودێرییان بکات." لە ٢٢ی ئەیلوول، کۆمیتەی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ کاروباری دەرەوە داوای سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی دەکرد بەسەر عێراقدا لەبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. چەند ڕۆژێک زووتر پەرلەمانی ئەورووپا سەرکۆنەی عێراقی دەکرد بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەوڵێک بۆ "قڕکردنی" هەزاران لە دانیشتوانی کوردی مەدەنی و داوای لە دوازدە نوێنەرەکەی کۆمەڵگەی ئەورووپایی دەکرد دەستبەجێ پێدانی چەک بە عێراق ڕابگرن شان بەشان لەگەڵ ڕاگرتنی ئەو مادە خامانەی، کە لە دروستکردنی چەکی کیمیایی بەکار دەهێنرێن،[٧٤] کەچی، هیچ گەمارۆیەک بەسەر عێراق نەسەپێنرا بگرە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشەوە.

کاردانەوەی عێراق بۆ ئەو نەڕەنەڕەی، کە دەکرا بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە هەموو شێوەیەک. لە هەمان کاتدا، ددانی بە هیچ

کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوەدا نەدەنا بۆ ناوچەکە، ڕای گەیاند ئەمە دەست وەردان لە کاروباری ناوەوەی عێراق زیاد دەکات. لەگەڵ ئەوەش، لە تشرینی دووەمی ١٩٨٨ لە سەردانێکی بۆ فەرەنسا، جێگری سەرۆک تەها محێدین ڕاستەوخۆ دانی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا نا لە هەڵەبجە،[٧٥] هەنگاوی دواتری بەغدا بریتی بوو لە ئامادەکردنی پشتیوانیی ناوخۆ بۆ ڕێژیم،[٧٦] بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەخنەی ئەمەریکا، بەغدا لە ڕۆژەکانی سەرەتادا هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی بەرفراوانی دژ بە ئەمەریکا ڕاگەیاند، لەوانە خۆپێشاندانی جەماوەری و هێرشکردنە سەر "کنێسێتی ئەمەریکایی" لە وتارە دژە ئەمەریکاییەکانی ڕۆژنامەکانی سەر بە حکوومەت و زنجیرەیەک ئاماژەی تری دژە ئەمەریکایی. گومانی تێدا نەبوو، ڕێژیم وەک هۆکارێکی سەلامەتی، پێویستی بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەبوو لە دوای ماوەی کێشەئامێزی شەڕ. لەوەش زیاتر، عێراق دەیویست هەڵمەتی دژە ئەمەریکایی وەک خاڵی سەرەکی بەکار بهێنێ بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی عەرەبی بۆ پرسەکەی.

عێراق دەبوو کێبەرکێ لەگەڵ کۆڕەوی کورد بۆ تورکیا بکات، کە عێراق سەرکۆنەی بێزارکردنی دانیشتوانی کوردی دەخستە ئەستۆی پێشمەرگە و مەسعوود کوڕی مەلا مستەفا بارزانی، بە گوێرەی عێراق ئەوە مەسعوود بووە ئەو کۆڕەوەی ڕێک دەخست بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتیی جیهان،[٧٧] حکوومەتی عێراق، کە لەلایەن وڵاتی خانەخوێوە دووچاری پاڵەسوو دەبووەوە (واتە، تورکیا، کە وەک عێراق لە کورد ماندوو بووبوو)، لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لێبووردنێکی گشتیی بۆ هەموو کوردی عێراق دەرکرد، لە ناوەوە و لە دەرەوەی عێراق، تەنیا بۆ تاڵەبانی نەبێت کە تۆمەتبار بەوەی ناپاکیی لە ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ حکوومەت کردووە.[٧٨]

پەنابەران ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی سەرەکی دەبوونەوە: ئەگەر لە تورکیا بمانایەوە، ئەوە وڵاتێک بوو دانی بە نەتەوەی کورددا نەدەنا، بۆ ئێران بڕۆیشتایەن ئەوە ناپاکیی لەگەڵدا کردبوون، ئەگەریش بگەڕایانەوە بۆ عێراق ڕەنگ بوو هەروەک براکانیان لە ناوی ببردایەن. سەرکردایەتییەکەیان نە هیچ یارمەتییەکی لە دەست دەهات بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکەیان نە دۆخە زەحمەتەکەشی پێ سووک دەکرا لەبەرئەوەی خۆی ڕێگەکەی ون کردبوو. سەبارەت بە ئامانجی ئۆتۆنۆمیش، کە چەندین کورد بووبوونە قوربانی لە پێناویدا، پێ دەچوو زیاتر لە جاران ون بووبێت.

باشترین شت کورد لەو قۆناغەدا هیوای بۆ دەخواست برێتی بوو لە مانەوە بە ژیان. ئەم لێدوانەی خوارەوە، لێدوانی سەرکردەیەکی پەشیمانی ئۆپۆزسیۆنی کوردییە، هۆشیار زێباری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کات (و دوای شەڕ وەزیری دەرەوەی عێراق)، کە گوتی: "سەرۆک سەدام حوسێن پیاوێکی بە بەزەییە. ئەگینا هەموومانی قڕ دەکرد لە بەرامبەر ڕەفتار و ناپاکیمان بەرامبەر بە عێراق."٧٩

کورد لە خەباتی دوور و درێژیان گەڕێکی تریان دۆڕاند. زانینی هۆکارەکانی بەزینی کورد زەحمەت نەبوو: هەندێکیان بەربەستە ناوەخۆییەکان بوون، هەندێکی تر ئەنجامی ڕاستەوخۆی شەڕی عێراق و ئێران بوو. سەبارەت بە ئەنجامی شەڕی عێراق و ئێران، بزووتنەوەی کوردی بە ڕوونی و بە هەموو شێوەیەک چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئێران بەستابووەوە. "نیمچە بەزینی" ئێران کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کورد هەبوو. بێگومان ئەمە ناکاتە ئەوەی بڵێین ئەگەر ئێران لە شەڕەکە لایەنی سەرکەوتووبوایە، چارەنووسی بزووتنەوەکەش باشتر دەبوو. شەڕی ئێران و عێراق دەرچوونێکی لە هەڵوێستی خووپێگرتووانەی بزووتنەوەکە دیاری دەکرد بەوەی بزووتنەوەکە بانگەشەی پرسێکی دەکرد لە چوارچێوەی سەروەریی ناوچەیی عێراق لە کاتێکدا لەگەڵ دوژمنێکی چالاکی عێراقیش بووبووە هاوپەیمان، نەک تەنیا دراوسێیەکی نەیار، کە لە ڕابردوودا وا بوو. لە بەرامبەردا، ئەمە وای دەکرد حکوومەتی عێراق خراپترین ڕێوشوێن لە دژی دانیشتوانەکەی خۆی بگرێتە بەر. لە سەرووی ئەنجامە ئاکاری و مرۆڤییەکان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی کوردە مەدەنییەکان کاریگەرییەکی کارەساتاویی بەسەر بزووتنەوەکەوە دەبوو چونکە بزووتنەوەکە بە تەواوی خۆی دەستەوسان دەبینی بەرامبەر بە چەکێک هەڕەشەی لە بوونی کورد دەکرد.

لە ڕواڵەتدا، بەعس جارێکی تر بە براوەیی دەردەکەوت، سەرکەوتوو بوو لە پارێزگاریکردن لە سەروەریی دەوڵەت، کۆنترۆڵی خۆی بەسەر باکور درێژ کردەوە، بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی شکاند، ترسی خزاندە ناو دانیشتوانەوە و دانیشتوانی ناوچەکەشی کەم کردەوە. ئەو شێوازانەش، کە بۆ پارێزگاریکردن لە سەروەریی دەوڵەت بەکاری دەهێنا سەروەریی کوردی دەخستە ناو

بۆتەی حکوومەتێکەوە، کە زۆر لە جاران سەرسەختتر بوو. بەو پێیە، ئامانجی هیوا بۆخوازراوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی دووچاری گورزێک دەبوو. بە پەسندکردنی سیاسەتی توندوتیژی (خاسیەتی سیاسەتی عێراقی)، حزبی بەعس ڕەنگە تۆوی کەوتنی خۆی چاندبێت، لە ڕابردوودا، ئەم سەرکەوتنانە ئەوەیان دەسەلماند، کە هەم فشەڵن هەمیش دژە بەرهەم. لەوەش زیاتر، حزبی بەعسیش لەژێر کۆت و بەندەکانی خۆی هەنگاوی دەنا، لە هەمووی دیارتر برێتی بوو گرێکوێرەی نێوان تەنگژەی کوردی و کێشە دەرەکییەکانی وڵات. هەروەک لەمێژ بوو کێشە دەرەکییەکانی عێراق چارەسەر نەکرابوون، هەڵێکی کەم هەبوو لەوەی کارتی کوردی لە دژدا بەکار نەهێنرێ. بەڵام هەر لێرەوەش، تراجیدیای کوردی هەبوو: کورد هیچ بژارەیەکیان نەبوو جگە لە پشتبەستان بە هێزە دەرەکییەکان، کە ڕێی تێ دەچوو کورد بە ویستی خۆیان بگەیەنن. سەرباری ئەوەش، لە کاتێک دانیشتوانی مەدەنیی عەرەب لە عێراق لەم شەڕە زۆر دوور بوو، دانیشتوانی مەدەنیی کوردی باجی تەواوی دەدا. لە سەرووی هەمووی، لەو کاتەی بزووتنەوەکە جارێک سەلماندی، کە توانای لاوازکردن یان زیانگەیاندنی بە حکوومەتەکانی عێراق هەیە، بەڵام زۆر سست بوو لەوەی ئەم "سەرکەوتنانە" بۆ کورد بکات بە دەستکەوتێکی بەرجەستە. بە کورتی، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەریەکەیان دەکەوتنە ناو بازنەی داخراوی خۆیانەوە، نەیاندەتوانی بیشکێنن.

## کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق

بارودۆخی کورد لە دوای شەڕی ئێران و عێراق لە زۆر ڕەهەندەوە لەو بارودۆخە دەچوو، کە کورد دوای نسکۆی شۆڕش لە ئاداری ١٩٧٥دا تێی کەوت. لە هەردوو بارودۆخدا، ئێران پشتیوانی سەرەکیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، لەبەر هۆکاری سیاسیی کۆمەکی خۆی ڕاگرت، بەمەش زەبرێکی کوشندەی بە بزووتنەوەکە دەگەیاند. لە هەریەک لە بارودۆخەکان، کۆڕەوێکی پەنابەرە کوردەکان هەبوو (لە هی یەکەم بۆ ئێران و لە هی دووەمیشدا بۆ تورکیا). کورد لە تۆڵەسەندنەوەی دەسەڵاتدارانی بەعس دەترسان، کە لە ڕاستیدا دەرفەتی بەدەست هێنابوو نەک تەنیا بۆ لەناوبردنی شۆڕش و درێژکردنەوەی باڵادەستیی خۆی لە هەرێمی

کـوردسـتـان، بگره بۆ ئەنجـامـدانی چەند گـۆڕانکارییـەک لە ژێرخـان و ڕایەڵی کۆمەڵایەتیی ناوچەکە، کە دروستبوونی هەر ڕاپەڕینێکی نوێی ئەستەم دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ هەموو چوونیەکییەکان، ئەمجارەیان گۆڕانکاری لە کوردستان زۆر ورد و سیستەماتیکی و ڕیشەیی دەبوو، لە هەندێ کاتدا وا دەردەکەوت ئیدی گەڕانەوەی بۆ نییە. پێ دەچوو دەرکەوتنی شۆڕشی کوردی لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران بەغدای ناچار کردبێت سیاسەتێکی توندتر لە جاران بگرێتە بەر. یەکسەر دوای ڕمانی بزووتنەوەی کوردی لە پایزی ۱۹۸۸، ڕێژیمی بەعس جێگۆڕینێکی بەرفراوانی کوردیی دەست پێ کرد گوایە ئەوانەی لە دووریی ۳۰ – ٦۰ کیلۆمەتری سنوورەکانی سووریا و تورکیا و ئێران نیشتەجێن،[٨٠] لە شیکردنەوەی سەرچاوە ئایدۆلۆجییەکانی گواستنەوەی دانیشتوان بە شێوەیەکی گشتی، جۆزێف شیکلا (مونەسیق لە هەردوو ڕێکخراوی HIC و HLRN) پێی وایە سیاسەتەکانی ڕاگواستن، کە سەرەتا وا هەست دەکرا بۆ سەردەمەکانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە هێزێکی گەورەتر دەرکەوتەوە. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە سەرئەنجامی ڕاگواستنی ناوخۆ پێ دەچێ زۆر خەمناکتر بێت لە ڕاگواستن بۆ دەرەوەی سنوور لەبەر "ڕێزدانان بۆ مـــافی دەوڵەت لە دەست وەرنەدان لە کاروبارەکانی ناوخۆیدا."[٨١] لە ڕاستیدا، دوو ڕاگواستنە بەلێشاوەکەی کورد لە ۱۹۷٥ و ۱۹۸۸ – ۱۹۸۹، کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی نیشتەجێبوونی مرۆڤی لە کوردستان گۆڕی، بە دوور لە ئاگای چاوی دەرەکی جێبەجێ دەبوو هەر لەبەر ئەو تێزەی پێشوومان، واتە، دەست وەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی عێراق.

سـەرەتا، بەغـدا ڕەتی دەکـردەوە هەنگاوی لەو جـۆرە بنێت، لەگەڵ ئەوەشـدا، وێنەیەکی تەڵختر دەردەکەوت، یەکەم لە وتارە ناڕاستەوخۆیەکانی ڕۆژنامان و دواتریش لە لێدوانی کاربەدەستدا. سەرەتا، کاربەدەستان ڕایان دەگەیاند هەم ئەو کورد و هەم ئەو عەرەبانەی لەسەر سنوورەکانی ئێراندا دەژیان گواستراونەتەوە وەک قەرەبووێک بۆ ئەو ئازارەی لە ماوەی شەڕدا چەشتوویانە یان هەروەک وەزیری ڕاگەیاندن لەتیف نوسەیف جاسم ڕای دەگەیاند "ساڵانێکی زۆریان بەسەر بردووە بەبێ ئەوەی ژیان و حاڵێکیان هەبووبێت."[٨٢] دواتر کاربەدەستێک گوتی کەوا گوندنشینەکان لە ناوچە دوورەکانەوە نیشتەجێی ناوەند دەکرێن تاکو حکوومەت

بتـوانێت خـزمـەتگوزاری و ئاسـانكاریی ژیانی هـاوچەرخـیـان بۆ دابین بكات. بەم شـێـوازە سـەدام ڕای گـەیاند "ئەگـەر لـەو چیـایە دوورانـە بمێننـەوە... ناتوانـین لە بارودۆخـەی دژوارەكاندا بیـانگەینێ و پارێزگارییـان بكەین. ژیانێكی ترمـان بۆ ئەوان دەوێت. ئەمە هـەمـوو ڕاستییـەكەیە."[٨٣] لە دواوەی ئەو زمانە مرۆڤدۆستـانەیە پاڵنەری سـەرەكی هەبوو، كـە بە گوێرەی گوتەكانـی تاریق عـەزیز برێتی بـوو لە دامـەزراندنی ٣٠ كیلۆمـەتر پشتێنەی ئاسـایش بە پانی، كە هیچ كەسێكی لێ نیشـتەجێ نەبێت،[٨٤] عەزیز بە ئازادی ددانی بـە بڕیاری حكوومەتدا دەنا لە "گۆڕینی دۆخی دیمۆگرافی" و وڵات بەدەركردنی كورد لە بەشـە جیاوازەكانی كوردسـتـان. تاریق عەزیز دوو پاساوی دژیەكی بۆ هـەنگاوەكـە بـاس دەكـرد: گـەیاندنی خــزمــەتگوزاریی هاوچەرخ بۆ گوندنشـینـانی كوردی و لەڕوو وەسـتـانەوەی ئـەو هـاریكارییـەی گوندنشـینان، كـە بە پێشـمـەرگەیان دەدا،[٨٥] دووەم ڕوونكردنـەوە زیاتـر لە ڕاسـتی نێزیـك بوو لەبەرئەوەی گـوندنشـینان پاڵپـشـتـیی سـەرەكیی شـۆڕش بوون. بـەم جـۆرە، بە گـوێرەی گـوتەی هەواڵدەرێك، پێشمەرگە فەرمانی بە هـەر خێزانێك دەكرد چەكێك بكڕن: "فەرمانەكە وەك یاسـا وا بوو، خـەڵكەكەش بەمـە ڕازی دەبوون چونكە بـە پێویسـتـیـان دەزانی. خـەڵكە مەدەنییە چەكدارەكان لە دۆخی بەرگریكردن لە گوندەكانیـان پێوەندییـان بە پێشـمـەرگەوە دەكرد. ئەوان بە "هێزی پاڵپشـتی" ناو دەبران. هـەمـوو گوندەكان ئەم یەكە بەرگرییە مەدەنییانەی هەبوو."[٨٦]

سیاسـەتی بەغدا بە دوای ئەم ئامانجانەی خـوارەوە بوو: ڕێگرتن لە گوندنـشینانی كـورد لە دابینكردنی پاڵپـشـتـیی لۆجـسـتـیكی بۆ پێـشـمـەرگـە، پچـڕاندنـی پەتی بەستانەوەی پێشمەرگە بە ئێران و سووریا ئەوانەی بارەگایان لە نێزیك سنوورەكان بوو، دانانی خەڵكی ناوچە سنوورییەكان لە ژێر چاودێریی چڕدا بە گواستنەوەیان بۆ نـاوچەی نێــزیكـەدەست، لـە كــۆتاییــشــدا، بـۆ لـەتكردنی دڵســۆزیی كـــورد و هـەڵوەشـاندنەوەی پێكهـاتەی كۆمـەڵایەتی تاكـو بۆ كورد زەحـمـەت بێت جـارێكی تر خـۆیان لە دژی ڕێژیم ڕێك بخـەنەوە. لە ددانـنانی بە كـەمی دڵسـۆزیی كورد بۆ بەعس لەو ناوچانەدا، سـەدام گوتی "بڕیارمـان داوە دەبێت ئەوان بگوازرێنەوە تاكو وایان لێ بكـەین واز لەو دوولانەییی كـەسـایـەتیـیـان بێنن. لە شـەودا، لـەلایەن یاخـیـیـانـەوە هـەڕەشـەیان لێ دەكرێت، لە ڕۆژیشـدا، دەڵێن ئێمە لـەگەڵ حكوومـەتداین... بۆیە ئەم

ناوچەیە کێشەی هەر تێدا ماوەتەوە."[87]

بەرنامەی ڕاگواستنی ١٩٨٩ لە زۆر ڕووەوە جیاواز دەبوو لەوەی ١٩٧٥، یەکەم، تەنیا گوندە کوردییەکانی نەدەگرتەوە بگرە شارەکانیشی دەگرتەوە. دووەم، وێرانکردنی هەموو پێکهاتەیەکی ئەو ناوچانەی لەخۆ دەگرت، کە پلانەکە دەیگرتەوە، سێیەمیش، خەڵکەکە زیاتر بۆ ناوچەی کوردی خۆی دەگوازرانەوە، نەک بۆ ناوچەی شیعەکان لە خوارووی عێراق وەک لە ١٩٧٥. یەکەم قۆناغی پلانەکە داوای دروستکردنی ژێرخانێکی دەکرد بۆ کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون یان "شاری هاوچەرخ،" بە شێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیدا. لە هەولێر، وا ڕادەگەیەنرا بیست جۆر تەجەموعاتی سەکەنیی لەو جۆرە هەبوون،[88] ئەم بەشەی پلانەکە پێ دەچوو تا نیسانی ١٩٨٩ تەواو بووبێت، کاتێ سەدام سێ سەردانی بۆ ناوچەکە کرد، پێ دەچوو وەک هەوڵێک بۆ ڕازیکردنی کورد بووبێت بۆ چوون بۆ ئەم تەجەموعە سەکەنییانە بە شێوەیەکی خۆویستانە. لە هەمان کاتدا، حکوومەت چەند هاندەرێکیشی باس دەکرد وەک بڕیارەکەی نیسان بۆ دابینکردنی خانووی بەخۆڕایی،[89] پارچەیەک زەویی کشتوکاڵی و ١٥٠٠ تا ٣٠٠٠ دیناری عێراقی بۆ بیناکردنی خانووی نوێ. خەڵکی شارەکان پارەی زیاتریان پێ دەدرا، بەڵام ئەمە بە دەگمەن دەبووە پاڵنەر یا قەرەبوو لەبەرئەوەی بەهای بیناکردنی خانووێک بە ٥٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ دینار دەهاتە قەبلاندن.[90]

پرۆگرامی نیشتەجێکردنەوەکە لە کۆتاییی نیسانی ١٩٨٩ دەستی پێ کرد لەگەڵ ئاهەنگی کردنەوەی "هەڵەبجەی سەدامی نوێ" وەک جێگرەوەیەک بۆ هەڵەبجەی کۆن، کە هێزەکانی عێراق دوای کیمیابارانکردن لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد،[91] شارە نوێیەکە، کە بە ناوی سەدامی نوێوە کرابوو و لە یادی لەدایکبوونیدا ئاهەنگی کردنەوەی ساز کرا، لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا بوو و ٣٢ کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دوور بوو[92] و لەژێر چاودێریی ئەو کامپە سەربازییە دەمایەوە، کە لە نزیکیدا بوو،[93] ئەمە نموونەیەکی ڕوونی گاڵتەجاڕیی بەعس بوو. حکوومەت دواتر دەستی بە وێرانکردنی گوند و شارەکانی تر کرد لەوانە سوورداش، بارەگەی تاڵەبانی،[94] بەهێزترین بەرهەڵستی لەلایەن دانیشتوانی قەڵادزێوە بوو، کە فەرمانیان پێ کرابوو تا ١٨ حوزەیران ١٩٨٩ شارەکە جێ بێڵن. لە ٧٠,٠٠٠ دانیشتوان تەنیا

١٠٠٠ خێزان شارەکەیان جێ هێشت. پێشتر لە نیسان، کاتێ سەرکردەی ئاینیی کوردی محەمەد دەڵگەیی چووە بەغدا تا سەدام ڕازی بکات پلانەکە بگۆڕێت، کەچی بەند کرا. کاربەدەستان دواتر قەرەبووی ١٠,٠٠٠ دیناریان پێشکێش بە دانیشتوانی شارەکە دەکرد،[٩٥] بەڵام ئەو برە پارەیەش ڕازیی نەدەکردن لە جێگەیەکی تر نیشتەجێ ببنەوە. لە بەرامبەر بەرهەڵستیی بەردەوامدا، دەسەڵاتداران بڕیاریان دا بە زەبری هێز پێیان چۆڵ بکەن، وا ڕاگەیەنرا تانکیشی تێدا بەکار دەهات. بەڵگەنامەیەکی نهێنی، مێژووەکەی بۆ ٢٣ حوزەیران دەگەڕێتەوە، جەختی لەسەر ئەوەی خوارەوە دەکردەوە: "بەدەرکردنی قەزای قەڵادزێ ئەمڕۆ کۆتایی پێ هاتووە. ئامێرگەلی فیرقەی ٢٤ خانووەکان دەڕووخێنێ."[٩٦]

سەبارەت بە چارەنووسی جێگەکانی تر، زۆربەیان لەگەڵ زەوی تەخت دەکران هەرچەندە هەندێکیان بە ساغی دەمانەوە تاکو ڕێی بە حکوومەت بدات بچێتە سەر قۆناغی دووەمی پلانەکە، واتە، بە عەرەبکردنی ناوچەکە لە ڕێگەی نیشتەجێکردنی دانیشتوانی عەرەبی عێراق یان بگرە میسرییەکانیشەوە،[٩٧] یاسایەکی سەرۆکایەتی هەنگاوەکەی بە جۆرێکی ژیرانەتر باس دەکرد: هەر کەسێکی عێراق، کە دانیشتوانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە نییە ڕێی پێ دەدرێ زەوی بۆ نیشتەجێبوون بکڕێت سەرەڕای شوێنی نیشتەجێبوونی پێشووشی.[٩٨]

سەبارەت بە ژمارەی بەدەرکراوەکان، جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی، پارێزگاری ئەوسای سلێمانی و پشتیوانی سەرسەختی ڕێژیم، ڕای گەیاند، کە تا ئابی ١٩٨٩ نێزیکەی ٥٩٥,٠٠٠ خێزان نیشتەجێ کراونەتەوە. ڕۆژنامەی ئەلجمهورییە تێیدا هاتبوو بەر لە کۆتاییهاتنی ئەمساڵ ١٣٤,٠٠٠ خانوو لە شارە نوێیەکان لە باکور دروست دەکرێت،[١٠٠] ڕۆژنامەی زە ئیکۆنۆمیست ڕای گەیاند، کە ١٥٠٠٠٠٠ کورد دووبارە نێشتەجێ دەکرانەوە، [١٠١] سەبارەت بە ژمارەی ئەو گوندانەی بەر شاڵاوەکە کەوتبوون ڕاپۆرتی دژ بەیەک هەبوو. لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٠، حکوومەت نیازی خۆی سەبارەت بە کەمکردنەوەی ژمارەی گوندەکان ڕاگەیاند، کە دەگەیشتە ١٢٥٠٠ گوند، تاکو بەسەر پەرش و بڵاوبوونی گوندەکان لە ناوچەیەکی بەرفرەواندا زاڵ بێت ـ بێگومان بەبێ ناوهێنانی کورد،[١٠٢] لەلایەن خۆیانەوە، هێزە کوردییەکان ڕایان گەیاند، کە ٤٠٠٠ گوند لەوەتەی ١٩٧٥ەوە تێک دراون،[١٠٣] پەیامنێرێک، کە سەردانی

ناوچەکەی کردبوو ڕای گەیاند ناوچەکە کراوە بە بیاوان.[١٠٤]

لە هەمان کاتدا و لە هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی کوردی عێراق، کاربەدەستان دەستیان دەکرد بەو شتەی پێیان دەگوت "هەڵمەتی زانیاری گوتنی هەڵە لەبارەی دیمۆگرافیاوە." بۆ نموونە، گوتەبێژی نوێی پەرلەمانی عێراق، سەعدوون حەمادی، ڕای دەگەیاند کورد نوێنەرایەتیی تەنیا ١٥٪ی سەرجەمی دانیشتوانی عێراق دەکەن،[١٠٥] دواتر، ئەو ئەم ڕێژەیەی بۆ ١٢٪ کەمتر دەکردەوە، ڕای گەیاند لە کۆی ١٧ ملیۆن دانیشتوان ژمارەی کورد ٢ ملیۆنە و ئەوان چوارەم گەورەترین ڕەوەندن لە جیهان (واتە لە دوای سووریا)،[١٠٦] ئەم گوتانە، کە بە بەردەوامی دەگوترانەوە، ئاماژە بوون بۆ بیرکردنەوەی ئارەزوومەندانەی حکوومەت یان ڕەنگدانەوەیەکی پلانەکانی داهاتووی. لە ١٩٨٥، کەمترین خەمڵاندن بۆ دانیشتوانی کوردی عێراق دەیگوت ٣ ملیۆن و بەرزترین ڕێژەش ٣،٤ ملیۆن. ژمارەی کورد زمانان بە ٣.٩٣ ملیۆن کەس، یان ٢٢٪ی سەرجەمی دانیشتوان دەخەملێنرا.[١٠٧]

هەوڵەکانی نیشتەجێکردنەوەی ڕێژیم بە هاوەڵیی چەند ڕێوشوێنێک دەبوو، کە مەبەست لێی بڵاوکردنەوەی بالادەستیی خۆی بوو بەسەر باکور. سوپای عێراق، کە دوو لە فەیلەقەکانی خۆی لە ناوچە ستراتیجییەکاندا نیشتەجێ کردبوو، کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی دەکرد پێشتر ئازادکراو بوون و هەروەها ئەو ناوچەش، کە دانیشتوانەکەی لێ کەم دەکرایەوە. ڕۆژنامەنووسێکی ناعێراقی، کە سەردانی ناوچەکەی کرد گوتی سوپا کۆنترۆڵی تەواوی هەیە،[١٠٨] هەوڵە نوێیەکان بۆ بەرفرەوانکردنی حزبی بەعس لە ناوچەی کوردی دەگیرانە بەر. بە شێوەیەکی لێکدژ، لە کاتێکدا چالاکیی حزبی لە بەشەکانی تری عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووبوو، لە هەرێمی کوردستان زیاد دەبوو. ئەو کەسەی کە ئەم سیاسەتەی جێبەجێ دەکرد کەسێکی شیعە بوو بە ناوی حەسەن عەلی ئەلعامری ئەندامێکی مەجلیسی قیادەی سەورە و قیادەی قوتری بوو کە لە دەوروبەری ١٩٨٩ پۆستی ئەمینداری گشتیی مەکتەبی باکوری حزبی بەعسی گرتە دەست. لە هەمان کاتدا دیار بوو ڕێژیم بێ هیوا دەبوو لەو کوردە هاوپەیمانانەی کە بۆی سەلمابوو جێی پشت پێ بەستان و چالاک نین. چەند کەسایەتی و لایەنێکی کوردی پاکتاو کران لەوانە دوو وەزیری کوردی کە لەمێژ بوو لە وەزارەتەکانیان وەزیر بوون دەرکران، بەم جۆرە

کابینەی حکوومەت تەنیا چوار وەزیری کوردی تێدا دەمایەوە.

لە ٩ ئەیلوولی ١٩٨٩، ڕێژیم پڕوپاگەندەیەکی زۆری دەخستە کار بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردی. سەدام و کاربەدەستانی تر ڕایان گەیاند کەوا کورد "جار و نیوێک مافیان (بۆ دەنگدان)" هەیە کاتێ سەرپشک دەبن بۆ دەنگدان بۆ پەرلەمانی بەغدا و لە ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردیش،[١٠٩] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە جێی گومان بوو داخۆ هەڵبژاردنەکان بۆ شەشەم خولی پەرلەمان ئازادانەتر دەبوو لە پێنج خولەکەی پێش خۆی یان نا، هەروەها نوێنەرانی تەزووە سیاسییە جیاوازەکان دەیانتوانی خۆیان کاندید بکەن یا نا. زۆر لە کاندیدەکان، ڕەنگە زۆربەیان، بەعسی دەبوون. دژیەکییەک لە دەستەواژەکان هەبوو: کورد، کە دەبوو نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد بکەن، بووبوونە ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی. کاندیدەکان دەبوو ئەوە بسەلمێنن، کە ئەوان بەشدارییان لە هەوڵەکانی شەڕ لە دژی ئێران یان لە سوپای میللی (جیش الشعبي) کردووە یان بەشدارییان لەو هێزە کوردییە یارمەتیدەرانە کردووە، کە لە دژی دانیشتوانی کورد و پێشمەرگە بەکار هێنرابوون. ئۆپۆزسیۆنی کورد لە هەندەران هەڵبژاردنەکانی بە گاڵتەجاڕییەک ناو دەبرد، بگرە کوردی ناو عێراقیش دەوێران ڕەخنە لە هەڵبژاردنەکان و ئۆتۆنۆمیی کوردی بە شێوەیەکی گشتی بگرن. لە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەخنانە، سەدام لە مەراسیمی سوێندخواردن لە ١٧ی تشرینی یەکەم گوتی "هەر کەسێک دەیەوێ بێت یەکلای بکاتەوە و بیرۆکەکانی خۆی بڵێت لەبارەی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمییەکی باشتر لە هی ئێمە، با بێتە پێشەوە." بەڵام سەدام گوتی ئەو کەسە نابێت دەستکەوت بەو "سەرلێشێواو و لەڕێ لادراوانە" بدات، کە ئێرانیان هێنایە هەڵەبجە و "خەریک بوو سلێمانیش بدەن بە دەستەوە." سەدام، ڕەنگە وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو ڕەخنانەی گوایە پەرلەمانەکە دەسەڵاتێکی سنوورداری هەیە، گوتی "کاتێ تۆ کارێکی باشتر دەکەی... هانمان دەدەی ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە چۆن دەسەڵاتەکانت باشتر بکەی." لەگەڵ ئەوەش، سەدام وریاداریی پێ دەدان لەوەی بە هۆشیارانە مومارەسەی دەسەڵاتی خۆیان بکەن و چاکسازییان تێدا نەکەن مەگەر "لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی سەدام حوسێندا یەک بگرێتەوە."[١١٠]

ڕۆژنامەی ئەلسیاسەی کوێتی ئۆتۆنۆمیی کوردی لە عێراق بە "هاید پارک (Hyde Park)"ی جیهانی عەرەبی وەسف دەکرد،[١١١] کاربەدەستانی عێراقی جەختیان لەسەر بارودۆخێکی باشی کوردیش دەکردەوە لە عێراق بە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی تر، بە تایبەتی ئێران. کەچی ئەو چەرمەسەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی بە هۆی سیاسەتە بێ بەزەییەکانی ڕێژیمەوە دروست بوو پێشتر لە عێراق و لە وڵاتانی دراوسێی هاوشێوەی نەبوو. سەدام ئەوەی ڕوون دەکردەوە، کە "لەبەرئەوەی هەندێ کوڕمان لە هەرێمی کوردستان ڕاهاتوون لە ڕێی چەکەوە بژین،" زۆر گرینگە فێریان بکەین لە ڕێی کارکردن و گەڕاندنەوەی هێوری بۆ ناوچەکە بژین،[١١٢] بزووتنەوەی کوردی دووچاری ئیفلیجی بووبوو دوای ئەوەی شاڵاوەکانی حکوومەت چالاکییەکانی پێشمەرگەی دەوەستاند. سەرکردەکان و زۆر لە ئەندامانی ئاسایی و زۆر لە گرووپەکان لەگەڵ خێزانەکانیان ڕایان دەکردە هەندەران. ئەوان لە زۆر وڵاتدا پەرش و بڵاو بوونەوە: لە تورکیا (لەگەڵ ٥٠,٠٠٠ تا ٦٠,٠٠٠ پەنابەر)، ئێران و سووریا، ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپایی، بە تایبەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، بەریتانیای مەزن و فرەنسا. ئەوەی لە شەو و ڕۆژێکدا بارودۆخەکەی گۆڕی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو لە دژی کوردی مەدەنی. سەرکردە کوردییەکان دانیان بەوە دەنا، کە ترس لە چەکی کیمیایی گەیشتە ڕادەی "شێتیی جەماوەری."[١١٣] ئەمە کوردی ناچار دەکرد تاکتیکی خۆیان بگۆڕن. لە جێگەی کردەوەی کۆنی گەریلایی لەناو شارەکاندا، کە ڕێی تێ دەچوو خێزانەکانیان بکاتە قوربانیی کیمیابارانکردن، سەرکردە کوردییەکان بیریان لە کردەوەی لێدان و هەڵاتن کردەوە لەلایەن کۆماندۆیە باش ڕاهێنراوەکان لە دژی بنکە سەربازییەکان و دامەزراوە نەوتییەکان و ئامانجی تریش، شان بەشان لەگەڵ هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر کاربەدەستانی حکوومەتی و ئەندامانی سوپا و هێزەکانی ئاسایش لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق،[١١٤] لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پلانە هیچ بەرهەمێکی نەبوو، کاتێ بزووتنەوەی کورد لە عێراق بە تەواوی خۆی لە هێرشی تیرۆریستی بەدوور گرت. لەوەش زیاتر، هاتنی پێشمەرگە بۆ ناو کوردستان تا دەهات زەحمەتتر دەبوو. تورکیا لەوبەری سنووری خۆی ڕێی بە هێرشکردن نەدەدا. ئێران، کە دەیتوانی پێشوازی لە ڕزگاربوونی کورد بکات، دوودڵ بوو لە مەترسیی دروستکردن بۆ ئاگربڕە ناسکەکە. سووریا بە تەواوی کارتی

کوردی لە دژی عێراق بەکار نەدەهێنا، سەرەڕای پاڵپشتیی چڕی عێراق بۆ دوژمنەکانی سووریا لە لبنان. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە پشتێنەی ئاسایش بوو، کە زۆر بە خراپی پێگەی کوردی لاواز دەکرد.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم زەحمەتییانەدا ئۆپۆزسیۆنی کوردی، کە بە درەنگەوە لە گرینگیی چالاکیی سیاسی لە دەرەوە بە ئاگا هات هەوڵی دەدا ڕای گشتیی جیهان بجووڵێنێ هەم بۆ ڕاگرتنی وەدەرنانی جەماوەری هەم بۆ کۆمەکی سەربازیی ڕۆئاوا بۆ عێراق. بەڵام لە پشتی دەستکەوتە پڕوپاگەندەییەکانەوە، وەکو یەکەم کۆنفرانسی پاریسی ناودەوڵەتی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ سەبارەت بە کورد بەسترا، دەستکەوتە سیاسییەکان لەو کاتەدا یەکسان بوو بە سفر. سەدام وەک گاڵتەکردن بەو کوردانەی "لە دەرگەی پاریس و واشنتۆن و لەندەنیان دەدا،" ڕای دەگەیاند کەوا ئەگەر بۆ هەزار ساڵی تریش لەسەر ئەو کارەیان بەردەوام بن، هەرگیز ئامانجەکانی خۆیان بەدەست ناهێنن. سەدام بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی "ئێمە لە پێنج یان شەش کەسێک ناترسین، کە بۆ ڕۆژنامەکان قسە دەکەن."[١١٥] ڕاستی، ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەم چوارڕیانەدا نوێنەرایەتیی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نەدەکرد، نە لە ماڵەکەی خۆیدا نە لە دەرەوە. عێراقیش نیزیکتر نەدەبووەوە لە ئامانجی کردنی هەموو دانیشتوان بە یەک دەوڵەتی عێراقی. حکوومەت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر کورددا بەدەست هێنا، بەڵام لەسەر حسێبی بۆشاییی ڕۆحی و سۆزداری، کە زیاتر پەرەی بە پێناسی ناسیۆنالیزمێکی کوردیی جیا دەدا، هەروەک هیلتەرمان دەڵێت، کورد ویستوویانە تراجیدییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بۆ بناخەی هیوای بە دەوڵەتبوون بقۆزنەوە... لەو هەستە قووڵ و زامە نەتەوەییانەی کە پێناسەکان دروست دەبن یان بەهێز دەبن و هەندێ جاریش، نەتەوەکان لەدایک دەبن. ئەمانە بە دڵنیاییەوە ئەو پاڵنەرانەن، کە دەبوونە هۆی دەرکەوتنی هەستی بەهێزی سەرپشکبوونی کورد لەمڕۆدا.[١١٦]

پەراوێز:

1. The title of this chapter is taken from Sa‘d al-Bazzaz, Harb Talid Ukhra (‘Amman: al-Ahliyya lil-Nashr wal-Tawzi’, 1992).
2. Support for this view is found in Kendal Nezan, "The European Perspective," in Kurdish

Identity: Human Rights and Political Status, eds. CaroleA. O’Leary and Charles
G. MacDonald (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p. 237. Nezan attributes all the wars that ensued in Iraq to the Algiers Agreement and the abandonment of the Kurds.

3. For the speech, see Radio Baghdad, 17 September 1980, cited in BBC, 19 September 1980.

4. Fuad Matar, Saddam Hussein, the Man and the Cause, and the Future (Beirut: Third World Center, 1981), p. 12. It should be noted that Saddam was not vice-president of Iraq,as Matar suggests, but vice-chairman of the Revolutionary Command Council.

5. For details on other groups, see Martin van Bruinessen, "The Kurds Between
Iran and Iraq," Middle East Report, no. 141 (1986): 22–26. 6. By 1987, the two parties accounted for about 20,000–25,000 persons. Al-Majalla,
21–26 December 1987; The Independent, 17 March, cited in Al-Tayyar al-Jadid (London, weekly), 27 March 1987.

7. On al-Da‘wa, see Hanna Batatu, "Iraq’s Underground Shi‘a Movements: Characteristics, Causes and Prospects," Middle East Journal 35, no. 4 (1981): 578–594.

8. Van Bruinessen, "The Kurds," pp. 16–17.

9. Human RightsWatch, Genocide in Iraq, 1 July 1993, www.hrw.org.

10. Saddam Husayn, "Khandaq Wahid Am Khandaqan" in Al-Thawra wal-Nazra al-Jadida (Baghdad: Dar al-Hurriyya lil-Tiba‘a, 1981) pp. 25–28.

11. ‘Iraq al-Ghadd (London, biweekly), 18 June 1987.

12. The Guardian (London, daily), 2 August 1982. 13. Al-Thawra (Baghdad, daily), 21 November 1984; Al-Majalla (London, weekly),
11 March 1987.

14. Al-Thawra, 25 October 1983.

15. Ofra Bengio, "Iraq," in Middle East Contemporary Survey (MECS), vol. 9 (1984–1985), Itamar Rabinovich, Haim Shaked, eds. (Tel Aviv: Tel Aviv University, 1987), p. 471. The PUK later claimed that the regime had executed 1,400 of its members between 1976 and 1983.

16. At one point they claimed to have separately killed circa 450 soldiers. The Guardian (London, daily), 14, 23 February 1985; The Times (London, daily), 3 May 1985.

17. See, for example, Defense Minister ‘Adnan Khayrallah Talfah who said that
Iran’s aim was "to divide Iraq into three weak sectarian statelets." Al-Tadamun (Baghdad, weekly), 20 February 1988.

18. Al-Thawra , 13April 1980. In 1979, Baghdad distributed color television sets and cash donations to 32,000 Kurdish families residing in the new villages. Baghdad Observer (Baghdad, daily), 4 May 1979.

19. Nidal al-Ba‘th fi Sabil al-Wahda, al-Hurriyya wal-Ishtirakiyya (Beirut, 1963– 1965) part I, p. 175.

20. Muhammad Talab Hilal, "A Study of Al-Jazeera Province from an Ethnic, Social and politicalAspect," in JawadMella, Al-Siyasa al-Isti‘mariyya li-Hizb al-Ba‘th al- Suri fi Gharb [Western] Kurdistan (London: Kurdistan National Congress, 2004), pp. 63-227.

21. Al-Thawra, 26 January 1983.

22. Sulaymaniyya University was first established in 1968. After its relocation it was re-

established in 1992.

23. The Economist (London, weekly) 18 June 1983. For a different version, see van Bruinessen, "The Kurds," pp. 24–26.
24. Michael M. Gunter, "The Kurdish Problem in Turkey," Middle East Journal, Vol. 42 (1988), pp. 396–397.
25. Document, Middle EastWatch, 14 August 1986.
26. Document Middle EastWatch, 21 November 1985.
27. Human RightsWatch, Genocide in Iraq; Faleh Abd al-Jabbar, "Why the Uprisings Failed," Middle East Report, no. 176 (1992): 2–14. The Kurdish auxiliaries had different names, including jahafil al-difa‘ al-watani, quwwat salah-al-din, and the pejorative juhush.
28. For the horrors committed by the afwaj against other Kurds, see Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL1.htm.
29. Document Middle EastWatch, 9 April 1988.
30. The best description of these onslaughts can be found in Kanan Makiya Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising, and the Arab World (London: Penguin Books, 1993); Joost R. Hilterman, A Poisonous Affair (NewYork: Cambridge University Press, 2007); and, most importantly, Human RightsWatch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL3.htm.
31. Translation of the verses is byArthur J.Arberry, The Koran Interpreted (London: Allen & Unwin, 1955).
32. In this chapter, I document only samples of these documents which do, however, reflect the general tenor of the Baathi words and deeds. I received some of the documents from Duhok University.
33. Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL5.htm. Indeed the afwaj looted the abandoned villages mercilessly before bulldozing andburning them to the ground. 34. Document Middle EastWatch, 29 March 1987.
35. Le Monde (Paris, daily), 19 March, cited in Daily Report, 24 March 1988. As early as 1978, SenatorWilliam Proxmire (D-WI) repeatedly maintained that the Kurdish situation in Iraq was "a vivid evidence of the need for the genocide convention." Lokman I. Meho, The Kurdish Question in U.S. Foreign Policy: A Documentary Sourcebook (Westport, CT: Praeger, 2004), p. 33.
36. The Guardian, 2 May 1987.
37. With regard to Arabization, I came across one document that stated that Arabs living in the provinces would be included in the Ta’mim governorate and would receive land and a financial grant (no details), Document Middle EastWatch, 16 June 1987.
38. Document Middle EastWatch, 14 May 1987.
39. Human Rights Watch, Genocide in Iraq, www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/APPENDIXA.htm accessed 19 July 2010.
40. Document Middle EastWatch, 11 June 1987.
41. Document Middle EastWatch, 23 June 1987.
42. Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL2.htm.

43. Document Middle EastWatch, 10 April–May 1988. The mujamma‘at were villages to which surviving Kurds were transferred; they were described as concentration camps by the Kurds.
44. Document Middle EastWatch, 9 July, 15 September 1987.
45. Document Middle EastWatch, 15 September 1987.
46. Document Middle EastWatch, 23 May 1987.
47. Pesach Malovany, The Wars of Modern Babylon (in Hebrew, Tel-Aviv: Ma‘arakhot, 2009), pp. 387–389.
48. Document Middle EastWatch, 26 April 1988.
49. Document Middle EastWatch, 19 April 1988.
50. Document Middle EastWatch, 31 May 1988.
51. Document Middle EastWatch, 26 June 1988.
52. Ibid. See also International Herald Tribune (Paris and Zurich, daily), 12 May 1987; Financial Times, 4 September 1987; New York Times, 22 September 1987; Le Monde, 23 October 1987; Amnesty International Report, 1988 (London: Amnesty International,1988).
53. For example, Al-Jumhuriyya (Baghdad, daily), 22, 24, 26, 27 March 1988; Al- Qadisiyya (Baghdad, daily), 21, 22 March 1988.
54. The first newspapers to report this, albeit belatedly, were: International Herald Tribune , 21 March 1988; Times, 22 March 1988, cited in Daily Report, 23 March 1988; New York Times (New York, daily), 24 March 1988, 22 June 1988; Financial Times (London, daily), 2 April 1988; Le Monde (Paris, daily), 8 April 1988. For a detailed discussion, see Joost R. Hilterman, A Poisonous Affair (New York: Cambridge University Press, 2007). The number of dead was verified by Middle East Watch.. Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL3.htm. Iraq used mustard gas, tabun, VX (nerve agent), and sarin in that attack.
55. Hilterman maintained that the "the Reagan administration had three distinct opportunities to intervene and successfully extract an Iraqi commitment to refrain from further chemical weapons use": in 1983–1984, after Halabja in March 1988, and following the Bahdinan attacks in August 1988. Hilterman, A Poisonous Affair, p. 235.
56. Hilterman, A Poisonous Affair, p. 235. Hilterman claimed that "documents show that the CIA, for example, had forewarning of impending air attacks [in 1988] involving chemical weapons," ibid., p. 238; Bengio, "Iraq," in MECS) 1983–1984, p. 465; Bengio, "Iraq," p. 366. Foreign Minister Tariq ‘Aziz admitted the use of chemicalweapons against the Iranian Army. Der Spiegel, 14 November 1988, cited in Daily Report, 15 November 1988.
57. For a detailed description of the affair see, Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL3.htm.
58. Le Monde, 24 March 1988.
59. Al-Ra’y, 29 March1988, cited in Daily Report, 29 March 1988.
60. Al-Thawra (international edition), 28 March 1988.
61. Le Monde, 24 March 1988.
62. Radio Tehran, 31 March1988, cited in Daily Report, 1 April 1988.
63. Le Monde, 19 March 1988.

64. Hilterman, A Poisonous Affair, pp. 239–240.
65. New York Times, as quoted by United States Information ServiceWireless File, 14 June 1988.
66. In Baathi jargon, "the terrorists of Barzani's group first branch." DocumentMiddle East-Watch, 12 December 1988.
67. Le Monde, 8 September 1988.
68. Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL1.htm.
69. United States Information ServiceWireless File, 16 August 1988; International Herald Tribune, 1, 3–4, September; New York Times, 1 September; Middle East International, 9 September 1988. For a detailed description, see Human RightsWatch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL10.htm. This source claimed that 200,000 Iraqi troops had been involved.
70. This contention was repeated by Senator Al Gore (D-TN) in September 1988. Lokman I. Meho, The Kurdish Question in U.S. Foreign Policy, p. 57.
71. "According to a study by theMinistry of Reconstruction and Development of the Kurdish government, a total of 4,049 villages were destroyed, while only 673 were spared in the three governorates of Erbil, Duhok, and Suleymaniyeh. This study does not include the province of Kirkuk, where several hundred more villages were destroyed." Kendal Nezan, Le Monde Diplomatique, March 1998.
72. Talabani claimed that by March 1988, 1.5 million Kurds had been displaced.
The Guardian, 24 March 1988; Financial Times, 1, 7 September 1988; Le Monde, 6, 7 September 1988; US Information Service Wireless File, 7 September 1988; New York Times, as quoted by the US Information Service Wireless File, 9 September 1988.
73. David McDowall, A Modern History of the Kurds (London: I. B. Tauris, 2004),
p. 367; George Black and Human RightsWatch, Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds (Washington, DC: Human RightsWatch, 1993) p. 27.
74. Financial Times, 19 September 1988.
75. Le Monde, 10 November 1988.
76. It was no coincidence that shortly after the end of the war, Baghdad published a book on the Barzanis' collaboration with Israel and Iran and their treason against Iraq. Fadil Barrak, Mustafa al-Barzani: Al-Ustura wal-Haqiqa (Baghdad: Dar al-Shu'un al- Thaqafiyya al-'Amma, 1989).
77. Der Spiegel, 14 November 1988, cited in Daily Report, 15 November 1988.
78. Baghdad claimed that by 21 September 1988, 40,613 Kurds had returned to Iraq. Radio Baghdad, 21 September 1988, cited in Daily Report, 22 September 1988.
79. Al-Dustur (London, daily), 10 October 1988.
80. The Middle East (London, monthly), July 1989.
81. Joseph Schechla, "Ideological Roots of Population Transfer," ThirdWorld Quarterly,
14, no. 2 (June 1993): 239–275, www.jstor.org/pss/3992567. 82. Al-Tadamun, 28 August 1989; Joseph Schechla, "Ideological Roots of Population Transfer."
83. Iraqi News Agency, 17 October 1989, cited in Daily Report, 19 October 1989.

84. Al-Musawwar (Cairo, weekly), 14 July 1989.
85. Der Spiegel, 14 November 1988, cited in Daily Report, 15 November 1988.
86. Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL5.htm.
87. Iraqi News Agency, 17 October 1989, cited in Daily Report, 19 October 1989.
88. Le Monde, 22 July 1989.
89. Al-Thawra, 10 June 1989.
90. Le Monde, 21 September 1989.
91. Human Rights Watch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/ANFAL3.htm
92. Al-Siyasa,(Kuwait, daily), 12 August 1989.
93. Le Monde, 22 July 1989.
94. Financial Times (London, daily), 15 June 1989; Le Monde, 21 September 1989.
95. Tariq ʻAziz to al-Musawwar, 14 July 1989.
96. Document 8, Middle East Watch; Financial Times, 15 June; The Economist, 1989. A citizen of Qalʻa Diza, described to me the horrors of this displacement. At the age of seventeen, he had to build a house for the rest of his family since his father and brother had been taken to the army. Ilan Israel, interviewed by the author in Tel Aviv, 9 February 2011.
97. The Middle East, July 1989.
98. Document Middle EastWatch, 20 September 1989.
99. Al-Siyasa, 12 August 1989.
100. Al-Jumhuriyya (Baghdad, daily), 11 July 1989.
101. The Economist, 24 June 1989.
102. Al-Qadisiyya (Baghdad, daily), 26 January 1989.
103. The Economist, 24 June; Le Monde 22 July 1989.
104. LeMonde, 21 September 1989. See also Human RightsWatch, Genocide in Iraq, http://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/.
105. Al-Dustur (London, daily), 29 May 1989.
106. Al-Musawwar, 15 September 1989.
107. Erhard Franz, Kurden und Kurdentum (Hamburg: Deutsches Orient-Institut, 1986), p. 12.
108. Le Monde, 21 September 1989.
109. Al-Musawwar, 15 September 1989.
110. Iraqi News Agency, 17 October 1989, cited in Daily Report, 19 October 1989.
111. Al-Siyasa, 7 September 1989.
112. Al-Thawra, 2 August 1989.
113. Le Monde, 21 September 1989.
114. The Middle East, February 1989; Le Monde, 21 September 1989.
115. Iraqi News Agency, 17 October 1989, cited in Daily Report, 19 October 1989.
116. Hilterman, A Poisonous Affair, pp. 226–227.

## ١١

# هەڵسانەوە لەناو خۆڵەمێش

کورد باجێکی گرانیان دەدا بە تێوەگلانیان لە شەڕەکانی سەدەی بیستەم. تاکە شت نەبێت بریتی بوو لە شەڕی کەنداوی ١٩٩١، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە لە ١٩٩٠ شەڕەکەیان دەست پێ کرد،[١] ئەم شەڕە دەرفەتێکی بە کورد دا کۆت و بەندی ئەو باجانە بشکێنی، کە لە هەر شەڕێک دەیدا. لە سەرەتا، پێ دەچوو مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە لەبەرئەوەی کەمێک دوای ئاگربڕی شوباتی ١٩٩١ کورد لە دژی ڕێژیمی بەعس ڕاپەڕی، کە بە ئینتیفازە (ڕاپەڕین) ناو دەبرا. هەروەک ڕابردوو، ڕێژیم بە زەبری هێز ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد، بەڵام گۆڕانێکی لە پڕ ڕووی دا.

## ڕاپەڕینی کورد

لە ئاداری ١٩٩١، کەمێک دوای بەرپابوونی ڕاپەڕینی شیعە لە خوارووی عێراق، ڕاپەڕینێکی هاوشێوە لە کوردستاندا ڕووی دا، بەڵام بەبێ خۆڕێکخستنی پێشوەختە،[٢] جەلال تاڵەبانی ڕای گەیاند، کە ڕاپەڕینەکە خۆڕسک بوو،[٣] ڕاستی، بزووتنەوەی کوردی خۆی ئامادە دەکرد بۆ ڕاپەڕینێک یەکسەر لە دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە،[٤] ئەرکی کورد ئاسانتر بوو بە پێویستبوون لەسەر عێراق هێزەکانی خۆی لە باکور کەم بکاتەوە بۆ بەهێزکردنی بەرەی کوێت.

چەند مانگێک بەر لە ڕاپەڕین، ڕووباری دیجلە بووە ڕێگەی پەڕینەوەی سەرەکی بۆ پێشمەرگە و چالاکانی کورد، کە لە سووریاوە دەهاتن. دەزگای زانیاریی سەربازیی عێراق بە سەدامی ڕاگەیاند، کە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان "چەکی گران و سووکی دابەش کردووە شان بەشان لەگەڵ دەمامک لە دژی گازی

کیمیایی بۆ تێکدەرەکانی خۆی."[٥] بگرە بەر لەوەی ڕاپەڕینیش دەست پێ بکات، ئەو هێزە کوردییانەی پاڵپشتی حکوومەت بوون پێوەندییان بە بزووتنەوەی کوردەوە دەکرد بەمەش تا ناوەڕاستی ئادار ڕاگەیەنرا نێزیکەی ٦٠,٠٠٠ سەرباز ڕیزی حکوومەتیان جێ هێشتووە و چوونە پاڵ پێشمەرگە بە هەموو کەلوپەلی سەربازییەوە وەک دەستکەوتێک لە سوپاوە،[٦] وەکو ئەوەی خوارووی عێراق، ئەو بۆشاییییە لە ناوچەی کوردستان دروست بووبوو وەک دەرهاوێشتەی ئاگربڕەکەی نێوان عێراق و هێزی هاوپەیمان بە ڕابەرایەتیی ئەمەریکا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینێک لە سەرانسەری کوردستاندا. هاندانیان بە سەرکەوتنەکانی سەرەتایان، سەرکردە کوردییەکان هەنگاوێکیان هاوێشت پێشتر هەنگاوی لەو شێوەیەیان نەنابوو کاتێ ئەو شارە سەرەکییانەی کوردستانیان گرتە دەست پێشتر سەربازگەی سوپای عێراقی لێ نیشتەجێ کرابوو. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سلێمانی و هەولێر و دهۆک کەوتە دەستی پێشمەرگەی کورد هەروەک دواتر کەرکووکیش، کە بووبووە سەرچاوەی مشتومڕی سەرەکیی نێوان کورد و حکوومەت لە حەفتاکانەوە. ئەم سەرکەوتنە یەکجار بەرچاوە دەکرێ بە شێوەیەکی سەرەکی بگەڕێنرێتەوە بۆ پێویستیی حکوومەت لە کێشانەوەی هێزەکانی خۆی لە باکوری عێراق بۆ پارێزگاریکردن لە بەغدا و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعە.[٧]

خۆشی و شادیی کورد لە ئاداری ١٩٩١ تا نیسانی نەخایاند. حزبی بەعس، کە لە ناوەوە و لە دەرەوە بە دوژمن دەورە درابوو، خۆی کۆ کردەوە کاتێ هەوڵی دەدا هەر بەلایەنی کەمەوە شەڕی ناوەوە بباتەوە. لێرەدا لێکدژییەک هەیە: تەواو ئاساییە، کە بڵێین ڕاپەڕینەکە هەر لە سەرەتاوە یارمەتیی سوننەکانی دا لە دەوری بژاردەی فەرمانڕەوادا خۆیان یەک بخەن و یەکگرتوویی دەسەڵاتداران بەهێز بکەن، لەبەرئەوەی هەر جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیم بارودۆخی سوننەکانی دەخستە مەترسییەوە.

سەبارەت بەو پرسیارە سەیرەی، کە ڕێژیم چۆن تەنگژەکەی دەرەواندەوە، دیارترین وەڵام ئەوەیە هێزی باڵا و شارەزاییی ڕێکخراوەییی هەبوو، گەر هیچ نەڵێین لەبارەی ئەزموونی ڕابردوویەوە بۆ سەرکوتکردنی هەر جیابوونەوەیەک. دیاریکردنی داروەستەی نێزیک لە دەسەڵاتدار شتێکی بەرچاو بوو. لە سەرەتای ٦ی ئاداری

١٩٩١، ئامـۆزای سـەدام عـەلی حـەسـەن مـەجـید وەک وەزیری نـاوەخـۆ دیاری کـرا، کـارێک هـەر خـۆی بۆ خـۆی تـرسـی دەخـزانـدە نـاو ئۆپۆزسـیـۆنـەوە. ئامـۆزایـەکی تری سـەدام بـوو بە پارێزگـاری ئەلتەئمیم (کـەرکووکی پێـشـتـر) لە کـاتێکدا برایەکـانی سـەدام و ئامـۆزایـەکـانی تری ڕۆڵێکی بەرچاویان لـە سـەرکـوتکردنی ڕاپـەڕینەکـەدا هـەبوو. لەوەش زیـاتر، لە بڕیارێکی نـهێنیـدا هـەمـان دەسـەڵاتەکـانی سـەرۆک، کـە بۆ لەنـاوبردنـی ڕاپەڕین "دەســەڵاتی خــەڵاتکردن و ســزادانی هـەبوو"، بـە ئەنـدامــانـی ئەنجـوومـەنی سـەرکـردایـەتیی شـۆڕش و سـەرکـردایەتـیی هـەرێمـیی حـزبی بەعس دەدرا،[٨] حکوومـەت جەنەراڵەکانی پێشـووی ئامادە کرد و شـەش ئەفسـەری پلە باڵای وەک پارێزگار دیاری کرد بۆ ئەو پارێزگایانەی ڕاپەڕینی لێ ئەنجام درابوو.

تا ڕادەیەک لاوازیی شـۆڕشگێڕان، کـە هاوئاهـەنگیی ڕێکخـراوەیی و تاکتـیکی و سیاسـییـان کـەم بوو، سـەنگاییـیـەکی لەلای بـەعسدا هـەبوو،[٩] لەوەش زیاتر، ئەرکی ڕژێم بـە هـۆی پاڵپـشـتـیی ئێـران و دوودڵبــوونی هـاوپەیمانان لـە نێـوان ئارەزووی تەماشاکردنی بەعس، کە لەسـەر دەسەڵات لادەدرێت و ترسی هـەڵوەشـانەوەی عێراق، زۆر ئاسـان بوو. ڕەزامەنـدیی هێزەکانی هاوپەیمان لەسـەر بەکارهێنانی هیلیکۆپتـەر لەلایـەن عـێـراقــەوە بۆ ســەرکــەوتنی بەعس زۆر گـرینگ بوو لە ســەرکــوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا. لە پاڵ گرینگیی سـەربازی، لە ڕووی سیاسـییـەوەش زۆر گرینگ بوو کـاتێ ئـەمـەریکا ئامـاژەی بە بەعس و سـەدام دەکـرد لەوەی ئەمـەریکا نـایـەوێت ئەوان بڕووخێن. بە پێچەوانەوە، ئەمەریکا دەیەوێت ئۆپۆزسیۆن تێک بشکێنی. دەگوترا ئەم ئاماژانە ئەو ئەفسـەرە پلە باڵایانەی سەربازییان لە پێوەندیکردن بە ڕاپەڕین و هـەوڵی ڕووخاندنی بەعسەوە، بێ هیوا دەکرد.[١٠]

ڕژێم، کــە ئاگــەدار بوو لـەوەی ناتوانێت لە یەک کــاتدا بەرپـەرچی دوو ڕاپـەڕین بداتەوە، سـەرەتا بڕیاری دا ڕاپەڕینی شیعە سەرکوت بکات. ئەمە کوردی بە هەڵەدا برد لـەوەی باوەڕ بەوە بکەن ڕژێم زۆر لەوە لاوازتـرە کـردەیەک لە دژی ئـەوان دەست پێ بکاتەوە. فیستیڤاڵەکانی سـەرکەوتن تەنیا تا کۆتای ئاداری ١٩٩١ی خایاند، لەو کـاتەی تـاڵەبانی، کە خـەریک بوو عـەبای پاڵەوانی نەتەوەی کورد بپۆشێ، دوای دوو ســاڵ لە هەندەران ســەربەرزانە گــەڕایەوە کــوردســـتــان. بـەڵام هـەروەک چۆن سەرکەوتنەکە زۆر بە خێرایی بوو، بەو خێراییەش بەزینی بەدوادا هات.

حکوومەت، کە ئارامییەکی ڕێژەیی لە خوارووی عێراقدا بەدەست هێنابوو، ئێستە دەیتوانی هەموو وزەی خۆی بۆ ناوچەی کوردستان وەرسووڕێنێ. تا سەرەتای نیسانی ١٩٩١، کوردە بەزیو و بێ ورەکان دەستیان بە کۆڕەوێکی نێزیکەی ٢ ملیۆن کەسی کرد، کە پێشتر هاوشێوەی نەبووبوو. ڕێژیم ڕاستەوخۆ نەبووە هۆی هەڵاتنەکە، بەڵام کیمیابارانی پێشتری ١٩٨٨ لە دژی کورد بەبێ گومان هانی دان هەڵبێن. بەکارهێنانی چڕی تۆپی فسفۆڕی لەلایەن سوپای عێراقەوە پێ دەچوو بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بێت لەناو ئەو کوردانەی بە بۆمبی کیمیایی تێ گەیشتبوون،[11] لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩١، فەیلەقی یەک فەرمانێکی نهێنیی دەرکرد تێیدا داوای کوشتنی هەموو کوردێکی "چەکدار و ناچەکداری" دەکرد لە سلێمانی، کە سووکایەتی بە سەربازێک دەکات یان سەرپێچی لە فەرمانی قەدەغەی هاتوچۆ دەکات شان بەشان لەگەڵ ئەو سەربازانەش، کە خاڵەکەی خۆی جێ دێڵێت یان چەکەکەی بزر دەکات،[12] کۆڕەوەکەی کورد خزمەتی بە ئامانجە دەستبەجێ و لەمێژینەکانی عێراق دەکرد: بردنی هەموو پاڵپشتییە لۆجستیکییەکانی پێشمەرگە و گۆڕینی هاوسەنگی لە دیمۆگرافیای عێراق بەلای عەرەبدا، کە ئەمە ئامانجێکی لەمێژینەی بەعس بوو.[13]

بە شێوەیەکی سەیر و لێکدژانە، هەر زوو دواتر، حکوومەتی عێراق دانوستاندنکردنی لەسەر ئۆتۆنۆمی لەگەڵ کورددا دەست پێ کرد، ئەویش لە پێناو پێویستیی کەمکردنەوەی هەڕەشەی ناودەوڵەتی، دەستکەوتنی کات و لەتکردنی ئۆپۆزسیۆن. لەلایەن خۆیەوە، سەرکردایەتیی کورد چووە سەر مێزی گفتوگۆ لە هەوڵی بەدەست هێنانەوەی بەلایەنی کەم شتێک لەو شکانەی دووچاریان هاتبوو. یەکەم گەڕی گفتوگۆ لەگەڵ تاڵەبانیدا ئەنجام درا، بەڵام گفتوگۆکان بە بنبەست گەیشتن. دواتر مەسعوود بارزانی چووە پێشەوە، تا شوباتی ١٩٩٢ لەم ڕێگەیەشدا هیچ بە هیچ نەبوو. نەبوونی متمانەی زگماک لە لایەن هەردوولاوە کۆسپی سەرەکی بوو. هۆکارێکی تر بریتی بوو لە بوونی بەرهەڵستی لەناو لایەنی کوردی بۆ هەر ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا. لەگەڵ ئەوەش، کۆسپی سەرەکی بریتی بوو لە گۆڕانی سەیر لە بارودۆخی کوردستانی عێراقدا.

## پەنجەرەیەکی دەرفەت بە ڕووی کورددا

خاڵی وەرچەرخان لە بارودۆخی کوردستان، بە شێوەیەکی لێکدژانە، لە یەکێک لە سەختترین کاتەکانی مێژووی کورددا ڕووی دا: لە ساتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەیان لە بەهاری ١٩٩١ لە کاتی هەڵاتنی نیوەی دانیشتوانی کورد بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران (کۆڕەو)[١٤]، لە کاتی لەجێچوونی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردیشدا بوو. ڕاستی، خاڵی وەرچەرخان لە زنجیرەیەک گۆڕانکاریی دەگمەندا دەردەکەوت: لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەلایەن حکوومەتەوە بەسەر کوردستان، ڕوون دەرکەوتنی فەرمانڕەواییەکی ڕاستەقینەی کوردیی ئۆتۆنۆمی لە ناوچەیەک، کە دواتر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەناسرا: دەستکەوتنی چەند دان پێدانانێکی ناودەوڵەتیش لە لایەن کوردەوە.

ڕاستی، ئەوە کۆڕەوی کورد بوو، کە بەشدارییەکی زۆری لە بەجیهانیکردنی پرسی کورددا کرد و بووە هۆی زیاتر دەرکەوتنی کورد. لەبەر ئەو کارەساتە ترسناکەی کە بەسەر پەنابەراندا کەوت و لەبەر ڕەتکردنەوەی وڵاتانی دراوسێ تورکیا و ئێران و سووریا بۆ چوونە ژوورەوەی هەڵاتووانی کورد، هێزەکانی هاوپەیمان ناچار بوون بێنە ناو مەسەلەکەوە. هەرێمی سەلامەتی یاخۆ هەرێمی قەدەغەکردنی فڕین، کە هاوپەیمانان لە نیسانی ١٩٩١ سەپاندی، بوو بە ناوکی قەوارەی کوردی. بە شێوەیەکی سەیر، سەرۆکی تورکیا ڕۆڵێکی سەرەکیی لەم ناساندنی ئەم بیرۆکەیەدا کرد، کە لە کۆتاییدا بۆ تورک بووە خێوێک،[١٥] ڕاستی، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوخۆیی "دوا بەدوای شەڕی کەنداو لەژێر دەستپێشخەریی تاکەکەسیی سەرۆک تورگوت ئۆزالدا، ئەنقەرە پێوەندییەکی نوێی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە عێراقدا دەست پێ کرد."[١٦]

بۆ بەکردارکردنی بیرۆکەی هەرێمێک کە فڕین تێیدا قەدەغە بێت، هێزێکی ناودەوڵەتیی ٢٠,٠٠٠ سەربازی، کە لە یازدە وڵات پێک دەهات ڕەوانەی ناوچەکە کرا، کە ناونرا "ئۆپەراسیۆنی دابینکردنی ئارامی."[١٧] پەنابەرەکان بە شێوەیەکی کاتی لە کامپەکان نیشتەجێ کران، دواتر گەڕێنرانەوە شوێنی خۆیان. نەتەوە

یەکگرتووەکانیش پێداویستییە سەرەکییەکانی مانەوە و سەلامەتیی دابین دەکرد و گرووپە کۆمەکییە مرۆڤدۆستییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان لە ناوچەکەدا چالاک بوون. دوای کشانەوەی سەربازانی عێراقی لە تەمووز، هاوپەیمانان هێزێکی خێرای ٥٠٠٠ سەربازییان لە بنکەی ئەنجەرلیک لە تورکیادا جێگر کرد بۆ هاتنە ناوەوە لە دۆخی تۆڵەسەندنەوەی عێراقدا. لە سەرووی ئەمە، بەغدا ناچار بوو بە داخوازییەکی سەرشۆڕانە ڕازی بێ ئەویش ئەوە بوو، کە هێزە ئاسمانییەکانی عێراق نابێت لەو دیوی هێڵی سی و شەشەوە هیچ کارێک بکەن، ئەو ناوچە کوردییەی، کە هاتوچۆی فڕینی تێدا قەدەغە بوو و لەلایەن باڵەفڕە شەڕکەرە بێ باڵەفڕوانەکانی هاوپەیمانانەوە چاودێری دەکرا.

دوا بەدوای ئەمە، پێ دەچوو کارەساتەکەی کورد وەک هۆکار بۆ هەڵوێستێکی سوورتر خزمەتی کردبێت. هێشتا دەبێت شیکردنەوەیەکی وردتر لە گرینگیی گۆڕانی بارودۆخە ناوخۆیی و ناوچەیی و ناودەوڵەتییەکان لە بەرچاو بگرین. لەسەر ئاستی ناودەوڵەتیدا، کێشانەوەی نەخشەی ڕۆهەڵاتی ئەوروپا و یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو فەزایەکی خوازراوتری بۆ چەند داخوازییەکی کورد لە عێراقدا دروست دەکرد. ئەم دۆخە لە لایەک بە هۆی نەمانی جینۆسایدکردنی کورد بە هۆی سیاسەتەکانی بەعس لە دەساڵی پێشوو و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی زیادبوونی هۆشیاری لەو هەڕەشە بەردەوامانەی، کە ڕێژیمی عێراق دروستی کردبوون دەهاتە بەرهەم، نەک هەر تەنیا بۆ سەر کورد بگرە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێش، بە تایبەتی بۆ کوێت. ئەم هەنگانەوە ناودەوڵەتییە جارێکی تر کوردی وەک ئامرازێک لە دژی نەخشە بەرفراوانخوازییەکانی عێراق بەرز دەکردەوە. لەوەش زیاتر، سیاسەتە هەڵخەڵەتێنەکانی ڕێژیمی عێراق لە بەرامبەر کورد دوای شەڕی کەنداو، بە شێوەیەک بەشداریی لە سووربوونی کورد کرد لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیدا. لە کۆتاییدا، حەفتا و شتێک ساڵ لە خەباتی پچڕپچڕ خرۆشێکی خستە بەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد و گەشەی بزووتنەوەکەشی بۆ قۆناغێکی تری گرینگ لە مێژوو بەهێز کرد.

برسییەتی و تێک پژان و سیاسەتی دابەشکردن ئینجا فەرمانڕەواییکردن کە پاڵنەر بوون بۆ براکوژی، ڕێژیم ئەم سێ ڕێگە سەرەکییەی لە کوردستان دەگرتە بەر دوای ئەوەی ڕاپەڕینی کورد سەرکوت کرا. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١، بەغدا گەمارۆیەکی ئابووریی بەسەر ناوچەکەدا سەپاند بەو لێکدانەوەیەی کە ئەم گەمارۆیە، لەگەڵ گەمارۆی ناودەوڵەتی و پشتبەستانی ئابووریی کورد بە ناوەند، وا لە کورد دەکات لە بەردەم بەغدادا بکەونە سەرچۆک. هەمان ئەنجام چاوەڕوان دەکرا کاتێک ڕێژیم لە ڕووی ئیداری و سیاسییەوە لە کوردستان کشایەوە و ستراتیجیی باش تاقیکراوەی دابەشکردن ئینجا فەرمانڕەواییکردنی لە بەرامبەر کورددا گرتە بەر. نائامادەییی حکوومەتی ناوەندی لە کوردستان چاوەڕوان دەکرا تێک پژانێک لە کوردستان بێنێتە کایەوە تا دواتر ڕێژیم لە لایەن کورد و وڵاتانی دراوسێشەوە وەک رزگارکەر ببینرێ، کە دەترسان ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەریی لەسەر دانیشتوانی کوردی خۆیاندا هەبێت. ڕاستی، ڕێژیم هیوای دەخواست دراوسێکانی ئەرکەکەی ئەو بگرنە ئەستۆ لە ڕێگریکردن لە کوردی عێراق و لەڕوو، وەستانەوەی خواستە نەتەوەیییەکانیان. ڕێژیم هیوای لەپەلوپۆخستنی خواستەکانی کورد دەکرد لە ڕێگەی کاری تێکدەرییەوە، کە لەلایەن نوێنەرەکانیەوە ئەنجامی دەدا لەبەرئەوەی هێزی ئاسمانیی عێراق قەدەغە بوو بچێتە ناوچەی کوردستانەوە.

لەگەڵ گەمارۆی بەردەوامی دەرەکی، ئەو گەمارۆیەی، کە ڕێژیم خستبوویە سەر کوردستان چاوەڕوان دەکرا کورد بخاتە ژێر بەزەییی حکوومەت و سەرکردایەتییان لاواز بکات و بیانخاتە سەر مێزی دانوستاندن لە پێگەیەکی نزمدا. کوردستان، کە پێشوەختە دووچاری هەژارییەک بووبوو، ڕووبەڕووی گەمارۆیەکی دووچەندانە دەبووەوە، کە خواردەمەنیی بە ٦٠٪ کەم دەکردەوە و سووتەمەنیشی ٨٠٪. نرخەیلی خۆراک بۆ دوو چەندان سێ چەندانی نرخەیلی بەغدا بەرز دەبووەوە لە کاتێکدا کەرەستەی پرۆژەکانی بیناسازی دوازدە جار گرانتر دەبوو. دەگمەنیی نەوت هەموو پرۆژەیەکی لە ناوچەکەدا پەک خستبوو جگە لە چەند پرۆژەیەکی پیشەسازیی کەم نەبێت، کە بە ٩٠٪ کەمی کردبوو،[١٨] شان بەشان لەگەڵ ئەو سیاسەتە و ئەو پاڵەسووە

سایکۆلۆجییەش، کە ڕێژیم دەیخستە سەر کارمەندانی حکوومەت، داوای لێ کردن کوردستان جێ بێڵن و بێن بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت. کاتێک زۆربەی زۆریان ئەم داخوازییەیان ڕەت کردەوە، بەغدا مووچە و خانەنشینیی حکوومەتیی خانەنشینانی بڕی. نێزیکەی ٣٠٠٠٠٠ کارمەندی حکوومەت لە داهاتەکانیان قەدەغە کران لە کاتێکدا ئاو و پاکوخاوێنی لە داوودەزگا خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت بە خراپی کەم بووبووەوە، بە تایبەتی لە نەخۆشخانەکان،[19] ئامادەیی کارمەندان و دانیشتوان بە گشتی بۆ بەرگەگرتنی زەحمەتیی لەو جۆرە لە ڕاستیدا دیاربوونێکی گرینگ بوو بۆ بەڕوون دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کورد.

ئەوەی زیاتر جێگەی سەرسوڕمان بوو برێتی بوو لە بڕیارەکەی ڕێژیم لە کۆتای ١٩٩١ بۆ کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی لە ناوچەکە و جێگرکردنیان لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەی فڕینی تێدا قەدەغە بوو. لە ئاماژەیەکی دەگمەن بۆ کێشەی کورد، کە ڕەنگە بە هۆی ئەو ڕەخنانەوە بێت، کە لەبەر ئەو هەنگاوە ئاراستەی کرابووبن، سەدام ڕوونی کردەوە "ئەوان دەیانەوێت خوێن ڕشتن لە باکوردا بەردەوام بێت... ئێمە گوتمان: با سوپا و داوودەزگاکانی دەوڵەت بکشێنینەوە چونکە کارمەندانی دەوڵەت ناتوانن ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن کاتێک شتەکان گەیشتن بەو ئاستە نزمە." لە کاتێکی تردا ڕای گەیاند "بە سوپامان گوت بۆ ماوەیەک کوردستان جێ بهێڵێت... ئەو کات خەڵکی ئێوە بۆ یارمەتیی سوپا دەگریێن و داوا لە سوپا دەکەن بچن ڕزگاریان بکەن."[20] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شتەی سەدام ئاماژەی پێ نەدەکرد برێتی بوو لەو ڕاستییەی هێزە زەوینییەکان بەبێ پاڵپشتیی هێزی ئاسمانی لە ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدا بێ کاریگەری بوو و دەکرا بە ئاسانی ببنە ئامانجی هێزەکانی پێشمەرگەی کورد. لە هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سەربازییە، سەدام پاڵپشتیی چەندین کردەی تێکدەرانەی دەکرد بە یارمەتیی کوردی خۆفرۆشەوە، مەبەست لێی نەک هەر تەنیا کورد بوو بگرە کارمەندانی یو ئێن و نوێنەرانی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستییەکانیش بوو بۆ کۆسپ خستنە بەردەم پاڵپشتیی دەرەکی بۆ کورد. دیارترین کاری تێکدەر برێتی بوو لە هەوڵێکی تێشکاو بۆ سەر ژیانی دانیال میتران، هاوسەری فرانسوا میترانی سەرۆکی فەرەنسا، لەو کاتەی لە تەمووزی ١٩٩٢ بە سەردانێک هاتبووە کوردستان.[21]

بەغدا هەوڵیشی دەدا جیاوازی بخاتە نێوان لایەنەکانی کوردیی وەک مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانییەوە، بەڵام ئەمجارەیان تەواو ناسەرکەوتووانە بوو. بە گشتی، ستراتیجی ڕێژیم لە کوردستان دەردەکەوت هەرەسی داوە. دوور لە بەرهەمهێنانی پشێوی، سیاسەتی بەعس دەبوو بە خاڵێکی دەرپەڕین بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد.

## پەنجەرەکانی گۆڕان: ئۆتۆنۆمیی کورد

دوای ساڵانێک لە سەرکوتکردن، کە لە قڕکردنی یەکجارەکیی نێزیک دەبووەوە، کورد بەپەرۆش بوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە جێ هێشترابوو و بۆ دانانی بناخەی ئۆتۆنۆمی. هەڵبژاردنە تا ڕادەیەک ئازادەکەی ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردی، کە لە ١٩ ئایار ١٩٩٢ ئەنجام درا، بەشێک بوو لەو هەوڵە. لە ڕووی تیۆرییەوە کوردی عێراق لەوەتەی ١٩٧٤ ئەنجوومەنی یاسادانانی هەڵبژاردراویان هەبوو، بەڵام لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەندامانی ئەنجوومەنەکە هەڵبژاردراوی حکوومەت بوون. ئەمجارەیان، چەند هۆکارێک هەبوون لە ئاسانکاریکردن بۆ هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە: ئەو بۆشاییە ئیدارییەی لەلایەن ڕێژیمەوە بەجێ هێڵرابوو، پێویستیی بەدەستهێنانی نیازی چاکی ڕۆئاوا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەپێی بنەما دیموکراتییەکان، چەتری سەربازی بۆ سەرکەوتنی ئەو هەنگاوە دابین کرابوو، لە کۆتایی، بریتی بوو لەو ڕاستییەی، کە پرسی دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازاد بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە لایەن چەند لایەنێکی سیاسیی کوردییەوە دەگیرایە بەر وەک تەنیا گرەنتییەک لە دژی ئەنجوومەنێکی یاسادانەر، کە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە ئەندامەکانی دیاری بکرێت.

هەشت حزب کێبەرکێیان لەسەر ١٠٥ کورسیی پەرلەمانی دەکرد لە هەڵبژاردنێک، کە لەلایەن چاودێرانی ناودەوڵەتییەوە سەرپەرشتی دەکرا و بە شێوەیەکی گشتی بە "هەڵبژاردنێکی ئازاد و جێبڕوایان" وەسف دەکرد. لەبەرئەوەی ئەنجامەکان لە یەکتری نێزیک بوون ٢٢،٥٠ لە سەدا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و ٧٨،٤٩ لە سەداش بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەردوولا بڕیاریان دا ١٠٠ کورسی لە

نێوانیاندا بە یەکسانی دابەش بکەن، ٥ کورسییەکەی تریش دەدرایە ئەو هێزە هاوپەیمانانەی، کە نوێنەرایەتیی کەمینەی گاورەکانیان دەکرد، کە ٤ لەوان بەر بزووتنەوەی ئاشووری دەکەوت،[٢٢] هیچ کورسییەک بە کەمینەی تورکمان نەدرا لەبەرئەوەی، هەروەک تاڵەبانی ڕوونی کردەوە، ئەوان لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە بوون، کە لەژێر کۆنترۆڵی کورددا بوو. لە هەمان کاتدا هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجام درا، کە لە ئەنجامەکاندا مەسعوود بارزانی کەمێک لەپێش تاڵەبانی، کاندیدە سەرەکییەکەی تر، بوو. دووەم گەڕی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ بڕیاردان لەسەر کێبەرکێیەکە هەرگیز ئەنجام نەدرا و نوویسگەی سەرۆکایەتی نەکەوتە کار.

هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی گرینگ نەک هەر تەنیا زەنگوڵی بۆ ڕێژیمی عێراق لێ دەدا، بگرە زەنگوڵی بۆ وڵاتە دراوسێیەکانیش لێ دەدا، کە لە ڕژانی کاریگەرییەکان بۆ ناو دانیشتوانی کوردی خۆیان دەترسان. ڕێژیمی عێراق سووکایەتیی بە هەڵبژاردنەکان دەکرد و بە "گاڵتەجاڕ" وەسفی دەکرد، سەرکۆنەکی دەکرد بەوەی پیلانێکە بۆ دابەشکردنی عێراق، ڕێژیم ڕای گەیاند، کەوا ئەم هەڵبژاردنانە "نایاسایی" و "نادەستووورین" لەبەرئەوەی ئەو ئەنجوومەنە یاسادانەرەی، کە لە لایەن حکوومەتەوە پاڵپشتی دەکرا، هێشتا کاری دەکرد. ڕاستی، یەکەم ناو کە بۆ ئەنجوومەنە یاسادانەرەکە هەڵبژێردرا، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (المجلس الوطني الكردستاني)، قسەیەکی گەورە بوو بۆ نیازی کورد بۆ کردنی بە سیمبولی ناسیۆنالیزمی کوردی.

هەڵبژاردنەکانی کورد گرینگ بوون لەبەرئەوەی یاساییبوونێکی بە سەرکردایەتیی کوردی دەدا و گرووپە کوردییە بچووکەکانی لاواز دەکرد و بناخەیەکی بۆ ئیدارەی کوردی دابین دەکرد. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ٤ حوزەیرانی ١٩٩٢ ئەنجام دا، دواتر پێکهێنانی کابینەی بە دوادا هات. کابینەکە بوو بە حکوومەتی ناوچەکە (حكومة إقليمية) و بە سەرۆکایەتیی فوئاد مەعسوومی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێک هێنرا. حکوومەتەکە پازدە وەزیری تریشی لەخۆ دەگرت، لەوانە وەزارەتی کاروباری سەربازیشی لەخۆ دەگرت، کە بەرپرسیار بوو لە باڵی سەربازیی کورد، پێشمەرگە. دواتر لە مانگی ئەیلوول، سێ پارێزگاری کوردی دیاری کران بۆ هەرسێ پارێزگاکە، هەولێر (شوێنی ئەنجوومەنەکە)،

سلێمانی و دهۆک. هاوکات، ژمارەیەک هەنگاوی تری گرینگ هاوێشتران. مووچەی فەرمانبەران بوو بە بەرپرسیاریەتیی حکوومەت. دادگەیەکی بەرایی لە تشرینی دووەمی ١٩٩٢ دامەزرا. سیستەمی خوێندن، کە چەندین ساڵ بوو فەرامۆش کرابوو، وزەیەکی تری خرایەوە بەر کاتێک ٢٥٪ی بودجەی بۆ تەرخان کرا: تا کۆتاییی ١٩٩٢، ١١٠٠ قوتابخانە، کە بە زمانی کوردی خوێندنیان تێدا دەگوتراوە، کرانەوە لە کاتێکدا سێ زانستگە و کۆلێجێکی سەربازیش کرانەوە،[٢٣] لەسەر ئاستی سیاسیدا، جیاواز لە سەرکردایەتیی تاکییانەی مەلا مستەفا بارزانی لە شەستەکان و سەرەتاکانی حەفتای سەدەی ڕابردوو، سەرکردایەتییەکی دووانەی مەسعوود و تاڵەبانی دەرکەوت. هەرچەندە هیچیان پایەبەرزیی مەلا مستەفا بارزانییان نەبوو، بەڵام بە یەکەوە دەیانتوانی زۆر تا کەم سەرکردایەتییەکی کارا دروست بکەن بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن. ئەو جێکەوتە گشتییەی دروست دەبوو برێتی بوو لە یەکانگیرییەکی گەورەتر لەو یەکانگیرییەی، کە لە دە ساڵی ڕابردوودا و لە سەرەتای دروستبوونی حکوومەتێکی کوردیی ناوەندییەوە، بوونی هەبوو.

گەڵاڵەکردنەوەی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لە کارنامەی سیاسیی کورد لە دوای هەڵبژاردن گرینگترین بەشە. تا شەڕی کەنداو ئامانجی ڕاگەیەنراوی بزووتنەوەی کورد برێتی بوو لە ئۆتۆنۆمی بەڵام لە ١٩٩٢ دوای ڕاگۆڕینەوەیەکی زۆر، بەرز بووەوە بۆ ئامانجی فیدراڵی،[٢٤] بڕیارێک لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پابەندبوونی بە ڕێکەوەیی (توافق)ی کوردستانی عێراق دەربڕیبوو "بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان و پێناسەکردنی پێوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوەند لەم قۆناغەی مێژوودا، لەسەر بنەمای یەکەتیی فیدراڵی (إتحاد الفدرالي) لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیی پەرلەمانیدا."[٢٥] پەسندکردنی ئەم گەڵاڵەیە لەلایەن تەواوی بزووتنەوەی کوردییەوە خاڵێکی ناوەند بوو لە نێوان تاڵەبانی، کە لە ١٩٨٨ەوە بەرگریی لە پرسی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکرد، لەگەڵ مەسعوود بارزانیی نەرمڕۆ، کە ئۆتۆنۆمیی وەک ئامانجی خۆی پەسند کردبوو. ڕاستی، هەڵبژاردنی فیدراڵی دەربڕی تووڕەیی کورد بوو لە گەڵاڵەنامەی ئۆتۆنۆمیدا، کە لەلایەن ڕێژیمەوە وەک پەردەپۆشییەک بۆ سەرکوتکردنی ئەوان بەکاری دەهێنا.

دوای ئەوەی بیرۆکەی فیدراڵی دەرکەوت ئەوەندە زۆری پێ نەچوو بەرهەڵستیی لەلایەن ڕێژیمی بەغداوە ورووژاند، کە وەک کارێکی جیاخوازی دەبینی، لە کاتێکدا وڵاتانی دراوسێ بیرۆکەی فیدراڵییان بە سندووقی پاندۆرا دەزانی و لەوە دەترسان لەبەر دەرگەی ئەواندا بکرێتەوە. ئەو گۆڕانکارییە زۆر مەترسیدار دەردەکەوت بۆیە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٢ بووە هۆی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیی نێوان سووریا و تورکیا و ئێران، بە مەبەستی لەڕوودا وەستانەوەی خواستەکانی کورد. کورد خۆیان، کە ئاگەدار بوون لەوەی دەبێ بە وریایانە هەنگاو بهاوێژن، بەیاننامەیەکی ناڕوونیان دەرکرد وەک دەربڕینی نیازیان بۆ مانەوە وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق لەلایەکەوە، مافی چارەنووسیشیان لەلایەکی ترەوە.

گۆڕانکارییەکی تر کە هاتنە دەرەوەیەکی دیار بوو برێتی بوو لە نمرەی ددان پێدانانی ناودەوڵەتی، کە کورد بەدەستی هێنا. لە ڕابردوودا، هیچ سەرکردەیەک یا بەرپرسێکی کورد ڕێی پێ نەدەدرا بە ئاشکرا لەگەڵ کاربەدەستانی ڕۆژئاوادا کۆ ببێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی پرسی کورد کێشەیەکی مرۆڤانییە نەک سیاسی. لە دواوەی ئەم پاساوە، بێگومان، ترسی ڕۆژئاوا لە عێراق و زەنگی ئێران و تورکیا هەبوو. هەرچەندە لە ١٩٩٢، تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و هەندێک کاربەدەستی تری کورد لە چەند پایەتەختێکی ڕۆژئاوا وەک کەسی دیپلۆماتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، لەوانە: لەندەن، کە تێیدا لە شوباتی ١٩٩٢ گفتوگۆیان لەگەڵ جۆن مێجەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیادا کرد، پاریس، کە لە ئاب لەگەڵ سەرۆک فرانسوا میتراندا کۆ بوونەوە، هەروەها واشنتۆن دی سی، کە لەگەڵ سێ گرووپی تر لەگەڵ جەیمس بەیکەری وەزیری دەرەوە کۆ بوونەوە. بەشێکی ئەم گۆڕانکارییە برێتی بوو لە چوونە ناوەوەی بەرفراوانی سەرکردایەتیی کوردی بۆ ناو میدیای ناودەوڵەتی لەوانە، میدیای عەرەبیش. ڕێوشوێنێکی تری ئەم گۆڕانە برێتی بوو لە دەست پێکردنی وەشانی ڕۆژانەی کوردی لە نیسانی ١٩٩٢ لە ئێزگەی دەنگی ئەمەریکا.

لەگەڵ ئەوەش، سەرنجی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کورد بە ئاڵۆزی دەمایەوە. لە لایەکەوە، هەرسێ هاوپەیمانی هاوبەش، کە سەرکردایەتیی کاتیی شەڕیان دەکرد ئەمەریکا و بەریتانیا و فرەنسا پێویستییان بە کورد دەبوو پەستان بخاتە سەر ڕێژیمی عێراق و شەپرێوی بکا. ئەو پێشوازییە فەرمییەی لە سەرکردەکانی کورد دەکرا ئاماژەیەک

بوو بۆ ڕێژیم بەوەی ڕۆئاوا بە ڕوونی پابەندە بە پاڵپشتیکردن لە ئۆپۆزسیۆنی عێراق. بۆ نموونە، دوا بەدوای کۆبوونەوە لەگەڵ میتران لە ١٩ ئابی ١٩٩٢، تاڵەبانی لەسەر زاری سەرۆکی فرەنسا ڕای گەیاند، کە پاڵپشتیکەر بۆ "مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی فیدراڵییەک لە عێراقێکی یەکگرتوو و دیموکراتدا."[٢٦] هێشتا، وشەی یەکگرتوو ڕەنگدانەوەی ترسی ڕۆئاوا بوو لە بەش بەشکردنی عێراق، کە ئاماژەیەک بوو بۆ دەستگرتنی بەردەوام بە پاڵپشتیکردنی کورد وەک جارانی پێشوو، کە لەسەر بنەمای مرۆڤانی بوو. دوا بەدوای سەردانەکەی هاوسەری میتران و وەزیری تەندروستیی فرەنسی بێرنارد کۆچنەر بۆ کوردستان بۆ یەکەم جار لە سەرەتای تەمووز، لێدوانێکی حکومەتی فرەنسایی وریاداریی ڕاگەیاند لە لێکدانەوەی "هەنگاوە مرۆڤانییەکەی" دانیال میتران وەک هەڵوێستی فەرمیی سیاسیی فرەنسا،[٢٧] لە کاتێکدا ئەم ناڕوونییە دوور بوو لەوەی کورد دڵنیا بکاتەوە، بەڵام ئەو ڕاستییانەی کەوا چالاکانی سەر بە کورد لە ڕۆئاوا، کە زیاتر بە دەنگ دەهاتن و ئەوەش، کە سەرکردەکانی کورد سەرکەوتوو بوون لە شکاندنی بێدەنگییان خۆی بۆ خۆی دەستکەوتی گرینگ بوون.

## کۆسپە مەترسیدارەکان لە دژی خۆبەڕێوەبەریی کورد

هەروەک ئەم دەستکەوتانە گرینگ دیار بوون، لە هەمان کاتدا ناسکیش بوون. لە ڕووی ناوخۆیییەوە، هەرچەندە پێناسی ناسیۆنالیزمی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو و گرینگ بەهێز بووبوو وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم بە تایبەتی لە دە ساڵی پێشتر،[٢٨] کەچی لە هەندێ کاتدا هێشتا سێبەری دڵسۆزیی ناوخۆیی و عەشیرەتکاریی بەسەرەوە مابوو. لەوەش زیاتر، ساڵانی سەپاندنی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەلایەن حکومەتەوە کاریگەریی خۆی هەبوو. لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی پێشتر زمانی خوێندن و هۆکاری جووڵەپێکەری کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو لە کوردستان، زمانی کوردی سیمبولی سەرەکیی پێناسی نەتەوەیی هێشتا مابوو وەک هۆکارێکی یەکخەر دەربکەوێت. لەسەر ئاستی ئابووریدا، ئەو گەمارۆیە ناوخۆیییەی، کە لەلایەن حکومەتەوە سەپێنرابوو خاڵە لاوازەکانی ئابووریی کوردستانی لە ڕووی داخراویی خاکی کوردستان و

پشتبەستانی تەواوی کوردستانی بە ڕێژیم و وڵاتانی دراوسێوە زەق دەکردەوە. ئەو کۆت و بەندە ئابوورییانە لەو دۆخە جیۆپۆلەتیکییەدا هەبوو لە ڕاستیدا دەیتوانی هەر خواستێکی سەربەخۆبوونی کوردەکان بەتاڵ بکاتەوە، کە لەوانە بوو کورد دەستی بخەن. کاربەدەستە کوردەکان خۆیان ددانیان بەوە دەنا، کە کێشەی سەرەکیی کوردستان برێتییە لە ئابووری و ڕێژیمیش لە بەغدا زۆر بە باشی دەزانێ چۆن خراپی بکات.

شتێکی تر کە لە زیان لێداندا هیچی کەم نەبوو برێتی بوو لە خراپبوونی پێوەندییەل لەگەڵ پارتی کرێکارانی تورکیا (پەکەکە)دا، کە تەنگژەیەکی گەورە و کۆت و بەندێکی سیاسیی ئاڵۆزی دەردەخست.[29] لە ١٩٨٣ پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکە ڕێککەوتنێکی هاوکارییان بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ عێراق و تورکیادا ئیمزا کرد،[30] ساڵی دواتر، مەسعوود بارزانی و سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دیمەشق بۆ یەکەم جار، ڕەنگە هەر تەنیا جاریش بێت، کۆ بوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، تا نەوەتەکان بەرژەوەندییەکانیان گۆڕا. پەکەکە ئەو بۆشاییەی، کە لە کوردستانی عێراق دروست بووبوو لە بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنا بۆ دامەزراندنی چەند بنکەیەک لە چیایە دوورەدەستەکانی ناوچەکانی نێزیک سنووری عێراق – ئێران – تورکیا، ئەو ناوچانەی، کە کوردی عێراق دەسەڵاتیان لێ کەم بوو یاخۆ دەسەڵاتیان بەسەردا نەدەشکا،[32] ئەم بنکانە لە لایەن ٥٠٠٠ چالاکی پەکەکەوە بەکار دەهاتن، کە لەلایەن ڕێژیمی عێراقەوە پاڵپشتی دەکران، بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا و لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی کوردی عێراقیش لاواز بکەن،[33] چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی کە لە ١٩٩١ دەست کوردی عێراق کەوت بەبێگومانی هاوکاریکردنی بەغدای لەلایەن پەکەکەوە لە دژی کورد دەسەلماند،[34] پەکەکە بە داخستنی ڕێگەکانی نێوان کوردستانی عێراق و تورکیا تۆمەتبار دەکرا "بۆ ڕێگرتن لە گەیشتنی شتومەک و خۆراک بە کوردستانی عێراق."[35] بە گوێرەی گوتەی کوردی عێراق، ئەم کارەی پەکەکە دەبووە هۆی سێیەم گەمارۆی ئابووری بۆ سەر کوردستانی عێراق لەبەرئەوەی تورکیا تاکە پەتی ژیانی ئابووری بوو بۆ ئەوان.

ئەم گۆڕانکارییە پشتبەستانی کوردی عێراقی بە تورکیا زیاتر دەکرد و کوردی

ناچار دەکرد ئارەزووەکانی تورکیا قەبووڵ بکەن، بگرە ئەگەر لەسەر حیسێبی دڵسۆزبوونی کوردیش بێت. لەسەر دەستپێشخەریی تورکیا، هێزە کوردییەکانی عێراق لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ هێرشێکی بەرفرەوانیان لە دژی پەکەکەدا دەست پێ کرد بە مەبەستی ئەوەی پەکەکە ناچار بکەن ناوچەکانی سنوور جێ بهێڵێ و بۆ ناو جەرگەی کوردستانی عێراق بڕوات.[٣٦] ئەم شێوازە، بەکارهێنانی کوردی وڵاتێک لەلایەن وڵاتێکی ترەوە وەک نوێڵێک لە دژی کوردی خۆی و لە دژی وڵاتی ڕکابەر، ئەمە لەلایەک، هەروەها تەنگژەی گرووپە کوردییەکان لە نێوان هەڵبژاردنی خواستە دەستبەجێیەکانیان و ئامانجە نەتەوەییەکانیان لە لایەکی ترەوە، کۆت و بەندێکی سەرەکیی سیاسیی پێک دەهێنا، کە دەبووە ڕێگر لە بەرامبەر پرسی کورد. هاریکاریی نێوان هەردوو سنوور هەردوولای دەبڕی لەبەرئەوەی زیانی بە پرسی کورد لە عێراق و لە تورکیاش دەگەیاند شان بەشان لەگەڵ زیانگەیاندن بە حکوومەتی هەردوولا.

بە شێوەیەکی سەیر و لێکدژانە، بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کوردی عێراق وا دیار بوو بەسترابوونەوە بە مەرجی سەرکەوتنیان لە هەڵوەشاندنەوەی ئامانجەکانی پەکەکەدا. بە هێنانەبەر چاو، هێرشەکانی سەر پەکەکە، کە هاوکات بوون لەگەڵ ڕاگەیاندنی فیدراڵیی لەلایەن کوردی عێراقەوە شتێکی بە ڕێککەوت نەبوو. کوردی عێراق، کە ڕەنگە هیوای پاڵپشتیی بێدەنگی تورکیایان بۆ ئۆتۆنۆمییەکەیان خواستبێ ئەو بیرۆکەی، کە تورکیای دەترساند هێندەی ئەوەی عێراقی دەترساند، ئەگەر زیاتریش نەبێت ئامادە بوون هەر باجێک بدەن، کە حکوومەتی تورکیا هێور بکاتەوە، واتە، باجی هاریکاریکردنی تورکیاش لە شەڕ لەگەڵ پەکەکە. لەمەدا، ئارەزووی کوردی عێراق دەبووە پاڵنەر بۆ بەدەست هێنانەوەی کۆنترۆڵ بەسەر ناوچە دوورەدەستەکان و نەهێشتنی لایەنگرانی حکوومەتی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەکە باجێکی گرانی گەرەک بوو. لەژێر پاساوی شەڕکردن لەگەڵ پەکەکەدا، هێزەکانی تورکیا کە بە ١٥٠٠٠ سەرباز دەخەمڵێنران، لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەم نێزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە هاتنە ناو خاکی کوردستانەوە، بۆ ئەو ناوچانەش، کە شەڕوانانی پەکەکەی لێ نەبوو. گوتەبێژێکی کورد نیگەرانیی دەردەبڕی "ئێمە هەست دەکەین ئەمە لە دژی ئێمەیە نەک لە دژی پەکەکە و بۆ

دامەزراندنی شێوەیەک لە ئامادەیی (تورکیا) لێرەدا."[37]

ئەم ڕووداوە بارودۆخێکی ناوچەیی ئاڵۆزی دەخستە ڕوو لەو ناوچەیەی، کە کورد کاریان لێ دەکرد. هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد، لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی کەنداو، تورکیا وەک پەتی سەرەکیی ڕزگاری بۆ کورد دەردەکەوت. تورکیا پاسەپۆرتی دیپلۆماتی بۆ مەسعوود بارزانی و تاڵەبانی دەرکردبوو، کە دەیانتوانی پێیەوە سەردانی تورکیا بکەن، مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند کە لەوەتەی ١٩٩١ەوە تورکیا بووەتە تاکە پەنجەرەی کورد بۆ جیهانی دەرەوە،[38] کاربەدەستانی کورد ڕێگەی پێوەندییان لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای تورکیا، کردبووەوە، لەوانە سەرۆک و سەرۆک وەزیران. لەمەدا، تورکیا ئەو پاڵنەرەی هەبوو کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، ڕێ لە ڕژانی کاریگەرییەکان بگرێت بۆ ناو کوردی وڵاتەکەی خۆی، لە هەمووشی گرینگتر، ڕێگرتن لە بیرۆکە و پلانێک بوو بۆ دەرکەوتنی دەوڵەتێکی کوردستان لە باکوری عێراقدا. ئەمە ئەو ترسە بوو، کە دەبووە ئەنجامدانی گفتوگۆ سێ قۆڵییەکەی تشرینی دووەمی ١٩٩٢ لە نێوان تورکیا و سووریا و ئێراندا. بەوەی کە عێراق لە گفتوگۆکان کرابووە دەرەوە دڵنەوایییەکی کەمی بە کورد دەدا، چونکە کورد ئەم جارەیان لە جیاتیی ئەوەی ڕووبەڕووی دەوڵەتێک بوەستنەوە، دەبوو ڕکابەری لەگەڵ چوار دەوڵەت بکەن.

بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردیی جیا بەلای ڕۆئاواوە زۆر قەبووڵکراو نەدەبوو، کە داکۆکیکەری تری چارەنووسی کورد بوون. دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، هەرچەندە نیگەرانی پیلانەکانی سەدام بوون لەوانە هەڕەشە بەردەوامەکانیشی بۆ سەر کوێت، بەڵام ئەوان زیاتر نیگەران بوون لە ئەگەری بەش بەشبوونی عێراق. کۆدەنگیی بەرفراوان لە دژی گۆڕینی ئەو سنوورانەی، کە هەبوون برێتی بوو لەو ترسەی پشێویی زیاتر لە ناوچەکەدا پەیدا ببێت و دەوڵەتانی تریش لە ناوچەکەدا نەیانەوێت بەرهەڵستیی بکەن، شان بەشان لەگەڵ هەبوونی مەیلێک لە پیرۆز تەماشاکردنی ئەو سنوورانەی لەلایەن داگیرکەرانەوە دیاری دەکران. ئەمە کۆسپێکی تری سەرەکی بوو لە بەردەم قەوارەی کوردیدا. تاکە وڵاتێک و حکوومەتێکی ناودەوڵەتیش ددانی بە حکوومەتی کوردیدا نەدەنا یان پێوەندیی دیپلۆماتی لەگەڵ دانەدەمەزراند. لەوەش زیاتر، ئەو پاڵپشتییە کەمە دارایی و سەربازییەی، کە کورد لە هاوپەیمانەکان

بەدەستیان دەهێنا بە تەواوی کاری هاوپەیمانەکان بوو لە بەرامبەر عێراق. بۆ هەموو دەستکەوتەکانی، قەوارەی کوردی لەژێر بەزەیی هێزە زلە دەرەکییەکاندا دەمایەوە.

پەراوێز:

1. Discussion of the Iraqi invasion of Kuwait and the resulting GulfWar is outside the scope of this study. It is referred to in connection with the Kurdish subject only.
2. For the intifada and its aftermath, see Ofra Bengio, "Iraq’s Shi‘a and Kurdish Communities: From Resentment to Revolt," in Iraq’s Road to War, eds.Amatzia Baram and Barry Rubin (New York: St. Martin’s Press, 1993), pp. 51–66; US Senate Committee on Foreign Relations, Civil War in Iraq (Washington, DC: May 1991); Najib al-Salihi, Al-zilzal (London: Mu’assasat al- Rafid lil-Nashr wal-Tawzi‘, 1998); and Bashir ‘Ala’, Kuntu Tabiban li-Saddam (Cairo: Dar al-Shuruq, 2006), pp. 154–170.
3. According to Jalal Talabani, the leadership of the Kurds did not order the uprising: "The Peshmerga were outside the towns and only later did we decide to support the demonstrators." Wochenpresse (Vienna), 11 April 1991, cited in Daily Report, 16 April 1991.
4. The Iraqi opposition groups met in Syria in December 1990 and decided to act toward the downfall of the Baath and in support of the United States in the forthcoming war. Document, Middle EastWatch, 22 January 1991.
5. Document, Middle EastWatch, 22 January 1991.
6. Agence France Presse, 12 March 1990, cited in Daily Report, 18 March 1990.
7. New York Times (NewYork, daily), 13March 1991; Al-‘Alam (London, weekly), 6 April 1991; US Senate Committee on Foreign Relations, Civil War in Iraq, p. 1.
8. Document, Middle EastWatch, 9 March 1991.
9. Faleh Abd al-Jabbar, "Why the Uprisings Failed," Middle East Report, no. 176 (1992): 12.
10. US Senate Committee on Foreign Relations, Civil War in Iraq, p. 15.
11. Commenting on the causes of the "quick collapse" of the Kurdish rebellion, al- Jumhuriyya reported that the rebels had not fought for a just cause, had been supported by foreign countries, and had antagonized the Arab citizens of the cities they occupied. Al-Jumhuriyya (Baghdad, daily), 15 April 1991.
12. Document, Middle EastWatch, 12 June 1991.
13. US Senate Committee on Foreign Relations, Civil War in Iraq, p. 10. Western journalists were told this by the Kurdish refugees. Iraqi forces also reportedly "staged" chemical attacks. Ha’aretz (Tel Aviv, daily), 15 April 1991.
14. Kevin McKiernan, The Kurds (New York: St. Martin’s Press, 2006), p. 54.
15. Kemal Kiri≈sci and Gareth M.Winrow, The Kurdish Question and Turkey (London: Routledge Curzon, 2004), p. 159
16. Ismet G. Imset, The PKK: A Report on Separatist Violence in Turkey (Ankara: Turkish Daily News Publications, 1992), p. 195.

17. Kiri≈sci andWinrow, The Kurdish Question, p. 160.

18. International Herald Tribune (Paris and Zurich, daily), 2 April 1992; Financia Times (London, daily), 9 July 1992; The Economist (London, weekly), 11 July 1992. Reports in April indicated that an indigenous oil company named Kurdoil had begun extracting oil in Koysanjak. 2000 Ikibine Doπru, 5April 1992, cited in Daily Report, 23 April 1992; Al-Sharq al-Awsat, 8 April 1992, cited in Daily Report, 10 April 1992.

19. New York Times, 6 February; Kurdistan Voice of Unification, 17May 1992, cited in Daily Report, 18 May 1992. Rising from the Ashes 207 20. Al-Thawra (Baghdad, daily), 12 March 1992; Al-Jumhuriyya (Baghdad, daily),

24 November 1992.

21. International Herald Tribune, 7 July 1992.

22. On the elections and their aftermath, see Agence France Press, 22 May 1992, cited in Daily Report, 26 May 1992; Le Monde, 24–25 May 1992; James M. Prince, "A Kurdish State in Iraq?" Current History 92 (1993): 17–22.

23. United States Information Service,Wireless File, 14 December 1992.

24. Interestingly, the Turkish PKK began to toy with this idea in 1990. Imset, The PKK, p. 231.

25. Voice of the People of Kurdistan, 5 October 1992, cited in Daily Report, 7 October 1992.Another Kurdish source emphasized that the decision was part of the Kurds' right to "self-determination." Al-Manar al-Kurdi (London), November 1992.

26. Le Monde, 21 August 1992.

27. Le Monde, 9 July 1992.

28. For a discussion of these policies, see New York TimesMagazine, 3 January 1993; and Kanan Makiya, Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising, and the Arab World (London: Penguin Books, 1993).

29. For a firsthand discussion of these relations see Imset, The PKK, pp. 180 209.

30. Ibid., p. 181.

31. Michael Gunter, The Kurds and the Future of Turkey (Houndmills: Macmillan,

1997), p. 116.

32. For a detailed discussion see ibid., pp. 115–125.

33. Middle East International, 23 October 1992.

34. Imset, The PKK, pp. 189–190.

35. Voice of the People of Kurdistan, 8 October 1992, cited in Daily Report, 9 October 1992.

36. See details in Jonathan C. Randal, After Such Knowledge,What Forgiveness?My Encounters with Kurdistan (Boulder, CO:Westview Press, 1999), pp. 236–242.

37. Agence France Press, 1 November 1992, cited in Daily Report 1992 , 2 November 1992; The Independent (London, daily), 6 November 1992; Al-Manar al-Kurdi, November 1992. For the relationship between the PKK and the Kurds of Iraq, see Hazir Teimourian, "Turkey: The Challenge of the Kurdistan Worker's Party," Jane's Intelligence Review 5, no. 1 (1993): 29–32.

38. Kiri≈sci andWinrow, The Kurdish Question, pp. 162–163.

١٢

## ئازارەکانی لەدایکبوونی خۆبەڕێوەبردنی کورد

خۆشحاڵیی کورد لە مانگەکانی سەرەتای خۆبەڕێوەبەری بەرە بەرە کوردی دەخستە سەر ئەو تێڕوانینەی، کە چەند کۆسپێکی مەترسیدار ڕوو لە ئەزموونە ساوایەکەیان دەکات. هێشتاش هاوسەنگیی هێز لەگەڵ بەغدا بەلایەنی کەمەوە ڕێی بە مانەوەی کورد دەدا،[1] تا ئەو کات دیارترین تایبەتمەندیی ئیدارەی کوردی برێتی بوو لە سەرکردایەتیی دووانەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە وای دەکرد دروستکردنی بڕیار ببێتە کارێکی زەحمەت لەبەرئەوەی بڕیارەکان بە ڕەزامەندیی هەردوو پارت دەبەسترانەوە. لەوەش خراپتر، دڵسۆزیی بۆ هەریەکە لە پارتەکان لە هەندێ کاتدا پێشێلی دڵسۆزیی بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرد یاخۆ کۆسپی دەخستە بەردەم گەشەی دیموکراتی. هەروەک یەکێک لە چاودێران دەڵێت "دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢دا، هەردوو پارت چالاک بوون لە دروستکردنی تۆڕی پشتیوانیی چڕ لەسەر حیسێبی گەشەپێدانی حکوومەتێکی دیموکراتیتر."[2] لە ڕاستیدا هەندێ لە توێژەران ئەمە بە میراتی ڕکابەریی نێوان عەشیرەتەکان دەزانن لە کۆمەڵگەی کوردیدا،[3] هەندێکیان ئەم تۆڕانە دەگەڕێننەوە بۆ "دابەشبوونی نێوان ناوچە شارنشین و لادێنشینەکان و دابەشبوونی ناوچەی بادینان و سۆران."[4]

### لە نێوان یەکگرتن و براکوژیدا

کێشەیەکی سەرەکی برێتی بوو لە پێوەندیی نێوان جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی. لەبەرئەوەی هەریەکەیان توانیبووی زۆرینە لە هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتیی ١٩٩٢ مسۆگەر بکات، ئیدی هەردووکیان لەسەر بەشە دەسەڵاتێکی نافەرمی ڕێک

کەوتبوون. تاڵەبانی کە زیاتر تەڕزمان و خاوەن تێڕوانینێکی جیهانی و دیپلۆماتیتر بوو، زۆرتر بەرپرسیار بوو لە گەشەپێدانی کەناڵی نوێ بۆ کورد لە دەرەوە و لە ئامادەکردنی بۆچوونی ناودەوڵەتی بۆ پرسی کورد. مەسعوود بارزانی، کە لە کاری ناوەخۆدا سەرکردەیەکی ڕاهاتوو بوو، چالاکییەکانی لەسەر نیگەرانییەکانی ناوەخۆ کۆ دەبووەوە. هاوکاریی نێوان هەردوو پارتەکە بە ئاشکرا دەرکەوت لە کاتی ئامادەبوونی تاڵەبانی لە یازدەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە لە ئابی ١٩٩٣دا لە هەولێر بەڕێوە چوو و تێیدا مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی پارتی دیاری کرایەوە. لە وتارەکەیدا، تاڵەبانی ڕای گەیاند، کە ئەو هیوا دەخوازێت کۆنگرەکە "خزمەت بە مەبەستەکانی پارتی دیموکراتی هاوپەیمانمان بکات" و برەو بە "دەستکەوتەکانی گەل لە کوردستانی ئازاددا بدات."[٥] ئاماژەیەکی تری هاوکاریی نێوان هەردوو پارتەکە بریتی بوو لە هێنانەوەی ڕوفاتی مەلا مستەفا بارزانی لە گۆڕەکەی لە ئێران بۆ ناشتنەوەی لە کوردستانی عێراق لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣، چاودێرێک ئەم پرۆسە سەربەرزانەیە بە "نێزیکترین شت لە بۆنەیەکی نیشتمانی" وەسف دەکات، کاتێ کورد لە هەموو شار و گوندێکی هەرێمی کوردستان بۆ پێشوازیکردن کۆ بوونەوە.[٦]

لە سەرەتا، ئەم یەکریزییەی نێوان دوو سەرکردەکە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەسەر پارتەکانیاندا ڕەنگی دەدایەوە و هانی چەند گرووپێکی بچووکی دەدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا یەک بگرن. بەم جۆرە پارتی سۆشیالیستی کوردستان، دوای چوارده ساڵ جیابوونەوە، لە ١٠ی شوباتی ١٩٩٣ یەکگرتنەوەی خۆی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیاند. بە هەمان شێوە لە ٢٨ تەمووز، پارتی گەل، بە سەرۆکایەتیی سامی عەبدوڕەحمان، یەکگرتنی خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند. تێکەڵبوونی سوپای گەریلاکان لەگەڵ پێشمەرگە لەژێر فەرماندەیەکی یەکگرتوودا هەنگاوێک بوو بۆ پێشەوە،[٧] بە هەمان شێوە، یەکەتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک، یەکەتییەکانی قوتابیان و کرێکاران و جووتیاران (نەک ئافرەتان) وا ڕاگەیەنرا کە تێکەڵ بوونەوە.[٨]

ئەم گــۆڕانكارییــە ئەرێنییــانەی ســـەرەتا لە تشــرینی یەكــەمی ١٩٩٣ بــە هۆی دروسـتبوونی دوژمنـایەتییـەكی لە پڕی نێـوان یەكێتیی نیشـتمـانیی كوردسـتـان و بزووتنەوەی ئیـسـلامی لـە كـوردسـتــان دەكـەوتە بەر مــەترسی، كـە هـەڕەشــەی ئەوەی هــەبوو تـەواوی لایـەنی كـــوردی بگرێتـــەوە. لە ١٩٨٧ بـزووتـنـەوەی ئـیـــســـــلامـی، ڕێكخراوێكی تا ڕادەیەک نوێ بۆ كوردستانی عێراق، لەژێر سەركردایەتیی عوسمان عەبدولعەزیز و بە پشـتیوانیی ئێران دامەزرا . لە سێ باڵ پێک دەهات: باڵی عـوسمان عەبدولعەزیز، كە نەرمڕۆترین و نێزیكترین باڵ بوو لە بزووتنەوەی كوردی، باڵی عەلی باپیر، كە گرووپێكی گـەرمڕۆ بوو پێوەندیی لەگـەڵ هـەم ئێران و هـەم حـزبی بەعـسدا هـەبوو، هـەروەها باڵی مـەلا كرێكار (نەجمەدین فـەرەج)، كە پێـوەندیی بەهێزی لـەگەڵ ئەفـغـانسـتـاندا هـەبوو. چوار ســاڵ دواتر لە ٢٠٠١، عــەلی باپیـر و مـەلا كـرێكار ئەنسـارولئیـسلامیـان دامـەزراند، كـە ڕووبەڕووی حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتـان و ئەمەریكا وەسـتانەوە. ئامۆزای مەسعوود بارزانی، شێخ مـحـەمەد خالید لە تەریقەتی سۆفییـەكانی نەقشبەندی، سـەرۆكی گرووپێكی تـر بوو، حزبوڵڵای كوردی، كە لەلایەن ئێـرانەوە پشــتـیـوانی دەكـرا و دەگـوترا پێـوەندیی لەگـەڵ بزووتنـەوەی ئیـسـلامـیـدا هـەبووە.[٩]

بە گوێرەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردسـتان، كە كتێبێكی چاپ و بڵاو كردەوە تێیدا چەند بەڵگەنامەیەكی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەخۆ دەگرت، بـزووتنەوەكە پەنجا و یەک بنكەی سـەربازیی لەناو كوردسانی عێراق دامـەزراندبوو و خسـتبـوویە ژێر دەسـتی سـوپای ئێرانییـەوە. لە پاڵ ئێراندا، بـزووتنەوەكە پاڵپشـتیی دارایی لە پاكسـتـان و ئەفغـانسـتـان و سـعـوودیە و جەزائیـر و تونس و لبنان وەردەگرت، كۆمەكی داراییـیان مـانگانە دەگەیشتە ٥٧،١ ملیۆن دۆلار. بەپێی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، هـەوڵە بەردەوامـەكـان بۆ بەشـداریكردنی بزووتنەوەی ئیـسـلامی لە كـابینەی حكوومـەتی كوردسـتـان و یەكخسـتنەوەی میلیشیـای بزووتنەوەكە لەگـەڵ فـەرمـاندەی هـاوبەشی سـەربازیی كوردی، لە لایەن بزووتنەوەكەوە ڕەت دەكرایەوە. لەوەش زیاتر، یەكێـتیی نیشـتمانیی كوردسـتان بزووتنەوەكەی تۆمەتبار دەكرد بەوەی دەیەوێت حكوومەتێكی خۆی لەناو ڕێژیمی كوردیدا دابمەزرێنی بە دروستكردنی گرتیگە و خاڵی سـەربازی

لەسەر ڕێگە گشتییەکان و سەپاندنی باج و بگرە دەست وەردان لە پرۆگرامی خوێندنیش. بزووتنەوەکە بە دەست پێشخەری لە شەڕ لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تۆمەتبار دەکرا.[١٠]

دوا بەدوای پشێوییەک لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٣، کە بووە هۆی کوژرانی پەنجا کوژراو لە نێوان هەردوولادا، نوێنەرانی هەردوو پارت لە سەرەتای تشرینی دووەم بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکانیان کۆ بوونەوە،[١١] لەگەڵ ئەوەشدا، لە کانوونی یەکەمدا شەڕ دەستی پێ کردەوە. پێکدادانەکان ئەوەندە مەترسیدار بوون، ناوچەیەکی گەورەی کوردستانیان گرتەوە، بە هەولێر و سلێمانیشەوە، ٧٢ کەس کوژرا و ٢٥٠ بریندارى لێ کەوتەوە،[١٢] تا کۆتای ١٩٩٣، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستبەسەرداگرتنی هەموو بنکەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان و دەست بەسەرکردنی عوسمان عەبدولعەزیز و گرتنی ٢٠٠ ئەندامی بزووتنەوەکە و دەست بەسەرداگرتنی چەکەکانیانی ڕاگەیاند.

پێکدادانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لەوەدا گرینگ بوو، گرووپێکی توندڕۆی ئیسلامیی بە دیار خست، کە دیاردەیەکی لە کوردستانی عێراقدا پێک دەهێنا و دەبووە ئامرازێک بە دەستی ئێران و شەڕپێکردنی لە دژی قەوارەی کوردیدا. دوای حەوت ساڵ لە ئاشتیی مامناوەندی لە نێوان باڵە کوردییەکاندا، ئەم پێکدادانە جارێکی تر زەحمەتیی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی کوردی زەق دەکردەوە.

ترسێکی ڕاستەقینەش هەبوو لەوەی شەڕی ناوخۆ پرسی کورد لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی بخاتە مەرسییەوە.

مەترسیدارترین تووشهات برێتی بوو لەو ململانێیەی هەردوو پارتە سەرەکییەکە، یەکێتی و پارتیی گرتەوە. هەروەک پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست دەست وەربداتە نێوان دوو پارتە دوژمندارەکەی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی. جارێکیان، بگرە مەسعوود بارزانی تووڕەیی خۆشی دەربڕی لەسەر ئەو ڕاستییەی، کە هەوڵە ناوبژیکەرییەکانی وی کاری پێ نەکراوە، بارزانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تۆمەتبار دەکرد بە دەستپێشخەری بۆ شەڕی

١٩٩٣ له پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی له ٢٥ی کانوونی یەکەم لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا بەستابوویان. بارزانی گوتی "بە داخەوە، گوێمان له پێکدادانی تازە بوو بەر لەوەی مەرەکەبی ڕێککەوتنەکە وشک ببێتەوە، ئاخۆ ئەمە بێڕێزی بۆ بڕیار و ڕێککەوتنەکانمان و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان پێشان نادات؟" دواتر ڕاگەیەنرا، کە مەسعوود بارزانی پەنای عوسمان عەبدولعەزیزی لەلای خۆی دەدا.[١٣]

له هەوڵێک بۆ ڕێگرتن له ململانێیەکە و ئاسانکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەناو لایەنی کوردیدا، "ڕێککەوتنێکی ستراتیجی" له ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ له نێوان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا ئیمزا کرا. ڕێککەوتنەکە جەختی تایبەتی لەسەر ئەو ڕاستییە دەکردەوە، کە سەرکەوتنی ئیدارەی کوردی و هۆشیاریی ناودەوڵەتیی بەردەوام لەسەر کێشەی کورد، بەندە بە "هێشتنەوەی یەکگرتوویی ڕیزەیلی کورد." ئەم خاڵە سەرەکییانەی خوارەوە دانوستاندنیان لەسەر کرا:

١. هەردوو پارت بە یەکسانی بەشداری له پەرلەمان و حکوومەتدا دەکەن، بڕیارە گرینگەکانیش بە ڕێککەوتنی هەردوولا ئەنجام دەدرێت.

٢. "قۆرخکردنی" سیاسی و ڕێکخراوەیی له ناوچەکەدا قەدەغە دەکرێت.

٣. پەنابردنە بەر توندوتیژی و چەک له چارەسەکردنی جیاوازییەکان بە تەواوەتی قەدەغە دەکرێت.

٤. هیچ کام له پارتەکان هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی سێیەمدا ناکەن له دژی یەکتری.

٥. هەردوو پارت لەسەر سیاسەتێکی تاک و هاوبەش و بە مروونەت ڕێک دەکەون له بەرامبەر وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی تورکیا و ئێران و سووریادا.[١٤]

ڕێککەوتنەکە تەنیا خزمەتی بە زەقکردنەوەی ئەو جیاوازی و ڕکابەرییە قووڵانە دەکرد، کە هێشتا له نێوان دوو پارتەکەدا مابوونەوە بۆیە دوژمنایەتییەکی پفدراوی نوێی تەنیا بە کاتەوە پێوەست بوو.

دوای ساڵانێکی درێژ لە شەڕ له دژی بەغدا، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشتیان له یەکتری کرد و شەڕی ناوخۆ بە

شێوەیەکی پچڕپچڕ تا ١٩٩٧ بەردەوام بوو. هەڵگیرسانی توندوتیژییەکی تازە لە ئایار ١٩٩٤ بەرپا دەبوو، زۆربەی ناوچەکانی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەی گرتەوە. ئەمجارەیان ململانێیەکە، کە لە ماوەی سی ساڵدا بە خراپترین ململانێ دێتە ژمار، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی و چەند گرووپێکی بچووکی تریشی دەگرتەوە،[١٥] دوژمنداررییەکە، کە لە ١ی ئایار ١٩٩٤ دەستی پێ کرد، لە مشتومڕ لەسەر زەوی لە ناوچەی قەڵادزێ، لە باکوری سلێمانی، سەری هەڵدا،[١٦] پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەموو شارە گەورەکان و شارۆکە بچووکەکانی کوردستاندا، لەوانە سلێمانی و دهۆک و هەولێریش، کە شوێنی پەرلەمان و حکوومەت بوو، دەستی پێ کرد. پارتە شەڕکەرەکان، کە لە نێوان هەردوولا ٦٠٠٠ پێشمەرگەی دەگرتەوە، چەکی گران و سووکیان بەکار دەهێنا. لە سەرەتای مەی ١٩٩٤، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر دەستی بەسەر باڵەخانەکانی پەرلەمان و حکوومەتدا گرت. شارەکە بووە جێی سەرنجی بەربەرەکانێ لەو کاتەی هێزەکانی تاڵەبانی لە سەرەتای ١٩٩٥ کۆنترۆڵی شارەکەیان کرد. هەوڵە سەربازی و دیپلۆماتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وەدەرنانی هێزەکانی تاڵەبانی لە شارەکە تێ شکا. بەپێی ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ، هەردوولا پێشێلکاریی مەترسیداریان بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدا، لەوانە دارکاری و لەداردانی گیراوان.[١٧]

خراپبوونی بارودۆخەکە لەوە زیاتر بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە لە ماوەی سەختترین شەڕ لە ئایاری ١٩٩٤، تاڵەبانی بۆ سووریا ڕۆیشت و بەمەش نەیتوانی پیاوەکانی جڵەو بکات، بگرە ئەگەر بشییویستایە ئەمە بکات. لە ڕاستیدا، زۆربەی جار بارودۆخەکە وا دەردەکەوت، کە لە سەرووی کۆنترۆڵی سەرکردایەتیدایە. هەرچەندە تاڵەبانی توانی لە سەرەتای حوزەیران بێتەوە کوردستان و لەگەڵ مەسعوود بارزانیدا لەسەر ئاگربڕێک ڕێک بکەوێت، کەچی شەڕ بەردەوام بوو.

درێژبوونەوەی شەڕ بریتی بوو لە ڕەنگدانەوەی زیادبوونی قوربانییەکان لە کۆتایی ١٩٩٥دا، کە پێشوەختە گەیشتبووە نێزیکەی ٢٠٠٠ کوژراو لە دوای دەست پێکردنی

شەڕەکە لە ١٩٩٤ەوە،[١٨] بارودۆخی هەژاریی ئابووری ڕوو لە خراپبوون بەردەوام بوو: سـەرباری ئەو دوو گـەمـارۆیەی، کـە لە لایەن یو ئێن و بەغـداوە سـەپێنرابوو، دانیشتوانی کـورد دەبوو لەگەڵ گـەمارۆیەکدا ڕابێن، کـە هەردوو پارتـی شـەڕکـەر خستبوویانە سەر یەکتری،[١٩] لە هەمووی خراپتر برێتی بوو لە کاریگەریی سیاسی. هەمـوو ئاسـتێکی دیموکـراتـی و یەکـەتی، کـە لـە دوو سـاڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنجوومەنی یاسادانان و حکوومەتدا بەدەست هاتبوو، بە یەک گورز لەکەدار بوو. داگیرکردنی پەرلەمان لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کە مەسعوود بارزانی بە کودەتا وەسفی دەکرد، هەم پەرلەمان و هەم کابینەی حکوومەتی ئیفلیج کرد. وەزیرەکان و کاربەدەستان گەڕانەوە سەر چالاکیی تەسکی حزبی.

نموونەیەکی دیار لە لایەن وەزیری پێشمەرگە (واتە بەرگری) دیار دەخرا. جەبار فەرمان، وەزیری پێشمەرگە ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ددانی بەوە دەنا، کە شەڕ یەکەتیی وەزارەتەکەی ئەوی تێک شکاند، بۆ دوو بەشی شەڕ لەتی کرد. جەبار فەرمان کارە وەزیرییەکەی جێ هێشت و پێوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرد لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. جەبار فەرمان گوتی "هەر وەزیرێک بۆ پارتەکەی کار دەکات وەک ئەوەی وەزیر نەبێت." ئەو زیاتر ڕوونی دەکـردەوە، کـە شـەڕەکـە وای لە زۆر هاوولاتـی کـرد چەک هەڵبگرن،[٢١] دوژمندارییەکە ناوچەکەی بۆ دەڤەری دیاری ژێر دوو دەسڕۆیین لەت دەکرد: پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی ناوچەی باکوری دەکرد بە درێژاییی سنووری تورکیا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنترۆڵی ناوچە شارنشینەکان و ڕۆهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و شاری هەولێری دەکرد، بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان کۆنترۆڵی هەندێک ناوچەی لە ڕۆهەڵات و باشووردا دەکرد لە نێزیک سنووری ئێران،[٢٢] شەڕەکە دەست لەناو دەست لەگەڵ شەڕێکی پروپاگەندەی توند بەڕێوە دەڕۆیی، بگرە لەنێو ڕەوەندە کوردییەکان لە دەرەوەشدا، ئەمەش زیاتر زیانی بە ڕوانگەی یەکەتیی کورد دەگەیاند. دانیشتوانی کورد زۆر پەست بوون لە سەرکردایەتیی خۆیان و لەو پاشەکشەیەی، کە تاقیکردنەوەی خۆبەڕێوەبەریی کورد پێوەی دەناڵاند لە کاتێکدا دوژمنەکانی کوردیش بە پەرۆش بوون ئەم ململانێیە لە کەڵکی خۆیاندا بەکار بێنن.

## ڕەگ و ڕیشەی ململانێیەکە

تیۆریستەکانی بواری ململانێ، شەڕی ناوخۆ دەگەڕێننەوە بۆ تێکەڵەیەک لە پەستی و دەرفەت (لەوان گەیشتن بە سەرچاوەی دارایی) و پێناسێکی باوی لاواز،[23] شەڕی ناوخۆی کورد لە هەندێ بڕدا پڕ بە پێستی ئەم مۆدێلەی سەرەوەیە. ڕاستی، مەترسیدارترین هۆکاری شەڕی ناوخۆی کورد بریتی بوو لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی کوردیی بەهێز، کە بتوانێت دڵسۆزیی چەرخی سەرەتایی و عەشیرەتگەری و ناوخۆیی وەلا بنێت. بەم جۆرە ململانێی سەر دەسەڵات لە نێوان لایەنە کوردییەکان، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، هەم نیشانە و هەم هۆکاری نەبوونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی بەهێز بوو. ڕکابەریی تاکەکەسی ڕۆڵێکی گرینگی لە ململانێیەکەدا دەگێڕا. بەم جۆرە، تا ١٩٧٥، تاڵەبانی وازی لەو ڕاستییە هێنابوو، کە مەلا مستەفا بارزانی ڕابەرایەتیی بزووتنەوەکەی دەکرد. لەگەڵ ئەوەش، دوای نسکۆی شۆڕش، تاڵەبانی خۆی بە سەرکردەی شەرعیی بزووتنەوەکە دەزانی. ئەمە بووە هۆی پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی بارزانی و تاڵەبانی. لە ژێری ژێرەوەش، ڕکابەرییە ئاینییە لەمێژینەکانی لایەنگرانی بارزانی و تاڵەبانی دەبێت ڕۆڵێکی لە ململانێیەکەدا هەبووبێت. دەبێ ئەوە بەبیر بێنینەوە، کە هەریەکەیان سەر بە تەریقەتێکی سۆفیگەری بوون: بارزانییەکان سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی و تاڵەبانیش سەر بە تەریقەتی قادری بوون،[24] ئەوە دوای هەڵگیرساندنی دوژمنایەتییەکە بوو، کە کورد شان بەشانی چاودێرانی دەرەوە دەرکیان بە قووڵاییی ڕکابەرییەکە دەکرد و تاوتوێی هۆکارە سەرەکییەکانی و سەرئەنجامەکانی بۆ داهاتوو دەکرا.

نووری تاڵەبانی، ڕووناکبیرێکی کورد، تەنگژەکە بۆ ناکاریگەربوونی پەرلەمان و کابینەی حکوومەت دەگەڕێنێتەوە، کە هەردووکیان لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە یارییان پێ دەکرا، بەمەش، لە جیاتیی ئەوەی کورد یەک بخەن، کەوتە ناو ململانێی سەر دەسەڵاتی نێوان هەردوو ڕکابەر. نووری تاڵەبانی ئاماژەی بە چەند کەموکورییەکی حکوومەتی هەرێمی

کوردستان کرد:

١. هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەرگیز یەکیان نەگرتەوە، بەردەوام فەرمانیان لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە وەردەگرت.

٢. لە جیاتیی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەژێر چاودێریی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا، پارتی و یەکێتی بەردەوام بوون لە بەکارخستنی ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تایبەت بە خۆیان.

٣. پەرلەمان دەستوورێکی بۆ هەرێمەکە دەرنەکرد، سەرەڕای زیادبوونی پاڵەپەستۆی سیاسی دوا بەدوای پەسندکردنی مۆدێلێکی حوکمڕانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٢دا.

٤. حکوومەت داوودەزگا ئیدارییەکانی لە کوردە "بەکرێگیراوەکانی" ڕێژیمی عێراق پاک نەکردەوە، کە هەندێکیان دزەیان دەکردە ناو ڕیزەکانی پارتە سیاسییە کوردییەکان.

٥. حکوومەت کۆتاییی بە دیاردەی بەربڵاوی چەک هەڵگرتن نەهێنا لەلایەن خەڵکی سڤیلەوە.

٦. سەرژمێرییەکی دانیشتوان ئەنجام نەدرا بۆ دیاریکردنی بنەمایەک بۆ هەڵبژاردنەکانی دواتر، کە بڕیار بوو لە ١٩٩٥دا بێتە ئەنجامدان.

٧. حکوومەت پێداچوونەوەی بۆ بڕیارێکی پێشووتری نەکرد، کە دەسەڵاتی یەکسانی بە سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی دابوو، کە هەریەکەیان سەر بە پارتێکی جیاواز بوو، ئەمەش وای دەکرد بڕیاردان بۆ یەکێکیان ئەستەم بێت بە بێ ڕەزامەندیی ئەوی تر.[٢٥]

ئەم هاوسەنگییەی سیاسەت، بە ددان پێدانانی مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی خۆیان، دروستکردنی بڕیاری ئیفلیج دەکرد و ڕکابەریشی لە نێوانیاندا زیاتر دەکرد. نەک تەنیا وەزیرەکان، بگرە زۆربەی زۆری ئەندامی پەرلەمان پێوەندییان بە میلیشیای پارتەکەیانەوە دەکرد،[٢٦] کێشەیەکی تر برێتی بوو لە هێنانی سەدا ٧ لە هەڵبژاردن، کە ئەمەش لایەنە سیاسییە گرینگەکانی لە پرۆسە

دیموکراتییەکە خستە دەرەوە، بە تایبەتی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، کە بە یارمەتیی ئێران و سعوودیە لە دەرکەوتندا بوون. ئەو لایەنانەی، کە نوێنەرایەتییان لە پەرلەمان نەبوو دەگەڕان بە دوای پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێک لە دوو گەورەکاندا تاکو دەسڕۆیینی سیاسی بەدەست بێن،[27] پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پەرۆش بوون زۆرترین لایەن لەژێر پانتاییی دەسڕۆیینی خۆیاندا کۆ بکەنەوە لەوەی یەکێتییەک بنیات بنێن. لەگەڵ ئەوەش، ئەم هاوپەیمانییانە زیاتر بووە هۆی باڵ باڵێن و ڕکابەریی زیاتر.

ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەت دیار بوو برێتی بوو لە پێوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا. پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە سەرەتادا وەک نێوانگیرێک لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوەدا کاری دەکرد، لە کۆتاییدا هاوپەیمانییەکی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا پێک هێنا،[28] ئەم هاوپەیمانییە دەرکەوتەی گرینگی ململانێیەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بزووتنەوەی لێ کەوتەوە کاتێ بزووتنەوەی ئیسلامی بووە هاوبەشێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەڕ دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بارزانی داوایەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی ڕەت کردەوە بەوەی پارتی کۆتایی بە هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوەدا بێنێ و سەرکۆنەی یەکێتیشی دەکرد لەوەی "بەردەوامە لە زۆرداری و هەژموونی تاکلایەنانەی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا دەسەپێنێ، کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەودان."[29] ئەوەی کە لە مەترسیدا هیچی کەم نەبوو برێتی بوو لە تۆمەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەوەدا، کە هەریەکە لە بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشتی لە ئێران وەردەگرن لە شەڕ دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەوە تەواو گونجاو بوو، کە هاریکاریی سێ قۆڵی لە نێوان پارتی و بزووتنەوە و ئێران لە ڕێگەی شێخ محەمەد خالیدی ئامۆزای بارزانییەوە پتەو بووبێت. لەگەڵ ئەوەش، مەسعوود بارزانی نکووڵیی لەوە دەکرد هیچ پاڵپشتییەکی لە ئێرانەوە وەرگرتبێت، هەرچەندە وا ڕاگەیەنرا، کە بارزانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ سەردانی تارانی کردووە،[31] ململانێیە سێ قۆڵییەکە بووە هۆی زەقکردنەوەی ئەو کێشە ڕیشەدارانەی ڕووبەڕووی ناوچە خۆبەڕێوەبەرییەکە دەبووەوە.

دابەشبوونی جوگرافیایی بۆ سەر دوو دەڤەر بە شێوەیەکی گشتی دوژمنایەتییەکەی نێوان یەکێتی و پارتیی تیرتر کرد و سەرەنجامەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لاواز کرد. ئەو دەڤەرەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەسرۆیینی تێدا هەبوو بریتی بوو لە بەشی باکوری کوردستان، کە سنووری لەگەڵ تورکیادا هەبوو لە کاتێکدا دەڤەری ژێر دەسرۆیینی یەکێتی دەکەوتە ناوەڕاست و ڕۆهەلاتی ناوچەکە، کە لەگەڵ ئێراندا سنووری هەبوو. ئەم دابەشبوونی جوگرافییە کۆنەی دەسەلات، گرینگییەکی ئابووری و سیاسی و ستراتیجیی هەڵدەگرت لەگەڵ دیاریکردنی ناوچەکە وەک ناوچەیەک، کە فڕینی تێدا قەدەغە بوو. هەروەک تورکیا بووبووە دەروازە و تاکە پەتی ژیان بۆ کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە کۆنترۆڵی ئەو ڕێگەیانەی دەکرد بە نێزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر بە سنووری تورکیا دەبەسترانەوە، ڕۆڵێکی گرینگی کەوتە دەست. پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دەدا کێ دەتوانێت بێتە ناوچەکە و سەرپەرشتیی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە داراییانەشی دەکرد کە لە ناوچەکە ڕوویان دەدا. لە ڕاستی، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەسەر سەرچاوەی پارەی کوردستانی عێراقدا گرتبوو و گومرگانەی لەسەر ئەو کەلوپەلانە وەردەگرت، کە بە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل لە زاخۆدا تێ دەپەڕین. مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند، کە خاڵەکانی گومرگ سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهاتی کوردستان پێک دێنن. نێزیکەی ئەو ٧٠٠ بارهەڵگرە تورکییەی کە کەلوپەلیان بۆ عێراق دەهێنا و ڕۆژانە بە ناوچەکەدا تێ دەپەڕین، لە ڕاستیدا گەشانەوەیەکی بەرچاوی بۆ دەسرۆیینی ئابووری و سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێک دەهێنا،[٣٢] لەم ڕوانگەیەوە، بارودۆخی پارتی دیموکراتی کوردستان پڕ بە پێستی ئەو مۆدێلە بوو، کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا دەرفەتی دەست دەخست (واتە سەرچاوەی دارایی). ئەمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەخستە ناو زیانێکی مەترسیدارەوە لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا چونکە پێوەندییە سەربەخۆییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا سنووردار دەبوو. ئەوەش، کە لە مەترسیدا چیی کەم نەبوو ئەو ڕاستییە بوو، کە جێکەوتەی جوگرافیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە سەرچاوەیەکی گرینگی داهات بێبەش کردبوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان دوودڵ بوو لە بەشکردنی، ئەمەش سەرچاوەیەکی تری بۆ

بەریەککەوتنی نێوان هەردوو پارتەکە زیاد کرد. وەک ئەوەی ئەو شەڕە ناوەخۆییە خۆی بۆ خۆی بەس نەبێت، شەڕێکی تر لەسەر سنوور لەگەڵ پەکەکەی تورکیادا، سەری هەڵدا.

## کوردی عێراق لە بەرامبەر کوردی تورکیا

پەکەکە وەک هۆکاری سەرەکیی بەریەککەوتنی نێوان کوردی عێراق و کوردی تورکیا دەمایەوە لەبەرئەوەی ئەم ڕێکخراوە پێ دەچوو کوردستانی عێراق وەک بنکەی خۆی بەکار بێنێت بۆ دەست پێکردنی هێرش بۆ سەر سووریا،[٣٣] تاڵەبانی، ئاگەدار لەوە، هەوڵی دەدا نێوانگری لە نێوان پەکەکە و تورکیادا بکات، لە ئاداری ١٩٩٣، پەکەکە ویستی خۆی بۆ ڕاگرتنی دوژمنایەتی لەگەڵ تورکیادا ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەوەش، دوو مانگ دواتر پەکەکە جارێکی تر چالاکیی لە دژی تورکیا دەست پێ کردەوە. لە حوزەیرانی ١٩٩٣، لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵۆزییە نوێیە، تاڵەبانی بە پەلە ڕای گەیاند، کەوا سەرکردایەتیی کوردی عێراق پابەند دەبێت بە ڕێگرتن لە کارە دوژمنایەتییەکان لە دژی تورکیا. بە هەمان شێوە و مەسعوود بارزانی لە حوزەیران سەردانی تورکیای کرد بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە،[٣٤] سەرکردایەتیی کورد سەرکۆنەی هێرشەکانی ١٩٩٣ی پەکەکەی دەکرد لە دژی کونسوڵگەکانی تورکیا لە ئەورووپا و داوای لە پەکەکە دەکرد هەموو جۆرە "توندوتیژییەک" و "شێوازێکی تیرۆریستی" ڕابگرێت،[٣٥] لە ئاماژەیەکی تردا، گوایە تاڵەبانی داوای لە تورکیا کردووە بە هاوکاری لەگەڵ کورددا کەرکووک داگیر بکات تاکو دەست بەسەر دامەزراوەکانی نەوتی ئەوێدا بگرن.[٣٦]

سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستانیش، پارتی بەرژەوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا گەشە پێ دەدا لە ڕێگرتن لە پەکەکە. دەڤەری ژێر دەسەڵاتی بارزانی سنووری لەگەڵ سووریادا بوو و بە دەست ململانێی چەکداریی نێوان تورکیا و پەکەکەوە دەیناڵاند. لەبارەی کێشەی پارتەکەیەوە لەگەڵ پەکەکەدا، بارزانی گوتی ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە پەکەکەی هێنا بۆ کوردستانی عێراق و وای لێ کرد لە ١٩٨٢ بنکەی خۆی لێ دروست بکات،[٣٧] لەگەڵ ئەوەشدا، بارزانی

دواتر پەکەکەی تۆمەتبار دەکرد بە کۆسپ خستنە بەردەم ئەزموونی کوردی لە ڕێگەی "خراپکردنی زیاتری بارودۆخی کوردستانی عێراق و دەست وەردانی "نەگریسانەی" لە کاروباری ناوەخۆی هەرێم و کردنی ناوچەکە بە خاڵێکی دەرپەڕین بۆ هێرشەکانی دژی تورکیا و ڕێگرتن لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی لە ناوچەکانی سەر سنووری تورکیادا بوون،[٣٨] لە ئابی ١٩٩٥، ڕکابەریی نێوان کوردی عێراق و کوردی تورکیا گەیشتە ڕادەی شەڕی بە ئاشکرا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکەدا، ڕەهەندێکی تری لە ململانێی ناوەخۆی کورد زیاد بوو،[٣٩] ئەو ڕکابەرییە لەو هاوپەیمانییە لە یەکتر حاڵیبوونەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە ١٩٩٢ەوە لە نێوان تورکیا و پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەشەسەندندا بوو، لەو پێوەندییە هاوتەریبەش، کە لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پەکەکەدا هەبوو. هاتنی تورکیا بۆ ناو کوردستانی عێراق لە ئاداری ١٩٩٥، کە لە خوارەوە تاوتوێ کراوە، پێ دەچوو ئەم هاوپەیمانییەی زیاتر پتەو کردبێت. لە کاتێکدا کردەوەکە لە بەرەوپێشچووندا بوو، بارزانی بانگهێشتنی تورکیا کرا بۆ تاوتوێکردنی دابینکردنی ئاسایشی داهاتووی کوردستان لە باکوری عێراق. تورکیا گوایە چەک و پارەی ئەو پێشمەرگانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دابین دەکرد، کە ناوچەکەیان بە درێژاییی ٣٣٠ کیلۆمەتر بە سنووری تورکیاوە لکابوو، تاکو پەکەکە لە ناوچەکە دوور بخەنەوە. ئەمە وەڵامێکی تووڕەئامێزی لەلایەن سەرۆکی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە، لێ کەوتەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبار دەکرد بە ئاراستەکردنی یەکە تورکییەکان بۆ سەر پێگەکانی پەکەکە و ووریاداریی پێ دەدان لەوەی پێوەندی بە "دوژمن"ەوە نەکەن لەبەرئەوەی ئەمە "دەبێتە هۆی کۆتایی پێهێنانیان."[٤٠] پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەم هەڕەشەیە سەرسام نەدەبوو، لە نیسانی ١٩٩٥ هەنگاوی زیاتری گرتە بەر بۆ ڕێگرتن لە دزەکردنی پەکەکە بۆ ناو کوردستانی عێراق. بە گوێرەی سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی (کوڕەزای مەلا مستەفا بارزانی) و گرووپەکەی ٢٠٠ پیاویان لە نێزیک زاخۆ بڵاو کردبووەوە "بۆ ڕێگرتن لە هاتنە پێشی پەکەکە بۆ دەروازە گرینگە ستراتیجییەکە" بۆ ئەو پەناگانەی کە پێشتر دایان مەزراندبوو،[٤١] لەگەڵ ئەوەشدا، ووریادارییەکی ئۆجەلان لە ٢٥ – ٢٦ ئابی ١٩٩٥ ڕاست دەرچوو، کاتێک گەریلاکانی

وی چەند هێرشێکی سەرسامکەریان لە یەک کاتدا ئەنجام دا لە "نێزیکەی ٢٠ جێگەی ئیداری و خەڵکە سڤیل" وەک ئۆفیس و گوندەکانی پەکەکە. شەڕەکە گەیشتە زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ، بووە هۆی کوژرانی نێزیکەی ٣٠ کەس و برینداربوونی سەتان کەسیش،[٤٢] پاڵنەری ئەم هێرشانە، کە پەکەکە ڕوونی کردەوە، بریتی بوو لە پەلکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ ناو عێراق، کە لەوێ دەچەقین، هەروەها بۆ شکاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیەش، کە تورکیا ڕێکی خستبوو و لە ١١ی ئاب لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ئیمزا کرا. ئۆجەلان ڕای گەیاند، کە ئامانجی هەنگاوەکە بریتییە لە کۆتاییهێنان بە "ناپاکییەک، کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە لەلایەن هێزەکانی کوردستانی باشوورەوە بەردەوامە" لە ڕێگەی بنیاتنانی پێوەندی لە نێوان کوردی عێراق و تورکیادا. ئۆجەلان گوتی، کارەکەی پەکەکە بەشێکە لە پلانێکی گشتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی دیموکراتیی فیدراڵی."[٤٣]

ئەم هەنگاوەی پەکەکە شەڕی پچڕپچڕی لە نێوان پارتی و پەکەکەدا هەڵگیرساند، کە تا ناوەڕاستی کانوونی یەکەم ١٩٩٥ درێژەی کێشا، تا ئەو کاتەی ئۆجەلان داوای ئاگربڕی کرد،[٤٤] توندوتیژییەکە، کە سەرەتا لە لایەن پەکەکەوە دەست پێ کرا، لە دواتردا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە زیاتر بوو. لە ماوەی سێ گەڕی سەرەکیی شەڕەکە لە نێوان ئەیلوول تا تشرینی دووەم، پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر تەنیا دەیویست تۆڵەی هێرشەکەی ئاب بکاتەوە، بگرە دەیویست ناوچەکانی ژێر دەسڕۆیینی خۆی لە "چەپەڵی"ی پەکەکەی تیرۆریست پاک بکاتەوە،[٤٥] پارتی دیموکراتی کوردستان هان دەدرا هەم بە هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ تورکیاوە و هەم بە تێڕوانینی بۆ پەکەکە، کە هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەرئەوەی هەردووکیان کێبەرکێیان لەسەر هەبوونی دەسڕۆیین لە ناوچەکە و بەدەستهێنانی پاڵپشتیی دانیشتوانی کوردی دەکرد. لەوەش زیاتر، ئامادەیی پەکەکە لە کوردستانی عێراق چەند جارێک هاتنە ناوەوەی تورکیای بۆ ناو عێراق بە دوادا هات، کە بە شێوەیەکی تایبەت کاریگەریی چارەنووسسازی لەسەر پرسی کوردی عێراق هەبوو بەلایەنی کەمەوە لە چاوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. پەکەکەش چەند هاوپەیمانییەکی پێک دەهێنا کە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان چارەنووسساز بوو: پارتی، سووریا و ئێرانی تۆمەتبار دەکرد بە

دەستپێشخەریکردن بۆ هێرشەکەی پەکەکە لە ئاب و سەرکۆنەی یەکێتیی دەکرد بۆ ڕێدان بە پەکەکە لە دابینکردنی مەشقی سەربازی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا،[٤٦] تا کۆتاییی ١٩٩٥، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتوو بوو لە دەرکردنی پەکەکە لە زۆربەی ناوچەکانی باکوری کوردستان، بە تایبەتی لە پەناگەکانیان لە نێزیک سنووری عێراق، تورکیا، ئێراندا. هێشتا، یەک گەڕی سەرکەوتووی شەڕ، سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی جێبەجێ نەدەکرد.

بە کورتی، شەڕی نێوان پەکەکە و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەهەندێکی ئاڵۆزی دراماییی کوردی پێک دەهێنا لەو کاتەی باری سەرنجی لەسەر ڕکابەریکردنی نێوان یەکێتی و پارتی لادەدا. پەتای ڕکابەریی کوردی جارێکی تر سەلماندی، کە ڕکابەریی ناوخۆییی کورد خراپترین دوژمنی کوردە لە کاتێکدا لایەنە جیا جیا کوردییەکان هەروەک جاران بەدەست یاری پێکردنی ڕەگەزە دەرەکییەکانەوە دەیاننالاند.

## بەغدا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نائاسایی دەبێتەوە

ڕۆژنامەی ئەلسەورە پێوەندیی نێوان "ناوچەی ئۆتۆنۆمی"ی کورد و بەغدای بە "بارودۆخی نائاسایی (الوضع الشاذ)" ناو دەبرد، ئەمەش ئاماژە بوو بەو زاراوە عێراقییەی کە بۆ ئینتیدابی بەریتانیا (١٩٢٠-١٩٣٢) بەکار دەهات لەو کاتەی حکوومەتی عێراقی تەنیا بە ناو حاکم بوو حکوومەتی بەریتانیاش حاکمی ڕاستەقینە بوو. لەگەڵ ئەوەش، ڕۆژنامەی ئەلسەورە باوەڕی تەواوی دەردەبڕی لەوەی ئەو "بارودۆخە نائاسایییە"، کە سەرئەنجامێکی ئیمپریالیزم و هەڕەشە سەربازییەکان بوو، لە کۆتاییدا هەڵدەوەشێتەوە،[٤٧] بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی ئەو دەربڕینە لەلایەن ڕۆژنامەکە، بێ چارەسەریی بەغدای دەردەخست لەبارەی بارودۆخی کوردستان و هیچ پێ نەکرانی لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەدا.

لە کاتێکدا بەغدا سوور بوو لەوەی کوردستان بەشێکی جیانەکراوە بووە لە عێراق و لە داهاتووش هەر وا دەبێت، کورد دەیانویست بیرۆکەی دەوڵەتی فیدراڵی بەهێز بکەن. لە پێشاندانی فیدراڵی وەک ڕێگەچارەیەکی نموونەیی، کورد دەبوو کێبەرکێ

بکەن لەگەڵ بەرهەڵستیی نەک هەر تەنیا هاوبەشەکانیان لەنێو شیعەی عێراق، بگرە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێشدا. لە هەوڵی خۆیدا بۆ ڕەواندنەوەی ئەم ترسانە، کە بووبووە هێزی بزوێنەری پشت بیرۆکەی فیدراڵی، تاڵەبانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە فیدراڵی " بۆ ئەوە هاتووە وڵاتان یەک بخات، نەک بەش بەشیان بکات"، "فیدراڵی لە مافەکانی دەوڵەتی ناوەندی کەم ناکاتەوە"، گەلی کورد دووپاتەی "یەکەتیی عێراق، یەکەتیی کورد و عەرەب، لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیی هاوچەرخ" دەکاتەوە. بە کورتی، ئەو فیدرالیزمە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بوو بۆ عێراق. سەبارەت بە پارچەکانی تری کوردستان، ئەوە بۆ کورد جێ هێڵرابوو بڕیار لەسەر ئاراستەی ڕووداو بدەن. کوردی عێراق ئارەزوویان نەدەکرد لە عێراق جیا ببنەوە، داوای دەوڵەتێکی کوردیشیان نەدەکرد، بگرە داوای عێراقی دیموکراتی و فیدراڵیزمێکی وەک فیدراڵیزمی ئەمەریکا و کەنەدا و بەلجیکا و سویسرایان دەکرد.[٤٨]

هەرچەندە کورد لەوە پارێزی هەبوو لە پێشاندانی دروشمی نیشتمانی و لە هەڵکردنی ئاڵای خۆی یان دەرکردنی پوولی خۆی، بەڵام سروودی نیشتمانیی خۆی لە بۆنە جیاوازەکاندا بەکار دەهێنا. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاڵای خۆیان هەڵدەکرد، کە زەرد و کەسک بوو.[٤٩]

بگرە ڕوونکردنەوەکانی تاڵەبانیش نەیاندەتوانی بەغدا هەڵخەڵەتێنن، کە هەوڵی دەدا دەرکەوتنی قەوارەیەکی سەربەخۆ بنەجێ بکا بەبێ گوێدانە ئەو بارە فەرمییەی، کە کوردستان هەیبوو. بەغدا فیدراڵی وەک دێوەزمەی جیابوونەوە دەورووژاند و کوردی ئاگەدار دەکردەوە لە پشتبەستن بە باربووی ئەمەریکا. لە هەمان کاتدا، دەیویست وێنەی پێوەندییەکانی کورد لێڵ بکات، بە تایبەتی پێوەندییەکانی تاڵەبانی، کە بە ناپاک و بەکرێگیراوی ئیسرائیل تۆمەتباری دەکرد. لە وتارێکدا بە ناوی "شالوم،" کە دوای سەردانکردنی ڕۆژنامەنووسی ئیسرائیلی ڕۆن بێن یشییا لە شوباتی ١٩٩٣ بڵاو کرایەوە، ڕۆژنامەیەکی عێراقی وەسفی تاڵەبانیی کرد بە بەرژەوەندیخوازێک، کە دەیەوێت "هەنگوینی کوردستان بە دوژمنەکانی کوردستان بفرۆشێت."[٥٠]

لەگەڵ ئەوەش، هاوکات بەغدا چەند هەوڵێکی دا تا کورد بگەڕێنێتەوە سەر مێزی دانوستاندن بە یاریکردن لەسەر جیاوازییەکانی نێوان لایەنی بارزانی و لایەنی تاڵەبانی. تاڵەبانی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە حکوومەتی عێراق چەند شاندێکی نافەرمیی بۆ لای وی ڕەوان کردووە، داوایان کردووە دایەلۆگێک "لەسەر بنەمای دداننان بە دۆخی ئێستەی کوردستانی عێراق" بکرێتەوە. کەچی، تاڵەبانی ڕای گەیاند تا سەدام حوسێن لەسەر دەسەڵات مابێت و دیموکراتیش دانەمەزرێت، کورد دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەست پێ ناکاتەوە. لەلایەن خۆیەوە مەسعوود بارزانی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە بەغدا لە شوباتی ١٩٩٣ کەسایەتیی شیوعیی کورد موکەڕەم تاڵەبانی (هیچ پێوەندییەکی بە جەلال تاڵەبانییەوە نەبوو)، وەک نێوانگرێک ناردووە، بەڵام کورد ڕەتی کردووەتەوە دایەلۆگی لەو جۆرە دەست پێ بکاتەوە. موکەڕەم تاڵەبانی لە تەمووز جارێکی تر ناردرایەوە، بەڵام هەمان ئەنجامی هەبوو.[٥١]

هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی گیسکەکەی هەیاس (الترهيب والترغيب)، بیرۆکەی بەغدا هاوشان بوو لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی، کە مەبەست لێیان برسیکردنی کوردستان و بەچۆکدادانی کورد بوو. مەترسیدارترین ڕێوشوێن، کە ئەو گەمارۆیەی بەغدا لە ١٩٩٢ەوە لەسەر کوردستانی جێبەجێ کرد، پتر هەڵکشاند بریتی بوو لە کێشانەوەی پارەی ٢٥ دیناریی چاپی سویسری، کە لە سەرەتای ئایار ١٩٩٣ ڕاگەیەنرا. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ کورد زیانگەیێن بوو، لەبەرئەوەی بەغدا کوردستانی لە تەواوی بەشەکانی تری وڵات دابڕی تاکو کورد نەتوانن بەر لە کۆتاییهاتنی مێژووی گۆڕینەکە ئاڵوگۆڕ بە پارەکانیان بکەن،[٥٢] لە ئەنجامی کێشانەوەی پارەی ٢٥ دیناری، مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند کورد نیوەی ئەو یەک بلیۆن دینارەیان لەدەست دا، کە لە کوردستان دەستاودەستی دەکرد.[٥٣]

حکوومەتی کوردی ئەو هەنگاوەی بە "شەڕێکی نوێ لە دژی کوردستان" وەسف کرد. سەبارەت بە تاڵەبانیش، تاڵەبانی سەرکۆنەی بەغدای کرد بەوەی "دەیەوێت کوردستان لە عێراق جیا بکاتەوە،" دوای پشتگوێ خستنی کوردستان لە ڕووی سیاسەتەوە بە کێشانەوەی کەلوپەل و خزمەتگوزارییە ئیدارییەکانی لە ناوچەکەدا،[٥٤] بەمجۆرە کورد بەردەوام بوون لە ناڵاندنیان بەدەست بارودۆخە ئابوورییە

پێـــچـــەوانـەکـــان: هـەڵئــــاوســـــانێکی ســــاڵانە بـە ڕێژەی بـەرزبوونـەوەی ١٠٠٪ و لە بێکارییـەکی خـراپ، کە کـاریگەریی ٨٠٪ی لەسـەر دانیـشـتوان دادەنا لەگەڵ کـەمیی پێداویسـتییە سەرەکییـەکان،[٥٥] لە ئابی ١٩٩٣، بەغدا هەنگاوی سزائامێزی زیاتری دەگرتە بەر وەک بڕینی کارەبای لە مووسڵەوە بۆ ناوچەی بادینان (دهۆک و زاخۆ)، ئەمە وای لە دانیشتوان دەکرد تەواوی ساڵەکە بە بێ کارەبا بمێننەوە،[٥٦] هەروەک جێی سـەرسـوڕمـان دیار بوو، کورد و بەغدا چەند مامەڵەیەکی گرینگی ئابوورییان لەگەڵ یەکتـریدا ئەنجـام دەدا: کـورد گـەنمی بە حکوومـەتی نـاوەندی دەفـرۆشت لە کاتێکدا بەغدا بەنزینی بە کورد دەفرۆشت.[٥٧]

بەغـدا هـەوڵی دەدا حکوومــەتی هەرێمی کـوردســتـان نـەهێـورێ لە ڕێگەی کـاری تێکدەرانە لە دژی کارکەرانی کوردی و بیـانی شـان بەشـان بە ورووژاندنی عـەرەبی عێراق لە دژی ئەواندا. هێزگەلی عێراق جارجار هێرشیان ئەنجام دەدا، بە تایبەتی بۆ ســـەر گـــوندەکـــانی ناوچەی کـــوردســـتـــان، لەوانە ســـووتـاندنی زەوییـــە کـشـتـوکـاڵـیـیـەکـان،[٥٨] لە دوایەمین توێژینەوەدا، بەغـدا تێ شکا لـە نەهێـشـتنی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتـان، بەڵام هـەمـوو هیـواکـانی دەخسـتـە سـەر شـەڕی ناوخۆی کورد بۆ کردنی ئەم کارە.

کاردانەوەی بەغدا بۆ شەڕی ناوخۆی کوردستان تێکەڵ بوو. لە لایەکەوە، حزبی بەعس زۆر دڵخـۆش بوو بەوەی کـورد خـۆیان حکوومـەتـە ئۆتۆنۆمـیـیـەکە، کـە ئەو بە هـەڕەشـەی دەزانی، بنکۆڵ دەکەن. لە لایەکی ترەوە، لەوە دەترسا بارودۆخی باکور لە دەست دەربچێت تا ئەو ڕادەیەی وا لە تورکیا و ئێران بکات دەسڕۆیینی خۆیان لە ناوچەکەدا زیاد بکەن، بگرە تا ئەو ڕادەیەش بەشێک لە هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر چنگیانەوە. عێراق سەربازەکانی لە ناوچەکە کۆ کردەوە تا باڵادەستیی خۆی بەسـەر کـوردسـتـان بنوێنێ، بەڵام هـەرگیـز لەو بوارەدا بەکاری نەدەخستن. عـێراق هەوڵیشی دەدا هێزە عەشیرەتگەرییە کوردییەکان چالاک بکاتەوە، واش ڕاگەیەنرا لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی مەشقی بە ٥٠٠٠ هەزار کەس لەوانە دەکرد،[٥٩] هـەروەک ڕابردوو، بەغـدا چالاکـیی تێکدەرانەی ئەنجـام دەدا و لـە ڕێگەی نوێنەرەکـانیـەوە هێرشی دەکردە سەر ڕۆژنامەنووسان و ئەو کارمەندانەی یو ئێن، کە لە ناوچەکەدا کاریان دەکرد و بەردەوامیش بوو لە سەپاندنی گەمارۆیەکی ئابووریی ناوخۆ بەسەر

ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، بە گشتی حکوومەتی عێراق لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق بێ دەسەڵات مایەوە. بانگەشەی بەغدا لە گەڕاندنەوەی کوردستان "بۆ ناو باوەشی نیشتمان"[٦٠] (داوایەک کە گوتاری سەر "کوێت" مان بەبیر دێنێتەوە) تەنیا بووە هۆی دەرخستنی بێ چارەسەریی خۆی.

## گۆڕانی ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێی عێراق

"ئێمە دوورگەیەکین بە وڵاتانی نەیار دەورە دراوین"[٦١]، ئەمە برێتی بوو لە وەسفی تاڵەبانی بۆ ئەو کۆت و بەندە جیۆپۆلیتیکییانەی کوردی عێراق لەژێریدا کاریان دەکرد. هەرچەندە ئەوە عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا بوون، کە نەیاندەویست دەرکەوتنی دەوڵەتێکی کوردی ببینن، کە لەسەر هەموو شتێکی تر جیاواز بوون تەنیا لە مەسەلەی کورد نەبێت یەکگرتوو بوون، ئەو ڕاستییەی کە بۆ مانەوەی کورد گرینگ بوو. هەر چوار وڵات نەیاندەتوانی سیاسەتێکی هاوبەش گەڵاڵە بکەن ئەمەش یا لەبەر تێوەگلانیان بوو لە ململانێی نێوان خۆیاندا، یان لەبەر ئەوە بوو، کە هەریەکەیان دەیویست ئەو بۆشاییەی لە کوردستانی عێراقدا هەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت، یانیش لەبەر ئەوە بوو هەریەکەیان بۆچوونی جیاوازی هەبوو لەبارەی شوێنەوارگەلی بارودۆخی کوردستانی عێراق بۆ دانیشتوانی کوردی خۆیان. هەریەکەیان خەریکی شێواویی خۆی بوو.

پاڵنەری ئێران بۆ سیاسەتی بەرامبەر بە کوردستانی عێراق برێتی بوو لەو ترسەی، کە ئۆتۆنۆمیی کوردی ڕەگ دابکوتێ. ئامرازی سەرەکی بۆ کۆسپ خستنە بەردەم ئەمە برێتی بوو لە بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان، کە لە دامەزراندنیدا یارمەتیی دابوو و لەو کاتییەوەش پاڵپشتیی مایەکین بۆ دابین دەکرد،[٦٢] لەمەدا ڕکابەریی وی لەگەڵ سعوودییەشدا پاڵنەر بوو، کە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی لایەنە ئیسلامییەکانەوە دزە بکاتە ناو کوردستانی عێراق،[٦٣] لە هەمان کات ئێران پێوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراندەوە، بە جۆرێک کە زیندووکردنەوەی ئەو هاوپەیمانییە نافەرمییەی ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان بوو. بگرە ئەگەر ئەوە هەر خۆی بە ڕاستی نەبووبێتە

دەستپێشخەر بۆ ململانێی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی سلێمانی، ئەوە لەوانە بوو ئێران پاڵپشتیی بزووتنەوە و پارتیی بکردایە لە دژی یەکێتیدا.[٦٤] یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێرانی تۆمەتبار دەکرد بە دابینکردنی بنکە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوەوەی ئێران و لەسەر سنووردا و هەروەها ئێرانی تۆمەتبار دەکرد بە دابینکردنی چەکی سووک و تەقەمەنی و خۆراک و شارەزایانی سەربازی و سەرباز "کە پاسدار بوون جلی کوردییان لەبەردا بوو." لە سەرووی ئەمانەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێرانی بە پاڵپشتیی بزووتنەوە و پارتی تۆمەتبار دەکرد بە ئەنجامدانی هێرشی ئەودیو سنووری بۆ ناوچەکە لە کاتی شەڕی خۆبەخۆیی کورددا،[٦٥] بەگوێرەی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، سەرۆکی ئێران بە شێوەیەکی چالاک لە شەڕی ١٩٩٤دا بەشدار بوو. ڕۆژنامەی میدڵ ئیست ئینتەرناشناڵ ڕای گەیاند، کە چەندەک شەش شەڕکەری پاسدار دوای پێکدادانێک دۆزرانەوە، کە بووە هۆی کوژرانی ١٥٠ شەڕوانی بزووتنەوەی ئیسلامی.[٦٦]

ئاڵۆزییەکی تر بە هۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەری هەڵدا، کە حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن بوو بنکەکانی لە ناوچەی ژێر دەسڕۆیینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو. بەپێی گوتەی تاڵەبانی، پێوەندییەکانی یەکێتی و ئێران ڕووی لە گرژی کرد چونکە یەکێتی ڕازی نەبوو لەسەر دەرکردنی هێزە کوردییە ئێرانییەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و تەنیا بەوە ڕازی بوو ڕێیان لێ بگرێت لە ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی دژی ئێران. تاڵەبانی زیاتر گوتی کەوا ئێران بە دنەدانی بزووتنەوەی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان دژی یەکێتی، کاردانەوەی خۆی پێشان دا.[٦٧]

لە ڕاستی، ئێران لەسەر سنووری عێراق ئێراندا دەستی کرد بە کردەوەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر کوردستانی عێراق، وەک لە ١٩٩٣یش وا بوو، لەناو شتگەلێکی تردا بووە هۆی ئاوارەبوونی سەدان کورد،[٦٨] ڕوونکردنەوەی فەرمیی ئێران بریتی بوو لەوەی هێرشەکان وەک وەڵامێک بۆ چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجام دراون، کە بنکەکانی لە کوردستانی عێراقدا بوون.

هەرچەندە یەکێتی و پارتی هەردووکیان نکووڵییان لەو بانگەشانە کرد، بەهەرحاڵ ئێران ئەم هێرشانەی ئەنجام دەدا تا دوو چۆلەکە بە یەک بەرد بکوژێت. کاتێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی دەکرد بە هێورین، هەروەها کاتێ هیچ کام لە وڵاتانی دراوسێ (واتە تورکیا و سووریا و عێراق) نەیاندەویست هەنگاوی جیدی بهاوێژن بۆ ڕاگرتنی ئەو هێورینەی کوردستان لە عێراق، ئێران دەست پێشخەریی دەکرد لە جێبەجێکردنی هێرشی سەربازیدا، لە کۆتایی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دنە دەدا.

لە نێوان ئەو شەڕە بچووکانەی سەر سنووردا، کاربەدەستانی کوردی عێراق و ئێرانییەل دوو جار کۆ بوونەوە، لە ئایاری ١٩٩٣ لە ئێران و لە حوزەیران لە کوردستانی عێراق، بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی سەر سنوور. لە کاتی دووەم کۆبوونەوەدا، کاربەدەستانی ئێرانی پاڵەپەستیان خستە سەر مەسعوود بارزانی و تاڵەبانی بۆ دانەوەی سەرکردە کوردییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ داماڵینی چەک لە ئەندامەکانیان، لە کۆتاییش وەدەرنانیان لە ناوچەکانیان. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتی کردەوە بەم مەرجانە ڕازی بێت، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی باوەڕ پێ هێنا بۆ گواستنەوەی بارەگەکانیان لەسەر سنووری ئێرانەوە،[٦٩] بە گشتی، پێوەندییەکانی نێوان پارتە کوردییەکانی عێراق و پارتە کوردییەکانی ئێران باشتر بوو لە پێوەندییەکانی نێوان پارتە کوردییەکانی عێراق لەگەڵ پەکەکەی تورکیادا. لەگەڵ ئەوەش، بوونی بارەگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانی عێراق زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆز دەکرد.

بە کورتی، ئامانجەکانی ئێران لە نیشتمانی کورد چەند ئامانجێک بوو: بۆ هەراسانکردنی هێورینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانی عێراقدا، بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی لایەنە ئیسلامییە کوردییەکان تاکو دەسڕۆیینی سیاسیی ئێران لە کوردستانی عێراق زیاد بکات، لە هەمووشی گرینگتر بۆ بەگژیەکەوەنانی لایەنە کوردییەکان لەگەڵ یەکتریدا، لەوێوە ڕێی لە بەهێزبوونی حکوومەتێکی کوردیی ئۆتۆنۆمی دەگرت.

پێوەندییەکانی نێوان کورد و سووریاش تەواو ئاڵۆز بوو. سووریا لەوەتەی

١٩٧٥ەوە پاڵپشتیی یەکێتیی کردبوو،[٧٠] هەروەک تاڵەبانی گوتی "ئێمە پێوەندییەکی تایبەتمان لەگەڵ سووریادا هەیە... هاوکاریی سووریا وای لە ئێمە کرد زۆر شت بەدەست بێنین." ئەوە ئاشکرا بوو، کە تاڵەبانی لە دیمەشق نووسگەیەکی هەبووە وتار و کتێبی چاپ کردووە "لە دژی ئۆپۆزسیۆنی (سووریا)." وەک ئاماژەکردن بە پاڵپشتیی زیاتر لە ڕابردوو، تاڵەبانی گوتی "زیادەڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم ئامادەییمان لە خانووی عیزەت دووری (جێگری سەرۆکی عێراق) لە شاری هەولێری ئازاد شوێن پەنجەی سووریا هەڵدەگرێت."[٧١] دوژمنایەتیکردنی عێراق بووبووە هۆکار بۆ دیمەشق لە پشتیوانیکردنی کورد شان بەشان لەگەڵ "ناردنە دەرەوەی" کێشەی کوردی خۆی بە پاڵپشتیکردنی یەکێتی و پارتی.[٧٢]

لەگەڵ ئەوەش، سووریا بە هەمان شێوە لە چالاکییە کوردییە سەربەخۆکان دووچاری دڵەڕاوکێ بووبوو، هەوڵی دەدا ڕێ لە کورد بگرێت بە یەکخستنیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی عێراقی، کە لە سووریا کاریان دەکرد و بە ڕێکخستنی چالاکییەکانیش لەگەڵ تورکیا و ئێراندا. لە دوای کۆبوونەوەکەی ئایاری ١٩٩٣، وەزیری دەرەوەی سووریا فاروق ئەلشەرع بارودۆخی کوردستانی بە بارودۆخێکی "تەنگژاوی" وەسف کرد،[٧٣] زیاد لەوەش، لە کۆتای ١٩٩٢ سووریا سنووری خۆی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا داخست و دوودڵ بوو لە کردنەوەی. تاڵەبانی لە چەند سەردانێکیدا بۆ ئەوێ هەوڵی دەدا سووریا ڕازی بکات، بەڵام سەرکەوتنێکی کەمی بەدەست هێنا لەبەرئەوەی سووریا بە گوماندارى مایەوە لە هەوڵەکانی کورد بۆ جیابوونەوەیان لە عێراق. لەگەڵ ئەوەش، سووریا جیاواز لە ئێران ئەوەندە لەگەڵیدا نەڕۆیی، کە هێزی سەربازی بەکار بهێنێت.

## ڕۆڵی تەوەرەییی تورکیا

هەڵوێستی تورکیا لە بەرامبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ مانەوەی حکوومەتەکە بە چارەنووسسازی، بەڵام هەروەک ڕابردوو، بە دژیەکی مایەوە. لەبەرئەوەی تورکیا تاکە ڕێگەی بەستانەوەی کورد بوو بە جیهانی دەرەوە، ئەمە وای لە تورکیا کرد پاڵەپەستی خۆی لەسەر کورد زیاد بکات و کاریگەرتر لە وڵاتانی تر

ڕێیـان لێ بگرێت. پاڵنەری سـیاسـەتی تورکـیا بـەرامـبـەر بە کـورد برێتی بوو لە ئیعتیباراتە بەریەککەوتووەکان. تورکیا هیوای دەخواست کوردی عێراق لە دژی پەکەکەدا بەکار بهێنێت، کە بنکەکانی لە عێراقدا بوو، لە کاتێکدا لە جێکەوتەکانی قەوارەیەکی کوردیش بۆ سەر کوردی خۆی دەترسا. زیان لێکەوتنی زۆری لێ کەوت بەدەست داخستنی لوولە نەوتی عێراق لە دوای داگیرکردنی کوێتەوە، تورکیا بیری لە کردنەوەی لوولە نەوتەکە و دامەزراندنەوەی پێوەندی لەگەڵ عێراقدا دەکردەوە، کە هەنگاوی بکوژ بوو بۆ کورد. لەگەڵ ئەوەش، لە دوایەم توێژینەوەدا تورکیا ملی دایە پاڵەپەســـتی هاوپەیمانانی ڕۆئاوا لەوەی ئەم هەنگاوە نەنێت و زیاتر درێژە بە پاراستنی ئاسمانی کوردستان بدات لە بنکەی سەربازیی ئەنجەرلیکەوە.

لەگەڵ ئەوەش، هەموو ئەمانە ڕێی لە تورکیا نەگرت لە ئەنجامدانی زنجیرەیەک هێرشی سەربازی لە دژی کوردستانی عێراق، کە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لە ١٩٩٢ بەردەوام بوو تا لە ١٩٩٥دا گەیشتە لووتکە. لە کاتێک تورکیا ڕای دەگەیاند کە هێرشەکان ئاراستەی بنکەکانی پەکەکە دەکرێن، سەرچاوە کوردییە عێراقییەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە هێرشەکان لە ڕاستیدا کوردی عێراقی دەکردە ئامانج. نوێنەری کورد لە فرەنسا، محەمەد ئیسماعیل، کە هەڵوێستی تورکیای پوخت دەکردەوە، گوتی کەوا تورکیا ١٣ ملیۆن دۆلاری وەک کۆمەکی مرۆڤییانە بە کوردی عێراق دا لەو دەمەی بە شێوەیەکی لێکدژانە بەردەوام بوو لە تۆپبارانکردنی ناوچەی کوردی.[٧٥]

لە ٢٠ ئاداری ١٩٩٥، لە ڕۆژێکی بەر لە ڕۆژی نەورۆزی ســاڵی نوێی کــوردی، سوپای تورکیا هاتنە ناوەوەیەکی گەورەی بۆ ناو کوردستانی عێراق دەست پێ کرد. ناوی کردەکە ئاسن بوو، برێتیش بوو لە گەورەترین هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان لەوەتەی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ڕاستی، لە ماوەی نێزیکەی بیست ساڵدا ئەمە برێتی بوو لە بەرچاوترین دەست وەردانی سەربازیی تورکیا لە وڵاتێکی بیانیدا،[٧٦] کردەوەکە، کە شەش حەفتەی کێشا، نێزیکەی ٣٥٠٠٠ سەربازی تورک بەشدارییان تێدا کرد، کە لەسەر ٢٢٠ کیلۆمەتری سەر سنوور و ٤٠ کیلۆمەتری ناو خاکی عێراقدا بڵاو کرانەوە. لە بە ئامانجگرتنی

٢٤٠٠ تا ٢٨٠٠ شەڕوانی پەکەکە، هەروەک لە وشەکانی سەرەک وەزیرانی تورکیا تانسۆ چیلەردا هاتبوو، هاتنە ناوەوەکە بۆ ئەوە بوو " ناوچەکە لە پەکەکە پاک بکرێتەوە و ڕیشەکێش بکرێن، کە کردەوەکانیان ئاراستەی دانیشتوانی بێتاوان دەکرێن."[٧٧] زۆر لە چاودێران لەو باوەڕەدان کاتێ تورکیا لە کۆتاییدا نووچی دا لە بەدەستهێنانی ئامانجی سەرەکی، کە برێتی بوو لە ڕیشەکێشکردنی پەکەکە، ئەمە وای کرد سوپای تورکیا لە حوزەیران و تشرینی یەکەمی ١٩٩٥ کردەوەی تری قەوارە بچووک دووبارە بکاتەوە.[٧٨]

هاتنە ناوەوەکانی تورکیا ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی زەق کردەوە، کە لە دوای شەڕی کەنداوی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق دروست بوو و خاڵی لاوازی کوردی عێراق و حکوومەتی بەغداشی ئاشکرا کرد. دامەزراندنی بنکەکانی پەکەکە لە باکوری کوردستان ئەو بۆشاییەی دەسەڵاتی پێشان دا، کە لەوێ پەیدا بووبوو، کە نە بەغدا و نە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیاندەتوانی پڕی بکەنەوە. بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی حکوومەتی ناوەندی لەبارەی کوردستانی عێراقەوە لە ١٩٩٢ هەمووی ون بووبوو. لەگەڵ ئەوەش، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پەکەکە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ویدا خۆی دامەزراندبوو، زۆر لەوە لاوازتر بوو بەر بەو پێشهاتە بگرێت. ئامادەیی پەکەکە کۆسپێکی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست کردبوو. هۆکارێک کە دەستی لە زیاتر چەسپاندنی پەکەکەدا هەبوو ئەو ململانێیەی سەر دەسەڵات بوو لە نێوان پارتی و یەکێتیدا. بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو خاڵە، وەزیری دەرەوەی تورکیا ئێردال ئینونو ئەو هیوایەی دەربڕی، دوای کردەوەکەی تورکیا، هەردوو پارت دەرک بەوە بکەن، کە ئەوە باشترین بەرژەوەندییە بۆ یەکێتی و پارتی بگەنە ڕێککەوتنێک بتوانێت کاریگەرانەتر کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن. ئێردال ئینونو گفتی دا کەوا تورکیا یارمەتییان دەدات لە وەستاندنی پەکەکە لە ناوچەکەیان،[٧٩] هەندێ ڕاپۆرت تێیاندا هاتبوو، کە تورکیا پێشتر عێراقی لەبارەی هاتنەوەکانی پەکەکە بۆ ناو عێراق ئاگەدار کردووەتەوە. بگرە ئەگەر بەو شێوەیەش بێت، کردەوەگەل، کە سەرەتا بۆ بەغدا لاواز دەردەکەوتن، دواتر تا دەهات مەترسیدارتر دەبوون. دەتوانرێ ئەوە لەو ڕاستییە هەڵێنجین کە ڕاپۆرتەکانی سەرەتا لە ڕۆژنامەکانی عێراقدا زۆر ئاسایی بوون ئەگەر باس بکرایەن، جاری وا باسیش

نەدەکران. بەم جۆرە، بۆ نموونە، ڕۆژنامەی ئەلقادسییە، کە بڵاوکراوەی دامەزراوەی سەربازیی عێراق بوو، هەرچەندە باسی کردەوەکەی بەهاری کرد، بەڵام ئاماژەی بەوە نەکرد، کە لە ناوەوەی خاکی عێراقدا ئەنجام دراوە. ئێزگەی بەغدا و ئاژانسی هەواڵی عێراق، لە کاتێکدا زۆر بێ دوودڵییانە وردەکاریی کردەوەکەیان دەگواستەوە بەوەی کردەوەکە "لە خاکی پیرۆزی باکوری عێراقدا" ئەنجام دراوە و سەرکۆنەی دەکرد و بە "پێشێلکارییەکی نەگریس بۆ سەر سەروەریی عێراق و یاسای نێودەوڵەتی" وەسف دەکرد، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆددانی بە بێ تواناییی بەغدا دەنا چ لە نەتوانین بۆ پڕکردنەوەی "ئاسایش و بۆشاییی دەسەڵات لە باکوری عێراق" یان بۆ وەستاندنی تورکیا لە بەزاندنی سەروەریی خاکی عێراق،[٨٠] ترسی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، شان بەشان لەگەڵ لێکدانەوەی ڕۆژنامە ناودەوڵەتییەکان بەوەی تورکیا ڕەنگە هێزە سەربازییەکانی خۆی بە بەردەوامی بهێڵێتەوە. ئەم ترسانە بەرزتر بوونەوە بە سەردانی تیمەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ باکوری عێراق بە مەبەستی، بەلایەنی کەمەوە لە تێڕوانینی بەغداوە، دامەزراندنی هاوکارییەکی نێزیکتر لە نێوان "ناپاکانی" کوردی عێراق و هێزە داگیرکەرەکانی تورکیا و بەمەش ببێتە "گرەنتیی ئاسایشی سنوورەکانی تورکیا."[٨١] هەنگاوە سەربازی و سیاسییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا وای لە بەغدا کرد بە دوای یارمەتیی ئەنجوومەنی ئاسایشی یو ئێندا بگەڕێت و پاڵپەستی عەرەب و ناودەوڵەتی ئامادە بکات تا تورکیا ناچار بکات هێزەکانی لە ناوچەکە بگوازێتەوە. عێراق ئەو پاساوانەی خوارەوەی دەخستە بەردەست: تورکیا سەروەری و شکۆی خاک و ڕێگەی ئاسمانیی عێراقی بەزاندووە بەمەش پێشێلی ڕێککەوتننامەی یو ئێن و یاسای ناودەوڵەتیی کردووە، تورکیا بارودۆخی نائاساییی باکوری عێراقی بۆ کەڵکی خۆی بەکار هێناوە، کە لەمە دەبێ ئەمەریکا و بەریتانیا سەرکۆنە بکرێن نەک عێراق، مامەڵەی تورکیاش لەگەڵ کورددا بانێکە و دوو هەوا، ئەو کوردانەی لەگەڵ پەکەکەدان بە تیرۆریستیان دەبینێت، بەڵام مامەڵە لەگەڵ ئەو کوردانەدا دەکات کە بەغدا بە " کوردە تیرۆریستییەکانی عێراق" ناویان دەبات،[٨٢] بەو پێیە، عێراق داوای کشانەوەی تەواو و دەستبەجێی هێزە تورکییەکانی کرد.

هەرچەندە تورکیا تا کۆتای نیسان بەشێکی زۆری هێزەیلی خۆی کشاندەوە، بە

پەستانی ناودەوڵەتی نەک عێراقی، بەڵام بەغدا زۆر دوور بوو لەوەی لە نیازەکانی تورکیا دڵنیا ببێت. گوتەکانی ئایاری ١٩٩٥ی سلێمان دەمیراڵی سەرۆکی تورکیا، کە پێشنیازی کرد با سنووری تورکیا لەگەڵ عێراق باشتر بێت تاکو تورکیا لە بەرامبەر هاتنە ناوەوەکانی پەکەکە باشتر بەرگری لە خۆی بکات، بە شێوەیەکی تایبەت جێگەی نیگەرانی بوون. بگرە دەمیراڵ پێ دەچوو، بانگەشەی لەمێژینەی ویلایەتی مووسڵ وەک ویلایەتێکی عوسمانی لە باکوری عێراق زیندوو بکاتەوە،[٨٣] لێدوانێکی سەرەک وەزیرانی تورکیا تانسۆ چیلەر بەوەی تورکیا هیچ ئامانجێکی لەناو خاکی عێراقدا نییە، نەیتوانی نیگەرانیی عێراق بڕەوێنێتەوە چونکە چیلەر ئەوەشی ڕاگەیاندبوو، کە سوپای تورکیا دێتەوە ناو خاکی عێراق ئەگەر تورکیا بەپێویستی زانی. پێ دەچوو لە ڕووبەڕووبونەوەی شکۆی خاکی کوێت لە ١٩٩٠، عێراق پێشینەیەکی بۆ کەسانی تر، واتە بۆ کوردی خۆی و تورکیای هاوپەیمانی پێشوو، دانابێت تا ڕووبەڕووی شکۆی خاکی خۆی ببنەوە.

## گەیشتن بە دنیای دەرەوە

کۆت و بەندە جیۆپۆلەتیکییە مەترسیدارەکانی کورد وای لە کورد دەکرد لە ناوچەکە و لە گۆڕەپانی ناودەوڵەتیدا بەدوای هاوپەیماندا بگەڕێن. تا ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وا دیار بوو بە یەکەوە کار دەکەن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێ دەچوو هەندێ پشتیوانی بەدەست بێنێ. کەچی کاتێ ململانێی ناوەخۆ دەستی پێ کرد، کورد زۆر لەو بەزەیی و نیازە چاکانەی دوای شەڕەیلی جینۆساید بە دەستی هێنابوو، لەدەستی دانەوە.

کوێت، کە ئامادە بوو بە کەمترین پشتیوانیش بێت، لە دژی بەغدادا بیدات، هاوپەیمانێکی کورد بوو. هەر بەو بۆنەیەوە، تاڵەبانی لە ٨ ئاداری ١٩٩٣ سەردانی کوێتی کرد و ڕای گەیاند کە "هەردوو گەلی برا، گەلی کورد و گەلی کوێت، هەردووکیان لەژێر دەستی "دیکتاتۆری بێزەونی" سەدامدا ئازاریان چەشتووە، بەردەوام دەبن لە هاوپەیمانیی سەرەکیدا دژی سەدام. لە ئابی هەمان ساڵ، شاندێکی وەزیری دەرەوەی کوێت سەردانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و

لەگەڵ تاڵەبانی و بارزانیدا کۆ بووەوە و نیازی کوێتی ڕاگەیاند لە دانی ٣ ملیۆن دۆلار وەک کۆمەکی مرۆڤییانە،[٨٤] بەغدا کاردانەوەی خۆی پێشان دا بە وەسفکردنی ئەو هەنگاوە وەک هەڕەشەیەکی مەترسیدار، هەروەها ڕاشی گەیاند ئەو ئەم مافە بۆ خۆی جێ دەهێڵێت، کە لە کاتی گونجاودا کاردانەوەی خۆی پێشان بدات.

لە هەمان کاتدا، کورد هەوڵیان دەدا بگەن بە جیهانی عەرەبی لە ڕێگەی ناردنی نوێنەر بۆ وڵاتانی وەک سعوودیە و قەتەر. لە هەمان کات، لەناو ڕووناکبیرەیلی عەرەبدا داوای دایەلۆگی کورد و عەرەبیان کرد بۆ تاوتوێکردنی پێوەندیی نێوان هەردوو نەتەوە، بە تایبەتی، بێدەنگیی ڕووناکبیرانی عەرەب دوای کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە. لەگەڵ ئەوەش، لەو قۆناغدا دایەلۆگی لەو جۆرە ڕووی نەدا و زۆر لە وڵاتە عەرەبییەکانیش لەسەر مەیلە جیاخوازییەکانی کورد گوماناوی مانەوە. لەبەر ئەو هۆکارە بوو میسر ڕەتی کردەوە لە قاهیرە پێشوازیی سەرکردەکانی کورد بکات.[٨٦]

تاڵەبانیش هەوڵی دەدا ئاماژە بۆ ئیسرائیل بنێرێ. لە سەرەتای ١٩٩٣، داوای لە دنیای جووان کرد پشتیوانی لە پرسی کورد بکەن، داوایەکە لە ڕێگەی وتاری پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی یەدیعوت ئەحرەنۆتەوە کرابوو، کە سەردانی کوردستانی کردبوو. لە بۆنەیەکی تردا کاتێ پرسیار لە تاڵەبانی کرا لەبارەی ئامادەیی شارەزایانی ئیسرائیلی لە کوردستانی عێراقدا، تاڵەبانی ئەو "دەنگۆیانەی" ڕەت دەکردەوە، لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەوە مافی ڕەوای کوردە پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێت هەروەک چۆن میسر یا فەڵەستین هەیانە،[٨٧] بە شێوەیەکی فەرمی، ئیسرائیل نە نکووڵیی لەو دەنگۆیانە دەکرد و نە پشتڕاستی دەکردنەوە.

چڕترین هەوڵی کورد ئاراستەی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی دەکرا، بە تایبەتی، هاوپەیمانەیل ئەمەریکا و بەریتانیای مەزن و فرەنسا. لەگەڵ ئەوەش، هەموو خواستە سیاسییەکانی کورد لەلای ئەو وڵاتانەوە ڕووبەڕووی وەڵامێکی سارد بووەوە، هێشتا کێشەکەیان بە کێشەیەکی تەنیا مرۆڤانە دەزانی. لە لایەک، ئەو وڵاتانە دەیانویست کوردی عێراق وەک ئامرازێک بۆ لاوازکردنی عێراق و دانانی پاڵەپەستۆ لە دژی سەدام بەکار بێنن، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەیانویست کورد باییی ئەوەندە لاواز بکەن نەتوانێت یەکەتیی عێراق بخاتە مەترسییەوە یان کاریگەرییەکی "نێگەتیڤ" بخاتە

سەر کوردی پارچەکانی تر، بە تایبەتی تورکیا. ئەم هاوپەیمانانە نیگەرانیش بوون نەوەکا بارودۆخەکە بەرەو خراپی بڕوات و پێویست بە دەست تێ وەردانی وان بکات، وەک لە بۆسنەدا وا بوو.

بەمەش سەرکردایەتیی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی گرینگییان بە هێورکردنەوەی ترسی هاوپەیمانان دەدا. لە کۆتای نیسانی ۱۹۹۳، بارزانی و تاڵەبانی (بە یەکەوە لەگەڵ نوێنەرانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان) سەردانی واشنتۆن دی سییان کرد، کە لەوێدا لە لایەن ئاڵ گۆر جێگری سەرۆک و وارێن کریستۆفەر وەزیری دەرەوەوە و ئانتۆنی لەیک ڕاوێژکاری ئاسایشی ناوەخۆوە پێشوازییان لێ کرا،[88] لەگەڵ ئەوەش، ئەوان تەنیا توانییان ئەو گفتە مسۆگەر بکەن، کە هاوپەیمانان بەردەوام دەبن لە پاراستنی ئاسمانی کوردستان لە بنکەی سەربازیی ئەنجەرلیک لە تورکیاوە. بارزانی و تاڵەبانی سەردانی هۆڵەندا و بەلجیکا و فرەنساشیان کرد، کە لە فرەنسا لەلایەن سەرەک فرانسوا میترانەوە پێشوازییان لێ کرا. کەچی هەروەک سەردانەکەی ئەمەریکا، جگە لە گفتی بەردەوامبوونی پاراستنی ئاسمانی کوردستان لەلایەن بنکەی سەربازیی ئەنجەرلیکەوە، کە لە کۆتاییی ئایاری ۱۹۹۳ کاتی بەسەر دەچوو، گفتی هیچ پشتیوانییەکی تر نەدرا،[89] لە ئایاری هەمان ساڵدا، هاوسەری سەرۆکی فرەنسا دانیال میتران، کە ماوەیەکی زۆر بوو پشتیوانی کورد بوو و خەڵاتێکی مافی مرۆڤی لەلایەن بارزانییەوە وەرگرتبوو لە واشنتۆن، هەوڵی دەدا لە یو ئێن پشتیوانی بۆ کورد دابین بکات. ئەو بە شێوەیەکی ئاشکرا دەنگی بە بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دا. لەگەڵ ئەوەشدا دەنگەکەی وێ تەنیا دەنگ مایەوە،[90] ڕەفتاری کورد خۆشی لەو کاتە چارەنووسسازەدا بە هانای کورد نەهات.

لەبەر ئەو ململانێیە گورچکبڕەی لە ناوەوەی هەرێمی کوردستاندا هەبوو، کورد مەترسیی لەدەستدانی هەموو ئەو دەستکەوتانەیان هاتە سەر، کە لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی ئۆتۆنۆمییەوە بەدەستیان هێنابوو،[91] هەم کارکەرانی یو ئێن (نێزیکەی ۳۰۰ کەس دەبوون) و هەم ئەندامانی گرووپە کۆمەکە مرۆڤییەکان (نێزیکەی ۲۸ گرووپ دەبوون) هەستیان کرد مانەوەیان لە ناوچەی ململانێیەکاندا مەترسیدارە، بۆیە هەندێکیان کوردستانیان بەجێ هێشت یان هەڕەشەی بەجێهێشتنیان لێ کرا.

هەڵوێستی هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا، ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا، کە یارمەتیی دامەزراندنی حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی هەرێمیان دابوو لە سەرەتاوە، بە لایەنی کەمەوە دووچاری ڕاڕایی هاتبوون. هەتا سیاسەتیان بەرامبەر بەغدا بە نەگۆڕی بمایەتەوە، دەستیان بە کارتی کوردییەوە دەگرت لە دژی بەغدا. بەڵام ئەوان نەیاندەویست لە شەڕەوە بگلێن یان سەربازی زیاتر بە ناوچە کێشەدارەکە بەند بکەن. ئەمەریکا لە لایەن خۆیەوە تەواو گەرموگوڕ نەمابوو، بۆیە ئەو پەستانانەی دەیخستە سەر لایەنەکان بووە هۆی وەستانی شەڕ بۆ ماوەیەکی کاتی.

بیرۆکەی فەرەنسا بگرە زۆر ڕاڕاتر بوو. پاریس لاوازترین پێوەندیی لە هاوپەیمانە سێ قۆڵییەکەی دژی بەغدادا هەبوو، هەروەک دەیویست هێدی هێدی ئەو گەمارۆیە هەڵبگرێت، کە لە لایەن یو ئێنەوە سەپێنرابوو. لەگەڵ ئەوەش، ئەمە هەمان ئەو حکوومەتەی فرەنسا بوو، کە لە ناوەڕاستی ١٩٩٤ لەژێر چاودێریی سەرۆک میتراندا پرۆسەی نێوانگری لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەست پێ کرد. گونجاوە ئەگەر بڵێین دەستپێشخەرییەکە لەسەر بەشداریی تاکەکەسیی هاوسەری سەرۆک بوو بۆ پشتیوانی لە کورد. بەندبوونی فرەنسا بە پرسەیلی مافی مرۆڤ و پێوەندیی بەردەوامی سەرکردە کوردییەکان بە تایبەتی لە نێوان تاڵەبانی و حکوومەتی فەرەنسادا، بووە هۆی بڕێک بەزەیی حکوومەتی فرەنسا بۆ پرسی کورد،[٩٢] تاڵەبانی ئەوەی ڕوون کردەوە، کە فەرەنسا هیچ ڕابردوویێکی ململانێ ئامێزی لەگەڵ کورددا نییە، جیایە لە بەریتانیای مەزن کە لە کاتی ئینتیدابی بەریتانی لە عێراق لە بیستەکان، پشتیوانیی حکوومەتی عێراقی دەکرد لە دژی کورد،[٩٣] لە کاتێک بەشداریی فرەنسایی لە هەوڵە نێوانگرییەکاندا بۆ بەناودەوڵەتیکردنی پرسی کورد گرینگ بوو، بێ ئاگە لەوەی لاوازییەکی زگماکی دەردەخست، کە گومانی دەخستە سەر یەکگرتوویی ناوەخۆی بزووتنەوەی کورد و توانی کەڵک وەرگرتن لە تەنگژەیلی عێراق. بەهۆی کەللەڕەقییانەوە، کورد خۆیان سەلماند، کە ناتوانن کارتەکانی خۆیان بە دروستی بەکار بێنن، بە لایەنی کەمەوە لەو قۆناغەدا. کورد هەروەک چۆن باش بوون لە زیانگەیاندن بە لایەنی تر، بە هەمان شێوەش باش بوون لە زیانگەیاندن بە پرسی خۆشیان،[٩٤] هێشتا، خراپترین دۆخ لە گەڕی داهاتووی شەڕی ناوەخۆ مابوو.

پەراوێز:

1. For a detailed discussion of this period see, Gareth R. V. Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy (London: Routledge Curzon, 2003).
2. Michael Leezenberg, "Urbanization, Privatization, and Patronage: The Political Economy of Iraqi Kurdistan," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 164–165.
3. See, for example, Hanna Yousif Freij, "Tribal Identity and Alliance Behaviour Among Factions of the Kurdish National Movement in Iraq," Nationalism and Ethnic Politics 3, no. 3 (1997): 86 110; and Hussein Tahiri, The Structure of Kurdish Society and the Struggle for a Kurdish State (Costa Mesa, CA: Mazda, 2007), pp. 308–309.
4. Stansfield, Iraqi Kurdistan, p. 93.
5. Voice of the People of Kurdistan, 17 August 1993, cited in Daily Report, 19 August 1993.
6. David Korn, "The LastYears of Mustafa Barzani," Middle East Quarterly 1, no. 2 (1994): 13.
7. By the end of the year, the guerrilla army numbered 36,000. The Economist (London, weekly), 6 February 1993; New York Times (New York, daily), 21 January 1994.
8. Two Kurdish activists, interviewed by the author, April 1994.
9. Martin van Bruinessen, "The Kurds and Islam," Islamic Area Studies Project Working Paper no. 13 (Tokyo: 1999).
10. Watha’iq al-Idana (Damascus: Manshurat al-Ittihad al-Watani al-Kurdistani, 1994), pp. 5–24, 241.
11. Agence France Press, 9 December 1993, cited in Daily Report, 27, 28 December 1993.
12. Voice of Iraqi Kurdistan, 25, 26 December 1993, cited in Daily Report, 27, 28 December 1993;Agence France Press, 29 December 1993, cited in Daily Report, 29, 30 December 1993.
13. Voice of Iraqi Kurdistan, 24, 27 December 1993, cited in Daily Report, 27, 28 December 1993; New York Times, 21 January 1994. Another source suggested that the PUK had handed ‘Abd al-‘Aziz to the KDP. Stansfield, Iraqi Kurdistan, p. 97.
14. Voice of the People of Kurdistan, 24 December 1993, cited in Daily Report, 27 December 1993.
15. Al-Wasat (London, weekly), 16 23 May 1994.
16. Al-Sharq al-Awsat (London, daily), 5 May 1994.
17. Voice of Iraqi Kurdistan, 22 May 1994, cited in Daily Report , 24 May 1994; Al- Hayat (London, daily), 26May 1994;Middle East International (London, biweekly), 27 June 1994; Al-Sharq al-Awsat, 27 May 1994; Agence France Press, 4 June 1994, cited in Daily Report, 6 June 1994; United States Information Service,Wireless File, 28 June 1994; Nida’ al-Rafidayn (Damascus, biweekly), 16 September 1994.
18. LeMonde (Paris, daily), 2August 1995; TheMiddle East,April, November 1995, claimed that the number of dead had already reached 3,000.
19. Al-Hayat, 7 June 1994.

20. Ibid.
21. Nida' al Rafidayn, 16 September 1994.
22. United States Information Service,Wireless File, 28 June 1994.
23. Mirjam E. Sørli, Nils Petter Gleditsch, and Håvard Strand, "Why Is There So Much Conflict in the Middle East?" Journal of Conflict Resolution 49, no. 1 (2005): 145.
24. Van Bruinessen, "The Kurds and Islam." 25. Al-Hayat, 7 June 1994.
26. Al-Hayat, 5, 8, 26, 29 June 1994.
27. Al-Hayat, 18 June 1994.
28. Voice of Iraqi Kurdistan, 6 January 1994, cited in Daily Report, 7 January 1994.
29. Voice of Iraqi Kurdistan, 25August 1994, cited in Daily Report, 26August 1994.
30. Middle East International, 27 May 1994;Al-Sharq al-Awsat, 31 May 1994; Iraqi News Agency, 15 June 1994, cited in Daily Report, 15 June 1994.
31. Al-Hayat, 5 June 1994; Babil (Baghdad, daily), October 1994.
32. Al-Safir, 2, 3 August 1994, cited in Daily Report, 10 August 1994; Al-Hayat, 1, 30 October 1994.
33. For the escalation in PKK-Turkish relations in the early 1990s, see Ismet G. Imset, The PKK: A Report on Separatist Violence in Turkey (Ankara: Turkish Daily News Publications, 1992), pp. 233–298.
34. Turkish Daily News, 11 June 1993, cited in Daily Report, 21 June 1993; Baghdad, 18 June 1993; Voice of Iraqi Kurdistan 25 June 1993, cited in Daily Report, 30 June 1993.
35. For a discussion of PKK violence, see Hamit Bozarslan, Violence in the Middle East (Princeton: MarcusWiener, 2004), pp. 43–57.
36. Voice of the Iraqi People, 19August 1993, cited in Daily Report, 20August 1993.
37. On KDP-PKK relations, see Imset, The PKK, pp. 180 187.
38. Al-Sharq al-Awsat, 30 April 1994; Al-Safir, 2 August, cited in Daily Report, 10 August 1994.
39. Nevertheless as someone observed, "even in their worst days at leadership level, the grassroots of both movements have cooperated extensively." Imset, The PKK, p. 180
40. Mideast Mirror, 7April 1995. For further details, seeMichael Gunter, The Kurds and the Future of Turkey (Houndmills: Macmillan, 1997), pp. 115–125.
41. Agence France Press, 28 April 1995, cited in Daily Report, 28 April 1995.
42. Voice of Iraqi Kurdistan, 26August 1995, cited in Daily Report, 29August 1995; Voice of the People of Kurdistan, 28 August 1995, cited in Daily Report, 29 August 1995; Al-Hayat, 29 August 1995.
43. Al-Hayat, 29 August 1995; Agence France Press, 29 August 1995, cited in Daily Report, 30 August 1995.
44. On 10 December 1995, the PKK announced a cease-fire brought about in part through the mediatory efforts of Dawood Baghestani, the permanent UN representative at the Organisation for Security and Co-operation in Europe. See Gunter, The Kurds, p. 124.
45. Voice of Iraqi Kurdistan, 23 October 1995, 5 December 1995, cited in Daily Report, 24 October, 6 December 1995.
46. Agence France Press, 2 September 1995, cited in Daily Report, 7 September; Voice of Ira-

qi Kurdistan, 6 September 1995, cited in Daily Report, 7 September 1995.

47. Al-Thawra, 30 May 1993.

48. Kuwaiti News Agency, 11 February 1993, cited in Daily Report, 12 February 1993; Al-Sharq al-Awsat, 19 February 1993, cited in Daily Report, 23 February 1993; Voice of the People of Kurdistan, 10March 1993, cited in Daily Report, 11March 1993; Al-Hawadith, 26 March 1993, cited in Joint Publication Research Services, 18 May 1993.

49. New York Times, 21 January 1994; Kurdish exile, interviewed by the author, April 1994.

50. Al- Thawra, 10 February 1993; Babil, 13 February 1993.

51. Radio Cairo, Voice ofAmerica, 13March 1993, cited in Daily Report, 15March 1993; Al-Sharq al-Awsat, 21May 1993, cited in Daily Report, 25May; Akhbar al-Usbu‘, 8 July 1993, cited in Daily Report, 9 July 1993.

52. Agence France Press, 6 May 1993, cited in Daily Report, 7 May 1993.

53. Al-Sharq al-Awsat, 21 May 1993, cited in Daily Report, 25 May 1993.

54. Voice of the People of Kurdistan, 12 May 1993, cited in Daily Report, 13 May 1993; Le Monde, 14 May 1993, cited in Daily Report, 18 May 1993.

55. Le Monde, 18 June 1993; New York Times, 21 January 1994.

56. Fédération internationale des ligues des Droits de l’Homme, Report no. 178 (October 1993), p. 26; New York Times, 21 January 1994.

57. Fédération internationale, p. 36; Agence France Press, 15 August 1993, cited in Daily Report, 16 August 1993.

58. For example, Fédération internationale, p. 37; Voice of the Iraqi People, 21May, 1993, cited in Daily Report, 24 May 1993; Voice of the People of Kurdistan, 17 March 11 July 1993, cited in Daily Report, 18 March, 13 July 1993.

59. Al-Sharq al-Awsat, 11 April 1994.

60. Alif Ba’ (Baghdad, weekly), 11 May 1994.

61. Al-Shira‘ (Beirut, daily), 13 December 1993, cited in Daily Report, 17 December 1993.

62. Le Monde, 14 June 1994.

63. Van Bruinessen, "The Kurds and Islam."

64. Middle East International, 27 May 1994.

65. Al-Hayat, 26, 27 May, 8 June 1994. See also Talabani to Al-Sharq al-Awsat, 27 May 1994.

66. Middle East International, 27 May 1994; Al-Sharq al-Awsat, 31 May 1994.

67. Al-Safir, 3 August 1994, cited in Daily Report, 10 August 1994.

68. Fédération internationale, pp. 20 24; Agence France Press, 9 May 1993; Voice of the People of Kurdistan, 15 August, 3 September 1993, cited in Daily Report, 16 August, 3 September 1993; Agence France Press, 24 August 1993, cited in Daily Report, 25 August 1993.

69. Libération, 29 July 1993, cited in Daily Report, 3 August 1993.

70. For a general discussion of Syria’s position on the Kurds of Iraq, see Jordi Tejel, Syria’s Kurds: History, Politics and Society (London: Routledge, 2009), especially chaps. 3, 4.

71. Al-Hayat, 16 December 1993, cited in Daily Report, 21 December 1993.

72. Michael Collins Dunn, "The Arab World and the Kurds," in Kurdish Identity: Human

Rights and Political Status, eds. Charles G. MacDonald and Carole A. O'Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), pp. 231–235.

73. Al-Hayat, 22 June 1993, cited in Daily Report, 30 June 1993.

74. Imset maintained that the villages hit by Turkish warplanes "have always been those of the KDP, including Barzan." Imset, The PKK, p. 180. See also Jonathan Randal, After Such Knowledge,What Forgiveness?My Encounters with Kurdistan (Boulder, CO:Westview Press, 1999), p. 240.

75. Le Monde, 15 December 1993.

76. See Kemal Kiri≈sci, "Turkey and the Safe Haven in Northern Iraq," Journal of South Asian and Middle Eastern Studies 19, no. 3 (1996): 21–39.

77. Le Monde, 22 March 1995.

78. Radio Monte Carlo, 30 March 1995, cited in Daily Report, 31 March 1995; The Middle East, April 1995; Agence France Press, 26 April 1995, cited in Daily Report, 28 April 1995.

79. Le Monde, 9 April 1995. 80. Radio Baghdad, 26 March 1995, cited in Daily Report, 28 March 1995; Iraqi News Agency, 29 March 1995, cited in Daily Report, 30 March 1995.

81. Iraqi News Agency, 8 April, 2 May 1995, cited in Daily Report, 10 April, 2 May 1995.

82. Iraqi News Agency, 8, 9 April 1995, cited in Daily Report, 10, 11 April 1995.

83. Al-Sharq al-Awsat, 3 May 1995; Iraqi News Agency, 3 May 1995, cited in Daily Report, 4 May 1995; Mideast Mirror, 10 May 1995; Middle East International, 12 May 1995.

84. Baghdad, 27 August 1993.

85. Iraqi News Agency, 25 August, 1993, cited in Daily Report, 26 August 1993.

86. Al-Shira', 13 December1993, cited in Daily Report, 17 December 1993. See also Ara' 'Arabiyya Hawla al-Qadiyya al-Kurdiyya (Damascus: al-Ittihad al-Watani al- Kurdistani, 1993).

87. Al-Shira', 13 December 1993, cited in Daily Report, 17 December 1993.

88. New York Times, 3 May 1993.

89. Le Monde, 25 May 1993.

90. Baghdad, 21 May 1993; Le Monde, 6 November 1993.

91. Randal, After Such Knowledge, pp. 292–293.

92. Kendal Nezan, "The European Perspective," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G. MacDonald and Carole A. O'Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p. 140.

93. Al-Safir, 3 August 1994, cited in Daily Report, 10 August 1994.

94. Stansfield, for one, thinks that the 1990s were not a squandered opportunity, but may be seen as a decade of political development. Stansfield, Iraqi Kurdistan, p. 95.

١٣

# شەڕی ناوەخۆ لە کوردستان

لە شیکردنەوەی شەڕەیلی ناوەخۆدا، مایکڵ هۆوارد دەڵێ "سەبارەت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نەتەوەکە لە ڕێگەی شەڕی سەربەخۆییيەوە شێوەی بۆ دروست بوو و لە ڕێگەی شەڕی ناوەخۆییيەوەش یەکگرتوویی بۆ دروست بوو."[١] پۆڵ کولێر بۆچوونێکی تری هەیە " شەڕی ناوەخۆ تا ئەو ڕادەیەی هۆکاری سیاسی دەداتە دەست، هۆکارێکیشە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی." لەگەڵ ئەوەش، دیوی تری دراوەکە بە "پێشکەوتنی پێچەوانە" وەسف دەکرێت،[٢] چارلس تیلی پێی وایە "شەڕ دەوڵەت دروست دەکات" و هەروەها "پێوەندی لە نێوان شەڕ دروستکردن و دەوڵەت دروستکردندا هەیە."[٣] ئەم مۆدێلە ڕەنگە لەگەڵ نموونەی کوردی عێراقدا بگونجێ، بەڵام تەنیا لە بەشێک. شەڕ بوو بە بەشێک لە بوونی کوردی عێراق بەهۆی خەباتی دوور و درێژیان لە دژی بەغدا، لە دژی یەکەکە و لە نێوان خۆیاندا. لەگەڵ ئەوەش، ئەم شەڕە بەردەوامانە کاریگەرییەکی لێڵی لە ڕوون دەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە بنیاتنانی دەوڵەتی کوردیدا هەبووە. لە لایەک، شەڕەیل لەگەڵ بەغدا دەبووە هۆی ماڵوێرانیی هەرێمی کوردستان، لە لایەکی ترەوە، ئەو شەڕانە پێناسی کوردیی تیژتر دەکردەوە. بە هەمان شێوە، شەڕ لەگەڵ یەکەکەدا ڕزگاربوونی کوردی دڵنیا دەکردەوە بۆ ماوەیەک، بەڵام لە هەمان کات لە کوردستانی گەورەدا زیانی بە پرسی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد گەیاند. بۆ شەڕی خۆبەخۆیی کوردیش، هۆکارە دەستبەجێیەکانی پێ دەچوو تەواو نەرێنییانە بێت. تەنیا دوای ئەوەی لایەنە شەڕکەرەکان لەسەر جیاوازییەکانیان ڕێک کەوتن، ئینجا توانییان سەرنج و وزەیان بخەنەوە گەڕ بۆ ئەرکی بنیاتنانی نەتەوە. لە ڕاستی، زەحمەتترین ئەرکی سەرکردایەتییەکانی کورد بڕێتی بوو لە شەڕ لە دوو بەرەدا لە

یەک کات: یەکەم، لە بەرەی مەیدانی شەڕ، دووەمیش، لە پێناوی گیانی گەل.

کاتێ لە ١٩٩٦ شەڕ لە کوردستانی عێراق خراپتر گۆڕا بۆ شەڕێکی ناوەخۆی بەرفراوان، چەند کوردێکی کەم بە شێوەیەکی ئەرێنی تەماشای ئەنجامەکەیان دەکرد. کەچی چاودێرێکی دەرەکی پێی وایە دەکرێت و دەبێت شەڕی ناوەخۆ لەسەر بنەمای ئەنجامە دوور و درێژەکانی شەڕەکە بڕیاری لەسەر بدرێت. پرسیارەکە بریتی بوو لەوەی داخۆ دەکرێت شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکا وەک مۆدێلێک بۆ شەڕی ناوەخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەماشا بکرێت.

## هاوپەمانییە ناماقووڵەکان و هاوبەشییە سەیرەکان

مەسعوود بارزانی، سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان، جیهانی سەرسام کرد کاتێ لە کۆتاییی ئابی ١٩٩٦ داوای لە سوپای عێراق کرد تاوەکو بۆ تێکۆشان لە دژی پارتە کوردییە ڕکابەرەکەیدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یارمەتیی بدەن. ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی فرەوان، هەم لە لایەن خەڵکی کوردستان و هەم لە لایەن لایەنگرانی ئەمەریکاوە، بە نەزانی و لاوازیی لە هێزی پێشبینکردنی کورد بۆ ڕووداوەکان دەبینرا، کە گەیشتە لێواری خۆکوشتنی سیاسی. کارەکەی بارزانی جارێکی تر کارتەکانی لە کوردستانی عێراق تێکەڵ کردەوە و چەند پرسیارێکی لەبارەی پاڵنەرەکانی پشت ئەم هەنگاوەوە ورووژاند. ئەم هەنگاوە لە چ ڕێگەیەکەوە یاسای یارییەکانی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگۆڕی؟ ئەو کاریگەرییانە چی بوون، کە دەیخستە سەر یاریکەرە ناوەخۆیی و هەرێمی و ناودەوڵەتییەکان؟ ئاخۆ دەکرێت لێکدانەوەیەکی لۆجیکییانەتر بۆ ئەم مانۆڕە هەبووبێت جیاواز لەوەی، کە لە سەرەوە پێشنیاز کراوە؟

ئەم هەنگاوەی بارزانی، هەروەک ڕەنگە وەک سەرپرایزێک بۆ لایەنی دەرەوە دەرکەوتبێت، ڕاستی، ماوەیەک بوو لە ئارادا بوو. ڕیشەکەی بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕایەوە کە دوای شەڕی کەنداو لەنێو حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرا، لەو ڕکابەری و هاوپەیمانییانەی کە لەو کاتەوە گەشەی دەکرد و هەروەها بۆ ئەو ڕاستییەش، کە هەرێمەکە بووبووە شوێنی تاقیکردنەوەی چەند هێزێکی

ناوەخـۆیی و دەرەکی. دوو یاریکەرە نـاوەخـۆیـیـە سـەرەکـیـەکـە، پارتـی دیموکـراتـی کوردستـان و یەکێتیی نیشتـمـانیی کوردسـتـان، هـەریـەکـەیان دەیانویست کـەڵک لەو بۆشـاییـیـە وەربگرن، کـە بە هـۆی کشـانـەوەی سـوپای عـێراق لە ١٩٩١ لـە هـەرێمی کوردسـتـان دروست بووبوو. ئامـانجی یەکێتیی نیشـتـمـانیی کوردسـتـان و پارتی دیموکراتی کوردسـتـان برێتی نەبوو لە دامـەزراندنی کوردسـتـانی یەککگرتوو، بگرە هـەریـەکـەیان دەیویست پانتـاییی ژێر دەسـەڵاتی خـۆی بەرفرەوان بکات و لە کۆتاییدا ببێـتـە تاکـە هێز لە هـەرێمـەکـەدا،[٤] ئەم ڕکابەرییـە بناخـەیەکی دروست کرد بۆ ئەو شـەڕەی، کە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لە ئایاری ١٩٩٤ تا کۆتاییی ١٩٩٥ بەردەوام بوو کاتێ ئاگربڕێک لە نێوان هـەردوولادا ڕێک خـرا. بەڵام ئەم ئاگربڕە کورتخـایەنە، کە تەنیـا تـا هـاوینی ١٩٩٦ بەردەوام بوو، هـەمـوو یـاریکەرەکـان لە بەرژەوەندیی خـۆیاندا بەکـاریان هێنا بـۆ پێکهـێنانی هـاوپەیمانیی نوێ یان بەهـێـزکـردنی هـاوپەیمانیـیـە کـۆنەکـان تاکـو پێگەی خـۆیان لە بـەرامـبـەر ئەو ڕووبەڕووبوونەوە پێشـبـینیکراوەدا باشـتـر بکەن. ئەم هـاوپەیمانیـیـانە ڕەنگدانەوەی نیگەرانییـە جـوگـرافی و ئابووری و سیاسییەکانی یاریکەرە جیاوازەکان بوو.

دەبێ ئەوە بڵـێین، کـە سـەرەڕای ئەوەی پارتی دیموکـراتی کوردسـتـان و یەکـێـتـیی نیـشـتـمـانیی کوردسـتـان و لایەنگرە جـیـاوازەکـانی ئەم دووانە، لەناو خـێڵ و لایەنە سیـاسییـە کوردەکانی عێراق، سێ هێزی تر لە کوردستـانی عێراق پێگەی خـۆیان جێگیر کردبوو: (١) پەکەکە کە پەناگەکانی ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی پارتیدا بوو، کە گوایە دوازدە بنکەی مەشقی جێگر و بیست و یەک بنکەی مەشقی گەڕۆکیشی هـەیە شـان بەشـان لەگەڵ ٤٥٠٠ تا ٥٠٠٠ گـەریلا،[٥] (٢) حـیـزبی دێمـوکـراتی کـوردسـتـانی ئێران، کە بنکەکانی لە نێزیک سنووری ئێران بوو لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستـان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستـاندا، (٣) کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق، هـاوپـەیمانێک بـوو لە چەند لایەنێکی ئۆپۆزسـیـۆنی عـێـراق پێک دەهات و لـە لایەن ئەمـەریکـاوە پاڵپـشـتی دەکـرا، بنکەیان بە شـێـوەیەکی سـەرەکی لە ناوچـەی ژێر دەسـەڵاتی یـەکێتـیی نیـشـتـمـانیی کوردسـتـاندا بوو. بەکراوەیی، لـەبەرئەوەی دەبێ هـەمـوو ئـەو جیـاوازییـانە لە بەرچاو بگرین، کـە ڕۆڵیـان دەدیت، هـەردوو لایـەن لەگەڵ

دەست پێکردنی گرژی لە هاوینی ١٩٩٦ بەم شێوەیە ڕێک کەوتن: لە لایەک پارتی دیموکراتی کوردستان، تورکیا، عێراق و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەکی تر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێران، کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق و پەکەکە. لە هەموو کاتەکاندا سووریا وەک بێلایەن مایەوە و لە کاتێکدا هەڵوێستی ئەمەریکا پڕ بوو لە دوودڵی.

هاوپەیمانی لە یەکتر گەیشتنی نێوان تورکیا و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەگەڵ ئەوەش هۆکارێکی بەردەوامی بەریەککەوتن بوو، بەند بوو بە سنوورێکی جوگرافیای هاوبەش، بەرژەوەندیی ئابووری، تێپەڕینی کەلوپەل و دوژمنایەتی و ڕکابەریی هاوبەش لەگەڵ پەکەکەدا. ئەوەی، کە کەم جێگەی تێگەیشتن بوو بریتی بوو لە پێوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێژیمی بەعس، بە تایبەتی لەو ڕووەوە، کە بە درێژاییی ساڵانی هەشتا ڕێژیمی بەعس جینۆسایدێکی بەرامبەر بە کورد بە شێوەیەکی گشتی و بەرامبەر بە بارزانییەکان بە شێوەیەکی تایبەت ئەنجام دابوو. لێرەوە، دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هاوپەیمانیی نێوان بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوژمنایەتیی قووڵی پارتییەوە سەرچاوەی گرتبوو بەرامبەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هەر لە دوای گفتوگۆیە تێشکاوەکانی بارەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ بەعس لە ١٩٩١، وا ڕاگەیەنرا پارتی دیموکراتی کوردستان دانوستاندنی پچڕپچڕی لەگەڵ بەغدادا ئەنجام دەدا.[٦]

هەر لە سەرەتای ١٩٩٦ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئاشکرا پارتی دیموکراتی کوردستان بە "هاریکاریکردن" لەگەڵ بەغدا تۆمەتبار دەکرد. یەکێتی ڕای گەیاند، کە بارزانی کۆبوونەوەی درێژی لەگەڵ وەزیری نەوت، عومەر ڕەشید، ئەنجام داوە، کە لە ناوچە کوردییەکانی تورکیاوە سەردانی تورکیای دەکرد. بە گوێرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان "ئەم کۆبوونەوەیە لووتکەی پێوەندی و کۆبوونەوەکانی دوو ساڵەی نێوان سەدام حوسێن و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. ئەم ناپاکییەی پارتی چیی تر بە شاراوەیی نامێنێتەوە."[٧] لەسەر زاری سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکانی کوردستان ڕاگەیەنرا، کە نێزیکەی شێست شارەزا لە وەزارەتی نەوتەوە لە مێژوویێکی نادیاردا لە پارێزگای دهۆک بوونە بۆ

پشکنینی ئەو بەشە لووله نەوتەی عێراق – تورکیا، کە بەناو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا تێ دەپەڕی. لەگەڵ ئەوەش، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتی کردەوە هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ وەزیری نەوت یا هەر کاربەدەستێکی تردا ئەنجام دابێت،[8] ئەم ڕاپۆرتە هەرچەندێک ڕاستە، ڕاستییەکەی ئەوەیە پاڵنەرێکی گرینگ لە سێگۆشەی لووله نەوتی نێوان پارتی و تورکیا و عێراقدا دەردەخات، کە هەرسێکیان لە خستنەوەگەڕیدا بەرژەوەندییان هەبوو. پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بە گوێرەی جەلال تاڵەبانی پێشوەختە دەستی بەسەر ٧٠٪ی سەرچاوەکانی هەرێم (بە شێوەیەکی سەرەکی گومرگی سەر تەنکەرەکانی نەوت و کەلوپەل لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل)دا گرتبوو، چاوەڕوان دەکرا بە شێوەیەکی بەرچاو بە کردنەوەی لووله نەوتەکە داهاتی خۆی زیاد بکات. بۆیە ڕەنگە ئەوە ڕێککەوت نەبێت، کە پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگریی ڕێککەوتنەکەی ١٩٩٦ی نێوان بەغدا و یو ئێن نەوت بەرامبەر بە خۆراک کرد و ئارەزووی خۆشی بۆ دابینکردنی هەموو هاوکارییەکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەربڕی، "بەتایبەتی چاککردنەوە و بە ئیش خستنەوەی وێستگەی پەمپی ناوچەی زاخۆ و چاککردنەوە و بە ئیش خستنەوەی ئەو بەشەی لووله نەوتەکە، کە بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا تێ دەپەڕێ."[11] لەوەش زیاتر، مەسعوود بارزانی بە شێوەیەکی کراوە "ڕێگەچارەیەکی سیاسیی" لەگەڵ بەغدادا باس کرد، لەوانە لەگەڵ سەدام حوسێن، بارزانی ڕای گەیاند کەوا ئامادەیە بچێتە بەغدا و ئەگەر پێویست بێ گفتوگۆ لەسەر "داهاتووی گەلی کورد" ئەنجام بدرێت.[12]

لە کاتێکدا بارزانی بە شێوەیەکی مەفهومی بەرەو پیری ڕێککەوتننامەیەک، یان بگرە هاوپەیمانییەک لەگەڵ عێراقدا، دەچوو، تاڵەبانی لە ئێران نێزیکتر دەبووەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کرتر. هەروەک ڕابردوو، ئێران بە دوای ئەوە بوو دەسڕۆیینی خۆی لە کوردستان بەهێز بکات لە ڕێگەی نێوانگریکردن لە نێوان هەردوو پارتەکەدا. هەر بۆ ئەو مەبەستە، شاندێک کە لە چل و حەفت ئێرانی پێک هاتبوون لە کانوونی دووەمی ١٩٩٦ ڕەوانەی ناوچەکە کرا، بەڵام گوایە لە گەیاندنی هەردوو پارتەکە بە ڕێککەوتنێک تێ شکا،[13] لە هەمان کاتدا، ئێران دەستی بە وەشانی چەند

بەرنامەیەکی کوردی کرد لە باکوری عێراق "بۆ برەودان بە بنەماکانی ئیسلام... و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەجێندای دەرەکی."[١٤]

کارەکانی ئێران نیگەرانیی لە لای واشنتۆن دروست کرد، لە نیسان، شاندێکی ئەمەریکایی بە سەرۆکایەتیی ڕۆبێرت دۆیتچ، بەڕێوەبەری کاروبارەیلی کەنداوی باکور لە وەزارەتی دەرەوە، ڕەوانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا بۆ نێوانگریکردن لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا. بەڵام وەک ئێران، ئەمەریکاش لە ئەرکەکەیدا تێ شکا.

ئاگربڕە ناسکەکەی نێوان پارتی و یەکێتی لە ناوەڕاستی ئایار بە کۆتایی هات بە پێکدادانێک لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و خێڵی سوورچی، کە لایەنی خۆی گۆڕیبوو و چووبووە پاڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە. بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بوو بەهۆی هێرشێکی تورکیاوە لە کۆتای ئایاردا، بە بەشداریی ٦٠٠٠ سەرباز، بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە لە باکوری عێراق و هێرشێکی ئێرانی، بە بەشداریی ٢٠٠٠ سەرباز، لە کۆتای تەمووز بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەوە هێرشەکەی ئێران بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە کێشەکانی بەرەو پێشەوە برد. شەڕەقسەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بەردەوام بوو لە زیادی، بەوەی یەکێتی، پارتی بە دوو شت تۆمەتبار دەکرد، دەستخستنی چەکی گران لە بەغداوە و پیلانگێڕان لەگەڵ بەغدا لە دژی برایە کوردەکانیدا. پارتی، یەکێتیی بە سێ شت تۆمەتبار دەکرد، داواکردن لە سەربازانی ئێرانی بۆ شەڕکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەزاندنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی و دەستخستنی چەکی گران لە ئێرانەوە،[١٥] هەوڵەکانی پارتی و یەکێتی بۆ بەشداریکردنی ئەمەریکا لە کاروباردا بە هیچ کوێیەک نەدەگەیشت،[١٦] ئەمەریکا ئاگەدار بوو لەو تووڵەڕێیانەی عێراق و ئێران لە کوردستانی عێراق دروستیان دەکرد، بەڵام لەو کاتەدا دوودڵ بوو لە نانی هەر هەنگاوێک جگە لە گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ کاربەدەستانی هەردوو لا لە ئەمەریکا.[١٧]

هێماکانی لاربوونەوەی بەغدا بەرەو پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بە درێژاییی ١٩٩٦ جارجار دەردەکەوت، بەر لە هەڵگیرسانی شەڕەکە تەواو ڕوون بوو کاتێ

حکوومـەت لێـدوانێکی پارتی دیموکراتی کـوردسـتـانی بڵاو کردەوە تێـیـدا ئێـرانی تۆمەتبار دەکرد بە هاریکاریکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە هەڵایساندنی شـەڕ لـە دژی کـوردسـتـانی عێـراق. لێدوانێکی لەو شێـوەی جێگری سـەرۆک وەزیر تاریق عەزیز لەو کاتەدا بە ئاشکرا ڕاگەیەنرا.[١٨]

بە تەماشاکردن لە دوورەوە، دەکرا بارودۆخی کوردستانی عێراق لە ڕۆژێکی بەر لە دەست پێکردنی شـەڕەکـە وەک سێ بازنەی هاوناوەند ببـینرێ. لـە ناوەڕاسـتـدا دەسـەڵاتە ناوەخـۆییـیـەکـان هـەبوون، پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان و یەکـێـتـیی نیشـتـمـانیی کوردسـتـان، کـە هـەریەکـەیان دەیویسـت لە ڕێگەی دەسـەڵاتە هەرێمـییـە بەهێزترەکانەوە ناوچەی دەسڕۆیینی خۆی زیاد بکات، پارتی لەگەڵ تورکیا و عێراق، یەکێتیش لەگەڵ ئێران و سووریادا. هێزەکانی ناو بازنە گەورەترەکە بریتی بوون لەو دەسـەڵاتە هـەرێمـییـانەی هـەوڵـیان دەدا ئەو بۆشـایییـە پڕ بکەنەوە کە بە هۆی شـەڕی لایەنە کوردییەکانەوە دروست بووبوو چ بۆ شەڕ لەگەڵ کەمینە کوردییـەکانی خۆیاندا چ لە هێـشـتنەوەی ئەوانی تردا لەژێر کۆنـتـرۆڵی خۆیان. تورکیا هـەوڵی دەدا پارتی دیموکـراتی کـوردسـتــان بەکـار بهـێنێت بۆ فـرەوانکردنی دەسـڕۆیینی خـۆی لە کـوردسـتـانی عـێـراق، بۆ شـەڕ لەگـەڵ دوژمنـەکـەی، کـە پەکـەکـە بوو، هـەروەها بۆ کـۆنـتـرۆڵکردنی ئێـرانیش. ئێـرانیش لە ڕێـگەی هاوپەیمانیـەتی لەگـەڵ یەکـێـتـیی نیشـتـمـانیی کوردسـتـان، دەیویست شـەڕ لەگەڵ حـیزبی دێموکراتی کـوردسـتـانی ئێراندا بکات، مـەودای دەسڕۆیینی خۆی لە کـوردسـتـانی عـێراق بەرفرەوان بکات، بگرە دەسڕۆیینی ئەمەریکاش لە کوردستاندا سنووردار بکات. بەغدا لەلایەکی تر، لە ڕێگەی هاوپـەیمانیـەتی لەگەڵ پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـاندا، هەوڵی دەدا دووبارە کۆنترۆڵی کوردستان بکاتەوە، ڕێ لە ئێران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، کە لەناو خولگەی ئێراندا بوو، بگرێت، ڕووبەڕووی ئەمـەریکاش ببێـتـەوە. لە کۆتایی، لە بازنەی دەرەوە، ئەمەریکا دەوەستا (بە ڕادەیەکی کەمیش بەریتانیا)، کە بەرژەوەندیی سەرەکیی بریتی بوو لە ڕێگرتن لە دەسـەڵاتە ناوەخۆیی و هـەرێمـییـەکان تاکو شەڕی تازە دەست پـێ نەکـاتەوە، چونکە دەکرا ئەمـەریکا کـێش بکاتـە ناو ملـمـلانێـیـەکی نەخوازراوەوە بە تایبەتی لە بەراییی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا.

## بەغدا وەک نوێنەرێک لە ململانێی کوردیدا

لە ئەیلوولی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتوو بوو لە دەرکردنی ڕکابەرەکەی، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە هەردوو قەڵاکەی، کە برێتی بوون لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی، بوو بە تاکە فەرمانڕەوا لە کوردستانی عێراق بۆ ماوەی مانگێک،[١٩] ئاسانی و نەرمیی ئەم سەرکەوتنە دەگەڕێنرێتەوە بۆ شارەزاییی سەربازی. سەرکەوتنەکە برێتی بوو لە ئەنجامی تەڵەکەیەکی سیاسی: هاوسەرکاریی بەرژەوەندیی نێوان مەسعوود بارزانی و سەدام، کە سوپای عێراقی لە ٣١ ئاب ناردە هەولێر بۆ ئەنجامدانی شەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان،[٢٠] لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئەوە بگوترێت کە پارتی لە یەکێتی بەهێزتر بوو: لە ١٩٩٣ ڕاپۆرتی پەیمانگەی ناودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی هاوسەنگیی سەربازی ئەوەی خەمڵاند، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٥٠٠٠ پێشمەرگەی چالاک و ٣٠٠٠٠ یەدەگی هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکێتی ١٢٠٠٠ پێشمەرگەی چالاک و ٦٠٠٠ یەدەگی هەبوو،[٢١] بێگومان ئەمە پێچێکی گاڵتەجاڕیی ترە لە مێژوو، هەروەک چۆن سوپای حکوومەتی ناوەندی بانگ کرا بۆ شەڕ وەک نوێنەرێک بۆ پاڵپشتیی لایەنێکی کوردی لە دژی لایەنەکەی تر، بەم جۆرە ئەمە شکاندنی ئەو شێوازە نەریتییە بوو، کە لایەنە کوردییەکان وەک نوێنەر لە پێناو دەوڵەت لە دژی دەوڵەتێکی تردا یان لە دژی لایەنێکی کوردی ڕکابەردا بەکار دەهاتن.

شەڕی هەولێر، پایەتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردی، هەر پازدە سەعاتێکی خایاند. لە بەرەبەیانی ٣١ ئابی ١٩٩٦ دەستی پێ کرد و لە سەعات ٩ شەوی هەمان ڕۆژ بەکۆتا هات. ڕێک نەکەوتن هەیە لەبارەی قەوارەی ئەو هێزە سەربازییانەی عێراق، کە بەشدارییان لە هێرشەکەدا کرد. هەرچەندە بارزانی سەرەتا دەیویست نکووڵی لە بەشداربوونیان بکات و دواتر بە ژمارەیەکی کەمیان حسێب بکا، لە ڕاستی هێزەکە پێک دەهات لە ٣٠٠٠٠ سەربازی بژاردەی پاسەوانی کۆماری و ٢٠٠ تا ٤٠٠ تانک و فەیلەقی یەک و پێنج کە بەر لە کشانەوەیان لە ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق نیشتەجێ بووبوون،[٢٢] ئەگەر ئەم ژمارەیە زیادەڕۆیشی تێدا کرابێت، بینینی

چەند تانکێکی عـێـراقـیـی کـەم لە هەولێـر بەس بـوو بۆ ئەوەی ورەی یـەکـێـتـیـی نیشتمـانیی کوردستان تێک بشکێنێ، کە لە ڕاستیدا بەرگەی شەڕێکی لەو جۆرەیان نەدەگرت،[٢٣] شـەڕی هـەولێر بووە هۆی هـەڵاتنی هێـزەکـانی یەکێـتیی نیـشـتـمـانیی کـوردسـتـان لە شـارەکە و زیندانیکردنی ٢٠٠٠ ئەندام و لایەنگرانی، لەوانە فـوئاد مەعسووم، ئەندامێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرەک وەزیرانی پێشووی کوردستانی عێراق (١٩٩٢ – ١٩٩٣). ئەندامێکی تری یەکێتی، کۆسرەت ڕەسـووڵ، لە ڕێگەی چۆڵکردنی شـارەکـە لە ئەندامـانی یەکـێـتی بە شـێـوەیەکی ڕێکخـراو شـارەزاییی سـەرکردەییبـوونی خـۆی سەلماند، بەمـەش ڕێی لە زیانگەیاندنی زیاتر بە پارتەکە گرت،[٢٤] هێرۆی هاوسـەری تاڵەبانی، کە چالاکێکی سیاسی بوو، یەکێک بوو لەو ئافـرەتە کـوردە کـەمـانەی، کـە ئەندامی پەرلـەمـانی ١٩٩٢ بوو. هێـرۆ یارمـەتیی یەکـێـتـیی دا لە دروسـتکردنی یەکەیەکی پێـشـمـەرگـەی پێکهـاتوو لە ئافـرەتان،[٢٥] سەبارەت بە قوربانییەکان، گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاماژەی بە ژمارەیەکی خـەیاڵیی ١٥٠٠٠ کوژراو کرد لە کاتێکدا سەرچاوەیەکی بێلایەن بە ١٠٠ کوژراوی خـەمڵاند،[٢٦] ئەو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەی لەژێر یەک چەتردا کۆ بووبوونەوە، کـۆنگرەی نیـشـتـمـانیی عـێـراق، دواتر ڕای گـەیاند کـەوا ٩٦ ئەندامی لە لایەن سەربازانی عێراقەوە کوژراون لەو کاتەی کە بنکەکەیان لە قوشتەپە، ٢٢ کیلۆمەتر لە خـوارووی هـەولێر و لـە کـاتی بەرگـریدا تەقـەمـەنیـیـان لێ بڕابوو،[٢٧] لەگـەڵ کـەوتنی هەولێر بۆ ژێر دەستی پارتی دیموکراتی کوردسـتـان، ملـملانێی خۆبەخۆیی کورد گـەیشتـە ناو بازنەی پڕ: دووبارە داگیرکردنەوەی شـارەکە لە ١٩٩٦، کە پێشـتـر لە ١٩٩٥ لە لایەن هێزەکـانی تاڵەبانییـەوە دەسـتی بەسـەردا گیـرابوو. کـەوتنی هـەولێر ڕێگەی کـردەوە بۆ داگـیـرکـردنی تەواوی نـاوچەکـانی ژێر بـاڵی تاڵـەبانی، کـە بە داگیرکردنی سلێمـانی، قەڵای پێشتری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئەیلوولی ١٩٩٦دا گـەیشـتـە لووتکە. هیـواکانی یـەکێـتـیی نیـشـتـمانیی کـوردسـتـان لـە هـاتنە ناوەوەی ئـەمـــریکا بۆ لاســەنگکردنەوەی هـاوســەنگە، کــە لە بـەرژەوەندیـی ئەودا بەرجەستە نەبوو. ڕاڕاییی ئەمەریکا، کە بە خۆگڤکردنەوە لە دووری مەیدانی شەڕەوە دەسـتی پـێ کـرد، بە "بەیاننـامـەیەک لە ئارەزوونـەکـردنی لە بەشـداربـوون لە شـەڕی

ناوەخۆی کورد" بە کۆتایی هات،[28] یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە تاساوی بەجێ هێشت.

ترسی سەربازانی عێراق (کە ڕەنگە لە دوای هەولێرەوە زیاتر تێ نەپەڕیبێ)، لەگەڵ بێ هیوابوونیان لە هەڵوێستی ئەمەریکا تێکەڵ بووبوو، دووجار بڕوای بە تاڵەبانی هێنا سلێمانی بەبێ شەڕ جێ بێڵێ و یەکسەر لەگەڵ لایەنگرانیدا بۆ ئێران بڕۆن. هەروەک شەڕەکانی پێشوو، خەڵکی سڤیلی کورد باجێکی قووڵیان دا: نێزیکەی ٥٠٠٠٠ کورد کە بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییان بە یەکێتییەوە هەبوو، ناچار بوون هەڵبێن، کە دەبووە نەهامەتی بۆیان،[29] ڕاستی، ئەمە دیاردەیەکی جیهانی بوو، هەروەک لە ڕاپۆرتی وۆرلد بانکدا World Bank پێشان درا: کاتێک لە سەدەی بیستەمدا نێزیکەی ٩٠٪ قوربانییانی شەڕ سەرباز بوون، لە نەوەتەکان، ٩٠٪ خەڵکانی سڤیل بوون.[30]

دوای کەوتنی سلێمانی، تاڵەبانی ڕای گەیاند، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو شەڕی دۆڕاند، نەک شەڕ: "لە بارودۆخی شەڕی گەریلاییدا ئێوە هەمیشە دەتوانن کۆنترۆڵی شار لەدەست بدەن. ئەوەی گرینگە ئەوەیە هێزەکانتان بێڵنەوە."[31] لە ڕاستیدا، تەنیا یەک مانگ دواتر، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەڕێکی تری شەڕی بە پاڵپشتیی ئێرانی دەست پێ کردەوە، شەڕەکە دە ڕۆژی خایاند، لە ١٣ تا ٢٣ی تشرینی یەکەم. بە پووچەڵکردنەوەی دەستکەوتە کورتخایەنەکانی پارتی، یەکێتی سلێمانی و چەند شارۆکەیەکی تری وەک کۆیە و ڕواندز و دوکانی کۆنترۆڵ کردەوە و بەڵام هەولێر لە دەستی پارتیدا مایەوە. تا ٢٣ی تشرینی یەکەم، کاتێ ئاگربڕ لەنێو هەردوو پارتدا هاتە ئاراوە، پارێزگای سلێمانی کەوتبووە دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کاتێکدا پارێزگای دهۆک و هەولێر لەژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا مانەوە.

هەمان کات، لە پێچێکی گاڵتەجاڕیی تری پێوەندییە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەدا، وا ڕاگەیەنرا، کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی داوە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا چاک بکاتەوە لەو کاتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێوەندیی نهێنیی لەگەڵ بەغدا دادەمەزراند.[32]

بەغدا لە لایەن خۆیەوە، لە هەوڵێک بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر کێشەی کورد، دەستی کرد بە خستنی چەند گەلاڵەیەک بۆ بەردەستی ئێران.

## سەرکەوتنی شیرین و کورتخایەنی بەغدا

یەکەم گەڕی شەڕی کوردستان بۆ بەغدا بوو بە گرینگترین دەستکەوت بۆی لە ماوەی شەش ساڵ. دیاریکردنی شەڕەکە بە "سەرکەوتنێکی شیرین،" سەدام ئەوەی ڕوون کردەوە، کە "ئەوەی کە لەم شەڕەدا زۆر شیرین بوو بریتی بوو لەو ڕاستییەی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ ئەو برایانەیان، کە شوێن هەمان ڕێچکە دەکەوتن ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد، لە دژی ئەو برایانەن، کە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دوای ڕێچکەی پێچەوانە دەکەوتن."[٣٤]

بانگهێشتنی بارزانی بۆ هاوکاریی سەربازیی عێراق، لە لایەن عێراقەوە بە دەرفەتێکی نموونەیی دەبینرا بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی لە ١٩٩١ کوردستانی لە جەستەی عێراق کردبووەوە. ئەم شەڕە هەم جێکەوتی نیشتمانی و هەموو جێکەوتی ناوچەیی لێ کەوتەوە: گەڕاندنەوەی کوردستان بۆ ناو باوەشی نیشتمانی عێراق و هێنانەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت. لە ئاستی سەربازیدا، هەرچەندە بەشداری و دەستکەوتی سوپا سنووردار بوو، کەچی گەشانەوەیەکی گرینگ بوو بۆ ورەیان دوای چەند ساڵێک ئیفلیجبوون و نەتوانینی پێ خستنە ناو کوردستانی عێراق. لە ئاستی ناوچەیی، دوای نێزیکەی شەش ساڵ، عێراق دووبارە دەستپێشخەریی کرد، لەو ماوەیەدا ئەو وڵاتانەی سنووریان لەگەڵ کوردستانە، تورکیا و ئێران و سووریا بە دوورکەوتنەوەی بەغدا کوردستانیان کردبوو بە حەوشەی خۆیان. عێراق سەرکەوتووش بوو لە بەدەستهێنانەوەی پشتگریی وڵاتانی عەرەب لە کێشەی سەروەریی خاک لە بەرامبەر بەزاندنی خاکەکەی لە لایەن ئەمەریکا و تورکیا و ئێرانەوە.

لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان، بەغدا دەبوو بە وریاییەوە هەنگاو بنێت، بۆ هاوسەنگکردنی ئارەزووی خۆی لە پێشاندانی ڕووداوەکە وەک کارێکی شەرعی بۆ بەگریکردن لە سەروەریی خاکەکەی خۆی و ڕێگرتن لە کاردانەوەیەکی سەربازیی

ڕۆئاوا لە کوردستان، کە ڕەنگ بوو هاتنی بێگانە قووڵتر بکاتەوە. دوا بەدوای داگیرکردنی هەولێر، بەغدا لە ٢٢ ئابی ١٩٩٦ بە ئاشکرا نامەیەکی بارزانیی بڵاو کردەوە، کە داوای پاڵپشتیی سوپای عێراقی دەکرد لە کۆتاییهێنان بە پیلانگێڕیی یەکێتی و ئێران، شان بەشان لەگەڵ نامەیەک سوپاسی سەرکردایەتیی عێراقی دەکرد بۆ یارمەتیی سوپای عێراق،[٣٥] بەم جۆرە عێراق کارەکەی وەک دەستپێشخەریی خۆی پێشان نەدا، بگرە وەک وەڵامدانەوەی داوایەکی یارمەتیی نیشتمانپەروەرە عێراقییەکان پێشانی دا بۆ شەڕ لە دژی ناپاکیدا. مەسعوود بارزانی دەیویست داگیرکردنی هەولێر بەوە وەسف بکات، کە بە تەنیا لە لایەن هێزەکانیەوە بەدەست هاتووە، ئەو ڕای گەیاند "سوپای عێراق نەهاتووەتە ناو هەولێر، تەنیا بۆ چەند خولەکێک نەبێت دواتر کشانەوە."[٣٦] لەگەڵ ئەوەش بەغدا دەیویست کردەوەکە بە دەستکەوتێکی گەورە و پاڵەوانانەی سوپای عێراق وەسف بکات، کە مەبەستەکانی بریتی بوون لە ڕزگارکردنی هەولێر لەدەست ناپاکان و "گەڕاندنەوەی هێوری و ئاسایشی باکوری عێراق" و پاراستنی سەروەریی دەوڵەت لەوێ."[٣٧] بە هەمان شێوە، کاتێ بەغدا دوای داگیرکردنی هەولێر کشانەوەی هێزەکانی خۆی ڕاگەیاند، چەند کردارێکیشی دەست پێ کرد وەک هێمایەک لەوەی حکوومەتی ناوەندی لەوێ دەمێنێتەوە. هەنگاوێکی سیمبولی بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق. لە هەمووی مەترسیدارتر بۆ کورد، بە تایبەتی ئەوانەی بەرهەڵستیی بەغدایان دەکرد، گەڕانەوەی هێزەکانی ئاسایش بوو هەر لە دوای هێزی سەربازی،[٣٨] هەندێ ڕێوشوێنی ڕاگەیەنراوی تر بریتی بوون لە دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی نەریتییانە بۆ هەموو کورد و هەڵگرتنی ئەو گەمارۆیەی خستبوویە سەر کوردستان، کە لە ١١ ئەیلوولی ١٩٩٦ سەپاندبووی، کە لەناو کۆمەڵێک گرینگیی تردا چەند گرینگییەکی هەبوو، لەوانە تازەبوونەوەی پێداویستیی نەوت و دووبارە گواستنەوەی نەوت لە ناوچەکەدا.

دوا بەدوای داگیرکردنی سلێمانی، ڕۆژنامەی ئەلسەورە کاریکاتێرێکی بڵاو کردەوە تێیدا نەخشەی عێراقی لەسەر پێشان درابوو لەگەڵ دروشمی "خوا یەکە و عێراق یەکە و سەدامیش سەرکردەیە."[٣٩] ڕاستی، یەکەتیی عێراق گرینگترین

پاساوی بەغدا بوو بۆ ئامادەکردنی پاڵپشتی بۆ ئەو کردارەی خۆی لە وڵات و لەناو جیهانی عەرەبی و لەنێو کۆڕبەندە جیهانییەکاندا. لە زورنالێدان بۆ گوتنەوەی دروشم یان پاساوی یەکەتیی عێراق، بەغدا دەیویست کەڵک لەو جیاوازییانە وەربگرێت، کە هەڵوێستی یاریکەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی لەسەر پرسی کورد پێ دەناسرایەوە. لە لایەک، ئەو یاریکەرانە دەیانویست کارتی کورد بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی بەعس بەکار بێنن، لە لایەکی ترەوە، بە شێوەیەکی کەللەڕەقانە دژی دەرکەوتنی قەوارەیەکی سەربەخۆی کورد یان لەت لەتبوونی عێراق دەوەستان، کە لەوانە بوو ببێتە هۆی چۆڕانەوەی کاریگەری بۆ سەر زۆر لە وڵاتانی ناوچە. ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو، ئەوە هەر عێراق نەبوو پاڵنەریی یەکیەتیی عێراقی هەبوو. مەسعوود بارزانی پاساوی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ بەغدا لەسەر هەمان بنەما بوو، واتە کۆتاییهێنان بە "پێشێلکردنی سەروەریی عێراق." کاتێ پرسیار لە بارزانی کرا داخۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای عێراق لە هەولێر مانای کۆتاییهاتنە بەو پرسە فیدراڵییەی چەند ساڵێک پێشتر وروژاندرا، لە وەڵامدا گوتی "بگرە ئەگەر فیدراڵیش بەدەست بێنین، ئاڵای حکوومەتی ناوەندی دەمێنێتەوە... ئێمە ئاڵای خۆمان، ئاڵای کوردستان، زۆر خۆش دەوێت، بەڵام ئێمە پاشەکشەمان نەکردووە."[٤٠] بەم شێوەیە پاساوەکانی سەروەریی عێراق و شکۆی خاک گرینگترین چەکی پڕوپاگەندەکانی بەغدا بوو. لە کاتێکدا هەم ئێران و هەم ئەمەریکا سەروەریی وڵاتێکی تریان دەبەزاند، عێراق ڕای گەیاند کە کارەکانی عێراق لە سنوورەیلی خۆیدا تەواو شەرعییە.[٤١]

ڕووداوەکەی کوردستان گرینگییەکی مەزنی بۆ بەغدا تێدا بوو: لە بەرامبەر ئەمەریکا خاڵی بەدەست دەهێنا، ڕێی لە پێشکەوتنی ئێران دەگرت بۆ ناو کوردستانی عێراق و ڕێی بە حکوومەتی ناوەندی دەدا جێپێیەکی کورتخایەن لە کوردستاندا بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش، دوا بەدوای ئاگربڕی نێوان پارتی و یەکێتی و گەڕانەوەیان بۆ سەر مێزی دانوستاندن لەژێر چاودێریی ئەمەریکا و تورکیادا، پێگەی بەغدا لە کوردستان دووچاری شکان بوو. سەرکەوتنەکەی بەغدا هەروەک چۆن شیرین بوو، کورتخایەنیش بوو.

## ئەمەریکا ناوبژی لە نێوان
## پارتە کوردییە شەڕکەرەکان دەکات

شەڕی کوردستان و بەشداریکردنی بەغدا و نێزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی تشرینی دووەمی ١٩٩٦، ژمارەیەکی زۆر تەنگژەی بۆ ئیدارەی سەرۆک ویلیەم کلینتۆن دروست دەکرد. ئەمەریکا هیوای دەخواست بۆ ڕێگرتن لە بەغدا کارتی کورد بەکار بێنێت، بەڵام نەیدەویست لە شەڕی خۆبەخۆیی کوردەوە بگلێت. بە هەمان شێوە ئەمەریکا دەیویست ڕێژیمی سەدام لاواز بکات، یان بگرە لە دەسەڵاتیشی بکەوێنی، بەڵام لە ئەگەری بەش بەشبوونی عێراقیش دەترسا. هەرچەندە دەیویست بارودۆخی عێراق بە هێمنی بێڵێتەوە لەبەر هەڵبژاردنەکان، ئەمەریکا نەیدەتوانی هەروا بە تەمبەڵی بمێنێتەوە لە بەرامبەر ئەو کۆسپانەی بەغدا دروستی کردبوون. هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرامبەر شەڕی خۆبەخۆیی کورد لەم تەنگژانانەوە سەرچاوەی دەگرت، کە دەبووە هۆی زیاتر لێڵبوون لە کێشەی کورددا.

لەبەرئەوەی ئەمەریکا ڕەنگە تاکە یاریکەر بێت کە لەسەر ململانێی خۆبەخۆیی کورد گەشەی نەدەکرد، سیاسەتی سەرەکیی ئەمەریکا برێتی بوو لە هەوڵدان بۆ ناوبژی لە نێوان پارتە شەڕکەرەکان، ئەمەریکا هەر لە بەراییی تازەبوونەوەی ململانێیەکەدا ئەم هەوڵەی دەست پێ کردبوو،[٤٢] پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خۆیەوە، هەوڵە بە کردارنەبووەکانی ئەمەریکای لە بەرامبەر پێشکەوتنی ئێران بۆ ناوچەی کوردستان بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوو وەرگێڕانەکەی خۆی بەکار هێنا. بارزانی ڕای گەیاند کەوا بەر لە نێزیکبوونەوەی خۆی لە بەغدا، "دە جار" داوای پاڵپشتیی لە ئەمەریکا کردووە.[٤٣]

کاتێ شەڕ دەستی پێ کردبوو، ئیدارەی ئەمەریکا بڕیاری دا وەڵامدانەوەی هەبێت، بەڵام بە کەمترین باجی سیاسی و سەربازی. ئەمەریکا چل و چوار مووشەکی ئاراستەی دامەزراوە سەربازییەکانی عێراق کرد، بەڵام هیچی ئاراستەی کوردستان نەکرد. مووشەکەکان پێ دەچوو تەنگژەیەک لە تەنگژەکانی چارەسەر کردبێت: بەبێ بەشداربوونی سوپای ئەمەریکا لە شەڕی سەر زەوی، کە دەکرا ئەنجامی

کارەساتئامێزی بەدوادا بێت، پەیامێکی بۆ بەغدا نارد.

هەروەک وا دەرچوو، پێشاندانی هێز لە لایەن ئەمەریکاوە، کاریگەریی نەخستە سەر شەڕەکە، نە پێشکەوتنی هێرشی زەوینی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگرت و نە دواتر شەپۆلی هێرشەکەشی گەڕاندەوە. لەوەش زیاتر، بووە هۆی بەرزبوونەوەی ڕەخنە لە لایەن وڵاتانی عەرەبی و هەروەها تورکیا و سعوودیەشەوە، هەردووکیان ڕەتیان کردەوە ڕێ بە ئەمەریکا بدەن لەناو هەرێمەکانیانەوە مووشەک بهاوێژێت. لە ترسی لەدەستدانی دەسڕۆیین و هێشتنەوەی ئارامی لە ناوچەکە، بە تایبەتی بەر لە هەڵبژاردنەکان، ئەمەریکا جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ناوبژی. لە ١٨ ئەیلوولی ١٩٩٦، مەسعوود بارزانی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆبەرت پێلیترۆی یاریدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆهەڵاتی ناوین بانگی ئەنقەرە کرا، ڕەنگە بۆ زانینی کشانی مەسعوود بارزانی بێت بەلای بەغدا. لە بەرامبەر، مەسعوود بارزانی بەوە ناوبانگی دەرکردبوو، کە لە باکور داوای جۆرێک بەشداریی ئەمەریکای کردبوو.[٤٤]

کاتێ لە شەڕەکەدا ئاراستە گۆڕا، ئەمەریکا زۆر بە پەرۆشانەتر هەنگاوی دەنا و لە ٢٣ تشرینی یەکەم سەرکەوتوو بوو لە بەرپاکردنی ئاگربڕێک لە نێوان هەردوو پارتدا. گفتوگۆیە ناوبژیکەرییەکان، کە بە بەشداریی ئەمەریکا و تورکیا و نوێنەرانی کورد لە ئەنقەرە بەڕێوە چوون، بووە هۆی گەڵاڵەکردنی ڕێککەوتنێکی دە خاڵی، کە لە ٣١ تشرینی یەکەمدا ڕاگەیەنرا. لەگەڵ ئەوەش، پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا لەسەر ئەم پێنج خاڵەی خوارەوە ڕێک کەوت: پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەکە، گەڕانەوەی خزمەتگوزاریی مەدەنی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاڵوگۆڕکردنی گیراوان، ڕاگرتنی هەڵمەتی ڕاگەیاندن لە دژی یەکتری، دیاریکردنی هێڵی ئاگربڕەکە بە گوێرەی هێڵەکانی شەوی ٢٣ تشرینی یەکەم. پارتی دیموکراتی کوردستان دوودڵ بوو لە ڕازیبوون بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکان یان لە نەرمی نواندن بۆ ڕێدان بە پەکەکە بەوەی لەناو خاکی عێراق دژ بە تورکیا هەنگاو هەڵگرێت. کەچی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕازیبوونی خۆی بە هەر دە خاڵ ڕاگەیاند، " سەرەڕای هەبوونی تەحەفوزات لەسەر هەندێک لە خاڵەکان."[٤٥]

لەوەش سەیرتر ئەو هەنگاوی ئەمەریکا بوو بۆ دامەزراندنی هێزێکی

"چاودێریکردنی ئاشتی" لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ کە لە ٤٠٠ تورکمان و ئاشووریی ناوچەکە پێک دەهات. ئەم هێزە، کە لە لایەن ئەمەریکاوە پارەی دەدرا، متمانەی سەرپەرشتیکردنی ئاشتەواییی نێوان یەکێتی و پارتییان پێ درابوو، بەڵام بە سستی مانەوە کاتێک شەڕ جارێکی تر لە نێوان لایەنە کوردییەکاندا دەستی پێ کردەوە.[٤٦]

## ڕوو وەرگێڕانی بارزانی گۆڕانی بەسەردا دێت

هەروەک چۆن هاوپەیمانییەکەی مەسعوود بارزانی لەگەڵ بەغدا سەرسامکەر دیار بوو، دەبێ ئەمە لەناو چوارچێوە مێژووییەکەی دابنرێت و لەژێر باکگراوندی گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی کەنداو لێکدانەوەی بۆ بکرێت. لە ڕووی مێژووییەوە، گۆڕانی ڕوو بووەتە بەشێک لە سیاسەتی کورد، هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی و فارسییەوە بگرە. ئەگەر گۆڕانێک لە شێوەی مێژوو ڕووی دابێت، تەنیا برێتی بووە لەو ڕاستییەی، کە کورد بانگی حکوومەتی ناوەندییان کردبوو بۆ یارمەتیدانیان لە دژی باڵێکی تری کورد.

لەوەش زیاتر، پاڵپشتییە نهێنییەکەی ئەمەریکای سەرەتای حەفتاکان، لە سەرەتای نەوەتەکان بوو بە هاوکارییەکی دیار و نابەدڵ. "ناپاکی"ی بارزانی بەرامبەر ئەمەریکا دەبێت لەژێر ئەو باکگراوەندی "ناپاکی"ی ئەمەریکا ببینرێ لە بەرامبەر کورد لە ١٩٧٥، کە لە پڕ کۆمەکی نهێنیی ئەمەریکا بۆ کورد بە کۆتایی هات و بووە هۆی نسکۆی شۆڕش لە بەرامبەر بەغدا.[٤٧]

لە نەبوونی ئیعتیباراتی سیاسەتێکی واقیعیش نەبوو. بارزانی ڕەنگە گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەمەریکا لەژێر هیچ بارودۆخێکدا پشتیوانی لە قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی ناکات و لەوەش زیاتر ئاشتەواییی نێوان ئەمەریکا و بەغدا تەنیا بە مەسەلەی کاتەوە گرێدراو هەروەک لە ڕێککەوتنی نەوت بەرامبەر بە خۆراکدا دەردەکەوت. لێرەوە، بەر لە هەڵگیرانی گەمارۆ، دەکرا ڕێککەوتنێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکوومەتێکی ناوەندیی لاواز لە زۆر لاوە خزمەت بکات: بەدەستهێنانی پشتیوان لە دژی ڕکابەرە کوردییەکەی، بەمەش قۆرخی دەسەڵاتی دەکرد لە کوردستان هەروەک چۆن لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٥ وا بوو، ڕێگرتن لە هەر

کردەوەیەکی سەربازیی بەغدا لە دژی کورد کاتێ دەستەکانی یەکگرتوو بوون، ئەوەشی لە ئەمەریکا گەیاند کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەزموونی ڕابردوویدا شت فێربووە و چی تر نابێتە ئامرازێک لەناو دەستی کەسانی تردا.

کراوانە قسە بکەین، هەروەک وا دەرچوو، لە ڕوانگەی بارزانییەوە هەنگاوەکانی خۆی هەمووی هەڵە نەبوو: پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی هەولێری کرد و بەردەوام بوو لە دەستگرتن بەسەر داهاتی کوردستان[٤٨] و بووە ڕاگرێک بۆ هێزی دانوستاندنەکەی لە بەرامبەر لایەنەکانی تردا. لەگەڵ ئەوەش، ساڵانی دواتر بارزانی ددانی بەوە نا، کە شەڕی ناوەخۆ "هەڵە بوو و (دووبارە) نابێتەوە، لەبەر ئەوە، داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان دەکەین."[٤٩] بارزانی لە دەربڕینێکی بەرگریکارانەدا زیاتر گوتی هەنگاوەکە ئاراستەی یەکێتی نەکرابوو بگرە ئاراستەی "هاتنە ناوەوەی ئێران" بوو،[٥٠] ڕەنگە زۆر زوو بێت بڕیار بدەین، بەڵام دەکرێ شازدە ساڵی کوردستان بەبێ تەقە مانای ئەوە بێت، کە شەڕی ناوەخۆ بۆ کورد ئەزموونێکی واقیعی بوو، کە گۆڕا بۆ دەرفەتی یەکەتییەکی مەزنتر.

پەڕاوێز:

1. Michael Howard, "War and Nations," in Nationalism, eds. John Hutchinson and Anthony D. Smith (Oxford: Oxford University Press, 1994), p. 235.
2. Paul Collier, Breaking the Conflict Trap: Civil War and Development Policy (Washington, DC: World Bank; New York: Oxford University Press, 2003), p. 19 and chap. 1.
3. Charles Tilly, "War Making and State Making as Organized Crime," in Bringing the State Back In, eds. Peter B. Evans, Dietrich Rueschemeyer, Theda Skocpol (Cambridge: Cambridge University Press, 1985), p. 170.
4. The warring parties used mechanisms employed by states; namely, "eliminating or neutralizing their rivals" inside their territories. Tilly, "War Making," p. 181.
5. Al-Sharq al-Awsat (London, daily), 14 September 1996. Until 1984, the PKK used KDP camps. However, following Turkish attacks on these camps in that year, the KDP asked the PKK to leave; therefore, the Turkish group began establishing its own camps in Iran. Ismet G. Imset, The PKK: A Report on Separatist Violence in Turkey (Ankara: Turkish Daily News Publications, 1992), p. 185. 6. Le Monde, 26 August 1996.
7. Agence France Press, 5 March 1996, cited in Daily Report, 6 March 1996.
8. Mideast Mirror, 4 March 1996; Al-Hayat (London, daily), 7 March 1996; Al- Watan al-'Arabi (Cairo, weekly), 12 April 1996; Al-Sharq al-Awsat (London, daily), 4 May 1996.
9. Voice of the People of Kurdistan, 31 January 1996, cited in Daily Report, 1 February 1996.

10. Under the program, Iraq was able to sell Iraqi oil after it had been forbidden to do so because of the sanctions imposed on it after the invasion of Kuwait in 1990. Most of the revenues were supposed to be used to purchase humanitarian supplies.
11. Voice of Iraqi Kurdistan, 2 May 1996, cited in Daily Report, 23 May 1996.
12. Hürriyet, 6 June 1996, cited in Daily Report, 20 June 1996.
13. Middle East News Agency, 13 January 1996, cited in Daily Report, 17 January 1996.
14.Agence France Press, 18 February 1996, cited in Daily Report, 23 February 1996.
15. This was also mentioned by Marion Farouk-Sluglett and Peter Sluglett, Iraq Since 1958: From Revolution to Dictatorship, 3rd ed. (London: I. B. Tauris, 2001), p. 299.
16. Even as the meeting was taking place, Barzani had already made the deal with Baghdad. Gareth R. V. Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy (New York: Routledge Curzon, 2003), p. 98.
17. US State Department and Kurdish officials, interviewed by the author, Wash Washington, DC, 7 8 August 1996.
18. Alif Ba' (Baghdad, weekly), 28 August 1996.
19. For a graphic description of this war, see Quil Lawrence, Invisible Nation: How the Kurds'Quest for Statehood Is Shaping Iraq and theMiddle East (NewYork:Walker; distributed by Macmillan, 2008), pp. 63–132.
20. In its propaganda, the PUK referred to the KDP as "the 31 August party." Hussein Tahiri, The Structure of Kurdish Society and the Struggle for a Kurdish State (Costa Mesa, CA: Mazda, 2007), p. 281.
21. Quoted by Anthony H. Cordesman, Iran and Iraq: The Threat from the Northern Gulf (Boulder, CO:Westview Press, 1994), pp. 229–230.
22. Jerusalem Post (Jerusalem, daily), 1 September 1996; Financial Times (London, daily), 2 September 1996; Voice of the People of Kurdistan, 3 September 1996, cited in BBC, 5 September 1996; The Economist (London, weekly) 16 September 1996; Al-Wasat (London, weekly), 16 September 1996.
23. In an interview, Talabani said that he had lost "several tanks that were in the cities." Radio Monte Carlo, 2 September 1996, cited in Daily Report.
24. Stansfield, Iraqi Kurdistan, p. 98.
25. Lawrence, Invisible Nation, p. 82.
26.APUK spokesman quoted in L'Unità, 3 September 1996, cited in Daily Report; Le Monde (Paris, daily), 3 September; on 4 September, Internal Herald Tribune (Paris and Zurich, daily) quoted an eyewitness as saying that 1,000–2,000 people had died in Erbil.
27. Middle East International (London, biweekly), 6 September 1996.
28. US assistant secretary of state for near eastern affairs, Robert Pelletreau, maintained,
"We have no commitment to them against their own bad judgment if the party invites Saddam Husayn in." Mideast Mirror, 26 September 1996.
29. Financial Times, 16 September 1996.
30. Collier, Breaking the Conflict Trap, p. 16.
31. Financial Times, 16 September 1996. 32. Mideast Mirror, 11 November 1996
33. Middle East International, 8 November 1996.

34. Iraqi TV, 18 November 1996, cited in Daily Report.
35. Alif Ba', 4 September 1996.
36. Al-Sharq al-Awsat, 26 September 1996, cited in Daily Report 2 October 1996.
37. Iraqi News Agency, 2 September 1996, cited in BBC, 3 September 1996.
38. Le Monde, September 3, 14 1996; Talabani said that they dressed as Kurds. Al- Majalla (London, weekly), 6 October 1996.
39. Al-Thawra (Baghdad, daily), 11 September 1996.
40. Voice of Iraqi Kurdistan, 5 September 1996, cited in Daily Report.
41. See, for example, Iraqi News Agency, 2, 3 September 1996, cited in Daily Report; Al-Qadisiyya (Baghdad, daily), 7 September 1996.
42. Al-Wasat (London, weekly), 9 September 1996.
43. Al-Sharq al-Awsat, 21 September 1996. The bottom line for the two Kurdish representatives in Washington, Hoshyar Zebari of the KDP and Barham Salih of the PUK was that the United States should broker peace between the two or in some way venture to stop the fighting. Hoshyar Zebari, KDP representative in Washington, and Barham Salih, PUK representative in Washington, interviewed by the author, Washington, DC, 7–8 August 1996.
44. Mideast Mirror, 26 September 1996.
45. Al-Sharq al-Awsat, 1 November 1996; Voice of Iraqi Kurdistan, 1 November 1996, cited in Daily Report; Voice of the people of Kurdistan, 2 November 1996, cited in Daily Report.
46. As to the Turkomans, not only did they fail to make peace with the Kurds, but they also failed to maintain it among themselves. There were several groupings and conflicting trends among them; for example, the rival factions of the Turkomans of Kirkuk and those of Erbil that had been formed in 1995.
47. A KDP official justified the move by, among other things, the earlier US stance toward the Kurds. KDP official, interviewed by the author, Ankara, 23 October 1996.
48. Michael Gunter estimated revenues at $150,000 per day. Michael Gunter, The Kurds and the Future of Turkey (Houndmills: Macmillan, 1997), p. 117. Al-Majalla, 5 October 1997, estimated them at $1 million.
49. Kurdish Media, 4 June 2010, www.kurdishmedia.com.
50. Lawrence, Invisible Nation, p. 87.

بەشی سێیەم

# دروستبوونی قەوارەی کوردی

۱۹۹۸-۲۰۱۰

عێراق وەک کەشتییەکی گەورە وایە بۆ هەموو عێراقییەکان، عەرەب و کورد. ڕێ بە هیچ کەسێک نادەین ئەو کەشتییە کون بکات نەوەک کەشتییەکە پەکی بکەوێ و نوقم بێت.

سەدام حوسێن، ڕۆژنامەی ئەلسەورە، ٢٣ شوبات، ٢٢ ئادار ١٩٧٩

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان. نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان.

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە. زیندووە و قەت نانەوێ ئاڵاکەمان.

سروودی نیشتمانیی کورد

١٤

## باری ئاڵۆزی پێوەندییەکانی دەرەوە

لە دیمانەیەک لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی عەرەبی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠دا مەسعوود بارزانی گوتی، کە هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان پابەندە بە یەکەتی و سەروەریی خاکی عێراق، بەڵام ئەمە دەبێ شێوەیەک لە فیدراڵی وەربگرێت، کە تەنیا سیاسەتی دەرەوە و بەرگریی نیشتمانی و کاروباری دارایی لەناو دەستی حکوومەتی ناوەندیدا دێڵێتەوە،[١] بگرە لەم ناوچانەدا، کورد پێشوەختە چەند هەنگاوێکی سەربەخۆبوونیان وەرگرتووە. هیچ شوێنێک هێندەی پێوەندییەکانی دەرەوە ڕوونتر نییە، کە پشکی یاریکەرە هەرێمی و ناودەوڵەتییەکان بەرز دەکاتەوە.

یەکێک لە ئامرازە هەرە گرینگەکانی بنیاتنانی نەتەوە و بنیاتنانی دەوڵەت بۆ ئەوانەی حەز بە جیابوونەوە دەکەن، بریتییە لە هەبوونی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەربەخۆی جیا لە دەوڵەتەکە. ڕاستی، پێناسەی کلاسیک بۆ دەوڵەتێک بریتی بوو لە "توانای پێوەندیی دروستکردن لەگەڵ وڵاتانی تردا."[٢] لە پرسی کورددا، هەر ڕەفتارێکی کورد لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ئەوەندە چارەنووسسازە بۆ پرۆسەکانی بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت بۆیە باسکردنی بواری پێوەندیی دەرەوەم هەڵبژاردووە بەر لە باسکردنی بواری دیموکراتی. ئەمە بە مەبەست بووە یا نا، بنیاتنانی نەتەوەی کورد گەشانەوەیەکی گەورەی لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە وەرگرتووە: لە شەڕی سەختی بەغدا لە دژی کورددا، لە پێدانی پەتی ژیان لە سەردەمی چارەنووسسازی بنیاتنانی دەوڵەت، لە لایەن تورکیاوە، هەروەها لە لایەن یاریکەرەکانی تریشەوە، بە تایبەتی ئەمەریکا، ڕۆڵی سەرەتاشی وەک نێوانگر، کە دواتر کورد بۆ شەڕی عێراق لە دژی بەعس ئامادە دەکات لە ٢٠٠٣.

لەبەر چەند هۆکارێک، پێوەندییەکانی کورد لەگەڵ جیهانی دەرەوە تەواو ئاڵۆز بوو:

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەوڵەت نەبوو، چەند یاریکەرێک لە دەرەوە بەشدار بوون، بواری پێوەندییە ناودەوڵەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر هەرێمەکەی نادیار بوو، ئارەزووی دژ بە یەک هەبوون لەبەر ئەو بەربەرەکانێیانەی لەگەڵ کوردی کوردستانی گەورەدا هەبوون لە لایەکەوە، ئارەزووی ناسیۆنالیزمی کوردیش لەلایەکی ترەوە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند هۆکارێک هەبوون لە هەوڵەکانی خۆیاندا یارمەتیی کوردیان دەدا، کە لەناو هۆکارەکانی تردا برێتی بوو لە بەهەرێمیبوون و بە ناودەوڵەتیبوونی مەسەلەی کورد دوای شەڕی عێراق و ئێران و شەڕی کەنداو. بەو پێیەی لە کاتێکدا زۆربەی پێوەندییەکانی نێوان کورد و لایەنەکانی دەرەوە تا سەرەتای نەوەتەکان بە نهێنی بوو لەبەرئەوەی نە کورد نە لایەنەکانی تر نەیاندەویست بە ئاشکرا باسی بکەن، لەو کاتە بە دواوە، پێوەندییە نیمچە فەرمییەکان لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی جیا جیا بە ئاشکرا دەستی پێ دەکرد. ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەمە لە هەڵوێستی کورد خۆیانەوە سەرچاوەی دەگرت. لەگەڵ هەموو ناکۆکییەکیان، کورد فێر بوون کەڵک لە میدیای ناودەوڵەتی وەربگرن و پرسەکەی خۆیان بە جیهانی دەرەوە بناسێنن، بە تایبەتی دوای کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە. ڕۆڵی ئاوارەکانی هەندەرانیش لەو بوارەدا چارەنووسساز بوو.[٣]

بە هەمان شێوە، کورد کەڵکیان لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن بەغداوە وەرگرت بۆ ڕەپێشکردنی کارنامەی دەوڵەتێکی فیدراڵی، بەو هیوایەی لە کۆتاییدا کۆی ناودەوڵەتی ببێتە پشتیوان بۆ ئەم مەسەلەیە. کورد لە بواری پێوەندییە دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی دەرەوەدا یەکەم هەنگاوی کاتیشیان گرتە بەر. بەم جۆرە، گەمارۆیە ناودەوڵەتییەکانی سەر بەغدا کوردی ناچار دەکرد لەگەڵ یو ئێن و ئاژانسەکاندا بە دوای پێوەندیی دیپلۆماتیدا بگەڕێن، کە دەستیان کرد بە پێوەندی دروستکردن لەگەڵ نێردەی کورد وەک "نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی خۆیان."[٤] دیپلۆماتێکی ئەمەریکا، فرانسیس ڕیسیاردون، ڕای گەیاند کە "وەک مومارسێکی بێ دەوڵەت لە پێوەندییە ناودەوڵەتییەکاندا، ڕێکخراوە کوردییەکان ئێستە پێوەندییەکی ناودەوڵەتیی دەسڕۆیی‌وتر و کراوەتر و متمانەدارتر و مانادارتریان لەوەی ڕێژیم هەیە."[٥] بە شێوەیەکی ددان پێدانراو هەروەک لەو بەشەدا پێشان دراوە، چالاکییە

شەڕئاسایەکان وەک بەشێک لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوە مایەوە، بەڵام لە هەندێ کاتدا ئەم بەشە بە هۆی چالاکییە سیاسی و دیپلۆماتییەکان زیاتر هاوسەنگایەتی بە خۆیەوە دەبینێت. هەروەک عیسمەت بۆزەرسەلان پێی وایە "لە ماوەی دە ساڵێکدا (نەوەتەکان) پرۆسەیەکی گشتیی هێمنبوونەوە شوێنی ئاراستەی گشتییەکەی توندوتیژی و شۆڕشی گرتەوە."[٦]

دیوی تری دراوەکە بریتی بوو لە گۆڕان لە هەڵوێستی کۆمەڵێک لە یاریکەرە هەرێمی و ناودەوڵەتییەکاندا، لەوانە ئەمەریکا، بەریتانیای مەزن، فرەنسا، ڕووسیا، کە دەیانویست لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە کۆسپ بخەنە بەردەم بەغدا. بەڵام لەبەرئەوەی کورد بە شەڕی خۆبەخۆییەوە خەریک بوون، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەستەم دەیتوانی ئەو ڕۆڵە بگرێتە ئەستۆ، واتە، ڕۆڵی چالاکییە نێوانگرییەکان لە لایەن یاریکەرە دەرەکییەکانە. لە ڕاستیدا ئەمە یەکێک بوو لە ئەنجامە ئەرێنییەکانی شەڕی ناوخۆی کورد کە لە ڕاستیدا بووە هۆی بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکان لەگەڵ خاوەن دەسەڵاتە دەرەکییەکاندا. بمانەوێ و نەمانەوێ، نێوانگرەکان گوتەبێژە کوردەکانیان بە نوێنەری قەوارەیەکی کوردی دادەنا نەک بە نوێنەری دەوڵەتی عێراق، کە هەندێ وڵات لە دوای شەڕی کەنداوەوە پێوەندییان لەگەڵدا نەمابوو. لە ڕاستیدا، لەوەتەی دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان (شان بەشان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا نوێنەری لە "وڵاتە ئەمەریکاییەکان، ئەمەریکای باکور و وڵاتە عەرەبییە دراوسێیەکاندا" هەبوو،[٧] ئەم نوێنەرانە، کە ئەرکی سەرەتایان بریتی بوو لە ئاسانکردنی هەوڵە نێوانگرییەکان، لەو کاتدا کاریان بوو بە ئەرکی دیپلۆماتیی بەرفرەوانتر لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش ڕەهەندێکی گرینگی تری بۆ بنیاتنانی دەوڵەت زیاد کرد. بە مانایەکی تر، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە بەکارهێنانی نێوانگرییەکان وەک خاڵێکی دەرچوون، پێوەندییەکانی دەرەوەی ئینج بە ئینج دادەمەزراند.

کـۆتاییی نەوەتـەکـان هـەوڵـی چڕی بەخـۆیـەوە بینـی لە لایەن ئـەو حکوومــەتـە جـیـا جیایانەی نێوانگرییـان لە نێوان لایەنە شـەڕکـەرە کوردەکانی عێراقدا دەکرد. ئەم گۆڕانە نائاسـاییـیە لە یەکەم تەمـاشـاکردندا پێ دەچوو نـاڕوون بێت لەبەرئەوەی ئەو نێـوانـگرانەی کـە لـە مــەسـەلەکـەدا بوون هـیـچـیـان پرسی کـوردیان بە جـیـدی وەرنەدەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا، شیکردنەوەی ورد ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مەبەست لەو هەوڵە نێـوانگرییانەی لە گۆڕێدا بوون برێتی بـوو لە جێبـەجێکردنی شـەڕێک لە دژی عێراق بە بەکارهێنانی کارتی کورد لە ڕێگەی ئامرازی دیپلۆماتییەوە. نێـوانگرەکان بە گشتی چەند ئامانجێکی گشتییان هـەبوو، هـەرچەندە لەسـەر هەندێ شتی تایبەتدا جیا بوون. هـەموو نێوانگرەکان دەیانویست نێوانگرییەکان وەک ئامرازێک بەکار بێنن بۆ ڕێگرتن لەو دۆخـەی لە کوردسـتـان هـەیە، هێشـتنـەوەی دەسـرۆیینیان لەسـەر پارتە کوردییەکان، لاوازکردنی دەسرۆیینـی نێوانگرە ڕکابەرەکان، هێشـتنـەوەی بەغدا بە لاوازی، لە هـەمـان کـاتیش، ڕێگرتن لە دامـەزرانی قـەوارەیەکی کـوردیی سـەربەخـۆ. لەگەڵ ئەوەش، جیـاوازییـەکی گرینگ سـەبارەت بە ئەمـەریکا و تورکیـا، کە بە گشـتی ڕێککەوتنێکیــان لەســەر پرسی کــورد دەبینـی و هـەتا بگرە ســەرەتا هـەوڵە نێوانگرییەکانیشیان یەک خست. لەگەڵ ئەمەش، بۆچوونیان لەبارەی پێوەندیی نێوان کورد و بەغداوە زۆر لە یەکتری دوور بـوون: لە کاتێکدا تورکیا لایەنە کوردییـەکانی هـان دەدا لەگەڵ بەغدا دانوستـاندن بکەن، ئەمـەریکا بە توندی لە دژی دانوسـتـاندنی لەو جۆرە دەوەسـتـایەوە،[٨] ئەم بۆشـاییـیە ئاماژە بوو بـۆ جیـاوازییەکی گەورەتر، واتە، ئامـادەییی تورکیا بۆ هـاریکاریکردن لەگەڵ ڕێژیمی سەدام حـوسێن و لە کۆتاییشـدا ڕازیبـوون بە کۆنتـرۆڵکردنەوەی ناوچەکە، بە پێچەوانەی هـەڵوێسـتی ئەمەریکا، کـە بە توندی بەرهـەڵسـتیی گەڕانەوەی سـەدامی دەکرد بۆ ناوچەی کوردسـتـان. بۆ تورکیـا، خراپترین دۆخ برێتی بوو لە بەش بەشبوونی عێراق.

داینامیکیی نێوانگرییەکان شێوازێکی تایبـەتی وەرگرت. دوای دروسـتبـوونی هـەر دوژمنایەتییەک، نێوانگرەکان بە پەلە ئاگربڕێکیان ئەنجام دەدا، کە تا ماوەیەک کاری

پێ دەکـرا و دواتر گـەڕێکی تری شـەڕ و هـەوڵی نێـوانگریی بە دوادا دەهـاتەوە. ئەو لایەنانەی لە پرۆسـەکەدا بەشدار بوون کێبەرکێیان لەسـەر ڕۆڵی نێوانگری دەکرد لە کـاتێکدا هـەوڵیـان لە بچـووکترین سـەرکـەوتنی خـۆیان دەدا، کـە لە لایەن نێـوانگرێکی ڕکابەرەوە بە دەست دەهات. حـاڵەتێک لەو کـاتەدا بـرێتی بوو لە داخـوازیی ئەمـەریکا لە تەمـووزی ١٩٩٥ بەوەی کـورد ئەو دایەلۆگـانـە ڕابگرێت، کـە ئێـران بە مـەبەسـتی دانوستاندنـی ئاشتی لە نێوان لایەنە کوردییـەکان هـەیەتی، لە جێگەی ئەوە گفتوگۆی لەو جـــۆرە لە ئـەوروپا بـە چاودێریی ئەمــــەریکا ســـاز بـکات،[٩] نموونـەیەکی دیار لە نێـوانگری و دژە نێـوانگرییـەکـان بـرێتی بوو لە کـۆنفـرانسـێکی ئـاشـتی لە شـاری درۆگێدای ئێرلەندا لـە ٩ تا ١١ ئابی ١٩٩٥ بە پاڵپشتیی ئەمـەریکا، کـە هـەریەکـە لە پارتی و یەکێـتی و کۆنگرەی نیشـتمـانیی عێـراقی و تورکیـاش وەک چاودێر تێیدا بەشـدارییـان کـرد. ئەوەندەی پێ نەچوو، کـە ڕێککەوتنەکـە ئەنجام درابـوو لایەنەکـان گـەڕێکی تری شـەڕیان دەست پێ کردەوە. پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان ئێـران و سووریای سـەرکۆنە دەکرد بە دەست پێشـخـەریکردنی شـەڕ تا هـەوڵە نێوانگرییـەکانی نێـوان ئەمــەریکا و تورکـیـا ڕابگرن. لەگـەڵ ئەوەش، پارتی دواتر بە بێ دوودڵـی لە بەشـداریکردن لە هـەوڵێکی نێـوانگریی ئێـران خـۆی ڕەزامـەندیی پیـشـان دا. بۆ دڵنیابوونەوە، پارتی و یەکێتی هـەردووکیان دەرفەتی فرەوانیان بە نێوانگرەکان دەدا تا کـارەکـەی خـۆیان بکـەن، چ وەک نێـوانگریی ئاشـتی و چ وەک شـکێنەری ئاشـتی. ئەوەی کـە جێگـەی سـەرسوڕمـان بوو لە بارودۆخـەکەدا ئەوە بوو، کـە پارتی و یەکێتی تەنیـا لە ڕێگـەی شـەڕی هـاوکـۆمـەڵگەییـیـەوە کـە بۆ پرسـە نەتەوەییـیـەکـەیان زۆر چارەنووسـساز بوو دەیانتـوانی بەرژەوەندیی نێودەوڵـەتیی خـۆیان لە پرسـی کـورددا بهێڵنەوە.

## پردی لێک تێگەیشتن لە نێوان بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا

مـامـەڵـەکردن لەگـەڵ کورد لە هـیچ جێگـەیەک ئەوەندە ڕوون نییـە بە قـەد هـەڵوێسـتی حکوومەتی ناوەندیی عێراق لەبارەی کێشـەی کوردەوە. لەم ڕووەوە، گوتاری سیاسیی بەغدا گرینگە. گـوتاری سـیـاسـیی بەغدا بەشـداربوونی بەغدای لە شـەڕی هـەولێری

١٩٩٦ وەک وەڵامێکی ڕاستەوخۆی داواکەی بارزانیی وێنا کێشابوو، کە لە ڕاستیدا تەواو سەیرە. دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری وەک نەریت پرس بە هاووڵاتییانی ناکات تا ڕێی پێ بدەن لەناو خاکی خۆی هەنگاو هەڵگرێت. هەروەها ئەو دەوڵەتە لەگەڵ بەشێک لە دانیشتوانەکەشی وەک هاوبەشێکیش مامەڵە ناکات، وەک ئەوەی دوو بەشی یەکسان بن. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو بریتی بوو لە بەشداربوونی حکوومەتی ناوەندی لە هەوڵە نێوانگرییەکانی نێوان ئەو لایەنانەی کە ماوەیەک پێشتر تا سەر ئێسک شەڕی لەگەڵ کردبوون.

لە سەرەتاوە، هەوڵەکانی نێوانگری لە لایەن وڵاتانی جیاوازەوە جێگەی نیگەرانییەکی زۆری بەغدا بوو. دوایەم شت، کە بەغدا خۆزگەی بۆ دەخواست بریتی بوو لە ئاشتەوایی لە نێوان کورددا، کە ڕەنگ بوو ببێتە هۆی بارودۆخی ئۆتۆنۆمیی کوردستان. ڕەهەندێکی نیگەرانکەری تری بارودۆخەکە بریتی بوو لەو ئاسانییەی دەوڵەتە جیا جیاکان، کە زۆربەیان دوژمنی سەرسەختی عێراق بوون، دەیانتوانی پێیەوە کورد بەکار بهێنن لە کاتی بەرزکردنەوەی دەسڕۆیینی خۆیان لە کوردستانی عێراقدا بەبێ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی بتوانێت بیانوەستێنێ.

شتێکی نیگەرانکەری هاوشێوە ئەو بۆچوونانە بوون سەبارەت بە دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدراڵیی عێراقی. لەژێر ڕۆشناییی ئەو ڕاستییەی، کە کورد هەنگاوێکی سەرەکییان بەرەو فیدراڵی بڕیبوو و لەژێر ڕۆشناییی بارودۆخە دژوارەکەشدا، ئەم ترسە ئێستە تەواو بەرجەستە بووبوو. نێزیکەی هێرشە ئاسمانییە ڕۆژانەییەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ناوچەی دژە فڕین لە کوردستان ئەنجامیان دەدا دڵەڕاوکەی ڕێژیمی بەغدای سەبارەت بە داهاتووی ناوچەکە زیاد دەکرد. لە کاتێکدا بەغدا بە ئەمری واقیع لە ١٩٩٢ەوە کۆنترۆڵی ناوچەکەی لەدەست دابوو، لەوە دەترسا بوونی ئامادەییی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا یارمەتیی ناوچەکە بدات لە کۆتاییدا بە یەکجاری لە وڵات جیا ببنەوە، یان لە جێگەی ئەوە یارمەتیی دراوسێیە چاوتێبڕەکان (بە تایبەتی تورکیا) بدات کۆنترۆڵی خۆیان لە ناوچەکەدا زیاتر بکەن. بەغدا لەوەش دەترسا کوردستانی عێراق ببێتە خاڵێکی دەرچوون بۆ لە کار لابردنی بەعس. لەوەش زیاتر، گرینگیی ستراتیجیی ناوچەکە بە هۆی گەمارۆی ناودەوڵەتییەوە بۆ سەر عێراق بەرز

بووبووەوە، کردبووی بە پەتێکی گرینگ بۆ تەواوی وڵاتەکە لەبەر نێزیکیی لە تورکیا و جیهانی دەرەوە.

بێ دەربەستیی عێراق لە بەرامبەر گۆڕانکارییە دیپلۆماتی و سیاسییەکان لە کوردستاندا، لە هەوڵە نێوانگرییەکانیدا ڕەنگی دایەوە. دوای هەر گەڕێکی نێوانگری، بەغدا سەرلەنوێ کوردی ئاگەدار دەکردەوە، نێوانگرە بەشدارەکانی سەرکۆنە دەکرد و پەیمانی دەدا بارودۆخەکە چارەسەر بکات، تاکو هیچ هەنگاوێک نەگیرێتە بەر. عێراق بە شێوەیەکی تایبەت لە دەست وەردانی ئەمەریکا تووڕە دەبوو لە کاروباری کورد، کە ئاماژەی بەوە دەدا ئەمەریکا "هۆکاری سەرەکیی تێکشکاندن و کلۆڵیی گەلی کوردمانە." بۆ نموونە، دوا بەدوای هەوڵە نێوانگرییەکەی ئەمەریکا لە کانوونی دووەمی ١٩٩٥، بەغدا وریاداریی دایە سەرکردە کوردەکان، کە وا وەسفی دەکرد "پێچەوانەی خواستە نەتەوەییەکانی کوردی عێراق مەلە دەکەن"، کەوا "بە دڵنیاییەوە دەخنکێن ئەگەر نەیەنەوە هۆش خۆیان و لە زۆنگاوی بێگانە ڕانەکەن."[١٠] بەغدا داوای لە هاووڵاتییانی کورد دەکرد "وانەی دروست فێر بن و واز لەو یارییە چەپەڵە بێنن، کە ئەمەریکا تێیدا وەک کارتێکی هەرزان لە دانوستاندنی سیاسیی خۆیدا بەکاریان دێنێ."[١١] لووتکەی واشنتۆن لە ئەیلوولی ١٩٩٨، کە لە خوارەوە باس کراوە، زللەیەکی تر بوو لە ڕوومەتی بەغدا درا. بە هۆشیارکردنەوەی پارتە کوردییەکان لە فرۆفێڵی ئەمەریکا و لەو شیمانەی ئەمەریکا ناپاکییان لەگەڵدا دەکات هەروەک چۆن لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا کردی، بەغدا داوای لە کورد کرد خۆیان لە خراپەکانی ئەمەریکا بپارێزن و لە جێگەی ئەوە دایەلۆگ لەگەڵ ئەودا دەست پێ بکەن.[١٢]

سەبارەت بە تورکیا، لە نیسانی ١٩٩٥ عێراق داوای لە هاوپەیمانی پێشووی کرد دانوستاندنی خۆی لەگەڵ "ناپاک" و "دز" و "پیاوکوژان" بوەستێنێ. عێراق "دۆخە تەنگژاوییەکەی" خستە سەر ملی تورکیا خۆی بەوەی بەشدارییەکی "چالاکی" لە وروژاندنی بارودۆخەکەدا هەیە بەوەی بووەتە "ئامرازێکی گوێڕایەڵی" ئەمەریکا. لە کاتێکدا وریاداریی دایە تورکیا لە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی سیاسەتە هەڵەکەی، بەغدا داوای لە تورکیا کرد پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان هەردوو وڵات

دابمەزرێنێتەوە،[١٣] بە هەمان شێوە، بەغدا نێوانگریی ئێرانی بە دەست وەردان لە کاروباری ناوەخۆی عێراق و بە نموونەی وڵاتێکی خاوەن سیاسەتی "ناپاک و فێڵەباز و دووڕوو" پێشان دا. ئێران لەلایەن خۆیەوە پاساوی نێوانگرییەکانی بەوە هێنایەوە، کە دەیەوێت ڕێ لە ڕژانی شەڕی خۆبەخۆی کورد بگرێت بۆ ناو هەرێمی ئێران و وەستاندنی "هێزە بیانییەکان" لە دەست وەردان لە کاروباری ناوچەکە. وەک پێداکردنی خوێ بەسەر برینداء بەغدا ئێرانی بەوە وەسف کرد، کە سەرچاوەی "ڕیشەی هەموو تەنگژەکانە" بۆ "ناهێوریی ڕێژیمی عێراق و سەپاندنی سەروەریی خۆی بەسەر سەراپای ناوچەکانی عێراقدا."[١٤]

ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکی قووڵ دەکرد، کە ناوچەکە دوای شەڕی کەنداو و جێکەوتە گرینگەکانی شەڕەکە بە خۆیەوەی بینی. ئێستە کوردستان لە سەرووی کۆنترۆڵی ڕێژیمەوە بوو و ئەگەری بەکارهێنانی هەبوو لە دژی بەغدا لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە، بارودۆخێک کە هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکرا ببێتە ئەمرێکی واقیع و دواتر، کە گەڕاندنەوەی زەحمەت دەبوو. بەوەی کوردستانی عێراق لە ڕووێکەوە بووە زەوییەکی بێ خاوەن ئەو پرسیارەی دەورووژان داخۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشووی گونجاوە یا نا؟. وڵاتەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی تورکیا و ئێران و سووریا، لە لایەن خۆیانەوە لە ترسی خۆیان ئەوە فێر بووبوون، کە کارتی کوردی دەکرێ بە ئاسانی ببێتە شمشێرێکی دوو سەرە. بە ئاگا لەوە، لەسەر ئەوە دووپاتیان دەکردەوە، ڕەنگە و ڕاستیان بێت، کە ئەوان دژی پارچە پارچەبوونی عێراقن، هەرچەندە سیاسەتە دەست تێ وەردەرانەکانیشیان بە شێوەیەکی حەتمی سەبارەت بەو ڕوانگەیەوە بوو.

بەغدا، کە تێ شکا بوو لە پاشگەزکردنەوەی وڵاتان بۆ وازهێنان لە هەوڵی نێوانگری، دەگەڕایەوە سەر هەمان شێوازی نێوانگری، بەڵام بەبێ سەرکەوتن. لەبەرئەوەی دژە فڕین، کە بەسەر ناوچەی کورددا سەپابوو بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێی لە بەغدا گرتبوو هێز بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر عێراق بەکار بهێنێت، بەغدا شێوازی نەرمتری هەڵدەگرتەوە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی لەوەدا. بەم جۆرە، دەیویست هەم ڕێگەکانی پێوەندیکردن بە ڕووی پارتی و یەکێتیدا

بکاتەوە. هەرچەندە بەغدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو ڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان لار بووبووەوە، کە بگرە لە شەڕ لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا لە ١٩٩٦ پاڵپشتیی کرد، لە ١٩٩٧ بە دواوە شێوازێکی بێلایەنی گرتە بەر و لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا دایەلۆگی دەست پێ کردەوە. بە گوێرەی سەرچاوەیەک، ڕێژیم بەرپرسی ئیستخباراتی سەربازیی عێراقی، ڕافع دەحام ئەلتکریتی، ڕەوان کرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تاڵەبانی لە بارەگەی خۆی لە سلێمانی. وا ڕاگەیەنرا، کە بەغدا چەکی سووکیشی بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دابین کردووە، بە چاوەڕوانی لەو ڕووەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا لاواز ببێت و کۆتاییش بە پاڵپشتیی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بهێنێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا،[١٥] یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە لایەن خۆیەوە، کرانەوەی بەغدای قەبووڵ کرد تاکو پاڵپشتیی ڕێژیم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لاواز بکات. ترسی جەلال تاڵەبانی و دەسەڵاتدارانی عێراق لەبارەی زیادبوونی دەسڕۆیینی تورکیاوە لە هەرێمی کوردستان و لەو پێوەندییەی هەردووکیان لەگەڵ یەکەکەدا هەیانبوو، سەکۆیەکی تازەی بۆ دایەلۆگی نێوان بەغدا و یەکێتی دروست کرد.[١٦]

هەنگاوی دواتری بەغدا بریتی بوو لە هاندانی دایەلۆگێک لە نێوان خۆی و هەردوو پارتەکە لە ڕێگەی ئامادەکردنی میسر بۆ ئەو ئەرکە، بەڵام کەڵکێکی کەمی هەبوو. لە ڕاستیدا، ئەوە جێگەی سەرسوڕمانە کە عێراق پێویستی بەوە بێت داوا لە یاریکەرێکی وا دوور بکات بەم کارە هەڵبستێت. ئەمە هێمایەک بوو بۆ گۆڕینی سەردەم، ئاماژەی بە بەهەرێمیبوون و ناودەوڵەتیبوونی مەسەلەی کورد دەکرد شان بەشانی لەگەڵ هەوڵەکانی بەغدا بۆ گەڕاندنەوەی کوردستان بۆ ناو باوەشی حکوومەتی ناوەندی جا لە ڕێگەی گونجاو بێ یا لە ڕێگەی کینە.

لە پێچێکی سەیری تری مێژوودا، لە کۆتای ١٩٩٧ حکوومەتی ناوەندی داوای لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد بێن بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆی ئاشتی، کە لەژێر چاودێریی عێراق خۆیدا ئەنجام بدرێت،[١٧] ئاخۆ عێراق وازی لە سیاسەتی پاڵپشتیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان

هێنابوو؟ بە شێوەیەکی پێویست نا. بەڵام پێویستی بەوە بوو ئەم تێزە برەو پێ بدات، کە بڵاوی کردبووەوە دوای ئەوەی کۆنترۆڵی بەسەر کوردستان لەدەست دابوو، واتە، تەنیا بەغدا دەتوانێت ئاشتی لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکانی کورددا بێنێتە کایەوە و تەنیا بە گەڕاندنەوەی کوردستانیش بۆ ناو باوەشی عێراق گرەنتیی ئاشتی بۆ کورد و ئاسایشیش بۆ ناوچەکە دەستەبەر دەبوو.

سەدام، لە یەکێک لە گوتارە بەرژەوەندویستییەکەیدا، ددانی بەوە نا، کە "گەلی کوردمان، زۆر دارکاریی چەشتووە، بەڵام ئێستە ئێمە لە سەردەمی چاکبوونەوەداین. لەبەر ئەوە "دەبێ وا مامەڵە لەگەڵ گەلی کورددا بکەین وەک ئەوەی زێڕ و ئەڵماس بن."[18] لە هەمان کاتدا بەغدا ئەو زانیارییانەی بڵاو کردەوە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی نەوت بۆ کوردستانی عێراق دابین دەکات،[19] بەغدا ئەوەشی ڕاگەیاند، کە لە پێنج ساڵی پێشوودا هەشت ملیۆن کتێبی خوێندنی بۆ قوتابخانەکانی کوردستان دابین کردووە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لەژێر فەرمانی سەدام حوسێن زمانی کوردی بۆ ڕادەیەکی لە شێوەنەهاتوو گەشاوەتەوە،[20] لە ئاستێکی تردا، ڕۆژنامەکانی ئەلجمهوریە و بابلی سەر بەحکوومەت داوای سازدانی کۆنگرەیەکی کوردییان کرد لە بەغدا تاکو کۆتا بەو بارودۆخە " نائاساییەی " باکور بهێنرێ و کوردستان بۆ باوەشی عێراق بێتە گەڕانەوە.[21]

لە ئایاری ١٩٩٨، تاریق عەزیزی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەوەی ئاشکرا کرد، کە حکوومەتی ناوەندی پێوەندیی ئاساییی لەگەڵ کورددا هەیە و شاندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە "هەفتەی ڕابردوو" لە بەغدا بوونە. بە گوێرەی تاریق پێوەندییەکان "ئاسایین" و بەغداش لەگەڵ کورددا دەگەیشتە ڕێککەوتنێک، ئەگەر ئەمەریکا ڕێی لە کوردەکان نەگرتایە لە کردنی ئەمە،[22] پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بەردەوامی جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پێوەندیی (بە جیا)یان لەگەڵ حکوومەتدا هەیە و هیچ کام لە پارتەکان داوای جیابوونەوە لە عێراق ناکەن و باشترین چارەسەر برێتییە لە فیدراڵی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا. جارێکیان، مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند، کە دایەلۆگێک لەگەڵ بەعس "پێویستە"، چونکە " لە

دوایەم شیکاردا دەرکەوت کێشەکەمان گرێدراوە بە حکوومەتی ناوەندییەوە." بارزانی ڕای گەیاند، بگرە ئەگەر لەگەڵ بەغدادا ڕێک نەکەوین، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوان چەک هەڵبگرن و شەڕ بکەن.[٢٣]

بە شێوەیەکی ڕوون، پارتی گوتەبێژی سەرەکی بوو لەگەڵ بەغدا لەبەرئەوەی ئەو پێوەندییەی هەبوو درێژەپێدەری هاوپەیمانییەکەی ١٩٩٦ بوو. لەوەش زیاتر، مەسعوود بارزانی زۆر پێویستی بە دایەلۆگ هەبوو تاکو ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوورییە گەشاوەی نێوان هەردوولا بەردەوام بێت. ئەم ستراتیجە وەک ئامرازێک خزمەتی کرد بۆ ڕاگرتنی پارتە خاوەن بەرژەوەندییەکانی تر لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی تورکیا و ئەمەریکا، هەروەها بۆ گەشەپێدانی پێوەندییە باشەکان وەک ڕێوشوێنێک بۆ داهاتوو ئەگەر بەغدا پێویستی کرد کۆنترۆڵی خۆی بخاتەوە سەر ناوچەکە. هەروەها مەبەست لێی وەستانەوە بوو لە ڕووی ڕکابەری سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. ڕەنگدانەوەیەکی سیمبۆلیی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و پارتی برێتی بوو لە ساردانی شاندێکی "هونەرمەندانی عێراقی" لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ بۆ "کوردستانی عێراق." ئەندامێکی شاندەکە ڕای گەیاند کە ١٠٠ بەرهەمی هونەرمەندان " لە پارێزگاکانی عێراق" پێشکێش دەکرێت "وەک هێمایەک بۆ پتەوکردنی پردی ئاشتەواییی نێوان هەردوولا."[٢٤]

لە کاتێکدا لەسەر ئاستی تاکتیکی هەم کورد و هەم بەغدا دەیانویست هێڵەکانی پێوەندیی نێوانیان بە کراوەیی بهێڵنەوە، لە ڕووی ستراتیجییەوە هەردوولا دوور لە یەکتر مانەوە. بە گوێرەی گوتەبێژی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عێراق، سەعدوون حەمادی، کۆسپی سەرەکی برێتی بوو لەوەی کورد بە دوای "زیاتر لە حوکمی زاتیدا" دەگەڕان، واتە، فیدراڵی لەگەڵ عێراق. حەمادی ڕای گەیاند، کە " هەر گەڵاڵەیەکی تر جگە لە... حوکمی زاتی دەبێتە هۆی لەتکردنی عێراق و ڕەت دەکرێتەوە." "عێراق تاکە یەکەیەکە، یەک دەسەڵاتیشی دەبێت و باکوریش حوکمی زاتیی دەبێت."[٢٥] لە کاتێکدا دایەلۆگ لەگەڵ بەغدا تا مەسەلەکانی ئەو کات سەلما سەرکەوتووە، لە لایەن خۆیەوە، مەسعوود بارزانی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە سەبارەت

به پرسی فیدراڵی شکانی هێناوه،[٢٦] ئەم گۆڕانکارییانە سروشتی پێوەندییەکانی لە نێوان باکور و ناوەنددا گۆڕی. بە شێوەیەکی دژ یەک، هاوپێوەستیی هەردوو بەشی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. لەبەرئەوەی بەغدا چیی تر کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکەدا نەمابوو، ناچار بوو پشت بە کورد ببەستێ، هەم لەبەر بەردانی ئاو یەکێتی کۆنترۆڵی ناوچەیەکی دەکرد کە دوو بەنداوی لەسەر بوو، دەربەندیخان و دوکان هەم لەبەر بەردانی نەوتیش لەو لوولە نەوتە ستراتیجییەی، کە بۆ تورکیا دەڕۆیی و کەوتبووە ناو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی. کورد، لە لایەن خۆیانەوە، پشتیان بە عێراق دەبەستا وەک پێویستیی کارەبا و بازرگانی. هەموو ئەمانە گڕ و تینی زیاتر بە بیرۆکەی عێراقێکی فیدراڵ دەدا، کە پارتی زۆر بۆی بە پەرۆش بوو بەغداش زۆر لێی دەترسا.

لە ڕەهەندێکەوە، لە کۆتاییی سەدەی بیستەم کوردی عێراق ماوەدرێژترین و بەرجەستەترین دەستکەوتیان لە چاو کوردی بەشەکانی تری کوردستانی گەورە بەدەست هێنا، حکوومەتی عێراقیان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان وەدەر نا و حوکمی ئۆتۆنۆمیی خۆیان دامەزراند. لەگەڵ ئەوەش، هێشتا مابوو توانای خۆیان لە هێشتنەوەی یەکگرتوویی کۆمەڵگە و بنیاتنانی نەتەوەدا بسەلمێنن.

## ئێران و تورکیا: ڕۆڵەکان پێچەوانە دەبنەوە

لە سەرەتای نەوەتەکان، گۆڕانێکی گەورە ڕووی دا لەو ڕۆڵەی ئێران و تورکیا لە کوردستاندا دەیانگێڕا. تا ئەو کات ئێران وەک پەتی سەرەکیی ژیانی کورد مابووەوە، بەڵام ئێستە تورکیا ئەم ڕۆڵەی دەبینی. پێوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا بە شێوەیەکی سەرەکی نەهێنی بوون، بەڵام لەگەڵ تورکیا بە کراوەیی بوو. لە هەشتاکاندا هێزە ئێرانییەکان هاتنە ناو کوردستانی عێراق تاکو شەڕ لەگەڵ عێراقدا بکەن، لە نەوەتەکان هێزەکانی تورکیا هەمان شتیان کرد بەڵام بۆ شەڕ لەگەڵ پەکەکەی تورکیا. جیاواز لە ئێران، لە کوردستانی عێراق تورکیا بەرژەوەندییەکی تر بووبووە جێی سەرنجی، بانگەشەی مێژوویی بۆ پارێزگای مووسڵ و کێشەی تورکمانی کەرکووک.

ئەو ڕاستییەی کە ڕۆڵی ئێران بووبووە ڕۆڵی دووەم لە دوای ڕۆڵی تورکیا مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە ئێران وازی لە هەوڵەکانی هێنابوو لە پێناو برەودان بە دەسڕۆیینی خۆی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەناو شتەکانی تردا لە ڕێگەی نێوانگرییەوە. دایەلۆگی ناوخۆی کوردی نیگەرانیی لای ئێران دروست دەکرد بەوەی ئاشتەوایی ڕاستەقینەی نێوان لایەنە ڕکابەرەکان ڕەنگە بووبووایە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی، لاوازبوونی پشتبەستانی پارتە کوردییەکان بە ئێران، لە کۆتاییش دەبووە هۆی پتەوبوونی ئەو پێکهاتە ئۆتۆنۆمییە ناسکەی لە ١٩٩٢ەوە گەشەی دەسەند. ئێران لەوەش دەترسا ئەمەریکا لەسەر حیسێبی ئەو، بالادەستیی خۆی لە ناوچەکە زیاتر بکات.

ئێران، بە ترسی ئۆپەراسیۆنی تورکیای ئاداری ١٩٩٥ لە کوردستانی عێراق و بەهێزبوونی دەسڕۆیینی تورکیا لەوێدا، شان بەشان لەگەڵ زیادبوونی دەست وەردانی ئەمەریکای نەیار لە مەسەلەی کورد، لە کۆتای ئادار بەدوای سەرکردەکانی هەردوو پارتە شەڕکەرەکە، یەکێتی و پارتیدا، نارد بچن بۆ تاران بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕاگرتنی دوژمنایەتی.

هەوڵێکی (ناسەرکەوتووانەی) تر لە نێوانگریی ئێران بریتی بوو لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی هەردوو پارت لە شوبات و ئاداری ١٩٩٧ لە تاران. ئێران لە کاتێکدا وریاداریی بە لایەنە شەڕکەرەکان دا لە فروفێڵی ئەمەریکا و عێراق، خۆی وەک نێوانگرێکی "بێلایەن" و "جێ متمانە" ڕاگەیاند، کە دەیەوێت پاڵپشتیی مەسەلەی کورد بکات،[٢٧] بەڵام ئەجێندای ڕاستەقینەی ئێران جیاواز بوو لەوەی ڕای گەیاندبوو: مەبەستی ئێران بریتی بوو لە ڕێگرتن لە تورکیا لە کوردستانی عێراق و لەڕوودا وەستانەوەی دەست وەردانی سەربازیی تورکیا و ڕێگری لە پێوەندیی نێزیکی نێوان پارتی و بەغدا. هەوڵێکی تر نێوانگریی ئێران لە ١٩٩٨ هیچی بە هیچ نەکرد. لە کاتێکدا کورد بە ڕوونی دیار بوو بەرەو خولگەی ئەمەریکا دەڕۆیشتن، گومانەکانی ئەمەریکا زیاد دەبوون. لە هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی خۆیدا، ئێران پاڵپشتیی خۆی بۆ چەندین لایەنی ئیسلامی زیاد کرد شان بەشان لەگەڵ پەکەکەی هاوپەیمانی پێشووی یەکێتی،[٢٨] کەچی لە کۆتاییدا، ئێران نەیتوانی ڕێ لە

دەرکەوتنی هاوپەیمانییەک لە نێوان کورد و ئەمەریکادا بگرێت و ناچار بوو لە عێراق ڕووبەڕووی نەخشەیەکی جیۆستراتیجیی تر ببێتەوە.

## تورکیا، بنیاتنەرەوەی گوماندارییی کوردستانی عێراق

تورکیا سەبارەت بە پێشکەوتنی پێکهاتەی کوردی لە چاو خوارووی عێراق نیگەران بوو،[٢٩] بە دڵنیاییەوە دژی ڕێگەچارەی فیدراڵی بوو لە عێراق، کە مەترسیی ئەوەی لێ دەکرا ببێتە مۆدێلێک بۆ کوردی خۆی،[٣٠] لەبەر ئەوە، تورکیا دەیویست لە ڕێگەی شێوازی جیاوازەوە دەسڕۆیینی خۆی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاد بکات، لەوانە: ناوبژی، ئاڵوگۆڕی ئابووری، ئامادەکردنی تورکمان، جارجار بەکارهێنانی هێزیش، لە ڕواڵەتدا لە دژی پەکەکە بەڵام لەگەڵ پەیامێکی شاراوەش بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان،[٣١] لەگەڵ ئەوەش، بە بوون بە پەتێکی ژیان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی لێکدژانە تورکیا بەشدارییەکی بەرچاوی کرد لە مانەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دواجار لە سەرکەوتنیشیدا. لەبەر ئەو هۆیە، دەکرێت وەک بنیاتنەری گوماندارییی کوردستانی عێراق وێنە بکرێت.

لە سەرەتاوە، تورکیا وەک نێوانگریی سەرەکیی نێوان پارتی و یەکێتی خۆی دەرخست، تا ئەو ڕادەیەی سیاسەتەکەی خۆی ناو نا "پرۆسەی ئاشتیی ئەنقەرە."[٣٢] ڕاستی، لایەنەکان دەستەواژەی ململانێدارییان لە کۆنتێکستەکانی ترەوە بەکار دەهێنا، لەوانە وەک دەستەواژەکانی " ڕێوشوێنی بنیاتنانی متمانە" یان "پرۆسەی ئاشتی"، بۆ وەسفکردنی هەوڵەکانیان لە چارەسەرکردنی ململانێیەکاندا،[٣٣] لەوێوە بوو، کە تورکیا و ئەمەریکا بە یەکەوە لە ١٩٩٦ ئاگربڕیان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا دروست کرد.

لە ١٩٩٧ تورکیا سێ گەڕی گفتوگۆی ئاشتیی لە نێوان لایەنەکاندا دەست پێ کرد لە کانوونی دووەم و ئادار و ئایاری ١٩٩٧ لەگەڵ ئەم ئامانجە نافەرمییانەی خوارەوە: هێشتنەوەی دوو پارتەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکادا، بچووککردنەوەی دەست وەردانی یاریکەرە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی تر، لە هەمووشی گرینگتر بەکارخستنی پارتی و یەکێتی لە دژی پەکەکە، کە لە کوردستانی عێراق بارەگەکانی

دامەزراندبوو. بە کورتی، ئەو سیاسەتەی، کە دەبوو جێبەجێ بکرێت" بریتی دەبوو لە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی، کە کوردی هەردوو وڵات دەبوون بە کاڵای دوولایەنە."[٣٤] ڕاستی ئەوە هەڕەشەی پەکەکە بوو، کە دەست وەردانی تورکیای دیاری کرد لە مەسەلەی کوردی عێراقدا، نەک تەنیا لە ڕێگەی هاتنە ناوەوەی سەربازی بۆ کوردستانی عێراق، بگرە لە ڕێگەی ئەو هاوپەیمانییانەش، کە تورکیا لەگەڵ یاریکەرە کوردە ناوەخۆییەکاندا پێکی هێنابوو. هەروەک مایکل گۆنتەر پێی وایە، مەسەلەی کوردی ناوەخۆی تورکیا بە گشتی جێکەوتی گرینگی لەسەر پێوەندییە چڕەکانی دەرەوەی تورکیادا هەبوو.[٣٥]

تورکیا، لە کاتێکدا وەک ناوبژیکەرێکی بێلایەن دەردەکەوت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتیی ئەنقەرەوە لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا، لە هەمان کات پێوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا بەهێز دەکرد تاکو باشتر شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا، دوژمنی هەمیشەی خۆی، بکات. ئەم بەیەکگەیشتنەی بەرژەوەندییەکان لە سروشتی خۆیدا تاکتیکی بوو و کاریگەریی لەسەر ئامانجی ماوەدرێژ دانەدەنا، کە بە شێوەیەکی سەیر تورکیا و پارتیی لە دژی یەکدا بەکار دەهێنا. لە کاتێکدا تورکیا دەیویست بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەردوو وڵاتدا تێک بشکێنێ، پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی دەدا ئەم بزووتنەوەیە بەهێز بکات. هەروەها لە کاتێکدا تورکیا دەیویست کۆتایی بە پەکەکە بهێنێ، پارتی تەنیا دەیویست لاوازی بکات. لە ڕاستیدا پارتی دیموکراتی کوردستان و کوردی عێراق بە گشتی ڕازی بوون، کە ئەگەر پەکەکە لەناو ببرێت، ئەوە زیان بە پرسی خۆیان دەگەیەنێ. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی نێوان تورکیا و پارتی لە دژی پەکەکە لە ئەنجامدا دیوێکی تری دەبوو. شان بەشان لەگەڵ هێرشی زارەکی و کرداریدا، پارتی دیموکراتی کوردستان، پاڵپشتی نهێنیی بۆ پەکەکە دابین دەکرد.[٣٦]

لاربوونەوەی تورکیا بەلای پارتی دیموکراتی کوردستان هانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەدا لەو قۆناغە لەگەڵ پەکەکەدا بکەوێتە هاوپەیمانییەوە و لە پرۆسەی ئاشتیی تورکیا بکشێتەوە، کە لە تەمووزی ١٩٩٧ کردیشی،[٣٧] لەگەڵ ئەوەش، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا نەپچڕاند، تاڵەبانی لە

ئاب سەردانی ئەنقەرەی کرد. تاکتیکی تاڵەبانی بریتی بوو لە یاریکردن بە زۆرترین کارت، کە پێی دەکرێت.

لە ١٤ی ئایاری ١٩٩٧ هاوکات لەگەڵ پرۆسەی ناوبژیکاری، تورکیا هەڵمەتێکی سەربازیی لە کوردستانی عێراق لە دژی پەکەکەدا دەست پێ کرد، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ٢٥٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠ سەرباز،[٣٨] ئۆپەراسیۆنی کوتک زیاتر لە مانگێکی خایاند و بە گوێرەی سەرچاوە تورکییەکان، بووە هۆی تێکشکاندنی بیست و حەفت کەمپی پەکەکە و کوژرانی ٢٥٠٠ ئەندامی،[٣٩] ئۆپەراسیۆنی لەو جۆرە نائاسایی نەبوو لەبەرئەوەی پێشتر دوو ئۆپەراسیۆنی تری لەو جۆرەی ئەنجام دابوو، لە ١٩٩٥ و ١٩٩٦دا. لەگەڵ ئەوەش، هۆکارە جیاوازەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە بریتی بوون لە قەوارەکەی، کە بەرفرەوانتر و پڕهیواتر بوو لەوەتەی دامەزرانی کۆمارەوە هەروەها ئەو ڕاستییەش کە تورکیا، وەک عێراق بەر لەو، وەڵامی داوایەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی دایەوە وەک پێشهاتێک بۆ ئۆپەراسیۆنەکە،[٤١] هەرچەندە پارتی دیموکراتی کوردستان ددانی بەوەدا نەنا، کە داوای خۆ تێ وەردانی تورکیای نەکردووە، کاردانەوەی پارتەکە ڕۆژێک دوای دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە تەواو ئەوەی دەردەخست. پارتی لە جێگەی سەرکۆنەکردنی ئۆپەراسیۆنەکە هەروەک لە پێشتردا کردبووی، لەسەر ئەو کارە پەکەکەی سەرکۆنە کرد،[٤٢] لەوەش زیاتر، خۆی وا دەرخست، کە " نائاگەدارە لە وەدەرنانی (پەکەکە) لە کوردستانی عێراق." بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر درێژە بە چالاکییە زیانگەیێنەکانی پەکەکە دەدات لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا:

ئامادەیی بێ پاساوی پەکەکە (لە کوردستانی عێراق)، کە لە ١٩٩٢ەوە خۆی بەسەر ناوچەکەمان داداوە، بووەتە کۆسپێک لە بەردەم حکوومەتی کوردستان، شان بەشان لەگەڵ بوون بە سەرچاوەیەکی بێزاری و کێشە بۆ گەلەکەمان، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی، کە وەک بنکە لە لایەن پەکەکەوە بەکار دێن. ئەو... وای لەو ناوچانە کردووە ببن بە جێگەی ململانێ و ناجێگیری.[٤٣]

پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر پەکەکەی تۆمەتبار کرد بە ددان نەنان بە "ئۆتۆنۆمیی شەرعیی کوردستان" و بە دەست وەردان لە هەموو کاروبارە ئیداری و

کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە ئەوەتا باج کۆ دەکاتەوە و پەلاماری هاووڵاتییان دەدات،[٤٤] دواتر مەسعوود بارزانی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە پەکەکە زۆربەی هێزەکانی خۆی لە هەولێر کۆ کردووەتەوە، کە تێیدا پازدە کەمپ و "زۆر ماڵی نهێنیی هەیە." بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە "ئەمجارەیان" پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێ لە خۆ تێ وەردانی تورکیا ناگرێت، هەروەها گوتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە پەکەکەیە، کە "بە دوای سوپای تورکیایدا ناردووە خۆی تێکەڵ بکات."[٤٥] بە گوێرەی سەرچاوەیەکی سەربازی، "ئۆپەراسیۆنەکە بەکۆتا دێت تا ئەو کاتەی بارزانی دەڵێت بەسە" چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان دەسەڵاتی تەواوی لە باکوری عێراقدا بەدەست هێناوە.[٤٦]

ئاخۆ لە ڕاستیدا بارزانی داوای لە تورکیا دەکرد خۆی تێکەڵی ململانێیەکە بکات یان نا، وەک ئەوەی لە ١٩٩٦ بە فەرمی داوای لە سوپای عێراق کرد، ئەوە گرینگییەکی لاوەکیی بۆ ئێمە هەیە. لەوە گرینگتر بریتی بوو لەو پێوەندییەی لە نێوان تورکیا و پارتیدا هەبوو. لەڕوودا وەستانەوەی پەکەکە بەشی سەرەکیی هەردوولا بوو لە هەندێ کاتدا. تورکیا بۆ دوو ئەرک پێویستی بە پارتی بوو: ڕێگرتن لە دامەزرانی بنکەکانی پەکەکە لە ناوەوەی کوردستانی عێراق، کە خاڵێکی دەرچوونی بە پەکەکە دەدا بۆ چوونە ناوەوەی بۆ تورکیا، دووەمیش پاڵپشتیکردنی حکوومەتی تورکیا لە ڕاوەدوونانی پەکەکە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش بۆ هەمان ئەو دوو ئەرکە پێویستی بە پەکەکە هەبوو: بۆ دابینکردنی پاڵپشتیی سەربازیی پێویست و لەوێوەش ڕێگرتن لە پەکەکە لە بەزاندنی سەروەریی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، دووەمیش ئەگەر پێویست بوایە، شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئامادەیی پەکەکە لە ناوچەکە هەستی بە هەڕەشە دەکرد، کە شوێنی خۆی لە ناوچەی ژێر دەسڕۆیینی پارتی دیموکراتی کوردستان پتەو دەکرد و بە "دەسەڵاتی بەدیل" دەبینرا،[٤٧] بێگومان، شەڕکردن لەگەڵ پەکەکەدا باجێک بوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەبوو بۆ پێوەندییەکەی لەگەڵ تورکیادا بیدات. لاوازکردنی پەکەکەش هۆکارێکی تر بوو،[٤٨] سەبارەت بە شەڕەکەش خۆی، بە

گـوێرەی سـەرچاوەیەک پێ دەچوو پارتـی "کـۆمـەڵێک شـەڕی" لـە ناوەوەی عـێـراقـدا کردبێت، کە تورکەکانیش پاڵپشتیی لۆجستیکی و ئاسمانیی بۆ دابین کردبن،[٤٩] بە گـوێرەی سـەرچاوەیەکی تر، هێـزەکـانی پارتی لـە ناوچەکـەدا وەک ڕێبـەر خـزمـەتی هێزەکانی تورکیایان دەکرد بەوەی پارتی بە تەواوی شارەزا بوو و لە کاتێکدا هێزی ئاسـمـانی و زەوینیی تورکـیـا شـەڕەکـەیان دەکـرد،[٥٠] بگرە لەو کـاتەی، کـە ئۆپەراسیۆنەکەش بەردەوام بوو، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرکردەی پەکەکە، بە توندی هێرشی کردە سەر پارتی و بە "بەکرێگیراو" ناوی بردن لەوەی بانگهێشتنی تورکیای کردووە بۆ ناو کوردستانی عێراق، ئۆجەلان وریاداریی دا بەوەی "پارتی بە ڕێزەوە باجی سیاسەتەکەی دەدات" و دەوڵەتی تورکیا دەبێت "هێزێک بۆ پارێزگاریکردن لە پارتی بڵاو بکاتەوە."[٥١] لە لایەن خۆیەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرکۆنەی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد بە "ئەنجامدانی ناپاکییەکی گەورە" بە گـازکـردنی سـوپای تورکـیـا و لە ١٠ تەمـووزی ١٩٩٧ کـشـانەوەی خـۆی لە گفتوگۆیەکانی ئەنقەرە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕاگەیاند لەبەرئەوەی "دەست وەردانی تورکـیـا لە باکـوری عـێـراق لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکـراتی کوردستاندایە."[٥٢]

بەم جۆرە، ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان پارتی و تورکیادا هەبوو هاوپەیمانییەکی هاوتای لە نێوان یەکێتی و پەکەکە لە دژی ئەوان دروست کرد تا ئەو ڕادەیەی پارتی یەکێتیی تۆمەتبار کرد بە پێشێلکردنی ئاگربڕ لە چل و چوار حاڵەتدا، کە لەگەڵ "یاخییانی کورد" (پەکەکە) ئەنجامی داوە،[٥٣] ڕوونتر، نە پەکەکە و نە یەکێتیش ئەو دۆخە نوێیەیان وەک ئەمرێکی واقیع پێ قەبوڵ نەدەکرا. پەکەکە لەوە دەترسا پتەوبوونی پارتی بە پاڵپشتیی تورکیا ڕێ لە ئازادیی ئەنجامدانی کردەوەکانی بگرێت. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن خۆیەوە، نەیدەتوانی ئاگربڕی ١٩٩٦ قەبووڵ بکات، کە ئەوی لە دۆخێکی مەترسیداری ناوچەیی و سیاسی و ئابووریدا دەهێشتەوە. بۆیە ئەرکی سەرەکیی برێتی بوو لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە. ئۆپەراسیۆنە سەرەکییەکەی تری تورکیا لە پایزی ١٩٩٧دا ڕێی بە یەکێتی نەدەدا ئەمە بکات.

ئۆپەراسیۆنی گزنگ، کە تێیدا ٨٠٠٠ تا ١٥٠٠٠ سەرباز بەشدارییان تێدا کرد، لە نێوان ٢٤ ئەیلوول و ١٣ تشرینی یەکەم ٢٠٠٧ ئەنجام درا. بەپێی سەرچاوەیەک، سەربازەکان نێزیکەی ٦٠ کیلۆمەتر لەنێو خاکی عێراقدا چوونە پێش،[٥٤] گوتەبێژێکی تورک ڕای گەیاند، کە مەبەست لە ئۆپەراسیۆنەکە ڕێگرتن بوو لە هێزەکانی پەکەکە لە دووبارە گرووپ دروستکردنەوە لە کەمپەکانی سەر سنووری تورکیا و عێراقدا، کە لە ئۆپەراسیۆنەکەی ئایاردا لەوێ وەدەر نرابوون. پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خۆیەوە ڕای گەیاند کە هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیادا، هێزەکانی وی "هێرشی بەرفرەوانیان" بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە لە ناوچەکانی بەرواری و مەتین لە باکوری عێراقدا دەست پێ کردووە،[٥٥] تورکیا و پارتی شانازییان بەوە دەکرد، کە تا ناوەڕاستی تشرینی یەکەم ٧٩٧ ئەندام و لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی ئایارەوە ٣٠٠٠ ئەندامی پەکەکەیان کوشتووە،[٥٦] ڕاستیی ئەو بانگەشانە هەر چۆنێک بێت، ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی تورکیا و پارتی نیمچە شەڕێکی تری لە نێوان یەکێتی و پارتیدا بەرپا کرد.

هەرکە هێزەکانی تورکیا کشانەوەی خۆیان لە کوردستانی عێراق ڕاگەیاند، ئەوەندەی پێ نەچوو یەکێتی هێرشێکی بەرفرەوانی لە دژی پارتیدا دەست پێ کرد. لەگەڵ ئەوەش، یەکێتی لەم گەڕەی شەڕدا زۆری بەدەست نەهێنا. نەتوانی پارتی لە پارێزگای هەولێر وەدەر نێت و نەتوانی پارتی ناچار بکات داهاتەکانی گومرگی لەگەڵدا بەش بکات، کە لەسەر ئەو بارانە وەردەگیرا لە نێوان عێراق و تورکیادا تێ دەپەڕین. مەسەلەی بەشکردنی داهاتەکان بوو بە بڕبڕەی سەرەکیی ململانێ، ڕاستی، چاودێران بە شەڕی "دایکی گومرگەکان" ناویان دەبرد،[٥٧] هەروەک پرۆسەی ئاشتیی ئەنقەرە لە پێشتردا وا بوو، شەڕەکە ئاڵۆزیی مەسەلەی کوردی زیاتر دەرخست. لە لایەک، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گوایە نەک هەر تەنیا لە لایەن پەکەکەوە پاڵپشتی دەکرێ، بگرە لە لایەن ئێرانیشەوە، کە مووشەکی زەوین بۆ زەوینیی گرادی دابین دەکرد بۆ تۆپبارانکردنی بارەگەی بارزانی لە مەسیف سەڵاحەدین،[٥٨] لەلایەکی ترەوە، یەکێتی تورکیای تۆمەتبار دەکرد بە دابینکردنی پاڵپشتیی چڕ بۆ پارتی لە ڕێگەی تۆپبارانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی

لە ڕێگەی ناپاڵم و مووشەک و بارهەڵگر.[59]

ئاراستەی باشتربوونی پێوەندییەکانی نێوان پارتی و حکوومەتی تورکیا لەگەڵ گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی پەکەکە لە شوباتی ١٩٩٩ و لەگەڵ ئەو نادیارییەی، کە دەوری پەکەکەی دابوو زیاتر بوو. گرتنی ئۆجەلان و بەیاننامەیەک لە لایەن پەکەکە لە ئابی ١٩٩٩ بەوەی، کە لە ١ ئەیلوولەوە هێزەکانی لە تورکیا دەکشێنێتەوە ترسی دروست کرد لەو ڕووەوە، کە پەکەکە نیازی هەیە کوردستانی عێراق بکات بە بنکەی ناوەندیی خۆی. ڕاستی، لە تەمووز پەکەکە دامەزراندنی لقی "پەکەکەی باشووری" ڕاگەیاند (حزب العمال الكردستاني الجنوب)،[60] ئەوەی کە جێگەی نیگەرانی بوو بۆ پارتی ئەوە بوو، کە نیوەی کۆماندۆیەکانی پەکەکە ئەو کوردە عێراقییانە بوون کە پێوەندییان بە پەکەکەوە کردبوو چونکە پێیان وا بوو لە "شەڕێکی شەرەفمەندانە" گلاوە،[61] لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە دژی پەکەکە بەردەوام بوون، پێوەندییەکانی تورکیا و پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستەکانی تردا بەهێز بوون. پێوەندیی نێزیکی ئەوان لە مامەڵە ئابوورییە بەرفرەوانەکان دەردەکەوت، هەروەک لە بەشی پازدە و شازدەدا پێشان دراوە. لە ئەیلوولی ١٩٩٩، شاندێکی پەرلەمانی تورکیا لەسەر داوای بارزانی سەردانێکی سێ ڕۆژەی بۆ کوردستانی عێراق ئەنجام دا،[62] بە هەمان شێوە، تورکیا چاوپۆشیی لە بەیاننامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد لە تشرینی دووەم سەبارەت بە پێکهێنانی "حکوومەتێکی نوێی (کوردی)." ڕوونکردنەوەی تورکیا بۆ ئەمە برێتی بوو لەوەی بەیاننامەکە حیسێبی بۆ ناکرێت لەبەرئەوەی ئەمە هەنگاوێکی هاوبەش نییە لە لایەن پارتی دیموکراتی کورستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و لە ڕووی مێژووییەوەش تورکیا پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ بارزانییەکاندا هەبووە، کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید و سەردەمی کەمال مستەفا تاکو ئێستە.

کۆبوونەوەکانی نێوان کاربەدەستانی تورکیا و ئەو شاندانەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە سەردانی تورکیایان دەکرد، لەناو زۆر شتی تردا، بۆ زانیاری پێدانی حکوومەتی تورکیا بوو لەبارەی گۆڕانکارییە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستانەوە و

هاوئاهەنگی لەسەر چەند چالاکییەک جار جارە لە ئەنقەرە ڕووی دەدا. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ و ئایاری ٢٠٠١ مەسعوود بارزانی سەردانی ئەنقەرەی کرد و لەگەڵ کاربەدەستە تورکەکاندا کۆ بووەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان لەو پێوەندییانە ئەوەندەی متمانە هەبوو، کە لە ئاداری ٢٠٠٠ ئۆفیسەکەی لە ئەنقەرە بۆ یەکەم جار بۆ یادکردنەوەی نەورۆز پێشوازیی لە میوانان کرد. نوێنەری پارتی سەفین دزەیی و وەزیری گەشتوگوزاری "هەرێمی باکوری عێراق"، حوسێن سنجاری، بە جلی پێشمەرگەوە پێشوازییان لە میوانەکان کرد،[٦٣] لەگەڵ ئەوەش، هیچ نوێنەرێک لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا یان لە حکوومەت بەشداریی پێشوازییەکەیان نەکرد.[٦٤]

بە پێچەوانەوە، پێوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و تورکیا بەرەو بارگرژی چوو چونکە حکوومەتی تورکیا گومانی لە لایەنی تاڵەبانی دەکرد بە داڵدەدانی ئەندامانی پەکەکە و پاڵپشتیکردنیان لە شەڕ لە دژی تورکیا،[٦٥] لێرەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەکەکەدا دەبوو بە هۆشیارییەوە هەنگاو بنێت تاکو لە دژی تورکیا نەوەستێتەوە. نوێنەری یەکێتی لە ئەنقەرە، شازاد سایب، ئەوەی ڕاگەیاند، کە بزووتنەوەکە چەند مەکتەبێکی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی داخستووە ئەو مەکتەبانەی، کە بەوە ناسرا بوون لە "پەکەکەوە نێزیک بوون."[٦٦] لەلایەکی ترەوە، تاڵەبانی داوای لە تورکیا کرد لە پرسی لەدادگەدانی دادپەروەرانەی ئۆجەلان دڵنیا بێ[٦٧] لە کاتێکدا خۆپێشاندانی ناڕەزایی لە دژی گرتنی ئۆجەلان لە سلێمانی ئەنجام دەدرا.[٦٨]

پێچێکی تر لە پێوەندیی ئاڵۆزی ناوەخۆی کورد و کورد تورکیا کەمێک دواتر ڕووی دا. لە ئاداری ٢٠٠٠، شاندێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ئەنقەرەی کرد، دوای ئەو سەردانی شاندێکی باڵای تری یەکێتیی بەدوادا هات، کە بەدوای پاڵپشتیی دارایی تورکیاوە بوون. سەردانی تاڵەبانی لە تەمووز بۆ ئەنقەرە و کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەوسا، بلند ئەجەویددا، بۆ پێدانی "دوایەمین گۆڕانکاریی کوردستان،" ئەم کاردانەوەیەی ئەجەویدی بە دوای خۆیدا هێنا: "بەم دواییانە دامەزراوەیەک بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی ڕێوشوێنی کاریگەری گرتووەتە بەر لە دژی ڕێکخراوی

تیرۆریستیی پەکەکە. تاڵەبانی زانیاریی تێروتەسەلی سەبارەت بەم مەسەلەیەوە بەم داوە. ئێمە پێزانینمان بۆ ئەوە هەیە."[٦٩]

بە ڕوونی بڵێین، تاڵەبانی گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی، کە تاکو بارودۆخی یەکێتی باش بکات و هاوسەنگیی پارتەکەی بگەیەنێتە ئاستی پارتی، دەبوو ببێتە هاوپەیمان لەگەڵ تورکیا. لە بەرامبەردا دەبوو شەڕی پەکەکە بکات. ڕاستی، دوای دوو مانگ کەمتر لە سەردانەکەی تاڵەبانی، پێکدادانی چڕ لە نێوان یەکێتی و پەکەکەدا ڕوویان دا، تا کۆتاییی ٢٠٠٠ درێژەیان کێشا. بۆ ئەو توندوتیژییە هەریەک لە لایەنەکان ئەوی تری تۆمەتبار دەکرد. بڕکردنی ئەو پێکدادانانە دەکرێت لە ڕاپۆرتێکی یەکێتیدا دەربێنین، کە ڕای گەیاند یەکێتی لە یەک هێرشدا ١٢٠ ئەندامی پەکەکەی کوشتووە،[٧٠] بە درێژاییی ٢٠٠٠، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان پەکەکەی کرد بە دوژمنی خۆی، ڕەنگە لەبەر بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسیی خۆی بێت لە تورکیادا.

بۆ پێوەندیی ئاڵۆزی نێوان کورد و تورکیا کێشەدارترین مەسەلە زیاد بوو، زەقبوونەوەی ئەو ڕاستییەی، کە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و پارتی ئەوەندە نموونەیی نەبوو هەروەک دەردەکەوت. کێشەیەکی سەرەکی برێتی بوو لە زیادبوونی بارگرژی لە نێوان پارتی و تورکمان، کە هەردووکیان لە لایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکران. پێشتر لە ئەیلوولی ١٩٩٦ لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان باڵی سەربازیی تورکیا و کابینەی حکوومەتدا بڕیار درا لەسەر پشتیوانیکردنی تورکمانەکان و هاندانیان لە داواکردنی مافەکانیان،[٧١] ڕاستی، تورکمانەکان کێشەکانی کەمینەیەک لەناو کەمینە و پێوەندیی ئاڵۆزیان لەگەڵ یاریکەرێکی دەرەکیدا بەرجەستە کردبوو.

ئەو مەسەلەیەی، کە لە گۆڕێدا بوو برێتی بوو لە بەرەی تورکمانی، کە پارتێکی سیاسی بوو بانگەشەی ئەوەی دەکرد سەدا ٩٥ی تورکمانەکان پێک دەهێنێ و بارەگە و مەکتەبەکانی لە زاخۆوە تا کفری درێژ دەبێتەوە. بەرەی تورکمانی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە فەرامۆشکردنی "هەوڵە برایانییەکان" و وەستان "لە دژی ئامانج و خواستەکانی گەلی تورکماندا" تۆمەتبار دەکرد،[٧٢] پارتی دیموکراتی

کـوردسـتـان نکووڵیی لەوە کـرد، کـە کـۆسـپی خـسـتـبێـتـە بەردەم قـوتابخـانـە تورکمانییەکان یا "دارکاریکردنی" تورکمانەکان بەهەر جۆرێک لە جۆرەکان و سوور بوو لەسـەر ئەوەش، کە تورکمانـەکان ئازادیی بیرورِا دەربرِین و بزووتنەوەیان هەیە، قـوتابخـانە و رِۆژنامـە و ئێـزگـەی رِادیۆ و تـەلەڤـزیۆنیـان هـەیە و لە سـەرووی هەمووشیان وەزیرێکیان لە کابینەی حکوومەتی پارتیدا هەیە، کە نوێنەرایەتییان دەکـات،[٧٣] هـەردوو پارت لە ئایاری ٢٠٠٠ هـەوڵێکیـان دەست پێ کـرد بۆ چارەسـەرکردنی کێشـە بەرچاوەکان. لەگەڵ ئەوەش، لە تەمووز وا رِاگەیەنرا پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشی کردە سەر بارەگەی بەرەی تورکمانی لە هەولێر، دوو کەسی کوشت و شەشی تریشی بریندار کرد. ئەمە بووە هۆی ئەو تۆمەتانەی بەرەی تورکـمـانی لە بـەرامـبـەر پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانـدا بەوەی پارتی دەیەوێت "پاکتـاوی ئەو ٢,٥ ملیـۆن دانیـشـتـوانە بەهێـزەی تورکـمـان بکات لـە عـێـراق" و بارزانیش لە سەدام خراپترە،[٧٤] بەرەکە داوای لە تورکیا کرد پاڵپشتیی تورکمانەکان بکات لە دژی سـەرکوتکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە تورکیا پەیمانی دا وا بکات.

هـەرچەندە تورکـمانەکان زیاد لە رِادە قـەوارەی دانیـشـتوانی خـۆیان زیاد دەکرد، ئەوان هێـزێک بوون پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان دەبوو حـیـسـێبـیـان بۆ بکات لەبـەرئەوەی تورکـیـا پشـتـی دەگـرتن بە تێـرِوانینی هاوسـەنگکردنی زیادبوونی دەسـەڵاتی پارتی لە ناوچەکەدا. لەوەش زیاتر، تورکمان هەوڵیـان دەدا لەگەڵ یەکێتیدا هـاوپەیمـانی دروست بکەن، لەسـەر حـیـسـێبی ئەو دوو دوژمنەی، کـە هـەردووکـیـان رِووبەرِووی دەبوونەوە: پارتی دیموکراتی کوردسـتـان و حکوومـەتی عێراق، کە بەوە تۆمەتبار بوو زۆر دارکاریی کورد و تورکمانەکانی کەرکووکیان دەکرد، کە دراوسێی پارێزگای سلێمانیی ژێر دەسـەڵاتی یەکێتی بوو. یەکێتی و تورکـمانەکان نیگەران بوون بە دەرکردنی کورد و تورکمانەکـانی شـاری دەوڵەمـەند بە نـەوتی کـەرکووک و نیشـتـەجێکردنی فـەڵەسـتینییەکان لە جێگەیاندا. تاڵەبانی، کە داوای هـەڵوەسـتـەی لەسـەر ئەم سیاسـەتە دەکرد، جەختی لەسـەر برایەتیی کورد و تورکمان دەکردەوە بۆ رِووبەرِووبوونەوەی هـەرِەشـەکـە. کـەچی بـارودۆخـەکـە پرِ بوو لە لێکدژی، لەبەرئەوەی

ڕۆژنامەنووس و کاربەدەستانی فەڵەستینی لە عێراق نکووڵییان لەو ڕاپۆرتانە دەکرد. یەکێتی و پارتی هەستیان بە هەڕەشە دەکرد لە بەرامبەر زیادبوونی پاڵپشتیی تورکیا بۆ بەرەی تورکمانی و لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە بەتورککردنەی گوایە تورکیا دەیویست لە ناوچەکەدا بیگرێتە بەر.[٧٥]

بە کورتی، پێوەندیی کورد لەگەڵ تورکیا لە کۆتاییی نەوەتەکاندا لە چاو پێشتر زۆر چارەنووسساز و ئاڵۆزتر بوو. لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا لەسەر هەڕەشە دەرەکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تورکیا بە ترسناکترین وڵات دادەنرا لەناو ئەو وڵاتانەی دەوری کوردیان دەدا،[٧٦] لە ڕاستیدا تورکیا، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، هەموو داهاتەکانی (سیاسی، دیپلۆماتی و سەربازی)ی خۆی بەکار دەهێنا بۆ کۆسپ خستنە بەردەم پێشکەوتنی پرۆژەیەکی نەتەوەییی کوردی لە عێراق. کەچی پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانییان تورکیا بکەن بە خاڵی دەرچوون بۆ پێوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوە و بەهێزکردنی پرۆژەی نەتەوەییان لە کاتێکدا، وەک نوێنەر لە دژی پەکەکە شەڕیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی نیازی چاکی تورکیا. بە گشتی، ساڵانی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ تەنیا پێشەکییەک بوون بۆ ئەو گۆڕانە سەیرەی، کە لە ئەنجامی شەڕی عێراقی ٢٠٠٣ بە ڕابەرایەتیی ئەمەریکا، لە هاوکێشەی کورد تورکیادا ڕووی دەدا.

## پێوەندیی نێوان کورد و عەرەب

پێوەندییەلی نێوان کورد و عەرەب هەردەم ئاڵۆز بووە و مەبەستی منیش ئەوە نییە ڕۆ بچمە ناو ئەو ئاڵۆزییەوە، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە چەند خاڵێکی گشتی سەبارەت بە بیست ساڵی ڕابردوو دیار بخەم. ڕاستی، کاتێ دێین پێوەندییەکانی ساڵانی نەوەتەکانی نێوان کورد و عەرەب شی دەکەینەوە، ئەوە گرینگە ئاستی گوتار و ئاستی سیاسی لە یەکتری جیا بکەینەوە. سەبارەت بەوەی یەکەمیان، کورد بە توندی ڕەخنە لە ڕووناکبیرە عەرەبەکان دەگرن چونکە چاوەڕوانی پێشاندانی یەکەتییەکی گەورەتریان لێ دەکردن سەبارەت بە پرسی کورد، بە تایبەتی دوای

کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال. لەم ڕوانگەیەوە، ڕەنگە ئەوە بگوترێت، کە پێوەندیی کورد لەگەڵ عەرەب زیاتر پێوەندیی سۆزدارییە لە چاو پێوەندیی کورد لەگەڵ تورک و ئێرانی. کورد بڕوایان بەوە دەهات، کە ئەوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو دەیویست نەتەوەی کوردی بە ناشەرعی دابنێت و ئەوە حکوومەتێکی عەرەبی بوو، کە جینۆسایدی بەرامبەر ئەنجام دا،[٧٧] لەوەش زیاتر، کورد تێبینیی چوونیەکی نێوان پرسی خۆیان و پرسی فەڵەستینییەکانیان دەکرد، کە عەرەب پڕ بە دڵیان دەیانناسییەوە بەڵام دیسان جەختیان دەکردەوە، کە پرسی کورد دادوەرانە نییە.

سەبارەت بە تێڕوانینی عەرەب لە بەرامبەر کورددا، لەم دواییانەدا زۆر لە جاران لێڵتر بوو. لە لایەکەوە مەیلێک هەبوو بۆ فەرامۆشکردنی کورد و پێناس و کولتوور و مێژووی بێ هاوتایان، لەلایەکی ترەوە بۆ گەورەکردنی ئەو هەڕەشەیەی لە لایەن ئەوانەوە بڵاو دەبووەوە،[٧٨] کۆمەڵکوژیی ئەنفال و هەڵەبجە جەمسەرێکی مەسەلەکە بوو و گەشەکردنی ئۆتۆنۆمیش جەمسەرەکەی تری بوو. ڕاستی، مەیلی عەرەب بۆ نکووڵیکردن یان فەرامۆشکردنی شەڕی جینۆسایدی بەغدا لە دژی کورد وەک خاڵی گرژیی سەرەکیی نێوان کورد و عەرەب مایەوە، هەروەک لە بەشی پازدەدا پێشان دراوە.[٨٠]

ئەو بێباکییەی بەرامبەر ئەنفال و هەڵەبجە هەبوو لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەکدا بۆشاییی بۆ تێوەگلانی گەورەتری مەسەلەی کورد بەجێ دەهێشت. هەندێک لە ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکان ئەو گۆڕانکارییانەی کوردستانی عێراقیان تەواو بە شێوەیەکی بابەتییانە بڵاو دەکردەوە، هەندێک جار بگرە سەرسوڕمانییان نێزیک بوو لە ئیرەیی پێ بردن،[٨١] لە کاتێکدا مەسەلەکانی پێناس حوکمی لەسەر جەدەلی نێوان کورد و عەرەب دەکرد، نیگەرانیی سەرەکیی عەرەب برێتی بوو لە گۆڕینی هاوسەنگیی دەسەڵات لەسەر واقیع و هەستی لاوازییان لە بەرامبەر کورددا.

لەسەر ئاستی سیاسی، تا ناوەڕاستی نەوەتەکان حکوومەتە عەرەبەکان لە چارەنووسی کوردی عێراق خۆیان بە دوور دەگرت. تەنیا موعەمەر قەزافیی سەرۆکی لیبیا نەبێت، کە بەردەوام پاڵپشتیی پرسی کوردی دەکرد و بگرە داوای سەربەخۆییی کوردیشی دەکرد،[٨٢] لەگەڵ ئەوەش، ئەم هەڵوێستە بوێرانەیە

دووپاتکردنەوەی لەلایەن حکوومەتە عەرەبەکانی ترەوە بە دوادا نەهات. ئەوەی کە دەکرێ باس بکرێت هەوڵەکانی میسر بوو بۆ ناوبژی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لە شوباتی ١٩٩٧، میسر شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ سەردانێکی فەرمی بۆ قاهیرە بانگهێشتن کرد، یەکەم هەنگاو لەوەتەی یەکەم حوکمی بەعسەوە لە ١٩٦٣ لەو کاتەی جەمال عەبدولناسر بەشداریی لە هەوڵە ناوبژیکارییەکەی نێوان حکوومەتی بەعس و کورددا کرد. دواتر لە ئایار، میسر میوانداریی تاڵەبانیی کرد لە قاهیرە و بگرە مانگێک دواتریش ڕێی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا نووسینگەیەک لەوێدا بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش، هەوڵەکان لە ئایار و لە ئەیلوول بۆ بردنی دوو پارتەکە بۆ قاهیرە تێ شکا. هەروەک ئەو ڕۆڵەی میسر وەک جێی سەرسوڕمان دیار بوو، پێ دەچوو بە چەند شتێکەوە دنە درابێت لەوانە بۆ ئارەزووکردن لە بەدەستهێنانی پارچەیەک لە کۆلێرەکەی کورد و بۆ لەڕوودا وەستانەوەی دەست وەردانی تورکیا لە عێراق و بە داخوازیی بەغدا لە هاندانی گفتوگۆ لە نێوان هەردوولادا.[٨٤]

میسر هەنگاوێک چووە پێشتر کاتێک ڕێکخراوێکی ئەکادیمیی میسری ڕەزامەندیی لەسەر دەستپێشخەرییەکی نافەرمی پێشان دا بۆ سازدانی دایەلۆگێکی عەرەبی – کوردی سەبارەت بە "پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان عەرەب و کورد" و "کوردستان: ئێستە و داهاتوو لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو" لە میسر لە ٢٧–٢٨ ئایاری ١٩٩٨دا، شاندی هەردوو پارت لە دایەلۆگەکەدا بەشدار بوون، بەڵام لە کاتێکدا شاندەکەی یەکێتی بە سەرکردایەتیی تاڵەبانی بوو، پارتی تەنیا لە لایەن کاربەدەستە پلە نزمەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرا. دیمانەکە، یەکەم جۆری دیمانە بوو لە نێوان عەرەب و کورددا، بە داوایەکی ئاشتەواییی نێوان پارتی و یەکێتی کۆتاییی پێ هات،[٨٥] هەندێک لە چاودێران ئەو دەستپێشخەرییەی میسریان بە بەشێک لە هەوڵەکانی میسر دەبینی بۆ بەرهەڵستیکردنی خۆڕێکخستنی قووڵی تورکیا و ئیسرائیل لە ناوەڕاستی نەوەتەکان یان، بە لایەنی کەمەوە، بۆ دەرکردنی کورد لە خولگەی تورکیا. دایەلۆگەکە تورکیا و عێراقی تووڕە کرد،[٨٦] کە بێ سوود هەوڵیان

دەدا میسر پاشگەز بکەنەوە لە سازدانی. بەهەرحاڵ، جگە لە چەند ددان پێدانانێک کە بە دوو لایەنە کوردییەکە درا، هەوڵە ناوبژیکارییەکان زۆر پێش نەکەوتن.

کورد لە لایەن خۆیانەوە، سەرەڕای ڕەخنەیان لە حکوومەتە عەرەبییەکان، دوودڵ بوون لەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ببەستن. بۆ نموونە، کرانەوەی پارتی بەرەو ڕووی سووریادا لە ماوەی سێ ڕۆژی ماتەمینی لە مردنی حافز ئەسەدی سەرۆکی سووریا لە حوزەیرانی ٢٠٠٠ و لە سەردانی مەسعوود بارزانی بۆ دیمەشق دەرکەوت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆک بەشار ئەسەد. هەردوو پارت بە شێوەیەکی دیار "دووپاتی" هەڵگرتنی گەمارۆی سەر عێراقیان کردەوە،[٨٧] هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەشەپێدانی پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستانەی کورد و عەرەب ڕەنگی دایەوە لە ئاداری ٢٠٠٠ لە هەولێر،[٨٨] سەرەڕای تورکیا، مەسعوود بارزانی سەردانی هەندێک وڵاتی تری عەرەبیی کرد، لەوانە لیبیا و میسر و سعوودیە و ئوردن، جەختی لەسەر ئەو پەیامە دەکردەوە، کە پارتی دژی گەمارۆکانی سەر عێراقە و پابەندە بە یەکەتی و سەروەریی خاکەکەی. لەگەڵ ئەوەش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە یەکەتیی عێراق دەبێت شێوەی فیدراڵی وەربگرێت،[٨٩] مەبەست لە لێدوانەکانی مەسعوود بارزانی لە میانەی سەردانەکانی بۆ وڵاتانی عەرەبی بە ڕوونی دیار بوو نێزیککردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە سەرکردە عەرەبەکان و یا بۆ ڕێ خۆشکردن بوو بۆ هەڵگرتنی گەمارۆی سەر عێراق و بۆ ئەو ئەگەرەش، کە بەغدا کورد سەرکوت دەکات. پاڵنەرێکی تر بۆ سەردانەکەی بارزانی ڕەنگە هاوسەنگکردنی سەردانەکانی خۆی بێت لەگەڵ ئەو سەردانانەی تاڵەبانی پێشتر بۆ وڵاتە عەرەبییەکانی کردبوو.

سەردانەکانی تاڵەبانی و بارزانی گرینگ بوون، نەک لەبەر سەرکردەکان خۆیان، بگرە لەبەر گرینگیی سیمبولییان، ئەم سەرکردانە وەک نێردەی حکوومەتی ناوەندی پێشوازییان لێ نەدەکرا، بگرە وەکو باڵوێزی بەشی کوردستانی خۆیان پێشوازییان لێ دەکرا. ئەمە، لە ڕاستیدا ددان پێدانانێکی تێگەیشتنی سەرکردە عەرەبەکان بوو لە تێشکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە سڕینەوەی ناسیۆنالیزمی کورد.

## ئەمەریکا و کورد : هاوپەیمانیی پێشبینی نەکراو

ئەگەر یەک هۆکار هەبێت تا ئێستە چارەنووسی کوردی لە عێراقدا گۆڕیبێت ئەوە ئەمەریکا بووە. ئەو شەڕەی ئەمەریکا لە دژی عێراقی هەڵگیرساند ئەو بارودۆخە بەدیهییەی گۆڕی بە ناچارکردنی بارودۆخەکە بە لای مەسەلەی کوردییەوە. پێشتر کورد، کە لە سەرەتا وەک بارێکی ئاکاری بەسەر شانی ئەمەریکاوە دەبینران، بوون بە جۆرێک لە هاوپەیمان. دەکرێت پێوەندیی نێوان کورد و ئەمەریکا لە نەوەتەکان و دوای نەوەتەکان وەک کەیسێکی لێکۆڵینەوە پێوەندیی ببینرێت، کە لەو کاتە لە نێوان زلهێزێک و "بەکرێگیراوێکی بێ دەوڵەت"دا بوونی هەبوو،[٩٠] لە سەرەتا، پێ دەچوو پشتبەستانەکە بە تەواوی لە یەک لایەنەوە بێت و لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا بێت. کەچی کە کات تێ پەڕی، ئەمەریکا دەستی کرد بە پشتبەستان بە هاریکاری و چاکەی کورد. لەگەڵ ئەوەش هەروەک کاربەدەستێکی ئەمەریکا ددانی پێدا نا، ئەمەریکا هیچ سیاسەتێکی ڕوونی لەبارەی کوردەوە نییە و پێویست ناکات سیاسەتێکیشی هەبێت چونکە "ئێمە پشتیوانی لە بنەمای یەکەتیی عێراق و سەروەریی خاکەکەی دەکەین."[٩١]

هەرچەندە سنووردار و کێشەئامێز بوو، بەڵام ئەو پێوەندییەی کورد لەگەڵ ئەمەریکادا دروستی دەکرد زۆر گرینگ بوو. ئەو گۆڕانکارییانەی ئەم پێوەندییانەیان بەژێردا تێ پەڕی لە ڕاستیدا تەواو کاریگەر بوون. دوای بە شوێندا گەڕانی ئەمەریکا بۆ ماوەی سی ساڵ یا زیاتر بۆ بەدەستهێنانی کەمترین هەست لە لایەن وییەوە، کورد بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە لە لایەن ئەمەریکاوە فەرامۆش دەکران،[٩٢] وەک مەلا مستەفا بارزانی، تاڵەبانیش بیری لەوە دەکردەوە کورد خۆیان لە سەرووی کارنامەی ئەمەریکاوە دابنێن. ڕاستی، تاڵەبانی کەمێک دوای شەڕی کەنداو بۆ پرسی کورد هاتە ئەمەریکا، بەڵام هیچ کاربەدەستێک لەگەڵیدا کۆ نەدەبووەوە،[٩٣] کەچی لە ناوەڕاستی نەوەتەکان گۆڕانکارییەکە ئەوەندە بوو، کە ئەمەریکا بە ئاشکرا پێویستی بە کورد بوو بگرە بە شوێنیشیدا دەگەڕا.

گۆڕانی نیازی ئەمەریکا بەرامبەر کورد بە دوو قۆناغدا تێ پەڕی: یەکەمیان دوای

کیمیابارانی هەڵەبجە و دووەمیشیان دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە. گواستنەوەی بەرفرەوانی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە لە لایەن میدیای ناودەوڵەتییەوە بەزەیی و پاڵپشتیی مرۆیی زۆری لە لایەن چەند تاکێکەوە بۆ کورد بەدەست هێنا. بۆ نموونە، پیتەر گلبەریس، ئەندامی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەوسا، هۆکارێک بوو بۆ تێپەڕاندنی یاسای ڕێگرتنی جینۆساید لە ١٩٨٨، کە لە ڕاستیدا داوای گەمارۆکانی سەر عێراقیشی دەکرد،[٩٤] کەچی ئیدارەکەی ڕۆناڵد ریگان ئەم بیرۆکەیەی داخست و بگرە ڕەزامەندیی لەسەر ١ بلیۆن دۆلار قەرزیش دا بۆ عێراق،[٩٥] ڕاستی، کۆشکی سپی و کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و توێژەر کیمیابارانی هەڵەبجەیان خستە سەر ئەستۆی ئێران،[٩٦] سەرەتا، ئیدارەی جۆرج بوشی کوڕ دەیویست شوێنپێی ئیدارەکانی پێشە خۆی بکەوێت. لە بەڵگەنامەیەکدا بە ناوی "ڕێنوێنی بۆ سیاسەتی ئەمەریکا – عێراق،" ئیدارە نوێیەکە ئارەزووی خۆی ڕاگەیاند لە چاککردنی پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی لەگەڵ عێراقی سەدام حوسێندا. هەرچەندە ئەوان ڕەوشی مافی مرۆڤیان لە عێراق بە ڕەوشێکی "زۆر خراپ" وەسف کرد، توێژەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی بوش گەیشتنە ئەو ئەنجامەی "بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات خۆمان بە ٦٠ ساڵ شۆڕشی کورد لە عێراق ببەستینەوە یان لە ڕووی هەوڵە شەرعییەکانی عێراق بوەستینەوە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکە."[٩٧] ئەوە دوای داگیرکردنی کوێت بوو لە لایەن عێراق کاتێک ئەمەریکا هێدی هێدی و بە وریاییەوە دەستی کرد بە گۆڕینی هەڵوێست لە بەرامبەر هەڵەبجە و کورد،[٩٨] لە کاتی شەڕ بەرامبەر کوێت، ئیدارەکەی بوش هێرشی کیمیایی ڕێژیمی عێراقی لە دژی کورد وەک پاساوێکی گرینگ بەکار هێنا لە بانگەشەی ئەوەی شەڕ لە بەرامبەر عێراق "تەنیا شەڕ" بوو. گومانی تێدا نییە ڕاڕایی زۆر لەم هەنگاوەدا هەبوو، بەڵام دوایەمین شیکار خزمەتی بە کورد گەیاند.

بە شێوەیەکی ڕوون، گۆڕانەکە پێوەندیی بە تەواوی دامەزراوەکانی ئەمەریکاوە هەبوو، لەگەڵ ئەوەش هەندێک کەسایەتی ڕۆڵێکی کاریگەرییان تێیدا هەبوو. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، یەکێک لەو کەسایەتییانە بریتی بوو لە گالبرەیس، کە چالاکییەکانی بریتی بوون لە لۆبیکردن بۆ کورد لە چەندین ئیدارەدا، ناساندنی

تاڵەبانی و بارزانی بە مەمەرەکانی دەسەڵات لە واشنتۆن کە تا ئەو کات وەک باڵیۆز قەبووڵ نەدەکران، پارمەتیدان لە بردنی ١٤ تەن لە بەڵگەنامەی نهێنیی پۆلیسی بەعس، کە لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە لایەن کوردەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، لە کۆتاییشدا، بوون بە داکۆکیکاری کورد عێراق لە میدیادا دوای هەرەسی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ و کۆڕەوە سەدان هەزارییەکەی کورد بۆ تورکیا و ئێران.[٩٩]

هۆکاری لاربوونەوەی ئەمەریکا بۆ لای کورد لە بەشی سێزدەدا باسمان کرد. لێرەدا باسی ئەنجامە کاریگەرەکانی ئەو لاربوونەوەیە دەکەم بۆ کورد. سوپاس بۆ چەترەکەی ئەمەریکا، کە کورد لە سایەیدا توانییان یەکەم جار لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ ئۆتۆنۆمیی خۆیان هەبێت. مەسەلەی کورد بوو بە مەسەلەیەکی ناودەوڵەتی و پێکهاتەی کورد لەگەڵ دامەزراندنی ئۆفیسە دیپلۆماتییەکان لە واشنتۆن و پایەتەختەکانی ڕۆئاوادا جۆرێک لە شەرعییەتی وەرگرت، لەو کاتە (دوای گەمارۆی ١٩٩٠) کاربەدەستانی عێراقی لەو جێگەیانەدا قەدەغە بوون. شەڕی ناوەخۆی کورد لە ١٩٩٤ تا ١٩٩٦، ڕەنگە لە بەهای ئەو پشتیوانییەی کەم کردبێتەوە بەڵام خۆشبەختانە بۆ گەلی کورد ئەمەریکا دەستی کرد بە ناوبژی لە نێوان سەرکردایەتییەکان و بگرە زیاتریش لە مەسەلەکە ئاڵا.

سەرەتا ئەمەریکا ڕۆڵی ناوبژیی لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان دەگێڕا، بەڵام دواتر بوو بە جۆرێک لە هاوبەش لەگەڵ کورد. یەکەم گەڕی ناوبژی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٥ ڕووی دا، کاتێ کاربەدەستێکی ئەمەریکایی سەردانی کوردستانی عێراقی کرد بۆ وریایی دان بە پارتی و یەکێتی لە دژی ململانێیەکی درێژدادر. دوای ئەوە شاندێکی باڵای هاوبەشی ئەمەریکا و تورکیا لە ٢٥ کانوونی دووەم گەیشتنە کوردستان،[١٠٠] لە تەمووزی ١٩٩٥، ئەمەریکا تاڵەبانی و مەسعوود بارزانیی بانگهێشتن کرد تا لە واشنتۆندا گفتوگۆ ساز بدەن، بەڵام مەسعوود بارزانی بانگهێشتنەکەی ڕەت کردەوە. لە ڕاستیدا ئەمە ئاماژە بوو بۆ گۆڕانی سەردەم: ئەمەریکا ئارەزووی دەکرد بە شێوەیەکی کراوە و بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ بارزانییەکاندا مامەڵە بکات شتێک، کە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەر بیریشی لێ نەدەکرایەوە و بارزانی ئەم داوایەی ڕەت دەکردەوە.

دوودڵیی بارزانی ڕەنگە بەهۆی گومان هەبوونی بێت لە تەکاندەرەکانی ئەمەریکا، هەروەها ڕەنگە نەویستنی بارزانی بێت لە گەیشتن بە چارەسەرێکی مامناوەند لەگەڵ تاڵەبانیدا، تا بژارەگەل لە بەردەمدا سنووردار نەبن. دووەم هەوڵی دانوستاندنەکانی ئەمەریکا لە ١٨ ئەیلوولی ١٩٩٦ دەستی پێ کرد، کاتێ مەسعوود بارزانی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆبێرت پیلیترۆ، یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆهەڵاتی نێزیک، بانگهێشتنی تورکیا کرا، ڕەنگە بۆ تێگەیشتنێکی بەرایی بووبێت لە خزانی مەسعوود بارزانی بەرەو لای سەدام. لە بەرامبەردا، مەسعوود بارزانی بەوە ناوی دەرکردبوو، کە داوای جۆرێک لە بەشداریی ئەمەریکای کردووە لە باکور،[١٠١] خاڵێکی گرینگی تری وەرچەرخان لە پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا بریتی بوو لەو هەوڵە ناوبژیکارییەی ئەمەریکا، کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتەکەی بوو بەرامبەر، کە لە تەمووزی ١٩٩٨ بە دواوە گەیشتە ئەوپەڕی. ئەمەریکا نیگەران بوو بەرامبەر دایەلۆگی نێوان بەغدا و کورد هیوای دەخواست پووچەڵی بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەمەریکا لەوەش نیگەران بوو کە ڕەنگە دایەلۆگی ناوخۆی کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ دوور لە دەسڕۆیینی ئەمەریکا گەشە بسێنێ،[١٠٢] بەیاننامەکانی ڕێژیمی عێراق و لایەنە کوردییەکان لەبارەی ئەگەری ئاشتەواییەک سەرنجی ئەمەریکای بەکێش کرد (هەروەک نیازیان هەبوو ئاشت ببنەوە). بە هەمان شێوە، لەبەرئەوەی ئەمەریکا پێی چاکتر بوو خۆی لە هێرشی سەربازی بۆ سەر عێراق بە دوور بگرێت، کارتی کوردی پێویست بوو بۆ هێشتنەوەی پاڵەپەستی لەسەر بەغدا. لە کۆتاییدا، بڕیاری ئەمەریکا لەبارەی لە کارلادانی ڕێژیم لە ڕێگەی ئۆپۆزسیۆنەوە، کورد، کە کلیلی سەرکەوتنی ئەو بوون، خستە ناو ڕۆڵێکی سەرەکییەوە. ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان، کە لە لایەن ئەمەریکا پشتیوانیی لێ دەکرا، هۆکارێک بوو بۆ گەیشتن بە کۆنترۆڵێکی باشتری بارودۆخەکە لە کوردستان و لەوێوەش بۆ عێراق.

بێگومان بەر لەوەی ئاشتەواییەکی لەو جۆرە ڕوو بدات، ئەمەریکا دەبوایە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئاشت بێتەوە، کە لە ١٩٩٦ پاڵپشتیی لە بەغداوە وەرگرتبوو لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەمەش بە شێوەیەکی

ناڕاستەوخۆ لە دژی ئەمەریکا بوو. بارزانی هێشتا پێشوازیی لە کرانەوەکانی ئەمەریکا نەدەکرد، پارتی ئەمەریکای سەرکۆنە دەکرد نەک تەنیا بە ناپاکیکردن لەگەڵ کورد لە ڕابردوو و چوونە پاڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بگرە بەوەش ئەمەریکای سەرکۆنە دەکرد، کە سیاسەتێکی ڕوونی لەسەر باکوری عێراق نییە،[١٠٣] وەک هەنگاوێکی سەرەتایی، ئەمەریکا لە ١٨ تەمووزی شاندێکی ڕەوانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە لە لایەن جێگری یاریدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆهەڵاتی نێزیک، دەیڤید وێلچ و چاودێرێکی تورکیش سەرکردایەتی دەکرا، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی و پارتی بە جیا. دوای خایاندنی چوار ڕۆژ، شاندەکە گەیشتە ئەوەی لە دووی تاڵەبانی و بارزانی بگێڕێتەوە بۆ واشنتۆن بۆ درێژەدان بە گفتوگۆیەل. بەڵام جیاواز لە ڕابردوو، مەسعوود بارزانی ئەمجارەیان لەدووگێڕانەوەکەی قەبووڵ کرد، بارزانی ئەوەی ڕوون کردەوە، کە ئەمەریکا گفتی ئەوەی پێ داوە "بەردەوام دەبێت لە پارێزگاری لە خەڵکی باکوری عێراق لە دژی بەغدا" و گەمارۆی سەر بەغدا هەڵناگیرێت و پێوەندییەکانیشی لەگەڵ عێراق ئاسایی نابێتەوە. پێ دەچوو بڕیارەکەی بارزانی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بارزانی بیەوێت پشتبەستانی خۆی بە تورکیا کەم بکاتەوە تاکو ئەو پەستانەی تورکیا بەپاش بداتەوە لە شەڕ لەگەڵ پەکەکە، کە لە باکوری عێراقدا کاریان دەکرد.[١٠٤]

جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، بەغدا سەرکۆنەی سەردانی شاندەکەی ئەمەریکای کرد و لەدووناردنەکەی بۆ واشنتۆنی بە دەست وەردانی ئەمەریکا لە کاروباری ناوەخۆی عێراق دانا و سکاڵانامەیەکی پێشکێش بە یو ئێن کرد،[١٠٥] لەگەڵ ئەوەش بەغدا نەیتوانی مەسعوود بارزانی، هاوپەیمانی پێشووی، بوەستێنێ لە کشان بەرەو خولگەی ئەمەریکا. بە پێچەوانەوە، مەسعوود بارزانی دەبوو هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ تورکیادا بکات، کە لەگەڵ ئەودا هاوبەشییەکی نێزیکتری هەبوو. وا ڕاگەیەنرا مەسعوود بارزانی لە ١٨ی تەمووزی ١٩٩٨ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ تورکیادا ئیمزا کردووە بۆ یەکخستنی هێزەکانی خۆی لە هێرشێک بۆ سەر پەکەکە لە باکوری عێراق[١٠٦] و لەسەر زاری ئەودا، ڕۆژنامەیەکی تورکی بڵاوی کردەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەگەر پاڵپشتیی تورکیا وەربگرێت

یاخۆ وەری نەگرێت، لە شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا بەردەوام دەبێت،[١٠٧] لەوەش زیاتر، لە ڕێگەی چوونی بۆ واشنتۆن لە ئەیلوول، مەسعوود بارزانی سەردانێکی سێ ڕۆژەی بۆ ئەنقەرە کرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای تورکیادا، لەوانە جێگری سەرۆک وەزیران بلێند ئەجەوید،[١٠٨] تورکیا، کە ڕەنگە ترسی لەدەستدانی کارتی کوردی بووبێ، کاتێک بۆ واشنتۆن لەدووی نەگێڕدرابووەوە، دەیویست بە هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی بارزانی لە زۆر لارنەبوونەوەی بەلای ئەمەریکادا دەسڕۆیینی خۆی بهێڵێتەوە.

لووتکەی واشنتۆن لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٩٨ بە گفتوگۆی جیا جیای وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مادلین ئۆڵبرایت، لەگەڵ هەریەکە لە مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا کرایەوە، دوا بەدوای ئەو کۆبوونەوانە، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیی بەدوادا هات. ئەمە یەکەم جار بوو دوای چوار ساڵ مەسعوود بارزانی و تاڵەبانی لەگەڵ یەکدا کۆ ببنەوە. دوای کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکە، ئۆڵبرایت ڕای گەیاند، کە بارزانی و تاڵەبانی "لاپەڕەیەکی نوێ و هیوادەریان هەڵداوەتەوە لە هەوڵی خۆیان بۆ کارکردن لەگەڵ یەکدا و لە پێناوی گەلەکەیان،" ئۆڵبرایت جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە "ڕۆحییەتێکی تازەی ئاشتەوایی" یارمەتیدانی کورد لە لایەن ئەمەریکا و خەڵکانی ترەوە ئاسانتر دەکات. ئۆڵبرایت ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە کۆبوونەوە هاوبەشەکە دوای شەش مانگ "کار لەسەر گفتوگۆ"ی نێوان هەردوو لایەن هاتووەتە جێبەجێبوون،[١٠٩] لە ١٧ی ئەیلوول، لووتکەکە بە ڕێککەوتنێک لە نێوان دوو لایەنەکە و بە تێگەیشتنێکی فەهمیی نێوان هەردوولا و ئیدارەکەی کلینتۆن بەکۆتا هات.[١١٠]

لە کاتێکدا ڕێککەوتننامەکە، کە لە لایەن تاڵەبانی و بارزانی و وێڵچەوە ئیمزا کرا، جەختی لەسەر "سەروەریی خاک و یەکەتیی عێراق" دەکردەوە، ئاماژەی بە خواستی کوردیش دەکرد لەوەی "عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی پێک بێت." بۆیە وشەی "خواست"ی تێدا هاتبوو چونکە ئەمەریکا لە عێراق دژی فیدراڵیی ئیتنی بوو،[١١١] خاڵە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکە بریتی بوون لەمانە: (١) دامەزراندنەوەی ئیدارە و پەرلەمانێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، (٢) کۆنترۆڵی تایبەتی هەموو داهاتەکان بۆ ئیدارە هەرێمییەکە، (٣) هەڵبژاردنی

هەرێمیی نوێ (٤) قەدەغەکردنی بزووتنەوە "تیرۆریستییەکان" واتە، پەنا نەدانی پەکەکە "لە تەواوی هەرێمی کوردستانی عێراق" و ڕێگرتن لە پەکەکە "لە شێواندن و لاوازکردنی ئاشتییەکە یان لە پێشێلکردنی سنووری تورکیادا."[١١٢]

ڕێککەوتنەکە خشتەیەکی دیاری کرد، کە بە هۆیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان "کۆمەکی دارایی گونجاو بە شێوەی مانگانە پێشکێشی" یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکات، کە لە ١ی تشرینی یەکەمەوە دەست پێ دەکرد، هەروەها لە ماوەی ساڵێکیشدا هەڵبژاردنێک ئەنجام بدات. ڕێککەوتننامەکە داوای لە هەریەکە لە ئەمەریکا و بەریتانیای مەزن و تورکیا و تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد "بەردەوام بن لە چاودێری بۆ پارێزگاری و پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق." ئەمە بووە هۆی دانانی کێشەئامێزترین مەسەلەی تایبەت بە کورد: کێ گرەنتیی ئۆتۆنۆمیی کورد دەدات؟ دوا بەدوای کۆبوونەوەکە، هەریەکە لە مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە "ئەمەریکا پەیمانی داوە ڕێ لە دەست وەردانی عێراق بگرێت، ئەگەر عێراق وا بکات، هەروەها پابەند بێت بە پاراستنی ئاسایشی گەلی کورد."[١١٣] ئۆڵبرایت، کەمێک بە ڕاڕاییەوە، ڕای گەیاند، کە ئەمەریکا وەڵامدانەوەی دەبێت ئەگەر سەدام "هەڕەشەی خستە سەر گەلی عێراق بەوانەشەوە، کە لە باکورن." کاربەدەستێکی کورد، کە لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بوو ڕای گەیاند، کە دڵنیاکردنەوەی ئەمەریکا بۆ ئێمە لەژێرەوە بەهێزتر بوو، واتە، ئەوەی ئەمەریکا دەیگوت "پارێزگاریتان لێ دەکەین هەروەک پارێزگاریمان لە کوێت کرد،" وای لە کورد کرد دەست بە ڕێککەوتنەکەوە بگرن، سەربازەکانی سەدام لەو ناوچانە دوور بخەنەوە، کە لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو، سەدامیش نەوروژێنن تا پێویست بە نەهاروژێنن ئەمەریکا نەکات.[١٤٤]

پابەندبوونی بەشداران بە هەر جۆرێک بێت، کۆبوونەوەکەی واشنتۆن زۆر گرینگ بوو بۆ بەناودەوڵەتیکردنی مەسەلەی کورد. ئۆڵبرایت بالاترین کاربەدەستی ئەمەریکا بوو، کە تا ئەو کات بە ئاشکرا گفتوگۆی لەگەڵ کورددا کردبێت. سی ساڵ بەر لەو کات، بۆ کورد ئەمە هاوارێک بوو لە دوورەوە لەو کاتەی پێوەندییەکان بە شێوەیەکی تایبەت نهێنی بوون. لە دوای شەڕی کەنداوەوە، پێوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کورد

هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی تردا، ئەمجارەیان، ئەمەریکا بە تەنیا میوانداریی کوردی کرد. لەوەش زیاتر، لە کاتێکدا لە هەوڵە ناوبژییەکانی پێشوودا تورکیاش بەشدار بوو، ئەمجارەیان ئەمەریکا بە تەنیا ئەمەی کرد.

هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ ئاشتکردنەوەی یەکێتی و پارتی و خستنەگەڕی لەیەک نێزیکبوونەوەی نێوان ئەوان و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەندەران، لە ساڵانی داهاتوو بەبێ پچڕان بەردەوام بوو. ئەمەریکا هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئاماژە سیمبۆلییەکانەوە ئارەزووی کورد بەدەست بێنێ، وەک یادکردنەوەی یازدە ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە[١١٥] لە لایەن گرووپی مافەکانی مرۆڤی کۆنگرێس و کاربەدەستانی تری ئەمەریکا. ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی ڕوون پێچەوانەی ئەو خۆلێگێلکردنەی سەرەتای کارەساتەکەی هەڵەبجە بوو لە ١٩٨٨، ئەمەش ئاماژەیەک بوو بۆ گۆڕان لە هەڵوێستی ئەمەریکادا.

لەسەر ئاستی سیاسی، کۆبوونەوەی جێگری سەرۆکی ئەوسا، ئاڵ گۆر، لە واشنتۆن لەگەڵ کاربەدەستانی کورد لە ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ گەشانەوەیەکی تر بوو بۆ پێوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کورددا. لە قسە بۆ نوێنەرانی پارتی و یەکێتی، ئاڵ گۆڕ پابەندبوونی ئەمەریکای دووپات کردەوە "بۆ پارێزگاریکردنی گەلی کوردستانی عێراق" (نەک گەلی "باکوری" عێراق، هەروەک ئۆڵبرایت دەری بڕی)،[١١٦] ئاڵ گۆر داوای لە هەردوو لایەن کرد پەلە بکەن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی واشنتۆنی ١٩٩٨، کە دەیویست پێوەندیی نێوانیان ئاسایی بکاتەوە. تاڵەبانی بەشداریی کۆبوونەوەکەی کرد، بەڵام مەسعوود بارزانی نەچوو، لە جێگەی خۆیدا برازای و زاوای خۆی، نێچیرڤان بارزانیی نارد، کە سەرکردایەتیی حکوومەتی هەرێمی پارتیی دەکرد. نائامادەیی بارزانی لە چەند شیمانەیەکەوە سەرچاوەی دەگرت: متمانە نەبوون بە تەکاندەر و مەبەستەکانی ئەمەریکا (واتە، لە ڕاستیدا ئاڵ گۆر ئارەزووی دەکرد کارتی کورد بەکار بهێنێ بۆ پڕوپاگەندەکردن لە خۆکاندیدکردن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەک بۆ سەدام)، متمانە هەبوون بە خۆی، کە سەرسامییەکی پێ دابوو بەشداری لە کۆبوونەوەی لەو جۆرەدا نەکات، ئەو ئارەزووەش، کە دەرگە بە کراوەیی بۆ بەغدا جێ

بێلّێ و تالّەبانیش بە کەم دابنێت، لە ڕێگەی ئەو ئاماژەیەی، کە نێچیرڤان وەک هاوتایەک بۆ ئەو بەسە،[١١٧] دەرککردن بەوەی کورد بەهێزترین لایەنن، ڕەنگە جێ متمانەتریش بن، لەنێو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژ بە سەدام، ئیدارەی کلینتۆن زۆرترین کاتی خۆی بۆ ئاشتکردنەوەی یەکێتی و پارتی تەرخان کرد. لە ڕاستیدا، توانای شاراوەی کورد بۆ شوێن لەقکردنی سەدام وەک پێشبینییەک هەستی پێ دەکرا لە ڕێگەی بەشدارییان بۆ شەڕی عێراق.

## گەیشتن بە داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣

ئەو ڕووداوەی، کە گەورەترین تەکانی بە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی کورد دا و پێگەیەکی ناودەوڵەتیشی بە کورد دا، بریتی بوو لە شەڕی دژ بە عێراق بە ڕابەرایەتیی ئەمەریکا. سەرەتا، کورد دوودڵ دەرکەوتن لە بەشدارییان لە نەخشە مەزنەکەی ئەمەریکادا. هەریەکە لە یەکێتی و پارتی بەگومان بوون لە پاڵپشتیی ئەمەریکا و لە هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بە تێڕوانینی لە کارلابردنی بەعسەوە. لە تێڕوانینی تالّەبانی، کورد لایەنێک نەبوون بۆ هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ لە کارخستنی سەدام. تالّەبانی گوتی "دانوستاندنەکانی ئێمە لەگەڵ ئەمەریکاییەکان بریتی بوو لە جەختکردنەوە لەسەر ئاشتبوونەوەی یەکێتی و پارتی" ئەوەشی گوت، کە "ئێمە ئەوە ڕەت دەکەینەوە ببین بە لایەنێک بۆ هەر پیلانێکی بێگانە، کە ئەم ئامانجەی لە مێشکدا بێت."[١١٨] هەمان خاڵ لە لایەن مەسعوود بارزانییەوە دووپات کرایەوە، کە ئەویش سڵبوونی خۆی لەبارەی ئۆپۆزسیۆنبوونی دەرەوەی عێراقەوە دەربڕی. مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند، کە ئۆپۆزسیۆن "پێویستە لە عێراق بمێنێتەوە، چونکە ناکرێت هیچ بەرهەڵستییەک لە دەرەوەی عێراقەوە بخرێتە سەر گەلی عێراق."[١١٩] مەسعوود بارزانی زیاتر جەختی کردەوە، کەوا ڕێ نادات "هەرێمی کوردی ببێتە خاڵی پەلامار بۆ گۆڕینی ڕێژیم، مەگەر گرەنتیی تۆکمە هەبێت بەوەی داهاتووی عێراق ببێتە داهاتوویێکی فرەیی و دیموکراتی و ڕێگەچارەی فیدراڵیش بۆ مەسەلەی کورد هەبێت."[١٢٠] لەم دووڕیانەدا، کورد دوودڵ بوون پشتیوانیی پلانەکەی ئەمەریکا بکەن چونکە لەوە دەترسان ئەمەریکا ناپاکییان

لەگــەڵدا بکات هـەروەک چۆن لـە ڕابردوودا کــردبووی. کــوردەکــان نەیاندەویست کوردستـان بکەن بە بنکەیەک بۆ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، کە دەشیا بارودۆخی کورد زیاتر ئاڵۆز بکەن، هەروەها دەیانویست دەرگـەی دایەلۆگ بە کراوەیی بۆ بەغدا جێ بێڵن. بۆیە تاکتیکی کورد بریتی بوو لە بەشداری لەو کۆبوونەوانەی ئۆپۆزسیۆن، کە ئەمـەریکا ڕێکی دەخست تاکو ڕێگەکانی پێوەندی بە کراوەیی بهێڵنەوە، لە هەمان کــاتیش، ڕەتیــان دەکـــردەوە خــۆیان بە هـەر پلانێکەوە پابەند بکەن، کــە ڕەنگە دانیشتوانی کورد و ڕەوشی ڕێکخراوەیی وانی بخستایەتە مەترسییەوە.

گۆڕان لە بیرکردنەوەی کورد دوای هێرشی ١١ی ئەیلوولی قاعیدە لە ئەمـەریکادا هات، کە ئیسپاتی کرد ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی عێراق بە گشتی و لە مێـژووی کورددا بە تایبەتی. بیـرۆکە کەمـێک نادیارەکانی ئەمـەریکا سـەبارەت بە داهاتووی عـێراق دوای ڕووداوەکـە بـە ڕوونی دەردەکـەوت، شـەڕی سـەر عـێراق لە ئاداری ٢٠٠٣ی لێ کـەوتەوە، کـە بووە هـۆی لە کـارلادانی ڕێژیمی بەعس لـە ڕێگەی هێـزەکـانی هـاوپەیمان بە ڕابـەرایەتیی ئەمـەریکا و هەڵوەشـاندنـەوەی سـیسـتـەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی عێراق.

لە ســەرەتای نۆڤێـمبـەری ٢٠٠١، بەرهەم ســاڵحی سـەرۆکی حکوومـەتی هەرێمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ واشنتۆن بانگ کرا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگـریی ئەمـەریکادا دانـاڵد ڕامسـفـێڵـد،[١٢١] ئەم لەدووناردنـە سـەیرەی بـەرهـەم بۆ پنتــاگـۆن پەیامـێکی ڕوونی بۆ کـورد نارد، کـە ئـەمـجـارەیان، ئەمـەریکا بە جـیـدی دەیەوێت بەعس لابدات. لەگەڵ ئەوەش، ئەوەی کـە تەرازووەکـەی زیاتر لاسـەنگ کرد بریتی بـوو لە کۆبـوونەوەیەکی نهـێنیی نێـوان بارزانی و تاڵەبانی و سـەرۆک بوش لە نیســانی ٢٠٠٢ کە جێکەوتی گرینگی بۆ داهاتووی پێوەندییـەکانی نێـوان کورد و ئەمەریکا دەبوو،[١٢٢] ئەم گۆڕانکارییانە وای لە پارتی و یەکێتی کرد جیاوازییـەکانیان بخـەنـە ژێر گڵـەوە و دەست بە یەکخـســتنی ڕیزەکـانی خـۆیان بکەن یان هەروەک هۆشــیـار زێبــاری، ســەرۆکی پێــوەندییــەکـانی دەرەوەی پارتـی، گـوتـی "کــاتی وەیە پێویستە ماڵەکەت ڕێک بخەیتەوە بەر لەوەی شپرزە ببێتەوە."[١٢٣] پارتی و یەکێتی، کە بە پـەرۆش بوون بەرەیـەکی یـەکگرتوو پێــشــان بـدەن بەر لە شـــەڕی چاوەڕوانکراو،

هەنگاوی بەرچاویان بۆ ئاشتەواییی نێوان خۆیان نا. ئەوان پەنجەرەیەکی دەرفەتیان کردەوە، کە وەک گۆچانی ئەفسووناوی کاری دەکرد بەمەش، لە ماوەی چەند مانگێکدا، کورد توانییان ئەوە بەدەست بێنن کە چەندین ساڵ بوو نەیانتوانیبوو بەدەستی بێنن. لە ئەیلوولی ۲۰۰۲، بارزانی و تاڵەبانی بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بەوە دا، کە ئەوان ئارەزوو دەکەن لە شەڕێکی دژ بە بەغدادا بەشداری بکەن، هەرچەندە ئەمە مانای خستنە مەترسیی بەرهەمەکانی ماوەی دە ساڵی ئۆتۆنۆمی بوو،[١٢٤] دوا بەدوای ئەو شەڕەی، کە لە کۆتاییی ۲۰۰۲ لە نێوان هێزەکانی کورد و ئەنسارولئیسلام ڕووی دا، کە ڕێکخراوێکی ئیسلامیی کوردی سەر بە قاعیدە بوو، هاریکاریی نێوان کورد و ئەمەریکا زیاد بووبوو. ئەنسارولئیسلام، کە ساڵێک پێشتر لە کوردستانی عێراق خۆی دامەزراندبوو، وای لە یەکێتی و پارتی کرد داوای یارمەتیی ئەمەریکا بکەن بۆ شەڕ لەگەڵیدا. دواتر، لە بڕیارێکی هاوبەشی یەکێتی و پارتی، کە لە ۱۵ شوباتی ۲۰۰۳ پێی گەیشتن، هەردوو پارت ئارەزووی خۆیان ڕاگەیاند لە پێوەندیکردن بە هێزە داگیرکەرەکانی ئەمەریکا لە شەڕی چاوەڕوانکراوی دژ بە عێراق. لەو کاتەدا، نزیکەی ۳۰۰۰ پێشمەرگە پێشتر لە لایەن فەرماندەی ئەورووپای سوپای ئەمەریکا لە هەنگاریا مەشقیان پێ درابوو بۆ کارکردن لەگەڵ سەربازە ئەمەریکاییەکان،[١٢٥]

لە هەمان کات لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی جیهان و هاریکاریی کورددا، ئیدارەی بوشی کوڕ، کیمیابارانی هەڵەبجەی وەک پاساوێک و داپۆشینێک بۆ شەڕی سەر عێراق هەڵبژارد. لە ١٤ی ئاداری ۲۰۰۳ بۆ یەکەم جار سەرۆک بوش لە نووسگەی سەرۆکایەتی لە کۆشکی سپیدا پێشوازیی لە سێ کوردی عێراقی کرد بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە پازدە ساڵ پێشتر. ڕۆژی دواتر، سەردێری ئێزگەکەی بوش بەم چەند وشەیە دەستی پێ کرد: "بەیانیتان باش، ئەم کۆتاییی هەفتەیە ساڵوەگەڕێکی تاڵە بۆ گەلی عێراق. پازدە ساڵ بەر لە ئێستە، ڕێژیمی سەدام حوسێن فەرمانی هێرشێکی چەکی کیمیاییی دەرکرد بۆ سەر گوندێک لە عێراق بە ناوی هەڵەبجە." لە کۆتاییدا لە ١٦ی ئادار، بوش ئەوەی بە بیری جیهان هێنایەوە، کە "لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆی ۱۵ ساڵ پێش ئێستە سەدام

حوسێن هێرشێکی چەکی کیمیاییی کردە سەر گوندی هەڵەبجە لە عێراق." دوای ئەوە پەیامێکی کۆشکی سپی تێیدا هاتبوو، کە "لەم کۆتاییی هەفتەیەدا، ئێمە قوربانییانی کارە شەڕانگێزییەکی سەداممان بەبیر دێتەوە، کە چەکی کیمیایی لە بەرامبەر خەڵکی هەڵەبجە، شارێک لە باکوری عێراق، بەکار هێنا و شارەکانی تریش لە شالاوی ئەنفالدا هێرشیان کرایە سەر."[١٢٦] هەروەک دیار بوو تراجیدیای هەڵەبجە گاڵتەجارانە بوو، یارمەتیی ئیدارەی بوشی دا زیاتر لە کورد نێزیک ببێتەوە.

لە شەڕەکە خۆیدا، کورد ڕۆڵێکی بێ هاوتا و گرینگیان گێڕا. ئەوە یەکەم جار بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراق، کورد شان بەشان لەگەڵ دەسەڵاتێکی ناموسڵمان بۆ مەبەستێکی جگە لە مەبەستی ئۆتۆنۆمی شەڕ بکەن. کورد بە نهێنی نەبوو بەشدارییان کرد، بگرە بە ڕۆژی ڕووناک بوو. بە بێ یارمەتیی کورد، ئەمەریکا نەیدەتوانی هاوکات لەگەڵ کردنەوەی سەنگەر لە خوارووی عێراق لەگەڵ هاوپەیمانان، لە باکوریش سەنگەری تر بکاتەوە. لەبەر بڕیاری دوا ساتی تورکیا لە ڕێنەدان بە تێپەڕینی سەربازانی ئەمەریکا بە ناو خاکەکەیدا، هێزەکانی هاوپەیمان دەبوو بەبێ سەرباز شەڕ لە باکوری عێراقدا دەست پێ بکەن. ئەمەش باری شەڕی زەوینیی خستە ئەستۆی پێشمەرگەی کوردەوە. لە زۆربەی بارودۆخەکاندا، کورد ڕۆڵێکی سەرەکییان لە شەڕی زەوینیدا دەبینی لە کاتێکدا ئەمەریکا پاڵپشتیی ئاسمانی و زانیاریی دابین دەکرد. کورد لە شێوازی ئاساییی خۆیان دەرچووبوون، کە شەڕ بوو لە چیا. ئەوان لە دەشتدا شەڕیان دەکرد و دوو شاری گەورەی باکوریان داگیر کرد، کە بریتی بوو لە مووسڵ و کەرکووک.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تا ڕادەیەکیش پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگەیەکی ترەوە بەکەڵکیی خۆیان بۆ ئەمەریکا سەلماند، ئەویش، شەڕ بوو لەگەڵ دوژمنە باوەکەیاندا، ئەنسارولئیسلام، کە ئەمەریکا باوەڕی وا بوو پێوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە هەیە و بگرە لەگەڵ بەعسیش ڕەنگە پێوەندیی هەبێت. لە شەڕەکانی دوای شەڕی سەرەکیی دژ بە هێزەکانی عێراق، هێزەکانی ئەمەریکا و پێشمەرگەکانی یەکێتی بە یەکەوە هێرشی ئاسمانی و زەوینیی تێکەڵیان ئەنجام

دەدا بۆ دەرکردنی ئەنسارولئیسلام لە بنکەکانی ناو گوندان،[١٢٧] ڕاستی، بێ هاوتاییی ڕۆڵی کورد لەو ڕاستییە سەرچاوەی دەگرت، کە کورد بە هەموو شتێکەوە بەشدارییان لە شەڕەکەدا دەکرد. نە ئەمەریکا نە بەریتانیای مەزن لە دوو هیچ لایەنێکی تری ئۆپۆزسیۆنیان نەنارد تا ئەمە بکات.

ڕۆڵی کورد لە کاتی شەڕەکەدا سەرمایەیەکی گرینگ بوو بۆ کورد لە بەرامبەر تورکیا. کورد توانست و دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئەمەریکا پێشان دا، ئەم دوو تایبەتمەندییەی، کە بە شێوەیەکی زەبەلاح بەهۆی ئەو سیاسەتەی تورکیاوە دەرکەوت، کە ئەمەریکای لە دۆخێکی سەختدا جێ هێشت. هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر بە کوردی عێراق هەمیشە لەژێر کاریگەریی هەستیارییەکانی تورکیادا بوو. بەڵام تۆمارەکانی کورد لە کاتی شەڕ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی تورکیا، زۆر زەحمەت بوو بۆ ئەمەریکا لە پێناو ڕازیکردنی تورکیا، کورد بەجێ بێڵێت.

بە کورتی، شەڕ بوو بە دەرفەتێکی زێڕین بۆ کوردەکان بۆ دیاریکردنی جێ پەنجەیان لە گۆڕەپانی ناوخۆیی و هەرێمی و ناودەوڵەتیدا. لەم پێگە بەهێزییەدا، بۆ ئەوان زۆر ئاسانتر بوو دەست پێشخەرییەکانیان بەرەو بنیاتنانی نەتەوە و گەشەپێدانی پرۆژەی نەتەوەییی خۆیان چڕ بکەنەوە.

پەراوێز:


1. Al-Sharq al-Awsat (London, daily), 6 December 2000.
2. Quoted in Gareth R. V. Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy (New York: Routledge Curzon, 2003), p. 14.
3. For the role of the diaspora in Europe, see Kendal Nezan, "The European Perspective," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G.Mac- Donald and Carole A. O’Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), pp. 237–245.
4. Rend Rahim Francke, "Political Impact of Sanctions in Iraqi Kurdistan," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G. MacDonald and Carole A. O’Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p. 142.
5. Lokman I. Meho, The Kurdish Question in U.S. Foreign Policy: A Documentary Sourcebook (Westport, CT: Praeger, 2004), p. 543.
6. Hamit Bozarslan, Violence in theMiddle East (Princeton:MarcusWiener, 2004), p. 21.
7. Kurdistan TV International, 13 January 2000, cited in BBC.
8. Financial Times (London, daily), 27 July 1995.
9. Al-Hayat (London, daily), 23 July 1995.

10. Al-‘Iraq 4 February 1995, cited in Daily Report, 16 February 1995.
11. Iraqi News Agency, 29 July 1995, cited in Daily Report, 1 August 1995.
12. Iraqi News Agency, 22 October 1998, cited in Daily Report; Al-Thawra (Baghdad, daily), 30 October, 5 November 1998; Al-‘Iraq, 26 January 1999, cited in Daily Report.
13. Al-‘Iraq (Baghdad, daily), 11 February 1995; Al-Qadisiyya (Baghdad, daily), 23 April 1995.
14. Iraqi News Agency, 6 October1995, cited in Daily Report, 10 October 1995; Voice of Iraqi Islamic Republic, 8 October 1995, cited in Daily Report, 10 October 1995.
15. Al-Wasat (London, weekly), 26 January 1998. The date of al-Tikriti’s talks with Talabani is not known.
16. The most informative and knowledgeable book on the PKK is by the Turkish Kurd, Ismet G. Imset. The PKK: A Report on Separatist Violence in Turkey (Ankara: Turkish Daily News Publications, 1992), p. 205. See also David Romano, The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity (Cambridge, UK: Cambridge University Press, 2008). chaps. 2–4.
17. Al-Hayat, 6 November 1997.
18. Al-‘Iraq, 14 March 1998.
19. Iraqi News Agency, 10 March 1999, cited in BBC, 16 March 1999.
20. Al-‘Iraq, 20May 1999. The source did not specify whether these textbooks were in Arabic or Kurdish.
21. Al-Jumhuriyya (Baghdad, daily), 11 March 1998; Babil, 21 March 1998, cited in Daily Report. 22. Al-Sharq al-Awsat, 11 May 1998 .
23. Al-Khlaij (online edition), 2 September 1999.
24. Kurdistan satellite TV, 23 November 2000, cited in BBC.
25. Al-Sharq al-Awsat (online edition), 25 April 1999.
26. Al-Sharq al-Awsat, 22 May 1999.
27. Tehran Times, 1 March 1997, cited in Daily Report.
28. Relations between Iran and the PKK were cemented in 1986. Imset, The PKK, p. 205. For Iran’s occasional support to the PKK, seeMichael Gunter, The Kurds and the Future of Turkey (Houndmills: Macmillan, 1997), pp. 94–97.
29. For a discussion of Turkish policy, see Gunter, The Kurds; and Wahram Betrosian, Siyasat Turkiyya Tujah Kurdistan al-‘Iraq wa Amerika (Duhok: Duhok University, 2008).
30. Betrosian, Siyasat Turkiyya, p. 17.
31. The KDP and PUK often accused Turkey of "inflicting damage on Kurdish villages in northern Iraq" during operations against the PKK. Kemal Kiri ci and Gareth M. Winrow, The Kurdish Question and Turkey (London: Routledge Curzon, 2004), p. 162.
32. Turkey was not interested in real peace between the parties, but in their cooperation against the PKK. Betrosian, Siyasat Turkiyya, p. 15.
33. Voice of Iraqi Kurdistan, 16 January, 9 March, 4 April 1997, cited in Daily Report; Voice of Iraqi Kurdistan, 17 January, 29 July 1997, cited in Daily Report.
34. Imset, The PKK, p. 188.
35. Gunter, The Kurds, pp. 89–92.

36.AKurdish activist, personal communication with the author, 14 September 2010. The activist, who played the role of liaison between the KDP and PKK in the mid 1990s, told me that at times the KDP assisted PKK fighters who were surrounded by Turkish forces by providing them with Peshmerga uniforms. The KDP also tended wounded PKK in its hospital.

37. Reportedly, initial contacts between the PUK and PKK were forged by Ibrahim Ahmad in Europe. Telephone interview with a Kurdish activist, personal communication.

38. International Herald Truibune (Paris and Zurich, daily) 19 May 1997; Agence France Press, 25May 1997 cited in Daily Report, 29May 1997; Al-Wasat, 26May 1997; Middle East International (London, biweekly), 30 May 1997.

39. Sabah, 29 May 1997, cited in Daily Report; Anatolia 10 June 1997, cited in Daily Report. Abdullah Öcalan, leader of the PKK, rejected the number of dead, saying that PKK losses by 27 May were only thirty dead, in contrast to 1,850 quoted by Turkey. Medya TV, 27 May 1997, cited in Daily Report. Turkish journalist Ismet G. Imset observed that the Turkish press routinely published inflated casualty figures for the sake of public opinion. KevinMcKiernan, The Kurds (NewYork: St.Martin’s Press, 2006), p. 66.

40. Öcalan to Medya TV, 27 May 1997, cited in Daily Report.

41. Le Monde (Paris, daily), 22 May 1997.

42. For an interpretation of the conflict between the KDP and PKK as part of tribalism see Hussein Tahiri, The Structure of Kurdish Society and the Struggle for a Kurdish State (Costa Mesa, CA: Mazda, 2007), pp. 263–309.

43. Voice of Iraqi Kurdistan, 15 May 1997, cited in Daily Report.

44. Ibid.

45. Al-Nahar (Beirut, daily), 4 June 1997, cited in Daily Report, 9 June 1997.

46. Turkish Probe, 30 May 1997.

47. Voice of Iraqi Kurdistan, 20 June 1997, cited in Daily Report.

48. Romano, The Kurdish Nationalist Movement, p. 125.

49. Middle East International, 30 May 1997.

50. Le Monde, 22 May 1997. 51. Medya TV, 27 May 1997.

52. Voice of Rebellious Iraq, 10 July 1997, cited in Daily Report; Al-Safir, 12 July 1997, cited in Daily Report; Al-Shira‘ (Beirut, weekly), 14 July 1997.

53. Islamic Republic News Agency, 23 September 1997, cited in Daily Report.

54. International Herald Tribune, 26 September 1997; Middle East Broadcasting Center Television, 27 September 1997, cited in Daily Report

55. Islamic Republic News Agency, 27 September 1997, cited in Daily Report.

56. Le Monde, 14 October 1997.

57. Al-Majalla (London, weekly), 5 October 1997.

58. Middle East International, 21 October; Babil, 22 October 1997, cited in Daily Report.

59.Middle East Broadcasting Center TV, 25 October 1997, cited in Daily Report; International Herald Tribune, 10 November 1997.

60. Al-Hayat, 13 July 1999, cited in BBC, 15 July 1999.

61. Voice of Iraqi Kurdistan, 15 May 1999, cited in BBC; Al-Wasat (London, weekly), 1 No-

vember 1999.
62. Anatolia, 23 September 1999, cited in Daily Report, 26 September 1999.
63. Already in 1991, the KDP and the PUK had representatives in Ankara. Michael Gunter, "Turkey's New Neighbor, Kurdistan," in The Future of Kurdistan in Iraq, eds. Brendan O'Leary, John McGarry, and Khaled Salih (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2005), p. 224.
64. Anatolia 20 March 2000, cited in BBC.
65. Visiting the region years later, I saw a large gathering of PKK partisans.
66. Anatolia, 12 January 1999, cited in BBC, 14 January 1999.
67. Voice of the People of Kurdistan, 18 February 1999, cited in BBC, 20 February 1999.
68. Ha'aretz (Tel Aviv, daily), 22 February 1999 (quoting Associated Press).
69. Anatolia , 25 July 2000, cited in BBC.
70. KurdSat TV, 7 December 2000, cited in BBC.
71. Betrosian, Siyasat Turkiyya, pp. 20–21.
72. Turkoman Eli (Erbil), 22 March 2000, cited in BBC; Liam Anderson and Gareth Stansfield, Crisis in Kirkuk: The Ethnopolitics of Conflict and Compromise (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2009), p. 126.
73. KDP satellite TV, 28 March 2000, cited in BBC.
74. Anatolia News Agency, 14 July 2000, cited in BBC.
75. Al-Sharq al-Awsat, 24 March 1997, cited in Daily Report, 26 March 1997; Al- Millaf al-'Iraqi, April, May, July 1997; Iraqi Broadcasting Corporation, 16 October 1997.
76. Raja'i Fayed, Tahawwulat al-Shakhsiyya al-Kurdiyya nahwa al-Hadatha (Duhok: Markaz al-Dirasat al-Kurdiyya wa Hifz al-Watha'iq, 2008), pp. 44–46.
77. For such delegitimization by the Syrian Baath, see Jordi Tejel, Syria's Kurds: History, Politics and Society (London: Routledge, 2009), pp. 56–62.
78. This was true also for Turks and Iranians.
79. See, for example, a scathing self-criticism on the Arab stance: Joe Stork and Sally Ethelston, "Politics and Media in the ArabWorld: An Interview with Hisham Milhem," Middle East Report 180 (1993): 16–19.
80. See Michael Gunter's observation that "many Arabs consider the Kurds traitors for having supported the United States in the 2003 war. On the other hand, many Kurds see the Arabs as chauvinists who oppose Kurdish rights." Michael Gunter, "Federalism and the Kurds of Iraq: The Solution or the Problem?" in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 231. 81. This was true especially for Al Hayat and Al-Sharq al-Awsat.
82. Sabir 'AliAhmad, Al-Qadhdhafi wal-Qadiyya al-Kurdiyya (N.p.: Dar al-Multaqa lil-Nashr, 1991). During Turkish prime minister Necmettin Erbakan's visit to Libya in October 1996, Qaddafi went as far as to declare the following: "The state of Kurdistan should take its place in the spectrum of nations under the Middle Eastern sun." New New York Times (New York, daily), 7 October 1996. Michael Gunter, "Qaddafi Reconsidered," Research Note 21, no.1 (2001).
83. Al-Sharq al-Awsat, 26 February 1997.

84. Middle East International, 16 May; Al-Wasat, 16 June 1997.
85. For criticism of this dialogue, see Suraqiyya (London, weekly), 31August 1998.
86. Al-Hayat, 22 May 1998, 6 June 1998; Mideast Mirror, 27 May 1998; Al-Sharq al-Awsat, 2 June 1998, cited in Daily Report, 9 June 1998; Al-Ittihad (Abu Dhabi), 5 June 1998, cited in Daily Report.
87. Kurdistan satellite TV, 11 June 2000, cited in BBC; Radio Damascus, 21, 22 November 2000, cited in BBC.
88. Al-Hayat, 13 March 2000.
89. Al-Sharq al-Awsat, 6 December 2000, cited in Mideast Mirror.
90. This anthropological description may also be applied to the political realm:
The patron-client relationship . . .may be de-fined as a special case of dyadic (two-person) ties involving a largely instrumental friendship in which an individual of higher socioeconom-ic
status (patron) uses his own influence and re-sources to provide protection or
benefits, or both, for a person of lower status (client) who, for his part, reciprocates by
offering general support and assistance, including personal ser-vices, to the patron.
James C. Scott, "Patron-client Politics and Political Change in Southeast Asia," American Po-litical Science Review 66, no. 1 (1972): 91–113.
91. David Mack, "The United States Policy and the Iraqi Kurds," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G. MacDonald and Carole A.
O'Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p. 117. In 1999 President William J. Clinton stated before the Congress that US policy was to aim at "a united, pluralistic, and democratic Iraq," but he did not mention federalism. Meho, The Kurdish Question, p. 624.
92. As to theAmerican public, some had no idea who the Kurds were. When asked, some an-swered that a Kurd was a radio station, a musical group, or a language. McKiernan, The Kurds, p. 164.
93. Ibid., p. 49.
94. Peter Galbraith, The End of Iraq: How American Incompetence Created a War Without End (New York: Simon & Schuster, 2006), pp. 29–35.
95. Romano, The Kurdish Nationalist Movement, p. 202. He further quoted US congressman Paul Findley, who published an essay at the end of 1988 advocating good relations with Baghdad. Paul Findley, "The U.S. Stake in Good Relations with Baghdad," Washington Report on Middle East Affairs (December 1988): 15; Romano, The Kurdish Nationalist Movement, p. 203.
96. Khaled Salih, "Iraq and the Kurds: A Bibliographic Essay," Digest of Middle East Studies 4 (1995): 24–39.
97. Quoted in ibid. Later Senator Dennis DeConcini (D-AZ) criticized the GeorgeW. Bush ad-ministration's stance on the Kurdish issue, asking "what happened to principles?" Another Senator,Alan Cranston (D-CA), followed suit by saying that "if Saddamis Hitler, then we must support the Kurd." Meho, The Kurdish Question, pp. 116–128, 149.
98. Jon Lee Anderson, "Mr. Big," The New Yorker, 5 February 2007, p. 53.
99. Peter Galbraith, "Saddam's Documents: A Report to the Committee on Foreign Relations

United States Senate" (Washington, DC: Government Printing Office,1992), pp. 1–8.
100. Voice of the People of Kurdistan, 25 January 1995, cited in Daily Report, 26 January 1995.
101. Mideast Mirror, 26 September 1996.
102. On the beginning of indigenous rapprochement, see Chapter 15 of this volume and Stansfield, Iraqi Kurdistan, p. 100.
103. On the last point, see Barzani in Turkish Daily News (Ankara, daily), 7 August 1998.
104. Agence France Press, 20 July 1998, cited in Daily Report, 21 July 1998; Turkish Daily News, 7 August 1998; Al-Wasat, 14 September 1998.
105. Iraqi News Agency, 24 July 1998, cited in Daily Report.
106. Islamic Republic News Agency, 19 July 1998, cited in Daily Report.
107. Turkish Daily News, 7 August 1998.
108. Anatolia, 2 September 1998, cited in Daily Report, 3 September 1998; Al-'Alam (London, weekly), 5 September 1998.
109. Meho, The Kurdish Question, p. 525.
110. See Stansfield, Iraqi Kurdistan, pp. 100 102.
111. Rajiv Chandrasekaran, Imperial Life in the Emerald City (New York: Alfred A. Knopf, 2007), p. 242. After the 2003 IraqWar, the United States was reconciled to this idea.
112. Al-Sharq al-Awsat (Internet version), 19 September 1998; Mideast Mirror, 13 October 1998.
113. Al-Ittihad (Abu Dhabi), 19 September 1998, cited in Daily Report, 22 September 1998; Al-Sharq al-Awsat, 19 September 1998, cited in Daily Report.
114. Alan Makovsky, "Kurdish Agreement Signals New U.S. Commitment," Policy Watch, 29 September 1998.
115.Wireless File, 16 March 1999.
116. Kurdistan satellite TV (Salah al-Din), 27 June 2000, cited in BBC. According to the PUK, Gore promised protection to the "liberated" area of Kurdistan. KurdSat (Sulaymaniyya), 27 June 2000, cited in BBC.
117. The PUK quoted a KDP source as saying that Barzani did not want to meet with Talabani to discuss problems. Kurdistani Nuwe (online edition), 9 July 2000, cited in BBC.
118. Al-Quds al-'Arabi (London, daily), 22 September 1998.
119. Al-Sharq al-Awsat (online edition), 19 September 1998.
120. Al-Sharq al-Awsat, 22 May 1999.
121. McKiernan, The Kurds, p.179.
122. The information on the meeting was provided to an anonymous source by one of the participants.
123. Time Europe, 12 September 2002, p. 32.
124. In July 2002, however, the two parties rejected a CIArequest to establish stations in Kurdistan.
125. The Scotsman (Edinburgh, daily), 15 February 2003.
126. Project Sheffield, "How the Forgotten City of Halabja Became the Launchpad for War on Iraq," http://projectsheffield.wordpress.com; See also BBC, 16March 2003; The Daily

Telegraph (London, daily), 17March 2003. Earlier inMarch 2000, the Senate and Congress decided to commemorate Halabja and theAnfal campaign.Meho, The Kurdish Question p. 397.

127. For details, see Quil Lawrence, Invisible Nation: How the Kurds'Quest for Statehood Is Shaping Iraq and the Middle East (New York: Walker; distributed by Macmillan, 2008), pp. 170–181.

## ١٥

# له بوون به قوربانی بۆ بوون به براوه

زانای بواری کۆمەڵایەتی میرۆسلاڤ هرۆچ پێی وایە، کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە "دەوڵەتێکی بچووک" بە سێ قۆناغدا گەشە دەکات: قۆناغی یەکەم ماوەی بەرژەوەندیی ڕووناکبیری، قۆناغی دووەم ماوەی هەڵچوونی یەکەتی، قۆناغی سێیەم دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی جەماوەری. لە قۆناغی سێیەمدا، هرۆچ پێی وایە "هۆشیاریی نەتەوەیی بووەتە جێ نیگەرانیی جەماوەرێکی بەرفراوان و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمیش پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی تۆکمەی بەسەر هەموو ناوچەکەدا هەیە."[١] ئەم تایبەتمەندییە تەنیا بەشێکی لەسەر پرسی کورد جێبەجێ دەبێت چونکە ڕووناکبیران، کە بە گوێرەی تیۆرەکەی هرۆچ لە قۆناغی یەکەمدا ڕێبەرایەتیی گۆڕانکارییەکە دەکەن، درەنگوەخت هاتنە سەر تەختی شانۆ لەبەر ئەو کۆسپە مەترسیدارانەی سەر ڕێگەیان. هەرچەندە لە کۆتاییی سەدەی بیستەم هۆشیارییەکی ناسیۆنالیزمیی کوردیی بەهێز، شان بەشان لەگەڵ پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی تۆکمە، گەشەی سەند، بەڵام ئەم هۆشیاری و پێکهاتەیە بەسەر دوو ناوچەدا دابەش بووبوون. لە کۆتاییدا، ئەوەی کە بە "دەڤەری بارزانی" و "دەڤەری تاڵەبانی" ناسرابوو وێنەیەکی درزتێکەوتووی نەتەوەی تێدا دەرکەوت.

لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەک، پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشانەی پێگەیشتنی لێ دەردەکەوت، ئەویش دوا بەدوای چەند هۆکارێکی ناوەخۆیی و دەرەکی بوو، لەوانە: لاوازبوونی بەردەوامی ڕێژیمی بەعس، کە بووە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی عێراق، کۆتاییی شەڕی ناوەخۆ و دوا بەدوای ئەویش پرۆسەی ئاساییبوونەوەی لەسەرەخۆ، بەناوییەکداچوونی بەرژەوەندییەکان، بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخدا، لە نێوان زلهێزێکی وەک ئەمەریکا و کورد، گۆڕانی بەرە بەرە

له هەڵوێستی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی لەسەر پیرۆزیی سنوورەکان دوای هەرەسی یەکەتیی سۆڤیەت، لە هەمووی گرینگتریش، شکانی دەوڵەتی بەعس لە ٢٠٠٣.

یەکێک لە گرینگترین ئەو لێکدانەوانەی، کە بۆ دەرکەوتنی نیمچە دەوڵەتێکی کوردی دەکرێت بریتی بوو لە لاوازبوونی بەردەوامی دەوڵەتی عێراقی بەعس لە نەوەتەکاندا. لە ڕاستیدا، دوای زیاتر لە دە ساڵ، کە کوردستانی عێراق لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکوومەتی ناوەندیدا بوو، دەکرا جیاوازیی گرینگ لە نێوان ئەو هەرێمە و ناوەندا ببینرێ. هەندێک لەو جیاوازییانە زگماک بوون لە کاتێکدا ئەوانی تر زیاتر تێپەڕیو بوون، کە بریتی بوون، لە ئەنجامی گۆڕان لە بارودۆخە ناوەخۆیی و هەرێمی و ناودەوڵەتیدا.

جیاوازییەکی سەیر بریتی بوو لەوەی کاتێک چالاکیی سیاسی لە ناوەند کۆ جێ بووبوو، هەرێمی کوردستان پێی پڕ بووبوو، لەوەش زیاتر لەو کاتەی لە ناوەند یەک پارتی سیاسی، بەعس، پاوانی دەسەلاتی کردبوو، کۆمەڵێک پارت و لایەن و بەرژەوەندیی دەرەکی لەسەر دەسڕۆیین لە کوردستانی عێراق پێشبڕکێیان دەکرد و بە جۆرێک لە جۆران برەویان بە دیموکراسی لە هەرێمەکە دا. هێمایەک بۆ ئەم جیاوازییە بریتی بوو لەوەی کاتێک میدیا لە ناوەند لە لایەن بەعسەوە پاوان کرابوو، لە باکور لە کوردستاندا لە دەستی چەند پارتێکی سەرەکیدا بوو، بەمەش هەمەجۆر بوو. کورد ئینتەرنێت و سەتەلایتی بێ سنووریان هەبوو (لەو کاتەی کە بوویان)، لە کاتێکدا عێراقی لە ناوەڕاست و خوارووددا تەنیا خەونیان پێوە دەدیت،[٢] لە ڕووی ئابوورییەوە، کورد بارودۆخیان لە خەڵکی بەشەکانی تری عێراق باشتر بوو لەبەرئەوەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی ١٩٩٦ لە لایەن یو ئێنەوە سەرپەرشتی دەکرا. ڕاستی، پرۆگرامی یو ئێن لە کوردستان کە بە پێی پرۆگرامەکە لە کۆی ئەو ١ بلیۆن دۆلارەی کە عێراق وەری دەگرت هەرێمەکە مافی ١٣٠ ملیۆن دۆلاری هەبوو گەورەترین بەش بوو لە جیهان،[٣] لەوەش زیاتر، پازدە ڕێکخراوی ناحکوومەتیی چالاک بە شێوەیەکی چالاکانە لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەدا بەشدار بوون،[٤] داهاتی هەرێمەکەش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی دەکرد کاتێک کوردستانی عێراق بوو بە دەرچەی سەرەکی بۆ بازرگانی و ئاڵوگۆڕە

ئابوورییەکانی عێراق لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. بەپێی چاودێرێک، ناوچەکە وا گەشایەوە پێشتر هەرگیز گەشانەوەی وای بەخۆ نەدیبوو،[5] هاوسەنگیی نوێی هێز ڕێگەیەکی درێژی بڕی بۆ ڕوونکردنەوەی سەرکەوتنی کورد لە بنیاتنانی نیمچە دەوڵەتێکدا.

بە وردبوونەوەی نێزیکتر لە دیمەنی کورد ئەوە دەردەکەوێت، کە لە کۆتای نەوەتەکان بە دواوە، دوو پرۆسەی هاوکات و تەواوکار لە کوردستانی عێراق بەڕێوە دەچوون: لە لایەکەوە ئاشتەواییی لەسەرەخۆی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان، بووە هۆی بەهێزبوونی کولتووری ئاشتی لەسەر حیسێبی کولتووری ڕووبەڕووبوونەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لەلایەکی ترەوە، چالاکیی چڕ، کە دەربڕی گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردی و گۆڕانکاریی سیستەمێک بوو، کە سیمبولی ناسیۆنالیزم و بە دەوڵەتبوون بوو. ئەو کاتەی دوایەم شەڕی کورد دژی بەغدا لە ٢٠٠٣ بەرپا بوو، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو داوەدوولەی نیمچە دەوڵەتی دانابوو، کە دوای شەڕ بە شێوەیەکی بەرچاو دەگەشایەوە. هەرچەندە گۆڕانکاریی سیاسی لە عێراقی دوای سەدام باسی ئەم کتێبەی ئێمە ناگرێتەوە، ئەم بەشە باسی پرۆسەی دروستکردنی نیشتمانی کوردی دەکات وەک بەشێکی نەپچڕاو چونکە لە سروشتی خۆیدا ئەم پرۆسانە لە کات و ساتێکی دیاریکراودا ناوەستن بۆیە دەبێت لە ماوەیەکی درێژتری کات بخرێنە ژێر توێژینەوە.

## کورد و گەڕان بە دوای خۆدا

بارودۆخێکی گرینگ بۆ بنیاتنانی نیشتمانێکی سەرکەوتوو برێتییە لە یەکگرتووی مەبەست لەناو بژاردەی سەرکردایەتیدا. تا ئەمە ڕوو بدات، لایەنە کوردییە جیاوازەکان پێویستییان بەوە بوو جیاوازییەکانی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، کە لە کاتی شەڕی ناوەخۆدا قووڵ بووبووەوە. ڕاستی، هاوکات لەگەڵ هەوڵە ناوبژیکارییەکانی هێزە دەرەکییەکاندا، کورد خۆیان هەنگاویان بەرەو ئاشتەوایی نابوو. لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی لەسەرەخۆی گەڕان بەدوای خۆدا ڕووی دەدا.

بەلای چاودێرانی دەرەکی، کوردستانی عێراق وەک کالیدۆسکێپی (kaleidoscope

المشكال) لایەنەکان دەهاتە بەرچاو، بە بەردەوامی شێوەیان دەگرت و هاوپەیمانی و ڕکابەرییان دروست دەکردەوە. یاریکەری سەرەکی دوای شەڕی ناوەخۆ بریتی بوو لە دوو پارتە سەرکردەکە، پارتی و یەکێتی، چەند لایەنێکی ئیسلامی، لایەنێکی شیوعیی چەپ، ڕێکخراوە تورکمانییەکان و پارتی کرێکارانی تورکیا. لەگەڵ ئەوەش، تیشکی سەرەکیی ئەم بەشە دەخرێتە سەر هەردوو پارتی فەرمانڕەواوە.

پێوەندییەکانی پارتی و یەکێتی، زۆر دوای شەڕی ناوەخۆش، بە گرژی مایەوە، کەچی، بە هیچ شێوەیەکیش نەگەڕانەوە سەر توندوتیژیی سەربازیی وەک سالانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٦، ڕێ بە ڕووبەڕووبوونەوە نەدرا، نەک بە هۆی پێوەندیی دۆستانە لە نێوان هەردوولادا، بگرە لەبەر پاڵەپەستۆی جەماوەر. بۆ نموونە، کەسایەتییەکی دیاری کوردی لە پرۆسەی ناوبژییەکاندا بەردەوام بوو، سکرتێری گشتیی پێشووی حزبی شیوعیی عێراق عەزیز محەمەد داوای لە هەردوو لایەن کرد بەرپرسیاریەتی بگرنە ئەستۆ، شێوازەکانیان چاک بکەنەوە و چیی تر بۆ ئەو نەهامەتییەی دروستیان کردووە، هێزە دەرەکییەکان تۆمەتبار نەکەن. لە تێڕوانیی ئەوە ئەگەر شەڕی نێوان ئەو دوو پارتە کوردییە نەبوایە، دەزگای خەفیەکاریی عێراق و تورک و ئێران نەیاندەتوانی دزە بکەنە ناو کوردستانی عێراقەوە.[٦]

لە لایەن خۆیانەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێ دەچوو دەرکیان بەوە کردبێت، کە شەڕ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان ناکات و بە دڵنیاییەوە خزمەت بە پرسی کوردیش ناکات. لەوێوە ئەوان هەنگاوی ئاشتەواییان دەست پێ کرد، لە هەمان کاتدا، بەردەوام بوون لە کێبەرکێ لەسەر بیر و گیانی کورد لە ڕێگەی گەشەپێدانی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و چاککردنی بارودۆخی سۆسیۆئیکۆنۆمیی دانیشتوان.

ساڵی ١٩٩٨ چوونە ناو سەردەمێکەوە بوو، کە هەوڵی چڕی تێدا درا بۆ ئاشتکردنەوەی نێوانی یەکێتی و پارتی، کە تەواو جیاواز بوو لە چوار ساڵی پێشوو. دەست پێشخەری بۆ "ئاشتەواییەکی ڕاست و گشتگرەوە" لە نێوان پارتەکان لە لایەن تاڵەبانییەوە هات، کە لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ پێشتر نامەیەکی بۆ مەسعوود بارزانی ناردبوو داوای لێ کردبوو کۆتاییەک بۆ "بەکوردیکردنی شەڕ لە

کوردستان" دابنێین و کار بکەین بۆ "یەکخستنی حکوومەت لە هەرێمی کوردستاندا."[٧] هەنگاوەکەی تاڵەبانی دوای دوو ساڵ هات، کە پارتی ڕکابەر لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابوورییەوە دەستڕۆییوتر بوو. ئەم باڵادەستییە، هەروەها هەوڵە بێ ئەنجامەکانی تاڵەبانی لە سەرکەوتن لە ڕێگەی سەربازییەوە، بە بێگومانی ئەوی ڕازی کرد هەوڵ بدات لە ڕێگەی کرانەوەی ئاشتییانەوە بێتەوە مەیدان. مەسعوود بارزانی، هەرچەندە بە گومان بوو لە نیازەکانی تاڵەبانی، کەچی بە شێوەیەکی ئەرێنی کاردانەوەی هەبوو، لەبەر هیچ هۆکارێکی تر نەبوو جگە لە پاڵپەستی جەماوەری کوردی نەبێت.

تا سەرەتای ٢٠٠٠، پێوەندییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بە شێوەیەکی هاوتەریب دەچووە پێش. لە ئاستێکەوە، هەردوو پارت بە دوای دایەلۆگێک، پرۆسەیەکی ئاشتەواییانە و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکاندا دەگەڕان. لە ئاستێکی تردا، ڕکابەری و ململانێ بە شێوەیەکی نەپچڕاو بەردەوام بوون هەرچەندە نەبووە هۆی شەڕی ڕاستەقینە. هەوڵە ئاشتەواییەکان، کە بە گوێرەی کاربەدەستێکی باڵای پارتی، کە لە ١٢ی شوباتی ١٩٩٨ بە کۆبوونەوە هەفتانەییەکان دەستی پێ کرد،[٨] بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان تاڵەبانی و بارزانیدا، گۆڕینەوەی گیراوان، پرۆژەکانی بنیاتنانی متمانە، هەنگاوی هاوبەش لە ئەوروپا و ئەمەریکا و چالاکی بە هاوئاهەنگی لە لایەن مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی هەردوولادا. لەوەتەی شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤ەوە، ئاستی هاوکاریکردن گەیشتە بەرزترین خاڵ.[٩]

لە کانوونی دووەمی ١٩٩٩، بارزانی و تاڵەبانی لە نێزیک بارەگەی مەسعوود بارزانی لە مەسیف سەلاحەدین کۆ بوونەوە. کۆبوونەوەکە، کە یەکەم کۆبوونەوە بوو دوای چوار ساڵ دوژمنایەتی، مەبەست لێی ڕێ خۆشکردن بوو بۆ ئاشتەوایی نێوان هەردوو لایەن و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانیان. ئەنجامێکی ئەرێنیی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە بڕیاری ڕاگرتنی پروپاگەندە لە لایەن هەردوولاوە. ئەنجامێکی تر بریتی بوو لە گواستنەوەی ٦٠ ملیۆن دینار لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک بەشی یەکێتی لەو گومرگەی، کە لەسەر ئەو کەلوپەلانەی لە تورکیاوە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە دەهاتە ژوورەوە، کۆ دەکرایەوە.[١٠]

هەردوو لایەن لە نیسانی ٢٠٠٢ هەنگاوی زیاتریان بەرەوپێش نا کاتێ "ژوورێکی عەمەلیاتی هاوبەشیان" دروست کرد بۆ لەناوبردنی تیرۆر لە هەرێمەکەدا، کە برێتی بوو لە شەڕ لەگەڵ ئەنسارولئیسلام،[11] دواتر لە ٨ و ٩ ئەیلوولی ٢٠٠٢، مەسعوود بارزانی و تاڵەبانی لە سەری ڕەش لە کوردستان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا تێیدا "ڕێککەوتنی ستراتیجییان" ئیمزا کرد و بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکانیان، ڕازی بوون لەسەر "عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی." چەند ڕۆژێک دواتر، لە ٢٣ ئەیلوول، یەکێتی و پارتی بە هاوبەشی ڕەشنووسی پرۆژەیەکی فیدراڵییان بڵاو کردەوە، کە یەکسەر ورياداريی لە لایەن سەرکردەکانی تورکیاوە بەدوادا هات، کە لەوە دەترسان هەڵمەتێکی سەربازیی ئەمەریکا لە عێراق کورد هان بدات دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەوێ دروست بکەن. لە هەمووی گرینگتر، لە ٤ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بوو ئیفلیج بووبوو، دووبارە بە بەشداریی هەردوو لایەن و سەرکردەکانیان، کۆبوونەوەی خۆی ساز دا. لەو بۆنەیەدا، یازدە ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا نامەیەکی هاوبەشیان بۆ بارزانی نارد، بۆ ئەو هەنگاوە پیرۆزباییان لێی کرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ پرۆسە دیموکراتییەکەی کوردستانی عێراق دووپات کردەوە. لە ٨ی شوباتی ٢٠٠٣، لە دوا ئاماژەی ئاشتەوایی، یەکێتی و پارتی بڕیاریان دا ئۆفیس لە دەڤەری یەکتردا بکەنەوە.

بە پێشاندانی وێنەیەکی هاوسەنگ دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، کە هەرچەندە پرۆسەی ئاشتی بە شێوەیەکی نەپچڕاو بەردەوام بوو، هەردوو پارت لەسەر زنجیرەیەک مشتومڕی ئابووری و سیاسی و ستراتیجی بە کلیلدراوی مانەوە. دەڤەری ژێر دەسەڵاتی پارتی ڕەوشیان لە دەڤەرەکەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی باشتر بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان هەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێری لەژێر دەستدا بوو، کە بە ١,٨ ملیۆن کەس دەهاتنە خەمڵاندن، لە کاتێکدا یەکێتی پارێزگای سلێمانیی لەژێر دەستدا بوو، کە کە ١,٥ ملیۆن کەس دەخەملێنران. ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی پارتیدا بوون سنووریان لەگەڵ تورکیادا بوو، کە ئەمە مانای ئەوەی دەگەیاند تێپەڕینی کەلوپەل و داهات لە گومرگەکان گرینگ بوو (خەملاندنێک

ڕۆژانە بە ١ ملیۆن دینار دەیخەملاند)،[١٢] بەمەش دەڤەری ژێر دەسەڵاتی بارزانی لە ڕووی ئابوورییەوە ڕەوشیان لە دەڤەرەکەی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبانی باشتر بوو. ڕێڕەوەکانی گواستنەوە باشتر بوون و کاربەدەستانی پارتی لە وەختی خۆیاندا مووچەیان وەردەگرت، بە پێچەوانەوە کاربەدەستانی یەکێتی چەند جارێک خۆپێشاندانیان ئەنجام دا لەبەرئەوەی لە ڕووی داراییەوە باش نەبوون.[١٣]

بە هەمان شێوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تا ٢٠٠٥، هەر لە دەوری دوو ناوەندا مایەوە؛ واتە دوو حکوومەت، دوو پارت، دوو سەرکردە، دوو ئیدارە و دوو دادگەی تێ هەڵچوونەوە. ئەم دووانەیییە بە شێوەیەکی خراپ داهاتەکانی هەرێمی بە فیڕۆ دا، کە دابەش بووبوو بەسەر پارەپێدانی دوو ئیدارەکەدا،[١٤] لەگەڵ ئەوەش، بۆ هەموو ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی لە نێوان هەردوو لایەندا هەبوون، توانییان بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی دوژمنانی خۆماڵی و دەرەکیی خۆیاندا پێک بهێنن.

ترسناکترین دوژمنی خۆماڵی بریتی بوو لە چەند گرووپ و لایەنێکی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی بە شێوەیەکی تایبەت،[١٥] بزووتنەوەی ئیسلامی کە بنکەیەکیان لە هەڵەبجە لە نێزیک سنووری ئێراندا بوو، بەوە دەخەملێنرا، کە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ شەڕوانی هەبێت. بزووتنەوەکە لەسەر حیسێبی هەریەکە لە حزبی شیوعیی کوردستان و پارتی فراوان بوو. گوایە، بەهێزبوونی ئیسلامییەکان کاردانەوەیەک بوو بۆ مانیفێستی گەندەڵی لەنێو سەرکردەکانی پارتیدا، کە لە شەو و ڕۆژێکدا سەروەت و سامانیان کۆ کردبووەوە و کۆشک و تەلاریان بۆ خۆیان دروست کردبوو لە کاتێکدا زۆربەی کاربەدەستان لە هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتی ١٠ تا ٢٠ دۆلاری مانگانە دەژیان،[١٦] هۆکاری تر بریتی بوون لە بارودۆخی زەحمەتی سۆسیۆئیکۆنۆمی لە کوردستان لە ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە، کە خەڵکی بۆ ژێر باڵی ئاین دنە دا و پاڵپشتیکردنی لایەنە ئیسلامییەکان لە لایەن ئێران و سعوودیەوە،[١٧] بەو پێیە، هەروەک گارێس ستانسفیلد ئاماژەی پێ دەکات "هەرچەندە (کوردستانی عێراق) بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق و وڵاتانی دراوسێیدا، بە شێوەیەکی عیلمانی مایەوە، زیادبوونی ژمارەی ئەو مزگەوت و دامەزراوانەی، کە دروست کرابوون و ئەو ڕێکخراوانەی، کە لە کوردستانی عێراق پێک هێنرابوو و

خۆپەساردنی ئاینیش لە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی دیار زیاد بوو."[18]

بەهەرحاڵ، یەکێتی و پارتی دەبوو مامەڵە لەگەڵ دوژمنەکەیاندا بکەن، لایەنە ئیسلامییەکان وایان لێ کردن ڕیزەکانیان لە یەکتری نێزیک بکەنەوە،[19] ئەمە تەواو پێچەوانەی ناوەڕاستی نەوەتەکان بوو، کاتێ لایەنێکی ئیسلامی بووە هۆکاری بەرپابوونی دوژمنایەتیی نێوان یەکێتی و پارتی (تەماشای بەشی دوازدە بکە).

ئیسلامییەکان بە نەخشەداڕێژی تیرۆر و پیلانگێڕیی کارە تێکدەرەکانی چەند ناوچەیەکی کوردستان تۆمەتبار دەکران. ئەندامی یەکێک لە لایەنەکان، پارتی یەکبوونی ئیسلامیی کوردستان، دانی بە پیلانگێڕیی هێرشەکاندا نا،[20] بۆ نموونە، لە ئابی ٢٠٠٠ پارتی لەگەڵ میلیشیای لایەنێکی تردا بە ناوی تەوحیدی ئیسلامی پێکیان دادا و بیست و یەک چەکداری لێ کوشتن،[21] ژمارەیەک بۆمب و ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژ، کە ئیسلامییەکان بەرپرسیاریەتییان گرتە ئەستۆ، لە ٢٠٠٠ لە چەند جێگەیەکی جیا جیای کوردستان تەقێنرایەوە. چوار ساڵ دواتر، ئەنسارولئیسلام لە جەژنی قوربان دوو بۆمبی لە بارەگەی یەکێتی و پارتیدا تەقاندەوە و بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ کەس، لەوانە سامی عەبدوڕەحمان و کوڕەکەی،[22]

بە شێوەیەکی ڕوونتر، جیا لە ململانێی ئاشکرایان بۆ سەر دەسەڵات، هەردوولا (یەکێتی و پارتی لە بەرامبەر ئیسلامییەکاندا) خەریکی خەباتێکی نهێنی بوون لە بەئاراستەگرتنی ناسیۆنالیزمی کوردی و لە پێناس و ڕووکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان. سەرکردایەتیی کوردی هەمیشە شانازیی کردووە بە هەوڵدان لە پێناو ناسیۆنالیزم و دیموکراسییەکی عیلمانی،[23] لە ڕاستیدا، فالح جابر پێی وایە کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەرچاوەیەکی ئیتنی و عیلمانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە ئیسلامییەی لە جیهانی عەرەبییەوە وەرگیراوە،[24] لەگەڵ ئەوەش، فالح جابر وریاداریی ئەوە دەدات، کە ناسیۆنالیزمی ئیسلامی ڕەنگە کوردی عێراق قووت بدات،[25] شەڕکردن لەگەڵ ئیسلامییەکاندا بوو بە هەوڵێکی هاوبەشی یەکێتی و پارتی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی کورد بۆ شێوە ناسیۆنالیزمێکی عیلمانی و لە هەمان کاتیش، چاککردنی وێنەی کورد لەپێش چاوی ئەمەریکا و یەکخستنی ڕیزەکان لەگەڵیدا لە بەراییی شەڕی دژ بە عێراقی ٢٠٠٣.

پرۆسەی ئاشتەواییی نێوان دوو پارتی ڕکابەر، (یەکێتی لە بەرامبەر پارتی) و شەڕیان لە دژی ئەجێندای ئیسلامی، بەردی بناخەی یەکگرتوویی کوردی پێک هێنا. ڕەهەندێکی گرینگی ئەو پرۆسەیە برێتی بوو لە شەڕی ۲۰۰۳ سەر عێراق، کورد تێیدا توانییان تا ڕادەیەک بەرەیەکی یەکگرتوو لە هەرێمەکە خۆیدا و لە بەرامبەر ناوەند و لە بەرامبەر چەند یاریکەرێکی ناودەوڵەتیدا پێشان بدەن. ئەمە یارمەتیی دان چالاکییەکانی ئۆتۆنۆمییان بەرفرەوانتر بکەن. لە ئەنجامدا، هەرێمەکە خەریک بوو داوەدوولەی بە دەوڵەتبوونێکی کوردیی دادەنا، کە هەرچەندە ناسک بوو، بە ئاسانی ڕیشەکێش نەدەکرا. سەرەڕای ئەوەش، کوردی عێراق پێ دەچوو زیاتر لە جاران توانی یاریکردنیان هەبێت بە یاسا جیۆپۆلەتیکییەکانی سیاسەتی کرداری، چ لەسەر ئاستی هەرێمی و چ لەسەر ئاستی ناودەوڵەتیدا.

**بنیاتنانی نیشتمان لە بەرامبەر هەموو شیمانەیەکدا**

حوسێن تاهیری، لە شیکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا دەڵێت مەترسیدارترین کۆسپ لە بەردەم دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی کوردیدا برێتییە لە خێڵەکایەتی، کە لە حوکمڕانی کوردیی هاوچەرخ و لەنێو چەند لایەنێکی کوردیدا بووژایەوە. تاهیری پێی وایە "بۆ چەند سەدەیەکە سیستەمی عەشیرەتگەری بووەتە هۆی بەش بەشکردنی کۆمەڵگەی کوردی و بووەتە ڕێگرێکیش لە بەردەم کورد لە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیاندا."[٢٦] هەموو کەسێک لەگەڵ ئەم بەگشتیکردنەدا کۆک نییە، بۆ نموونە حەمید بۆزەرسەلان، توێژەرێکی تری کورد پێی وایە "لە کۆتاییی نەوەتەکاندا، سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق بەشێکی بە هۆی بەشداریی عەشیرەتە کوردییەکانەوە بوو لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکاندا."[٢٧] بۆزەرسەلان پێی وایە، کە عەشیرەت دەتوانێت وەک ئەکتەرێکی ناوەخۆیی یا ئەودیو سنووری هەرێمی مامەڵە بکات. سەرۆک عەشیرەتێک دەتوانێت لە عەشیرەتەکەیدا ئەو سەرچاوانە بدۆزێتەوە، کە لە فەزای ناوەخۆ یا لە فەزای ناودەوڵەتیدا ئەو بکەن بە ئەکتەرێک. بۆزەرسەلان دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە "بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە کوردییەکان... عەشیرەتیان لە بەرچاو گرتووە و ئێستەش دەبێت لە بەرچاوی بگرن

جا چ وەک هاوپەیمان چ وەک دوژمن."[28]

بگرە ئەگەر لێکدانەوەکانی تاهیری تەواو ڕاست بن، لەسەر ئەوە ڕازیم، کە ئەم بۆچوونە لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرە بەرە داخوراوە. بۆ نموونە لە ڕاپرسییەکی گشتیدا، کە لە کوردستانی عێراق بۆ پێوانەکردنی دڵسۆزیی هاووڵاتییانی کوردستان ئەنجام درا، ئەوەی دەرخست کە دڵسۆزی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەمدا دێت و لە دوای ئەوە دڵسۆزی بۆ عەشیرەت و سیمبولەکانی تری پێناس دێن. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن، دڵسۆزی بۆ "عێراقیبوون" کەمترین نمرەی بەدەست هێنابوو. لە پرسیارێکی تردا داوا لە خەڵکەکە کرابوو هەست دەکەن ئەوان لە کێ نێزیکترن، لە کوردی وڵاتانی دراوسێ یان لە عەرەبەکانی عێراق، زۆرینەیان کوردەکانیان هەڵبژاردبوو، کە لە نێویاندا سەدا ١٠٠ی بەدەست هێنابوو،[29] ئەم زانیارییانە پڕ بە پێستی پێناسەکەی مارسا و ڕیچارد کۆتمانە لەبارەی دەوڵەتێکی نەتەوەییەوە، کە بریتییە لەو "دۆخەی هاووڵاتییانی وڵاتێک زیاتر لە هەر گرووپێکی خاوەن پێناسی سیاسی، یەکە هەرێمییەکەی خۆیان بە یەکەی سیاسی دادەنێن." لە پێناسەکەی مارسا و ڕیچارددا هاتووە "دڵسۆزیی سەرەکی بە نیشتمان دەدرێت" و "هەموو پێناس و داخوازییەکان وەلا دەنرێن کاتێک ناسیۆنالیزم بە ڕوونی دەردەکەوێت."[30] ئەم زانیارییانەی بەردەستمان لێکدانەوەکانی ستانسفیلد بەهێز دەکەن، کە دەڵێت "بۆ هەموو ئامانج و مەبەستەکان، خەڵکی کوردستان (بە لایەنی کەمەوە زۆرینەی کورد لەوێ)، کە لە پێناسی ئیتنییان زۆر جیاوازن، ناسیۆنالیزمێکی زیندوویان بۆ خۆیان گەشە پێ داوە و خەڵکێکی کەم دەیەوێت وەک "عێراقی" ناوی بهێنرێ."[31] ئەمە لەگەڵ لێکدانەوە تەجریبییەکەی دێنیس ناتالیشدا یەک دەگرێتەوە، کە پێی وایە ئەوەی گرینگە ئەوەیە بیرۆکەی سەربەخۆیی گۆڕاوە. ئەوەی ئێستە نامۆیە ئیمپریالیزم نییە بگرە عەرەبە... چەمکی خاکی باوک چیی تر عێراق نییە بگرە کوردستانە. ناسیۆنالیستە کوردەکان بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد، کە پێناسی عێراقی لە دوو بەش پێک دەهات، لە بەشی کوردی و لە بەشی عەرەبی و بەشی عەرەبیش بەشێکی پێناسی نەتەوەی عەرەبی پێک دەهێنا.[32]

لە ڕاستیدا، هەستی ناسیۆنالیستە کوردەکان تا ماوەیەکی زۆریش لەناو کورد و ڕیزەکانیدا بەهێز بوو. ئەم نموونەی دواتر ڕەنگدانەوەی ئەم سۆزەیە. دوکتۆرێک لە ١٩٥٨ ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرابوو ئەو قەناعەتە دەگێڕێتەوە، کە ئافرەتی کوردی "هەرگیز بێ سکپڕی نەماوەتەوە، هەرچەند منداڵیان بووبووایە ئەوەندە بۆ نەتەوەکەیان باشتر بوو." ئەو ئافرەتانە زیاتر کوڕیان دەویست چونکە باوەڕیان وا بوو، کە چارەنووسی نێر بەر لە گەیشتن بە ئاواتی خۆی مردنە بە هۆی شەڕەوە. لەبەر ئەوە، پێویست بوو "کوڕێک بۆ کوردستان بێت ئەوی تر بۆ من." ئەم دوکتۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم هەڵوێستە وەک سیاسەتێکی نیشتمانی بوو،[٣٣] لە ڕاستیدا، لە مەسەلەی کوردی عێراقدا، پاڵەپەستۆی ئامانجە ئەوپەڕەکان لە خەڵکی ئاساییەوە بەرز دەبووەوە بۆ لای چینی سەرەوە. ڕووناکبیران و دانیشتوان لە دوای سەربەخۆیی دەگەڕان لە کاتێکدا سەرکردایەتی زۆر هۆشیار بوو لە دەربڕینی دوا ئامانجی کورد،[٣٤] هەروەک چاودێرێک دەڵێت "زۆر (لە کورد) دەڵێن سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی دەرفەتی کشانەوە لە عێراق و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆییان لەدەست دا."[٣٥] ڕاستی، ئەمە گەورەترین تەنگژەی سیاسەتوانانی کوردە: ئەگەر بە ئاشکرا ئەوە دەربڕن، کە ئامانجی کورد سەربەخۆییە، وڵاتانی دەوروبەر ڕەنگە لە دژی ئەواندا یەک بگرن، بەڵام ئەگەر دەرنەبڕن مەترسیی لەدەستدانی پشتیوانیی گەلەکەیان هەیە و ڕەنگە هەرگیز سەربەخۆیی بەدەست نەهێنن.

هەرچەند بژاردەی سیاسیی کورد لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا تەواو کورتی هێناوە، توانیویانە تا ٢٠٠٣ جۆرێک لە یەکەتییەکی بێ هاوتا گەشە بدەن: هەرچەندە دابەشی سەر دوو نیمچە حکوومەت بوو، بەڵام بە خاوی بە بەغداوە بەسترابووەوە. ئەم یەکەتییە دوو سەرەیە برەوی بە پێکهاتە و سیمبولی جیا جیای بە نیشتمانبوون دا، کە زەحمەت بوو بسڕێتەوە، بگرە لە لایەن دوژمنەکەی ناوەخۆشەوە، کە خێڵایەتی بوو.

## خشتەکانی بینای پێناسی نەتەوەییی کوردی و پێکهاتەی نەتەوەییی کوردی

هەروەک لە سەرەوە باس کرا، چوارچێوەی پێکهاتە کوردییە جیاوازەکە لە نەوەتەکانەوە لە دروستبووندا بوو. گەیشتبوو بە دەستوورێک، پەرلەمانێک، کابینەیەک و هێزێکی ئاسایش وەک پێشمەرگە و پاراستن و ئاسایش، کە هەموو ئەمانە بوون بە سیمبولی دەوڵەت و بە شێوەیەکی سەربەخۆی جیا لە بەغدا کاریان دەکرد،[٣٦] هەرچەندە چوارچێوە هەرێمی و سیاسییەکان بۆ پێکهاتەی کوردی هێشتا مابوو لەگەڵ بەغدادا یەکلایی بکرێنەوە، بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی و بنیاتنانی نەتەوەی کوردی بەبێ کۆت و بەند بە خێرایی بەرەوپێش دەچوو.

بەڵگەیەک، کە من لەوێ بینیم برێتی بوو لە دامەزراندنی "ئەکادیمیایەک بۆ مەشق پێدانی ئەفسەران بە گوێرەی پێداویستییەکانی سەردەم"، دامەزراندنی "یەکە پۆلیسییەکان" بۆ پاراستنی ڕێسا و یاسا و هاتوچۆ، دامەزراندنی کۆلێجێکی پزیشکی بۆ مەشق پێدانی دوکتۆران و کارمەندانی تری تەندروستی، لەگەڵ چاپکردنی "پوولی کوردی،" کە دیمەنەکانی کوردستانی عێراق و وێنەی مەلا مستەفا بارزانی، دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی، لەسەر بوو. هەنگاوێکی تری گرینگ برێتی بوو لە پەسندکردنی سروودی نیشتمانیی کۆماری تەمەن کورتی مەهاباد، کە لە ١٩٤٦ لە ئێران دامەزرا،[٣٧] بەشی یەکەمی سروودەکە بەم شێوەیەیە:

"ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە و قەت نانەوێ ئاڵاکەمان."[٣٨]

پەسندکردنی ئەم سرووده بەشێک بوو لە پرۆژەیەکی ماوەدرێژ بۆ دەربڕینی گوتارێکی ناسیۆنالیزمیی کوردی، سیستەمێک بۆ سیمبولە ناسیۆنالیزمییەکان، شان بەشان لەگەڵ کارکردن لەسەر بیرەوەری. ترسناکیی کۆمەڵکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، کە هیچ خێزانێکی کورد نەبوو ئەو ترسناکییانەی پێ

نەگەیشتبێت، دوایەم هۆکار بوو بۆ ڕوونتر دەرکەوتنی پێناس و پێکهاتەیەکی کوردی. ئەم ڕووداوانە، لە جێگەی ئەوەی کورد تێک بشکێنن، هەروەک سەدام هیوای دەخواست، وەک خرووێک لەنێو مێشکیان خزمەتی کرد بۆ دروستکردنی پێناسێکی نەتەوەیی جیاواز لە پێناسی عەرەبەکانی عێراق و سووربوونی ئەوانی بەهێزتر کرد بۆ دامەزراندنی پێناسی سیاسی و گەیاندنی پرسەکەیان بە جیهانی دەرەوە. بە گوێرەی چاودێرێک، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە پێکهاتەیەک بوو بووە هۆی بنیاتنانی نیشتمانی کوردی، کە لە ڕووی تیۆرییەوە گۆڕا بۆ ڕووی کرداری،[٣٩] یان هەروەک جوست هیڵتەرمان دەڵێت "پاڵنەری کورد بۆ ئۆتۆنۆمییەکی گەورەتر لەمڕۆدا، سەربەخۆییش ئەگەر هاتوو بارودۆخ ڕێی دا، بۆ سەردەمی پێش هەڵەبجە و ئەنفال دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم دوو ڕووداوە خێراییەکی بە داوایەکە دا: بە کورتی کورد ناتوانن متمانە بە حکوومەتێکی ناوەندی بکەن نەبادا تاکتیکی هاوشێوە بەکار بهێنێتەوە."[٤٠]

لەگەڵ ڕۆیشتنی کات، زاراوەی ئەنفال بووە بەشێکی ناو فەرهەنگ و گوتاری کوردی. بۆ نموونە، قوربانیی ناو شاڵاوەکە پێیان دەگوترا ئەنفالکراوەکان، چاوگێکی نوێی فرمان، ئەنفالکردن، هاتە ناو فەرهەنگەوە، شاڵاوەکە خۆی ناوێکی کۆی بەسەردا درا، شاڵاوەکانی ئەنفال. قوربانییە زۆرەکەی ئەنفال داوای وەزارەتێکی تایبەتییان کرد بۆ چاودێریکردنی هەتیوان، بێوەژنان و برینداران، کە ئەو کات پێی دەگوترا وەزارەتی ئەنفالکراوەکان،[٤١] وەک بەشێک لە کارکردن لەسەر بیرەوەری، ژمارەیەکی زۆر لە سروود و گۆرانی لەبارەی ئەنفالەوە دانران و هەموو ساڵێک لە نێوان مانگی شوبات و نیساندا وەشان دەکران. گۆرانیبێژێک، دیاری قەرەداغی، بە "گۆرانیبێژی ئەنفال" ناو دەبرا،[٤٢] لە کۆتاییدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ١٤ نیسانی وەک ساڵوەگەڕی یادکردنەوەی کۆمەڵکوژیی ئەنفال ڕاگەیاند. لەو ڕۆژەدا بوو لە ١٩٨٨ حکوومەتی ناوەندی شاڵاوەکانی ئەنفالی لە دژی کورد دەست پێ کرد.

مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوەی ناوە "تاوەکو گەلەکەمان هەرگیز تاوانەکانی سەدام حوسێن لە دژی گەلی کورد لە یاد نەکەن" و "تاکو ڕێ لە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژیی تر لە دژی گەلی کورد

بگیرێت." بارزانی ئاماژەشی بەوە کرد "هەندێ کەس پێیان وایە سیاسەتی جینۆساید لە دژی گەلی کورد بەشێک بوو لە شەڕی عێراق و ئێران، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە شەڕ تەنیا هۆکارێک بوو بۆ ئاسانکاریکردن بۆ شاڵاوی ئەنفال."[٤٤]

ڕووداوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە بناخەیەکیشی دابین دەکرد بۆ کارکردن لەسەر بیرەوەری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانی عێراقدا چونکە بە شێوەیەکی قووڵ ڕۆ چووبووە ناو تاک و کەشکۆڵی بیرەوەریی گەلی کوردستان. مانگی ئادار دەبوو بە مانگی یادکردنەوە لەبەرئەوەی بووبوو بە سیمبولی خۆشترین و ناخۆشترین ساتەکان لە مێژووی هاوچەرخدا. ڕاستی، سەرەتای ساڵی کوردی، نەورۆز، لە مانگی ئادارە. هەر لەو مانگەدا سەرکردەی خەباتی نوێی کوردی، مەلا مستەفا بارزانی، لەدایک بووە. هەر لەو مانگەشدا بووە کورد لە ١٩٧٠ لە سەردەمی سەدام ئۆتۆنۆمییان پێ درا. لەلایەکی ترەوە، ئادار ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ١٩٧٥ و لە هەمووش خراپتر، کیمیابارانی هەڵەبجەی ١٩٨٨ بەخۆوەی بینیوە.

بەمەش، کیمیابارانی هەڵەبجە بوو بە سیمبولی سەرەکیی بیرەوەریی کورد. ڕووداوەکە ساڵانە لە سەرانسەری هەرێمەکەدا بە شێوەی جیا جیا یادی دەکرێتەوە. نموونەیەک بۆ ئەمە ئەو مەراسیمە بوو، کە لە ١٦ی ئاداری ٢٠٠٢ ئەنجام درا، کە هەموو چالاکییەک لە هەرێمی کوردستان لە سەعات ١١ی بەیانی وەستا بۆ پێنج خولەک، بەبێ دەنگی وەستان بۆ ڕۆحی شەهیدانی هەڵەبجە. هەر بە هەمان بۆنەوە، کوردستان تیڤی لە کاتی وەشانەکەیدا شریتێکی ڕەشی لە لایەکەوە دانابوو. لە سەرانسەری کوردستاندا نارەزایی دەربڕین و نواندن و پێشانگە لەبارەی تراجیدیایەکەوە ڕێک خرا. بەشی کیمیا لە زانکۆی سەلاحەدین سیمینارێکی لەبارەی کاریگەرییەکانی چەکە کیمیاییەکەوە ساز دا. هەزار کەس بەرەو شاری هەڵەبجە ڕۆیشتن بۆ دانانی تاجە گوڵینە لەسەر مەزاری قوربانییان و لە لایەن ڕزگاربووانی ڕووداوەکەوە پێشوازییان لێ کرا. دەمامکی گازی و قاوغی بۆمبە کیمیاییەکان، کە نیشانەی سەرسوڕمانی لەسەر کرابوو لە دەروازەی شارەکەدا هەڵواسرابوون. کوردستان تیڤی چیرۆکی ئافرەتێکی پێشان دەدا کە دەیگوت: "١٢٠

خـــزم و كـــەسم لـە دەست داوە، كـــە لێـــرە لە هـەڵەبـجـــە بوون بۆ ئاهـەنگی بووك گواستنەوە، من تاكە كەسم كە جێ ماوم."[٤٥] لەو كات، ١٦ی ئادار نەک تەنیا لەناو كوردی كوردستانی عێراق بگرە لەنێو كوردی كوردستانی گەورەشدا یادی كرایەوە. هەروەها لەناو وڵاتانی جیا جیای جیهانیشدا یادی كرایەوە، توانای كوردی ئاوارەی هەندەرانی پێشان دەدا لە گەیاندنی پرسی كورد بۆ بەرچاوی جیهان. بە شێوەیەكی گشـتی، ئامادەییی ڕەوەندێكی گەورە لە ئەوروپا (٨٥,٠٠٠) و ئەمـەریكا (نێـزیكەی ٢٠,٠٠٠) وەک هۆكـارێک بۆ بە نـاودەوڵەتیكردنی پرسـی كـورد خـزمـەتی دەكـرد، هەسـتی بەزەیی بۆ نەهامـەتیی كوردی عـێراق دەورووژاند و پشـتیـوانیـی بۆ پرسـی كورد لەو وڵاتانەدا ئامادە دەكرد.[٤٦]

پڕۆژەیەكی تر برێتی بوو لە دروستكردنی مۆنۆمێنت و مۆزەخانە، كە لە ٢٠٠٣ لە هەڵەبجە كرانەوە،[٤٧] مۆنۆمێنتەكەی هەڵەبجە، كە وێنە و پاشماوە و شیعر و ناوی قوربانییان لەخۆ دەگرێت، شوێنێكی بە دانیشتوانی هەڵەبجە داوە ڕێز لە ئەندامانی خێزانەكانیان بگرن،[٤٨] كردنەوەی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، تەنیا شەش مانگ دوای داگیركردنی عێراق لە لایەن ئەمەریكا لە ٢٠٠٣، سەرنجی میدیای ناودەوڵەتیی بەلای خۆیدا ڕاكێشا. وەزیری دەرەوەی ئەوسا كۆڵن پاول و هەندێ كەسایەتیی تری باڵای ئەمـەریكا لە مـەراسـیـمـەكـەدا بەشـدارییـان كـرد و لەلایەن هوتافی ئاپۆڕای سـەر شـەقامـدا پێشـوازییان لێ كرا. لەبەرئەوەی قـوربانییـانی هێرشـەكە لە گۆڕستـانی هەڵەبجـەدا نێـژراون و پەیكەرێكی بیـرەوەریش لەوێ قـیت كراوەتەوە. پڕۆژەیەكی تر برێتییـە لە "سـەنتـەری هەڵەبجە لە دژی بە ئـەنفالكردن و جینۆسـایدی كورد"، كـە لە ٢٠٠٢ دامـەزراوە. لە هـەمان كات، كوردسات تیڤی وردەكاریی شاڵاوەكانی ئەنفالی لەسـەر ماڵپەڕەكەیدا بڵاو كردەوە،[٤٩] دواتر، كاتێک دەستووری هەمیشەیی لە عێراقی دوای سەدام لە ٢٠٠٥ ڕەشنووس كرا، كورد سوور بوون لەسەر ئەوەی "كۆمەڵكوژیی هەڵەبجە و بارزان و ئەنفال و كوردە فەیلییەكان" لە دیباجەكەدا ناویان بهێنرێت.[٥٠]

شاری سلێمانی سـەنتەرێكی بیرەوەریی تایبەت بە خۆی دروست كرد لە بارەگەی ئەمنە سـوورەكەدا، كە لە سـەردەمی ڕێژیمدا بنكەی هێزەكانی ئاسـایشی ناوەخۆ و بەڕێوەبەرایەتیی ئاسـایشی گشـتی بوو. كورد ناویان لێ نا ئەمنـە سـوورەكە سـوور

ئاماژە بوو بۆ ڕەنگی باڵەخانەکە و ڕەنگی خوێنی ئەو کەسانەی لەوێ لەدار دەدران. بنکەکە لە شەش باڵەخانە پێک دەهات، باڵەخانەیەکی ئیدارە و گرتیگەکانی لەخۆ دەگرت. ئێستە مۆزەخانەیەکە، وێنە جیا جیاکانی یادی قوربانییانی شاڵاوی ئەنفال، لە هۆڵێکدا ۱۸۲۰۰۰ پارچە شووشەی لە مۆزایک دروستکراوی لێیە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو قوربانییانەی لە ئەنفالدا خەمڵێنراون. ۵۰۰۰ هەزار گڵۆپ لە ناوەوەی باڵەخانەکە ئاماژە بوون بۆ ژمارەی ئەو گوندانەی خاپوور کرابوون. هەندێ وێنەی پێشانگەی تر وێنەی کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژیی تر لەخۆ دەگرێت و خۆڕاگریی کوردیش لە بەرامبەر سەدام پێشان دەدات. هەندێ وێنەی تر ئەو کەلوپەلانە پێشان دەدات، کە بۆ دارکاریی قوربانییان بەکار دەهاتن،[51] ژوورێکی تریشی تێدا پێشان دراوە، کە ئافرەتانی کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیکی تێیدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر.[52]

هەندێ تاکی کوردی زیاتر بەشدارییان لەم پرۆژەی بیرەوەرییەدا کردووە بە نووسینی ڕۆمان و شیعر و کتێبی مێژوویی لەبارەی هەڵەبجە و ئەنفالەوە. هەروەک هۆلۆکۆستی جوو، کوردن ئەم ڕووداوانەیان بەکار هێناوە هەم بۆ بنیاتنانی پێناسی کوردی هەم بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی ناودەوڵەتی بۆ پرسی خۆیان.

## دابەشبوونی کورد و عەرەب لە ئەنفال و هەڵەبجەدا

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ڕووداوە جەرگبڕەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بوونە هۆی پاڵپشتیی پێناسێکی کوردیی جیا و جیاکردنەوەی کورد لەو عەرەبانەی وا دەبینران پشتیوانی لە بکەرانی جینۆساید دەکەن و نکووڵیشیان لێ دەکردن. هەڵوێستی عەرەب لەبارەی هەڵەبجە و ئەنفالەوە وەک پێوەرێک دەبینرا بۆ تاقیکردنەوەی یەکبوونی عەرەب لەگەڵ کورددا. نموونەیەک بۆ ئەمە برێتی بوو لەو ڕەخنە توندەی، کە شاعیر و شانۆنووسی کورد خالید سلێمان ئاراستەی ڕووناکبیرانی عەرەبی کرد بۆ بێدەنگبوونیان و نکووڵییان لە جینۆسایدی کورد: "قەبووڵکردنی بیرۆکەی ئەنفال بە ڕەزامەندیی بەعس بەسترابووەوە. کاربەدەستانی عەرەب و ڕووناکبیران و خەڵکی گشتیش ئەو بۆچوونەیان هەبوو، کە شاڵاوەکە هیچ

نەبوو جگە لە هەنگاوێک بۆ ڕێگرتن لە کۆبوونەوەی ئەو مرۆڤانەی لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی دەوڵەتی عەرەبیدا نەدەگونجان."[53] بە هەمان شێوە، بابەتێک لەسەر ماڵپەڕی کوردیش میدیادا بە توندی هێرشی دەکردە سەر پرۆفیسۆری زانکۆیەکی عێراقی، محەمەد عەلی عوبەیدی، بە ڕووناکبیرێکی عەرەبی ڕەگەزپەرست ناوی دەبرد بەوەی "بەشدارە لە سیاسەتی نکووڵیکردن لە جینۆسایدی کورد،" بابەتەکە داوای لێ کردبوو داوای لێبووردن لە ڕزگاربووانی هەڵەبجە بکا. هەمان بابەت نارەزاییی دەربڕیبوو لەسەر ئەوەی، کە تاکە پەیمانگەیەکی توێژینەوەی کوردی یان بەشی کوردۆلۆجی نییە لە تەواوی جیهانی عەرەبی،[54] بە هەمان شێواز، ڕۆژنامەنووسێکی کوردی تر ڕای گەیاند، کەوا عەرەب بەدەست "گرێی کوردی" و فۆبیای کوردییەوە دەناڵێنن، ڕۆژنامەنووسەکە ئەوەشی گوت، کە "قەڵەم بەدەستە عێراقی و عەرەبەکان تیرۆری ڕێکخراو" بۆ ئازارگەیاندن بە کورد و سەرکردایەتییەکانیان بەکار دێنن،[55] مەسعوود بارزانی، لە لایەن خۆیەوە، داخی بۆ تێڕوانینی عەرەب لە بەرامبەر کورد دەخوارد کاتێ نووسی: "لە هەموو قۆناغەکاندا بەرگریمان لە پرسەکانی عەرەب کردووە، بەڵام بە داخەوە، کاتێک ئەنفال و کیمیاباران گوندەکانی ئێمەی کردە ئامانج، هیچ دەنگێکمان لە جیهانی عەرەبی بۆ بەرگریکردن لە گەلی کوردەوە نەبیست. هیچ سەرکۆنەیەکی فەرمیمان لە لایەن عەرەبەوە نەبیست بۆ ئەو ڕێوشوێنە نادادی و نامرۆڤانەیەی، کە لە بەرامبەر گەلی کورددا گیرایە بەر."[56] سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، نارەزاییی دەربڕی لەسەر ئەوەی وڵاتانی عەرەبی نەک هەر تەنیا پشتیوانییان بۆ کورد دەرنەبڕی، بگرە هەندێک لە وڵاتە عەرەب و موسڵمانەکان ئەو ڕەوشەیان بۆ داپۆشینی پشتیوانییان لە گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان بەکار هێنا.[57]

هەڵوێستی بەرامبەر هەڵەبجە و ئەنفال لەسەر ئاستی سۆزدار و ڕووناکبیرییەوە بۆشاییەکی گەورەی لە نێوان کورد و عەرەبدا دروست کرد. ئەوە ڕاستییەکی دیار بوو، کە ڕووناکبیرانی عەرەب، کەمێکیان نەبێت، خۆیان لە قەرەی هەڵەبجە و ئەنفال نەدا و خۆیان لێی بەدوور گرت،[58] بۆ نموونە، ئێدوارد سەعیدی ڕووناکبیر گومانی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە دەربڕی لە لایەن سەدام لە دژی کورددا،[59]

بگرە کەسایەتیی لیبرالّی ناسراوی عەرەب سەعدەدین ئیبراهیم، کە لە ١٩٩٤ کتێبێکی گەورەی لەبارەی کەمینەکانی ناو جیهانی عەرەبەوە نووسی، تەنیا لە دوو ڕستەی کورتدا ئاماژەی بە هەڵەبجە کرد. لەوەش زیاتر، بگرە هەر ناوی شالاوەکانی ئەنفال و ژمارەی قوربانییانیشی نەهێنا و سەرەڕای ئەوەی هیومان ڕایتس ووچ زۆر لە پێشتر بەڵگەنامەی لەبارەی شالاوەکانەوە بلاو کردبووەوە،[٦٠] لە ڕاستیدا، ڕووناکبیری شیعەی عێراقیی ئاوارەبوو، کەنعان مەکییە، لە کتێبەکەیدا دڕندەیی و بێدەنگی، پێی وایە ڕووناکبیرانی عەرەب "بێدەنگییان هەڵبژارد کاتێک هەزاران گوندی کوردی لە لایەن دەوڵەتی عەرەبەوە هاتە وێرانکردن."[٦١] بەم جۆرە کتێبەکەی مەکییە لەو مەسەلەیە بوو بە سەرکۆنەیەکی توند لە دژی ڕووناکبیرانی عەرەب. چاوەڕوان نەکراو نەبوو، ڕووناکبیرانی عەرەبی وەلامیان دایەوە. ڕووناکبیری لبنانی فەواز تەڕابلوسی، مەکییە بە بەشێواندنی ڕاستییەکان تۆمەتبار دەکات، بۆ نموونە، بەوەی کە مەکییە ئاماژەی بەو ڕاستییە نەکردووە کە تەڕابلوسی لە ١٩٨٩ لەسەر ئەنفال شتی نووسیوە. کەچی لە هەمان کات تەڕابلوسی وریاداریی دا بەوەی "کوردی عێراق پێویستییان بە پشتگرتنی ڕووناکبیرانی عەرەب نییە ئەگەر ئامانجیان جیابوونەوە لە عێراق بێت، ئەوان ئەو پشتگرتنەیان زیاتر بۆ وێنەکردنی فۆرمە نوێیەکانی بەیەکەوەژیانی کورد و عەرەب پێویستە." ئێدوارد سەعید ڕای دەگەیەنێت، کە زۆربەی ئەوەی مەکییە نووسیویەتی قێزەونە، "نووسینەکانی بەندە بە ئاماژەی ترسنۆکانە و لێکدانەوەی بەهەڵە."[٦٢] کەچی چەند ساڵێکیش دواتر، نووسەرێکی ڕۆژنامەی ئەلحەیات جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ڕووداوی هەڵەبجە شوێن پەنجەی خۆی لەسەر بیری عەرەبی جێ ناهێڵێ، لەوەش زیاتر، "کولتووری عەرەب" یا بە تەواوی نکووڵی لە بوونی دەکات، یان بۆ ئەم کارە بە بەکارهێنانی پاساوی سەلامەتی، سەرکۆنەی ئێران دەکات. بۆ شالاوەکانی ئەنفالیش، نووسەرەکە پێی وایە ئەنفال بووەتە درزێک لە نێوان چینی کۆمەلایەتیی کورد و عەرەب لە عێراقدا، هەم لە ڕووی کولتوورییەوە و هەم لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە.[٦٣]

## بڵاوكردنەوەی كولتووری نەتەوەییی كوردی

كورد چەندین هەنگاویان نا بۆ بەهێزكردنی پێناسی كوردییان، بە تایبەتی لەنێو پانتاییی زمان و خوێندن و كولتووردا. چونكە زمان بە خشتێكی سەرەكیی بیناكردنی ناسیۆنالیزم دادەنرا، كورد لەم مەودایەدا هەنگاوی فرەوانیان بەرەو پێش نا. لە كتێبەكەیدا بە ناوی ناسیۆنالیزم و زمان لە كوردستان، ١٩١٨ تا ١٩٨٥، ئەمیر حەسەنپوور جەخت لەسەر نەبوونی هۆشیاریی نایەكسانیی زمان و جاڕنامەی مافە زمانەوانییەكان لە جیهان دەكاتەوە. بە بۆچوونی حەسەنپوور ئەمە لە هەمووی گرینگترە لەبەر سیاسەتی كوشتنی زمانی كوردی. حەسەنپوور جەخت لەسەر ئەوەش دەكاتەوە، كە زمان وەك سیمبولێكی نەتەوەیی دەبینرێت ئەگەر هەر هەنگاوێك ببێتە هۆی قەدەغەكردنی نەتەوە، زمان هۆكارێكی سەرەكییە بۆ مانەوەی،[٦٤] لە ڕاستیدا زمانی كوردی، لەبەرئەوەی بەردەوام لەژێر هەڕەشەی كوشتندا بووە، بۆیە دوای دامەزراندنی حكوومەتی هەرێمی كوردستان ڕێنیسانسێكی لە شێوە نەهاتووی بەخۆوە بینی.

زمانی نووسین و زمانی قسەكردن هەردووكیان بوون بە ئامرازی سەرەكیی پێوەندیكردنی نێوان خەڵك، لە میدیا و لە سیستەمی خوێندنیشدا. هەنگاوێكی گرینگ، كە بەرەوپێش نرا برێتی بوو لە ددان پێدانانی زمانی كوردی، شان بەشانی زمانی عەرەبی، وەك زمانێكی فەرمی لە دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥،[٦٥] بە هەمان شێوە، وەزارەتی پەروەردە پرۆگرامی قوتابخانەی گۆڕی و كتێبە عەرەبییەكانی وەرگێڕایە سەر زمانی كوردی و كولتوور و مێژووی كوردی بۆ ناو كتێبەكانی خوێندن زیاد كرد. هەرچەندە زمانی كوردی بووە بە زمانی فەرمی لە تەواوی سیستەمی پەروەردە و خوێندن، لە هەندێ بواردا، بە تایبەتی لەسەر ئاستی خوێندنی كۆلێج و زانكۆیەكاندا بە پاش كەوت. بۆ نموونە، لەبەر نەبوونی پرۆگرامی كوردی، لە كۆلێجە پزیشكییەكاندا ناچار بوون وانەكان لەسەر پرۆگرامی عەرەبی بگوترێنەوە، كە زۆر قوتابیی كورد بە دەگمەن لێیان تێ دەگەیشت،[٦٧] بە گشتی، ئەم گۆڕانكارییانە نەوەیەكی گەنجی كوردی پێ گەیاند، كە عەرەبییەكی كەمیان دەزانی. ئەمە دیسان بۆشاییی زیاتری لە نێوان كورد و عەرەبدا دروست كرد، خاسیەتێكی

بێ هاوتای هەرێمی کوردستانی سەرخست.

ناوەڕۆکی کتێبەکانی پرۆگرامیش، بە تایبەتی کتێبەکانی مێژوو، کەوتنە ژێر گۆڕانکاریی دیارەوە. لە سەردەمی بەعسدا، کتێبەکانی خوێندن پڕ بوون بە وێنەی سەدام و ئایدۆلۆجیای بە عەرەب و بەعسیکردن، بەڵام لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، کەم کەمە، قارەمانە نەتەوەییەکانی کورد و مێژووی کورد جێگەی ئەوانی گرتەوە. نموونەیەکی دیار لە شێوازی کورد برێتی بوو لە "مێژووی نوێ و هاوچەرخی پۆلی دوازدەی ئامادەیی وێژەیی"،[٦٨] لە شیکردنەوەی دەرکەوتنی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، کتێبەکە تێیدا هاتبوو عوسمانییەکان بەرەو "کوردستان و جیهانی عەرەبی" هاتن و بڵاو بوونەوە. بە ڕوونی دیار بوو، کتێبەکە کوردستانی لە جیهانی عەرەبی جیا دەکردەوە لە هەمان کاتدا پێگەیەکی یەکسانی پێ دەدان. کتێبەکە بە هەمان شێواز ئاماژەی بە سەفەوییەکان دەکرد، بەوەی "هاتن دەست بەسەر وڵاتانی دراوسێدا بگرن، لەوانە کوردستان و عێراق." جارێکی تر بە جیا لە عێراق ناوی هێنرا. ئەم جیاکردنەوەیە لە تەواوی کتێبەکەدا بەدی دەکرێت، لە کۆتا ساڵەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی تا پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقی هاوچەرخ. کاتێ باس لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ دەکەین، جێی سەرنجە جارێکی تر دەکەوێتە سەر مێژووی کوردستان، عێراق تەنیا وەک مەسەلەیەکی لاوەکی ئاماژەی بۆ دەکرێت. شان بەشان لەگەڵ ئەمەدا، بارزانییەکان، بە تایبەتی مەلا مستەفای بارزانی، لە گێڕانەوەی مێژوودا پشکی شێری بەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەی بارزانی بەشێکی بەرفرەوانیان لە کتێبەکاندا گرتووە، شان بەشانی ئەوان شۆڕشەکانی تری کوردستانی گەورە لە کتێبەکاندا بوونی هەیە. لە کتێبەکاندا بە درێژی باسی سیاسەتەکانی بەعسیشی تێدا وەک پاکتاوی ئیتنی و ڕاگواستن و دەربەدەرکردن و بە بەعسیکردن،[٦٩] هەروەک پێشبینی دەکرا، شاڵاوی ئەنفال بۆ ناو کتێبی خوێندن زیاد کرا.[٧٠]

ماریا ئۆشی قسە لەسەر ئەم ئاراستەیەی نووسینەوەی مێژووی کورد دەکات، ئۆشی دەڵێت کورد، وەک ئەکتەری بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، زۆربەی کات لە مێژووی فەرمیی هەرێمیدا ڕێیان لێ گیراوە و ناڵاندوویانە بەدەست ئەو ڕوانگەی بە

سەنتەربوونی حکوومەتی ناوەندی، کە مێژووی ئەکادیمیی زۆری تێدا گوتراوە. ئۆشی زیاتر دەڵێت، لێرەوە "بزووتنەوە ناسیۆنالیزمییە کوردییەکان پێ دەچێت گەیشتبنە ئاستێکی هۆشیاریی مێژوو چەندە تەواوتر بێت ئەوەندە دەبێتە هۆی تەواوکردنی وێنەکێشانی نەتەوەیەکی کوردی."[71]

سەرەڕای کۆسپە مەترسیدارەکان، ئەدەبی کوردیش گەشایەوە. بە گشتی، ئەدەب شۆڕشێکی ڕاستەقینەی بەخۆیەوە دیت، هەم لە بەرهەمی زارەکییەوە، کە لە دەرەوە باش نەدیترا تا بەرهەمی نووسراو، کە جێگەی خۆی لەناو ئەدەبی جیهانیدا کردەوە. ئەو ئۆتۆنۆمییە فرەوانەی، کە کوردی عێراق دوای شەڕی کەنداو بەدەستیان هێنا، بەشدارییەکی بەرچاوی لە بڵاوکردنەوەی زمانی نووسینی کوردیدا کرد، لەو کاتەی نووسەر و شاعیری زۆر دەستیان بە نووسین بە زمانی کوردی کرد، لە کاتێکدا لە ڕابردوو بە زمانی عەرەبی دەیاننووسی لەبەرئەوەی ناچار دەکران یان لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی پێ دەچوو "ئاسانتر" بێت،[72] ئەوەی کە لە گرینگیدا کەم نەبوو چالاکیی ڕووناکبیرانی کوردی هەندەران بوو، کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکاندا کرد، بە تایبەتی لە ئەورووپا. شانۆی کوردیش دەستی بە گەشانەوە کرد دوای پاشەکشەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو.[73]

وەک هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، شیعر و ئەدەب بە شێوەیەکی زۆر بە سیاسی کرا و لە پێناو پرسی کورد بەکار دەهات. شاعیرانی وەک سامی شۆڕش و عەبدوڵڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس لە بەرهەمەکانیاندا جەختیان لەسەر چەمکەکانی ئازادی و سەربەخۆیی دەکردەوە. شیعری "لافاو" لە لایەن بێکەسەوە، شاعیرێکی دیاری هاوچەرخی کورد، ڕەنگدانەوەی ئەو چەمکانەیە:

لافاو بە ماسیگری وت:
هۆی تووڕەبوونی لێشاوم
گەلێک زۆرە
بەڵام هۆکاری هەرە گەورەیان
لەبەر سەربەستیی ماسییە و
دژی تۆڕە.

هەمان ئاراستە لە ئەدەبیشدا بەرچاو دەکەوێت. نموونەیەک کە شایەنی ئەوەیە ئاماژەی پێ بدەین بریتییە لە ڕۆمانی ژانی گەل، کە نێزیکەی سی ساڵ دوای نووسرانی، لە ١٩٩٤ لە پاریس بە ناوی Mal du peuple چاپ کرا. نووسەرەکەی بریتی بوو لە ئیبراهیم ئەحمەد، ڕۆشنبیری کورد و کەسایەتییەکی ڕابەری سیاسیی پەنجا و شەستەکان. تێکستە کوردییەکەی یەکەم لە سەردەمی بەعس قەدەغە بوو، بەڵام گەنجان بە نهێنی دەیانخوێندەوە. ئێستە لە عێراق بە ئاشکرا دەتوانرێت بخوێنرێتەوە و بگرە کرا بە فیلمێکی سەرکەوتووش.

لە ڕۆمانەکەیدا، ئیبراهیم ئەحمەد مۆتیفە ئەدەبییەکان تێکەڵ بە مۆتیفە ئایدۆلۆجی و سیاسییەکان دەکات. پاڵەوانەکە کە ناوی جوامێرە و لە سلێمانییە، بۆ ماوەی دە ساڵ لەسەر کوردایەتی دەگیرێت. لە کۆتاییدا کاتێک لە گرتیگە بەردەدرێت، دەزانێت هاوسەرەکەی لە کاتی منداڵبوونیدا مردووە، منداڵەکەشی بە هەمان شێوە. ئەم هەواڵە ناخۆشە و ئەو بارودۆخە سەختەش، کە کورد تێیدا دەژین باوەڕ بە جوامێر دێنن بەشداری لە هێزی پێشمەرگە بکات و لە پێناو گەلەکەیدا درێژە بە خەبات بدات. بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو بۆچوونەی، کە کورد بە درێژاییی مێژوو ملکەچی نەتەوەکانی تر بووە، ئیبراهیم ئەحمەد داوا لە کورد دەکات ئەم کۆت و بەندە دڕندانەیە بشکێنن.

ناتالی دێنیس پێی وایە وەک بەشێک لە پرۆسەی بە سیاسەتکردن، سۆزی دژە عەرەب دزەی کردە ناو ئەدەبەوە: "بە پێچەوانەی سەردەمی داگیرکاری، کە ڕووناکبیرە کوردەکان تێیدا ڕەخنەیان لە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی و ڕێژیمە داگیرکەرە سەرکوتکارەکان دەگرت، لە دەوڵەتێکی بە ئیتنیبوودا، سەرباسەکانی وەک دەوڵەتی عێراق و دژە عەرەب لە ئەدەبی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بوونە شتێکی دیار."[٧٤]

ڕێگەیەکی تر بۆ سەرخستنی پێناسی کوردی بریتی بوو لە ڕێگەی پرۆژە ئارکیۆلۆجییەکان و پاراستنی شوێنەوار. لەگەڵ دانانان بە ڕۆڵی مێژوو و ئارکیۆلۆجی لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا، سەدام هەردووکیانی سەرکوت کرد لە ڕێگەی قەدەغەکردنی هەڵکەندنی شوێنەوار و سانسۆر خستنە سەر مۆزەخانە و

بگره لەناوبردنی پارچە شوێنەوارییەکانیش،[٧٥] بە شێوەیەکی ڕوون، مەبەست لە هەنگاوەکانی سەدام برێتی بوو لە سەرکوتکردنی بەڵگەنامەی کوردی، وەک بوونی گەنجینەیەکی کولتووری، کە جیاواز بوو لە کولتووری عێراقییەکانی تر. بەو پێیە، هەرچەندە توێژینەوەیەک، کە لە سەردەمی بەعسدا ئەنجام درا زیاتر لە ٣٠٠٠ ناوچەی شوێنەواریی لە لیستێکدا دیاری کرد، کەچی لە سەردەمی بەعسدا کەمتر لە ٢٥ ناوچە هەڵدرایەوە،[٧٦] حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە خەریکی کاری زۆر بە پەلە بوو، دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس گرینگیی زۆری بەو مەسەلانە دا. لەمەدا، کەڵکی لە ئارکیۆلۆجیستانی شارەزای بیانی وەردەگرت بە شێوەیەکی سەرەکی شارەزایانی چیکی و ئەڵمانیایی و ئەمەریکایی لە کاتێکدا ئەو گەنجینە هەڵنەدراوە زۆرانە و ئەو بارودۆخە تا ڕادەیەک پڕ لە ئاسایشەی، کە لە هەرێمەکەدا هەبوون سەرنجی ئارکیۆلۆجیستانی بیانیی بە لای خۆیدا ڕاکێشا. گرینگترین ئەو شوێنەوارانە برێتی بوو لە قەڵای هەولێر، کە باوەڕ دەکرێت یەکێک بێت لە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی جیهان، کە بە بەردەوامی مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە و بە گوێرەی هەندێک کەس، مێژووەکەی بۆ ٨٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستە دەگەڕێتەوە،[٧٧] ڕێکخراوی یونیسکۆ، بە دداننان بە گرینگیی قەڵایەکە، پارەی بۆ توێژینەوەی بەرایی تەرخان کرد بۆ ئەگەری نۆژەنکردنەوەی بەشێکی قەڵایەکە،[٧٨] پێشکەوتنی زیاتر پێشبینی دەکرا کاتێک شاندێکی ئەمەریکایی لە ٢٠١٠ سەردانی هەولێریان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەگەری دامەزراندنی پەیمانگەیەکی شوێنەواری و مەشق پێدانی ئارکیۆلۆجیستان لە جێگە شوێنەوارییەکاندا. ئاماژەیەک بۆ ئەو گۆڕانەی کە لە ڕەوشی هەرێمەکەدا هەبوو لەو بوارە برێتی بوو لە سەردانی شاندێک لە وەزارەتی گەشتوگوزار و شوێنەواری عێراقی لە ٢٠٠٨ بۆ "دۆزینەوەی میکانیزمی هاریکاریی دوولایەنە لەگەڵ وەزارەتی گەشتوگوزار و شوێنەواری هەرێمدا."[٧٩] بە شێوەیەکی ڕوون بڵێین، بەغدا ددانی نا بە بارودۆخی جیای کورد، هەر بەلایەنی کەمەوە بە قسە.

## فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی بنیاتنانی نیشتمان

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی، کە یارمەتیی کوردی دا لە پرۆژەی بنیاتنانی نیشتمانی خۆیان برێتی بوو لە کۆمەڵگەیەکی تا ڕادەیەک کراوە و ڕایەکی گشتیی تا ڕادەیەک بەهێز، کە سەرەڕای بوونی سەرکردایەتییەکی کۆن و هەروەک زۆربەی خەڵکیش دەیانگوت، گەندەڵ،[80] لە ڕاستیدا، بەشداربوونی زیندوو و ڕاستەقینە هەبوو لە لایەن دانیشتوانەوە. خەڵک لە یەکەم هەڵبژاردنیان لە ١٩٩٢ یان ئەوەی دواتریان، نەک هەر تەنیا بۆ دەنگدان دەچوون، بگرە گرووپی پاڵەپەستۆیان دروست دەکرد سەرکردایەتیی ناچار دەکرد بکرێتەوە و داخوازییەکانی ئەوانە دابین بکات، کە لە بژاردەی فەرمانڕەوادا نین،[81] بۆ نموونە، لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا وا ڕاگەیەنرا نێزیکەی ٦٠,٠٠٠ تا ٧٠,٠٠٠ کورد لە سلێمانی خۆپێشاندانیان کرد، بۆ یەکەم جار لە ماوەی دە ساڵ، داوای ئەوەیان دەکرد هەرێمی کوردستان لە حکوومەتی ناوەندی جیا ببێتەوە و کەرکووکیش بکرێت بە پایەتەختی کوردستانێکی سەربەخۆ. خۆپێشاندانی تر لە هەمان کات لە شارەکانی تردا جەختی لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە دەکردەوە بۆ بوونی هەڵوێستێکی بەهێزتر لەسەر سەربەخۆیی کورد،[82] ڕەنگە لەبەر ئەو پاڵەپەستۆیە بێت، کە لە کۆتاییدا سەرکردایەتی ناچار بوو لە ئایاری ٢٠٠٦دا هێزەکان یەک بخەن. خۆپێشاندانەکان، کە قوتابی و ڕووناکبیر و دانیشتوانی گشتی بەشدارییان تێدا دەکرد، بوون بە بەشێک لە ژیانی سیاسیی کوردستانی عێراق، بە تایبەتی لە هەولێر، کە پایەتەختی سیاسی بوو، هەروەها لە سلێمانیش، کە پایەتەختی ڕۆشنبیری بوو. ئەم خۆپێشاندانانە وەستانەوە بوون لە دژی گەندەڵی و خزم خزمێنە و بارودۆخی سەختی ئابووری و کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی یاسا. خراپترین خۆپێشاندان لە هەڵەبجە لە ئاداری ٢٠٠٦ ڕووی دا، کاتێ خۆپێشاندەرانی تووڕە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیان سووتاند لەبەرئەوەی پێیان وا بوو، کە سەرکردایەتی هەڵەبجەیان بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بەکار هێناوە لە کاتێکدا ئاوەدانکردنەوەی شارەکەیان خۆی فەرامۆش کردووە،[84] مانگرتنیش بوو بە دیاردەیەکی باو لە کوردستانی عێراقدا.[85]

ڕەهەندێکی تری گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتی بوو لە پێکهاتنی ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان، یەکێکیان بریتی بوو لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە کوردستان، کە لە تەمووزی ٢٠٠٤ دامەزرا، ئەوەی دەرخست، کە سەدا ٩٨,٦ی کورد پاڵپشتی سەربەخۆیی دەکەن،[٨٦] بە تێڕوانینی بە ناودەوڵەتیکردنی ئەم مەسەلەیە، ڕێکخراوەکە دواتر یاداشتێکی بۆ یو ئێن ڕەوان کرد، کە لە لایەن ١,٧ ملیۆن کەسەوە ئیمزا کرا، داوای لە یو ئێن کرد بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییە با ڕیفراندۆمی خۆی ئەنجام بدات،[٨٧] ڕووناکبیرێکی کورد، کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئاماژە بەوە دەدات، کە تێڕوانینی بڵاو لەناو کورددا ئەوە بوو، کە سەرکردایەتییان تەواو سوور نەبوو لەسەر مافی چارەی خۆنووسین. بە واتایەکی تر، سەرکردایەتی لە خەڵکی گشتیی کورد نەرمڕۆ بوو.[٨٨]

خێرا گەشەکردنی میدیای کوردی، وارگەکانی ئینتەرنێت، کە لە کوردستان زۆر زووتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس دەستی پێ کرد، کاری باشی کرد لە ڕوونکردنەوەی گەشەکردنی خێرای پێناسی کوردی و بەشداریی چالاکی خەڵکی گشتیی کورد لە کاروبارە نەتەوەیی و سیاسییەکاندا. میدیای نوێ وای لێ کردن بە شێوەیەکی واقیعی و ئازادانە لەگەڵ یەکتری کارلێک بکەن بە ناو سنوورە نەبڕاوە "نەتەوەییەکانی" پێشتر،[٨٩] پێوەندیی نێوان کوردی ناو کوردستانی عێراقی بەرفرەوان کرد و پێوەندیشی دروست کرد لە نێوان ئەوان و کوردی کوردستانی گەورە و کوردستانی هەندەران و جیهانی دەرەوەدا. میدیای کوردی گەشانەوەیەکی بەخۆنەدیوی بەخۆیەوە بینی، لەوانە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و هەفتەنامە و ئێزگەی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی و وەشانی سەتەلایت،[٩٠] تەنیا یەک نموونە بێنینەوە، لە ٢٠٠٢ زیاتر لە نۆزدە ئێزگەی تەلەڤزیۆنی و دە ڕۆژنامە هەبوون،[٩١] بە شێوەیەکی سەرسوڕمان، شان بەشانی هەژموونی ئەو گوتارەی لە میدیای کوردیدا هەبوو گوتارێکی تر لە ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت گەشەی سەند، کە بە شێوەیەکی توند ڕەخنەی لە حکوومەتی کوردی و سیاسەتەکانی دەگرت. بۆ نموونە، ماڵپەڕی کوردیش میدیا، کە لە ١٩٩٨ەوە کاری دەکرد، بوو بە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی سکاڵا لە دژی حکوومەت، داوای ریفۆرمی دەکرد و ڕەخنەی لە

سەرکردایەتی دەگرت بۆ هەڵەکانیان، بە تایبەتی ڕەخنەگرتن لەوەی دەسەڵاتێکی زۆر و سوودێکی ئابووریی زۆر بە پێشمەرگە دراوە. هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو مووچەی پێشمەرگە سێ چەندانە زیاتر بوو لە کارمەندانی تری حکوومەت و پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتووی کوردی کۆسپی دەخرایە بەردەم،[92] لەوەش گرینگتر بڕێتی بوو لە ڕۆژنامەی هاوولاتی، کە یەکەم جار لە ٢٠٠٠ دەرچوو. هاوولاتی، کە بە جەماوەرترین ڕۆژنامە بوو لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەوام چاوی لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نەرێنییەکان بوو، لەوانە گەندەڵی، خزم خزمێنە و بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە،[93] ئەم گۆڕانکارییانە دەکرێت وەک هێمایەکی لاوازیی حکوومەتی کوردی لێک بدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر ئەو گۆڕانکارییانە دەکرێت بە پێشاندەری دیموکراسییەکی خونچەکردوو دابنرێت، کە ئاماژە بوو بۆ ئامادەییی کۆمەڵگەیەکی زیندوو، کە جەسارەتی ئەوەی هەبوو ڕووبەڕووی سەرکردایەتییەکەی ببێتەوە.

ئەو کراوەییە ڕێژەیییەی، کە لە کوردستاندا هەبوو کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر ڕەهەندێکی تری ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبوو: ئافرەتی کوردی لە سیستەمی سیاسیدا کاراتر بوون وەک لە سیستەمی سیاسیی سەردەمی بەعس، تەنیا یەک وەزیری ئافرەت هەبوو، سوعاد خالید ئیسماعیل، هەروەها بۆ یەک ساڵیش وەزیر بوو (١٩٧١-١٩٧٢)،[94] پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کابینەی ٢٠٠٠دا ئافرەتێکی هەبوو وەک وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، نەسرین بەرواری،[95] بە هەمان شێوە، بەرهەم ساڵح لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕوونی کردەوە، کە کورد شانازی بەو تاکە دادوەرە ئافرەتە دەکەن لە جیهانی ئیسلامیدا،[96] هەنگاوێک زیاتر بۆ پێشەوە، تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گفتی دا، کە ئافرەتان لە ناوچە جیاکانی کوردستان دەهێنرێنە ناو سەرکردایەتیی پارتەکەوە،[97] هاوسەرەکەی، هێرۆ، بێگومان ڕۆڵێکی گرینگی دەگێڕا، هەروەک لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێگەی دیاری هەبوو: هێرۆ ئەندامی یەکەم پەرلەمانی کوردستان بوو لە ١٩٩٢، یارمەتیی دا بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگەی ئافرەتانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،[98] بوو بە خاوەنی کوردسات تیڤی و گرووپی چاپ و بلاوکردنەوەی خاک، سەرۆکی منداڵپارێزانی کوردستان بوو،[99] لەوەش زیاتر، لە

هەڵبژاردنەکانی ناوەخۆی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە حوزەیرانی ٢٠١٠دا بردییەوە، واتە، لە کۆی ١٦١٩ دەنگ ١٠٧٠ دەنگی بەدەست هێنا، بەمەش لە پێشەوەی هەموو کاندیدە پیاوەکاندا بوو. لە هەمووی سەرسوڕهێنتر، سەرجەمی ئەو ئافرەتانە بوون، کە لەم بۆنەیەدا بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران بریتی بوون لە ٩ (لە کۆی ٣٣) یان زیاتر لە سەدا ٢٥.[١٠٠]

ئاماژەیەکی تر بۆ گۆڕانی سەردەم بریتی بوو لە بڵاوبوونەوەی خێرای ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکانی ئافرەتان لە ناوچەکە تا ئەو ڕادەیەی، تا ٢٠٠٣، پازدە ڕێکخراو چالاک بوون. دەبێ ئەوە بگوترێت، کە یەکێک لەو ڕێکخراوانەی، کە یەکەم جار دامەزرا ڕێکخراوێکی ناحکوومەتی بوو بۆ پشتگریکردنی ئەو خێزانانەی بووبوونە قوربانیی شاڵاوەکانی ئەنفال. هێرۆ تاڵەبانی یەکێک بوو لە ڕێکخەرانی،[١٠١] ئاماژەیەکی تر بۆ گۆڕانی بەرە بەرە بریتی بوو لەوەی ئافرەتان دەیانتوانی شوفێری بکەن، بە لایەنی کەمەوە لە شارە گەورەکاندا، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکدا پێشتر پیاوسالار بوو. لە کۆتاییدا، ئەو ڕۆڵە زۆرەی، کە ئافرەت دەیگێڕا لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی سیمبولی ڕەنگی دایەوە لە پەیکەری ئافرەتێکدا، کە لە دەروازەی شاری زاخۆ دانرابوو.[١٠٢]

کەچی لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەشدا، کوشتنی ئافرەتان لە پێناوی شەرەفدا، خەتەنەکردنی ئافرەتان، فرە ژنی و چەوساندنەوە بە شێوەیەکی نەپچڕاو بەردەوام بوو،[١٠٣] چالاکێکی ئافرەت، هۆزان مەحموود، نوێنەری ڕێکخراوی ئازادیی ئافرەتان لە دەرەوە، گلەییی دەکرد لەوەی یاسای باری خێزانیی ئێستە شێوەی هەڕەمی و ئاینی و کۆن بەخۆیەوە دەبینێت، کە ئافرەت دەچەوسێنێتەوە. حکوومەت بە تەواوی شکستی هێناوە لە برەودان بە یەکسانی و مافی ئافرەتان و ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان. حکوومەت سوورە لەسەر جێبەجێکردنی یاسای شەریعەتی ئیسلامی و ددانان بە نۆرمە ئیتنی و عەشیرەتگەری و ئاینییەکان لە جێگەی یاسای خێزانی مەدەنیی هاوچەرخدا. کێشەی بنچینەییی ئێمە بریتییە لەو چینە فەرمانڕەوایەی، کە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئاین و ئیتنیسیتی و نەژاد دابەش دەکات.[١٠٤]

سەبارەت بە نوێنەرایەتیکردنی ئافرەت لە چینەکانی دەسەڵات، هەرچەندە ٣٧ پەرلەمانتاری ئافرەت لە ١١١ کورسییەکەی پەرلەمانی کوردستاندا هەیە (سەدا ٣٣)، ئافرەتانی چالاک دەڵێن پۆستە هەرە باڵاکان بە شێوەیەکی تایبەت بۆ پیاوان تەرخان کراوە. لەوەش زیاتر دوای هەڵبژاردنەکانی هەرێم لە تەمووزی ٢٠٠٩، حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کاروباری ئافرەتانی هەڵوەشاندەوە و ژمارەی پۆستە وەزارییەکانی لە چل و دوو پۆستەوە کەم کردەوە بۆ نۆزدە. ئافرەتان باجەکەیان دا لەبەرئەوەی یەک ئافرەت لە کابینەی نوێیەکەدا هەبوو کەچی لە کابینەی پێشتردا سێ ئافرەت هەبوون. چنار سەعد عەبدوڵلا، وەزیری پێشووی کاروباری شەهید و ئەنفالکراوان، کە لە لایەن پیاوێکەوە جێگەی پڕ کرایەوە، گوتی: "هەبوونی یەک ئافرەت لە کابینەی حکوومەت پشکێکی نادادوەرانەیە لە دەسەڵات و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی ئێمە نییە. دەبوایە دەنگێکی ڕاستەقینەمان لەناو دەسەڵاتدا هەبێ."[١٠٥] بەکارهێنانی ئافرەتی کورد بۆ پرسی نەتەوەییش وای لە حکوومەت نەکرد ئافرەتان بەرهەمی چاوەڕوانکراو بەدەست بێنن، هەروەک توێژەرێک دەلاوێتەوە: "جێبەجێکردنی کرداری لە لایەن هەڵگرانی پرسی نەتەوەییەوە، ڕەنگە بۆ پیاوان و ئافرەتان زیاتر وەک کۆت و بەند بێت نەوەک ئازادی."[١٠٦]

## نووسین لەسەر دیوار

لە یاداشتە بەناوبانگەکەیدا، کە لە ١٩٣٢ کەمێک بەر لە مردنی نووسی، شا فەیسەڵی یەکەم وریاداریی دا لە ئێجگار لاوازیی فەرمانڕەوا سوننەکان، کە فەرمانڕەواییی کوردەکانیان کردبوو، شا فەیسەڵ دەیگوت: زۆربەی کورد "نەفامن" و دەیانەوێت لە دەوڵەت و لە زۆرینەی شیعەی وەک خۆیان "نەفام" جیا ببنەوە، ئەو شیعانەی، کە لەبەر هەستکردن بە چەوسانەوە بەرهەڵستی حکوومەتی سوننی دەکەن. شا فەیسەڵ پێی وا بوو، ئەم دووانە بە خراپی پرۆسەی دەوڵەتی عێراق و بنیاتنانی نیشتمان پەک دەخەن،[١٠٧] هەشتا ساڵ دواتر، پێشبینیی شا زیاتر لە جاران ڕاست سەلما. شای هۆشیار لە کۆمەڵگەی ئاڵۆز و ڕەنگاڵەی عێراقی، شێوازی نێوانرۆی لە هەوڵی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی عێراق بەگەڕ دەخست.

لەگەڵ ئەوەش، جیاواز لەو، سەدام، کە بۆ ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتی گرتە دەست، گەڕایەوە سەر توندوتیژی و زبریی توند. سەرەڕای ئەوەی بە لایەنی کەمەوە لە دە ساڵی یەکەمی ڕێژیمی بەعسدا، دەوڵەتی عێراق بەهێزی و سووربوون و بگرە جۆرێک لە یەکگرتووییشی بەدەست خست، کەچی لەژێرەوە درز پەیدا بوو و بگرە سەدامیش نەیدەتوانی فەرامۆشی بکات. وەک نێردراوی چارەنووس، سەدام وریاداریی ئەوەی دا عێراق بۆ سێ پارچە دابەش ببێت. لە بۆنەیەکدا، سەدام عێراقی بە کەشتییەکی گەورە چوواند، کە عەرەب و کورد تێیدا بەشیان هەیە، سەدام وریاداریی بەوان دا، کە ڕێ نادات کون لە خوارەوەی کەشتییەکە بکرێت، نەوەک کەشتییەکە ژێرئاو ببێت،[108] لە بۆنەیەکی تردا، وریاداریی مەترسییەکانی جیاخوازی و کوتلە کوتلەکاریی دا و پەیمانی دا بە هەر شێوازێک بێت لە دژیاندا شەڕ بکا: "من پشتگریی هەموو هەوڵێک دەکەم، کە ببێتە هۆی خۆشگوزەرانیی ناوچەکە، هەروەها دژی هەموو پیلانێکیشم، جا هەرچەند بچووکیش بێت، کە ببێتە هۆی جیابوونەوە و لێک هەڵوەشاندنەوەی عێراقییەکان. ئەو کات شمشێری خۆم لە کالان دەردێنم لە هەر کوێیەک بوونی هەبێت لەگەڵیدا شەڕ دەکەم."[109]

ئەمە سەری کێشا بۆ ئەو شتەی، کە ئەندریاس ویمەر وەک کێشەی هەموو ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتانە دەستنیشانی دەکات، کە ناسیۆنالیزمێکی هاوشێوەی ناسیۆنالیزمەکەی سەدام تێیدا بوونیان هەیە. بە گوێرەی ویمەر، کاتێ چینی بژاردە ئامادە نین تەواوی دانیشتوان بخەنە ناو ئەو نەتەوە زاڵەی، کە نوێنەرایەتیی دەوڵەت دەکات، "کەمینەکان" لە سوودەکانی مۆدێرنیتەی سیاسی دوور دەخرێنەوە و هەست بەوە ناکەن مەیلیان هەبێت بۆ "باوەشکردن بە پرۆژەی بنیاتنانی نیشتمانەوەدا."[110] لە بەرامبەردا ئەمە وا لە تەکنۆکراتەکان دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان پشت بە ترس و تۆقاندن ببەستن، کە ئەمە کەمینەکان زیاتر نامۆ دەکات. لە تێڕوانینی ویمەردا، لە کۆتاییی ئەم پرۆسەیەدا حکومەت بەسەر چەند پارچەیەک لە گرووپی ئیتنیدا دابەش دەبێت، کە ئەندامەکانی ئەو گرووپە ئیتنییانە خۆیان وەک کۆمەڵگەیەکی جیاواز دەبینن، هەر یەکێکیش لەو گرووپانە چارەنووسێکی سیاسیی هاوبەشی هەیە. بە واتایەکی تر ئەوەی، کە بە ڕوونی دەردەکەوێت بریتییە لە

لەتبوونی کۆمەڵایەتی و پارچە پارچەبوونی سیاسی شان بەشان لەگەڵ هێڵە ئیتنییەکاندا.

کوردی عێراق نموونەیەکی سەرسوڕهێن ڕوون دەکەنەوە ئەویش ئەوەیە، کە سیاسەتە لەت لەتکەرەکانی بەعس دڵسۆزیی بنچینەیی کوردی زیاتر بەهێز کرد هەروەک لە مۆدێلەکەی ویمەردا هاتووە. ساڵانێک لە سیاسەتی بەشداری پێ نەکردن و شەڕ و دارکاری تا لێواری قڕکردن شان بەشان لەگەڵ هێڵە ئیتنییەکاندا، پارچە پارچەبوونی سیاسیی قووڵتر کردەوە، پرۆسەی بنیاتنانی نیشتمانی لەناو کورددا بەهێزتر کرد لە کاتێکدا بە شێوەیەکی بەرچاو بنیاتنانی نیشتمانی هەموو عێراقی لاواز کرد. عێراقی دوای سەدام، کە لە بەشی شازدەدا باسی دەکەم، وێنەیەکی تر پێشان دەدات. لە پێچێکی گاڵتەجاڕییانەی مێژوودا، سەدام کە ئۆتۆنۆمیی کوردی دا و دواتر بە شێوەیەکی دڕندانە لێی پاشگەز بووەوە، بە هەمان شێوەی دڵڕەقانە ڕووبەڕووی مردن بووەوە: کە مردن بوو لە ڕێگەی لەداردان لە کۆتاییی ٢٠٠٦دا، سەبارەت بە عێراقیش، نائامادەیی پیاوێک، کە بەدەستی هێنا و دواتر لەدەستی دا، ڕێگەیەکی ڕیشەیی گرتە بەر. کورد دەبوو ڕۆڵێکی تەوەرەیی لەو پرۆسەیەدا بگێڕن.

پەراوێز:

1. Miroslav Hroch, Social Preconditions of National Revival in Europe: A Comparative Analysis of the Social Composition of Patriotic Groups Among the Smaller European Nations (New York: Columbia University Press, 2000), pp. 22–23. 2. Wall Street Journal (online edition), 6 January 2000; Kurdistan TV International (Salah al-Din), 19 February 2000, cited in BBC; Al-Sharq al-Awsat (London, daily), 5 May 2000.
3. Stafford Clarry, "Iraqi Kurdistan: The Humanitarian Program," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G. MacDonald and Carole A. O'Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p.153.
4. Al-Mushahid al-Siyasi (London, weekly), 10 December 2000.
5. Al-Sharq al-Awsat, 5 May 2000.
6. Al-Sharq al-Awsat, 21 May 1998.
7. Al-Sharq al-Awsat, 4 January 1998.
8. Al-Sharq al-Awsat, 12 June 1998; Agence France Press, 20 July 1998, cited in Daily Report.
9. Al-Sharq al-Awsat, 8 February; Financial Times (London, daily), 23 February 1998; Islam-

ic Republic News Agency 3 April 1998, cited in Daily Report; Al-Wasat (London, weekly), 6 April 1998.

10. Al-Wasat (London, weekly), 1 November 1999. The source of this report was a noted Kurdish analyst, Chris Kutschera, so in all likelihood the information is credible. By the end of the year, the sum granted to the PUK reached 110 million dinars. Khebat, 1, 3 December 1999, cited in BBC, 9 December 1999.
11. Two years later, however, Ansar al-Islam caused an explosion at KRG ‘id aladha festivities that caused the death of more than 100 people, including that of Sami ‘Abd al-Rahman and his son. Quil Lawrence, Invisible Nation: How the Kurds’ Quest for Statehood Is Shaping Iraq and the Middle East (New York: Walker; distributed by Macmillan, 2008), pp. 237–238.
12. Al-Wasat, 1 November 1999.
13. Ibid.
14. One observer opined that the "the managed division of Kurdistan" had its positive sides. Gareth Stansfield, "Governing Kurdistan: The Strengths of Division," in The Future of Kurdistan in Iraq, eds. Brendan O’Leary, John McGarry, and Khaled Salih (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2005), p. 214.
15. Al-‘Iraq (Baghdad, daily), 2 February 2000.
16. Al-Wasat, 1 November 1999; Denize Natali, The Kurdish Quasi-State (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2010), p. 99.
17. Muhammad Kirmanj, an ardent anti-Islamist, told me that he forbade his wife to wear the scarf. Muhammad Kirmanj, KDP activist, interviewed by the author, Erbil, 30
April 2009.
18. Gareth R. V. Stansfield, "Finding a Dangerous Equilibrium: Internal Politics in Iraqi Kurdistan: Parties, Tribes and Ethnicity Reconsidered," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 267.
19. In 2001, the two parties cooperated to combat the "jund al-Islam" grouping. Wahram Betrosian, Siyasat Turkiyya Tujah Kurdistan al-‘Iraq wa Amerika (Duhok: Duhok University, 2008), p. 24.
20. Kurdistan satellite TV, 10 March 2000, cited in BBC. The group denied the authenticity of the confession. Kurdistan satellite TV, 31 August 2000, cited in BBC.
21. The PKK also was said to have attacked an Islamist group, the IslamicMujadidin Movement, and to have killed thirty of its members. Anatolia News Agency, 21 September 2000, cited in BBC.
22. Lawrence, Invisible Nation, pp. 237 238.
23. In 2002 Barham Salih, head of the PUK government, declared that Kurdistan would become "a beacon of democracy" in the region. Kevin McKiernan, The Kurds: A People in Search of Their Homeland (New York: St. Martin’s Press), 2006, p. 178. 24. In May 2007, a signature-collecting campaign was initiated in support of the secularization of the constitution of the KRG. Kurdish Globe, 9 May 2007.
25. Faleh A. Jabar, "Arab Nationalism Versus Kurdish Nationalism: Reflections on Structural Parallels and Discontinuities," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar

and Hosham Dawod (London: Saqi, 2006), p. 303.

26. Hussein Tahiri, The Structure of Kurdish Society and the Struggle for a Kurdish State (Costa Mesa, CA: Mazda, 2007), p. 344.

27. Hamit Bozarslan, "TribalAsabiyya and Kurdish Politics:ASocio-historical Perspective," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), pp. 133, 137.

28. Ibid., p. 136.

29. Raja’i Fayed, Tahawwulat al-Shakhsiyya al-Kurdiyya nahwa al-Hadatha (Duhok: Markaz al-Dirasat al-Kurdiyya wa Hifz al-Watha’iq, 2008), pp. 30, 43, 122.

30. Martha L. Cottam and RichardW. Cottam, Nationalism and Politics: The Political Behavior of Nation States (Boulder: Lynne Rienner, 2001), pp. 17, 195, 197. Quoted by Carole A. O’Leary, in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status, eds. Charles G.MacDonald and CaroleA. O’Leary (Gainesville: University Press of Florida, 2007), p. 172.

31. Stansfield, "Finding a Dangerous Equilibrium," pp. 264–265.

32. Denise Natali, he Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran (Syracuse: Syracuse University Press, 2005), p. 55.

33. Henry D. Astarjian, The Struggle for Kirkuk (Westport, CT: Praeger Security International, 2007), p. 78.

34. An unpublished essay by Sherko Kirmanj that compared the position of the political leaderships with that of intellectuals regarding independence showed that while the politicians had an ambivalent attitude toward independence, the intellectuals were out and out for it {AU: what does "were out and out for it" mean?? "all for it" meant?}.

35. Stansfield, "Finding a Dangerous Equilibrium," p. 265.

36. For a thorough discussion of the development and functioning of these bodies, see Gareth R. V. Stansfield, Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy (New York: Routledge Curzon, 2003).

37. Hürriyet, 15 April, 9 May 1999, cited in Daily Report; Al-Khalij, 26 August 1999.

38. Kurdistan Regional Government, "Flag and National Anthem," www.krg.org.

39. Al-Hayat, 14 May 2006.

40. Joost R. Hiltermann, "Halabja: The Politics of Memory," Open Democracy, 14 March 2008, www.opendemocracy.net.

41. In 2006 the minister was a woman, Janar Sa‘d ‘Abdullah.

42. Kurdish scholar Sherko Kirmanj, personal communication with the author, 30 October 2010.

43. Kurdish Globe, "Anfal Campaign Receives National Day of Remembrance," 18 April 2007, www.kurdishglobe.net.

44. Kurdish Globe, "Baghdad Recognizes Anfal as Genocide," 16 April 2008, www.kurdishglobe.net.

45. BBC News, 17 March 2002.

46. Institut Kurde de Paris, www.institute.org/en/kurdorama.{AU—Please provide article title; URL does not seem to match text discussion}

47. Affinity Group on Documents and Confronting the Past Kurdistan Conference, 3–8 May 2006, pp. 3–4.
48. BBC News, "Kurdish Clash at Halabja Memorial," http://newsvote.bbc.co.uk. 49. www.kurdsat.tv/E_Direje.aspx?CoriWene=5&Cor=Aburi&Jimare=43. {AU: need article title; not clear what you are referring to at this URL}
50. Hilterman, "Halabja," p. 226.
51. Affinity Group on Documents and Confronting the Past Kurdistan Conference, pp. 3–4.
52. I was shown this room during a visit to the museum in May 2009.
53. Khalid Sulayman, al-Hiwar al-Mutamddin, 13 August 2005.
54. KurdishMedia.com 2004, www.wadinet.de/news/iraq/newsarticle.php?id=569. {AU: again, need article title; this URL includes to several articles}
55. Al-Ahali (Cairo, weekly), 7 June 2006.
56. BBC, "Kurdish President Barzani Interviewed on Kurdish, Iraqi Issues," 9 January 2006, www.krg.org.
57. Al-Sharq al-Awsat (London, daily), 1, 6 June 2006.
58. One of these few was Fawwaz Trabulsi who wrote aboutAnfal in 1989. Fawwaz Trabulsi, "On Being Silent: A Response to Kanan Makiya," Middle East Report, nos. 187 188 (1994): 61–63.
59. Khalid Sulayman, al-Hiwar al-Mutamddin, 13 August 2005.
60. Sa‘d al-Din Ibrahim, Al-Milal wal-Nihal wal-A‘raq: Humum al-Aqalliyyat fi al- Watan al‘Arabi (Cairo: Markaz Ibn Khaldun, 1994), p. 236.
61. Kanan Makiya, Cruelty and Silence: War, Tyranny, Uprising, and the Arab World. London: Penguin Books, 1993), p. 201.
62. Fawwaz Trabulsi, "On Being Silent," pp. 61–63; Edward Said, "Misinformation About Iraq," 28 November 2002, www.aliraqi.org/forums/showthread.php?t=15324.
63. Al-Hayat, 14 May 2006. Another serious accusation on the role of Arab intellectuals appeared earlier in the Egyptian periodical, Akhbar al-Adab, 24 November 2004. Ironically, Kuwait accused the media of fabricating lies to discredit Iraq; little did it know that it would be the next victim. Kuwaiti accusations are quoted in David Romano, The Kurdish NationalistMovement: Opportunity,Mobilization and Identity (Cambridge, UK: Cambridge University Press, 2008) p. 202.
64. Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan 1918–1985 (San Francisco: Mellen Research University Press, 1992), pp. 144–147.
65. Article 3 of the constitution provides that "Arabic is the official language, and together with it is the Kurdish language in the Kurdistan Region (iqlim)." Al-Mustaqbal al-‘Arabi (Beirut, monthly), September 2005, no. 319.
66. Natali, The Kurdish Quasi-State, p. 91.
67. University professorAhmedAlavde, interviewed by the author, 3 October 2010.
68. Kurdistan Regional Government,Ministry of Education 2008, 4th ed. (Lebanon: Al-Mustaqbal Press). I am indebted to Sherko Kirmanj for providing information on the textbooks.
69. Ibid., pp. 3–8, 53–89, 90–99, 100–113, 126, 176–183.

70. Kurdish Globe, "Anfal Campaign Receives National Day of Remembrance," 18 April 2007, www.kurdishglobe.net. Arguments on the Kurds' historical antiquity and historical rights can be also found in Mas'ud Barzani, Al-Barzani wal-Haraka al-Kurdiyya al-Taharruriyya, vol. 3 (Erbil, 2002), pp. 522–523.

71. Maria O'Shea, "Tying Down the Territory: Conceptions and Misconceptions of Early Kurdish History" in Faleh, pp. 113, 125.

72. See interview with the Kurdish poet Khalat Ahmad, 25 December 2005, www.alarab.co.uk. Ahmad said that although Arabic literary works were being translated into Kurdish, but there was little interest among Arabs in publishing or translating Kurdish works. From Victims to Victors 293 73. Al-Hayat, 21 March 2006.

74. Denise Natali, The Kurds and the State, p. 55.

75. www.archaeology.org/0607/abstracts/letter.html. {AU: this URL is no longer viable; provide a new source}

76. Radio Free Europe/Radio Liberty, "Iraq: Irbil's Kurds Live on a Hill of Undiscovered Treasures," 13 December 2005, www.rferl.org.

77. Kurdish Globe, "Erbil Eyes Archaeological Tourism," 25 November 2009, www.kurdishglobe.net.

78. Ibid.

79. Aswat al-Iraq, 3March 2008, http://en.aswataliraq.info/?p=71650. {AU: provide website name in English and article title, as there are many at this URL}

80. Corruption was the main factor militating against the solidarity between the Kurds and their leadership. Anonymous Kurdish intellectual, interviewed by the author, 1 July 2007.

81. Michael Leezenberg, however, belittled the importance of such organizations saying that "there have been various protest movements and organizations . . . but they faced an unequal battle." Michael Leezenberg, "Urbanization, Privatization, and Patronage: The Political Economy of Kurdistan," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 168.

82. Al-Ahali, 10 June 2004.

83. The head of the Kurdish government, Nechirvan Barzani, emphasized that democracy reigned in Iraqi Kurdistan one aspect of which was freedom of expression. He further emphasized that he himself was severely criticized in the Kurdish media. Al- Sharq al-Awsat, 1 June 2006.

84. BBC News, "Kurdish Clash at Halabja Memorial," 16 March 2006, http://news .bbc.co.uk.

85. Al-Ittihad (Baghdad, weekly), 15 August 2005; Al-Zaman (London, daily), 21 August 2006.

86. Al-Ittihad, 15 August 2005.

87. "Country of Origin Information Iraq," Report of the United Nations High Commissioner for Refugees (October 2005), p. 75.

88. Al-Watan al-'Arabi (Paris, weekly), 30 December 2005.

89. Interestingly, IraqiArabs who found refuge in Kurdistan began to learn Kurdish. Sometimes the language for communication was English. Al-Watan al-'Arabi, 11 April 2007.

90. The Kurdish Ministry of Culture alone publishes sixteen periodicals. Al-Hayat (London, daily), 12 March 2006.
91. Kevin, p. 178.
92. KurdishMedia, 27 March, 4 April 2006; 6 January, 8 February 2007; www .kurdmedia.com.
93. For example, Hawlati, http://83.169.12.202/English.aspx.{This URL is dead; provide new source}
94. Ofra Bengio, "Women in Iraq Between Tradition and Revolution," in Women in the Middle East: Tradition and Change, ed. Ofra Bengio (in Hebrew) (Tel-Aviv: Moshe Dayan Center of Middle Eastern and African Studies, 2004), p. 100.
95. Khebat (online edition), 14 January 2000, cited in BBC.
96. Kevin, p. 178.
97. Kurdistani Nuwe (Sulaymaniyya, Internet version), 15 November 2000, cited in BBC.
98. Lawrence, Invisible Nation, p. 82.
99. KurdishMedia, "Bloodline Instead of Merit: The Talabanis," 7 January 2007, www.kurdmedia.com. 100. www.akhbaar.org/wesima_articles/index-20100614-91811.html {AU: many articles at this URL, provide specific title}. A PUK member told me that in fact she had rigged the elections. Interviewed by the author on codition of anonymity.
101. Nazand Bagikhani, "Kurdish Women and National Identity," 11 August 2003, www.kurdmedia.com.
102. Al-Hayat, 5 November 2000. There also is a statue of a woman in a Duhok square.
103. Nazand Bagikhani, "KurdishWomen and National Identity."
104. Hawlati, 31March 2010, http://83.169.12.202/English.aspx. {This URLis dead; provide new source}
105. Al-Ta'akhi (Baghdad, daily), 3 May 2007; Iraqi Crisis Report, "Glass Ceiling for Female Kurdish Politicians," no. 334, 29 April 2010, http://iwpr.net.
106. Nazand Bagikhani, "KurdishWomen and National Identity."
107. The memorandum appeared in ‘Abd al-Razzaq al-Hasani, Ta'rikh al-Wizarat al- ‘Iraqiyya, part 3 (Sidon, Lebanon: Al-‘Urfan Press, 1939), pp. 189–195.
108. Al-Thawra, 23 February, 22 March 1979. The image of Iraq as a "ship for everyone," and for which all must take responsibility, has become a common image in post- Saddam Iraq. See Aljazeera, 19 January 2006, on the program "ma wara' al-khabar."
109. Iraqi News Agency, 12 July 1982, cited in BBC, 14 July 1982.
110. AndreasWimmer, Nationalist Exclusion and Ethnic Conflict (Cambridge: Cambridge University Press, 2002), p. 194.

## ١٦

## هەنگاوی مەزن بەرەو پێشەوە

## لە عێراقی دوای سەدام

ئەو حەوت ساڵەی لە دوای ڕووخانی ڕژێم لە بەهاری ٢٠٠٣ەوە هات، دەکرێت بە "حەوت ساڵی باش" بۆ کورد ناو ببرێت، کە تێیدا کورد توانییان هەڵبدەنە ناو تەختەی شانۆی سیاسەتی عێراقی و لە هەمان کاتیش، بە شێوەیەکی زیتەڵانە توانییان پێکهاتەی خۆیان بنیات بنێن. شکانی دەوڵەتی بەعس گەشانەوەیەکی تەواوی بە بنیاتنانی نیشتمانی کوردی دا. لە هەمان کات شکانی دەوڵەتی بەعس، بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق، ئەو دەرفەتەی بە کورد دا، کە ڕۆڵێکی گرینگ لە بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقدا بگێڕن. بەم جۆرە کورد لە ٢٠٠٣ەوە لە دوو پرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەتدا بەشدارن، ئەوەی خۆیان و ئەوەی عێراق. هەرچەندە وا دیارە لێکدژییەک لە نێوان ئەو ڕۆڵەی لە مەرکەز هەیانە و ئەو ڕۆڵەش، کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کەچی کورد سەرکەوتوو بوونە لە دۆزینەوەی شێوازێکی زیرەک بۆ لە یەک کات کارکردن لە هەردوو گۆڕەپاندا، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیان زیان بۆ ئەوی تریان بگەیەنێ.

### ڕۆڵی دووانەی کورد لە بنیاتنانی دەوڵەتدا

ئەگەر بە گشتی قسە بکەین، کورد لە حکوومەتی ناوەندیدا سەرکەوتووتر بوونە لە پرۆژەی بنیاتنان. لە بەر یەک شت، پرۆسەی ئاشتیی نێوان دوو پارتەکە، کە لەوەتەی نەوەتەکانەوە خەریکی بوون، لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕی عێراق لە ٢٠٠٣ یەکگرتووییەکی گەورەتری بە ڕیزەکانی ئەوان دا. دوا بەدوای ئەمە، ئەوە بناخەی کاری لە سەردەمی عێراقدا دانا، لەو کاتەی، کە هەرێمی کوردستان بووبووە

جێگیرترین و بێ شەڕوشۆڕترین ناوچە لە وڵاتەکەدا. بەم جۆرە، لە کاتێکدا حکوومەتی ناوەندی لە سفرەوە دەستی بە بنیاتنانی دەوڵەتێک کرد، کورد پێشتر نێزیکەی دە ساڵ بوو دەستیان کردبوو بە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان، کە ئەمەش کەڵکێکی گرینگی بەوان گەیاند. لە کاتێکدا شەڕی عێراق ململانێی سوننە و شیعەی بەرپا کرد تا ئەو ڕادەیەی گەیشتە شەڕی ناوخۆ، لە هەرێمی کوردستان شەڕی ناوخۆ وەک هۆکارێک بۆ یەکگرتوویی نێوان کورد کاری دەکرد. توانای کورد لە زاڵبوون بەسەر جیاوازییەکانی نێوان سوننە و شیعە تا ڕادەیەکی زۆر پارێزگاریی لە کورد کرد لەو هێرشە تیرۆریستانییەی بەشی عەرەبیی وڵاتەکەی دەهەژاند. بە هەمان شێوە، جیاواز لە ڕابردوو کاتێک حکوومەتە عێراقییەکان بۆ لاوازکردنی کورد، سیاسەتی دابەشکردن ئینجا فەرمانڕەواییان بەکار دەهێنا، دوای شەڕ ئەم جۆرە تاکتیکانە بێ سوود بوون چونکە کورد بەرەیەکی یەکگرتوویان لە بەرامبەر ناوەنددا پێشان دەدا، کە ناوەند خۆی لە هەندێ کات لە لێواری هەرەسدا بوو. کورد، کە لە ڕووی سەربازییەوە لە هەموویان ڕێکخراوتر و لە ڕووی ئابوورییەوەش بەهێزتر بوون، گرانیی خۆیان بۆ دروستکردنی عێراقی دوای سەدام زیاد کرد.

لەوەتەی ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە نوێنەرایەتیی کورد لە واشنتۆن بووە هۆی ئەوەی سەرکردایەتیی کورد لەپێش یاریکەرە عێراقییەکانی تر پێوەندی لەگەڵ ئەمەریکادا دەست پێ بکات. سەرەڕای ئەوەش، کورد لە شەڕی دژ بە عێراق خۆیان کرد بە بەشێکی پێویست بۆ هاوپەیمانیی ئەمەریکا. بڕیاری تورکیا لە ڕێ نەدان بە هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکورەوە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق وای کرد کورد بە شیاوییەوە ئەو بەرەیە بەکار بهێنن. کورد ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا لە هەوڵەکانی شەڕی ئەمەریکا لە باکور و لە کۆتاییشدا، لە ڕووخاندنی بەعس. ئەم هاریکارییە گرینگە کوردی کرد بە هاوپەیمانێکی جێ متمانەی ئەمەریکا. سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکان لە پێوەندیی نێوان هەردوولادا، ئەو هاوسەرکارییەی، کە بەرژەوەندی کۆی کردبوونەوە لە نێوان کورد و ئەمەریکادا بەردەوام بوو. نەک هەر پێویستی بەوە نەکرد ئەمەریکا هێزەکانی ڕەوانە بکات بۆ هێشتنەوەی ئاسایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بگرە پێشمەرگە یارمەتیی سەربازانی ئەمەریکاشیان دا لە

شەڕ لەگەڵ یاخییان لە بەشەکانی تری عێراقدا. کورد، جیاواز لە هاوبەشە سوننی و شیعەکانی ئەمەریکا لە بەغدا، بە توندی کشانەوەی سەربازانی ئەمەریکایان لە عێراق ڕەت دەکردەوە. جەلال تاڵەبانی بە بەردەوامی وریاداریی دەدا لە زوو کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هەروەک سەرۆک سوپای عێراقیش، بابەکر زێباری، داوای لە هێزەیلی ئەمەریکا کرد تا ٢٠٢٠ بمێننەوە،[1] بە گشتی هەروەک قوباد تاڵەبانی، نوێنەرێکی کورد لە واشنتۆن، جەختی کردەوە، کورد وەک ڕزگارکەر تەماشای ئەمەریکا دەکەن نەک وەک داگیرکەر؛ بەمەش، ئەمە هەڵوێستی دۆستانەی توندوتۆڵی کورد بوو لە بەرامبەر ئەمەریکادا.

تا ڕادەیەک بەهێزیی بژاردەی کورد هۆکارێکی تری گرینگە لەوەی ئەوان لە سوننە و شیعە جیا دەکاتەوە. بەم جۆرە، بە پێچەوانەی ئەو درزانەی لە نێوان بژاردەی سوننەی کۆن و شیعەی تازەدا هەبوون، کورد توانییان تا ڕادەیەکی باش ئەو بەردەوامییەی لە پێشوودا هەیانبوو، بیپارێزن. ئەم بەردەوامییە مێژووییە بەدەست هات، سەرەڕای زنجیرەیەک ڕووداو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، کە تێیدا سەرکردایەتیی کوردی یان ئەندامانی ڕیزەکانی کۆمەڵگە لەماڵەکانیان وەدەر نران و ڕاپێچی هەندەران کران. بژاردەیەک، کە زۆر بەرجەستەی ئەم بەردەوامییە دەکات بریتی بوو لە خێڵی بارزانی، کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە، هەر لە سەرەوەی سەرکردایەتی بگرە تا نەوە لە دوای نەوە دووچاری وەدەرنران بوون. بارزانییەکان توانییان هەموو تەنگژەیەک چارەسەر بکەن لە کاتێکدا پارێزگاریشیان لە ڕۆڵی سەرکردایەتیبوونی خۆیان دەکرد، ئەگەر بەسەر هەموو کوردیشەوە نەبێت بە لایەنی کەمەوە بەسەر بەشێکی دانیشتوانەوە. ئەم بەردەوامبوونە دەکرێت، لەناو شتەیلی تردا، بگەڕێنرێتەوە بۆ کەسایەتی و کاریزمای مەلا مستەفا بارزانی و یەکگرتوویی خێڵی بارزانی. ئەمە وای لە بارزانییەکان کرد تا لێواری سەرکردایەتی کێبەرکێ لەگەڵ عەشیرەتەکانی تردا بکەن یان هاوپەیمانییان لەگەڵدا پێک بهێنن، بەمەش دەسەڵات بگرنەوە دەست. شایەنی ئاماژە پێکردنە، هەرچەندە بژاردەی تاڵەبانی لە هەندێک کاتدا تەواو بەهێز بوونە، بەڵام لە بژاردەی بارزانی کەمتر یەکگرتوو بوونە.

ئەو ڕاستییەی، کە بژاردەی کورد، جیاواز لە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی تر، لەسەر

خاکی کوردستاندا بە جێگری مانەوە، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی ترەوە ئەزموونی دە ساڵەیان لە حوکمی زاتی و ئەو یەکگرتووییەش، کە لە دوای شەڕی عێراق پێشانیان دا، کەڵکێکی گەورەی بە بژاردەی کورد گەیاند لەسەر حیسێبی بژاردەکانی عێراق، کە لە دوای شەڕدا دەرکەوتن. نموونەیەک لەو یەکگرتووییە ئەوە بوو بەر لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، بڕیار درا لایەنە کوردییەکان بە هاوبەشی بە یەک لیست بۆ هەڵبژاردن دابەزن. ئەم لیستە هەردوو پارتەکەی فەرمانڕەوا و لایەنەکانی تریشی لەخۆ دەگرت بەبێ لایەنە ئیسلامییە توندڕۆکان. ئەم کەڵکانە، کە بۆ سوودی کۆمەڵگەی کوردی بوون، لە ئەزموونە تاڵەکانی بژاردەی کوردییەوە سەرچاوەی دەگرت کاتێ بە ئەزموونی شیعە و سوننەکانەوە بەراورد دەکرێت. سەرکردایەتیی کورد نەک هەر لە نەهێشتن و خافڵکوژییەوە پارێزراو بوون، بگرە لە کۆتاییی نەوەتەکانەوە هاریکاریی نێوان لایەنە شەڕکەرەکان تا ڕادەی یەکریزییەکی مانادار بەپێش کەوت. ڕاستی، لەیەک نێزیکبوونەوەکە گەیشتە ئەو ڕادەیەی، کە پارتی و یەکێتی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تەمووزی ٢٠٠٩ لیستێکی هاوبەشیان پێک هێنا. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەکییان بریتی بوو لە لیستی گۆڕان بە سەرۆکایەتیی نەوشیروان مستەفا، کە ئەندامی بژاردەی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. ئەمە دیسان ئەو بەردەوامییەتییە پێشان دەدات، کە بژاردەی کوردی لە بژاردەکانی شیعە و سوننە جیا دەکاتەوە.

کەڵکێکی تری گرینگ بریتییە لەوەی ڕێ بە کورد درا هێزی خۆیان، پێشمەرگە، بهێڵنەوە، کە دوای شەڕی ٢٠٠٣ لە چەند شەڕێکی بچووکیشدا پێوەندیی بە هێزەکانی هاوپەیمانانەوە کرد، وەک شەڕەکانی گرتنی فەلووجە، کە ناوەندی بەرهەڵستیی سوننە بوو، لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٤، بە هەمان شێوە، کاتێک پۆلیسی عێراق و یەکەکانی پاسەوانی نیشتمانی لە شاری مووسڵ لە بەرامبەر یاخییانی شارەکە لە کۆتاییی ٢٠٠٤ هەرەسیان هێنا، بەتالیۆنەکانی پێشمەرگەی کورد شان بەشانی یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکا ڕابەرایەتیی هێرشەکانیان دەکرد دژ بە یاخییانیان. ئەم پاڵپشتییە ئەو پاساوەی دا بە دەستەوە کە کورد

هەڵوەشاندنەوەی پێشمەرگە ڕەت بکەنەوە، کە بەشێک بوو لە پلانی هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان لە عێراق.

کاتێک بەشە عەرەبنشینەکانی عێراق بەژێر تەنگژەیەکی پێناسی سەختدا تێ پەڕین، کە وای کرد ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان دوو ڕکابەرە سەرەکییە سوننە و شیعە زەحمەت بێت، هەرێمی کوردستان وێنەیەکی جیاوازی پێشان دەدا. خاسیەتەکانی ئەو وێنەیە بریتی بوون لەمانە: هەبوونی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی، هەبوونی توانای هەنگاونان وەک نێوانگر لە نێوان شیعە و سوننە لە هەندێک جاردا، هەبوونی ئەو ڕۆڵە گرینگەی، کە لە حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا دەیگێڕا، لە هەمووشی گرینگتر، دروستکردنی پێناسێکی نەتەوەیی کوردی، لەگەڵ سیمبولەکانی سەربەخۆیی، کە هەرێمی کوردستانی لە هەرێمی عەرەبنشینی عێراق جیا دەکردەوە. جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی عێراق لە ٢٠٠٥ەوە، ئەوەی ڕوون کردەوە، کە چەند ساڵێکە کورد ماف و ئازادیی سیاسیی خۆیان هەیە، کە کوردستانی عێراقی کردووە بە مۆدێلێک بۆ تەواوی وڵاتەکە،[٢] مەسعوود بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٥ەوە، لە لایەن خۆیەوە ڕای گەیاند "سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستان بە هۆی کولتووری پێکەوەژیان و پەسندکردنی ئاشتەوایی نیشتمانییە لە هەرێمەکەدا."[٣] بە دڵنیاییەوە، گفتوگۆیەکانی ئاشتەوایی نێوان یەکێتی و پارتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. هەرچەندە، ئەم ئاشتەواییە خۆی بۆ خۆی بەس نەبوو بۆ کورد ئەگەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی ڕەخنەی جەماوەریی پێ نەگەیشتایە و یەکگرتوو نەبوایە، کە دواتر وای لێ کردن بارودۆخی عێراق لە کەڵکی خۆیان بەکار بهێنن و ئامانجەکانی خۆیان بەدەست بێنن. بە مانایەکی تر، پاڵەپەستۆی خوارەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پرۆسەی ئاشتەوایی و لە پرۆژەی بنیاتنانی نیشتمانی کوردیدا.

لە کاتێکدا شەڕی کەنداوی ١٩٩١ کوردی لە ناوەند جیا کردەوە، شەڕی عێراقی ٢٠٠٣، کوردستانی لە ناوەند نێزیک کردەوە بەمەش بوون بە یاریکەرێکی گرینگ لە دووبارە شێوەدان بە عێراقی دوای سەدام. لە یەکێک لە دیمانەکانیدا، مەسعوود بارزانی ڕای گەیاند "دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، ئێمەی کورد پارێزگاریمان لە

یەکەتیی عێراق کرد و تا ئەمڕۆش ئێمە هۆکاری سەرەکین بۆ مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی."[٤] وەک ڕاستییەکیش، هەرەسی ناوەندی سوننە لە بەغدا بووە هۆی بەهێزبوونێکی لەشێوەنەبووی لایەنە پەراوێزخراوەکان: ئەو لایەنانەی، کە لە لاپەڕی هەرێمەکانەوە نیشتەجێ بوون لەسەر حیسێبی حکوومەتی ناوەندی پێگەی خۆیان بەهێز کردەوە و هێزە سیاسییە پەراوێزبووەکان بەرەو بەغدا ڕۆیشتن تا ببن بە بەشێک لە بژاردەی نوێی سیاسی. کورد نموونەی یەکەمی ئەو گۆڕانکارییە بوون. ئەو لێکدژییە سیستەم ئامێزەی نێوان هەرەسی سوننی و سەرکەوتنی لایەنە پەراوێزخراوەکان، لە لایەکەوە بووە هۆی هەوڵی بێ وچانی سوننی بۆ گەڕاندنەوەی دۆخی سوننەکانی پێشووی ناوەند، لە لایەکی تریش بووە هۆی بەهێزبوونی ئۆتۆنۆمیی پەراوێزخراوەکان. ڕاستی، لاوازیی ناوەندی تازە، سەرەڕای پشتیوانیی ئەمەریکا، زیاتر بەشداریی لە بەهێزکردنی لایەنە پەراوێزخراوەکاندا کرد.

تێشکانی ڕێژیمی بەعس گۆڕانێکی ڕیشەییی تریشی لە دروستکردنی حکوومەت لە بەغدا هێنایە ئاراوە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا، دوو بەشی بێبەشکراوی کۆمەڵگە، کورد و شیعە، بە یەکەوە هاوپەیمانییەکیان پێک هێنا، کە بۆ سێ حکوومەتی یەک لەسەر یەک مایەوە. ئەو هاوپەیمانییە ئاماژە بوو بۆ پشتبەستانی کورد و شیعە بە یەکتری و دەرکردنی عەرەبە سوننە لە ڕۆڵی تەوەرییان لە دەوڵەت و ڕۆڵی تازەی کوردیش وەک هێزێکی هاوسەنگەر لە نێوان شیعە و سوننە. ددان پێدانانی کورد بە عیلمانییەت وای لێ کردن لە سەرووی شەڕی مەزهەبیی نێوان و شیعە و سوننەوە بوەستن، لە هەندێ کاتیش ڕۆڵی نێوانگر بگێڕن. لە ڕاستیدا، کورد شیاوانە گرژیی نێوان شیعە و سوننەیان بەکار هێنا بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە حکوومەتی ناوەندی و لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.

ڕۆڵی پێشڕەوانەی کورد لە حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا لە چەند بوارێکەوە دەردەکەوێت: بەشداریی بە پەرۆشانە لە دانانی دەستووری نوێدا، ڕۆڵی چالاکانە لە پێکهێنانەوەی حکوومەتدا، ڕۆڵی نێوانگری لە نێوان لایەنە ڕکابەرەکاندا لە بەغدا، پڕکردنەوەی پۆستە سەرەکییەکانیش لە ناوەندی دەسەڵاتی عێراق. پێوەری

دانوستاندنی کورد پێشوەختە لە دەستووری کاتیی ئاداری ٢٠٠٤دا دەرکەوت لە سەردەمی ئەنجوومەنی ئیدارەی کاتیدا. یاسایەکە دەسەڵاتێکی ڤیتۆی بۆ دەستووری هەمیشەیی بە کورد دا لەبەرئەوەی مادەی ٦١ تێیدا هاتبوو، کە دەستووری هەمیشەیی "پەسند دەکرێت ئەگەر دوو لە سێی دەنگدەرانی عێراق قەبووڵی بکەن و ئەگەر دوو لە سێی دەنگدەران لە سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتیان نەکردەوە."[٥] بڕیندەن ئۆلێری، ئەم یاسایە بەوە لێک دەداتەوە، کە مافی ڤیتۆ بە کورد دەدا بەرامبەر سروشتی یەکەتیی داهاتوو. بە هەمان شێوە یاسایەکە شان بەشانی زمانی عەرەبی ددانی بە زمانی کوردیشدا نا. هەرچەندە ئەم مافە پێشتر لە ئاداری ١٩٧٠ لە لایەن بەعسەوە بە کورد درابوو، بەڵام هەموو کەسێک لە عێراق بەو بڕیارە دڵخۆش نەبوو. ڕەخنەگرێکم گوتی: "لەسەر چ بنەمایەک پەرلەمانتاران ڕێک کەوتوون کاتێک زمانی کوردییان هێناوەتە ئاستی زمانی عەرەبی؟ دانیشتوانی عێراق لە کۆمەڵگە و پێکهاتە جیا جیاکانەوە لەوەتەی بەرەبەیانی ئیسلامەوە هەر بە زمانی عەرەبی قسەیان کردووە؟"[٦]

سەبارەت بە دەستووری هەمیشەیی، کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ پەسند کرا، گرینگترین ئەو کێشانەی، کە کورد توانییان دەسڕۆیینێکی بەهێزیان بەسەریدا هەبێت بریتی بوون لە پێکهێنانی عێراق، دانانی مادە مشتومڕئامێزی ١٤٠، کە داوای ڕاپرسییەکی دەکرد لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، لە هەموویان سەرەکیتر کەرکووک، هەروەها کەمکردنەوەی سروشتی ئیسلامیبوونی دەوڵەتەکە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ئەوەی ئیسلام یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسای وڵات،[٧] لێرەوە کێشەی سەرەکی دروست دەبێت چونکە ئەم کێشانە وەک بڕبڕەی سەرەکیی کێشەکانی نێوان کورد و لایەنەکانی تر لە حکوومەت مایەوە.

بە پەسندکردنی فیدرالیزم لە ڕاستیدا دەستوور بووە ڕێگر لە بەردەم چەمکی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، کە بناخەی دامەزراندنی عێراقی هاوچەرخ بوو،[٨] کەمێک جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە دواتر سوننە بیرۆکەی یەکەتییەکەیان ڕەت کردەوە، ڕازی بوون لە دەنگدانی دەستووردا بەشداری بکەن بەو مەرجەی ئەم مەسەلەیە لەلایەن پەرلەمانەوە چاوی پێدا بێتەوە، کە بڕیار بوو دوای هەڵبژاردنەکان

دابنیشێت. لەم سیاقەوە، جێگەی سەرسوڕمانە ئەوە بڵێین، کە سوننە هەستیان بە ئارامی دەکرد ئەگەر بیرۆکەی یەکەتیی نێوان کوردستان و تەواوی بەشەکانی تری وڵات قەبووڵ بکرێت لە کاتێکدا بە تەواوی ئەو ئەگەرەیان ڕەت دەکردەوە، کە ئەو ڕێکخستنە لەسەر تەواوی هەرێمی شیعە یان هەر بەشێکی ئەو هەرێمەدا جێبەجێ بکرێت.

کورد توانای خۆیان لە ناوبژیی لایەنە ڕکابەرەکانی عێراقدا سەلماندووە. کاتێک جیاوازیی بیروڕا لەبارەی دەستوور یان دروستکردنی حکوومەت یان هەڵبژاردنەوە ڕووی دەدا، ئەوە کورد بوون گرانیی خۆیان بەکار دەهێنا بۆ چارەسەرکردنی مشتومڕەکان. بۆ نموونە، دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥، سەرکردە شیعی و سوننییەکان هاتنە هەرێمی کوردستان بۆ سازدانی گفتوگۆ لەبارەی حکوومەتی داهاتووەوە،[٩] هەمان سیناریۆ لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ دووبارە بووەوە،[١٠] لە شانازیکردن بەو ڕۆڵە، بارزانی ڕای گەیاند "ئێمە ڕۆڵێکی سەرەکیمان هەیە لە دانوستاندنەکانی نێوان شیعە و سوننەدا." لە لایەن خۆیەوە تاڵەبانی ڕای گەیاند، "کورد ڕۆڵێکی نیشتمانیی ڕاستەقینە جێبەجێ دەکەن لە پێناو هێشتنەوەی یەکەتیی دەوڵەت وەک عێراقێکی دیموکرات و فرە لایەن و یەکگرتوو، هەروەها بەرەو جیابوونەوە هەنگاو نانێن، هەروەک چۆن دوای ڕووخانی ڕێژیم ئەو بانگەشەیە دەکرا."[١١]

ئامانج و ئاراستە ڕوونەکانی کورد باڵادەستیی هاتن و چوون و شارەزاییی دانوستاندنی بە کورد دا لەو کاتە گرینگەی، کە دەسەڵات لە عێراق دابەش دەکرا. بەم جۆرە، بژاردەی کورد توانییان جێ پێیەکی تۆکمە لەناو بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقدا مسۆگەر بکەن. بەڵگە بۆ ئەو گۆڕانەی کە لە پێگەیاندا دروست بوو ئەو ڕاستییە بوو، کە پێنج سەرکردەی کوردی لەوانە بارزانی و تاڵەبانیش لە ئەنجوومەنی فەرمانڕەوای عێراقدا خزمەتیان کرد، ئەو حکوومەتە کاتییەی عێراق، کە لە ١٣ تەمووز ٢٠٠٣ تا ١ حوزەیران ٢٠٠٤ خایاند. ئەنجوومەنەکە سێزدە شیعە و پێنج سوننەی عەرەب و پێنج کوردی لەخۆ دەگرت، کە مانای ئەوەی دەگەیاند سوننە و کورد حیسابێکی یەکسانیان بۆ کرابوو. پۆستە گرینگەکانی تر لە بەغدا

بریتی بوون لە پۆستی سەرۆک، کە لە دوو حکوومەتی یەک لە دوای یەک لە نیسانی ٢٠٠٥ و لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ لە لایەن تاڵەبانییەوە پڕ کرایەوە،[١٢] پۆستی وەزیری دەرەوە، کە لە لایەن هۆشیار زێبارییەوە پڕ کرایەوە، سەرۆک سوپای عێراق، کە لە لایەن بابەکر زێبارییەوە پڕ کرایەوە پۆستی وەزیری دەرەوە و پۆستی سەرۆک سوپایی لەوەتەی دامەزرانی حکوومەتی یەکەمی عێراقی لە ئەیلوولی ٢٠٠٣ و لە حکوومەتی ٢٠١٠ بووە. سەبارەت بە بابەکر زێباری شایەنی گوتنە، کە زێباری لە ١٩٧٣ وازی لە سوپای عێراقی هێنا تاکو لە هێزی پێشمەرگەدا خزمەت بکات، لە هەمووی گرینگتر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ بوو، ئەمە ڕێی لەو نەگرت ببێتە سەرۆک سوپای عێراق. ڕۆڵێکی تری کورد، کە زیاتر ڕۆڵی سیمبولیی هەیە لەوەی پراکتیکی بێت، بریتی بوو لە دوو دادوەرە سەرەکییەی لەدادگەدانی سەدام، کە هەردووکیان کورد بوون.

## داوای کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسین

لە ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ مەسعوود بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی سێزدەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا جیهانی سەرسام کرد کاتێ داوای مافی چارەی خۆنووسینی کرد. ئازایەتیی ئەم هەنگاوە لە ئامادەبوونی کۆمەڵێک میوان دەرکەوت، کە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانیان دەکەوتە ژێر کاریگەری ئەو داوایەوە، لەوانە سەرۆک وەزیرانی عێراق نووری مالیکی و سەرۆکی پەرلەمان ئوسامە نوجەیفی، نوێنەرانی حکوومەتەکانی تورکیا و ئێران، هەروەها شاندە کوردییەکانی وڵاتانی دراوسێ. بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن، ڕاگەیاندنەکەی بارزانی هیچ کاردانەوەیەکی لەلایەن بەشدارانی ناکوردییەوە بەدوادا نەهات،[١٣] ئەوە ڕاستە، کە کەمێک دواتر مەسعوود بارزانی دەبوو لە قسەکەی خۆی هێمن ببێتەوە، بەڵام ئەمە لە هەوڵەکانی کورد بۆ هەنگاونان بەرەوپێش کەم ناکاتەوە.

بەم جۆرە، هاوکات لەگەڵ پێشاندانی عێراقیبوون و دڵسۆزی بۆ دەوڵەت، کورد لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بوون لە گەشەپێدانی پێناسێکی نەتەوەیی کوردیی

جیاواز، کە بەند بوو بە داوودەزگا سەربەخۆکانی دەوڵەت. ئەم ڕۆڵە هاوتەریبانە وای کرد تاڵەبانیی سەرۆکی عێراق و بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کار لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن. بەپێی گوتەی چاودێرێک، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ یەکێتی ناچار بوو بە شێوازێکی ناسیۆنالیستییانەی "عێراقی" کار بکات لە کاتێکدا پارتی بەرەو پێگەیەکی ناسیۆنالیستییانەی "کوردی" دەڕۆیی،[١٤] هەرچەندە دەستووری عێراقی قسە لەبارەی ڕێکخستنێکی فیدراڵییەوە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەرێمەکانی تردا دەکات، کەچی لە ڕووی کردارییەوە پێکهاتەیەکی نیمچە دەوڵەتی، نەک پێکهاتەیەکی یەکەتیی سنووردار، لە دوای شەڕی عێراقەوە لە کوردستان گەشەی کردووە. ئەمە لە زاراوەی فەرمی و ئەو زمانەی لە میدیای کوردییەوە بەکار دێت دیارە. بۆ نموونە، لە ڕاپۆرتی کۆبوونەوەیەکی نێوان سەرۆک مەسعوود بارزانی و شاندێکی بەغدادا، تەئاخی نووسیبووی "چەند بڕیارێک بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان درا."[١٥] بۆ نموونە، سەبارەت بە زاراوەکە دەبێ ئەوە بگوترێ، کە کورد مەبەستێکیان لە بەکارهێنانی زاراوەی "گەلی کوردستان" هەیە، کە خاک و جوگرافیای تایبەت بە خۆی هەیە، نەوەک "گەلی کورد" کە تەنیا بۆ کۆمەڵێک خەڵک دەگەڕێتەوە.

لە کۆتای ٢٠١٠، حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی شانازی بکات بە دەستکەوتە سەرسوڕهێنەکانی سەر ئاستە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ستراتیجییەکانی خۆی، کە هەموویان ڕادەی سەربەخۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشان دەدا. ئەگەر لەسەر ئاستی سیاسی قسە بکەین، لە ئایاری ٢٠٠٦ پەرلەمانی کوردستانی دەنگی دا بە یەکگرتنەوەی هەردوو حکوومەتەکەی یەکێتی و پارتی، لە ڕێوڕەسمێکدا، کە باڵوێزانی وڵاتانی ئەمەریکا و بەریتانیا و ڕووسیا و چین و بگرە ئێرانیش بەشدارییان تێدا کرد،[١٦] دامەزراندنی یەک حکوومەت هەستی یەکەتیی لەنێو کوردان بەهێز کرد، کە لەسەر ئاستێکی سیمبولیشدا دەربڕینێکیان دۆزیبووەوە. لە کاتی ڕکابەریی سەختدا، هەریەک لەو دوو لایەنە ئاڵای تایبەت بە خۆی هەبوو ئاڵایەکی زەرد بۆ پارتی و ئاڵایەکی کەسک بۆ یەکێتی. دوای

ئاشتبوونەوە تەنیا یەک ئاڵا هەبوو، ئەو ئاڵایەی کورد لە ١٩٢٠ لە دوای پەیماننامەی سیڤەر هەڵدرا بەڵام دواتر لە پەیماننامەی لۆزانی ١٩٢٣ داگیرا. دەبێ ئەوە بڵێین، کە کورد ڕەتیان کردەوە ئاڵای عێراقی سەردەمی سەدام هەڵبدەن، کە سەدام بە دەستنووسی خۆی "الله اکبر"ی لەسەر دانابوو، لەبەرئەوەی وتیان سەدام جینۆسایدی بەرامبەر بە کورد ئەنجام داوە،[17] دواتر کورد ڕازی بوون بە ئاڵای عێراق، کە دەستنووسی سەدامی لەسەردا نەبێت.

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان جیا لە هەڵبژاردنەکانی حکوومەتی ناوەندی ئەنجام درا،[18] بۆ نموونە، دوایەم هەڵبژاردنی کوردی لە تەمووزی ٢٠٠٩ ئەنجام درا، لە کاتێکدا هەڵبژاردنی گشتیی عێراق (کە کوردیش بەشدارییان تێدا کرد) لە ئاداری ٢٠٠٩دا ئەنجام درا. لەبارەی دەستووریشەوە بە هەمان شێوە بوو. ڕاستی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەشنووسێکی دەستووریی خۆی هەبوو کە لە حوزەیرانی ٢٠٠٩ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کرا. هەرچەند لە لایەن گەلی کوردەوە پەسند نەکرابوو، کە جێی سەرسوڕمانە شی بکرێتەوە، کەچی ڕەنگدانەوەی ئامانجە سیاسییە گشتییەکانی کورد بوو،[19] بە پێچەوانەی دەستووری مشتومڕئامێزی عێراقییەوە، کە لە ماوەی دوو ساڵدا بە پەلە ڕەشنووسەکەی ئامادە کرا و پەسند کرا، دەستووری کوردی کەمتر مشتومڕی لەسەرە، بە لایەنی کەم لەناو کورد خۆیاندا، چونکە دانانی دەستوورەکە چەند ساڵێک تاوتوێ و دانوستاندنی دوور و درێژی ویستووە، کە لە ٢٠٠٢ەوە تا ٢٠٠٩ی خایاند،[20] دەستوورەکەی کورد، کە کەڵک لە شارەزایان و دەستوورزانانی بیانی وەرگیراوە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسراوەتەوە.

یەکێک لە بڕگە گرینگەکانی دەستووری کوردستان برێتییە لە بڕگەی ٧، کە قسە لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینی "گەلی کوردستانی عێراق"ەوە دەکات. بڕگەی دووەم هەموو ناوچە جێناکۆکەکان بە بەشێک لە "جوگرافیا و مێژووی" کوردستان دیار دەکات، لەوانە پارێزگای کەرکووک و چەند قەزایەکیش لە سێ پارێزگای تردا. لەگەڵ ئەوەش، دەستوورەکە ئەوەی تێدا هاتووە، کە "سنوورە" سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بە پێی مادەی ١٤٠ لە دەستووری عێراقی چارەنووسیان دیاری

دەکرێت. سەرەک وەزیرانی عێراق، نووری مالیکی، وا ڕاگەیەنرا دژی ئەو بڕگەیە بێت، گوایە مادەکە تەگەرەی خستووەتە بەردەم پێشکەوتن لە چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی نێوان کوردستان و حکوومەتی ناوەندیدا. مالیکی لە تەمووزی ٢٠٠٩ داوای لە جێگری سەرۆکی ئەمەریکاش کرد هەوڵ بدات بڕوا بە سەرکردەکانی کورد بێنێ ئەو دەستووره هەڵبوەشێننەوە. (نەخشەی ١ لە بەشی ١٦ ببینە).




(نەخشەی ١، ناوچە جێناکۆکەکان لە باکوری عێراق)

بڕگەکانی تر برێتین لە دانانی زمانی کوردی و عەرەبی وەک زمانی فەرمیی ناوچە، خوێندنی بەخۆڕایی لە هەموو ئاستەکانی خوێندن، بە زانکۆکانیشەوە، هێشتنەوەی پێشمەرگە وەک هێزی بەرگری بۆ پارێزگاریکردن لە کوردستان، تەرخانکردنی ٢٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەت، هەروەها دیاریکردنی ئاڵا و سرووودی نیشتمانی و پشووی نەتەوەیی (٢١ی ئادار) و هەولێر وەک پایەتەخت لە ڕێگەی

دەستوورەوە. دەبێ ئەوە بڵێین، کە دەستوور هەفتەنامەی ڕەسمیی وەقائیعی کوردستان ڕێک دەخات، کە لە ٢٠٠٩ەوە دەردەچێت و هەموو یاسایە نوێیەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە. وەقائیعی کوردستان هاوشانی کۆواری وەقائیعی عێراقییە.

ئەوەی کە لەسەر ئاستی سەربازیشەوە گرینگە برێتییە لە بەهێزکردنی هێزی نیمچە سەربازیی پێشمەرگە، کە (بە یەکەوە لەگەڵ هێزی ئاسایش)دا دەستەی سەرەکییە لە بەرپرسیاریەتیی ئاسایشی هەرێمدا،[٢٢] ئەو "هێڵە سەوزەی" کە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تەواوی بەشەکانی تری عێراق دیاری دەکات هەروەک سنووری ڕاستەقینە دەمێنێتەوە، کە لە خاڵەکانیدا لە لایەن پێشمەرگەوە پاسەوانی دەکرێت. سەرۆکی هێزی پێشمەرگە برێتییە لە وەزارەتی پێشمەرگە، کە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ وەزارەی بەرگری. سەرچاوەیەکی کوردی ڕای گەیاند، کە هاریکاری لەگەڵ سەربازانی ئەمەریکا، مەشق پێدانی پێشمەرگەی زیاد کردووە، ئەمەش پاساوێکە بۆ ئەوەی وەک هێزێکی ئاسایی وێنە بکرێت. سەرچاوەکە ئەوەشی گوت، کە بە لایەنی کەمەوە لەسەر ئاستی تەکنیکی، پێشمەرگە زۆر لە تایبەتمەندییەکانی سوپایەکی ئاسایی لەخۆ دەگرێت وەک هەرەمێکی ناوەخۆی پێناسەکراو، سیستەمی سیمبولی و ڕێوڕەسمی، کەمپی مەشقکردنی تایبەت و جلی سەربازی،[٢٤] خەمڵاندنەکان لەبارەی بەهێزیی هێزەکانی پێشمەرگەوە بە شێوەیەکی بەرفرەوان هەمەجۆرن. لەگەڵ ئەوەش، باشترین خەمڵاندنی ٢٠١٠ ڕەنگە خەمڵاندنەکەی فیرقەی باکوری ئەمەریکا بێت، کە هێزەکانی پێشمەرگە بە نێزیکەی ٢٠٠٠٠٠ پێشمەرگە دەخەمڵێنێ، بەو کارمەندانەشەوە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پلانی داناوە خانەنشینیان بکات.[٢٥]

لە نیسانی ٢٠٠٩، هەردوو بەشی پێشمەرکە (بەشەکەی پارتی و بەشەکەی یەکێتی) بە فەرمی یەکیان گرتەوە تاکو لەلایەن وەزیری پێشمەرگەوە، شێخ جەعفەر مستەفا، سەرکردایەتی بکرێن. کەچی هێشتا زۆر کەس پێی وایە ئەم هەنگاوە هەر تەنیا وەک فەرمانی فەرمی ماوەتەوە لەبەرئەوەی تێکەڵکردنەوە زۆری ماوە تەواو ببێت،[٢٦] لەگەڵ ئەوەش، سەرەڕای جیاوازییەکان لەناو حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەدا پێ دەچێت یەک

هەڵوێستیان هەبێت، بە تایبەتی کاتێک دەبینن بارودۆخی پێشمەرگە لەژێر پرسیاردایە، یان بەرژەوەندییەکانی کوردستانی عێراق لەژێر هەڕەشەدایە.

لە ئەیلوولی ٢٠٠٦، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی وەزارەتی دەستەی پێوەندییەکانی دەرەوەی دامەزراند، کە دەسەڵات و بەرپرسیارییەتییەکی بەرفرەوانی هەبوو. هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاکو لە لایەن هاوبەشەکانیانەوە لە بەغدا بەرهەڵستییان نەکرێت، زاراوەی وەزیری دەرەوەی بەکار نەدەهێنا، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێمایەکە بۆ ئەمە. بۆ نموونە، لەسەر ماڵپەڕی فەرمیدا وەک "ئەو وەزیرەی کە ڕابەرایەتیی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات" دەردەکەوت. فەلاح مستەفا بەکر، کە لە حکوومەتەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٩ ئەم پۆستەی پڕ کردووەتەوە، بە "ئەندازیاری سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان" وەسف کرا، چونکە دەستەکەی وەک "کەناڵێک لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی ناودەوڵەتیدا" خزمەتی دەکرد،[٢٧] دەستەی پێوەندییەکانی دەرەوە کەناڵی سەرەکییە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئۆفیسانەی، کە حکوومەتە بیانییەکان لە هەولێردا هەیانە. زۆر وڵات، لەوانە فرەنسا، ئەڵمانیا، کۆماری ئیسلامیی ئێران، یەکەتیی ڕووسیا و تورکیا کونسوڵگەیان لە هەولێردا کردەوە. لە کانوونی یەکەم ٢٠١٠ میسر بوو بە یەکەم وڵاتی عەرەبی کونسوڵگەی خۆی لە هەولێر کردەوە. کۆماری کۆریا و بەریتانیای مەزن هەردووکیان تەنیا ئۆفیسیان لە ناوچەکەدا هەیە، لە کاتێکدا نەمسا و کۆماری چیک و یۆنان و ئیتاڵیا ئۆفیسی ئابووری یان بازرگانییان هەیە. جاپۆن و دانیمارک و هۆڵەندا و ئیسپانیا و سوێد کونسوڵی شانازییان بۆ هەرێمەکە دیاری کردووە و ئەمەریکا تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمیی هەیە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە سیاسەتی بەرفرەوانکردنی پێوەندییەکانی دەرەوەی خۆی، نوێنەرایەتیی خۆی لە زۆر وڵاتدا دامەزراندووە، لەوانە ئەمەریکا، بەریتانیای مەزن، فرەنسا، ئێران، یەکەتیی ئەورووپا و لە هەمووش سەرسوڕهێنتر لە بەغدا. ئەوەی کە لە گرینگیدا هیچی کەم نییە ئەو ڕاستییەیە، کە

حکوومـەتـی هـەرێمی کوردسـتـان توانی نوێنەرەکـانی خۆی وەک بەشێک لـە شـاندی عێراقـی بۆ یو ئێن بنێرێ. ئـەندامـانی شـاندەکـە لە ئەیلوولی ٢٠٠٨ بەشـدارییـان لە شێست و سێـیـەمین کۆبـوونەوەی کۆمـەڵەی گشـتیی یو ئێندا کـرد و بـە پاڵپـشـتـیی نوێنەری عـێراق لە یو ئێن لەگـەڵ دیپلۆمـات و کـاربـەدەسـتـانی یو ئێندا کۆ بوونەوە. شـاندەکـەی حکوومـەتی هـەرێمـی کوردسـتـان لە لایەن بـەکر و دڵشـاد مـیـرانەوە، کە نوێنەری حکوومەتی هـەرێم بوون لە بەغدا، ڕابەرایەتی دەکرا.

لە ڕووی ئابوورییـەوە، بڕی ئەو سـەربەخـۆییـیـەی، کـە کـورد توانیـویانە لـە عێراقـی دوای سـەدامدا بۆ خـۆیانی بەدەست بێنن سـەرکەوتنـی تەواوی هـەرێمەکە لەو بوارەدا ڕوون دەکاتەوە. لە کاتێکدا لە سـاڵانی کۆتاییی حـوکمڕانیی بەعسدا بووژاندنەوەی ئابووری و ژێرخـان لە نـاوچە عـەرەبنشـینەکانی عێراقدا قـەتیس مـابـوو، لە هـەرێمـی کوردسـتان ئەو بووژانەوەیە زۆر خێرا بوو. ئەم ئاراسـتـەیە لە عێراقی دوای سـەدامدا گەشانەوەیەکی زیاتری بەخـۆیەوە دیت. ڕاستی، زەقبوونەوەی ئەو گۆڕانە خێرایانەی کۆمـەڵگە و حکوومەتی کوردی برێتی بوو لە ئابوورییەکی بە بزاوت. بۆ یەکەم جار لە مـێـژووی کـورددا، دوو باڵەفـڕگـەی ناودەوڵـەتی (لە هـەولێـر و سلێـمـانـی)دا دروست کـران، کە بووە خـاڵێکی وەرچەرخـان بۆ پڕۆژەی نەتەوایـەتیی کورد. باڵـەفڕگـە وای لە کورد کرد بە لایەنی کـەمـەوە ڕزگاریان بێت لە بەشێک لە پشتبەسـتانیـان بە ناوەند، کە لە ئەنجامی داخـران لە ڕێگەی دەریاییـیەوە دووچـاری بووبوون و پێوەندییـەکانی دەرەوەشیان فرەوان بکەن بە شێوەیەک، کە پێشتر بوونی نەبوو. بەم جۆرە، سـەردانە ڕاسـتـەوخـۆیەکان بۆ باڵەفڕگـەکانی هـەولێر و سلێمـانی لە هـەندێ جـاردا زۆر زیاتر بووە لەو سـەردانانـەی، کە بۆ بەغدا دەکران. لە ٢٠٠٩، حـەفـتـانـە هـەشـتـا سـەردانی ڕاستەوخۆ بۆ هـەردوو باڵەفڕگە هەبووە.[٢٨]

هـەرێمی کوردسـتـانی تا ڕادەیەک هێـور زۆر کۆمـپـانیـا و خـاوەن سـەرمـایەی بەلای خـۆیدا بەکـێش دەکـرد، لە هـەمـووی گـرینگـتـر لە کـەرتـی پیـشـەسـازیی نـەوتدا. ئەو ئاراسـتـەیە لـە ٢٠٠٧ بووژانەوەیـەکی بەخـۆوە بینـی کـاتێک حکوومـەتی هـەرێمـی کـوردسـتـان یاسـای سـووتـەمـەنیی پەسند کـرد، کـە بـە هۆیەوە لەگـەڵ سـی و پێنج کـۆمـپـانیـای بیـانیـدا ئـیـمـزای لەسـەر گرێبەسـتـە هاوبەشـەکانی دەرهێنان و

بەرهەمهێنانی نەوت و گازدا کرد بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ بە بڕی ٥ بلیۆن دۆلار. وەزارەتی نەوتی بەغدا، بە نایاسایی ناوبردنی ئەو گرێبەستانە، ئەو کۆمپانیایانەی خستە ناو لیستی ڕەشەوە، کە گرێبەستەکانیان ئیمزا کردبوو. لە لایەن خۆیەوە، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕەخنە لەو "شێوازە بەسەرچووانەی" وەزیری نەوتی حکوومەتی فیدراڵی گرت، کە گوتی وەزارەتی نەوتی عێراقی لە ماوەی سێ ساڵدا ٨ بلیۆن دۆلاری بەفیڕۆ داوە لە کاتێکدا هێشتا لە زیادکردنی بەرهەمهێنان تێ شکاوە. جیا لەگەڵ دەستکەوتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەورامی ڕای گەیاند "لە ماوەیەکی کورتدا توانیومانە دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ کەڵکی عێراقییەل بەدەست بێنین."[٢٩]

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٩ وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕەخنەکانی بەغدا، هەناردنی نەوتی خاوی لە ڕێگەی لوولە نەوتەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقییەوە ڕاگرت، کە نەوتی دەرهێنراوی چاڵە نەوتەکانی کەرکووکی بۆ بەندەری جیهانی تورکیا لە دەریای ناوەڕاستدا دەنارد،[٣٠] هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، سێ پاڵێوگەی مۆڵەت پێدراوی نەوتی لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراند. دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دانیان بەوە نا، کە پاڵێوگەی نایاساییش لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا هەن،[٣١] پرۆژەیەکی تر برێتی بوو لە گۆڕینی پاشماوەی گاز بۆ کارەبا، کە بەو هۆیەوە بەشێکی بەرچاوی کارەبای پێویستی هەرێمەکەی چارەسەر کرد.[٣٢]

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ فەلاح مستەفا بەکر، فەلاح ڕای گەیاند، کە بازاڕێکی ئازادی ئابووری وەک هێزێکی پاڵنەر لە پشت ئابووریی کوردستان برەوی پێ دەدرێت. فەلاح ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی ١٦٠ پرۆژەی وەرگرتووە، کە بە زیاتر لە ١٦ بلیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێن،[٣٣] لە ٢٠٠٤ هەرێمی کوردستان، کە ناوی نرا "دەروازەی باکوری عێراق" پێشانگەی ناودەوڵەتیی هەولێری ساڵانەی کردەوە، کە لە سەرانسەری جیهاندا کۆمپانیای بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ئەو کۆمپانیا سەرەکییانەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چالاکن برێتین لە کۆمپانیای تورکی، ئێرانی، چینی، مالیزی، لبنانی، کەنداوی عەرەبی، ئەمەریکایی،

ئەوروپایی و ئوسترالیاییش،[٣٤] نیویۆرک تایمز ڕای دەگەیەنێت، کەوا تورکیا لە تاودانی ئەسپی خۆی لە ناوچەکەدا لە پێشەوەی هەموو وڵاتەکانی تردایە. تورکیا نەک تەنیا لە ڕێگەی بزنسەوە دەسڕۆیینی خۆی لە ناوچەکەدا داناوە، بگرە لە ڕێگەی کولتوور و خوێندنەوە ئەم کارە دەکات. لە ڕاپۆرتێکدا هاتووە نێزیکەی ١٥٠٠٠ تورک لە هەولێر و بەشەکانی تری حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن و زیاتر لە ٧٠٠ کۆمپانیای تورکیاییش هەن، کە دوو لەسەر سێی کۆمپانیا بیانییەکانی ناوچەکە پێک دەهێنن. دەروازە بیست و شەش خاڵییەکەی ئیبراهیم خەلیل، کە ڕۆژانە ١٥٠٠ بارهەڵگر پێیدا تێپەڕ دەبێت، کەرەستەی بیناکاری و جلوبەرگ و کەلوپەلی ناو ماڵ و خۆراک و پێداویستیی تری تورکیایی بۆ پڕکردنەوەی دوکانەکانی باکوری عێراق دێنن. پێداویستییەکانی گەشتکردن هەڵگیراوە، کونسوڵگەکە لە هەولێر ڕۆژانە زیاتر لە ٣٠٠ ڤیزا دەردەکات. سەرەڕای ئەوەش، تورکیا پاڵپشتی ژمارەیەک چالاکیی کولتووری دەکات، بۆ نموونە، لقێکی زانکۆی بلکەنتی لە هەولێر کردەوە. بزووتنەوەیەکی ئاینیی تورکیایی نۆ قوتابخانەی لە ناوچەکەدا هەیە، کە ٥٥٠٠ قوتابیی عەرەب و تورکمان و کورد لەخۆ دەگرێت. تورکیا هێشتان زیاتر لە ١٥٠٠ سەربازی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ماوەتەوە، ئەمە ئەو توانایە بە تورکیا دەدات، هەروەک کاربەدەستێکی ئەمەریکایی دەڵێت "بە شێوەیەکی تەواو کاریگەر هێرش بکاتە" سەر پەکەکە[٣٥].

شارە کوردییەکان بە خێرایی گەورە بوونە لەگەڵ باڵەخانەی بەرز و سوپەرمارکێتی سەردەمییانە و سەنتەری وەرزشی و بانک. لە ٢٠٠١ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانکێکی ناوەندیی هەرێمی دامەزراند لە کاتێکدا ژمارەی بانکەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتیش بە خێرایی زیاد دەبوون،[٣٦] لە ٢٠٠٨ ئەمەریکا زانستگەیەکی لە سلێمانیدا نەک لە بەغدا کردەوە، کە ئاماژە بوو هەم بۆ یەکەمایەتی پێدانی ئیدارەی بوش بە ناوچەکە هەم بۆ تا ڕادەیەک هێوریی هەرێمی کوردستان،[٣٧] بە گشتی، لە ٢٠١٠ حەفت زانستگە لە هەرێمی کوردستان کرابوونەوە.

## کۆسپەیلی داهاتوو

بۆ هاوسەنگکردنی ئەو وێنەیەی باسمان کرد، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا ڕووبەڕووی کۆسپی مەترسیدار دەبێتەوە، هەم لە ناوەخۆ وە هەم لە دەرەوەدا. لە بەرەی ناوەخۆدا، حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە داهاتووی کوردی عێراق دیدێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت. ئەو بیرۆکەی فیدراڵییەی، کە ئەو پەسندی کردووە لەگەڵ خواست و تێڕادیتنی کورد ناگونجێ، هەروەک لە ریفراندۆمەکەدا دەرکەوت، زۆرینەی کورد پشتیوانیی سەربەخۆییان دەکرد،[٣٨] بە هەمان شێوە، هەولێ دوو سەریی کورد بۆ بنیاتنانی دەوڵەت، یەکێکیان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەوی تریان لە بەغدادا، ڕەنگە لە داهاتوودا تووشی بەیەکدادان بێن و پڕۆژەی کوردی لاواز بکەن.

ئەزموونی بەدیموکراتیکردن وەک پڕۆژەیەکی ساوا ماوەتەوە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا ماویەتی ببێتە حکوومەتێکی تۆکمە و پێگەیشتوو لە کاتێکدا گوایە بشبێتە مۆدێلێک بۆ تەواوی بەشەکانی تری عێراق. ئازادیی بیروڕاش هێشتا دەستەبەر نەبووە، هەروەک دەبینرێت ڕۆژنامەنووسان دەگیرێن یان بگرە دەشکوژرێن. لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیدا خێڵایەتی، خزم خزمێنی، گەندەڵی و زاڵبوونی ڕەگەزی نێر بە لێشاو و ئەمە یەکێکە لە گرەوە هەرە گەورەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە تاکو کۆمەڵگە و حکوومەتێکی پێشکەوتووتر دابمەزرێنێ. بە هەمان شێوە، هەرچەندە پارتی و یەکێتی هەنگاوی گرینگیان ناوە بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارە و داوودەزگاکانی حکوومەت، کەچی ڕکابەریی قووڵ و کێبەرکێ هێشتا بوونیان هەیە.

سەرەڕای ئەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەندێ مەسەلەی سەرەکی، هێشتا ماویەتی جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵیی بەغدادا یەکلایی بکاتەوە، لەوانە: جۆری ئەو یەکەتییەی، کە لە عێراق دادەمەزرێت (واتە، دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی)، دابەشکردنی داهاتەیل، مافی ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، لە هەمووی گرینگتر کێشەی

لەمێژینەی کەرکووک و دیاریکردنی سنووری خاکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هەڵوێستی توندوتۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە لەخۆگرتنی کەرکووک بۆ ناو هەرێمە کوردییەکە لە لایەن بەغداوە بەوە لێکدانەوەی بۆ کراوە، کە کورد دەیەوێت ئابوورییەکی سەربەخۆ و دواتریش لە داهاتوو، سەربەخۆیی سیاسی هەبێت. ئەم ترسە ئەوەندەی تر کێشەکەی بەرەو خراپی بردووە. بەم جۆرە بوونی بە بڕبڕەی سەرەکیی ململانێیەکانی نێوان کورد و حکوومەتە عێراقییەکان، کەرکووک جارێکی تر، کە ئەمجارەیان زۆر توندترە، وەک کێشەیەکی سەرەکی دەرکەوتووە، کە دەکرێت حکوومەتی تەوافوقیی عێراقی دوای سەدام هەڵوەشێنێ و هاوپەیمانیی کوردیش لەگەڵ سوننە یان شیعە هەڵبوەشێنێتەوە،[٣٩] بە گشتی، سووربوونی سەرکردە کوردییەکان لە ناوهێنانی کەرکووکدا بە قودسی کوردستان[٤٠] وا دەکات ببێتە کێشەیەکی جەرگبڕ، وەک قودس.

ئەگەر لە ئاستی هەرێمییەوە قسە بکەین، هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ڕێ لە دراوسێیە زەبەلاحەکانی خۆی بگرێت و بگرە پێوەندییەکی ئابووریی باشیشیان لەگەڵدا گەشە پێ بدا، بەڵام هێشتا لەسەریەتی ڕووبەڕووی کۆسپە هەنووکەییەکان ببێتەوە. تورکیا و ئێران و سووریا بە دانیشتوانێکی کوردی زۆرەوە ترسێکی زۆریان لەو ئەگەرە هەیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ببێتە مۆدێلێک بۆ کوردی ئەوان. بۆیە، هەموو شتێکیان کردووە بۆ ڕێگری لە حکوومەتی هەرێمی لە گەیشتن بە ئۆتۆنۆمییەکی بەهێز. لە هەمان کات، مشتومڕی بارەی کەرکووک وای کردووە دراوسێیەکانی عێراقیش بێنە ناو مەسەلەکەوە، لەناو هەموویان سەرەکیتر تورکیایە، کە هەڕەشەی ئەوەی کردووە خۆی وەربدات ئەگەر بێتو کورد کەرکووک بخەنە سەر هەرێمەکەی خۆیان. مەسعوود بارزانی بەوە وەڵامی تورکیای دایەوە، کە کەرکووک "شارێکی عێراقییە بە پێناسێکی کوردییەوە،" هەروەها گوتی ئەگەر تورکیا دەست وەربداتە ناوەخۆی عێراق، کوردی عێراق دەست وەردەدەنە "ناو تورکیا لە پێناو ٣٠ ملیۆن کورددا."[٤١]

لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی، هەرچەندە کورد توانیویانە بەرچاوڕوونییەک لە جیهانی دەرەوەدا بەدەست بێنن و لەگەڵ چەندین وڵاتی جیهانیدا گەشە بە پێوەندییە

دیپلۆماتی و ئابوورییەکانی خۆیان بدەن، زۆر شتی تریش هەیە کورد ئارەزووی بکات. کورد نوێنەری هەمیشەییی خۆیان لە یو ئێندا نییە، هیچ دەوڵەتێکیش ددان بە وڵاتەکەیان یان بە مافی چارەی خۆنووسینی واندا نانێ. لەم ڕووەوە، ئەوان زۆر لە دواوەی فەڵەستینییەکانن.

سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپانەش، بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئاراستە گشتییەکە ئێستە پێ دەچێت لە هەموو کاتێک زیاتر بۆ کورد هیواگەیێن بێت. بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی لاوازی سەدەی ڕابردوو ئێستە تۆکمەتر بووە هەروەک هەموو باڵەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە باوەش دەگرێت. ئابووری، کە لە ڕابردوودا جێگەی شەرمەزاری بوو، ئێستە سەرەڕای هەندێ کۆسپی وەک زۆریی بێکاری بەڵام گەشانەوەی بەخۆوە بینیوە. نەوەی نوێ دەتوانن بچنە قوتابخانە و کۆلێج و زانستگە، کە بە زمانی کوردی دەرسیان تێدا دەگوترێتەوە. هەرچەندە نۆڕمە دیموکراتییەکان هێشتا دەبێت ڕەگ دابکوتن، بەڵام چەند هەنگاوێکی گرینگی بەرەو پێش ناوە. ئەگەر پێوەری ڕێژەییبوون پێوەرێک بێ بۆ سەرکەوتن، ئەوا کورد لە سێ ئاستەوە سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە: بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی خۆیان تەنیا لە ساڵی ڕابردوو، بە بەراورد لەگەڵ کوردی کوردستانی گەورەشدا، لە کۆتایی و بە بەراوردکردن لەگەڵ عەرەبی عێراق.

لە ٢٠٠٥، کورد ڕیکلامێکیان لە ئەمەریکا بڵاو کردەوە، بە ناوی "کوردستان عێراقەکەی تر،" بۆ بەکێشکردنی گەشتیاران و وەبەرهێنەران بۆ هەرێمەکە، پێ دەچێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی ببێتە عێراقێکی تر.

پەڕاوێز:

1. Complete withdrawal of the US troops was scheduled for the end of 2011.
2. Al-Ittihad (Baghdad, weekly), 27 January 2005. 3. Al-Mada (Baghdad, daily) 17 December 2006.
4. Al-‘Arabiyya (TV channel), 9 April 2007.
5. Brendan O’Leary, "Power Sharing, Federation and Federacy," in The Future of Kurdistan in Iraq, eds. Brendan O’Leary, JohnMcGarry, and Khaled Salih (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2005), pp. 47–48.
6. DahhamMuhammad al-‘Azzawi, "Al-Ihtilal al-Amriki wa-Mustaqbal al-Mas’ala al-

Kurdiyya fi al-‘Iraq," Shu’un ‘Arabiyya 125 (2005): 188.

7. For an analysis of the constitution and the Kurdish role in drafting it, see Andrew Arato, Constitution Making Under Occupation: The Politics of Imposed Revolution in Iraq (New York: Columbia University Press, 2009), pp. 205–249.

8. Even though they did not say it in so many words, the founders and the leaders of the Iraqi state wanted to be a sort of Arab nation-state.

9.At the same time, it is important to recall that the Kurds were the ones who began to challenge Ja‘fari’s candidacy to serve as prime minister after the December 2005 elections. The main reason was Ja‘fari’s opposition to Kurdish claims on Kirkuk.

10. The Egyptian foreign minister visited Kurdistan in December 2010 to open a consulate there and expressed his appreciation of President Mas‘ud Barzani’s initiative to help form a new Iraqi government. He said that the initiative "brought different Iraqi political forces closer to each other and led to the formation of a government of national partnership that comprised all political forces in the country." See Kurdistan Regional Government, "Egypt’s Foreign Minister Opens First Arab Consulate in Erbil," 29 December 2009, http://krg.org.

11. Unrepresented Nations and Peoples Organization, "Kurdistan: Identity Denied in the Iraqi Constitution," 3 March 2006, www.unpo.org; Al-Usbu‘ al-‘Arabi (Beirut, weekly), 9 January 2006.

12. It should be stressed, however, that unlike in the Baathi period, the president in post-Saddam Iraq had symbolic rather than effective powers.

13. Ten days later, however, ‘Abd al-Karim Zaydan, a professor of Islamic law, issued a fatwa (religious ruling) according to which it was permitted to kill anyone who called for the dismemberment of Iraq or called for the independence of Kurdistan. www.sotkurdistan.net/index.php?sid=47676. {AU: provide name of website and article in English, as there are many articles at this URL}

14. Gareth R. V. Stansfield, "Finding a Dangerous Equilibrium: Internal Politics in Iraqi Kurdistan—Parties, Tribes and Ethnicity Reconsidered," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. Faleh A. Jabar and Dawod Hosham (London: Saqi, 2006), p. 261. Mas‘ud Barzani was elected president of the KRG in 2005 by the Kurdish parliament and in 2009 in the KRG general elections.

15. Al-Ta’akhi (Baghdad, daily), 12 July 2007. It is like saying that the cities of Washington and LosAngeles decided to strengthen their relations. Qobat Talabani, Jalal Talabani’s son and the Kurdistan delegate in the United States, stated that federalism was the minimum that the Kurds would agree to. Al-Hawadith (London, weekly), 9 September 2005).

16. The Economist (London, weekly), 13 May 2006. Al-Hawadith, 9 September 2005, reported that they had started opening embassies abroad.

17. Mas‘ud Barzani was more outspoken than others about this decision. See Al- Mada, 4 September 2006. Another justification that he gave was that the constitution stipulated the introduction of a new flag. Barzani was willing to raise the flag that had been in use during the Qasim period. The Kurds look at this period as a golden era in comparison to the Baathi era. See Al-Ahali (Baghdad, weekly), 15 February 2006.

18. From 2005, the central government became known as the federal government.
19. For the full text, see Kurdistan Regional Government, "Draft Constitution," 22 June 2009, www.krg.org. {AU: correct? Article at URL is in Arabic, need English} The Kurdish constitution was controversial among Arab partners, who regarded it as paving the way for separatism. Hence the KRG was forced to cancel the referendum on the issue, which was scheduled to take place in August 2009, together with the elections in the region.
20. Erbil—Capital of Kurdistan, "Constitution, Federal Kurdistan Region-Iraq," www.erbil-capital.org.
21. ABC News this Week with Christiane Amanpour, "This Week Transcript: Exclusive: Vice President Joe Biden," 5 July 2009, abcnews.go.com.
22. Mas'ud Barzani referred to the Peshmerga as an organized army rather than a militia. Al-Mushahid al-Siyasi (London, weekly), 11 June 2006.
23. David Romano, The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity (Cambridge: Cambridge University Press, 2008), p. 220; Al-Sharq al-Awsat (London, daily, 1 June 2006.
24. Kurd Net, "Who are the Peshmerga? The Army of Kurdistan," 20 May 2010, www.ekurd.net.
25. Defense Industry Daily, "Iraqi Security Forces Order of Battle 2010–04," 12 April 2010, www.defenseindustrydaily.com.
26. Kurd Net, "Who are the Peshmerga? The Army of Kurdistan."
27. Kurdistan Regional Government, "Minister Falah Mustafa Bakir—Head of the Department of Foreign Relations," 20 November 2009, www.krg.org.
28. www.ifpexpo.com/exhibition_overview.php?id=113. {AU: this URL is dead; provide new source}
29. Kurdistan Regional Government, "Natural Resources Minister Urges Lawmakers to Pass Fair Transparent Revenue Sharing Law at UNAMI Conference," 25 April 2009, www.krg.org.
30. APS Diplomat Operations in Oil Diplomacy, 27 September 2010, quoted in The Free Library, "The KRG-RWEAgreements," www.thefreelibrary.com. Already in September 2006, the Kurdish government threatened separation from the state if it was not given a free hand in signing agreements of its own with companies willing to drill in the Kurdish area. Al-Zaman (London, daily), 23 October 2006.
31. Al-Sharq al-Awsat (English edition), "Iraqi Kurdistan Region Government Denies Crude Oil Smuggled to Iran," 14 July 2010, www.asharq-e.com. See the speech of Prime Minister Barham Salih at the London Trade and Investment Conference, Kurdistan Regional Government, "PM Salih's Speech at London Trade and Investment Conference," 17 June 2010, www.krg.org.
32. Kurdistan Regional Government, "Natural Resources Minister Urges Lawmakers to Pass Fair Transparent Revenue Sharing Law at UNAMI Conference."
33. Kurdish Herald, "Kurdistan's Economy: Its Potential and Its Challenges," 21 September 2009, www.krg.org.
34. Al-Zaman, 23 October 2006.

35. New York Times (NewYork, daily), 4 January 2011, www.bilkenterbil.com/.{AU: How does the Bilken University homepage refer to a NYT article?}

36. Several private banks were opened in 2006. Mariwan Hama-Saeed, "Kurdish Banks SlowlyWin Trust," 4 May 2006, www.krg.org.

37. The foundation stone was laid by Talabani at the end of 2005.Asum of $250 million was earmarked for education in that region. Al-Mada, 13 December 2005.

38. According to al-Hawadith, 9 September 2005, 95 percent of the Kurds were in favor of separation (infisal).

39. It is claimed that between the years 1991 and 2003, the Baath regime exiled 300,000 Kurds from the Kirkuk area and promulgated a law forbidding the teaching of the Kurdish language in this area in order to Arabize it and pull out the rug from under Kurdish demands that the Kirkuk area be included in their autonomous zone. Al-Siyasa al-Duwaliyya (Cairo, quarterly), no. 162, October 2005, p. 73.

40. Al-Watan al-‘Arabi, 14 March 2007.

41. Al-‘Arabiyya, 9 April 2007.

بەشی چوارەم

# کۆتایی

## ١٧

# گۆڕان لە بۆچوونی "هیچ دۆستێک نییە جگە لە چیا"

بۆ بەشێکی زۆری سەدەی بیستەم کوردی عێراق شۆڕش لە دوای شۆڕشیان لە دژی حکوومەتی ناوەندیدا دەکرد، هەندێک کاتیش لەنێو خۆیاندا بە شەڕ دەهاتن. بەم جۆرە، کورد بە هێزی ناجێگیری عێراق دەبینران. ئەم خەباتە بەردەوامە زۆر هەڵبەزین و دابەزینی گورچکبڕ و سەرکەوتنیشی بە خۆیەوە بینی. کەچی لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەکدا، کوردی عێراق بۆ یەکەم جار لە مێژوویاندا توانیویانە ببن بە پێکهاتەیەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. دوای شەڕی عێراقی ٢٠٠٣، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە نیمچە دەوڵەت. حکوومەتی هەرێم بوو بە مۆدێلێکی سەقامگیری و سەرکەوتن بۆ تەواوی عێراق، کە دووچاری شەڕی ناوەخۆ، براکوژی، ناهێوریی بەردەوام بووبوو. بە هەمان شێوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە نموونەیەک بۆ کوردی وڵاتانی دەوروبەر، تورکیا و ئێران و سووریا. لەم کتێبە، هەوڵم داوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە: لە سەدەی بیستەمدا چی وای لە هەڵکشانی کوردی کرد لە هەوڵە نەتەوەییەکانیدا تێ بشکێ؟ تا چ ڕادەیەک شەڕەکان و شەڕی ناوەخۆ بوو بە دالانێک بۆ بنیاتنانی نیشتمانی کوردی و بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی؟ چی بووەتە هۆکاری جیاوازییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراق، چیش بووەتە جیاوازیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگە کوردییەکانی وڵاتانی دەوروبەردا؟ کورد چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە لە پڕۆژەی بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقدا؟

چیرۆکی سەرسوڕهێنی زیندووبوونەوەی کورد لە عێراق، دوا بەدوای شەڕی جینۆسایدئامێزی ١٩٨٨ – ١٩٨٩، زۆر لە چیرۆکی جوو دەچێت دوای هۆلۆکۆست. لە ماوەی چوار ساڵی یەکەمی دوای شەڕەکە، کورد توانییان پڕۆژەیەکی بەرزەفڕ بۆ

بنیاتنانی نیشتمانی کوردی و بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی دەست پێ بکەن، کە ڕکابەریی لەگەڵ پرۆژەی هەموو عێراقییەکاندا دەکرد. هەرچەندە پرۆژەی نەتەوەییی کورد ڕووبەڕووی چەند کۆسپێکی ناوەخۆیی و دەرەکی بووەوە، کەچی لە تێڕوانینی کورداندا ئاراستە گشتییەکەی ئەرێنی بوو.

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی، کە پرۆژەی نەتەوەییی کوردی لە دوای شەڕی کەنداوی ١٩٩١ شێوەی خۆی وەرگرت، بەڵام لە ڕاستیدا سەرکەوتنەکەی لە ڕێگەی بەرهەمی کەڵەکەبووی هەشتا و پێنج ساڵەی خەباتی بەردەوامەوە بەدەست هات. بەم جۆرە، پرۆژە نەتەوەییەکەی کورد کۆسپێکی لە بەردەم دەوڵەتە نەتەوەییەکەی عێراقی دوای سەردەمی عوسمانیدا دروست کرد، کە لە ڕاستیدا کورد تێیدا جێیان نەدەبووەوە. بەمەش پرۆژەی کورد هەڕەشەی لە لاوازکردنی ڕێسای جیۆپۆلەتیکی عێراقیدا دەکرد، کە لە دوای یەکەم شەڕی جیهانەوە دروست بووبوو.

بۆ تێگەیشتن لە دەستکەوتی کورد لەگەڵ هاتنی سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەو دەستکەوتە دەبێت لەنێو سیاقی گشتیی کێشە پێکهاتەییەکانی عێراق لە بەرچاو بگیرێت، کە بە ڕۆیشتنی کات قووڵتر بوو. یەکێک لە بەربەستە هەرە گرینگەکان بریتی بوو لەو ڕاستییەی، کە عێراق بەهۆی کێبەرکێی پێناسی نەتەوەیی و دڵسۆزیی نەتەوەییەوە، لە کاتی جیا جیا و بە بڕی جیا جیا، دووچاری پەتا بووبوو، وەک: ناسیۆنالیزمی خاکی عێراقی، ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ناسیۆنالیزمی کوردی،[1] بوونی یەک چوارچێوە بۆ خاکی عێراق بۆ ماوەی نێزیکەی سەدەیەک بووە هۆی گەشەکردنی یەک یەکەتیی ناوەخۆی عێراقی کە عێراقی، لە وڵاتانی عەرەبیی دراوسێ جیا دەکردەوە، بەم جۆرە هێدی هێدی دڵسۆزیی بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی دادەڕنی تەنانەت لەناو ڕێبەرانیشیدا، کە عەرەبی سوننە بوون. لەگەڵ ئەوەش، ئەمە نەبووە هۆی لێڵبوونی ئەو پێناس و پێوەندییانەی، کە پێشتر لەناو عێراقدا بوونیان هەبوو، نەبووە هۆی بەهێزکردنی یەکگرتوویی ناوەخۆی عێراقیش. بەو پێیە، لە کۆتاییی یەکەم شەڕی جیهان بە دواوە، پێکدادانی بەردەوام لەناو هەموو ناسیۆنالیستە عێراقییەکان و ناسیۆنالیزمی عێراقیدا هەبووە. سیاسەتی حکوومەتە جیاجیاکانی بەغدا، بە تایبەتی سیاسەتی بەعس لە بەرامبەر کورد، تەنیا خزمەتی بە زیادبوونی ئەو پێکدادانە کردووە.

تەمەن درێژیی حزبی بەعس، کە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە دەسەڵاتدا مایەوە، ڕێی بە بەعس دا تاقیکردنەوە بە کێشەی کوردی ئەنجام بدات. بەعس ستراتیجیی باش تاقیکراوەی زۆری گرتە بەر بۆ چارەسەری کێشەی کورد. ئەم ستراتیجانە زۆر شێوازی گرتەوە هەر لە شێوازی فرە لایەنییەوە تا ژێردەستەکردن، تواندنەوە، ڕاگواستن، لە کۆتاییشدا جینۆساید. جێبەجێکردنی فرە لایەنی، لە ئۆتۆنۆمییەوە دەرکەوت، کە هەر لە سەرەتاوە دووچاری شکان بوو نەک تەنیا لەبەرئەوەی بەعس ئۆتۆنۆمیی بە تاکتیکێک دادەنا نەک بە ستراتیجێک، بگرە لەبەر ئەوەش، کە ئۆتۆنۆمیی کوردی بە شێوەیەکی ڕاستەوانە پێچەوانەی سیستەمی تۆتالیتاریی حکوومەت بوو لە ناوەندا. ڕاستی، لەژێر دروشمی ئۆتۆنۆمیدا، حکوومەت زبرترین ڕێوشوێن، کە تا ئێستە لە لایەن ڕێژیمە عێراقییەکانەوە گیرابێتە بەر، لە بەرامبەر کورد و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورددا بەکار هێنا.

ئەگەر ئێمە لە کۆتاییی شەڕی کەنداوی ١٩٨٨ عێراق - ئێران هاوسەنگیی هێزی نێوان بەعس و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیمان هەڵبسەنگاندایە، بێگومان دەگەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە بەعس لە چوارپایانی مێژوودا سەرکەوتنێکی بێ ڕکابەر دەردەچوو. لە کاتێکدا سوپای عێراق بە شێوەیەک بەهێز بوو، کە هاوشێوەی نەبوو، لە نێزیکەی پەنجا فیرقەی خاوەن کوشندەترین چەک پێک دەهات،[٢] بزووتنەوەی کوردی لەم ڕوانگەی هۆکار و ڕێکخستن و پێوەندیی دەرەوە بە هەژاری مابووەوە. بەم جۆرە کورد وەک هێزێکی سیاسی لە گۆڕەپانی ناودەوڵەتیدا لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە تێ شکان، تەنیا لەناو سەردێری سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا مانەوە. لە هەمووی گرینگتر، بەعس لە پارێزگاریی سەروەریی خاکی دەوڵەت سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا لە کاتێکدا کورد لە ئامانی ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە دوورتر دەکەوتەوە.

کەچی لەگەڵ ئەوەش سەرکەوتنی بەعس باجێکی گرانی لەگەڵدا بوو. هێشتنەوەی سەروەریی خاکی دەوڵەتی وەک باج بە دوادا هات: جیابوونەوەی کورد لە دەوڵەتی عێراق و سەرخستنی پێناسی جیاوازی نەتەوەییی خۆیان. لەوەش زیاتر، ئەو ستراتیجە جۆرەوجۆرانەی، کە حکوومەت لە دژی کورددا بەکاری دەهێنان نەک هەر لە برەودان بە پێکەوەژیاندا تێ شکا، بگرە بوونە هۆی تێڕوانینی هەڕەشەئامێزانەی

قووڵتـر لە بەرامبـەر یەکتـر. بە هەمـان شـێوە، سـەرەڕای لاوازیـی زۆر، بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی هێشتا لەناو جبەخانەی خۆیدا چەکێکی هەبوو، ئەویش برێتی بوو لە دوژمنـایەتیی نێـوان عێـراق و دراوسـێـیـەکـانـی، ئێـران و سـووریا و کـوێت. گرێکوێرەی نێوان کێشەی ناوەخۆی کورد و کێشە دەرەکییەکانی عێراق، بزووتنەوەی ناسـیۆنالیـزمی کوردی لەوە دڵنیـا دەکردەوە، کە هەتا عێراق ڕووبەڕووی کێشـەیەکی دەرەکی ببایەوە ئەوا ئەوان بووژانەوەیان بەخۆوە دەدیت.

داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە لە ١٩٩٠ و شـەڕی کەنداوی ١٩٩١ دوای ئەو نموونەیەکـمـان پێ دەدات. کاتێـک دەوڵەت بە هۆی ئەم گـۆڕانکارییـانەوە تەواو لاواز بوو، کـورد تەواو کەڵکیـان لەو دەرفـەتە وەرگرت تاکـو پرۆژەی خـۆیـان بۆ بنیـاتنانی دەوڵەت ڕەپێش بکەن. ڕاستی، هاوپێوەندیی نێوان گەنینی دەوڵەتی بەعسی عێراق لە لایەک و بەهێـزبوونی کــورد لە لایەکی ترەوە بـووە ڕوونکردنـەوەیەکی تەواو بـۆ ئەو گۆڕانکارییانەی، کە نـەخشـەی سۆسیۆپۆلەتیکی عێراق لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە ژێریدا تێ پەڕی.

ئەو گەمارۆ توندانەی، کە یو ئێن لە دوای شەڕی کەنداو بەسەر عێراقیدا سـەپاند بووژانەوەیـەکی تەواوی بە عـێـراق دا هەم لە ڕووی ئـاسـتـی ئایدۆلۆجـی هەم لە ڕووی ئـاسـتـی سـیـاسـی. لە ١٩٩٢ بۆ یەکـەم جـار لـە مـێـژووی خـۆیاندا، کـورد ئەجـێندای دەوڵەتێکی فیدراڵییان خستە بەرباس نەک تەنیا ئۆتۆنۆمی، باوەڕیان بەوە هەبوو، کە کڕی نـاودەوڵەتی بۆ پشـتـیوانیکردن لە پرۆژەیەکی لـەو جـۆرە پێ گـەیشـتـووە. شـان بەشـانی ئەمە کورد حکوومـەتێکی ئۆتۆنۆمییـان دامـەزراند، کە هەمـوو تایبـەتمەندیی پێکهـاتەیەکی سـەربەخـۆی لەخـۆ دەگرت و ئەوی لە دەوڵەتی عێـراق جیـا دەکردەوە. مـەسـەلەیەکی تری گـرینگ برێتـی بوو لە کـۆمـەکی دەرەوە، کـە ڕژایە ناو هـەرێمی کوردستـانەوە لە کاتێکدا حکوومەتی ناوەندی بە هۆی گەمارۆی بەردەوامەوە ئـیفلیج بووبوو.[٣]

ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣، کە بەشداریی کورد بەشێکی کەم نەبوو تێیدا خـاڵێکی گرینگی تری مێژووییە. ئەم ڕووخـانـە کوردی بردە ناو مـێـژووی نیـمـچـە دەوڵەتی کوردییـەوە و عێراقیشی بردە ناو سەردەمێکی تر، کە هەردووکیان بە دروستکردنی

دەوڵەت دەبینران. لە ڕاستیدا، پێ دەچوو پڕۆژەی کوردی چەند سوودێکی بەسەر پڕۆژەی عێراقییەوە هەبێت. لە کاتێکدا پڕۆژەی نیشتمانی عێراقییەکان لە هەندێک کاتدا لە دۆخی ئیفلیجبووندا بوو، بەختی پڕۆژەی نەتەوەییی کوردی زیاتر لە هەموو کاتێک ڕۆشنتر دەردەکەوت. دەستکەوتەکانی پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر زەویی واقیع زەحمەت بوو بگەڕێتەوە سەر دۆخی پێشووی. لەگەڵ نەمانی پاڵپشتیی هێزی ئاسمانی بۆ سەپاندنی ڕێگەچارەی سەربازی، لە هەمان کاتدا لەگەڵ بوونی پێکهاتەی کوردی بە نیمچە دەوڵەتێکی تۆکمەوە، زەحمەتە گەڕانەوەی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر مۆدێلی دەوڵەتێکی ناوەندیی سەدەی بیستەم ببینین. کاتێک کارتەیل گۆڕانکارییان بەسەردا هات دیدی دەوڵەتی نەتەوەیی لە عێراق دووچاری پەرپووتبوون بوو. لە جێگەی ئەوە، ئاراستەی خێرا هەبوو لە گۆڕانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی نیمچە دوو نەتەوەیی یان جۆرە فیدراڵییەکی دەگمەن، کە هەرێمی کوردی تا دەهات دەسەڵاتی زیاتری بە دەست دەهێنا.

گۆڕانکارییە گشتییەکانی سەر تەختەی شانۆی کوردی ڕەنگدانەوەی ڕوون دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمێکی ئیتنیی کوردی پێگەیشتووتر بوو. لەمەدا کورد چوونە ڕیزی ئەو لایەنە ناسیۆنالیزمییە ئیتنییانەی جیهان، کە دوای شەڕی سارد و هەرەسی یەکەتیی سۆڤیەت، زیاتر جەختیان لەسەر بوونی خۆیان دەکردەوە. تا ئەو ڕادەیەی کورد پێوەندیدار بوو بە مەسەلەکەوە، گۆڕانکارییەکی تری گرینگ ڕووی دەدا، بریتی بوو لە گۆڕان لە دەروونی تاکی کوردیدا. کوردن دەستیان دەکرد بە خۆڕزگارکردن لەو تێڕوانینەی خۆیان، کە پێیان وا بوو ئەوان قوربانییەکی هەمیشەییی بێ دۆستن، تێڕوانینێک، کە لەو گوتە بەناوبانگەدا قەتیس بووبوو، کە دەیگوت "کورد هیچ دۆستێکی نییە جگە لە چیایەکانی خۆی." هەڵوێستی ڕژدانەی کورد جێکەوتنی دوورمەودای بەسەر سیاسەتی داڕشتنەوە دەبوو، بە تایبەتی توانای گەشەپێدانی پێوەندییە ئۆتۆنۆمییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە و دروستکردنی دۆستیش بگرە لە خاکە داخراوەکەی خۆشیاندا.

هەرچەندە کۆمەڵگەی کوردی بە بەردەوامی دووچاری پەتای خێڵایەتی بووە، بەڵام گۆڕانکارییەکی تری گرینگ لەسەر تەختەی شانۆی ناوەخۆی کوردیدا بریتی بوو لەوەی حکوومەتی کوردی دەیتوانی پێکەوەژیانێک لە نێوان چوارچێوەی خێڵایەتیی

کۆن و چوارچێـوەی ناسیـۆنالیزمـی نوێدا بدۆزێتـەوە. نموونەی کـوردی عێـراق ئەوە دەسەلمێنێ، کە بنیاتنانی نیشتمان دەتوانێت لەگەڵ خێڵایـەتیدا هەڵبکات، ڕێک وەک نموونەی دەوڵەتـانی عـەرەبی، کە تێـیـاندا چوارچێـوەی سـیـاسـی ڕێ لە کـاریگەریی خراپی خێڵایەتی لەسەر ناسیۆنالیزم دەگرێت. بەڵگەیەک بۆ ئەو پێکەوەژیانە لە دوای شـەڕی ٢٠٠٣ ئەوە بـوو کـە کـورد لە کـاتی ڕووبـەڕووبوونەوەی بەغـدادا دەیانتـوانی بەرەیەکی یەکگرتوو پیشـان بدەن. ئەمە گۆڕانێکی ڕوونی لەو ڕابردووە دەردەخست، کە حکوومەتە جیا جیاکانی بەغدا و دەوڵەتانی تر بۆ لاوازکردنی کورد و لەتکردنی ڕیزەکانی، بە شێوەیەکی شیاو کارتی عەشیرەتیان بەکار دەهێنا.

شتێکی تر، کە پێوەندیی بەمەوە هەبوو برێتی بوو لەو پرۆسە بەدیموکراتیکردنەی، کـە لـە حکوومـەتی هـەرێمـی کـوردسـتـان دەسـتـی پـێ دەکـرد. ڕاسـتـی، پرۆسـەکـە تەنگوچەڵـەمـەی لەگەڵدا بوو، کـە برێتی بوو لە ملـملانێی سـەر دەسـەڵات و شـەڕێکی ناوەخـۆ، کە داهـاتە مـرۆیی و ئابوورییـەکانی هـەرێمـەکـەی بەفـیـڕۆ دەدا. پرۆسـەکـە لێوانلێو بووبوو لە دیاردە نەرێنییـەکانی وەک گەندەڵی، خـزم خـزمـێنە، قۆسـتنەوەی بەرژەوەنـدی و حـزب پەروەری. چـەند ئامـاژەیەکـیش هـەن لەوەی ڕێکخـراوەکـانی کۆمـەڵگەی مـەدەنی دەسـتـیـان بەکـردنەوەی ڕێی خـۆیان لە سـیـاسـەتی نـاوچەکـەدا، کردبێ. سیستەمی پەروەردە و خوێندن، کە گەشانەوەیەکی فرەوانی بەخۆوە بینی، لە سـەرنجـدانی کـوردسـتـان گـۆڕانکارییـەکی دڵخـۆشکەرە. ئیـسـلامـی بوون، کـە لە ناوچەکەدا دەستی بەڕێچکە دروستکردن کردووە، بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراقدا هێشتا لەژێر کۆنترۆڵدایە. دەرکەوتنی پارتێکی سێیەم، پارتی گۆڕان، کە لە هـەڵبـژاردنەکـانی ٢٠٠٩ بە شـێـوەیەکی سـەرکـەوتووانە ڕکـابەریی لەگـەڵ یەکـێـتی و پارتیـدا دەکرد، گڕ و تینێکی بەبەر پرۆسـەی بە دیموکراتیکردن کردەوە کـاتێک بە گوڕ و تینێکەوە لە دژی ئەو دیاردە ئەرێنییانەی، کە لە سەرەوە باسـمان کرد شـەڕی دەکرد. دروشمـەکانی گۆڕان داوای چەند شتێکی دەکرد لەوانە دادی کۆمەڵایەتی، بە داوودەزگـاکـردنی دەسـەڵاتە دوو بەشـبـووەکـەی حکوومـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان، سنووردارکـردنـی دەسـەڵاتەکانی پارتـی و یەکێتی بەسـەر حکوومـەت و سـیسـتـەمی دادوەری و پەرلەمان، لەگەڵ شەڕی دژی گەندەڵی.

لەسـەر ئاسـتـی هـەرێمیدا گـۆڕانکارییـەکانی ناو حکوومـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان

جێکەوتی دوورمەودایان هەبووە، نەک هەر تەنیا بۆ حکوومەتی عێراقی خۆی، بگرە بۆ کوردی کوردستانی گەورە و وڵاتانی دەوروبەری عێراقیش. ئەزموونی کورد لە عێراق گوڕ و تینی خستووەتە بەر کۆمەڵگە کوردییەکانی تر، بە تایبەتی کوردی تورکیا، کە ئەوانیش لەوێ دەستیان بە جەختکردنەوە لە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفرەوان کردووە. بە هەمان شێوە، ژمارەیەک لە کوردی کوردستانی گەورە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاتوون تا شت لە ئەزموونەکەی فێر بن و ئەو ئەزموونە بکەن بە خاڵێکی دەرچوون بۆ چالاکییەکانی خۆیان لە ماڵەکانی خۆیاندا. بەم جۆرە کاریگەرییە سنووربڕەکان زیاتر لە جاران دەرکەوتوون. بە گشتی، توانایەکی گەشەکردوو بۆ گۆڕان لە پێکهاتەی ستراتیجیی کوردستانی گەورە هەیە.

سەرەڕای ئەوەش، کاریگەرییەکانی ئەو چوار وڵاتەی، کە کوردستانیان دابەش کردووە وێنەیەکی پێچەوانەی ئەم گۆڕانکارییانە پێشان دەدەن. ئەو ستراتیج و تاکتیکانەی لە لایەن هەندێک دەوڵەتەوە لە دژی کورد بەکار دەهاتن، لە لایەن دەوڵەتەکانی ترەوە لاساییان کراوەتەوە. ئەو ستراتیج و تاکتیکانەش بریتین لە نکووڵی لە پێناسێکی کوردی لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانی کوردی و چاودێریکردنی داو و نەریتی بێ هاوتای کوردی، ڕاگواستنی کورد لە خاکی ڕەسەنی خۆیانەوە بۆ ناوچەی تر، پێکهێنانی پشتێنەی تەناهی بۆ ڕێگرتن لە پێوەندیی پاڵپشتیی کۆمەڵگە کوردییەکان لەگەڵ یەکتریدا، لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی بکوژ بە تێڕوانینی وێرانکردنی ژێرخانی ناوچەکە و تەنگ هەڵچنین بە هەوڵەکانی گەشەپێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی. لەگەڵ ئەوەش، هەموو ئەو سیاسەتانە بێ سوود بوون چونکە تەنیا بوونە هۆی هاندانی زیاتر ناسیۆنالیزمی کوردی، بێگومان لە کوردستانی عێراقدا.

لە کۆتاییدا، لەیەک نێزیکبوونی پاڵنەرە ناوەخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە عێراقی دوای سەدامدا، بەرەوپێشچوونی کوردی ئاسان کرد. تا ڕادەیەک یەکگرتوویی کورد و گەشەپێدانی ئیتنیی کوردی بۆ نیشتمانێک، هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لەو دیاردەیە. ڕووخانی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی عێراق و گوازرانەوەی سەرنج لەسەر ململانێی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە بۆ سەر ململانێی سوننە و شیعە، ئەمانەش، هۆکاری ئاسانکەری گرینگ بوون. بەهێزیی کورد لە

بەرامبەر لاوازیی بەشی عەرەبنشینی عێراق بە ئاشکرا دیار کەوتووە، وای لە کورد کردووە ڕۆڵێکی گرینگ لە بنیاتنانی دەوڵەتی عێراقدا بگێڕن.

لە کاتێکدا یەکەم شەڕی جیهانی، ڕێسای عێراقی کۆنی دامەزراند، شەڕێکی تر دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ یارمەتیدەر بوو بۆ لاوازکردنی ئەو ڕێسایە. لە کاتێکدا دەسەڵاتێکی زلهێزی وەک بەریتانیا ڕێسایە کۆنەکەی دامەزراند، پێویستی بە دەسەڵاتێکی زلهێزی تری وەک ئەمەریکا دەکرد تاکو ئەو ڕێسایە هەڵوەشێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە، ئەمەریکا ئەجێندایەکی لەو جۆرەی لە مێشکدا نەبوو. بە پێچەوانەوە، بەردەوام جەختی لەسەر ڕێگرتن لە لەت لەتبوونی عێراق و پارێزگاری لە یەکەتییەکەی دەکردەوە. لەگەڵ ئەوەش، بمانەوێ و نەمانەوێ کارەکانی ئەمەریکا پێچەوانە دەرچوون. لەبەر ئەوە وا دیارە گۆڕانکارییە ستراتیجییەکانی ناوچەکە، کە هاوشان بوو لەگەڵ پێگەیشتنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، لە کۆتاییی بوونە هۆی ئۆتۆنۆمییەکی کوردیی بەرفرەوان.

شاعیری کورد هەژاری موکریانی لەو چەند وشەیەدا بە جوانی وەسفی چەڵەمەی کوردی دەکات: "گەلی کورد وەک دەروێش وایە. هەر بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بە دوای کەسێکدا دەگەڕێت بۆ باخی عەدەن ڕێنوێنیی بکات." باخی عەدەنی کورد بریتییە لە دەوڵەتێکی خۆیان. کورد هێشتا بەو باخە نەگەیشتوون، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی نیمچە دەوڵەتی کوردی لە عێراقدا، زیاتر لە هەموو کاتێکی سەدەی ڕابردوو لێوەی نێزیکن.

پەڕاوێز:

1. See Sherko Kirmanj, "The Construction of the Iraqi State and the Question of National Identity," PhD thesis, University of South Australia, 2010, pp. 1–18.
2. GlobalSecurity.org, "Iraqi Army," www.globalsecurity.org.
3. For a thorough discussion of the importance of external aid see, Denise Natali, The Kurdish Quasi-State (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2010).